**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٨

سالّی/٢٠٠١ ـ بەرگی بیست و هەشت

چاپی یەکەم/٢٠٠٢

له بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی (٢٠٠١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

بەرگی: ٢٨

چاپی یەکەم: ٢٠٠٢

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان: (٢٠٧)

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە چواردە سێ شەممە ٢٠٠١/١١/١٣ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە پازدە یەک شەممە ٢٠٠١/١١/١٨ ل٣٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە شازدە دوو شەممە ٢٠٠١/١١/١٩ ل٧٦

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە حەڤدە سێ شەممە ٢٠٠١/١١/٢٠ ل١٢٢


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە هەژدە چوار شەممە ٢٠٠١/١١/٢١ ل٢١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە نۆزدە سێ شەممە ٢٠٠١/١١/٢٧ ل٢٦١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست چوار شەممە ٢٠٠١/١١/٢٨ ل٢٩٠

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و یەک پێنج شەممە ٢٠٠١/١١/٢٩ ل٣٢٤

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە بیست و دوو سێ شەممە ٢٠٠١/١٢/٤ ل٣٣٩



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/١٣

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/١٣

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/١٣ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە چواردە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە چواردە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/١٣ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری داد بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «١٤»ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان پێک هاتووە لە یەک خاڵ کە ئەویش ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری دادە بۆ بەرچاو خستنی چالاکیەکانی وەزارەتەکەی و، وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەن، بەم بۆنەیەوە بەخێرهاتنی بەڕێزیان دەکەین، تکای لێ دەکەین بفەرمووێت بێتە سەر مەنەسە، فەرموو.

**بەڕێز هادی علی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئاشکرایە کە سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و بەدی هاتنی دادوەری یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی هەر سیستەمێکی سیاسی جێگیر و هۆکارێکی گرنگی پێشکەوتن و ئاسوودەی کۆمەڵگەیە و لە هەمان کاتدا پێوەری ئاستی شارستانێتی هەر گەل و نەتەوەیەک دیاری دەکات، لەو ڕوانگەیەوە بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزەی سەرەوە بە عەمەلی کردنی دروشمی کابینەی چوارەم کە بریتییە لە چەسپاندنی یاسا و بەدی هێنانی دادپەروەریی لەناو

کۆمەڵگەی کوردستانیدا، کە دیارە وەزارەتی داد و دەزگادادییەکان دەتوانن رۆڵی گرنگ و بنەرەتی ببینن لەو بوارەدا، ئێمە هەر لە سەرەتای دەست بەکار بوونمان لە وەزارەتی داد بەرنامەیەکمان دانا بۆ ئەنجام دانی زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرجەم دادوەران و دەزگا دادییەکان و فەرمانبەرانی سەر بە وەزارەت، دوای ئەوە هەستاین بە سەردان و بەسەر کردنەوەی سەرجەم دەزگاکان و دادگاکان لە هەردوو پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک، بە مەبەستی ئاگادار بوون لە چۆنێتی کار و چالاکییەکان و دەسنیشان کردنی کەموکورتییەکان و پێداویستییەکان، پاشان دەستمان کرد بە دانانی کارنامەیەک بۆ وەزارەت بەپێی بەرنامەیەک کە بگونجێ لەگەڵ هەلومەرجی هەرێم و توانای حکومەتدا و لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا بەپشتیوانی و هاوکاری کردنی حکومەت توانیمانە بەشێکی باش لەو کارنامەیە جێبەجێ بکەین، بەردەوامیش کار دەکەین بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەوەی کە ماوە، ئەمەش گرنگترین ئەو کارو چالاکییانەن کە ئەنجام دراون:

١ـ جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە «٤»ی ساڵی ١٩٩٩، یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمی «وقائعی کوردستان» لە ١٤/٥/٢٠٠٠تا ٨/١١/٢٠٠١، «٢٢» ژمارەی لێ دەرچووە.

٢ـ دابین کردنی «٢٠» دەزگای کۆمپیوتەر بۆ دیوانی وەزارەت و سەرۆکایەتی ئیستیئناف و تاپۆ و دەزگاکانی تری سەر بە وەزارەت.

٣ـ دەستکردن بە جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری بۆ خەزن کردنی سەرجەم دۆسێکانی تاپۆی هەولێر و دهۆک لەسەر دیسک بەمەبەستی پاراستنی لە لەناوچوون و و بەهاوکاری کردن لەگەڵ بەشی کۆمپیوتەری سەرۆکایەتی حکومەت.

٤ـ سەرپەرشتی کردنی پرۆژەی تەلاری وەزارەتی داد کە تاوەکو ئێستا ٣٨٪ تەواو کراوە بە بڕی «٥٢٧٥٤٤٦»دینار.

٥ـ کردنەوەی دادگا لە هەردوو ناحیەی «بنەسڵاوە» و «بەردەرەش».

٦ـ دانانی بەرنامەیەک بۆ جێبەجێ کردنی مادده «٥» لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە «١٤»ی ساڵی ١٩٩٢ تایبەت بە بەکار هێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان و سەرجەم دەزگاکانی تری سەر بە وەزارەت لە ٣/٦/٢٠٠٠ بەشێوەیەکی قۆناغبەندی و رەچاو کردنی گرنگی بواری یاسایی و تایبەتمەندی پارێزگای دهۆک کە تا ئێستا هەنگاوی باش و کاریگەر لەو بوارەدا نراوە و کێشە و گرفتی ئەوتۆ نەهاتووەتە پێش.

٧ـ کارکردن لەسەر دادگاکان و دادوەران بە مەبەستی زیاتر توندوتۆڵ کردنەوەی کار وباری دادگاکان و کەم کردنەوەی دەستێوەردانی نایاسایی و یەکلا کردنەوەی کێشەکان لە کاتی خۆیدا، ژمارە و رێژەی کێشە یەکلاکەرەوەکان هاوپێچە لەگەڵ راپۆرتەکەدا.

٨ـ ئەنجامدانی دوو کۆبوونەوەی هاوبەشی فراوان لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بەمەستی بەهێز کردنی هاوکاری و تەنسیق لەنێوان هەردوو وەزارەت و ئاسان کردنی کاروباری هاووڵاتیان و دەزگاکان.

٩ـ کۆبوونەوە و سەردان و تەنسیق وهاوکاری کردن لەگەڵ سەندیکای پارێزەران و یەکێتی مافپەروەران و نوێنەرانی خاچی سوری نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هۆشیاری یاسایی.

١٠ـ کردنەوەی «٣»خولی بەهێز کردن بۆ لێکۆڵەرەوە دادییەکان و دابەش کردنیان بە «٣» وەجبە و دابەش کردنیان بەسەر بنکەکانی پۆلیسدا.

١١ـ دابین کردنی هێڵی ئەنتەرنێت بۆ وەزارەت و دابەش کردنی هەواڵ و بابەتی یاسایی دادوەری بەشێوەیەکی بەردەوام بەسەر دەزگاکانی وەزارەتدا.

١٢ـ نۆژەن کردنەوەی دادگاکانی سۆران و زاخۆ و سەرسەنگ، هەروەها وەرگرتنی رەزامەندی بۆ نۆژەن کردنەوەی هۆڵی دادگا لە هەولێر.

١٣ـ بەچاپ گەیاندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان لە نامیلکەی بچووک یەک لەدوای یەکدا کە تاوەکو ئێستا «٧» ژمارەی دەرچووە لەلایەن پارێزەرێکی شارەزاوە.

جگە لەو خاڵانەی سەرەوە ئەم چەند پرۆژە و کارانەی خوارەوە بە دەستەوەیە کە لە داهاتووی نزیکدا جێبەجێ بکرێن و بەرنامەی بۆ دانراوە:ـ

١ـ کردنەوەی دادگا لە هەریر و چۆمان و مێرگەسور.

٢ـ دابەش کردنی بەڕێوەبەرایەتی تاپۆی هەولێر بۆ دوو بەڕێوەبەرایەتی، بە مەبەستی ئاسانکردنی کاروباری هاووڵاتیان.

٣ـ دانانی پلانێک بۆ دروست کردنی بینایە بۆ دادگاکان لە قەزا و ناحیەکان بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لە چوارچێوەی بڕیاری «٩٨٦»دا.

لە کۆتاییدا داواکارم کە هەمئاهەنگی و هاوکاری زیاتر بێت لە نێوان پەرلەمان و وەزارەتی داد و بەتایبەتی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و دەستەی داڕشتنەوەی یاسایی سەر بە وەزارەتەکەمان بەمەبەستی ئەوەی پرۆژەی یاساکان رێکوپێک تر بێت و بەرەوپێشتر بچێت و رۆڵێکی باشتر ببینێ لەبواری چاکسازی و چاککردنی سیستەمی یاسایی هەرێمدا، ئەمەی کە باسمان کرد گرنگترین ئەوکار و چالاکییانە بوون کە لە ماوەی رابردوودا تەواو کراون، یا بەردەوامین لەسەر ئەوەی کە ئیشیان پێ بکەین، من نەچوومە ناو وردەکارییەکانەوە، ئێستاش ئامادەین بۆ وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێکتان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری داد بۆ ئەو روونکردنەوەیەی، وەکو دەزانن ئێستا مافی ئەوەتان هەیە کە پرسیار ئاراستەی وەزیری داد بکەن و، کارەکەمان بەم شێوەیە دەبێت، پێشەکی ناوی ئەو بەڕێزانە دەنووسین کە پرسیار دەکەن، هیوادارین کەوا یەکسەر بچنە ناو پرسیارەکانەوە بەبێ ئەوەی پێشەکییەکی دورودرێژی لەسەر پێشکەش کەن، تکایە دووبارە بوونەوەشی تیادا نەبێت، پاشان

بەڕێز وەزیری داد وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، هەر بەڕێزێک کە پرسیاری کردبێ مافی ئەوەی هەیە کە بەشوێنیدا بچێت، پاشان وەزیری داد بۆی هەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، بۆ وەزیری دادیش هەیە کە نەیەوێت وەڵامی پرسیارێک بداتەوە، یا زانیاری تەواوی نەبێت لەو مەسەلەیە دەتوانێت دوای خات، یا لە دانیشتنێکی تر یا بە نووسراو وەڵامی بداتەوە، جا ئێستا تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پرسیاریان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، «١٥»ناو ناونووس کراوە دەیانخوێنمەوە، بەڕێز سعید یعقوبی، بەڕێز د.رزگار، بەڕێز شێروان حیدری، بەڕێز إبراهیم سعید، بەڕێز سفر محمد، بەڕێز عفان نقشبندی، بەڕێز إبراهیم دۆغرەمەچی، بەڕێز کاک أمین مولود، بەڕێز د.ناصح، بەڕێز کاکەرەش نقشبندی، بەڕێز جلال خۆشناو، بەڕێز فرحان عبدالله، بەڕێز برهان جاف، بەڕێز رجب شعبان، بەڕێز أحمد علی، دەست پێ دەکەین بە هەمان زنجیرەی ناوەکان، بەڕێز کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری داد دەکەین، ئاشکرایە کە لە ٩٠٪ ئەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێن هی کاتی حکومەتی مەرکەزینە، لە پێش ٢٢/ ١٠/١٩٩١ دەرچوون کە ژمارەیان دەگاتە «١٤٤٢٣»یاسا وبڕیار و تەعلیمات، بڕیاری پەرلەمان ژمارە «١١» لە ١٩٩٢ دەڵێ: «لەسەر هەموو وەزارەتەکانە کە ئەو یاساو بڕیار و تعلیماتانە بگۆڕنەوە کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرچوونە و یا دەردەچن، ئەوانەی لێ بژار بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان ناگونجێن، هەروەها کار بە هیچ یاسا و بڕیارێک ناکرێت کە لە پاش ٢٢/١٠/١٩٩١ لەلایەن مەرکەزەوە دەردەچن، تاوەکو لەلایەن پەرلەمانەوە ڕێگای پەیڕەویان پێ نەدرێ»، هەر وەزارەتێک ئەو تەشریعەی کە پەیوەندی بە وەزارەتەکەیەوە هەیە پێویستە وەکو پرۆژەیەک لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیران بەرزی بکاتەوە بۆ پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری و هەڵسەنگاندنی بۆ پەیڕەو کردنی، یا قەدەغەکردنی، ئەو تەشریعاتانەی کە پاش ٢٢/١٠/١٩٩١ تاوەکو ناوەندی ساڵی ٢٠٠٠ ژمارەیان دەگاتە «٢٢٤٣» تەشریع ئەوانەش یان یاسان، یان بڕیارن، یان یاسا و بڕیاری هەموارکراون. کۆمەڵگای نوێمان لە پێشکەوتن دایە و هەمواركردنی یاسا و بڕیار ڕەنگدانەوەی ئەو جموجوڵەی کۆمەڵە، بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانم ئەو گۆڕانکارییانەی کە هاتوونەتە سەر تەشریعاتەکان کە دژایەتیی لەگەڵ بەرژەوەندی کوردستان و ئەزموونەکەمان نییە، حەق وایە ڕێگای پەیڕەو کردنی پێ بدرێ لەناو سنوری هەرێمی کوردستان، چونکە ئەو دەستکاریانە زۆربەیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرێن و بەرەوپێشەوە دەیان بات، بە سەدەها لە دادوەرەکانمان و پارێزەرەکان و یاساناسەکان و بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگەکانمان هەستیان بەو بۆشاییە کردووە و گلەیی توندیش دەکەن و دووپاتی ئەنجام دانی بڕیاری ژمارە«١١»ی پەرلەمان

دەکەن، چونکە ئەو کۆمەڵە تەشریعاتانە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بە گشت بوارەکانی ژیان، بۆ نموونە ناوی چەند تەشریعێکتان دەخەمە پێش کە پەیوەندی بە بەرژەوەندی هاونیشتمانییانەوە هەیە کە پاش ٢٢/١٠/١٩٩١دەرچووە وەکو یاسا سزاکان «١١» گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کاروباری زانکۆ «١٥» گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، تەندروستی و بەیتەربە «١٣» گۆڕانکاری، کۆمپانیاکان «٨»گۆڕانکاری، خانەنشینی «١٤»گۆڕانکاری، ئەمانە بۆ نموونەن و هەزارانی تریش هەنە، ئەو تەشریعاتانە تەنها ژمارەیەکی کەمیان نەبێت ئەوی تر کە ژمارەیان دەگاتە «٢٤٠٠» هیچیان دوژمنکاری لەگەڵ ئەزموون و بەرژەوەندی کوردستاندا ناکات، کاروباری یاسایی و کۆمەڵایەتیمان ڕێک دەخات، زۆربەشیان پێشکەوتنی یاسا کۆن و تازەکانمانن، باشە ئێمە بۆ سوود لەو«٢٢٤٣»تەشریعە وەرنەگرین کە زۆربەشیان بەئامادە کراوی لەپێشمان دانراوە، لە دانانی ئەو تەشریعاتانەش دەیان زانا و پسپۆڕ و یاساناس و دادوەر بەشداریان کردووە و، ماوەیەکی یەکجار زۆریشی خایاندووە، بۆ دەبێ برا وەزیرەکان ئەوەندەیان لا زەحمەت بێت کەوا تەکلیف لە مافپەروەرەکان بکەن لە وەزارەتەکان و دیراسەتی ئەو تەشریعاتانە بکەن و ئەو مادده و برگەیەی کە دژی بەرژەوەنی ئەوانە لای بەن و ئەوی تر بەرز بکرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ بڕیار دان لەسەری ، من قەت ئەوە ناڵێم هەر تەشریعێک لە مەرکەزەوە دەرچووبێت بێ سێ و دوو لێرە پەیڕەوی بکەین، بۆیە پەرلەمانی کوردستان لە زووەوە هەستی بەمە کردووە و بڕیاری ژمارە «١١»ی کە لەساڵی١٩٩٢ تاوەکو ئێستا پەیڕەو نەکراوە، بۆی هەیە پرسیارێک خۆی فەرز بکات و بڵێ، ئەی ڕۆڵی پەرلەمان چییە ئەگەر هەموو یاسایەکی مەرکەز لە هەرێمدا پەیڕەو بکرێت؟!، ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هەر یاسایەک دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی کوردستان نەکات و سوودیشی لێ وەرگیرێت، پاش هەڵسەنگاندن و دیراسەت کردنی ڕێگای کارپێ کردنی دەدەین، چونکە لە هەموو دەوڵەتێکی فیدرالی سیستەم گەر یاساکانی مەرکەز زیان نەگەیەنێت بە دەسەڵاتی هەرێمی فیدراڵ ئەوە ڕێگای کار پێ کردنی دەدرێت، لە دەوڵەتی عێراقیش کە ٨٠ ساڵە دانراوە ژمارەی ئەو تەشریعاتانەی کە دایڕشتووە تاوەکو ئێستا دەگاتە«١٨٦٦٦» تەشریعە، ئەمە خەرمانێکی یەکجار زۆرە دەتوانین بە بڕیاری «١١»ی پەرلەمان سوودی لێ وەرگرین، چونکە بە ئاسانی و بە ئامادەکاری لە پێشمان دانراوە، لەکاتێکدا ئێمە لە هەرێمدا ژمارەی تەشریعمان ناگاتە «٤٠٠» تەشریع، ئەم ژمارە کەمە، کەم کردنەوە نییە لە ڕۆڵی حکومەت و پەرلەمان، چونکە پەرلەمان ئەوەندەی کردووە کە هەر کەموکورتییەک هەبوویێت، یا هەر وەزع و ڕووداوێک پێویستی بە تەشریع هەبوویێت ئەوە پەرلەمان بەو یاسایانەی کە دەری کردووە پڕی کردۆتەوە، یان دەزگاکانی هەرێمی فیدراڵ بۆ هەڵسووڕاندنی کاری هەرێم یاسایی پێویستی بۆ دەرهێناوە، پێویستە ئێمە لە تەشریعاتی مەرکەز سوود وەرگرین، پاش هەڵسەنگاندنیان و دیراسەت کردنیان، باشە ئەوە وەزارەتەکانی تر لەبەر هەر هۆیەک بێت ئەم کارەیانە ئەنجام نەداوە، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی کە هاتوونەتە سەر یاسای

سزاكان و ئوسوڵی موحاكەماتی جەزائی و مورافەعاتی مەدەنی و یاساكانی ئیسپات و یاساكانی باری كەسایەتی و یاساكانی خزمەتی مەدەنی ویاساكانی تۆماركردنی عەقاری و یاساكانی تەنفیز و یاساكانی قاسرین و كاتبی عەدل ئەو كۆمەڵە یاسانە گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە و ڕۆژانە لەدادگاكان كاریان پێ دەكرێ و، پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوامیان هەیە بە وەزارەتی دادەوە، هەر چۆن پزیشک بەبێ ئامێری زەخت و میحرار و سەماعەی گوێ هیچی بۆ ئەنجام نادرێ، هەروەها برا دادوەرەكانیش دەست بەسراون بەرامبەر بەو گۆڕانكاریانە، هەروەها هاتوونەتە سەر ئەو یاسایانەی كە باسم كردن هەر نەبێ بەرز كردنی ئەم تەشریعاتانە بە دەستی جەنابی وەزیری دادە، باشە بۆ دەستپێشخەر نەبووە لە ئەنجامدانی ئەم ئەركە پیرۆزە، بەتایبەتی كە هەموو كارمەندان و كەرەستەكان لە ژێر دەستی دایە، تاوەكو هەموو برا وەزیرەكانی تریش چاویان لەو بكردایەو دەست و قۆڵی لێ هەڵكەن، بەمەش سوود بە هاووڵاتیان دەگەیەنن، لەكاتێكدا حكومەتی هەرێمی كوردستان یاسای دەرماڵەی دەركردووە كە سوودی بەرچاوی هەبوو بۆ هەموو برا مافپەروەرەكان و ئەوەش گەورەترین دەسكەوت بووە بۆیان، هەروەها حكومەتی هەرێمیش سەبارەت بە دادوەر و مودەعیبە گشتییەكان هیچ قسوورێكی نەكردووە لە رووی مووچە و دەرماڵە و بەخشینی زەوی پێیان و، هەموو جۆرە یارمەتییەک بۆ خۆشگوزەرانی ژیانیان، هەروەها نۆژەن كردنەوەی بینایەی كۆن و تازە و دروست كردنی بینایەتی وەزارەتی داد و، هەروەها نۆژەن كردنەوەی باڵەخانەكانی دادگاكان لەسەرانسەری كوردستان، ئەم كارە ئیجابیانە هەق وایە هاندەرێک بێت بۆ وەزارەتی داد كە یاسای ژمارە «١١» ساڵی ١٩٩٢بەئەنجام بگەیەنێ، من لێرەدا پرسیارێک لە جەنابی وەزیری داد دەكەم، پاش ئەو هەموو روونكردنەوەیە ئایا خەلەل لە كوێیە؟، لە كادیرەكانە، یان لە دەزگاكانی حكومەتە، یان لە كەسێک دایە، یان هەر هۆیەكی تر بێت با بۆمانی روون بكاتەوە، كە بۆچی دەبێت ئەو بڕیارە گرنگەی ئەنجومەنی نیشتمانی وەلاوە بدرێ و جێبەجێ نەكرێت، لە كاتێكدا ئاشكرایە كە دروشمی كابینەی چوار سەروەری یاساییە، لە هەمان كاتیشدا ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ سوود بە هەموو لایەک دەگەیەنێ، جا چ حكومەت بێت، یا هاووڵاتی، چونكە دروست كردن و هەڵسووڕاندنی كۆمەڵگای مەدەنی بەبێ یاسا و گۆڕینی بە ئەنجام ناگات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، لە ڕاستیدا ئێمە مەبەستمانە كەوا پرسیارەكان بە مورەكەزی بكرێت، چونكە كاتمان ئەوەندە نییە، خۆی دەبێت پرسیار كورت بێت و وەڵام درێژ بێت، هەرچەندە پرسیارەكە شتی گرنگی تیادا هەبوو، بەڵام هیواداریین كەوا ئەم تێبینییەی ئێمە ڕەچاو بكەن، هیچ لاریمان لەوە نییە كەوا پێشەكییەكی كورتی تیادا هەبێت، بەڵام بە كورتی بێت تاوەكو بوار بە ئەندامانی تریش بدرێت تاوەكو ئەوانیش پرسیارەكانیان بكەن و وەڵامیش بدرێنەوە، بەڕێز كاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــەن.**

من دوو پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر، یەکەمیان، پێش ماوەیەک لەم پەرلەمانەدا بڕیارێک دەرچووە بۆ پوچەڵ کردنی موعامەلاتی تسجیل موجەددد لە شاری زاخۆ، چونکە کێشە هەبوو ئەم بڕیارەی بۆیە لەسەر دەرچوو، لەو شارەدا دەیان هاووڵاتی هەیە کە قوربانی داوە چاوەڕێی ئەوەن کە ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێت و، موعامەلاتەکانیان بەڕێ بخرێت، هەرچەندە دادگاش چاوەڕوانی ئەم بڕیارەیانە و، ڕۆژانەش موراجەعاتیان هەیە، وابزانم لەشاری زاخۆ دەستی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی گەیشتووەتی و، بەردەوامە لەو کارەدا، بەڵام جێبەجێ نەکردنی ئەم بڕیارە زۆر لە کاری ئاوەدانکردنەوەی خزمەتگوزاری گرنگ کە پەیوەندی بە هاووڵاتیانەوە هەیە ڕاگرتووە، بۆ نموونە لەشاری گەورەی وەکو زاخۆ ئێستا فراوان دەکرێت، بەڵام کۆسپێکی هاتووەتە پێش کە ئەویش گرێ دراوە بە جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە، ئەویش کە «٨» پارچە زەوی هەیە لەسەر شەقامی سەرەکی کە لەلایەن شارەوانییەوە تەملیک و تەخمینیش کراوە و دراوە بە دادگا و، دادگاش تاوەکو ئێستا دەستی بە موعامەلەکردنی نەکردووە، ئەمەش یەکێکە لەو کۆسپانەی کە لە ڕێگای ئاوەدانکردنەوەدا ڕادەوەستێ، پرسیاری من ئەوەیە کەی بەڕێز وەزیری داد، یا وەزارەتی داد بڕیار دەردەکەن بۆ جێبەجی کردنی ئەم بڕیارە؟، تاوەکو ئەو هاووڵاتیانەی کە موعامەلەیان هەیە و چاوەڕوانی جێبەجێ کردنێ سەردانی دادگا و تاپۆ دەکەن، پرسیاری دووەم، کێشەی دادگاکانی ئێمە لەسەر ماددەی «٤٤٣» کە ئەویش لەسەر مەسەلەی ئیعدامە وگرێ دراوە بە دزییەوە، جا دزی شتی بچووک تا دەگاتە شتی گەورە، بۆ نموونە دزی «LMB»یەکی بچووک ئەگەر ئەم ماددەیەی بەسەردا جێبەجێ بکەن ئەبێت ئیعدام بکرێت، وابزانم بارودۆخی ئێمە وا دەخوازێ کە ئەم ماددەیە هەموار بکرێت و، پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا هیچ پڕۆژەیەکیان هەیە لەسەر هەمواركردنی ئەم ماددەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــەن:**

سوپاس، پرسیارەکەی کورت کردەوە، بەڵام پێمان خۆشە هێشتا کورت تر بێت، بەڕێز کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجــــومـــــەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز وەزیری داد دەکەم، هەروەها دەستخۆشی لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم سەبارەت بەو بەرنامەیەی کە دایناوە بۆ ئامادە بوونی وەزیرە بەڕێزەکان لە ئەم خولەی پەرلەماندا، پرسیارەکەم لە جەنابی وەزیری داد ئەوەیە کە پەیوەندی هەیە بە پەیمانگای قەزائی، دامەزراندنی ئەم پەیمانگایە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێیە لە دادوەر و مودەعی

عامەکان کە یەکێکە لە بڕگەکانی کارنامەی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا وەزارەتی داد چ هەنگاوێکی ناوە بۆ دامەزراندنی ئەم پەیمانگایە؟، لە کاتێکدا بەلای ئێمەوە دامەزراندنی دادوەرەکان بە تاک تاک و بەبێ بەرنامە نەخشەیەکی سەرکەوتوو نەبوو لە وەزارەتی داد، لە هەمان کاتیشدا سێ پێشنیاریشم هەیە، بەلام یەکێکیان بەڕێز وەزیری داد باسی کرد کە ئەویش دامەزراندنی بەشی دووەمە لە بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ لە هەولێر، چونکە هەولێر بەشێوەیەکی یەکجار زۆر گەورە بووە جا چ لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە و، چ لە رووی دابەش کردنی زەوی، بۆیە کردنەوەی بەڕێوەبەراتی تاپۆی دووەم شتێکی پێویستە ئەویش بەپێی موقعی جوگرافی دابەش بکرێت، پێشنیاری دووەم سەبارەت بە دادگای جینایاتە، هەولێر تاوەکو ئێستا یەک دادگای جینایاتی هەیە، من پێشنیار دەکەم کەوا ئەو دادگایە ببێت بە دوو دادگا، یەکێکیان تایبەت بێت بە تاوانە ئاساییەکان، ئەوی تریشیان تایبەت بێت بە تاوانەکانی موتەفەجیرات و موخدەرات و ئەو جۆرە تاوانانەی کە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە هەیە، پێشنیاری سێیەمم ئەوەیە، کە کۆنگریەکی یاسایی لە هەرێمدا ببەسترێت، چونکە لە سەرەتای راپەرینەوە تاوەکو ئێستا ئەم کۆنگرەیە نەبەستراوە و شاراوە نییە لەلای هەموومان کە سیستەمی یاسایی سیستەمێکی مزدەوەجە، ئێمە بەشێک لە یاساکانی مەرکەز پیادە دەکەین و، لەهەمان کاتدا بەشەکەی تری ئەو یاسایانە پیادە دەکەین کە لە پەرلەماندا دەری دەکەین، بۆیە بەستنی کۆنگرەیەکی یاسایی کەوا مافپەروەران و پارێزەران بەشداری تیادا بکەن، بە شتێکی راستی دەزانین بۆ ئەوەی بگەینە چەند بڕیار و پێشنیارێک و ئەم بڕیار و پێشنیارانەش ببێتە بەشێک لە بەرنامەی کاری وەزارەتی داد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە شتێکی ئاشکرایە کەوا دەسەلاتی قەزائی رۆڵێکی گەورەی هەیە لە چەسپاندنی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا و، زۆربەی زۆری دادوەرانی ئەم دەسەلاتە ناسراون بە عەدالەت و کەفائەت و ئیخلاسیان و، لەبەر گرنگی پلە و پایەی دادوەران حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێرییەکی باشی ژیانیان دەکات و، مووچە و دەرماڵەی باشیان بۆ دابین کراوە و، هەروەها ئیمتیازاتی تریشیان هەیە، تاوەکو نەکەونە ژێر رکێفی هیچ جۆرە کاریگەرییەک و، تاوەکو بتوانن بە عەدالەتەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بەلام لە هەندێ لە موراجیعەکانی دادگا گوێمان لێ دەبێت کەوا ژمارەیەکی زۆر کەم لە دادوەران کەوتوونەتە ژێر رکێفی کاریگەرییەوە و، هەموومان دەزانین کە لە مەرجەکانی دامەزراندنی دادوەران ماددەی «٣٣» چەند فەقەرەی تێدایە فەقەرەی

چوارەمی ئەو مەرجە دەڵێت لە قانونی سلطەی قەزائی (یشترط فیمن یعین حاکماًان یکون محمود السیرة و حسن السمعة ومشهوداً له بالنزاهة و الحیاد) پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا وەزارەتی داد هیچ ئیجرائاتێکی کردووە بۆ لابردنی ئەو کەسانەی کە تەئسیریان هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باری ئەوەنە زۆر باشتر، یەک لەمانە کە پێویستیتان پێ هەیە لە پارێزگای دهۆک بەراستی لەگەڵ جەنابی وەزیریش باسمان کرد پێشی ساڵێک، دانانی دادگایەکی ئیستئناف بۆ پارێزگای دهۆک، بەراستی پارێزگای دهۆک زۆر فراوانەو گەورەیە باوەر بکەن بەرێزتان کە لە قەندیل تا زاخۆ ئێستا ئیداریەن سەر بە دهۆکە، جا من زۆر بە پێویستی دەزانم باسێکی لێ بکەین هەر نەبێ لە ئایندە شتێکی وا بکەین. دووەم ئێمە (٣٠) دادوەر و ئەندامانی داواکارانی گشتی لە دهۆک هەنە بەلایەنی کەمی، بەتایبەتی جەنابی وەزیر ئاگادارە لە ناوچەی ئاکرێ، بۆ نمونە ئێستا قەزای ئاکرێ لەگەڵ بەردەرەش تا ئەتروش راستە دوو دادگا هەیە لە ئاکرێ و بەردەرەش بەلام یەک حاکمی هەیە، باوەربکەن لەوانەیە زیاتر لە (٣٠٠ ـ ٥٠٠) هەزار کەس لەو ناوچەیە هەبێت، تکامان وایە ئەوەش لەبەر چاو بگرن. پرسیاری سێیەم کە بەراستی زۆر پێوبستە بەرێزان کاک سعید یعقوبی و کاک شێروانیش ئیشارەتیان پێدا کە لیژنەک هەبێت لە وەزارەتی داد کە بۆ پیاداچونەوە لەسەر ئەو یاسایانەی کە دەرچوونە لە کاتی رژێم پیاداچونەوەی بکەن، ئەوەی پێویستی بە چاک کردن بێت چاکی کەن یان مەشروعی تازە بێت بەراستی من دەتوانم بلێم کە حاکمەکان گرفتی زۆریان هەیە لەسەر ئەم یاسایانە کە شتێکی زۆر سادەیە کاک رزگاریش دیاریکرد، لە کاتی خۆی حکومەتی مەرکەزی لە بەغداد کە بە زروفی حەربی قادسیەو ئەو شتانە دوو سێ بریاری دەرکرد عقوبەی سەرەکی لە ماددەی (٤١،٤٢،٤٣) زۆر توندی کرد، هەتا زۆر شتی بچوک ئەگەر بەشەو کرابایە بەگشتی دوو کەس بن یان سێ لە سجنی هەتاهەتایە کەمتر نییە یان لەسێدارەدانە، بەراستی ئەو رۆژە لە مەحکەمە بووم لەلای جەنابی سەرۆکی جینایەت بووم، من کە بەردەوام پەیوەندیمان هەیە برادەرمە زۆر معاناتی هەیە لەسەر ئەم ماددانە، گوتی لەوانەیە شتێکی زۆر بچوک بێت، دزییە یان شتێکی ئاوا لەوانەیە نەتوانین هیچ لە (١٥) ساڵ کەمتر بێینە خوار هەتا تەنازولیشی کردبێت داواکار. هیچ مەجالمان نییە لە یاسا لە (١٥) ساڵ بێینە خوار لە سزادان، (١٥) ساڵ بۆ شتێکی کەم بە ٢٠ دینار تا ١٠٠ دینار سزایەکەی زۆر گەورەیە، دووەم هەتا لە یاسای تەنفیز بەراستی ئەو کاتە کە کەسێ حوکمی وەردەگرت لە مەحکەمەی بدائی قەردێکی لەسەر بێت هەر چ بابەتێکی قەرد بێت ئەو وەختە قەردەکەی بە ئەقسات وەردەگرێت، ئێستا پارە

قیمەتی نەماوە ئەو وەختە ئەگەر قەرد حوکم بە ( ١٠ ) هەزار ( ٥ ) هەزار بایە زۆر قیمەتی هەبوو پارە ئێستا لەوەنەیە قەرد بە نیوملیۆنە ملیۆنێکە، مانای ئەقساتەکان زۆرن کە ئەمەندەی وەربگرن، زۆر پێویستە بەم شتانەدا بچینەوە، پێویستە لیژنەک هەبێت لە وەزارەتی داد پسپۆڕ یان حوکام پیابچنەوەو بەردەوام بانگی دادوەران بکەن کۆبوونەوەیان پێ بکەن هەر ئەوەی شارەزایی هەبێت ئاگادار بێت بەردەوام لیژنەکە ئیش بکەن لەسەر ئەم شتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک حاکم سەفەر، روونکردنەوەیەکی بچوک ئەم بەرنامەیە لە راستی دا چاکە ئیشارەتی پێ بکەین بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دانراوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەویش هەڵقولاوی ئەو باوەڕەیە کە هەردوولا باوەڕیان پێیەتی، بە پێویستی دەزانین ئەم جۆرە دانیشتنانە هەبێت لەلایەکەوە بۆ روونکردنەوەو خستنەرووی کاروباری هەر وەزارەتێک هەروەها ئاراستەکردنی پرسیاری هاوولاتیان ولیژنەکانی پەرلەمان و زیادکردنی تەنسیق لەنێوەن پەرلەمان وحکومەت لە بواری کاری رۆژانە، هەر بۆ ئاگاداریە تەنها راو بۆچونی سەرۆکایەتی پەرلەمان نییە، بەڕێز کاک عەفان نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز عەفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر بەخێر هاتنی برای بەڕێزم وەزیری داد دەکەم، بە نیسبەت منەوە دوو تێبینیم هەیە لەگەڵ پرسارێک، تێبینییەکە ئەوە بوو جەنابی وەزیری داد باسی ئەوەی کرد کە ئیهتمامێکی زۆر بە دائیرەکان دراوە شتەکان ئامادەکراون، راستە هەموو دائیرەکان ئیهتمامێکی زۆر باشیان پێ دراوە جگە لە کاتب عدل نەبێت، کاتب عدل ئەو دائیرە گرنگەیە کە زۆربەی زۆری دانیشتوان سەردانی دەکەن لەرۆژانە ئێمە یەک دوو جار سەرمان لێدا قەرەباڵغیەکی زۆر زۆریان لەسەر بوو لەگەڵ ئەوە بەهیچ جۆرێک ئەو شتانەی کە پێویست بێت لەدائیرەیەکی سروشتیا لەو دائیرەدا نەبوو نەکورسی و نە مێزو نە دۆلاب و نە مەسەلە بەاعتبار رسومات وەردەگرن کۆمپیتەرێکی تێدا بێت و هەتا کاتب عەدلەکە وای پێباش بوو کە سەیری ژوورەکان بکەین کە سەیری ژوورەکانمان کرد فعلەن زۆر لەفایلەکان لەسەر زەوی دانرابوو بەعزە دۆلابیش هەبوو دەرگاکەی پێوە نەئەدرا دۆلابە سوتاوو شتی وابوون ئەوە من بریارم وابوو دواتر من هەرخۆم لەگەڵ جەنابی وەزیر باسی ئەو شوێنە بکەم بەراستی دائیرەیەکی گەورەیە گرنگییەکی زۆری ئەوێ جگە لەوەی قەرەباڵغیەکی رۆژانەی لەبەینی هەزار کەس بۆ حەوسەد کەس مراجعینیان هەیە هەردوو کاتب عەدلەکەو ،پێشنیاریشم ئەوەیە ئەو دوو کاتب عەدلە ئەگەر جیابکرێنەوە رەنگە ئەو قەڵەباڵغیە لەو حەوشەدا کەم بێتەوە یەکیان لەلایەکی تربێت یەکیان لەلایەکی تر بێت بۆ ئەوەی ئیش و کارەکان

بەرێک و پێکی بروا بەڕێوە، ئەوە بەلامەوە شتێکی گرنگ بوو کە جەنابی وەزیر گرنگی پێبدات زیاتر لەهەموو دائیرەکان، چونکە بەراستی ئێستاش دائیرەکە وەکو دائیرەیەکی کلاسیکی وایە وەکو زەمانی بەریدو شتی وا وایە زۆر زاهیرەیەکی دواکەوتووە بەراستی لەگەڵ ئەوەش رسومات لەوێ وەرئەگیرێ ئەو پارانە یەعنی قاسەیەکیان هەبوو قاسەکەیان هەموو شەقە شەقی دەکردو بەعەمەل نەدەهات ئەوانەیان هەموو پیشاندام دوای ئەوە فایلەکان هەمووی بەبێ دۆڵاب دانراون لەسەر زەوی و شتی واو، سجلەکان ئەوەش بەراستی شتێکی جوان نەبوو جگە لەوە پرسیارێکم هەیە لەجەنابی وەزیر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی دوو تێبینیەکە تەواو بوو، جەنابت؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

بەڵێ ئەوە تەواو بوو یەکەمیان بکرێ بە دوو شوێن و دووەمیش گرنگی پێبدرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مایەوە پرسیارەکە.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئەوەیە بەنیسبەت پێش مانگێک ئێمە لێرە بڕیارێکمان دەرکرد بەنیسبەت چاک سازی بەندینخانەی منداڵان تا ئێستا وەکو دوێنێ لەگەڵ برایان لە لیژنە پرسیارمان کرد لەوەزارەتی تەندروستی تا ئێستا هیچ تەعلیماتێ نەرۆیشتوە بۆ ئەوەی ئەو منالانەی کە موستەحەقن کۆمەڵێ بوون لەوانەی کەسەرمان لێدان هەقی بەرەڵابوونیان هەیە تا ئێستا هەر لەشوێنی خۆیانن و ئەوانیش چاوەرێ دەکەن، یەعنی فەترەکەش زۆرە وابزانم بڵاویش کرایەوە لە رۆژنامەو بەڵام تا ئێستا ئەوان هەر لەجێی خۆیان بەندن و هیچ اجرائاتێکیش وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی نەیان کردووە لەبەر ئەوە ئەڵێم تا ئێستا ئێمە لەوەزارەتی دادەوە هیچ تەعلیماتێکی تازەمان بۆ نەهاتووە، ئنجا ئەوەش پرسیارەکەم بوو بزانین بەنسبەت ئەوانەوە تاکەی درێژە دەکێشێ ئەکرێت یان ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز عەفان نەقشبەندی، بەڕێز کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دوغرەمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری داد دەکەین، چەند پرسیارێک هەیە ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەین ئەو پرسیارانەش پەیوەندی بەو خەڵکانەوە هەیە کە ڕۆژانە سەردانی محاکم دەکەن، یەک سەقفی زەمەنی لەدەعوا تا ئێستا لە یاسا جێگیر کرایە لە دەعاوی مەدەنی و لەدەعاوی جەزائی دەبێت سەقفی زەمەنی هەبێت، تا ئێستا رەچاوی ئەو یاسایە نەکرایە سەقفی زەمەنی لە محاکم تەتبیق نەکرایە کەم و کورتیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت ئێستا بۆ نموونە دەعوا هەیە هەشت ساڵە لەمرافعەعەیە یان حەوت ساڵە یان پێنج ساڵە یان سێ ساڵە هەتا ئێستا تەواو نەبووە کە ئەوە وا دەکات سیقە لە بەینی هاوڵاتی و محاکم نامێنێت، یەعنی کەسێک موراجەعەی مەحکەمەی بکات بۆ وەرگرتنی هەق بەهەشت ساڵ دەعوای حەسم نەبێت. دوو دەوری ئیشراف عەدلی ئەوی ئەمن دەزانم دەوری ئیشراف عەدلی لە وەزارەتی عەدل هەر نییە هەر سفرە تا ئێستا ئیشراف عەدلی دەوری خۆی نەدیتیە بەرێک و پێکی ئیشراف عەدلی ئیشی ئیشراف عەدلی ئەوەیە مراقەبەی محاکم بکات مراقەبەی حاکمەکان بکات ئایە بەگوێرەی یاسا تطبیقی یاسا دەکرێ یان نا ئەوە زۆر گرنگە. سێ (الادعاء العام) تا ئێستا دەوری خۆی نەدیتیە لە محاکم واجبی نائب مدعی عامە لەمحاکم بەتایبەتی محاکمی ئەحوال شەخصی دەبێت حازر بێت لەبۆ ئەوەی کە رای خۆی بدات لەدەعوای ئەحوال شخصی تا ئێستا هیچ نائب مدعی عامێک لەئەحوال شەخصی ئەوەی ئەمن دەیزانم حازر نەبووە مجرد ناوی نوسراوە دوایی تەوقیعی کردووە، خانووەکانی وەزارەتی داد هەندێ خانوو هەیە لە وەزارەتی داد هی وەزارەتی دادە کرایە کۆمەڵێک خانووە، ئەو خانووانە بۆ ئەوە کرایە ئەگەر سبەی دووسبەی حاکمێک لە شارێکی تر نەقلی ئێرە بوو جێگای نەبێتن لەم خانووە دانیشێتن، بەداخەوە ئێستا حاکمەکانی کوردستان بە تایبەتی هەولێر ودهۆک هەموویان بەگشتی بە جێگری داواکاری گشتییەوە هەموویان عاردیان وەرگرتووە، مانای عاردیان وەرگرتووە دەتوانم بڵێم بەلاش، ئەو خانووانە ئێستا وەزارەتی داد بەتەمایە بەناوی ئەو حاکمانە بکات کە ئێستا تێیدانە، وابزانم ئەوە هەڵەکی زۆر گەورەیە چونکە ئەم خانووانە هی وەزارەتی دادن دەبێ بمێنێت بۆ ئەو حاکمانەی کە نەقلی ئێرە دەبن جێیان نییە، ئەو حاکمانەش کە ئێستا لەناو ئەم خانووانەن هەموویان عاردیان وەرگرتووە لە حکومەت، لەهەر مەرکەزی شورتەیەک دائرەی موحەقیق عەدلی هەیە، موحەقق عدلیش دابەش کراون بۆ سێ بەش، خەفارەتی بەیانییان هەیە، خەفارەتی دوای نیوەڕۆ هەیە، خەفارەتی شەو هەیە، خەفارەتی شەو موحەقیق عەدلیەکان تا ئێستا لە پێش لەمپە ئیفادات وەردەگرن، بۆ زانینیش هەر لەناو بنکەی پۆلیسە، بنکەی پۆلیس کارەبای هەیە کارەبای نادانە دائیرەی موحەقق عەدلی کە هەر لەناو بینایەی بنکەی پۆلیسە چونکە سەر بە وەزارەتی دادە، وەزارەتی دادیش هەتا ئێستا لەوانەیە دە جار پێی گۆترایە عەلائەساس کارەبا بێنێت بۆ ئەو دائیرانەی کە موحەقق عەدلی شەوان لێی خەفەرن تا ئێستا لە

پێش لەمپا ئیفاداتی خەڵک وەردەگیرێتن، سەرژمێریاری دەعوا هەر حاکمێک کە کۆتایی ساڵ دەبێت جەدوەلەکی بە دەعوایەکانی خۆی دەکات بۆ وەزارەتی داد بەرێگای ئیستئنافە یان راستەوخۆ بۆ وەزارەتی داد دەنێریت، چەند دەعوای هەبووە لە ماوەی ئەم ساڵە چەندی داشکاوە، هەتا ئێستا حاکم هەیە ساڵ دێ ودەروات ( ٢٠٪ ،١٥٪ ) لە دەعوایەکانی ئەوەی هەیتی داشکاوە، باشە تا ئێستا بۆ ئەو حاکمە سین و جیمی لەگەڵ نەکراوە مانای حاکمێک ( ٥٠٠ ) دەعوای هەبیت لە ماوەی یەک ساڵ ( ٢٠ ) دەعوای داشکاند بێت، نابێت یەکێک هەبێت پێی بڵێتن ئایا بۆ ( ٢٠ ) دەعوا داشکاوە ئەو ( ٤٨٠ ) دەعوایە ماوە پەیوەندی بە خەڵک نییە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من کاک ئیبراهیم باسیکرد لە بارەی داشکانی دەعوا بوو، تەنها برگەیەک دەمەوێت باسی بکەم چونکە کاک ئیبراهیم بە تەواوی باسی نەکرد، ئەویش ئەوەیە کە بە پێی بریاری (٦٦٩) لە رۆژی ١٩٨٧/٨/٢٣ کە هاتووە ئەڵێ: (تلتزم المحاكم المدنية والجزائية بخصم الدعاوى خلال السقوف الزمنية التي تحدد لها) برگەیەک هاتووە ئەڵێ ئەبێ دەستەی سەرپەرشتی دادی بگەرێت بەسەر حاکمەکاندا ئەگەر دەعوایێک داشکاو نەبوو ئاگاداری بەڕێز وەزیری داد بکرێتەوە، ئایا بەڕێزیان لەم رووەوە هیچ ئاگادار کراون یان نەکراون، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەمین مەولود، بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو. جەنابت سەرۆکی کوتلەی بۆیە حەقت هەیە سێ پرسیار زیاتر نەکەیت.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆربەیان پرسیاریان کرد لەبەر ئەوە من پرسیارێکی دیاریکراوم هەیە، پێشەکی سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکەین کە بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەم بەرنامەیەیان تەرخان کردوە بە تایبەتی بەرنامەی کاری ئەمرۆ، هەروەها سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین بۆ ئامادە بوون و خوێندنەوەی راپۆرتەکەی، دەست خۆشیش لە برایانم ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە ئەمرۆ وابەرێک وپێکی چالاکانە بەشداری دەکەن وتێبینی وپرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی جەنابی وەزیر کرد، تێبینییەکەی من سەرەتا ئەوەیە دەسەڵاتی قەزائی دەسەڵاتی سێیەمە لەهەر دەوڵەت وکیانێکی سیاسی دیموکراتی، لە ئەزمونی ئێمەشدا کەبە ئەزمونێکی

دیموکراتی ئەژمێردرێ بە شاهێدی دۆست ونەیاران، دەسەڵاتی قەزائی وەکو دەسەڵاتی سێیەم ڕێزو پایەی تایبەتی خۆی هەیە لەناو ئەزمونەکەی ئێمەدا، بەڵام ئەوەی سەرەنجی ئێمە رادەکێشێ ئەوەیە کە دادگای تەمییز بەداخەوە وەکو پێویست نە چێ وشوێنی گونجاوی بۆ دابین نەکراوە وابزنم تەنها ژورێکیان هەیە بۆ کاتی کۆبونەوەکانی خۆیان ئەگەر چی کاتی خۆی کە بریاری دروستکردنی کۆمەڵگەی داد درا یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی دروستبوونی ئەم کۆمەڵگەیە ئەوە بوو کە جێگایەکی گونجاو وشیاو بۆ دادگای تەمییز دابین بکرێت، پرساری من ئەوەیە ئایا بۆچی تاکو ئێستا وەکو پێویست بایەخ بە جێگای ئێستای دادگای ناوبراو نەدراوە، ئایا لەم بارەیەوە هیچ هەنگاوێک نراوە بۆ چاککردنی باروگوزەرانیان وئەگەر هۆکارێک هەیە یان چەند هۆکارێک هەیە بۆ ئەوەی جێبەجێ نەکرێت هۆکارەکان چین؟، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د.ناصح، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای بەڕێزتان ولای هەموو لایەک ئاشکرایەو شاراوە نییە کە وەزارەتی داد دەبێ زیاتر لە وەزارەتەکانی تر پەیوەندی بە یاساوە هەبێت وکاری پێ بکات، ئێستا شتێک کاری پێ دەکرێت لە وەزارەتی داد، حوکام ئینتداب دەکرێن بۆ هەندێ جێگا ئەمەش سەرپێچی یاسایە، بۆ نمونە سەرۆکایەتی ئیستئناف ئەندامی مەحکەمەی تەمییزی بۆ ئینتداب دەکرێت، ئەندامی مەحکەمەی تەمییز کە ئینتداب دەکرێت بۆ سەرۆکایەتی ئیستئناف ئەمان نییە چونکە وەزارەتی داد ئەو حەقەی هەیە تەنها بۆ دائیرەکانی مەرکەزی وەزارەت، نەک بۆ موئەسەساتی قەزائی حاکم ئینتداب بکات ئەوە بێگومان سەرپێچی یاسایە چونکە ماددەی (٦) لە یاسای وەزارەتی داد دەڵێت: (لوزير العدل إنتداب الحكام الى دوائر مركز الوزارة) نەک دەوائری موئەسەساتی قەزائی کە دادەنرێت لە دەسەڵاتی قەزائی تەبعەن ئەوە سەرپێچی یاسایە وئیمکان هەیە ئینسان تەعن لە یاساکانیان بدات ئەوەی کە سەرۆکایەتی مەحکەمەی ئیستئناف دەیکات ئێستا بۆ نمونە پارێزەرێک تەعنی لێ بدات لە ساباکان چونکە ئەوە مزاوەلەی یاسا حوکم دەردەچوێنی، بە سەرپێچی لە جێگایەک دابنیشێت جێگای تەعنە یاساکە، هەروەها بە نیسبەت مەحکەمەی تەمییز ئەندام هەیە لە مەحکەمەی تەمییز بە عەقد، دەقی یاسای قەزائی دەڵێ: کە لە ماوەی سێ ساڵ زیاتر نابێت ئەو حاکمانەی کە پێشتر خانەنشین بوونە پێشی دەرچونی ئەو یاسایە وەزارەتی داد کە دایان دەنێت لە مەحکەمەی تەمییز لە سێ ساڵ زیاتر نابێت دایان بنێت، بەڵام دەمینێنەوە ماشائەڵڵا هەر جارێ کتابیان بۆ دەنووسرێ بۆ درێژکردنەوە وبۆ ئەوانە، لەبەر ئەوەی پرسیارەکەمان بە تەحدید ئەوەیە کە وەزارەتی داد دەبێ ئەو درێژکردنەوانە لابات پێویستیشیان هەیە تەمییز دوو

ئەندامی مەحکەمەی تەمییز یەکێک ئێستا لە ئیستئنافە یەکێک لە جینایاتە، مەحکەمەی تەمییز کەموکوڕی زۆری هەیە یەک دوو حاکمی هەر لەم ماوەیە ئەمری خوایان کردوەو خوالێیان خۆش بێت ڕۆیشتوونە کەموکووڕیان هەیە، باشە بۆ بکرێت ئەندامی تەمییز وبۆ ئینتداب بکرێتەوە خۆ ئەگەر پێویست بوو با لە جێگای خۆی بمابایە کە لە سەرۆکایەتی ئیستئناف بوو، پێویست نییە ببێتە ئەندامی مەحکەمەی تەمییزو بە ئینتداب بێتەوە کە ئینتدابەکەی سەرپێچی یاسایە، هیچ دەقێک نییە لە یاسا کە وەزیری داد دەسەڵاتی هەبێت حاکم ئینتداب بکات بۆ سەرۆکایەتی ئیستئناف یان بۆ سەرۆکایەتی مەحکەمەی جینایات، تکامان وایە ئەو سەرپێچیانە لابیردرێن جێگای تەعن نەبێت وەزارەتی داد چونکە وەزارەتێکە روحی یاسا لە وەزارەتی دادە، ئەگەر ئەو پێی هەڵنەستێ خەڵکیش پێی هەڵناستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاکەڕەش، بەڕێز کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم بۆ وەزیری داد ئەوەیە تاکو ئێستا چیکراوە بۆ بە کوردی کردنی مرافعات، بۆ ئەم مەبەستەش چ سوود لە کۆری زانیاری کورد وەرگیراوە بۆچی تاکو ئێستا بڕیارەکان ونووسراوەکانی مەحکەمەی تەمییز هەر بە عەرەبین، لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان عبدالله شرفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من ئەوەیە جەنابی وەزیر باسی مەحکەمەی بەردەڕەش ومەحکەمەی تری کرد، بۆ قەزای شێخان قەزایە هەتا ئێستا حاکمێک نییە زۆر سەردانیشمان کردوە، جەنابیشی دەزانی جارێکی لێم پرسی گوتی بە بەڕێوەبەری گشتی بڵێ، دووەم هەتا ئێستا تاپۆش لە قەزای شێخان نییە، جەنابی سکرتێریش زۆر محاوەلەی کردبوو وەختی خۆی هیچ وەڵامی نەبوو، نفوسیشیان نییە قەزای شێخان قەزایەکی مەغدورە چونکە تەعریب کراوە وەختی خۆی هەتا ئێستاش موهملە ودەچنە دهۆک دەچنە لای تر قەزای شێخان هەمووی ئیهمال کرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئاشکرایە هەندێ لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگای هەولێر پێویستیان بە مەحکەمە هەیە، لە هەمان کاتدا وابزانم لە دهۆکیش هەمان حاڵەت هەیە هەمان پێویستی هەیە، بۆ نمونە سۆران مەحکەمەیەکی تێدایەو ئیش وکاری چۆمان ومێرگەسوریش ئەبینێت، هەر چۆمان خۆی پێویستی بە دوو حاکم هەیە بەراستی مانای چۆمان ومێرگەسور پێویستیان بە مەحکەمە هەیە دابمەزرێت حاکمیان بۆ دابمەزرێت، لە هەمان حاڵەتدا بۆ نمونە شەقلاوە حاکمی شەقلاوە لە هەفتەیەکدا یەک دوو رۆژ تەرخان دەکات ئەروات بۆ هەریر بۆ ئەوەی ئیش وکارەکانی ئەوێ ئەنجام بێنێت، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا بۆ بەڕێز وەزیری داد لە بەرنامەی وەزارەتی داد هەیە بۆ ئەوەی ئەو مەحکەمانە دابمەزرێنێت یان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی پرسیاری من هەر وەکو برای بەڕێزم کاک بورهانە، بەنیسبەت دەڤەری خۆمان دەڤەری ئاکرێ بەرفراوانە چوار ناحیەی لێ هەیە، هەتا ئێستا یەک مەحکەمە هەیە مەحکەمەیەکی تر کرایەوە لە بەردەرەش بەڵام ماوەیەکی کەم حاکمەکە گواستراوە بۆ دهۆک، ئەمرۆکە ئێمە بەرەو شارستانی دەچین ئەمرۆ گەلێ پەناهەندە دێنەوە خەڵکێک پێویستی بە دەفتەر نفوس هەیە پێویستی بە عەقدی زەواج هەیە بۆ زۆر شتی تر هەرکەسێ بەر دەرگای دادگای ئاکرێ ببێنیت، دەڵێ وەکو پێشان نییە قەڵەباڵغییە نە حاکم ئیش وکاری دەتوانێ بروێنێ نە ئیشی خەڵک دەڕوات، تکامان وایە جەنابی وەزیری داد کە چاوێکی پێ دا بخشێنێت، حاکمی بەردەڕەش یان حاکمێکی بۆ دابمەزرێنێت یەکی تریش بۆ ئاکرێ زیاد بکات چونکە دەڤەرێکە زۆر بەرفراوانە تا خەڵک مەشاکلیان تەواو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئەحمەد علی فەرموو.

**بەڕێز أحمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ پرسیارم هەیە لە بەڕێز وەزیری داد، پرسیاری یەکەم نازانم وەزارەتی داد چ هەوڵێکی داوە بۆ هەڵوەشاندنی یان راگرتنی ئەو بڕیارانەی دەرکراون لەلایەن (مجلس قیادة ثورة قادسیة صدام)

دەربارەی توندکردنی عقوبەی بەنیسبەت تاوانی دزی، لەوانەیە کاریشی پێناکرێت، پرسیاری دووەم نازانم لەسەر چ بنەمایەکی یاسایی لە بەرێوەبەرایەتی تاپۆی دهۆک کار بە وەکالەت ناکرێت، دەبێت وەکیل خزم بێت هەتا دەرجە سێ یان وەکیل پارێزەر بێت غەیری ئەم دوو جۆرە وەکالەت بەرێوە ناچێت لە تاپۆ، پرسیاری سێیەم زۆر داواکاری پارێزەران وماف پەروەرانی دهۆک و هەولێر هەبووە بەرزکراوەتەوە بۆ وەزارەتی داد بۆ دامەزراندنییان وەکو حاکم یان داواکاری گشتی بەڵام هیچ وەڵامێک نییە، ئێمەش دەبینین هەر لە ماوەیەک بۆ ماوەیەکی تر خەڵکێکی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی رژێمی دێن دادەمەزرێن وەکو حاکم یان داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەوە چ هۆیەک هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لە راستیدا هیوادارم پرسیارەکان ئەوەندە زۆر نەبن کە مەبەستم وەزیری داد نییە، وا بکات بەڕێز وەزیرەکانی تریش نەیەنە ئێرە، مەبەستم بە دەرەجە یەک ئەوەیە ئێمە تەرکیز بکەین لەسەر بابەتی سەرەکی و بابەتی هەرە گرینگ خۆ شەرت نییە ئینسان هەر شتێکی لە دڵ دابوو هەڵی رێژێت، مەبەستی سەرەکی لێرە ئەوە بووە ئەو شتانەی کە گرێن، موشکیلەی گەورەن رووناکی بخرێتە سەر پرسیاری دەربارەی بکرێت، تەرکیز بکرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت لەو بارانەیەوە ئیش بکرێت، دووبارە سوپاس ئاراستەی بەڕێز وەزیری داد دەکەم ئەگەر ئامادە بێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە وەکو ئەوەی باسیشم کرد بۆی هەیە هەر پرسیارێک بیەوێت جارێ وەڵامی نەداتەوە بۆی هەیە دوای بخات، فەرموو.

**بەڕێز هادی عەلی/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو پرسیارو روونکردنەوانە ئینشائەڵڵا ئێستا ئەوەندەی لە توانام دا بێت بە پێی پێویست وەڵامیان ئەدەمەوە، بەنیسبەت یەکەم جار کاک سەعید یەعقوبی دەتوانین بڵێین چاککردنی نیزامی یاسایی هێنایە بەرباس، ئەوە بابەتێکی گرینگە بەراستی وروژاندنی وابزانم ئەوە تەنها ئەرکی وەزارەتێک یان دوو وەزارەت تەنها حکومەتیش نییە، بەڵکو حکومەت بەگشتی وپەرلەمان ووەزارەتی دادیش ئەتوانێ رۆڵێکی باشی تێدا ببینێت، ئەتوانین بڵێین ئەسڵەن یەعنی بڕیارێکی سیاسی گەورەی ئەوێ چاککردنی نیزامی یاسایی خۆی بۆ خۆی چاککردنی نیزامی یاسایی پرۆسەیەکی زۆر ئاسان و سادە نییە بە رۆژێک ودوو رۆژ تەواو نابێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەگەر هەر چیەک بین فدرالیەت یان هەر حاڵەتێکی تری دەستوری هەبێت هەر بەشێکین لە عێراق وهەر ئیعتیادی لە رووی یاسایی پەیوەندی وجۆرێک لە تێکەڵبوون هەیە لەگەڵ نیزامی یاسایی دا، بەڵێ ئەو نیزامە یاساییەی کە لە عێراقیش ئێستا هەیە وەکو جەنابیشتان ئاماژەتان پێکرد لە ماوەی (٧٠-٨٠) ساڵێک دروست بووە لەلایان

هەموويان فوقەهای قانون وشارەزايان وياسا ناسانەوە ئەوە تەرتيب كراوە، تا دەرەجەيەكی باش نيزامێكی ياسايی تەواوە، بەڵێ تێبينی هەيە لەسەر هەندێكی وتێبينی هەيە لەسەر هەندێكی كە لە كاتی كتوپر دانراوە بەشێوەيەك لە شێوەكان ناگونجێت لەگەڵ وەزعی هەرێم، ئەوە بە پێی بڕياری پەرلەمان ئينكار كردن بەوانە وەستاوە، ئێستا لە ئەنجامی ئەوەی كە ئەم چەند ساڵە پەرلەمان ئيشی كردوە ديارە هەم ياسای تازەی هێنايتە كايەوە يان هەندێكی لێ تەعديل كردووە، هەندێكيشی لە كاركردن وەستاوە، بەنسبەت ئەوەی كە ياسای عقوبات زۆربەتان ئاماژەتان پێ كرد ئەوە توندكردنی سزا لەسەر هەندێ بابەتی دزی كە نيوسعات دوای ئێوارە بێت ئەو سزا گەورەيەی هەيە، ئەوە راستە دادوەرەكان بەتايبەتی لە جينايەت يەعنی جۆرێك لەو گرفتانەيان هەيە لەم بارەيەوە، لەم ماوەيە پرۆژەيەك ئامادە كراوە ئەو ماددانە هەمووی دەست نيشانكراوە ئێمەش ناردومانن بۆ ئەنجومەنی وەزيران رەنگە ئەگەر نەيان ناردوون بيان نێرن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو بابەتەی كە پەيوەندی بە ياسايی سزا هەيە چارەسەربكرێت، ئەوی تريشی بەراستی يەعنی وەكو گوتم چاكردنی نيزامی ياسايی پرۆژەيەكی زۆر گرينگە لەهەمان كاتيشدا درێژخايەنە لەهەمان كاتيشدا هەماهەنگی وهاوكاری وتەنسيقی هەموو لايەكی پێويستە وئەتوانم بڵێم حاڵەتێكی ئيستقراری سياسی وياسايی پێويستە، دەستوريشی پێويستە هەندێكی، بتوانين ئێمە ئێستا هەنگاوی بۆ بنێين بەڵام كەم كەم ئەتوانرێ جێبەجی بكرێت، ئومێد دەكەين كە ئەوەی پەيوەندی بە ئێمەوە هەبێت بڵێين پەيوەندی بەناو وەزارەتەوە هەبێت بە خودی وەزارەت وەكو ئاماژەت پێكرد ياساكانی تايبەت بە بەشەكانی وەزارەت وەكو كاتب عەدل وەكو ئەوانە ئێمە ئەوە پێشنيارێكی بە جێيە ئيشی لەسەر دەكەين لەمەولا هەڵبەت دەستەيەكی باشتری دارشتنەوەی ياساييمان دامەزراندوە كە بتوانن باشتر مراجەعەی ئەو شتانە بكەنەوە بەشێوەيەك بگونجێت لەگەڵ هەڵومەرجی هەرێم، بەڵام چاككردنی نيزامی ياسايی بە مەودا فراوانەكەی ئەوە بەراستی ئيشێكی گەورەيە ئيشێكی درێژخايەنە وابزانم رۆڵی پەرلەمان زياترە لە رۆڵی وەزارەتی داد بەڵام وەزارەتی داد دەتوانێ هاوكارێكی باش بێت بۆ پەرلەمان. بە نيسبەت پرسيارەكانی د.رزگار مەسەلەی تۆماركاری نوێ ئەوە بێگومان خۆشتان دەزانن كە تۆماركاری نوێ بابەتێكی ئاڵۆزە چەند جار گۆرانكاری وتەعديلی بەسەردا هاتووە چ لە زاخۆ چ لە دهۆك چ لە هەولێر گرفت لەم بارەيەوە هەيە و، لەم دوايە كە ئەو مەسەلەی زاخۆ هەبووە ليژنەيەكی تايبەتيشی لە ئەنجومەنی وەزيرانەوە بۆ دياريكراوە ئێمە لەم رۆژانە هەوڵ دەدەين ئيشی لەسەر بكەين بۆ ئەوەی بزانين چی تری دەوێت بۆ جێبەجێ كردنی، ئەوەی كە ماددەی (٤٤٣) وابزانم وەڵامی ئەوەم دايەوە كە پرۆژەيەك ئامادە كراوەو نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزيران، بەنيسبەت كاك شێروان حەيدەری باسی دامەزراندنی پەيمانگای قەزائی دەكات من لەو رۆژەوە دەست بەكار بووم لە وەزارەت زۆر جار لە زۆر بۆنەو كۆبوونەوەو لە زۆر شوێن باسی دامەزراندنی پەيمانگای قەزائی ئەكرێ من بەش بەحاڵی خۆم هەندێ ديراسەو هەندێ بابەتەكەم تاوتوێ كردووە، ئێمە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی رابردوودا

دوو حاكمان تەعین كردووە لەگەڵ دوو جێگری داواكاری گشتی لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی كە من لەوێم، جا بەنیسبەت هەولێرو دهۆک بەم حاڵەتەی ئێستا كردنەوەی پەیمانگایەكی قەزائی خۆتان دەزانن كردنەوەی پەیمانگای قەزائی كەوادری باشی ئەوێ و دوای ئەوە مەسرەفێكی باشی ئەوێ بەراستی لە هەمان كاتدا، ئێمە لەم كاتە رەنگە هەرێم لەسەر ئاستی هەموو یەک بگرێتەوەو ئەو پارێزگـایانەی تریش كـە بڕیاری لەسـەر دراوە لە لایەن پەرلەمـانەوە ئەو پارێزگـایانە بكرێنەوە پێویستی بە دادگای زیاتر هەیە پێویستی بە كردنەوەی دەزگای داد زیاتر هەیە، ئەو كاتە رەنگە پێویستییەكە وەها بێت كە ساڵانە پەیمانگای قەزائی هەبێت بۆ ئەوەی كە كەوادری پێویستی بۆ ئامادە بكات، بەڵام وابزانم لەم حاڵەتەی ئێستا كە ئێمە ساڵانە حاكمێ یان دوانمان بوێ ئەوپەڕی لەوە زیاتر رەنگە پێویستمان پێ نەبێت، كردنەوەی پەیمانگایەكی قەزائی نە كەوادری پێویستمان هەیە، مەسارفێكی ئەوتۆش بخەینە ئەو مەجالە رەنگە ئەوە نەبێت، بەڵام بیرۆكەیەكی باشە كە وەكـو پرۆژەیەكی پێشنیـاركـراو لە بەرنامـە دابێت بۆ سـاڵانی ئایندە ئیـشی لەسـەر بكرێت، بەنیـسـبـەت دادگـای تـاوانەوە كـە بكرێتـە دوو دادگـای تاوان ئەوەش پێشنیـارێكی باشـە ئێمـە دەیخـەینە بەرنامـەمـانەوە بۆ سـاڵی ئاینده بەڵكو بتـوانین ئیـشی لەسـەر بكەین. گـرێدانی كـۆنگرەیەكی یاسـایی ئەمـە وابزانم كـارێكی زۆر بە جـێـیـە، ئەوە بە هاوكـاری پەرلەمـان و هەم وەزارەتی داد و هەم سـەرۆكـایەتی حكومـەتیش رۆڵێ خـۆی تێـدا ببینێ، بەتایبـەتی سەندیكای پارێزەران و ناوەندە یاسایییەكانی تر، تەنانەت كۆلیژی ماف و هی تر، واتا گرێدانی كۆنگرەیەكی یاسـایی لەوەیە كـارێكی زۆر باش بێت، لیـژنەیەكی باشی بۆ دابندرێ و ئـامـادەكـاری باشی بۆ بكرێ. ئەوە دەتواندرێت، تەنانەت بابەتی چاكسازی سستەمی یاسایی هەر لەو كۆنگرەیە تاوو تۆ بكرێ و دراسە بكرێ و پرۆژەی بۆ دابندرێ، ئەوە پێشنیـارێكی باشـە و ئێمـەش پێمان باشـە، كە بەهاوكاری ئێوەش و پەرلەمان كاری لەسەر بكرێ.

برادەرێكی تر باسی ئەوەی كـرد كـە هەندێ لە دادوەران دەكـەونە بەر كـاریگـەری لا بەلاوە . ئەوە راسـتـە، ئێـمـە هەمـوومـان دەزانین كە دەتوانین بڵـێین كە كـۆڵەكەی دەسـەڵاتی دادوەری بریتـیـە لە كەسایەتی دادوەر ، لەبەر ئەوەی كەسـایەتی دادوەر دەتوانێ رۆڵێكی سەرەكی ببینێ لەو بارەیەوە، راسـتــە لە رووی یاسـایـیــەوە یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری یاسـایەكی رێـک و پێكە و تەواوە و دەگونجێ لەگەڵ ئەوەی كە ئێمـە وەكو سیستـەمێكی دیموكراتی بمانەوێ هەرسێ دەسەڵاتەكە جیـا بكەینەوە، بەڵام ئەوەی زۆر گـرنگە لای ئێـمـە هەڵ ومـەرجی نائاسـایی ولاتـەكـەمـان كـە بتـوانێ سـەربەخۆیی دادگـا دەسـتـەبەر بكات ئەوە كـەسـایەتی دادوەرە خۆیەتی راسـتـە دەبێ حكومـەت و هەمـوو لایەكیش هاوكـاری باشی بكـەن و پشـتـیـوانی باشی بـكەن و دەبێ هۆشیـاریەكی یاسـایی باش هەبێ كەخەڵک رێز لە دادگا بگرێ، بەڵام كەسـایەتی دادوەر خۆی لە خۆیدا بـابەتێكی گرنگە لە هەمان كاتدا، ئێمە بە هاوكاری لەگەڵ ئەنجومەنی دادگەری سەرۆكی ئەنجومەنی دادگەری هەوڵ دەدەین لەمەولا ئەو كەسانەی كە دادەندرێن دەبێ مەرجیان تێدا بێت تاكو بتـوانین ئەم شتـانە كەم

بکەینەوە و هەوڵیش دەدەین کەم کەمە لە ڕێگای چاودێری داد(الاشراف العدلي) لە ڕێگای ترەوە ئەو کەم کورتیانەی کە ئیستا لە دادگاکان هەن چارەسەر بکەین .

کاک حاکم سەفەر باسی دانانی دادگایەکی تری استئناف دەکات لە دهۆک، ئێمە ئەو باسەمان کردوە، شەخصی خۆم ئەو باسەم کردەوە لەگەڵ سەرۆکی تەمیز و دادوەرەکانی تردا، ئێستا لە سنوری پارێزگای دهۆکدا ئەوەندە داوا و کێشە نایەتە بەر دەمی دادگا کە پێویست بەوە بکات کە دادگایەکی تری استئناف لە دهۆک دابمەزرێ، خۆتان دەزانن کە کردنەوەی دادگایەکی تر بە لانی کەم پێوستی بە چوار پێنج دادوەری باش هەیە، ئەو چوار پێنچ دادوەرە ئەوەندە لەوێ کاریان نییە تاکو تەفەروغیان پێبکەی تاکو لەوێ بن و ئێستا کەسی تریشت نییە تاکو بەو ئاسانیە لە شوێنیان دابنێیت ، ئەوەش لە داهاتوودا دەکرێ کاتێ هەل و مەرج لە هەرێمدا ئاسایی تر دەبێتەوە و پارێزگاکانی تریش بکرێتەوە ئەو کاتە دەکرێ، هەولێر خۆی بۆ خۆی دادگایەکی استئناف بێت و دەرەوەشی دادگایەکی استئنافی هەبێت، بەڵام بۆ ئێستا وا نابینم کە پێوست بێت.

دەڵێن لە ئاکرێ و بەردەرەش یەک دادوەر هەیە. ڕاستە ئێمە دادوەرێکمان دانا هەر لەبەر خاتری بەردەرەش، بەڵام لە دهۆکەوە داوا کرا کەوا بینێرینەوە بۆ دهۆک ، و ئێستا ئەو دادوەرەی لە ئاکرێیە حەفتانە ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ دەچێ بۆ بەردەرەش بۆ ڕاپەراندنی کارەکان و ئێمە لە بەرنامەماندا هەیە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بەڵکو دادوەرێکی تری بۆ دابین بکەین.

کاک شێخ عەفان باسی فەرمانگەی داد نووسی کرد، ئەوە ڕاستە ئەو فەرمانگەیە هەندێ گرفتیان هەیە، هەڵبەتە داوایان بەرز کردۆتەوە و ئێمە ناردومانە بۆ وەزارەتی دارایی کاتێ ڕەزامەندی هاتەوە ئەوەیان بۆ دابین دەکەین، بەڵام سەبارەت بەوەی کە دوو شوێنی جیایان هەبێ ، چونکە هەموو باڵەخانەکانیان بە کرێ گیراوە، سیاسەتی وەزارەتی دارایی ئێستا وایە کە تا بتوانین خانووی کرێ کەم بکەینەوە، بۆیە دەبێ ئێمە سەبرمان بێت تاکو پرۆژەی کۆشکی داد تەواو دەبێت و ئەو کات بەشێ لەو شوێنانە چۆڵ دەبێت و ئێمەش بتوانین ئەو خانووە کرێیانە چۆڵ بکەین و بەڵکو لە داهاتوودا بتوانین بنایەیان بۆ دروست بکەین، ئەوە کارێکی باشە، دەکرێ هەر لە یەک بنادا بن، بەڵام شوێنەکانیان باشتر بێت،بەڵام ئێستا چونکە خانووی کرێیە لەوانەیە نەتوانین زیاتر ئەرک بخەینە سەر حکومەت و وەزارەتی دارایی.

بابەتی بەندیخانەی نەوجەوانان، ئەوە جەنابتان دەزانن کە پەیوەندیەکی ئەوتۆی نییە بە وەزارەتی دادەوە،بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتیەوە هەیە، بەڵام با بزانم چی هەیە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ بە پشتوانی یەزدان کە گەرامەوە پرسیار دەکەم تاکو بزانم ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە چیە و کاری بۆ دەکەین.

کاک ابراهیم دۆغرەمەچی پرسیاری لە سەردانی دادگاکان کرد ،بەوەی کە داواکاریەکان دوا دەکەون ، هەڵبەت کارمان لەسەر ئەوە کردوە کە داوا پێش بکەوێ، من سەرژمێریەکم لایە، دەشێ دوایی بۆ جەنابتانی بە جێ بێلم، تیایدا بەراوردێک کراوە لە نێوان ساڵی ٢٠٠٠ و ساڵی ١٩٩٩ دا

ژمارەی ئەو داوایانەی کە لەساڵی ۲۰۰۰ دا لە دادگاکاندا حەسم کرابوون ڕێک دوو بەرابەری ساڵی پێشوو بوو ،واتا هەوڵ دراوە پێش بخرێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەر ماوییەتی، دەتوانین بڵێین نەوەک پێوستە و نەوەک طموحە، بەڵام هەندێ کێشە هەیە هەندێ بابەت هەیە بەدەست دادوەر و دادگا نییە، یەکێ لە لایەنەکانی داوا ئامادە نییە یان چۆتە ئەولا یان لە شوێنیکە نایەت یان چۆتە هەندەران ڕاستە بابەتی وا هەیە ئەوە چەند ساڵە دێت و دەڕوا بەڵام هەمووی پەیوەندیان بە دادگاوە نییە، پەیوەندی بە هەندێ کاریگەری تر هەی، ڕۆڵی اشراف عەدلی لاوازە یان نزیکە لە سفر ،ئێمە هەوڵ دەدەین کە بەهێز تر ببێت و کاری بۆ دەکەین ، یا دواکاری گشتی ڕۆڵی لە دادگاکاندا نە دیوە منیش بڕوام هەر وایە وادەزانم کە وەکو پێویست ڕۆڵی خۆی نابینێ بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە کەسایەتی کادیرەکان خۆیانەوە هەیە، هەر کادیرێک کە جێگری داواکاری گشتیە یان خۆی داواکاری گشتیە بەپێی یاسا دەسەڵاتێکی باشی هەیە و دەتوانێ ڕۆڵی باش ببینێ و کاتێ ڕۆڵی خۆی نابینێ ڕەنگە زیاتر پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێ ، بەڵام ئێمەش پێوستە کاری بۆ بکەین، بەتایبەتی کە دەڵێ لە ئەحوالی شەخصی ، کە چومەوە خۆ دەپرسم، خانوەکانی وەزارەتی داد ، لەبەر چاومان ڕوونە کە خانووەکانی وەزارەتی داد لە شارۆچکەکاندا ئەگەر خانوو هەبێ، بۆ قایمقام بۆ بەڕێوەبەری ناحیە بۆ دادوەر بێت هەر یەک ویەک خانووە ، کە دادوەرێک لەوێ نییە یەکێکی تر لە شوێنی جێنشین دەبێت ، بەڵام لە شارێکی وەکو هەولێر یان وەکو دهۆک عادەتەن ئەو دادوەرانەی دێنەوە مەرکەزی شار ، دوای ئەوەی دەرەوە تەواو دەکەن دوای چەند ساڵ ئەوجا دەگەڕێنەوە مەرکەزی شار کە هاتەوە مەرکەزی شار، کە تۆ لە شارێک بۆ شارێکی تر نەقلت کرد ئەوکاتە خۆ خانووەکە لەگەڵ خۆی نابات و بەجێی دێڵێ ، بەڵام کاتێ کە هەر لەناو هەولێر یان لە ناو دهۆک مایەوە مەعقولە تۆ دەری بکەیت و یەکێکی تری بخەیتە شوێنی! واتا خانووی دادوەر لە مەرکەزی شاردا وەکو خانویی دادوەر نییە لە ناحیە و قەزاکاندا ، عادەتەن لە ناحیە و قەزادا یەک دادوەر و یەک خانووە و ناوە ناوە دەگۆڕدرێت ساڵێ جارێ یان دوو ساڵ جارێ، لەبەر ئەوە ئاساییە ئەگەر هەر سەر بە وەزارەت بمێنێتەوە تاکو هەموو کەس سودی لێ وەرگرێت، بەڵام لەناو شاردا مەعقولە ئێستا دادوەرێکی تێدایە لە تەمیزیش خانەنشین کراوە وەکو نمونە کاک ناظم دەکرێ دوای خانەنشین بوونی بڵێیی لە خانووەکە بڕۆ دەرەوە، ئەوە ئەگەر حکومەت شتێکی تری بۆ بکات ئەوە باشە، ئەو شتانە لەبەر چاو گیراوە و لەگەڵ وەزیری دارایی و تەنانەت لەگەڵ سەرۆکی حکومەتیش ئەو بابەتە باس کراوە ، بێ لەو دیوەی کە جەنابتان لێوەی تەماشا دەکەن دیوی تریشی هەیە بنکەکانی پۆلیس ڕاستە بنکەکانی پۆلیس کە لێکۆڵەرەوەی دادییان لێ دەوام دەکات کردومانەتە سێ وەجبە بۆ ئەوەی بەردەوام لێکۆڵەرەوەی دادی لێ هەبێ ، دابین کردنی کارەبا بۆ ژورێک لە بنکەیەکدا ئەوە عایدی بنکەکەیە، و من کاتی خۆشی لەگەڵ وەزیری ناوخۆدا قسەم کردوە و وام زانیوە کە جێبەجێ کراوە ، بەڵام جارجار قسەمان بۆ دێتەوە کە جێبەجێ نەبووە، ئێمە وەکو وەزارەتی داد دەکرێ لە هەموو بنکەیەکی پۆلیس هێڵێکی کارەبای

تایبەت ببەین بۆ ژووریّ لە ژوورەکان ؟ بۆ ئەوە دەبیّ هاوکاری و هەوئاهەنگیەکی باش هەبیّ لەگەلّ بنکەکانی پۆلیسدا، ئەوان ئەو لایەنەیان بۆ دابین بکەن ، ئەوەش کاری بۆ دەکەین.
د. ناسح باسی گرنگی دەسەلاتی سێیەمی کرد کە دادگای تەمیز تمثیلی دەکات، ئەوە راستە کە شوێنەکەیان باش نییە، لەبەر ئەوەی وەزارەت هەمووی شوێنی نییە ، بنایەی وەزارەتی داد خۆی سێ بەشە بەشێکی بۆ دیوانی وەزارەتە و بەشێکیشی بۆ دادگای تەمیزە و بەشەکەی تریشی بۆ تاپۆی گشتیە، لە قۆناغی یەکەمدا رەزامەندی تەنها بەشی یەکەمی کراوە کە دیوانی وەزارەتە، بێگومان بۆ ئەو قۆناغە زۆریشە، بەلام دوو بەشەکی تری هێشتا رەزامەندی لەسەر نەکراوە، بەلام لەگەلّ سەرۆکایەتی حکومەت باسمان لەوە کردەوە وابزانم کە دراسە دەکریّ، تاکو لەسەرەتای ئەم سالّ بخرێتە بوجەوە و دووبەشەکەی تر بە تایبەتی بەشی دووەم کە تەمیزە کاری لەسەر بکریّ و تاکو ئەوەیش تەواو بکریّ تەنانەت ئەگەر تەواویش نەبوو ئەو شوێنەی کەماوەتەوە دەتوانیین نهۆمێکیان بۆ دەستەبەر بکەین تاکو ئەو تەواو دەبێت، دەتوانین بلّێین گرفتەکەیان بەشێکە لە گرفتی وەزارەت، لەوانەیە بەیەکەوە چارەسەر بکریّ، ئەو چەند کاتەش چەند جار بە دادگای تەمیزمان گووتووە، و سەرۆکایەتی حکومەتیش هیچ لاریەکیان نەبووە و ئەگەر ئەو شوێنەیان بەدلّ نییە تاکو بنایەکە تەواو دەبیّ خۆیان بنایەکی تر هەلّبژێرن تاکو بە کریّ بۆیان بگیریّ، بەلام خۆیان حەزیان لیّ بوو هەر لەویّ بن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت ئەوەیە کە بنایەکە تەواو بوو لەگەلّ وەزارەت دەبن؟.

**بەرێز هادی علی/ وەزیری داد:**

بەلّیّ تاکو بنایەکە تەواو دەبیّ. باسی ئینتدابی هەندیّ دادوەر کرا بۆ هەندیّ دەزگا، بەلّیّ ئەوە راستە هەندێکی زەروورەت خواستی، هەندێکی لەسەر داوا کاری سەرەوەی خۆمان بو بیّ، لەهەمان کاتیشدا تێبینیەکی بەجێیە بە پشتیوانی یەزدان هەولّ دەدەین لە سالّی داهاتوودا ، هەموو ئەو کەسانەی کە بەپێشێلی یاسایی دەسەلاتی دادوەری لە هەر شوێنێک دانراون یان هەر لەپۆستێکدا بێت هەمووی چارەسەر دەکەین، ئەوەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی ئێمەوە هەیە.
ئەوەی ئەندامانی دادگای تەمیز کە بە گرێبەند هەر ماون، دەتوانم بلّێم پەیوەندی بە سەرۆکایەتی دادگای تەمیزەوە هەیە، ومن جارێک لەگەلّیاندا قسەم کردوە و وام لیّ بیستوون کە بە بریارێکی پەرلەمان کاتی خۆی ئەو شتانە کراوە، ئێستا ئێمە ئەوەندە بۆمان نییە بچینە ناویەوە .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون کردنەوەیەک لەم بارەیەوە،خۆی دادگای تەمیز کاتی خۆی کە داندرا ئەندامانی بە (بدل الامر)دامەزراون، دەستەی یەکەم ئەوانە تەمەنیان چەند بێت یاسای خانەنشینی نایان گرێتەوە، هی تازە کە گرێبەستەکەی تەواو بێت خانەنشین دەکریّ جا دادگای تەمیز بۆی هەیە کە

گرێبەستەکەی لەگەڵ تازە بکاتەوە یان نەی کاتەوە ، ئەوە حسابێکی هەیە، ئەوە هەر بۆ روون کردنەوە.

**بەڕێز هادی عەلی/ وەزیری داد:**

کاک جەلال خۆشناو باسی بابەتی بەکوردی کردنی کرد، هەڵبەت ئێمە کاتێ دەسەڵاتمان لەوێ گرتە دەست، سەرەتا کە نووسراو دەهاتە لام ، بۆ نمونە کوردیە عەرەبی لەسەر نووسراوە یان عەرەبیە کوردی لەسەر نووسراوە یان کوردی و عەرەبی تێکەڵن یان مۆرەکان زۆریان هەر بە عەرەبی بوون ، بۆ ئەمان و زۆر شتی تر چەند کۆبونەوە و شتی وا کرا، گەیشتینە ئەو حەلەی کە بەرنامەیەک دابنێین تاکو ئەو شتانە هەمووی بکرێ بە کوردی، لە قۆناغی یەکەمدا لیژنەیەکمان دانا کە فۆرمەکان و کەلیشەکان بکەن بە کوردی دواتر زاراوە یاساییەکان بکەن بە کوردی، لە لیژنەکە هەوڵمان دا کە نوێنەری هەولێر و دهۆک و سلیمانیشی تێدا بێت تاکو سوود لە شێوەزاری هەموو لایەک وەربگیرێ، تا رادەیەکیش هەمئاهەنگی کراوە لەگەڵ کۆڕی زانیاریدا، بەڵام کۆڕی زانیاری تاکو ئێستا نەکەوتۆتە سەر سکەی خۆی تاکو بتوانێ لە حاڵەتێکی کاری لەسەر بکات، عادەتەن ئەو پرۆسەیە پرۆسەیەکی قۆناغ بەندیە، رەنگە بە ساڵێک دوو ساڵ جێبەجێ نەبێ، بەڵام هەر کاتێ بێت دەبێ هەنگاوی بۆ بنێی، لەلایەنی ئێمەوە هەنگاوی باش نراوە دەکرێ لە چەند ساڵی داهاتوودا بەرەو پێش بروات،بابەتی ئەوەی کە بڕیارەکانی تەمیز هەر بە عەرەبییە، ئێمە وا رێکەوتین تەنانەت لەگەڵ دادگای تەمیزیشدا کە دەقی یاسایی هەر بە عەرەبی بمێنێتەوە تاکو راڤەی جیا جیا هەڵنەگرێ تاکو بابەتی زمان بۆ زاراوە یاساییەکان یەکلا دەبێتەوە لەبەر ئەوە ماوەتەوە، دەتوانین بڵێین ئەوە بە رێکەوتن هێشتراوەتەوە.

برایەک داوای کرد کە دادگا و تاپۆ لە شێخان بکرێتەوە ، ئێمەش ئەو بابەتە دراسە دەکەین و کاری بۆ دەکەین.

کاک برهان جاف باسی قەزا و ناحیەکانی کرد کە پێویستیان بە دادگا هەیە، یەکێ لە گرفتەکانی قەزا و ناحیەکان ئەوەیە هیچ شوێنێک نییە نە بۆ دادگا نە بۆ دادوەر، ئێمە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی گەشەپێدان ئەوە کاک سەرکیسیش ئاگادارە پرۆژەیەکمان پێشکەش کردوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێ لە قەزا و ناحیەکاندا بینایە بۆ دادگا و خانوو بۆ دادوەر لە چوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦دا جێگای بکرێتەوە بە رێز سەرۆکی حکومەتیش رەزامەندی لەسەر کردووە ، بەڵام جێبەجێ کردنی دیارە کاتی دەوێ، گرفتی سەرەکیمان ئەوەیە، بڕیارمانداوە لە هەریر و چۆمان و مێرگەسور لە ئایندەی نزیکا دادگا بکرێتەوە، بەڵام بەراستی ئەوە هەر گرفتە ، نەبوونی شوێن بۆ دادگا و خانوو بۆ دادوەر گرفتێکی گەورەیە لە هەر شوێنێکدا ئەو گرفتەمان بۆ چارەسەر کرا بە ئاسانی دەتوانین جێبەجێی بکەین.

باسی ئەوەیان کرد کە دادوەرێک لە بەردەرەش و ئاکرێ هەیە ، وابزانم ئەوم جوابدایەوە. ئەوەی دائرەی تاپۆ لە دهۆک ، دوای پرسیار دەکەم تا بزانم بابەتەکە چیە. باسی دامەزراندنی دادوەر یان

داواکاری گشتی کرا، خۆتان دەزانن کە یان پەیمانگای دادگەری هەبێ وەکو باس کرا لەوێوە کوادر پەروەردە بکرێ یان ئەوەیە کە دەبێ وەزارەت بە گوێرەی پێویست کادری شیاو دەست نیشان بکات بەپێی ئەو ناسینەی هەیەتی لەگەڵ هەموو کادرە قەزائیەکان ئەگەر پارێزەرە یان لێکۆڵەرەوەی دادیە بەگوێرەی پێویست بە هاوکاری لەگەڵ دادگای ئیستئناف و ئەنجومەنی دادوەری ژمارەی پێویست و کەسانی شیاو دەست نیشان بکرێ ئەو کاتە بچێ بۆ سەرۆکایەتی حکومەت و لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێ، بەڵام وەکو دەزانن ئەو ڕێنماییانە وەکو پێویست ڕەچاو ناکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو روون کردنەوە و پرسیارانەی جەنابتان ئێمە زۆر سوودی لێوەر دەگرین و هەوڵ دەدەین ئەوەی کە دەکرێ و گونجاو بێت بیخەینە کارنامەی ساڵی داهاتوومان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری داد بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، ئێستاش بۆ ئەو ئەندامانە هەیە کە پرسیاریان ئاراستە کردەوە بە دواداچونێکی کورت بکەن ، تەنها ئەو ئەندامانەی پرسیاریان ئاراستە کردەوە ناویان دەنوسین ،کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی کە من ئاراستەی بەڕێز وەزیری دادم کرد، مەبەستم چاکسازی نزامی یاسایی نییە، ئەوە لە داهاتوودا چ بە کۆنگرە یان بە هەر شێوەیەکی تر چارەسەر دەکرێ، ئەوە شتێکی موستەقبەلی یە، ئەساسەکەی دەمێنێتەوە سەر فەلسەفەی حوکم ئایە ئەو حوکمە بەرەو سۆسیالیستی دەروات تاکو لەگەڵ یاساکە بگونجێ یان بەرەو سەرمایەداریە تاکو بگونجێ و یان نەزەریاتی تریش هەبێ، یاساکان وا پێشبێخرێ کە لەگەڵ سیستەمی حوکم بڕوات ئەوەی من لە جەنابێ وەزیر داوام کرد تەنها پێرەو کردن وجێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢و، ئەوە لە خودی ئەرکی دیوانی تەدوینی یاساییە کە لە کوردستان تاکو ئێستا یاسای بۆ دانەندراوە، بەدیلی ئەوە دەتوانن چەند مافپەروەرێک یان چەند دادوەرێک بکەن بە لیژنەیەک تنقیحی بکەن تاکو چاوی پێبخشێنێتەوە، لەو ١٨ هەزار یاسایەی کە دەرچووە لە ڕۆژی دامەزراندنی حکومەتی عێراقی تاکو ئەورۆ زائدا ئەو ٢٢٤٢ تەشریعەی کە لە دوای ساڵ ١٩٩٢ داندراوە، لەبەر ئەوەی هەر یاسایەک کە لە مەرکەز دەرچوبێت ئەگەر باش ئەگەر خراپ پەیوەندی بەو یاسایانە هەیە کە لە کوردستان جێبەجێیان دەکەین، ئەوەش خەلەلەکەیە لە چ دێت ؟ خەلەلەکەی لەوە دێت کە ئێمە گوتومانە کە اعادەی نظر بکرێ لە یاسا کۆنەکان، ماوەتەوە سەر اجتهادی دادوەرەکانی ئێمە، یەکێکیان دەڵێ من ئەوە تطبیق دەکەم ئەوەی تر دەڵێ من تطبیقی ناکەم، خۆ لە بنەرەتدا دەبێ بگونجێندرێ لەگەڵ بەرژەوەندی باڵای کوردستان، تاکو ئێستا ئەوە نەکراوە تاکو دادورەکان هەموو یەک بۆچونیان هەبێ، بە تایبەتی یاسا نابێت تەفسیراتی تێدا

بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر کە وەڵامی پرسیارەکەی دامەوە، لەگەڵ ئەوەشدا من وەڵامەکەی جەنابیان گەلێک بە روونی نابینم، لەبەر ئەوە من ئەو بە دواداچونەم هەیە ئەگەر جەنابیان لەسەر یاسا (ابطال التسجيل المجدد)لە زاخۆ کە ئەو بڕیارە پێش چەند مانگێک دەرچووە کە پەیوەستە بە معامەلەی دەیان هاوولاتی و بزاقی تەعمیر لە هەرێم، ئەوە پێنج شەش مانگە دەرنەچووە لەسەر ڕێنمایی ماوە، باشە کۆسپ و تەگەرە چیە کە تاکو ئێستا ئەو ڕێنماییانە دەرنەچووینە؟ تاکو جێگای خۆی بگرێ تاکو هاوولاتی معامەلاتی خۆی پێشکەش بکات، هی دووەم وەکو گوتم بابەتی تەعمیرە ، ئەگەر جەنابی وەزیر بێت ئەو اختناقەی هاتووچۆ ببینێ کە لەسەر ڕێنمایی ماوە، جا نازانم ئەوە بۆ؟ ئەگەر جەنابی وەزیر وەڵامێکی دەوڵەمەند تری هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جەنابی وەزیر ئاماژەی بەوە کرد کە پەیمانگەی دادگەری کوادیر و مەساریفی دەوێ ، ئێمە تاکو ئێستا بە دەیان دەزگامان دامەزراندوە و کوادیریشمان بۆ دەستەبەر کردوە و توانای داراییشمان بۆ دابین کردەوە، باوەر ناکەم کە دامەزراندنی پەیمانگای دادگەری مەسرەفێک و کوادیرێکی وای بوێ ، سوپاس بۆ خوا کوادیر لە دەزگاکاندا هەیە چ دادوەر بێ یان لە زانکۆکان بێت، و تاکو ئێستا ئێمە دوو کۆلیژی یاسامان کردۆتەوە یەک لێرە یەک لە دهۆک و کەوادیریشمان بۆ دەستەبەر کردەوە، ئەوە یەک ، سەبارەت بە خەرجیش وابزانم ئێمە ئەگەر پەیمانگای دادگەریمان کردەوە، ئێمە خولێک دەکەینەوە مانای وانیە هەموو ساڵێ قوتابی لێ دەردەچن وەکو پەیمانگای مامۆستایان یان هەر پەیمانگایەکی تر یەک خول کوادیر پێدەگەێنێ (٢٠) دادوەر (١٠) داواکاری گشتی ، لەوانەیە تاکو دە ساڵ بەشمان بکات، پاش ئەوە پەیمانگاکە تەجمید دەکرێ بەس هەیکەلێکی دەمێنێ مامۆستا و محازیرەکان لەوانەیە هەرکەسە و دەچێتەوە سەر کاری خۆی پاشان حەقی خۆی وەردەگرێ، بۆیە بایەخدان و کردنەوەی پەیمانگای دادگەری بە شتێکی زۆر گرنگ دەزانم و وەزارەتی داد لە زۆر گرفتان نەجات دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دۆغرەمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر بە گوێرەی سەقفی زەمەنی داوا، وا وەڵامی داوە کە لایەنەکانی داوا موقەسیرن، من ناڵێم وانییە بەڵام سەد دەرسەد نییە، ئەگەر تەفتیش لە وەزارەتی داد هەبوایە و کارەکانی خۆی بکردایە، ئەو کاتە دیار دەکەوت کە کێ موقەسیرە، دادوەریش ڕۆڵی تەقسیری خۆی دەبینێ ، داوا هەیە وەکو بۆ نمونە باسم کرد هەموو دادوەرەکانی هەولێر هەمووی بینیویانە، بەسەر هەموویان تێپەر بووە، هەموو دیویانە، ئەگەر لایەنەکانی داوا رایان نەپەڕاند ئەوە بۆ دادوەر هەیە کە جەخت بکات، لە داوادا موهلەی نیهائی هەیە، لە ئەنجام دانی مورافەعە ئیمهال نیهائی دەدرێ ئیعتبار دەکرێ کە موقصر حوکم دەدرێ، بە گوێرەی سەرژمێری ژمارەی داواکان من ناڵێم کە لە ساڵی ٢٠٠٠ کەم کراوە من دەڵێم کە ١٩٩٩ و تەنانەت ١٩٩٨ یش ڕۆڵی خۆی نەبینیوە، ئەو داوایانەی کە لە دادگاکاندا هەیە وەکو پێویست یەکلا نەکراوەتەوە، کە یەکلا نەکراونەتەو ئەوە لێرەدا تەفتیش دەوری خۆی دەدیت، ئایە دادوەر چەند ڕۆڵی خۆی بینیوە بۆ یەکلاکردنەوەی داوا؟ ئەگەر سەدا بیست بێت دەبێ سین و جیمی لەگەڵ بکرێ دەبێ محاسەبەی بکرێ، دادوەر ئەگەر ڕۆڵی نەبێت یان کەفائەی نەبێت دەکرێ لای بەی بۆ داواکاری گشتی ، کە ئیش و کاری دەسەڵاتی دادوەریە.

بۆ خانووەکانی وەزارەتی داد من نەم گوتووە کە ئەوانەی تێدانە دەربکرێن، من دەڵێم جائز نییە تملیک بکرێ، واتا تملیک نەکرێ بەناوی ئەوانەی کە لەناوینە، لەبەر ئەوەی ئەو دادوەرانەی کە تێدانە هەر هەموویان سودیان وەرگرتووە، هەیە دوو جار زەوی وەرگرتووە پێشی ڕاپەرین و پاشی ڕاپەرین ، بۆ ئەو شەش حەوت خانووەی هەیە بە ناوی ئەو دادوەرانە بێت و کەسانی تر بێ بەش بن ، من دەڵێم با هەر بەناوی وەزارەتی داد بێت من نەم کوتووە کەسی لێ دەربکرێ.

سەبارەت بە بنکەکانی پۆلیس، جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە و گوتی من پەیوەندی دەکەم لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و بنکەکانی پۆلیس کە هێڵێکی کارەبایان بۆ دابین بکەن، ڕاستە پەیوەندی کراوە، بە بنکەی پۆلیسیش گوتراوە و بە وەزارەتی ناوخۆش گوتراوە کە هێڵێکی کارەبای تایبەت بۆ (محقق عدلی) دابین بکەن، گوتویانە ئیمە پەیوەندیمان نییە، دوو ئەمپێر بۆ پێبوونی گڵۆپ دەکات ١٠٠ دینار مانگێ ئەگەر ٨ بنکە هەبێ ئەوە دەکات ٨٠٠ یانی وەزارەتی داد ٨٠٠ دیناری نییە؟ با هەر منەتیشی بە بنکەکان نەبێت، با هێڵێکی سەربەخۆی بۆ دابین بکات، جائزە لێکۆڵەرەوەی دادی لەبەر لامپا ئیفادەی تاوانکار وەرگرێ؟ وابزانم جائز نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سفر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری داد بەوەی کە ئاماژەی پێکرد ، بەراستی لەسەر دەمی کابینەی سێیەم و چوارەم شتی زۆر باش کراوە بۆ سەرجەم بوارەکانی خزمەتگوزاری و لەوانەشدا وەزارەتی داد وەکو دامەزراندن و دابەش کردنی زەوی و بەتایبەتی دەرماڵەی لێکۆڵەرەوەی داد و دادوەرەکان ، شتی زۆر باش کراوە، وەڵامی جەنابی وەزیر بۆ پرسیاری من بۆ دانانی دادگایەکی ئیستئناف لە دهۆک، لەوانەیە ئێستا پێویست نەبێت لەبەر دوو ئەگەر، یەکەم لەبەر نەبوونی کوادیر دووەم لەوانەیە ئەو داوایانە بەو ڕێژەیە نەبێت، من وای بۆ دەچم کە بایی ئەوەندە هەیە کە پێویست بێت کە دادگایەکی ئیستئناف لە دهۆک دابمەزرێ، دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بێت کە یەکێ لە دهۆک یان لە زاخۆ یان لەعمادیە بۆ داوایەک بێتە هەولێر زۆر تکلیف دەکات، بۆیە دانانی ئەو دادگایە یەکێکە لە ئامانجەکانی حکومەت بۆ نزیک کردنەوە وپێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان، بۆیە هیوادارین بخرێتە بەرنامەی داهاتوی حکومەت ئەوە لەگەڵ پەیمانگای دادگەری دوو شتی زۆر پێویستن بیری لێبکەینەوە، شتێکی بچوک ماوە ئەوەیش دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئۆتۆمبیل بە دادوەرەکان بدەن، وەزیری داراییش لێرەیە ئەوە شتێکی زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش نەقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆش نەبوو کە جەنابی وەزیر بڵێ کە زەرورەت وای کرد کە یەکێک ئیمزای بۆ بکەم مخالەفەی یاساشە، چونکە دادوەر کە لە شوێنێک دادەنیشێ دەبێ صفەتێکی یاسایی هەبێت کە ممارەسەی کاری دادوەری دەکات، ئەو پشت بە تکلیفێک یان داوای کەسێک با فلان دادوەر بچێتە فلان شوێن ئەوە لە مەفهوومی یاسادا نییە سەرۆکی دادگای ئیستئناف بڕیار دەر دەکات مرافعە دەبێت، کە مرافعە دەکات پێویستە بوونی، باسی سەرۆکی ئیستئنافی دهۆک و ئەوەی تریشم کرد کە هەردووکیان پێشێل کاری یاسایە، و هەردووکیان ئەگەر پارێزەری زیرەک هەبێ دەتوانێ تانە لە بڕیارەکانیان بدات، لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتی وەزارەتی داد نییە کە خەڵک بباتە سەرۆکایەتی دادگای ئیستئناف ،لەبەر ئەوەی ئەوانە دەزگای قەزائین لە چوارچێوەی دەسەڵاتی

دادوەرین نەک فەرمانگەی مەرکەزی وەزارەت لەبەر ئەوە ئەوە مافی وەزیر نییە بوونیان لەوێ پێشێلییەکی روونی یاسایە، حەق نییە وەزیر بلێ بۆ پێویستی پێشێلی یاسا دەکەم دەبێ وەزیری داد قەت پێشێلی یاسا نەکات، بۆ هیچ پێویستیەک و هیچ کەسێ، هەروەکو گوتراوە و جەنابت دەزانی فقهیە نابێت یەکێکی لە تۆ بەرزتر بەتۆ بڵێت سەرپێچی یاسا بکەو تۆش بچیت سەرپێچی یاسا بکەیت، پێویستە ئیتاعەی نەکەی تێبیگەینی بڵێی ئەوە نابێت بکرێت چونکە سەرپێچی یاسایە مومارەسەی قەزا دەکات، جا لەبەر ئەوە ئومێدەوارین کە ئەم سەرپێچیانە لابچن بە زووترین کات بۆ ئەوەی چی تر خەڵک تەعن وتوانجیان نەبیت، کەوا بڵێن خەڵک بە ئینتیداب چووە بۆ سەرپێچی یاسا، ئەوەی کە بەڕێزیشتان فەرمووتان من مەبەستم دەستەی یەکەم نییە، دەستەی یەکەم بە بڕیاری پەرلەمان دەرچووە، دوایە لە یاسای دەسەڵاتی قەزایی هاتووە، دەڵێ ئەو حاکمانەی کە پێشتر ئیحالەی خانەنشینی کراون بۆ وەزیری داد هەیە بە ئیقتراح لە ئەنجومەنی قەزا ئەوانە بێنێتە دادگا بۆ ماوەی سێ ساڵ زیاتر نا. پێشی سێ ساڵیش دەتوانێت، بەڵام نابێت خزمەتیان لە سێ ساڵ کەمتر بێت، دەستەی یەکەم نییە ئەوەی فەرمووتان راستە دەستەی یەکەم بە بڕیاری پەرلەمان دەرچووە، بەڵام ئەوانی تر ئەوانی هاتوونە نابێت هی وا لە مەحکەمەی تەمییز هەبێت کەوا بە عەقد هاتبێت ولە دەستەی یەکەمیش نەبێت دەبێ لەوێ بێت، چونکە مومارەسەی قەزا دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فەرحان شەرەفانی فەرموو.

**بەڕێز فرحان عبداللە شرفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر فەرمووی دیراسەت دەکەین، بەڵام یاسا هەیە، ناحیە حاکمی هەبێتن قەزا تەواو نەبێتن یان تاپۆ، ئەوە هەشت ساڵە دیراسەت دەکرێتن، ئەوجا تکا دەکەین بە جدی وەربگیرێتن ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری داد ئەگەر تێبینی کۆتایی بفەرموێت.

**بەڕێز هادی علی/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کاک سەعید کە خۆی وتی من مەبەستم هەر تەنها ئەو روناکی مەودا فراوانەکە نەبوو، تەنها ئەوەی کە پەیوەندی بێرەوە هەیە، ئەوە منیش پێم باشە کرانی کۆبوونەوەیەک لە

نێوان لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەگەڵ دەستەی دارشتنی یاسایی وەزارەت بکرێت، ئەوانە دیاری بکرێت وبەرنامەی بۆ دابرێژرێت ئیشی لەسەر بکرێت، ئیشی لەسەر بکرێت بۆ هەردوو لا باشترە، تۆمارکردنی نوێش ئەوە من کە گەڕامەوە پەنابەخوا ئەوە ئیشی لەسەر دەکەین، بزانین چییە، ئەمرە دەرچووە بۆ جی جێبەجێ نەبووە، من نازانم کەس بە منی نەوتووە پێویستی بە تەعلیمات دەکات ئەوە ئێستا لە تۆی دەبیستم، لیژنە دامەزراوە ئەبوایە دەست بەکار بوایە، مانای ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە لیژنە دیاری کراوە، داوایان لە ئێمە نەکردووە بڵێین کە تەعلیماتێک هەیە ئیشی لەسەر بکرێت، بریارە لە پەرلەمان یان لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە. لیژنە دەبێت ئیشی لەسەر بکات، مراجعەی دەکەینەوە بزانین، مەسەلەی پەیمانگای قەزایی چیە، من وائەزانم هەر وەکو مەشروعێکی با بڵێین دوارۆژیی، پێویستە لە بەرنامەی وەزارەتا هەبێت وئیشی لەسەر بکرێت، بەڵام حاڵی حازر ئێستا بۆ جێبەجێ کردن رەنگە نە پێویستی بەو پەلەیە بێت نە ئیمکانە وەک پێویست بێت، قەینا راستە بوونی پەیمانگایی قەزایی خۆی بۆ خۆی ئەتوانێ دەوری تر زۆر ببینێت، ئەتوانێ دەورە بۆ حاکمەکان بکاتەوە، بۆ نائب مودەعی عامەکان بکاتەوە، بۆ لێکۆڵەرەوی دادی بکاتەوە، لە زۆر رووی ترەوە ئەتوانین ئێمە سوودی لێ وەربگرین ئەوە راستە، بەڵام ئەوەش دیراسەی باشتری دەوێت، کاک ئیبراهیم تەئکید دەکاتەوە لەسەر تەئخیر بوونی دەعوا، ئەوەش مەسەلەی کارەباش بزانین چۆن ئەبێت چارەی دەکەین پەنابەخوا، ئەوەی کاک حاکم سەفەر فەرمووی من دەمەوێ دڵنیای بکەین کە لە دهۆک کۆی داواکان لە هەموو دهۆک وەکو شارەکە کەمترە لە زاخۆ وەکو شارەکە، مانای لە ئاکرێ وئەمانە هەر زۆر کەمە، کردنەوەی دادگایەک بەم شێوەیە رەنگە پێویست نەبێت، بەڵام ئەوەش هەر مەشروعێکی دوارۆژییە بۆ هەموو پارێزگاکان، ئیتر ئەوەی کاکەرەش باشە سوپاسی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز وەزیری داد، لە راستیدا بەسەبرو تەحەمول بوو بۆ گوێ گرتن لە پرسیارەکان ووەڵام دانەوەشیان جێگای رێزو تەقدیرێکی تایبەتییە، ئەوەی پێمان باشە ئیشارەتی پێ بکەین لە میانەی قسەکاندا هاتە پێشەوە کە خراپ نییە ئەگەر لیژنەی یاسایی پەرلەمان و تەدوینی یاسایی وەزارەت کۆبوونەوەی دەوری بکەن، جاربەجار یەکتر ببینن کەموو کوریەکان سەیر بکەن گفتوگۆ بکەن لە نێوان یەکتریدا لەوانەیە کەلکێکی هەبێت بۆ زیادکردنی هەمئاهەنگی لە نێوان وەزارەتی داد ولیژنەکانی پەرلەمان، بەشتێکی باشی دەزانین هەروەها پیاداچونەوەی جێبەجی نەکردنی هەندێ لەم یاسایانەی کە تازە دەرچونە لەلایەن پەرلەمان، بریار ویاسا چ تۆماری تازە بێت ئیلغای تۆماری نوێ بێت یان چ ئەو یاسایانە بن کە بەرامبەر بە تاوان دەرچوون، ئەگەر پیادا بچنەوە لەوانەیە سوودێکی ئەم دانیشتنە بێت، بەگشتی جارێکی تر سوپاسی بەرێز وەزیری داد دەکەین بۆ ئەم دانیشتنەو ئەو وەڵام دانەوەیەو روونکردنەوەکانی، هیوادارین لە سێ شەممەی

ئایندەدا وەزیری شارەوانیش بە هەمان شێوە دەورێکی کاریگەر ببینێت، زۆر سوپاستان دەکەین. دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا کۆتایی دێت بۆ دانیشتنی داهاتوو لە هەفتەی داهاتوودا ئاگادارتان دەکەین، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)**

یەک شـەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/١٨

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٨/١١/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٨/١١/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە پازدە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە پازدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٨/١١/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای خەمڵاندنی خانووبەرەی فرۆشراو لە دەرەوەی فەرمانگەی تاپۆ کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

٢ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

٣ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەست پێدەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە سێ خاڵ پێک هاتووە: ١ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای خەمڵاندنی خانووبەرەی فرۆشراو لە دەرەوەی فەرمانگەی تاپۆ کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

٢ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

٣ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

تاکو دەست بەکار بین داوا لە ئەندامێکی لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموویێتە ئێرە، هەروەها

ئەندامێکی لیژنەی داراییش، پێویستیمان بە بەڕێزێکی تری لیژنەی یاسایی هەیە بۆ وەلام دانەوەی پرسیارەکان، ئەگەر بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی بفەرموێتە ئێرە، حاکم سەفر فەرموو سەرەتا پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان/العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار: / / ٢٠٠١

مشروع قرار:

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من االقانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ما يلي:

أولاً: على المحكمة ومديرية التنفيذ عدم الاعتداد بالقيمة المثبتة في التعهد للعقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري في دعاوي التمليك المنصوص عليها في القرار المرقم ١١٩٨ لسنة ١٩٧٧ المعدل او المباع تنفيذاً وتقديره بواسطة خبير او خبراء، ويكون التقدير اساساً لاستيفاء رسوم الدعوى والتنفيذ وتسجيل العقار وضريبة الدخل ولكل من طرفي الدعوى او الاضبارة التنفيذية ومديريتي التسجيل العقاري وضريبة الدخل حق الطعن في التقدير امام محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال سبعة ايام من تاريخ التقدير.

ثانياً: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

ثالثاً: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

رابعاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوی دەیخوێنمەوە دەقی محزەری دانیشتنی لیژنەی یاسایە لەم بارەیەوە

اجتمعت اللجنة القانونية في پرلمان كوردستان العراق بتاريخ ٣١/١٠/٢٠٠١ للنظر في مشروع القرار الخاص بتقدير أقيام العقارات المباعة خارج دوائر التسجيل العقاري او المباعة تنفيذاً وبعد دراسة القرار ومناقشته نقترح إعادة صياغة المشروع كالآتي:

اولاً: لايعتد بالقيمة المثبتة في التعهد للعقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري في دعاوي التمليك المنصوص عليها في قرار مجلس قيادة الثورة العراقي المرقم(١١٩٨)لسنة ١٩٧٧ المعدل أو المباع تنفيذاً. ويتم تقديره بواسطة الخبراء ويكون هذا التقدير اساساً لاستيفاء الرسوم والضرائب.

ثانياً: لاطراف الدعوى الطعن في قرار التقدير امام محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال سبعة أيام من تاريخ التقدير ويكون قرار المحكمة باتاً.

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً: لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

عليه ختم المحضر ووقع من قبل الحاضرين من أعضائه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/مشروع قرار تقدير قيمة العقار المباع

تحيةً واحتراماً

كتابكم المرقم(ك/٧٧)في ٢٠٠١/١٠/١٣

اجتمعت لجنتنا يوم الاثنين ٢٠٠١/١٠/٢٢ لدراسة ومناقشة مشروع قرار تقدير قيمة العقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري في دعاوي التمليك المنصوص عليها في القرار المرقم(١١٩٨)لسنة ١٩٧٧ المعدل أو المباع تنفيذاً وتقديره بواسطة خبير والمحال الينا بكتابكم المرقم اعلاه.

وبعد الدراسة والمناقشة تؤيد لجنتنا مشروع القرار بالاغلبية. لآنه من مصلحة الخزينة وفيه العدالة مع التوصيات التالية:

١- جعل المدة (١٥)يوماً بدلاً من (٧)أيام في المادة(اولاً).

٢- تغيير تسلسل المادتين (ثانياً)و (ثالثاً)بحيث تحل إحداهما محل الآخرى.

هذا ولكم الامر.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئێستا پرۆژەکە مادده بە مادده بخوێنەوە تاکو گفتوگۆی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

مشروع قرار:

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من االقانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ما يلي:

أولاً: على المحكمة ومديرية التنفيذ عدم الاعتداد بالقيمة المثبتة في التعهد للعقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري في دعاوي التمليك المنصوص عليها في القرار المرقم ١١٩٨ لسنة ١٩٧٧ المعدل او المباع تنفيذاً وتقديره بواسطة خبير او خبراء، ويكون التقدير اساساً لاستيفاء رسوم الدعوى والتنفيذ وتسجيل العقار وضريبة الدخل ولكل من طرفي الدعوى او الاضبارة التنفيذية ومديريتي التسجيل العقاري وضريبة الدخل حق الطعن في التقدير امام محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال سبعة ايام من تاريخ التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی یەکەم تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رامان وایە ماددەکە بکرێتە دوو بەش بەشی یەکەمی بەم شێوەیە بێت (لايعتد بالقيمة المثبتة في التعهد للعقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري في دعاوي التمليك المنصوص عليها في قرار مجلس قيادة الثورة العراقي المرقم(١١٩٨)لسنة ١٩٧٧ المعدل أو المباع تنفيذاً. ويتم تقديره بواسطة الخبراء ويكون هذا التقدير اساساً لاستيفاء الرسوم والضرائب.) سەبارەت بە تانە لێدانیش بکرێتە برگەیەکی ترو بەو شێوبە بێت(لاطراف الدعوى الطعن في قرار التقدير امام محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال سبعة أيام من تاريخ التقدير ويكون قرار المحكمة باتاً.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وای بۆ دەچین کە ٧ رۆژ کەم بێت بۆ تمیز، چونکە گوتراوە لە مێژووی خەملاندنەکە نەی

گوتووە لە مێژووی ئاگادارکردنەوە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین بکرێتە ١٥ڕۆژ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاتان هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسا.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی یاسا بە باش دەبینین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس ئێمە پرسیارێکمان هەیە، لەوێ بڕیاری (١١٩٨) ئێوە زیادەی سەر سەرچاوەکەتان کردوە من وای بۆ دەچم پرۆژەی حکومەت بۆیە کرا بێت بەقەصد سەرچاوەکەیان نەگوتبێ، داعی نییە باسی (مجلس قیادة الثورة) بکرێ لێرە، ئەگەر لای بەن باشە. ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین،تێبینی نییە، کاک سەرکیس فەرموو بە چ صیفەتێک قسە دەکەی.

**بەڕێز سەرکیش ئاغا جان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەکەین، پێشم باشە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ درێژ بێت لە جیاتی ٧ ڕۆژەکە ئەگەر پێویستیش بێت ڕوون کردنەوەیەک بکەم لەسەر ئەوە پرۆژەیەی کە ئێمە پێشکەشمان کردوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سەرکیش ئاغا جان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەیەکمان هەیە بەناوی خەملاندنی خانوو بەرەو سودەکانی کە لە وەزارەتی داد و وەزارەتی دارایی و یەکێک لە رووپێوەکان ، ئەوان دەچن خانووەکە بە گوێرەی شوێن و بنایەکە دەخەملێنن، پاش خەملاندن خاوەن موڵک یان خانوو دەتوانێ اعتراض بکات، ئەگەر اعتراضی نەگرت دەبێتە بن بڕ، و ئەگەر اعتراضی کرد دادوەری (البدائه)یەک لەگەڵ دادگا لەگەڵ نوێنەری دارایی دووبارە پشکنینی بۆ ئەنجام دەدات پشکنینی ئەوان بن بڕە، جاری وا هەیە خاوەن خانوو یان خاوەن موڵک بە هەردوو پشکنینەکان واتا پشکنینی قرساندن وپشکنینی دادگا رازی نابێت لەو کاتەدا هەوڵ دەدات و دەچێ پارێزەرێک دەگرێ ، پاشان گرێبەندێکی وەهمی دروست دەکرێت لە نێوان کڕیار و فرۆشیار کە گوایە لە ساڵانی پێشوو ئەم خانووە بە بڕێکی کەم کڕاوە، دیسان پێشکەشی

دادگای (البدائە) دەکرێت لەوێ دادوەری بدائە لەگەڵ ضریبەی دەخل و بەرێوبەری تاپۆ دەچن تقدیری خانووەکە دەکەن، دیسان پارێزەرەکە اعتراض لەسەر تقدیری ئەو لیژنەیە دەگرێ، دادگای استئناف حوکم دەدات بەو گرێبەستە وەهمیەی کە لەنێوان کڕیار و فرۆشیار کراوە، بەمەش باجەکە دێتە خوارەوە نموونەمان هەیە کە موڵکێک بە ١٤٩٦٠٠٠ ملیونێک و چوارسەد و نەوەت وشەش هەزار دینار خەملێندراوە کەچی پاش ئەو بارانەی کە باسم کرد بڕیار دراوەو کراوە بە (٧٥) دینار لەو نێوانەشدا خەزینە زۆر زەرەرمەند بووە، نموونەی لەم جۆرەمان زۆرە، تاکو ئێستا تەنها هاووڵاتی مافی ئەوەی هەبوو کە لە دادگای استئناف کە بڕیارەکە دەردەچوو حکومەت نەی دەتوانی هیچ اعتراضێک بگرێ، لێرە تەنها داوامان کردوە کە حکومەتیش ئەو مافەی هەبێت کە بەرگری لە خەزینە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر روون کردنەوەیەک بۆ برادەران لەسەر قسەکانی وەزیری دارایی، پێشان لەیاسادا لە دەرەوەی فەرمانگەی تاپۆ موڵک نەدەفرۆشرا،هەر گرێبەندێک لە دەرەوەی فەرمانگەی تاپۆ بکرابا اعتباری پێ نەدەکرا لەبەر ئەوەی لە تاپۆ تۆمار نەکراوە، بە بڕیاری ١١٩٨مافی بە هاووڵاتیان دا ئەگەر هاتوو موڵکێک لە دەرەوەی تاپۆش فرۆشرا اعتدادی پێدەکرێ و بڕیاری بەموڵک کردنی جائزە و فەرزیشی کرد و دەڵێ(على المحكمە ان تحكم بالمبلغ المثبت فى التعهد) بۆیە ئەگەر لیژنەکە زیادیش تقدیر بکات دادگا ناتوانێ لەبەر ئەوەی موکلفە بە دەقی بڕیارەکە دەڵێ بە بڕی گرێبەندەکە، بۆیە بەو بڕیارە دادگا تحریر دەبێت و لەسەر بنەمای بڕی داندراو لە گرێبەندەکە نابێت لەسەرخەملاندنی پسپۆران دەبێت، بۆ تقدیراتی دادگا دەمێنێتەوە ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تکایە پێشنیارەکەی خۆتان بۆ یەکەم بخوێننەوە،تاکو بیخەینە دەنگدانەوە،

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اولاً: لايعتد بالقيمة المثبتة في التعهد للعقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري في دعاوي التمليك المنصوص عليها في القرار المرقم(١١٩٨)لسنة ١٩٧٧ المعدل أو المباع تنفيذاً. ويتم تقديره بواسطة الخبراء ويكون هذا التقدير اساساً لاستيفاء الرسوم والضرائب.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو خاڵە، كاك سعید فەرموو

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیەكەم لەسەر بڕیارەكەیە بڕیاری ١١٩٨ دەبێ سەرچاوەكەی دیار بێت، لەبەر ئەوەی بڕیاری وەزیریش هەیە بڕیاری سەربازیش هەیە بڕیاری كۆمپانیاكانیش هەیە ئەگەر ئەو ناوە نەگوترێ دەتوانین لە جیاتی (مجلس قیادە الثورە) دەستەواژەیەكی تر بەكار بەرین یان بكوترێ بدیلی ئەو بێت لەبەر ئەوەی دەبێ ناوەكە بگوترێ، واتا سەرچاوەی بڕیارەكە دەبێت بگوترێ كە لە كوێوە دەرچووە دەبێت دیاری بكرێ، لەبەر ئەوەی تاكو ئێستا انكاری ئەوەمان نەكردوە كە ئەو بڕیارانەی لەوێ دەردەچن كاری پێ دەكەین نەك هەر لەوە لە هەموو یاسا و بڕیارەكاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی تێبنینیەكەی جەنابت راستە بگوترێ (مایسمی مجلس قیادة الثورة)جوان نییە لە یاسادا ناو ئەوها بێت سیاسەت و یاسا ئەو شێوەیە تێكەڵاو بكەین جوان نییە، بەتایبەتی لێرە ئەگەر ئەوەندە بخوێنیتەوە (لايعتد بالقيمة المثبتة في التعهد للعقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري في دعاوي التمليك ) راڤەی كردووە راڤەی بڕیارەكەی كردووە زۆر دیارە، ئەگەر سەرچاوەكەشی نەڵێی دیارە بە دیدی ئێمە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەبێت یاسا سەرچاوەكەی دیار بێ تاكو توشی التباس نەبین، لەبەر ئەوەی بڕیاری وەزیریش هەیە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران هەیە بڕیاری سەربازیش هەیە دەبێ سەرچاوەكەی دیار بێت

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرست فەرموو جوابی بدەرەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەلایەنی مبدئی رای كاك سعید راستە، توشی احراجات نابین لە بڕگە یەك لەبەر ئەوەی ناوەڕۆكی بڕیارەكە شرح كراوە دوو ژمارەی بڕیارەكە ١١٩٨ دیارە و معروفە لە ناو پارێزەران و دادگاكان ساڵەكەش دیارە ١٩٧٧تە لەبەر ئەوە پێویست بەوە ناكات تاكو سەرچاوەكەی دیاری كەین بە تایبەتی لەو بڕیارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش جەنابتان بەدواداچونتان هەبوو؟.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هەر ئەوە بوو کە جەنابی سکرتێر روونی کردەوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر (اولا) کە خوێندرایەوە. جا تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە تاکو بیبخەینە دەنک دانەوە.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبندی:**

اولاً: لايعتد بالقيمة المثبتة في التعهد للعقار المباع خارج دائرة التسجيل العقاري في دعاوي التمليك المنصوص عليها في قرار المرقم(١١٩٨)لسنة ١٩٧٧ المعدل أو المباع تنفيذاً. ويتم تقديره بواسطة الخبراء ويكون هذا التقدير اساساً لاستيفاء الرسوم والضرائب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی یەکەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات ، بە تێکڕای دەنگ (اولا) پەسەند کرا.دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبندی:**

ثانياً: لاطراف الدعوى الطعن في قرار التقدير امام محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال سبعة أيام من تاريخ التقدير ويكون قرار المحكمة باتا .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر (١٥) رۆژ رێک نەکەوتین. کاک شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە هەموو بڕیارەکاندا (٧)رۆژ هاتووە ، بۆیە بە رای ئێمە ٧ رۆژەکە لە جێگای خۆیەتی، ئەوە یەک دوو لەوانەیە ئێمە سەهوێکمان لە برگە دوودا کردبێت ئەوەیش ئەوەیە دەڵێ(لاطراف الدعوى) ئەگەر بڵێین لایەنەکانی داوا لەوانەیە هەر تملیک بگرێتەوە لەو کاتەی ئەوە تنفیذیشی تێدایە وبەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەشی تێدایە ضریبەی دەخلیشی تێدایە ئەوانەش مافی اعتراضیان هەیە بۆیە لە جیاتی (لاطراف الدعوى) بگوترێ (لذوي العلاقة)راست ترە هەموو لایەنەکان دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو کاک جەمیل .

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مێژووی ئاگادارکردنەوە با راستە (٧) رۆژ کافی بوو ، ئەگەر داوا لە مێژووی ئاگادارکردنەوە بێت ئەوە (٧) رۆژ کافیە ، بەڵام لە مێژووی تقدیر کردنی بێت کە خاوەنی مولکەکەی نەی زانیبێت، لەبەر ئەوە بەرای لیژنەی دارایی و هەروەها رای وەزارەتی داراییش وابوو (١٥) رۆژ بێت تاکو اشکالاتی تێدا نەمێنێت و کەس مەغدور نەبێت، دەبێت ئێمە مراعاتی خەڵک و خەزینەش بکەین (١٥) رۆژ زۆر باشە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەنی پەیوەندی دار خۆیان لە تقدیرەکە ئامادەن، کە ئامادەن پێویست ناکات بۆیە پشتگیری پرۆژەی حکومەت دەکەین،خۆی ئامادەیە کە خۆشی ئامادە بێت ناگوترێ لەمێژووی ئاگادارکردنەوەی ، یان خۆی یان وەکیلەکەی ئامادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان فەرموو

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بنچینەوە یاسای ژمارەی ١١٩٨ دەڵێ(تعتبر الدعاوي المشمولة باحكام هذا القرار من الدعاوي المستعجلة) واتا (٧) رۆژەکە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش نقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک کاک سعید فەرمووی لایەنی داوا ئامادە دەبن ، دواتر اعتراضیش واقع دەبێ، ئەگەر بابەتەکە مرافعە بێت ئەوە ئاگادار دەکرێنەوە، کە ئاگادار دەکرێتەوە دێت ئامادە دەبێت، واتا

موعیدی بۆ دادەندێت لەوانەیە دادگا دووبارە کەشفی دەکاتەوە، ئەو لیژنەیەی کە تقدیری کردووە کە دادگا اعتراضی لەسەر بوو جارێکی تر کەشفی دەکاتەوە کە کەشف دەکات ئەوە وەکو داوایە لایەنەکان ئاگادار دەکاتەوە کە ئاگاداریشی دەکاتەوە ئامادە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێز و احترامم بۆ لیژنەی یاسا کە فەرموویان لە بڕیارەکەدا هاتووە کە بڕیاری ۱۱۹۸بۆ حالاتی بەپەلەیە، خۆی ئەو بڕیارە بەناو تجمید دەکرێ خۆشی هەڵوەشاندنەوەیە ، چونکە ئەو بڕیارە کە ۷ ڕۆژیان نووسیوە، خۆی دادگا ئەوە پەسەندی دەکات کە نووسرا بێت، لە سەر داوای هەردوو لایەنی بابەتەکە کڕیار و فرۆشیار چی بڵێن دادگا لەسەر ئەوە دەڕوات، لەبەر ئەوەی جێگیر بوو بۆیە دعاوی مستعجلە بووە ، لام و جیمی تێدا نەبوو، بەڵام ئەوە تقدیرە، تقدیرێکی تەواوە، بۆیە ئێمە هەر لەسەر پێشنیارەکەی خۆمانین و نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانیش وەزیری داراییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە بۆچوونی من خۆی ۷ ڕۆژەکە لە ڕووی یاساییەوە باشە، من وای بۆ دەچم کە جەنابی وەزیر لەوە بترسێ کە نوێنەرانی فەرمانگەکان لەو ماوەیەدا کارەکە ئەنجام نەدەن و بڕیارەکە لەسەریان بچەسپێ، لەبەر ئەوە ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا لاریان نەبێ با (۱۵) ڕۆژ بێت هیچ لاریەک نییە ، با بە ۱۵ ڕۆژەکە بڕوات بۆئەوەی فورسەتێکی کافی بێت تاکو بتوانن فەرمانگەکان نوێنەرانی خۆیان ئاگادار بکەنەوە تاکو ئامادە بێت، موتەئەکید بن ئەو مەترسییەیە و هیچی تر،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا مەترسیەکە تەنها ئەوەیە لەوانەیە حکومەت وەکو فەرد هەڵسوکەوت نەکات ، ئەوەی فەردێک دەتوانێ یەکسەر اعتراض بکات بۆ حکومەت ناکرێ لەبەر ئەوەی تاکو حکومەت اعتراض پێشکەش دەکات کاتێکی دەوێ، هەرچەندە ئەوەی لەوێیە مخەوەلە کە اعتراض پێشکەش بکات، نوێنەری حکومەت. فەوزیەخان فەرموو.

**بەڕێز فـــــوزیە عـــــزالدین رشـــــــید:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن.**

تەنها پرسیارێکە ئەگەر برادەرانی یاسایی بۆمی روون بکەنەوە، لێرە ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە محضری کۆبونەوەی لیژنەی یاساییە، خۆی عادەتەن پرۆژە دەخوێندرێتەوە و لیژنەکان رایان لەسەر دەدەن و لەسەر پرۆژەکە بریار دەدرێ، هەر ئەوەم بۆ روون بکەنەوە ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن:**

لەسەر پرۆژەکە گفتوگۆ دەکرێ و ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاساییە و داوا دەکەن لە شوێنی خاڵی یەکەم بێت دەنگ دانیش لەسەر ئەوەیە کە دەخوێندرێتەوە، ئەگەر چاودێری گفتوگۆیەکەت کردبێت نوێنەری حکومەت و لیژنەکانیش ئەوەیان لا باشترە، فەرموون جارێکی تر ( ثانیا ) بخوێننەوە .

**بەڕێز کـــاکـــەرەش نقـــشـــبندی:**

ثانياً: لاطراف الدعوى الطعن في قرار التقدير امام محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ التقدير ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی دووەم بەوشێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ (ثانیا ) پەسەند کرا.سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز ســـفـــر مـــحـــمـــد حـــســـێن:**

ثالثاً: على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن.**

سروشتیە و تێبینیمان نییە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن:**

رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جـــەمـــیل عـــبـــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــومـــــەن.**

ئێمە وای بەباش دەبینین و چوارەمیشی ناوێت ئەگەر بگوترێ (لا يعمل باي نص يتعارض و احكام هذا القرار) پاشان بکرێتە( على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القرار) ئەوەی لە پرۆژەی

ئەصلیدا هاتووە جێگۆڕیان بکەین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوای پاش و پێش کردنی هەردوو بڕگەکە دەکات، لیژنەی یاسایی فەرموون

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە شوێنی خۆشی هیچ ناگۆڕێ و جێگۆڕیشیان بکەین هەر چنیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاساکانی ترمان چۆن کردەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاساکانی تر هەر ( (لا یعمل باي ...) دەکەوێتە دواوە، چونکە مێژووی کارپێکردنی دوای ئەوە دێت. ئێمە بڕیار دەدەین دەڵێین ئەنجومەن جێبەجێی بکات دواتر دەڵێین کار بە هێچ بڕیارێکی تر ناکرێ ئەوجا دەڵێین لەو مێژووەوە جێبەجێ دەکرێ یاساکان زۆرینەیان وایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من پاش و پێشی بکەن ڕاست ترە. بیخوێننەوە.

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

ثالثاً:(لا یعمل باي نص یتعارض و احکام هذا القرار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر (ثالثا)ئەو بەڕێزانەی سێیەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات ؟ بە تێکڕای دەنگ (ثالثا ) پەسەند کرا.

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

رابعا :( علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القرار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر (رابعا )ئەو بەڕێزانەی چوارەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات ؟ بە تێکڕای دەنگ (رابعا ) پەسەند کرا.

**بەڕێز سفر محمد حسێن:**

خامساً: ینفذ هذا القرار اعتباراً من تاریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە ، ئەو بەڕێزانەی پێنجەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات ؟ بە تێکڕای دەنگ (خامسا) پەسەند کرا.

ئێستا بڕیارەکە دەدەینە دەنگ دانەوە،ئەو بەڕێزانەی هەموو بڕیارەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات ؟ بە تێکڕای دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا.خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران. تکا لە ئەندامێکی لیژنەی کشتوکاڵیش دەکەین بفەرموێتە ئێرە،پێویست ناکات ماددەکە هەمووی جارێکی تر بخوێنینەوە، چونکە خوێندنەوەی یەکەم کراوە، ئێستا مادده بە مادده دەیخوێنینەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکەین، جا پێش ئەوەی دەست پێ بکەین رای لیژنەی یاسا بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا رای لیژنەی یاساییتان بۆ دەخوێنینەوە.

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم

م/ راي الجنة

كتابكم المرقم ك/٦٠ في ٢٠٠١/٩/٢٤ ومرفقه المشروع الخاص بقانون اتحاد فلاحي اقليم كوردستان العراق وبعد اتمام المطلوب نرفق مع كتابنا هذا محضر اجتماع لجنتنا المتضمن رأينا بخصوص المشروع يرجى عرضه على المجلس للمناقشة وإبداء الرأي.

مع التقدير

«محضر اجتماع»

عقدت اللجنة القانونية في پرلمان كوردستان اجتماعها الاعتيادي بتاريخ ٢٠٠١/١٠/٣١ وكان جدول أعمالها يتضمن مشروع القانون الخاص باتحاد فلاحي اقليم كوردستان العراق الوارد الينا بكتاب مكتب السيد رئيس المجلس الوطني المرقم (ك/٦٠)في ٢٠٠١/٩/٢٤ وتم إجراء المناقشات المستفيضة ودراسة مفرداته وندرج ادناه رأي اللجنة كما يلي:

١ـ المشروع لم يتضمن الديباجة الواجب درجها في مستهل أي قانون لذا نقترح إضافتها الى المشروع وكالآتي:

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:
تاريخ القرار:

## قرار

«استناداً الى احكام الفقرة(ا) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القانون الاتي»:

## قانون رقم( )لسنة ٢٠٠١
## قانون اتحاد فلاحي اقليم كوردستان العراق

المادة الاولى:
نقترح إعادة صياغة الفقرة(٢)لتكون كالآتي (الاتحاد: اتحاد فلاحي كوردستان العراق).
المادة الثالثة:
لم يرد في هذه المادة اشارة الى الجهة التي يقدم اليها طلب تأسيس الاتحاد فنقترح اضافة عبارة (الى الجهة المختصة).
المادة الخامسة:
١ـ اضافة فقرة جديدة الى نهاية الفقرة(٣)ليكون تسلسلها(و)وتصاغ كالاتي:
(و- اصحاب الملكيات التي لاتزيد مساحتها عن(١٥٠)دونم).
٢ـ نقترح الغاء الفقرة (٥)من هذه المادة.
المادة السادسة:
فقرة(١)(اضافة كلمة (الفرع)مع اللجان).
المادة السابعة:
الفقرة (٤)يعاد صياغتها كالاتي ـ فروع المحافظات.
المادة الرابعة عشرة:
نقترح الغاء عبارة (وتحكم فيها وفق المباديء والنصوص الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة) لانعدام العلاقة بين مهنة الفلاحة والقانون الخاص بانضباط موظفي الدولة.
المادة الخامسة عشرة:
اعادة صياغة الفقرة(د)من هذه المادة لتقرأ كالاتي:
د ـ يطبق قانون انضباط موظفي الدولة على الموظفين العاملين في الاتحاد.
المادة السابعة عشرة:
نقترح اضافة(المسؤول المالي)الى الفقرة الاولى.

المادة العشرون:
اعادة صياغة الفقرة(١٥)من هذه المادة وكالاتي(اقتراح تعديل النظام الداخلي للاتحاد وعرضه على المؤتمر لاقراره).
المادة الثانية والعشرون:
اعادة صياغة الفقرة(٣)من هذه المادة وكالاتي:
(٣ـ النظر في المقترحات المتعلقة بتعديل قانون الاتحاد والمقترحات الخاصة بالنظام الداخلي واقراره).
المادة الخامسة والعشرون:
نقترح الغاء الفقرة(٦)من هذه المادة. ومراعاة تسلسل الفقرات.
عليه ختم المحضر ووقع من قبل الحاضرين من الاعضاء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
سوپاس، رای لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**
السيد رئيس البرلمان المحترم
م/ مشروع قانون اتحاد فلاحي الاقليم
تحية واحتراماً
إجتمعت لجنتنا هذا اليوم لدراسة ومناقشة مشروع قانون اتحاد فلاحي الاقليم المرسل بكتاب رئاسة مجلس الوزراء المرقم(٧٦٥)سري في ٢٠٠١/٩/٨ والمحال الينا من قبلكم وبعد الدراسة والمناقشة ندرج أدناه ملاحظاتنا وتوصياتنا:
١ـ الديباجة غير موجودة ومن الضروري درجها مع تصحيح كتابة كلمة كردستان الى (كوردستان).
٢ـ المادة الثانية ـ حذف كلمة(والقرى)في السطر الثالث واقتصار اللجان في مراكز الاقضية والنواحي وحسب المادة (٢١ الفقرة ١)فإن المؤتمر لايشمل لجان القرى لذا فلا ضرورة لوجود لجنة في القرية.
٣ـ المادة الرابعة– فقرة(٨): ورد (فتح المدارس في القرى والارياف)وهذا من اختصاص وزارة التربية.
٤ـ المادة الخامسة الفقرة (٣ـ د): حذف حرف الواو قبل كلمة (الوظيفي)وحذف كلمة (مثلاً)وتكون نهاية الجملة كالآتي (كالعمل الوظيفي).
٥ـ المادة السادسة ـ المادة السابعة ـ المادة الحادية عشرة)حذف عبارة(لجان القرى)وأينما وردت، مع حذف المادة الثامنة.
٦ـ المادة التاسعة ـ لجنة الناحية يتم انتخابهم من قبل الفلاحين العاملين في قرى الناحية.

٧ـ المادة الرابعة عشرة : (لجنة الانضباط) لم يرد اي نص حول كيفية انتخابها من الضروري ان يتم الانتخاب من قبل المؤتمر أو من قبل رئيس واعضاء المكتب التنفيذي.

٨ـ المادة العشرون : فقرة (٩) تعدل كالآتي(تصديق الموازنة السنوية والحسابات الختامية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية)... كما نقترح ان تكون (اعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية)من مهام رئيس المكتب مع رؤساء الفروع في المحافظات.

٩ـ المادة الثانية والعشرون : فقرة (٢)حذفها وإحلال مايأتي بدلاً منها(مناقشة وتصديق التقرير المالي).

١٠ـ المادة الرابعة والعشرون : اضافة الفقرة(٣)اليها وتقرأ كالآتي(إعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية بالاشتراك مع رؤساء الفروع في المحافظات).

١١ـ المادة الخامسة والعشرون : فقرة (٣)حذف كلمة (الاكتتاب)حيث ان الاكتتابات من مهام كتاب العدول.

١٢ـ المادة الثامنة والعشرون : أن تقرأ كالآتي (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان). هذا ولكم الامر.

مع فائق التقدير

جميل عبدي سندي

رئيس لجنة الشؤون المالية والاقتصادية

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی خۆی بەست لە بەرواری ٢٠٠١/١١/٦ بە ئامادە بوونی گشت ئەندامانی و لە کۆبوونەوەکە پرۆژەی یاسای تایبەت بە یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق تاوتوو کرا کە بەنووسراوی نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ژمارە(ک/ ٦٠)لە ٢٠٠١/٩/٢٤ ئاراستەی لیژنەکەمان کرابوو ئەمانەی لای خوارەوە هاتوون رای لیژنەکەمانن..

ـ پرۆژەکە دیباجەی نییە، بۆی زیاد بکرێت.

مادەی یەکەم/

برگە (٢) {مختصراً بالرموز (أ.ف .ك)} لابیرێت.

مادەی سێیەم/
(الى الجهة المختصة) زیاد بکرێت لەپاش (خمسة عشر فلاحاً).
مادەی چوارەم /
برگە (٥) وشەی (الكرد) لاببرێت.
مادەی پێنجەم/
برگە(٣ـ ب) (الفلاحون) لاببرێت.
برگە(٣ـ د ) (كالعمل الوظيفي مثلاً) لاببرێت.
برگە(٣ـ هـ ) زیاد بکرێت بەم شێوەی خوارەوە:
هـ ـ أصحاب الملكيات الخاصة.
برگە (٥) لاببرێت.
ماددەی شەشەم/
برگەی (١) بەم شێوەیە دابرێژرێت:
یكون الأنتماء الي الأتحاد عن طريق تقديم طلب تحريري الي فروع الأتحاد أو لجانة ...... هتد.
ماددەی حەوتەم/
برگە (٤)(لجان) لاببرێت و بەم شێوەیە دابرێژرێت:
٤ـ (فروع الاتحاد في المحافظات).
ماددەی دوازدەهەم/
(لجنه) لابرێت و بەم شێوەیە دابرێژرێت:
یتألف الفرع في المحافظة ............ وينتخب فرع المحافظة....... هتد.
مادەی سیازدەهەم/
وادابرێژرێت: صلاحيات فرع المحافظة.
برگە (٣) وشەی (إنتخاب) بکرێت بە (تسمیه).
مادەی چواردەهەم/
(وتحكم فيها وفق المبادئ و النصوص الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة) زیادەیە.
مادەی پازدەهەم/
برگە(د)بەم شێوەیە دابرێژرێت:
د ـ يطبق قانون انضباط موظفي الدولة على الموظفين العاملين في الاتحاد.
مادەی حەڤدەهەم/
برگە(٣)(وسكرتيره) بکرێت بە(والسكرتير).
مادەی بیستەم/

بڕگە (١٤) : لەجیاتی (أن يمنح) بکرێت بە (منح).
مادەی بیست ویەکەم/
بڕگە (١) وا دابڕێژرێت: (وأعضاء الفروع في المحافظات ولجان الاقضية والنواحي).
مادەی بیست ویەکەم/
داڕشتنەکەی لیژنەی یاسایی پەسەنترە.
مادەی بیست وپێنج/
بڕگە (٦) لاببرێت.
کۆنووسەکە تەواو بوو لەلایەن تێکڕای ئەندامانەوە ئیمزا کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەواتە بڕگە بڕگە پرۆژەکە دەخوێنینەوە تاوەکو گفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون اتحاد فلاحي اقليم كوردستان العراق

المادة الاولى:
يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:
١ـ الاقليم: اقليم كوردستان العراق.
٢ـ الاتحاد: اتحاد فلاحي كوردستان العراق، مختصراً بالرموز (أ. ف. ك).
٣ـ الرئيس: رئيس اتحاد فلاحي كوردستان العراق.
٤ـ المكتب: المكتب التنفيذي لاتحاد فلاحي كوردستان العراق.
٥ـ الوزير: وزير الزراعة والري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:
نقترح إعادة صياغة الفقرة (٢) لتكون كالآتي (الاتحاد: اتحاد فلاحي كوردستان العراق).
لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو ڕەمزی (أ.ف.ک).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چاکتر وابوو کە دیباجەکە لە پێشەکیدا بخوێنرێتەوە، بەڵام نەیخوێندەوە، دووەم وشەی کوردستان نەنووسرێت «کردستان» وەکو ئەوەی کە لێرەدا بڕیاری لەسەر دەرچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر تکایە دیباجەکە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

«استناداً الى احكام الفقرة(ا) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القانون الاتي»:

**قانون رقم( )لسنة ٢٠٠١**

**قانون اتحاد فلاحي اقليم كوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باش بوو دیباجەکەیان خستە سەر، لە ماددەی یەکەم، بڕگە «٢»دا پێمان باشە کەوا ئەو ڕەمزانە(أ،ف،ك)ە هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە تاوەکو ناونووسیان بکەین، بەڕێز

مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

رایەکەی منیش لەسەر هەمان شتە، کەوا ئەو رەمزە هەڵگیرێت، چونکە (أ،ف،ک) ئەبێتە «أفک» کە ئەوەش مانای درۆ دەبەخشێت بە عارەبی، جا ئەو وشەیە جایز نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم ســـعـــیـــد مـــحـــمـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا دوو بڕگە هەیە کە لەبەرژەوەندی جووتیارانە و، ئەمڕۆش خێر لە ئاسمان باری کە بارانە، ئینشاالله ئەم ساڵ هەمووی خێر دەبێت بۆ هەموو جووتیارەکان، بەرای من ئەگەر بڕگە«٦» زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە کە ئەویش لەسەر پێناسە کردنی جووتیارە، خۆی لە یاسادا ناوی یاساکە چی بێت پێناسەی ئەو ناوە دەکەیت، جا لێرە ئەگەر بڕگە «٦»ی بخرێتە سەر (الفلاح: كل عضو في الاتحاد يمتهن الزراعة كمهنة رئيسية لقطاعيهاالنباتي و الحيواني)، تاوەکو خەڵک بزانن «فلاح» کێیە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

پێشنیارەکە وەرناگیرێت، چونکە مەرج نییە ئەوەی جووتیار بێت ئەندام بێت لە سەندیکای جووتیاران، خەڵک هەیە جووتیارە و ئەندامیش نییە لە سەندیکای جووتیاران، ئەگەر وابێ حەسری دەکەین، ئەو کاتە بە ئارەزووی خۆیان نابێت پەیوەندی کردنییان بە سەندیکاوە، سەندیکای جووتیاران هەندێ ئمتیازاتی هەیە بۆ ئەو جووتیارانەی کە پەیوەندییان پێوە دەکەن، لەوانەشە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵیش بکات و هیچ شتێکی بۆ نەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جووتیار هەیە پەیوەندی بە سەندیکاوە ناکات، جا بۆیە مەرج نییە بڵێین جووتیار دەبێت ئەندام بێت لە سەندیکای جووتیاران، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

ڕوونکردنەوەکەی کاکەڕەش لەجێگای خۆیەتی، بەڵام لە ماددەی «٥»دا جووتیار پێناسە کراوە، هەرچەندە تەنها پێناسەی جووتیاری نەکردووە، بەڵکو (مستأجر و فلاح و متفرغ) تیادایە، کە مافی بوون بە ئەندامیان هەیە، جا بۆیە پێویست ناکات لە ماددەی «١»دا ناوی بێت و، لە ماددەی «٥»دا باسی کراوە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، بەڕێز د. لطیف فەرموو.

**بەڕێز د.لـطـیـف مـــحـــمـــود بـرزنجـی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

بەڕێز کاک شێروان قسەکانی منی کرد، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، نییە، کەواتە جارێکی تر بە هەموارکردنەوەکەی لیژنەی یاساییەوە بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

المادة الاولى:

یقصد بالتعابیر التالیة المعاني المبینة ازاءها:

١ـ الاقلیم: اقلیم کوردستان العراق.

٢ـ الاتحاد: اتحاد فلاحي کوردستان العراق.

٣ـ الرئیس: رئیس اتحاد فلاحي کوردستان العراق.

٤ـ المکتب: المکتب التنفیذي لاتحاد فلاحي کوردستان العراق.

٥ـ الوزیر: وزیر الزراعة والري.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم ماددەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. کێ پەسەندی ناکات؟.. ماددەی یەکەم بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز ســـفـــر مـــحـــمـــد حـــسین:**

الفصل الأول

١ـ التأسیس

المادة الثانية:

يؤسس اتحاد فلاحي كوردستان في الاقليم كتنظيم مهني ديمقراطي له الشخصية المعنوية يدافع عن فلاحي كوردستان ويكون مركزه في اربيل عاصمة الاقليم وله أن يفتح فروعاً في مراكز محافظات الاقليم ويشكل لجاناً في مراكز الاقضية والنواحي والقرى ضمن الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە تەنها وشەی «الاهداف» بخرێتە پاڵ «التأسیس»، بوترێت«التأسیس و الاهداف» باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە کە(٢ـ المادة الثانیة ـ حذف کلمة(والقری)في السطر الثالث واقتصار اللجان في مراکز الاقضیة والنواحي وحسب المادة (٢١ الفقرة ١)فإن المؤتمر لایشمل لجان القری لذا فلا ضرورة لوجود لجنة في القریة.)، هەروەها ماددەی «١٢» برگەی« لایشمل لجان القری» لێرەدا ئێمە بە زیادی ئەزانین، بەرای ئێمە تەنها لیژنەکان لە قەزاو ناحییەکاندا هەبێت بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،رای لیژنەی کشتوکاڵی فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، سەبارت بە رای لیژنەی یاسایی لە نووسراوەکەتاندا ئەو تێبینییەی تیادا نییە، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرەدا لە ماددەی دووەم شەرحە بۆ یەكێتی جووتیاران، جا من پێشنیار دەكەم كەوا ماددەی «٢» بچێتە شوێنی ماددەی «٣» و «٣» بچێتە جێگای ماددەی «٢»، چونكە ماددەی «٢» شەرحی یەكێتی جووتیارانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من «لجان القری» بمێنیت، چونكە جووتیار لە گوندە، دەبێت لیژنە نزیک بێت لە گوند، بەلام ئەوەی قەزا و ناحیەكان وەكو نووسینگەی لێ دێت، بۆیە من لەگەلّ ئەسلّی پرۆژەكەدام و، دژی رایەكەی لیژنەی داراییم، چونكە لیژنەی گوندەكان ئاگاداری ئێش و ئازار و گرفتەكانی جووتیارە لە نزیكەوە و، نوێنەری راستەقینە ئەبێت ئەو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەكی تر هەیە، كاكەرەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی كە كاك د.رزگار فەرمووی كەوا ماددەی «٣» بچێتە شوێنی ماددە «٢»، ئەوە رێک ناكەوێت، چونكە یەكەم جار یەكێتی دروست دەكەین، پاشان لە ماددەی «٣»دا باسی ئەوە دەكەین كەوا یەكێتی چۆن دروست دەبێت، پاشان شێوەی دروست كردنەكە روون دەكەینەوە، سەبارت بە رایەكەی لیژنەی دارایی كە دەلّێ«لجان القری» هەلّگیرێت، ئەویش لە جێی خۆی نییە، چونكە لە ماددەی «٧»یشدا دیسانەوە باسی «لجان القری» كراوە، ئەویش كە دەبێت لە «٣٠» جوتیار كەمتر نەبێت، ئەگینا چەند گوندێ كۆ دەكەنەوە، پاشان دەلّێت بە پێی پێویستی، ئەگەر لە «٣٠» جووتیار كەمتر بوو ئەوە لیژنە دروست ناكرێت، ئەگەریش زیاتر بوو ئەوە لیژنەی دێهاتەكان دروست دەكرێت، لەبەر ئەوە مانەوەی زۆر پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك جمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆماری عێراقدا ئەوە چەند ساڵە هەر بەو شێوەیە بەڕێوە چووە کەوا تەنها لیژنەی جووتیاران تەنها لە قەزادایە و لقە سەرەکییەکانیش لە پارێزگاکاندان، هەتاوەکو لە ناحیەکانیشدا نەبووە، کە هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی باشی نا و لە ناحیەکاندا لیژنەی دامەزراند، هەنگاوێکی باش بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ناحیەکانیشدا بەڕێوەبەری ناحیە هەیە، لیژنەی ناحیەکان نوێنەرایەتی هەموو جوتیارانی گوندەکانی دەوروپشتی ئەو ناحیەیە دەکات، ئەگەر هەر گوندێ لیژنەی جووتیارانی تایبەتی تیادا هەبێت ئەوە چەند مەسرفی دەوێت و، چەند کێشە و گرفتی لێ رووددەدات، «٣یان ٥» کەس دەبنە لیژنەی جووتیاران، ئیتر کێشەی جووتیارەکان ناچێت بۆ ناحیەکان، جا ئەوانەی ناحیەکان نوێنەرایەتی ئەو گوندانەی دەوروپشتی خۆیان دەکەن و جەنابی بەڕێوەبەری ناحیەش ئامادەی و بەرپرسی کشتوکاڵی لەوێیە و کێشەکان بەشێوەیەکی باشتر چارەسەر دەکەن و، ئیستغلال لە هیچ دێیەک ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رایەکەی کاک جمیل، لیژنەی گوند ئەبێت هەبێ، لەبەر ئەوەی لە ماددەی «٨»یشدا باس کراوە و، ئەمە لەسەر داوای جووتیارەکان خۆیان بووە و، ئەوان لە ئیشی خۆیان باشتر دەزانن کەوا پێویستە، یا پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لیژنەی لادێ زۆر پێویستە هەبێت، چونکە لادێی وامان هەیە لە ناحیە زۆر گەورەترە، ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە ئەوە هاندەرێکە بۆ ئاوەدانکردنەوەی لادێکان، ئێمە کە دەڵێین لە «٣٠» جووتیار زیاتر نەبێت ئەوە ئەبێتە هاندەرێک بۆ ئەویە مشووری خۆیان بخۆن، هەروەها خەموخەفەتی جووتیار لادێ باشتر دەیزانێ تاوەکو ناحیەکە، جا بۆیە بە رای من لیژنەی لادێ پێویستە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دامەزراندنی لیژنەی لادێکان تەعبیر لە فەلسەفەیەک دەکات، ئەو فەلسەفەیەش، فەلسەفەی پارتییە کە گرنگی و بایەخ بە جووتیار دەدات، چونکە جووتیار ماددەی سەرەکی شۆڕش بووە و جووتیار لە ناخۆشی و ئازاردا ژیاوە و، بارزانی نەمریش بایەخێکی زۆری بەم چینە داوە، من لەگەڵ ئەوەش نیم کەوا بۆ «٣٠» جووتیار لیژنە دامەزرێت، بەڵکو کەمتر بێت، چونکە ئیشوکاری ئەوان زۆر و، هەموو شتێکیش مەسرەف نییە، بەڵکو بارگرانییەکی ئەوتۆی نابێت کەوا کار بکاتە سەر خەزینەی یەکێتی جووتیاران و، بنەڕەتی پێشکەوتنی وڵاتی ئێمە لەم چینەدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من تەنها ئیعرازی لیژنەی دارایی بۆ ئەوە بێت کەوا خەرجییان زۆر ئەبێت، کە ئەگەر لە هەر دێیەک لیژنەیەک هەبێت، ئایا ئەگەر لە گوندا لیژنە هەبێت، خەرجی ئەبێت، یا نە؟، بەپێی ئەم یاسایە، تکایە لیژنەی یاسایی وەڵامان بداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەکەوێتە سەر نەسریەی یەکێتی جووتیاران، یەکێتی جووتیارانیش خۆی ئیشوکاری خۆی ڕێک دەخات، ئەویش نەسریەیەکی بۆ دادەنرێت، بە گوێرەی نەسریەکەی هەڵسووکەوت دەکات، بودجەکەش گفتوگۆ دەکرێت و، ساڵانە لایەنی دارایی ئەگەر توانای نەبێت ئەوە کەمی دەکاتەوە بەپێی پێویست، خۆ بودجە بە کەیفی خۆیان دانانێن، بەڵکو بودجەیان بەر تەدقیق دەکەوێت، حیساباتی خیتامی دەبێت، لەبەر ئەوە لیژنەی گوند زیاتر لەناو خەڵکی دەبێت، ئەگەر بەگوێرەی ڕایەکەی لیژنەی دارایی بێت، ئەوە لیژنەی قەزاش پێویست نییە، چونکە هەر قەزایەک چەند گوندێکی هەیە هەڵدەستن بە ئیشوکارەکان، ئیتر پێویستی بە لیژنەی قەزا ناکات، جا مەسەلە تەنها خەرجی نییە بەڵکو مەسەلە ئیحتیکاکە لەگەڵ خەڵکی، چونکە هەر ناحیەیەک ٣٠ تا ٤٠ گوندی لەسەرە، لەوانەیە لە لیژنەی ناحیەکان هەر نەزانن کێشەی ئەو گوندە چییە، جا زۆر پێویستە لە گوندەکان لیژنە هەبێت و، کێشەی جووتیارەکان بگەیەنێت بە ناحیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حــــیـــدری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

ئەو پرۆژەیە لە حکومەتەوە هاتووە، حکومەتیش پەسەندی کردووە و، لیژنەی گوندەکانی تیادا بووە کاتێ کە پەسەندی کردووە و، رووی داراییەکەشی لەیەک داوەتەوە، دووەم ئێمە لە لیژنەی یاسایی سەرۆکی یەکێتی جووتیارانمان بانگ کرد و، گفتوگۆمان لەگەڵدا کردووە، ئەویش لەگەڵ ئەم برگەیەدایە، بۆیە بە رای ئێمە پێویستە لیژنەی گوندەکانی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز مــحــمــد ســعــیــد أحــمــد یعــقــوبی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومــــــەن.**

لیژنەی گوند چ نووسینگەو مێز و قەنەفە و تەلەفۆنی نییە، تەنها لە نێوانی خۆیاندا «٣» کەس هەڵدەبژێرن و، جێگای دانیشتنیشیان ماڵی یەکێکیان دەبێت، یا لە مزگەوت دەبێت، کێشەی جووتیاریش چییە؟!، زۆر زۆر ئەگەر تەبلیغێکی بۆ بچێت، ئەویش هیچ مەسرفێکی تیادا نییە، پاشان بارەگاشی نییە تاوەکو مەسرفی هەبێت، بەڵکو هیچ ئەرکێکی ماددی نییە بەسەر یەکێتی جووتیارانەوە، بەڵکو «٣» جووتیار هەڵدەبژێرن لەوانەیە مانگی جارێک کۆبوونەوە بکەن، ئەگەر پێویستیش بوو ئەوە تەنها مەسرفی کرێی رێگایە کە دێن بۆ ناحیە، کە ئەویش زۆرجار لە حیسابی خۆیان دەبێت، بەڵکو هیچ جۆرە خەرجییەکی نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.نـاصـح غـــفــــور رمـــضــــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومــــــەن.**

پێشەکی ئەم پرۆژەیە بەناوی یەکێتی جووتیارانی کوردستانەوەیە، کەواتە ئەوانیش هەڵگری بیروباوەڕ و بەرژەوەندییەکانی جووتیارانن، ئەوان خۆیان داوای ئەوەیان کردووە کە لیژنەی گوندەکانی تیادا بێت و، حکومەتیش پشتگیرییان لێ کردووە و، ئەو روونکردنەوانەش کە ئەندامان باسیان کرد بەتایبەتی لیژنەی یاسایی هەروەها بەڕێز کاک د.رزگار هەمووی لەجێگای خۆیەتی، جا مانەوەی لیژنەی گوندەکان پێویستە، چونکە جووتیار لە گوندە، جا مانەوەی پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومــــــەن:**

سوپاس، ماددەی دووەم ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «٢» پەسەند

دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، «٤» ئەندام ماددەی «٢» پەسەند ناکات، ماددەی «٢» بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٣»، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثالثة:

يؤسس الاتحاد بناءاً على طلب يقدمه عدد لايقل عن خمسة عشر فلاحاً ويكون هؤلاء بمثابة الهيئة التحضيرية لإدارة مهام الاتحاد لحين اجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە ئەوەی کە بەم شێوەیەی لێ بکرێت: (يؤسس الاتحاد بناءاً على طلب يقدمه عدد لايقل عن خمسة عشر فلاحاً الى الجهة المختصة ويكونون بمثابة الهيئة التحضيرية لإدارة مهام الاتحاد لحين اجراء الانتخابات.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆچوونی لیژنەی یاسایش پەسەند دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵی فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى الجهة المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ؟.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الى الجهة المختصة) زیادبکرێت لە پاش {(١٥) فلاحاً}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وادەبینم کەوا سەقفێکی زەمەنییە بۆ تەنفیزی ئەم یاسایە، مانای هەڵبژاردن بکرێت ئێستا کراوەیە تەقریبەن (لحين إجراء الانتخابات) بڵێین (خلال مدة لاتزيد عن) جا بڵێین ساڵێک چونکە جوتیار زۆرن، شەش مانگ بێت، یان ساڵێک بێت (عن تأريخ قبول الطلب) دەبێ ئەوە زیادبکرێت تاکو دیاری بکرێت کەی هەڵبژاردن بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ لیژنەی یاساییم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئەوان کۆنگرەیان پێ نابەسترێ هەتا لیژنەکان دانەنرێن، ئەبێت لیژنەکان دابنرێن و ئەو کاتە دەتوانن کۆنگرە بکەن، یەکێتییەکە دروست ببێت ئەوا دەبێ ئامادەبن ویەک بگرن لیژنەکان دابنرێن ئەو کاتە کۆنگرە دەکرێت، چونکە کۆنگرە لە نوێنەرانی لیژانی گوندەکان پێک دێت ولیژانی پارێزگاکان وشتی وا، لەبەر ئەوە یەک سەر پێیان ناکرێت هەڵبژاردن بکەن چونکە هەموو جوتیارەکانیان پێ کۆناکرێتەوە، خۆ جوتیاری پارێزگا هەموو کۆناکەنەوە هەڵبژاردن بکەن بۆ ئەوەی هەیئەی تەحزیری بۆ مەکتەبی تەنفیزی دادنێن، شێوەی هەڵبژاردن لە دواوە هاتووە چۆن مەکتەبی تەنفیزی هەڵدەبژردرێ؟ چۆن فلان هەڵدەبژێردرێ؟ لەبەر ئەوە لیژنەکان دروست دەکرێن تەشکیل دەکرێن ئەوکاتە مەراحلەکانی تر دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزت هەمان شت ئەڵێیەوە وانییە؟ دەڵێی پێویستە وانییە؟ خۆی دوو ڕەئییە: یەکێکیان دەڵێ ماوە دیاری بکرێت، یەکێکی تریان دەڵێ دیاری کردنی ماوەکە زەحمەتە، جا لەسەر ئەوە زۆر گفتوگۆ نەکرێت، بەڵام پێشنیارەکە دیارە ڕەئی وموقتەرەحەکە دیارە، تێبینی تر هەیە جگە لەمانە،

فەرموو تکایە ماددەی سێ بخوێنەوە، پێشنیاری خۆتان.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

يؤسس الاتحاد بناءاً على طلب يقدمه عددٌ لايقل عن خمسة عشر فلاحاً الى الجهة المختصة ويكونون بمثابة الهيئة التحضيرية لإدارة مهام الاتحاد لحين اجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەماددەی سێ بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، دوو ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوار فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

يعمل الاتحاد لتحقيق الاهداف التالية:

١ـ تنظيم جماهير الفلاحين في الاقليم وتوحيد صفوفهم حول الاتحاد بهدف ضمان مستقبل أفضل لهم.

٢ـ تحسين اوضاعهم الحياتية والمعاشية ورفع مستوياتهم الثقافية والاجتماعية والصحية.

٣ـ تنمية الروحية والتوجه الديمقراطي لدى الفلاحين في علاقاتهم الاجتماعية والمهنية ونبذ روح العنف وتجاوز اساليب اللجوء الى القوة والسلاح في معالجة مشاكلهم.

٤ـ العمل من أجل تشريع قانون يعالج مشاكل الاراضي الزراعية معالجة جذرية في الاقليم.

٥ـ توضيح وعكس مايعانيه الفلاحون الكورد من المصائب والالام في مناطق كوردستان غير المحررة في الاقليم وتوثيق العلاقات بينهم وبين المناطق المحررة في الاقليم.

٦ـ إعادة الفلاحين المشردين والمرحلين الى قراهم وحقولهم وأراضيهم مع تأمين حاجاتهم المعاشية والانتاجية وتشجيع الهجرة المعاكسة(من المدن الى القرى).

٧ـ تعويض فلاحي كوردستان عن الاضرار الاقتصادية والحياتية الناجمة عن السياسات الشوفينية واللاإنسانية التي مارستها انظمة الحكم المتعاقبة ضد فلاحي كوردستان وتأمين تلك التعويضات من الخزينة العراقية.

٨ـ فتح المدارس في القرى والارياف ومنح حق الامتياز الخاص لأبناء الفلاحين لدي القبول في الثانويات والمعاهد والكليات الزراعية.

٩ـ إعادة العمل بالمصرف الزراعي وإدامة انشطته في ميادين المساندة وتسليف المشاريع

الزراعية بشروط ملائمة.
١٠- توجيه الفلاحين للعمل على الاستعمال المنظم للثروة المائية بشكل يخدم اقتصاد الاقليم ومنع هدر الثروة المائية المخصصة لغرض الري وتحسين وتطوير المصادر المتوفرة حالياً.
١١- إزالة الألغام من الحقول الزراعية في الاقليم بالتعاون مع الجهات المختصة.
١٢- القيام بالتوعية الصحية بين الفلاحين والعمل على حماية صحتهم وصحة عوائلهم وذلك بالاستزادة من المراكز الصحية.
١٣- المساهمة في توفير الوسائل الحديثة لمكافحة الآفات النباتية و الحيوانية بمختلف انواعها.
١٤- بذل الجهود لتأسيس شركات انتاج البذور المحسنة وتشجيع الفلاحين على تجربة العناصر و البذور الملائمة لمناخ كوردستان وتأمين المخازن المبردة لحفظ الانتاج وخزن الفائض منه كإحتياطي للأستعمال لدى الحاجة.
١٥. تشجيع الزراعة في البيوت الزجاجية وانشاء معامل للصناعات الخفيفة المعتمدة على المنتجات الزراعية كمواد أولية كمعامل الكبس و التعليب وصناعة الدهون النباتية.
١٦- توعية الفلاحين وتشجيعهم على حماية الغابات الطبيعية والمراعي وتطويرها في سبيل تأمين الغطاء النباتي لأرض كوردستان.
١٧- تشجيع الفلاحين للاهتمام بالثروة الحيوانية.
١٨- بذل الجهود لمكافحة الأمية في صفوف الفلاحين. والعمل على انجاح حملة تعليم الكبار وفتح مراكز التعليم في قرى وأرياف كوردستان.
١٩- بذل الجهود لمكننة الزراعة بما يتلائم والتقدم التكنولوجي السائد في العالم. وحماية البيئة في الاقليم من التلوث.
٢٠- العمل على أن يكون الاتحاد عضواً في جميع اللجان الحكومية المتعلقة بمصالح الفلاحين و الوضع الزراعي في كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر ئاسایی هاتووە، بەلام بەرای ئێمە برگە (٥) ئەو وشەیە (مایعانیە الفلاحون الکورد) لە باتی کورد بکەینە کوردستانی فراوانتر دەبێت زیاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ ئەیوت کورد هەر لابردرێت، وام لە بیرە تەقریبەن، رای لیژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جـــــــمـــــــیل عـــــبـــــــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مـاددەی چوار بڕگـە (٨ـ فتح المدارس في القرى والارياف وهذا من إختصاص وزارة التربية) لەلای ئێمە قوتابخانە هەندێ شەرتی خۆی هەیە بەتایبەتی لە وەزارەتی پەروەردە یان دەبێت لێرە لابچێت بەرای ئێمە یانیش (تشجيع)ی بۆ زیاد بکرێت (تشجيع فتح المدارس في القرى والارياف) چونکە هێژا سەرۆکی پەرلەمان کردنەوەی قوتابخانە لە گوندان شروطی خۆی هەیە لە ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە؟.

**بەڕێز د.لطیف مـــــحـــــمـــــود برزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ماددەی چوارەم بڕگە (٥ و ٣) کورد لابردرێت ئێمە وامان پێشنیار کردووە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوە فراوان ترە ئەو رایە چونکە لەلایەنی زمانەوانیش راستترە ئەو وەختە هەمووی دەگرێتەوە ئەو جوتیارانەی لە دەرەوەی هەرێمیشن، ئێمەش یەک دوو پرسیارمان هەیە، ئەگەر لە دوایی لیژنەی یاسایی جوابمان بداتەوە، بڕگـە (٨) رای لیژنە دارایی تا حەدێ راستە چونکە روون نییـە، کردنەوەی قوتابخانە کاری ئەو نییە، (العمل على فتح المدارس) بێت باشترە (منح حق الامتياز الخاص لأبناء الفلاحين لدي القبول في الثانويات والمعاهد والكليات الزراعية.) ئێمە یاسا دەردەکەین کە یاسات دەرکرد ئەو پێویست ناکات ئیشی پێ بکات، مانای ئێستا ئەگەر ئەتۆ بڵێی بەم سیغەیە بیهێنیتەوە (منح حق الامتياز الخاص) مانای بەم سیغەیە کردیان بە یاسا، کردیان بە بڕیار دەبێ بیکات حوکمەت ئەو کاتە، ئەوەمان بۆ شەرح بکەن، (٢٠ـ العمل على أن يكون الاتحاد عضواً في جميع اللجان الحكومية المتعلقة بمصالح الفلاحين و الوضع الزراعي في كوردستان العراق.) ئەو ئەبێ ئیشی بۆ بکات یان ئەبێ وەکو یاسا تۆ بڵێی ئەو ئەبێ ئەندام بێت تیایا، پێویستە وەکو یاسا بڵێی ئەبێ ئەندام بێت تیایا، با تێبینییەکانی تریش ببیستین، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، بەڕێز کاک شمایل ننۆ فەرموو.

**بەڕێز شـــــــمـــــــایل ننو بنیـــــــامین:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

عدم الاستقرار التي خلفته السياسات العدوانية التي مارستها الأنظمة المتعاقبة على الحكم ضد

أبناء الأقليم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو لە دوایا جواب دەدەنەوە تێبینییەکان وانییە؟ تێبینیتان بنووسن ئەگەر جوابتان هەبێ هەمووی پێکەوە جواب بدەنەوە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من ئەوەیە خاڵی (٣- تنمية روح الأخوة والألفة والمودة والتوجه الديمقراطي) ئەم وشەیە زیادبکرێت پاش (تنميه روح)، ئەوە یەک دوو برگە (١٢) وەکو بەڕێزیشتان ئاماژەتان پێ کرد کە برگە (٨) زیادکردنی بنکەی تەندروستی نە لە ژێر دەسەڵاتی وەزیری کشتوکاڵە نە وەزارەتی کشتوکاڵ نە یەکێتی جوتیاران ئەوە دەسەڵاتی وەزیری تەندورستییە تەبعەن، لێرە ئەگەر چارەسەر بکرێت وەکو برگە (٨) باشتر دەبێت، برگە (١٤) لێرە (عناصر) هاتووە ئەگەر زەحمەت نەبێت لیژنەی یاسایی روونکردنەوەیەکی دابا (العناصر) با باشترە مانای وەکو برگە (٤)ی لێدەهات، برگە (١٩- بذل الجهود لمكننة الزراعة) ئەگەر ئینسان بێت ئەم برگەیە بخوێنتەوە کە ئەمە نەما ئێستا هەموو زراعەت لەسەر حیوانە مانای بە حەیوان تێدەگەن، ئەگەر لێرە مەکنەنە هەیە بەڵام بێتە پێشخستن بێتە زیادکردن ئەوە مەفهومێکی فراوان ترە ئەگەر نا ئەوها برگەکە بخوێننەوە وەک ئەوەی هەمووی لەسەر حەیوان دێت هیچ مەکنەنە نەهاتۆتە ناو کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر سێ خاڵ هەبوو ئەویش بەڕێزت ئیشارەتت پێ دا، یەکەم بابەتی کردنەوەی قوتابخانە بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە زۆر چاکە، تەبعەن وەزارەتی پەروەدە کە دەیەوێت قوتابخانەیەک بکاتەوە لە شوێنێ لە پێشا پەیوەندی بە دێیەکەوە دەکات ئەو دێیەش تەبعەن جوتیارن، ئەو جوتیارانەی ئەوێ دیاری دەکەن ئایا چەند منداڵ لەم دێیە هەیە؟ تەبعەن هەڵسوکەوتێکی باشی لەگەڵ دەکەن، بۆ نمونە ساڵی پار لە هەموو لادێکان قوتابخانە کرایەوە بە هاوکاری جوتیارەکان ووەزارەتی پەروەردە، تەبعەن ئەوە حەز دەکەم ئیشارەت بکرێت بەوە ناوی وەزارەتی پەروەردەش چونکە وەزارەتی پەروەدە قوتابخانە دەکاتەوەو بریار دەدات بۆ کردنەوەی. خاڵێکی تریش بە نیسبەت کۆلێژی کشتوکاڵ و ئامادەیی کشتوکاڵ ئەوە پێش سێ چوار ساڵ ئیمتیازێکی تەواو دراوە بە لادێ، ئەو قوتابییەی (٥٠)شی هەبێت لە کۆلێژ وەردەگیرێت ئەگەر (٥٠)ی ڕێکی هەبێت بەس دەرچوبێت لە کۆلێژی کشتوکاڵ تەقدیم بکات وەرگیراوە، بەنیسبەت

ئامادەیی کشتوکاڵەوە کراوەیە هەر منداڵێکی جوتیار لە لادێ داوا بکات وەردەگیرێت، لەبەر ئەوە ئەو دوو شتە ئێستا تەنفیز کراوەو جێبەجێ بووە، بەنسبەت نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە عادەتەن توخمی سەرەکی لە لیژانی باڵا جوتیارانە مانای بەگشتی لیژنەی باڵا دروست دەبێت لە دوای پەروەردە یەکسەر جوتیاران دێن، چونکە ئیشەکەی ئەوان لەناو جوتیارانە لەبەر ئەوەی دەوریان هەیە هەر سێکیان جێبەجێ کراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رقیب حسین ملا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لە سەر برگە (٣) هەیە ببێتە(٣ـ تنمية الروحية التعاونية والتوجه الديمقراطي) ، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:-**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەرەتای ماددەی چواردا هاتووە (یعمل الاتحاد) مانای بۆ هەموو برگەکان ئیش دەکات، مانای ئەو قوتابخانە دەکاتەوە. برگەی یەکەم دەڵێ (یعمل الاتحاد علی) چونکە تەنها کردنەوەی قوتابخانە نییە تەعویزی جوتیارانی کوردستان ئەوە تەعویز ناکات، هەڵگرتنی ئەڵغام ئەو نایکات، بەراستی (٢٠) برگە هاتووە گەلێک تەواوە بەڵام لەگەڵ ئەوەش شتێکی پێویستیان بە رای من لە بیر چووە ئەویش کە سەروەتی قەومی زۆرمان لە چیاو غاباتمان هەیە لەسەر تەوجیهاتی بارزانی نەمریش وەختی خۆی بۆ هەندێ حەیوانات کە نابێت راو بکرێن چونکە هەندێکیان رەمزی کوردستانن وەکو کەو، مەڕی کیوی، زۆر پێویستە برگەیەک زیاد بکرێت کە بڵێتن: (العمل علی منع اصطیاد الطیور النادرة کالقبج مثلاً وکذلك منع اصطیاد الحیوانات غیر الألیفة کالماعز الجبلي) بەراستی ئەمە نەهاتووە لە نێوان برگەکان من بە پێویستی دەزانم. برگەیەکی ترم هەیە لە ئەهداف، جوتیار نزیکەی نیوەی کۆمەڵی کوردستانە پەرلەمانی کوردستان بریاری فدرالیەتی داوە، هەموو میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق هەمووی لەگەڵ دیموکراتییەتن ئەحزابی کوردستانی هەمووی لەگەڵ فدرالیەتن وابزانم ئەگەر برگەیەکیش لەسەر ئەوە هەبێت هەرچەندە درێژ دەبێت بەڵام تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەهدافەكان كۆمەڵێك برگە هاتووە كە پەیوەندی بە دەوائرەكانی ترەوە هەیە وەكو برادەران باسیان كرد بەتایبەتی برگە (٨ و ٩ و ٢٠) بەرای من هەر لە سەرەتاوە موعالەجەی ئەوە بكەین كە لە مادده چوار هاتووە بڵێین: (یعمل الأتحاد لتحقیق الأهداف التالیة بالتعاون مع الجهات المختصة) ئیتر ئەوە موعالەجەی هەموو گرفتەكە دەكات، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلا طه فەرموو.

**بەڕێز مەلا طه محمد طه:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

گرفتی ئێمە لە ناوچەی باڵەكە وەختی خۆی تەسویە گەیشتە ناوچەی باڵەك لە حاجی ئۆمەرانەوە پێدا هات هەتا گەیشتە نزیك گەلاڵە ئاخیری كە بووە شۆرش، نازانم چ ساڵێك بوو حوكمەت یاسایەكی دەركرد بڕیاری دا كە ئەوانەی كە تەسریح نەبوون هەموویان دەگیرێن ئەوجا ئەو گوندانە ئێمە لە لایەك دەڵێین بچێتەوە گوند خەڵكەكە ناتوانێت بچێتەوە گوندەكان چونكە ناتوانن مولكەكەنیان تەعویز بكەن، جا رجا دەكەم بۆ ئەوەی كە چارەیەكی بكرێت دووبارە دەست پێ بكرێتەوە بۆ ئەوەی هەر كەس ساحێبی خۆی بناسێتەوە چونكە هەموو لێرەیە زۆر جار برادەران دێنە ئێرانە ناتوانن هیچ بكەن بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە خاڵی (٨ و ١٨) پەیوەندیان بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، بەڵام لێرە مانای ئەوە نییە كە یەكێتی جوتیاران خۆی قوتابخانە دەكاتەوە یان بنكەی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەكاتەوە، بۆیە لە سەرەتاوە زۆر باش هاتووە دەڵێ: (یعمل الاتحاد لتحقیق الاهداف التالیة)، (یعمل) مانای لەگەڵ لایەنی بەرپرس پێویست ناكات لایەنی بەرپرس زیادبكرێت واتە روونە، ئەو پێشنیارەی كە بەڕێز كاك شێخ رەقیب زیادی كرد پێم وایە ئەوە پێشنیارێكی باشە ئێمەش پەسەندی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەکو برادەران فەرموویان ئەگەر چ بۆ جوتیارانی کوردستان بکرێت کەمە، چونکە دەبێ لەبەر چاوی ئێمە بێت جوتیاری کوردستانی بوو دژی تەیارەی دوژمن رادەوەستا وکاری خۆی دەکرد لە ژێر تۆپ باران، دەبوونە پێشمەرگە هەر کوری ئەوان بوون چ بکەین بۆیان هەر کەمە، چونکە سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردی هەمووی جوتیار کردی. دوژمن نەی هێشتووە کارگەو مەعامل دروست ببێت هەتا کارگە لە کوردستان پەیا ببێت هەر جوتیارە، بۆیە هاریکاری جوتیاران بکرێت، بەڵام دوو تێبینی نازانم من تێنەگەیشتم یان من ئاگام لێ نەبوو، یەک وەک هەڤی بەرهەم بێتەکرن ناوبەینە پەروەردەی زراعی و رووەکی هەردووک، ببورە رووەکی و ئاژەڵی، نە رەخێک بێتە پێشخستن ورەخێکیش بێتە تەدمیرکردن پاوانەکانی کوردستان بەراستی وای لێ هاتووە کە پەرش وبلاو بێت، تەنها دەرماڵەی ئەوەی خوا بۆی داناوە، ئامێرو شت هەیە بچێت چوار ئامێر بنێرێتە چیاییێک بچێت هەر چەند دار هەیە تێکی بدات بۆ خاتری خۆی شتێکی لێ بچینێت، پێویستە یاسای پاوان سەرپەرشتی گوند بکات، ئەوە هەمووی چاوی لێ بکرێت ئیهتمامی پێ بدرێت، تێبینی دووەم هاوکاری جوتیاران پێویستییان بە چی هەیە من لەو باوەڕەم جوتیاری ئێمە کەس نییە وەکو ئەو هاریکاری رێک وپێکی فرۆشتنی بەرهەمی ئەو بێتەکرن، ئەو چ لە بەرخی خۆی بکات چ لە شیرو ماست بکات، ئەو تر نایەتە کرین، ئەو چ پێویستییەکی هەیە تەنها بە پارەیەکی هەرزان دێتەکرین و دەچێت بۆ خاریج بەلاش وحەلاش، دوو چاندنی دەرامەتی ئاوی وەکو تەماتە و ئەو جۆرانە ئەوە هەمووی دێتە چاندن زۆر ساڵ خودان وی دچێت دەچێنت تا بێژت ئاڤی دا، پاشێکی کەما باری وێ دێ بەکرین نایەت، گەلێ جارا جوتیاری ما پیکەبا شوتیا ئەو ئانیا دە دینار پازدە دینار بەڵکو بیست دینار بەکەیفی خۆی دەیخاتە سەر حەقی شوتی، ئەڤە تەبعەن وەکو بێژن دیاهییە ئەگەر بێی دەغل ودان ئەگەر ئەڤ ساڵە حوکمەتی هەرێم هەندێ دەستی هاریکاری درێژ نەکردبا بۆ جوتیاری هەندێ گەنمی وی نەکریباوە باوەر بکە جوتیاری ئێمە نەچووە بلێت لێم بکرن، بۆیە من وا هەست دەکەم بەری هەموو تشتێک دەعما جوتیاری بێتەکرن هاریکاریا جوتیاری بێتەکرن لەگەڵ رێکی فرۆتنا بەرهەمی وی بێتە کار، پێویستە ئەم هاریکاریە بکرێتن. تەئمینا رێگا فرۆتنا بەرهەمی وی بێتەکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی (١٥- تشجيع الزراعة في البيوت الزجاجية) ئەوە شتێکی باشە بەڵام (وانشاء معامل للصناعات الخفيفة المعتمدة) عادەتەن بیوتی زوجاجی ئینتاجەکەی دیارەو کەمەو دیاریکراوە، بۆ جۆرە رووەکێکە کە لە وەرزەکان بە شێوەی ئاسایی ناروێت، (للصناعات الخفيفة) لێرە باشترە بنووسرێ (للصناعات الغذائية) بۆ بەدەست هێنانی زیاتر، ئەو دوو بڕگەی کە دەمج کراوە جیا بکرێتەوە ( تشجيع الزراعة في البيوت الزجاجية) دەتوانرێ دەمج بکرێت لەکەڵ خاڵی (١٧- تشجيع الفلاحين للاهتمام بالثروة الحيوانية.) هەردوو کیان، بەڵام (وانشاء معامل للصناعات الخفيفة المعتمدة) شەرت نییە بەم دەقە بێت، جا خۆی عادەتەن پیشەسازی خۆراک بەرهەم هێنانێکی زۆری دەوێت کە ئەوە بەماڵی شوشەیی بە دەست نایەت دەمجی کەی پێکەوە لەم بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا تێبینییەکەی من بۆ لیژنەی یاسا بەراستی ئێمە ئەم ئەهدافانە، ئەهدافی یەکێتی جوتیارانی کوردستان لێرە دەبێت بە یاسا ئەوە کۆنگرەی جوتیاران نییە کە ئەهدافی خۆی دیاری بکات، ئێمە هەر شتێک لێرە بڕیاری لەسەر دەدەین دەبێت بە یاسا وحکومەت کاری پێ دەکات، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر وورد بین لە هەڵبژاردنی ئەهدافەکان کە هەڵی دەبژێرین ئەهدافێکی گشتی بین، ئەبێ مەجالی حەرەکە بۆ حوکمەت و یەکێتی جوتیاران خۆشی بهێڵینەوە، ئەگینا بڵێین ئمتییازی خاص قبوڵ بکرێت، مانای مافی خۆیتی ئەبێ قبوڵ بکرێت، کە بڵێم فلان شت ئەبێ بکرێت کە شتەکەم دیاری کرد، چونکە ئەمە یاسایە جیاوازی هەیە لە نێوان یاسا ومەنهەجی یەکێتی جوتیارانی کوردستان، لێرەدا ئێمە ئەم ئەهدافانە درێژەمان داوەتێ لە راستی دا پێویستی بە پیاداچونەوە هەیە پێویستی بە کورت کردنەوەیەکی زۆر هەیە، بەشێوەیەکی گشتی تۆ دەبێ ئیش کەی بۆ بەرەو پێش خستنی کشتوکاڵ، ئیش کەی باری جوتیاران باشبکەی، دەبێ ئیش کەی لایەنی زانستی باشبکەی، پاوان بپارێزی، دەست کەوتی ئاژەڵی بپارێزی، کشتوکاڵ پێش بخەی، لەوە زیاتر ناتوانین بکەین. ئەگەر بە تەحدید بڵێی فلان شت وفلان شت ئەوا دەستی حوکمەت وجوتیاریش دەبەستییەوە دەبێتە یاسا لەسەریان چونکە یاسا دەردەکەین (یاسای یەکێتی جوتیارانی کوردستان) لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم لیژنەی یاسایی وکشتوکاڵ پێیدا بچنەوە جارێکی تر بەتایبەتی کورتی بکەنەوە هەموو ماددەکە ئەگەر لە چوار بڕگە بێت پێنج

برگە بێت كفایەتە لە جیاتی ئەوەی (١٨) خاڵ دەست نیشان بکەین، دانیشتنەکە لێرەدا کۆتایی پێدەهێنین تا بەیانی سەعات (١٠)، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)**

دوو شـەممە ڕێکەوتی ١٩/١١/٢٠٠١

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٦)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/١٩

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/١٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە شازدە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە شازدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/١٩ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـــ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.
٢ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «١٦»ی ئاسایی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی دەبەستین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بیریتییە لەدوو خاڵ کە ئەویش: ١ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.
٢ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.
بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر خاڵی یەکەم تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دوێنێ لێرە ئامادە بوون فەرموونەوە سەر مەنەسە، دوێنێ لە ماددەی چوارەمدا بووین کە کۆتاییمان بە دانیشتنەکەمان هێنا، گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا رای کۆتاییش ئەوە بوو کەوا لیژنەکان دانیشن و داڕشتنەوەیەکی بۆ دانێن بۆ ئێمڕۆ، جا ئەگەر داڕشتنی تازەتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

پاش دانیشتنمان وەکو لیژنە گەیشتین بە چەند بڕگەیەک وەکو «أهداف الاتحاد» ئێستا بۆ بەڕێزتانی دەخوێنینەوە.         ٢ـ أهداف الاتحاد

المادة الرابعة:

يعمل الاتحاد لتحقيق الاهداف التالية:

١ـ العمل على ترسيخ الفدرالية ودعم التجربة الديموقراطية و مؤسساتها في كوردستان العراق.

٢ـ تنظيم جماهير الفلاحين في الاقليم وتوحيد صفوفهم وتحسين اوضاعهم الحياتية والمعاشية ورفع مستواهم الثقافي والاجتماعي والصحي، و تنمية روحي التعاون والاخوة والتوجه الديمقراطي في علاقاتهم الاجتماعية والمهنية ونبذ العنف في معالجة مشاكل.

٣ـ تشجيع إعادة الفلاحين المشردين والمرحلين الى قراهم و حل المشاكل و التجاوزات الحاصلة بسبب الهجرة الداخلية نتيجة الظروف الاستثنائية التي مر بها الاقليم.

٤ـ تشجيع إبناء الفلاحين للدخول الى المدارس و المعاهد و الكليات المهنية للإستفادة من خدماتهم في المناطق الذي ينتمون اليها.

٥ـ توجيه الفلاحين على الإستفادة من الثروة المائية و استعمال المنظم لها بما يلائم والاقتصاد الاقليم.

٦ـ توعية الفلاحين وتشجيعهم على حماية الغابات والمراعي الطبيعية وتطويرها في سبيل تأمين الغطاء النباتي لأرض كوردستان و تنظيم الصيد والمحافظة على الطيور والحيوانات النادرة.

٧ـ بذل الجهود والمساهمة الفعالة مع الجهات المعنية لمكافحة الأمية في صفوف الفلاحين.

٨ـ تشجيع الفلاحين على إنشاء معامل صغيرة خاصة للإستفادة منها في تصنيع الإنتاج الفائض عن التسويق .

٩ـ تشجيع الفلاحين على ضرورة زيادة إنتاجية المزراع ورفع إنتاجية الوحدة الزراعية تماثل المعدل العالمي.

١٠ـ تشجيع الفلاحين و القطاع الخاص لتأسيس شركات انتاج البذور المحسنة وتأمين المخازن المبردة لحماية الانتاج الزراعي.

١١ـ تشجيع الفلاحين على الزراعة في البيوت الزجاجية و التوجه للإكثار في البستنة في المناطق الاروائية وزراعة أشجار الكروم الديمية في المناطق الملائمة لها.

١٢ـ تشجيع الفلاحين على إدخال المكننة الحديثة واتباع الطرق الفنية و الاساليب المتطورة في الزراعة بقسميها النباتي والحيواني.

١٣ـ بذل الجهود لتوفير السبل الكفيلة بالتنسيق مع الجهات المختصة لتسويق محاصيل

الفلاحين.
١٤ـ ضرورة تطهير الحقول الزراعية والمناطق الطبيعية من الالغام بتعاون والتنسيق مع الجهات المختصة.
١٥ـ العمل على توفير الوسائل الحديثة لمكافحة الافات الزراعية النباتية والحيوانية.
١٦ـ العمل مع الجهات الحكومية أن يكون الاتحاد ممثلاً في اللجان التي تشكل عند الاقتضاء والتي لها علاقة مباشرة مع مصالح الفلاحين.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەم «١٦» برگەیە وەکو ئامانج بەباشمان زانی کەوا بوترێت لە یاساکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو تێبینییانەی دوێنێی هەموو تیادایە، جا ئەگەر تێبینی تر هەبێت، ئەوە ناویان دەنوسین، کاک د.إدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە بکرێتە دوو برگەی جیا: ١ـ تشجيع الزراعة في البيوت الزجاجية. ٢ـ تشجيع الفلاحين على إنشاء معامل للصناعات الغذائية. چونکە بەرهەمی بیوتی زجاجی ئەوەندە نییە بەکەڵکی صناعاتی غیزائی بێت، هەروەها لە رووی ئابووریەوە زەرەرە، ئەو بەرهەمە بۆ ئەوکات و وەرزانەیە کە سەوزە زراعەتی نایبنیت، بۆ نمونە کارگەی دۆشاوی تەماتە دەبێ لە وەرزی هاوین کە بەرهەم زۆر و زیادە لە پێویست، هەروەها هەرزانە دەبێ تەماتەکە لە جوتیار وەربگرێت، بەڵام بەرهەمی بیوتی زوجاجی لە کاتی زستان کەمە و نرخی گرانە لە روی ئابوریەوە زەرەرە بۆ کارگە، هەروەها ئەوەی لە دەقی برگە هاتووە (صناعات خفيفة)نییە، بەڵکو (صناعات غذائية)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی «٨»دا هاتووە «تشجيع الفلاحين على إنشاء معامل صغيرة خاصة للإستفادة منها في تصنيع الإنتاج الفائض عن التسويق »، سوپاس.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جارێکی تر تاکید دەکەمەوە کە معامل صغیرە لەگەڵ صناعاتی غذائی دوو شتی جیاوازن، بەروبوومی جوتیارانە لە صناعاتی غذائی بەکار دەهێنرێت بە زۆری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرج نییە تەنها کارگە بۆ دروست کردنی خواردەمەنی بێت، لەوانەیە کارگەیەکی بچووکی خوری هەبێت کە مافوری لێ دروست بکات، جا بۆ ئێمە بڵێین کارگەی «المواد الغذائیە»، بەڵکو با بەپێی پێویستی خۆی بێت، بۆ نمونە گوڵەبەرۆژەی زۆرە کارگەی رۆنی دادەمەزرێنێ، یان خوری هەیە کارگەی رستن وچنین دادەنێت، لەبەر ئەوە بە رەهاییمان داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لە راستیدا دوو شتی جیاوازن کارگەی بچووک و «الصناعات الغذائیە» لەسەر ئاستی حکومەت، جا «وتشجیع إنشاء الصناعات الغذائیە»ەشی بخرێتە سەر لە هەمان بڕگەدا.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بڕگە «٨» بەم شێوەیەی لێ هات:(تشجیع الفلاحین علی إنشاء معامل صغیرة خاصة للإستفادة منها في تصنیع الإنتاج الفائض عن التسویق، و تشجیع إنشاء الصناعات الغذائیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟، نییە، لیژنەکان پەسەندی دەکەن، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٤»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی «٤» پەسەند کرا، ماددەی «٥» فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

الفصل الثاني

١ـ شروط العضویة

المادة الخامسة:

شروط العضویة:

١- ان يكون الفلاح من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.
٢- ان لايكون محكوماً بجناية غير سياسية او بجنحة مخلة بالشرف.
٣- أن يمتهن الزراعة كمهنة رئيسية له بقطاعيها النباتي والحيواني وهم:
أ- الذين وزعت عليهم أراضي الاصلاح الزراعي.
ب - المستأجرون(وهم الذين خصصت لهم الأرض لقاء أجر).
ج - الفلاحون والعمال الزراعيون ضمن إطار عمل الاتحاد.
د - خريجو الإعداديات والمعاهد الزراعية من المتفرغين الزراعيين غير الملتزمين بأعمال أخرى كالعمل الوظيفي مثلاً.
٤- أن لايقل عمره عن (١٦)سنة.
٥- أن يكون من سكنة المنطقة التي تقع فيها الارض أو المشروع الزراعي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی «٥» فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە وەكو لیژنەی یاسا بڕگەیەكی تری بخرێتە سەر بە زنجیرەی «و»: (المادة الخامسة:
١- اضافة فقرة جديدة الى نهاية الفقرة(٣)ليكون تسلسلها(و)وتصاغ كالاتي:
(و- اصحاب الملكيات التي لاتزيد مساحتها عن(١٥٠)دونم).
٢- نقترح الغاء الفقرة (٥)من هذه المادة.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پاش «د» «هـ» دێت، جا دەبێت «و» بكەنە «هـ»، ئەمە پێشنیاری لیژنەی یاساییە، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیی ئێمە زمانەوانییە كە ئەویش ( المادة الخامسة الفقرة (٣- د): حذف حرف الواو قبل كلمة (الوظيفي)وحذف كلمة (مثلاً)وتكون نهاية الجملة كالآتي (كالعمل الوظيفي).)، سەبارەت بە پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی، ئەگەر بڕگەی «هـ»ی بۆ زیاد بكرێت بە رای ئێمە بەو شێوە بێت باشترە« اصحاب الملكيات التي تقل مساحتها عن(١٠٠)دونم»، سەبارەت بە بڕگە«٥»یش بەرای لیژنەی ئێمە وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە جوتیارێك لە شار دانیشێت و نەڕواتەوە بۆ دێكەی خۆی و، هەر وەكو هەمان جووتیار حیسابی بۆ بكرێت كە لە گوند دانیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵی، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مادەی پێنجەم/

برگە(٣ـ ب)، بەڵام لێرە لای ئێمە بڕگە (٣ـ جـ)ە(الفلاحون) لاببرێت.

برگە(٣ـ د ) (کالعمل الوظیفي مثلاً) لاببرێت.

برگە(٣ـ هـ ) زیاد بکرێت بەم شێوەی خوارەوە:

ه ـ أصحاب الملکیات الخاصة.

برگە (٥) لاببرێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێوە لەگەڵ ئەوەدان کەوا مەساحەکە بە رەهایی بمێنێتەوە و، هەرچەند بێت موشکیلە نییە، هەروەها مەرجیش نییە خەڵکی ئەو جێگایە بێت، یا لەو شوێنە دانیشتبێت، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبنییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، بەراستی دەبێت ئەم ماددیە بە وردی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، چونکە چەند رایەکی جیاوازی لەسەر هەیە، کە هەریەکە پەیوەندی بە ئسلوبێکی بەرهەم هێنانەوە هەیە، لەلایەک دەیانەوێت ئازادی کات بە تەواوی، لایەکی تر کە لیژنەی داراییە دەیەوێت دیاری بکات، لایەکی تریشیان کە لیژنەی یاساییە حەلێکی ناوەندی بۆ دۆزیوەتەوە، ئەو بەڕێزانەی کە ناونووسی خۆیان کردووە بۆ گفتوگۆ کردن ئەم بەڕێزانەن، د.رزگار، سعید یعقوبی، شێخ رقیب، أحمد علی عمر، إبراهیم سعید، حمید میران، بەڕێز د.ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی لیژنەی یاساییەوە بۆ زیاد کردنی بڕگەی«هـ» شتێکی باشە، بەڵام دیاری کردنی ئەو دۆنمەی کە دانراوە، بەلای منەوە ئەو ژمارەیە کە دانراوە نادیارە، چونکە وەکو جەنابت فەرمووت ئەبێت ورد بین، ئەگینا شتێکی باشە، سەبارەت بە بڕگە«٥»یش، ئەگەر نەمێنێت باشە، چونکە جووتیار هەیە گوندەکەی نزیکی ناحیەیە، لە گوندەکەی خۆی ناژێ و لەو ناحیەیەی کە نزیکی گوندەکەیەتی دەژێت، بۆچی ئێمە بێ بەشی کەین، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەو خاڵە هەڵگیرێت، جا منیش پشتگیری لە رایەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــــاسم مـــــحــــــمــــــد قـــــاسم:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لە عێراقدا هیچ تاوانێک بە ناوی تاوانی سیاسی نەبووە، هەمووی بەناوی تاوانی «جرائم مخلة بـالشـــرف» بووە ئەویش سەر بە حزبێکی تر، ئەگەر هەر کەسێک پەیوەندی بە حزبێکی ترەوە هەبێت جگە لە حزبی بەعس، ئەوە بە تاوانی «مخلة بالشرف» دادەنرێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی کەس نەبێت بە قـوربانی «مـا لم یرد لە إعتبـار» بخرێتە کـۆتای بڕگـە«٢»، بەئیعتبار ئەو یاسایە هەڵنەوەشاوەتەوە، دووەم، بڕگە«٤» دەڵێ:«ان لا یقل عمـره عن ١٦سنة»، لای ئێـمـە «سن الرشد» «١٨» سـاڵە، جـا نازانم ئەمـە جیـاوازی ناکـات لەگـەڵ ئەوەی کـە سن الرشدی یاسـاییە سەبارەت بەو کەسەی کە پەیوەندی بە یەکێتی جوتیـارانەوە دەکات، سێیەم، پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی بە باش دەزانین و پشتگیری لێ دەکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز مــحــمــد ســعــیــد أحــمــد یعــقــوبی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من داوا دەکـەم مـەلاک کـە ڕووبەری زەویەکـەی لە «١٥٠» دۆنم پتـر نەبێت ببێت بە ئەندام لە یەکـێـتی جـووتیـاران، چونکە یەکـەم: لە بڕگـەی «أ»، لە بڕگـە«٣»ی مـاددە «٥»یشـدا هاتووە دەڵێت:(جوتیار ئەو کەسەیە کە ئیسلاحی زراعی زەوی داوەتێ و ئێستا بووەتە مەلاک) ئەویش مـەلاکە وەکـو مـەلاکی تر و، زەویش تـاوەکـو «١٢٠»دۆنم بەسـەر جـووتیـارەکـاندا دابەش کـراوە بەگـوێرەی یاسـای ئیسـلاحی زراعی ژمـارە «١٧٧»سـاڵـی ١٩٧٠، خاوەن ئەو «١٢٠» دۆنمە کـە جـووتیـار بـووە، ئەندام بووە لە یەکـێـتی جـووتیـاران، دووەم، دوایـن یاسـای ئیسـلاحی زراعی کـە ژمـارەکەی «٩٠»ە لە ساڵی ١٩٧٥ دەرچووە ئەو یاسایەیە کە ئێمە ئێستا لە کوردستاندا کـاری پێ دەکـەین، بەرزترین ڕادەی کـردووە بە «٣٠٠» دۆنم لە سـاڵـی ١٩٧٥، بەڵام ئێـسـتـا کـە سـاڵـی ٢٠٠١ مەگەر تاکە تاکە جـووتیـار هەبێت کە «٣٠٠» دۆنمیـان مـابێت، ئەوی تریان یا مردووە و دابەشی سەر میراتگرانی کراوە و، یا ئەو «٣٠٠» دۆنمە لێی فرۆشراوە و کەمێکی لێ مـاوەتەوە، سێیەم، جووتیـار بە تراکـتـەر دەچێنێت و بە دەرِاسە دەدوورێتەوە، هەروەها مـەلاکیش بەهەمـان شێـوە کـار دەکـات، چوارەم تێکەڵاو کردنی ئەو دوو چینە پەیـوەندییـەکـانی ناو کـۆمـەڵ توند تر و بەهێزتر دەکـات و، جیاوازی چینایەتی لە یەکتر دوور دەخاتەوە کە ئەمەش لە ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، پێنجەم جووتیار و مەلاکیش دەبێت هەردووکیان زەویەکانیان ئەگەر بچێنن ئەوە بەرهەمی کشـتوکاڵی زیاد دەکـات و، ئەمـەش بەشداری کـردنە بۆ پێشـخسـتنی کـوردسـتـان و سـوود گـەیانـدنە بە بوژاندنەوەی ئابوری وڵاتەکـەمـان و بوارەکـانی کـشـتـوکـاڵیش بە ڕووەکـی و

ئاژەڵییەوە بەرەو پێشەوە دەبات، ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن لیژنەی داراییەوە پێشکەش کرا کەوا لە «١٠٠» دۆنم کەمتر بێت، ئێستا یاسای ژمارە «٩٠» کە بەرزترین رادەی داناوە بە «٣٠٠» دۆنم، ئەگەر لە «٣٠٠» دۆنم کەمتر بێت بە مەڵلاک دانانرێت، بەرزترین رادەی بە «٣٠٠» دۆنم، جا نازانین ئەم «١٠٠» دۆنمەی لە کوێوە هێناوە، هەرچەندە لە یاسای ژمارە «١١٧» تاوەکو «١٢٠» دۆنم زەوی بەسەر جووتیاردا دابەش کراوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ رقیب فەرموو.

**بەڕێز رقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم برگەیەک زیاد بکرێت کە ئەویش مەرجێک بێت بۆ سەر ئەوانەی کە مەرجەکانی ئەندامەتییان تیادا هەیە و، ئەوانەش ئەو کەسانەن کە هەڵسووکەوت بەو زەوییە کشتوکاڵیە میریانە دەکەن لە دێر زەمانەوە و، بێ ئەوەی کە تەسویە کرابێت لە ناوچەکانیاندا، تەنها جووتیارە و تاوەکو ئێستا کاری جووتیاری کردووە، بەڵام تەسویە نەچووەتە ناوچەکەیان و زەوییەکانیشیان کەشف کراوە، بەڵام ئیسپاتی یاسایی نەکراوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم کەوا برگەیەکی تر زیاد بکرێت بۆ برگەی سێ لە ماددەی «٥»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی«٣»، سیستەمی ئێمە سیستمێکی کراوەیە، ئێمە نیزامێکی سەرمایەدار نین و ئەو توانایەشمانە نییە، بەڵام ئێمە یاساکانمان هەموو دەگرێتەوە ئەویش بۆ هەژار و پارەدار وەکو یەک، بە بۆچوونی من ئەم یەکێتی جووتیارانەش هەموو کەسێ بگرێتەوە، با لەسەر موڵک دیاری نەکرێت، وەکو ئەوەی کە موڵکی بە «٣٠٠» دۆنم دیاری کردووە، بەتایبەتی ئێستا کەوا خەڵکێکی زۆر دەتوانن کشتوکاڵی بکەن بە مەکینە، رەنگە ئەو کاتە پێویستییان بە کۆیلە و کرێکار و جووتیار هەبووبێت، بەڵام ئێستا ئێمە لەو قۆناخە تێپەڕیوین و با یاساکە کراوە بێت، هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبێت پەیوەندی بە یەکێتی جووتیارانەوە بکات،سەبارەت بە برگە«٤»یش حەز دەکەم هەندێک لەسەری راوەستم، ئەویش بۆ تەمەنی جووتیار بە «١٦»ساڵ دیاری کراوە، ئەویش پرسیارم کرد وتیان لە گوندەکان جووتیار لە «١٥ و١٦» ساڵ ژن دێنێ، بەڵام لە یاسادا ئەهلیەتی یاسایی لە «١٨»ساڵەوەیە و، مێردمنداڵ «حدث» تاوەکو دەگاتە «١٧»

ساڵی، هەتاوەکو ئەندامانی قوتابیانیش لە «١٦» ساڵەوە مافی بەشداری کردنیان ئەبێت لە هەڵبژاردن، باشە ئەمە لە «١٦» ساڵییەوە ئەرزی ئەدەیتێ، ئایا ئەوە ئەو ئەهلیەتەی هەیە، یا هەڵسووکەوتی تەواوی پێ دەکات و نایفرۆشێت، بە رای من ئەو «١٦» ساڵە بۆ تەمەنی جووتیار کەمە، بەڵکو «قاصر»یشە لە رووی یاساییەوە، بەڵام رەنگە پێشتر یاری بە تەمەن دەکرا لەبەر هەندێ هۆ، هەبوو تەمەنی «٢٠» ساڵ بوو، بەڵام لە رەگەزنامە «١٥» ساڵ بوو، بە رای من ئەگەر ئێستا لە کوردستاندا ئامارێک بکرێت باوەڕ ناکەم «١٠»کەس هەبێت کە لە «١٦» ساڵی ژنی هێنابێت، بەڵکو ئەوە حاڵەتێکی زۆر کەمە، تێبینییەکی تریشم هەیە کە زمانەوانییە، «شروط العضویه» بوترێت «یشترط فی العضو ان یکون»، چونکە «ان یکون»ە زۆر جار دووبارە بووەتەوە، جا بۆ هەر یەکەم جار نەوترێت، جا وای لێ بێت کە هەر لە سەرەتاوە بوترێ «یشترط في العضو ان یکون»، «١ـ من مواطني الاقلیم. ٢ـ غیر محکوم بجنایة غیر سیاسیة. ٤ـ لا یقل عمره عن ١٦ سنة. ١٥ـ من سکنة المنطقة........» بەو شێوەیە تاوەکو خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز أحمد علی عمرفەرموو.

**بەڕێز أحمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەگەر برگە «٥» گشتگیری تر بێت باشترە، «في المنطقة الذي تقع فیه أرضه الزراعیة»، سەبارەت بە پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییش کە دەڵێ (أصحاب الملکیات الخاصة) ئەگەر کراوە بێت تاوەکو «٣٠٠» دۆنم باشترە، بەرای منیش «١٥٠»دۆنم کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حمید سلیم میران فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو «١٦» ساڵەی کە لە برگەی «٤»دا هاتووە، ئەگەر بکرێتە «١٨» ساڵ باشترە، چونکە «سن الرشد»ە و، باسیش کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من پێم باشە و، وەکو ئەوەی کە هەمووتان باش دەزانن لەمەو دوا هەڵسووکەوت لەگەڵ

جووتیار دەکەین، لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی، لەبەر ئەوە ئەگەر حیسابی مولکیاتی بچووک بکرێت، بە قەد جووتیاران ئێمە مولکیاتی بچووکمان هەیە، جا ئێستا ئێمە ئەگەر دیاری نەکەین بە رووبەر و بڵێین «ملكيات الخاصة» جا ئەوە «١٠٠ یا ٢٠٠» دۆنم بێت، پێویستە لە رێگای جووتیارانەوە ئەو ئیشانەی بۆ بکرێت تاوەکو خزمەت بکات، ئەگەر بەراوردیشیان بکەین ئەو «مولکیات الخاصة» بەرهەمیان زیاترە لە جووتیاران، هەمیشە ئیشیان باشتر کردووە و زەوییەکانیان باشتر بردووە بە رێوە و، لە جووتیارەکان باشتر ئیشیان کردووە، لەبەر ئەوە نابێت ئێمە بێ بەشیان بکەین، بە ژمارەش رەنگە دەیان هەزار بن لە کوردستاندا، ئەگەر ئێمە رووبەری زەویەکان دیاری بکەین ئەو کاتە ئیشەکانیان هەتاوەکو لە وەزارەتی کشتوکاڵیشدا ناروات بە رێوە، جا لەبەر ئەوە پێمان باشە ئەوانیش وەکو جووتیاران مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و، پابەندیشیان هەبێت بە جووتیارانەوە و هاوکاریش لە نێواندا دەبێت، سەبارەت بە جێگاش مەرج نییە هەر لەو جێگایە بێت، لەوانەیە یەکێک موڵکێکی هەبێت دێت کشتوکاڵی تیا دەکات و لە شوێنێکی تریش نیشتەجێیە، بەڵکو لەوانەشە بە شێوەیەکی باشتر ئەو ئەرزە بەرێوە بەرێت، بەراستی ئەو دووخاڵە زۆر گرنگە کەوا دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ تێبینییتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک د.رزگار و کاک إبراهیم سعید و چەند ئەندامێکی تر سەبارەت بەو «١٦» ساڵە، ١٦ساڵ لێرە مەسەلە لە یاسا (اصلاحی زراعی) مەسەلە زیاتر لیاقەی بەدەنیە نەک ئەهلیەت، واتا لە ١٦ کەمتر ناتوانێ کاری کشتوکاڵی بکات،ئەگەر گەیشتە ئەو رادەیە وەکو ئەندامێکی گشتوکاڵ ئەوە بکات، واتا لە یاسای ئیسلاحی زراعی ١٦ ساڵی بۆتە پێوانەیەکی ستاندارت بەو ئیعتبارەی کە دەتوانێ ئەو کارە بکات، لە هەموو یاساکاندا ئەوە هاتووە، باسی ئەوە کرا کە ئەهلی هەیە دەفرۆشێ، ئەوە مولکیەی خاصە نییە ئەوە موڵکی ئیسلاحی زراعیە، هیچ جوتیارێک مافی هەڵسوکەوتی زەویەکەی نییە، بەهیچ شێوەیەک نە دەتوانێ تنازول بکات نە دەتوانێ بیفرۆشێ و نەدەتوانێ بە کرێی بدات، هەر یەکێک ئەو کارانە بکات زەویەکەی لێدەستندرێتەوە دەدرێتە کەسێکی تر،لە بەر ئەوە تەنها بۆ کاری کشتوکالیە ،و تقدیریش وایە کە لە ١٦ ساڵی دەتوانێ کاری کشتوکاڵی بکات، بابەتەکە هەر ئەوەندەیە و لەسەر ئەو بنەمایەیە، شێخ رەقیب گوتی ئەو ناوچانەی تەسویە نەکراون ئەوانیش بگرێتەوە، ئەوان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانەی کە تەسویە نەکراوە بە گوێرەی یاسای ئیسلاحی زراعی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، کە بەو یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ کرا جا یان گرێبەستە یان دابەشکردنە. لەبەر ئەوە لە

هەردوو حاڵەتدا دەیان گرێتەوە، و دەتوانن ببنە ئەندام لە کۆمەڵەی جوتیاران، لەبەر ئەوە پێویست نییە بە یاسایەکی تایبەت بکرێت،چونکە ئەوانە وەکو زەوی اسلاحی زراعی لێهاتووە، ئەمیریەکان بوونەتە زەوی ئیسلاحی زراعی هەر وەکو ئەوەی ئیستثناء کراوە هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەوەی تر واتا ئەو ئەمیریەی کە تەسویە نەکراوە لەگەڵ ئەوەی تر هەر هەمان حوکمی هەیە یان بە گرێبەست دەکرێ بە ئیجار یانیش بە دابەش کردن دەچتە سەرێ، لەبەر ئەوە ئەو جوتیارانە دەیان گرێتەوە لەبەر ئەوەی بە مەلاک حساب ناکرێن چونکە زەویەکانیان ئەمیریە. سەبارەت بە برگەی پێنجەم، ئەوە مەرجەکانی ئەندامیەتیە، ئەندامیەتی لە کۆمەڵە کشتوکاڵیەکان ئیجباری نییە مەسەلە مەسەلەیەکی ئیختیاریە، یاسا ناڵێ هەموو جوتیارانی کوردستان ئەندامن لەو کۆمەڵەیە، وەکو ئەوەی لە یەکێتی مامۆستایان هاتووە کە دەڵێ هەموو مامۆستایەک ئەندامە لە یەکێتیەکە، لێرە ئیختیاریە کە دەڵێ دانیشتووی ناوچە کشتوکاڵیەکەی بێت، کەسێک پرۆژەیەکی کشتوکاڵی لە کەلەک هەیە بەخۆی لە دێیەکی ناوچەکە دانیشتووە، باشە بۆ مافی نەبێت ببێتە ئەندامی جەمعیەی فەلاحی، دەبێ ماڵی بباتە کەلەک و لە نزیکی پرۆژەکەی بێت ئەوجا دەبێتە ئەندام، ئەندامیەتی پەیوەندی بە شوێن نیە، ئەوە پەیوەندی بە دابەش کردنی زەویە لە یاسای ئیسلاحی زراعی زەوی دەدرێتە ئەو جوتیارەی کە لەسەر زەویەکەیە یان نزیکی زەویەکەیە، یان ئەگەر نەبێت پێ بەپێ دور دەکەوێتەوە، ئەوە سەبارەت بە دابەش کردنی زەویە پەیوەندی نییە بە ئەندامیەتی جەمعیەی فەلاحی، خۆ لێی داوا ناکرێ کە ئەو جوتیارە کە دەچێت گرێبەست نیشان دەدات یان سەنەدی موڵکایەتی نیشان دەدات، یان ئەگەر جەنابتان پەسەندتان کرد ئەوە سەنەد نیشان دەدات، کەس پێی ناڵێ تۆ لە کوێ دانیشتووی، یان گرێبەستی هەیە لەگەڵ ئیسلاحی زراعی یان بەشی هەیە یان مەلاکە،لەو سێ حاڵەتە بە مەرجێ دانیشتویی کوردستان بێت، مەرجی دانیشتن لە کوردستان زۆر گرنگە، نەوەک زەوی ئیسلاحی زراعی بدرێتە کەسانێک و لە کوردستان نەمێنن، بۆیە نەگوتراوە (او مقیما) لەبەر ئەوەی خۆی دەبێ مقیم بێت، بۆیە مادام مقیمە لە کوردستان مافی ئەوەی هەیە بێتە ئەندامی جەمعیەی فەلاحی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. لطیف فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لیژنەی کشتوکاڵ رامان وا بوو کە برگە پێنج لابرێت، بەڵام وا پێدەچێت لەو پرۆژەی کە پێشکەش کراوە مەبەستیان ئەو کەسانە بێت کە بەزۆری لە کۆمەڵگاکان دانیشتوون و وەکو مەرجێکی بەزۆر بێت تاکو خەڵکەکە بگەرێتەوە دێکانیان، من وا هەست دەکەم ئەگەر نا هیچ مانایەکی تر لەو برگەیە نییە، واتا وەکو جەختێک بێت بۆ ئەو خەڵکەی لە کۆمەڵگاکان

دانیشتوون و زەویان لە لادێکان هەیە، لەوانەیە بۆ کۆچی پێچەوانە بێت، ئەگەر رایەکەم باش بێت حەز دەکەم چاوێک بەو بڕگەیەدا بخشێندرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەعید یعقوبی فەرمووی بەپێی یاسای ۱۱۷ زەوی کشتوکاڵی دابەش کرایە سەر جوتیاران، هەر جوتیارێک ۱۲۰ دۆنمی وەرگرتووە و بوون بە مەلاک، جوتیار بە پێی یاسای کارپێکراو هەر بە جوتیار دەمێنێتەوە، ساڵانە کرێی ئەو زەویە دەداتە وەزارەتی کشتوگاڵ و ئاودێری هەرێم، نە لە تاپۆ بەناوێ تۆمار دەکرێ و نە بە مەللاکیش دادەندرێ، وەزارەتی پەیوەندی داریش دەتوانێ ئەگەر ساڵێ دوو ساڵ بە کاری خۆی هەڵنەستا دەتوانێ لێ وەرگرێتەوە.

پرسیاری دووەمی ئەوە بوو دەڵێ لیژنەی دارایی ئەو (۱۰۰) دۆنمەی لە کوێ هێناوە؟ بەپێی یاسا کارپێکراوەکان مولکیەی زراعی ۱۰۰ دۆنمە، واتا ئەوەی ۱۰۰ دۆنمی هەبێت بەپێی یاسا کارپێکراوەکان حساب دەکرێ بە مەللاک، لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی پشتی بەمە بەستاوە، بەڕێز کاک سەعید یاسا ناسە، دەبوایە بیزانیبا کە بۆ چی لیژنەی دارایی دەڵێ کەمتر لە ۱۰۰ دۆنم، بەڵام نازانم لیژنەی یاسا بۆ چی دەڵێ ۱۵۰دۆنم. ئەگەر بەپێی یاسا کارپێکراوەکان بێت مەلاک تاکو ۳۰۰ دۆنم مافی هەیە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆ چوونەکانی کاک ئیبراهیم سەعیدم، دەبێ ئاگامان لەخۆمان بێت لە یاساکانی پێشتر ئەو بەربەست و تەگەرانەی هەبوون دەبێت ئێمە کەمیان بکەینەوە، تاکو جوتیار ئازاد بێت، منیش لەگەڵ ئەو بۆچونانەم، بۆ نمونە ئێمە رێگا دەگرین لە کەسانێک کە چوونەتە دەرەوەی هەرێم کە دەبێت لە ئەندامیەتی بکەوێ، باشە بۆ ئەندامێکی حزبێک ئەندامیەتی لێناستێندرێتەوە دوای ٦مانگ یان ساڵێ دێتەوە، بۆچی ئەندامێکی ئەو جەمعیەیە بڕواتە دەرەوە ئەو مافەی نییە؟ ئەوە یەک. دووەم. بابەتی رووبەر لەنێوان برادەرانی یاسایی و کاک سەعید یعقوبی، بەپێی زانیاری من وابزانم دوو رووبەر هەیە یەکێکیان سەقیە ئەوەی تر دێمیە، دێمیەکە زۆرە ۳۰۰ بەڵام

سەقیەکە کەمە، ئەوە جێگیر دەکرێ، جا ئەگەر پرۆژەیەکی پیشەسازی خۆراک بێت یان حقولی دەواجن بێت ئەوە دەبێ ٣٠٠ دۆنم بێت، بەڵام ئەگەر سەقی بێت ناکرێ ٣٠٠ دۆنم بێت دەبێ کەمتر بێ، جیاوازیەک هەیە لە نێوان ئەوە و ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای عێراقی نییە ١٠٠ دۆنم ئیعتبار بکات بە موڵکیەت، یاسایەک دەرچووە پێی دەگوترێ یاسای (الوحدة الاقتصادية)بەشێک ئەگەر ١٠٠ دۆنم کەمتر بێت قابیلی جیاکردنەوە نییە، هاوبەش دەمێنێت لە نێوان شەریکەکان، واتا کۆمەڵێ شەریک زەویان هەیە ئەگەر موڵکیەتی هەر یەکیان لە ١٠٠ دۆنم کەمتر بێ قابیلی جیاکردنەوە نییە، بەس ناڵێ ئەگەر ١٠٠ دۆنمی هەبوو بە مەلاک ئیعتبار دەکرێ ئەگەر لە ١٠٠ دۆنم کەمتر بوو مەلاک نییە، شتی وا لە هیچ یاسایەک نەهاتووە ونیشە، باوڕ ناکەم لە یاساکانی دنیاش هەبێ نەک هەر هی عێراق، ئەوە یەک . دووەم ئەوەی جەنابی کاک یونادم فەرمووی ئەوە لە بنەڕەتدا لە یاسای ئیسلاحی زراعی هەموار کراوە ، ٤٠ دۆنمی سەقی بەرامبەر ٣٠٠ دۆنمی دێم ئەوە یاسا باسی کردووە تەنانەت بە پێی بەروبووم فەرق دەکات ٤٠ دۆنم ١٢ دۆنمە ئەگەر توتن بێت ئەگەر برنج بێ ٤٠ دۆنمە واتا هەر کشتوکاڵێک بەرامبەر ١٢٠ دۆنم سەوزەواتە، بۆیە هەر بەروبومێک ناوچەکە چی لێ دەروێندرێ بەو پێیە رووبەرەکەی دیاری کراوە، لەبەر ئەوە ئەمە گرفت دروست ناکات،کە ئێمە گومان مەلاکی بچوک ١٥٠ دۆنم یان ٣٠٠ دۆنم لەبەر ئەوەی یاسا هاوکێشەیەکی هەیە کە ٣٠٠ بەرامبەری ئەوەندەیە، کاتێ ئێمە ١٥٠ دۆنمەکەمان دانا لەسەر ئەو بنچینەمان دانا کە دەکرێ جوتیار تاکو ١٣٠ دۆنم وەربگرێ لە سەرویی هێڵی باران بارین ، لە خواروی هێڵی باران بارین تاکو ٢٠٠ دۆنم جائیزە جوتیار عەقد بکات لەگەڵی کە هی دابەش کردنی لەسەر دابەش بکرێ، لەسەر ئەو ئیعتبارەی کە سەرووی هێڵی باران بارین ١٠٠٠ بوو ئەوە خوارووی هێڵی باران بارین ٢٠٠٠ دەبێت، لەبەر ئەوەی وەکو چارەیەکی ناوەندی ١٥٠ ، بە هەر حالەتێک ئیعتبار دەکرێ جوتیاری زۆر کەممان هەیە لە خوارووی هێڵی باران بارین ، زۆربەی لە سەرووی هێڵی باران بارینە ١٥٠ دۆنمەکە ئیعتبار دەکرێ تاکو ئەو پەیوەندیە لە نێوان جوتیار و مەلاک وا لێک نەدراوەتەوە کەسێ زەوی دەستی بەسەر داگیرایە ٣٠٠ دۆنمی هەیە لەگەڵ جەمعیاتی فەلاحی ، لەوانەیە حالەتێکی دەروونی دروست بکات ١٥٠ دۆنم لە بنەچەوە یاسا نزیکی نەبووە و لە یەکەی دابەش کردنیش نزیکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سەفر فەرموو.

**بەڕێز سەفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای دەبینم یاسای ئیتیحادی فەلاحی وەکو یاسای کرێکاران تابعێکی پیشەیی هەیە و دەبێ بەلایەنی کۆمەلایەتی سەیری بکەین، نەوەک یاسایەکی تره، وابزانم لێره ئەگەر بڕگەیەک زیاد بکەین کەئەوەی ١٥٠ دۆنمی هەیە مەلاک بێت و ببێتە جوتیار ، بڕگەی پێنجەم لابدەین، هیچ جیاوازیەک نەما لەنێوان جوتیار و مەلاک واتا تێکەڵمان کرد مەرجی جوتیار لەگەڵ مەلاک جیاوازە و مواسەفاتیشی جیاوازن مەرجەکانی جوتیار لێره هاتووە کە یان کرێگرتەیە یان زەوی ئەمیری هەیە، ئەوە مواصفاتی جوتیارە، ئەوە یەک دووەم یاسای جەمعیاتی فەلاحی مەزایەی بۆ بەرژەوەندی ئەو توێژانە داندراوە، بە تایبەتی ئێستا لە کوردستان زۆر لە گرفتی ئێمە لەسەر ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ دێکان ئاوەدان بکرێنەوە و خەلکەکەی بگەڕێنەوە سەر خاک و زەوی خۆیان لە بەر ئەوە زۆر هۆکار هەنە جا چ سیاسی بێت یان زروفی تر بێت، بۆیە ئەگەر ئێمە لەو روانگەیەوە تەماشای ئەو بابەتە بکەین باشترە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو ماددەیە،کاک رەجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەللاکەی ٣٠٠ دۆنمی هەبێت لەوانەیە هی تر زیاتر سوودی لێ وەرگرێ و بەرو بووم زیاد بکات، مەبەستەکەش ئەوەیە تاکو بە واسطەی جەمعیاتی فەلاحی سوودێکی زیاتر وەرگرێ، چی تێدایە ئەگەر بەرهەم زیاتر بێت وباشتر بێت، سەبارەت بە ١٦ ساڵی تەمەن و ١٨ ساڵی لەوانەیە گوندێک هەبێ ٢٠ ماڵی تێدا بێت هەبێ ٥ کوڕی هەبێت یان ٦ کوڕی هەبێت لەوانەیە تەنگ بە هەندێ خێزانی تر هەڵچنێ، بۆیە ١٨ ساڵی کە تەمەنی روشدە و لەوانەیە ببێتە خودان خێزان و تاکو خۆشی پێبگەیەنێ ئەو کاتە مافی هەبێت ببێتە جەمعیە تاکو پاشی ئەو کاتە پارچە زەویەکی بدەنێ، لە بڕگەی کۆتایی لەوانەیە بۆ هاندانێک بێت بۆ خەڵکی ناوچەکە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ئەگەر خەڵکی شاریش بێت بۆخۆی بکارێ ناسنامەیەک وەرگرێ و لەوێ پارچەیەک زەوی وەرگرێ ، جا وەکو هاندانێکیشە تاکو ئەگەر خەڵکێکیش هی شار بێت و ئەگەر پارچەک زەوی وەرگرێ بگەڕێتەوە دێیەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ رەقیب.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووپاتی ئەوە دەکەمەوە کە جوتیاری ناوچەکانی سەرەوە ناوچەی چیاکان، لە چیا زەوی دروست دەکەن کەچی نە ئیسلاحی زراعی و نە وەزارەتی کشتوکاڵ ئاگای لەو بابەتە نییە و هەر نازانن ئەوانە هەنە ، بەپێچەوانەوە ئەوانە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە، زەوی کشتوکاڵیمان بۆ دروست دەکەن، بەروبومان بۆ زیاد دەکەن، زۆریشیان ئەگەر پێی بگوترێ وەرە گرێبەست بکە، نایکات، لەوانەیە ئەگەر بڵێین زەوی ئەمیریە دەبێت ئەوجا بچێتە جەمعیەی فەلاحی، ئەوە نایەت لەبەر ئەوەی ئەو زەویە بە زەوی خۆی دەزانێت،لەوانەشە جەمعیەکەش کاتێ ئەو جوتیارە بیەوێ ببێتە ئەندامی داوای ئەوەی لێبکات کە بچێت عەقد بێنێت، کە داوای لە ئیسلاحی زراعی کرد دەبێ کرێ بداتە ئیسلاحی زراعی ، لەبەر ئەوە ئەمە هانی کشتوکاڵ نادات، بۆیە دەبێ هەر جوتیارێک هەرچەند کەمیشی هەبیت بتوانێ بچێتە جەمعیەی فەلاحی تاکو حەریس بێت و هاوکاری بکات، دوایی لەوانەیە لە داهاتوودا زەوی ئەمیری دێتە کایەوە دابەش کردن دەبێ و ئەویش بەشی دەبێت لەوانەیە جەمعیەی فەلاحی سوودی بۆئەوانە دەبێ خزمەتگوزاریان بۆ پێشکەش دەکات، ئەوانەی بێ بەش دەبن لە خزمەتگوزاری ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێش راپەرین هەموو مەلاکەکان و هەموو جوتیارەکان ئەندام بوون لە جەمعیاتی فەلاحی بە بێ جیاوازی، بەبێ لەبەر چاو گرتنی رووبەری زەویەکەی، چەندی هەیە یان چەندی نییە بەرهەمی مەلاکەکانیش چەسپاو بوو لەرووی جۆر و بڕەوە لە هی جوتیارەکە باشتر بوو و زۆر مەلاک لەسەر بەرهەمەکەی موکافەئەی وەردەگرت، و ئێستا کە ١٥٠ دۆنم لیژنەی یاسا دایناوە رادەیەکی ناوەندی داناوە تاکو لە یەکەی دابەشکرن نزیک بێت هەر وەکو برای بەڕێزم کاکەرەش ئاماژەی بۆ کرد، و ئەو جیاوازیەی تەبەقی کە کاک سەعید ئاماژەی بۆ کرد نەمێنێ، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ١٥٠ دۆنمەکە لە جێگای خۆیەتی و حەدێکی زۆر مەعقولە و زۆر لەوانەی ماون باوەڕ ناکەم لە ١٥٠ دۆنمیان زیاتر هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکی بچوک برادەران وای بۆ دەچن کە تەمەنی ١٦ ساڵ بێت، بۆ جەمعیەی فەلاحی دەڵێن ئەگەر تەمنی ١٦ ساڵ بێت، وەکو روونم کردەوە جەمعیاتی فەلاحی بە زۆر نییە، ئەو بە ١٦ ساڵی لە ئیسلاحی زراعی زەوی وەردەگرێ، بەپێی یاسای ئیسلاحی زراعی ئەگەر تەمەنی ١٦ ساڵ بێت نفوسی نیشاندا ئەوە زەوی دەدەنێ وجا کە زەویان دایە بۆ نەبێتە ئەندام لە جەمعیاتی فەلاحی، تاکو سوودێکی بۆ ئەو زەویە هەبێت، پەینێکە، تۆوێکە و ماددەیەکە شتێکی ترە، مەرج نییە ئەوەی زەوی وەردەگرێ ئەندام بێت لە جەمعیاتی فەلاحی، نەگۆترایە ئەوەی ئەندام نەبێت لە جەمعیاتی فەلاحی زەوی نادەینێ بە پێی یاسای ئیسلاحی زراعی هەر کەسێ جوتیار بێت لە دێیەک و تەمەنی ١٦ ساڵ بێت زەوی وەردەگرێ، بەس دەبێ ماڵی سەربەخۆی هەبێ و خەڵکی لەو لەپێشتر نەبێت ئەگەر خەڵکی لەو لەپێشتر هەبوو ئەولا ترە، کاک رەجەب فەرمووی کە ٥ یان ٦ کەس بەربەرەکانێ دەکەن، باشە بۆ باسی یان حسابی ماڵێک ناکەی تەنها یەک کوڕیان هەیە تەمەنی ١٦ ساڵە و کەسیان نەماوە و ٥ ، ٦ منداڵی وردیان هەیە و بەخێویان دەکات، زەوی دەدەنێ و کە زەویان دایە بۆ نەبێتە ئەندامی جەمعیە، جەمعیە چ زەرەر دەکات بەڵکو سوودێک بە جەمعیە دەگەیەنێ و هەر نا ئیشتراکەکەی دەدات،ئەگەر نا خۆ زەویەکەی وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزەی دەیەوێ قسە بکات با دەستی بەرز بکاتەوە تاکو بواری بدەین، حاکم سەفەر فەرموو

**بەڕێز سفر محمد حسین :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر روون کردنەوەیەک لەسەر وەڵامی بەڕێز کاکەڕەش، بەراستی لێرە کە ١٦ ساڵ هاتوە هیچ پەیوەندی بە تەمەنی یاسایی نییە کە تەمەنی روشدە کە پەیوەستە بە کڕین و فرۆشتن و زواج و تەلاق و هەموو شتێک، لێرە بۆ بەرژەوەندی جوتیار هاتووە زیاتر بۆ ئەوەیە کە دەرمان و پەین و شتی تر وەرگرێ بۆ ئەوەیە، هیچ پەیوەندی بە تەمەنی یاسایی یەوە نییە، کە لەو تەمەنەدا هەڵوسوکەوتی یاسایی لە ژیان و موڵکی خۆی دەتوانێ بکات ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم برادەران تەمەنی روشد و تەمەنی ١٦ ساڵی کە لەو یاسایەدا هاتووە

تێکەڵ دەکەن، ئەو ١٦ ساڵیە کاریگەرەکەی پیشەییە، کە هۆیە سەرەکیەکەشی کۆمەڵایەتی و ئابووریە، لەبەر ئەوەی زۆربەی منداڵی جوتیارەکان لە تەمەنێکی زوو خێزان دروست دەکەن، ئەگەر کەسێ خێزانی دروست کرد لەسەر حکومەت پێوستە سەرچاوەیەکی دەستکەوتی بۆ دابین بکات، ئەگەر ئەو کەسە توانای ئەوەی هەبێت خێزانێک بەڕێوە ببات بەپێی یاسای ئیسلاحی زراعی هەر وەکو مامۆستا کاکەرەش باسی کرد مافی وەرگرتنی زەوی هەیە، کە حکومەت زەوی خۆی بداتە ئەو کابرایە یان خۆی ئیستصلاحی بکات یان زەویەک بە ئیرث بۆی مابێتەوە، باشە ئێمە بۆ سیفەتی جوتیاری پێ نەدەین، ١٨ ساڵیەکەش، ١٨ساڵ تایبەتە بە تەمەنی یاسایی،ئەگەر بێت وئەو کابرایە تەمەنی ١٦ ساڵ بێت و زەوی وەرگرتبێت ئەوکاتە هەڵسوکەوتێکی یاسایی بکات ئەو کاتە بەپێی تەمەنەکەی کە ١٦ ساڵەکەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ ، زیاد لەسەر ئەوەش ئەوەی ١٥ ساڵ زیاتر بێت دادگا مافی هەیە کە ڕێگای پێبدات کە بازرگانی بکات، کاری بازرگانی زۆر ترسناک ترە و موجازەفە و مضارەبەی تێدایە لە کاری جوتیاری، بۆیە رای من ١٦ ساڵەکە راستە و دروست هاتووە و کاریگەری ئیجابیە سەبارەت بە وڵاتی ئێمە بەو ئیعتبارەی کە وڵاتێکی کشتوکاڵین و زەویەکی زۆرمان هەیە ئیستغلال نەکراوە، ئەو تەمەنانە لە دێکانی کوردستان حەق وایە هان بدرێن تاکو بێنە ناو بوارەکانی ژیان و ئیستصلاحی زەوی کشتوکاڵ بکەن و بەرهەمی کشتوکاڵی زیاد بکەن، و نەبنە ئەرک بەسەر خێزانی خۆی و خێزانی باوک و کەس و کاریان و لەسەر حکومەتیش.

سەبارەت بە برگەی پێنجەم دیاری کردنی زەویەکە با رادەی ناوەراستەکە بێت و سەیری یاسای ئیسلاحی زراعی بکەین بەرز ترین رادەی دابەش کردن چەندە ١٥٠یە ١٢٠ تە ١٠٠تە، ئەوەی زەوی ئیسلاحی زراعی دەدرێتێ، حەدەکە چەند زیاد بێت ناوی جوتیاری لەسەرە، ئیسلاحی زراعی گرێبەست لەگەڵ موڵکدارەکان ناکات، با سەیری یاسای ئیسلاحی زراعی بکەین زۆر ترین رادەی دابەش کردن چەندە ئەو کاتە ئەو رادەیە بکەینە رادەیەک بۆ چونە ریزی جەمعیاتی فەللاحی، لەبەر ئەوەی پێویستە سنوری جیا کەرەوەمان هەبێت لە نێوان موڵک دار و جوتیار ، بە رای من بۆ دوو لایەنی ئابووری و لایەنی کۆمەڵایەتیش سنورێکی جیاکەرەوە هەبێت دوور نییە باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر تێبینیەکەی کاک فەرسەتە، زیاد لەسەر ئەوە مەرجی تەعاقود ١٦ساڵە واتا کرێ گرتە لە ئیسلاحی رزاعی ١٦ساڵە مەرجی خۆیەتی و ئەوەی لەسەریشی دابەش دەکرێ ئەویش هەر ١٦

ساڵە واتا حکومەت زەوی دەداتێ پێش ئەوەی ببێت بە جوتیار، واتا کە ١٦ ساڵ بێت زەوی دەداتێ کە زەویشی پێدا سروشتیە جەمعیاتی فەللاحی لەو ١٦ ساڵە پێویستە قبولی بکات وەکو جوتیارێک، ئەوە بە دراسەت کراوە و بە هەڕەمەکی نەکراوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاک فەرسەت بۆچونەکانی منی باس کرد، تەنها من لێرە خاڵێکم هەیە لە مەرجەکانی ئەندامیەتی باسی جوتیار ناکات ئەو جوتیارەی کە موڵکیەتی زەوی هەیە، واتا هیچ رادەیەکی بۆ دانەناوە، حەق وایە باسی بکرێ هەر چەندە کاک فەرسەت هەندێ بۆی چوو، لە مەرجەکان ئەو جوتیارەی کە خاوەنی موڵکە، کە لە یاسای ئیسلاحی زراعی پێی دەگوترێ خوردە مالیک، ئەوانە مافی بە ئەندام بوونیان هەیە یان نیتیان؟ و ئەگەر ئەوانەی ئەو مافەیان هەبێت ، باشە مەلاکەک کە ١٠٠ یان ١٥٠ دۆنمی هەیە بۆ نەبێتە ئەندام؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دوغرمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیادە لەسەر تێبینیەکانی کاک فەرسەت ، یەکەم لەیاسای باری کەسی دەڵێ ئەوەی ١٦ ساڵی تەواو کرد دەتوانێ ژن بێنێ بە مۆڵەتی باوکی لە یاسای چاودێری بێنەوایان پاش هەموارەکەی لە سالانی هەشتایەکان دەڵێ هەر کەسێ ئەگەر ژنی هێنا لە تەمەنی ١٦ ساڵیش بوو ئەوە مامەڵەی بالقی لەگەڵ دەکرێ واتا بانکەکان مافی دانان و دەرکردنی پارەی پێدەدات و ئەوە بە یاسا ئەو مافەی پێدراوە، بۆیە ١٦ ساڵ بۆ ئەو بڕگەیەی کە داندراوە رێک و پێکە و نزیکی تەمەنی بالقیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای ئیسلاحی زراعیدا هاتووە ، مولکیاتی گچکە ئەوەی لە چوارچێوەی کۆمەڵە هەرەوەزیەکان بوو، و لە ناو سنوری دابەشکردن بوو ئەوان مافیان هەبوو ببنە ئەندام تەنانەت لە

هەرەوەزی کشتوکاڵی، بۆ نمونە لە قوشتەپە یەکەی دابەش کردن لە ٦٠ دۆنم دابەش کراوە، هەرچی مەللاکیش لە سنوری ٦٠ دۆنم بوو مافی هەبوو ببێتە ئەندام لە هەرەوەزی کشتوکاڵی، لەبەر ئەوە زەویەکان زۆر بە موتەفاوتی دابەش کراون، لەبەر ئەوەی رووبەری زەوی لەبەر چاو گیراوە وگوند هەیە ٨٠ دۆنمی لێ دابەش کراوە گوند هەیە ٥٠ دۆنمی لێ دابەش کراوە، گوند هەیە لە ٤٠ دۆنمیشی لێ دابەش کراوە گوند هەبووە ١٢٠ دۆنمی لێ دابەش کراوە. لەبەر ئەوەی زەوی زۆر بووە و جوتیار کەم بووە بەس ئەقسا رادەی لە باکوری هێڵی باران بارین سەبارەت بە جوتیاران ١٢٠ دۆنمە و لە باشوری هێڵی باران بارینیش ٢٠٠ ە، بۆیە دەتوانین لەسەر ئەو ئیعتبارە بریار بدەین بڵێین کە ٢٠٠ بەرز ترین رادەیە کە جوتیار دەتوانێ وەری بگرێ بەس بە مەرجێ ئەگەر زەوی هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆ نەڵێین لە بەرزترین رادە زیاتر نەبێت لە دابەش کردنا.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو عەرزم کردن زەوی بە شێوەیەکی جیاجیا دابەش کراوە دەترسێین بە هەڵە راڤە بکرێت، بۆ نمونە گوند هەیە جوتیار زۆر بووە و زەوی کەم بووە و ٦٠ دۆنمی لێ دابەش کراوە، شوێن هەیە ١٢٠ لێ دابەش کراوە چونکە بە پێچەوانە بووە، ئەو کاتە دەبێ باسی ئەوە بکەین بڵێین( الحد الاقصى المقرر في القانون الاصلاح الزراعي) ناکرێ بڵێین دابەش کردن بە تەنها، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاد کردنی بڕگەی (هـ) کە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ ئێمە پێشنیارمان کرد (اصحاب الملكيات الخاصة) چونکە زاندراوە زەوی کە بەکار دەهێندێت یان دابەشە یان مولکیاتی تایبەتە، بەپێی ئەوە ئەوەی عەقدی هەیە و زەوی هەیە دەبێ بە ئەندامی ئەو جەمعیەیە، دەمێنێتەوە مولکیاتی تایبەت، مولکیاتی تایبەت یاسا دیاری کردوە یاسای چاودێری رادەی بۆ دیاری کردوە و نابێت لەوە زیاتر بێت، ئێمە مەبەستمان لەوە ئیمتیازاتەکەی کە دەدرێ بە جوتیار، ئەو کەسەی کە لەو سنورە مولیکاتی تایبەتی هەیە پێداویستیەکان وەرگرێ لە پەین و دەرمانی لەناو بردنە، واتا مەبەست شتەکە تەنها ئینتاجیە، لەبەر ئەوەی بە مولکیاتی تایبەت بمێنێتەوە باشترە بە بێ هیچ پابەندیەک ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی هۆکارەکە روونە، دوو بۆچوونی جیاواز لێرە هەیە بۆ چوونێکیان ئەوەیە کە جوتیار لە مەلاک جیا بکاتەوە، ئەو کۆمەڵەیە بۆ جوتیار دروست کراوە تاکو بەرگری لە مافی جوتیار بکات، جوتیارانیش عادەتەن ئەوانەن کە هەژارن و موڵکیەی کەمیان هەیە، جا چ بە ئیسلاحی زراعی بێ یان چ بە موڵکیەی ئەصلی بێت کە بەر ئیسلاحی زراعی نەکەو تووە، لەبەر ئەوە موڵکیەتێکی ئیقطاعی نییە، یان هەمووی تێکەڵ بکەین ، موڵکیەتی هەرچەندێ بێ ، دەوڵەمەند و هەژار زۆر و کەم هەموو تێکەڵاو بکەین و هەموو ئیمتیازاتیان بدەینێ، ئەوەی من دەیزانم هۆی دروست کردنی کۆمەڵەی هەرەوزی جوتیاران بۆ بەرگری کردنە لە زۆرینەی خەڵک و پشتگیری خەڵکی نەدارە و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵەی کە ئەو کەمینە دروستی دەکات، زۆرینەی ئەوانەی کشتوکاڵ دەکەن زیاتر جوتیار و هەژارەکانن، ئەوە فەلسەفەی هەرێمی کوردستانیش بووە و فەلسەفەی هەموو ئەو حزبانەن کە ئەو پەرلەمانەیان دروست کردوە و بەشداریان لە هەڵبژاردندا کردوە و هاتوونەتە ئەو پەرلەمانە، بۆیە وەکو سەرۆکایەتی بوارمان دا تاکو گفتوگۆی لەسەر بکرێ تاکو بابەتەکە مافی خۆی پێبدەین ، بەیانی نەگوترێ بەسەر پێیی شتێکیان کردوە، لەوانەیە لە بنەرەتدا هەنگاوێک بێت بۆ دۆزینەوەی یاسایەک بۆ چارەسەری گرفتی کشتوکاڵی، چۆن ئێمە ئەو دوو چینە بێ ئەوەی غەدر لە هیچێکیان بکەین مافی هیچ لایەکیان پێشێل نەکەین، بەپێی پێویستی هەر لایەکیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، لە یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین تاکو یاساکەمان دادوەرانە بێت و بەرژەوەندی کۆمەڵیشی تێدا بێت بە گشتی، بۆیە ئەو بابەتە زۆر گرنگ بوو، لە راستیدا ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەوەمان لێ قبوڵ بکات من ئەوە راڤە دەکەم، ئیسلاحی زراعی بۆ سەری هەڵدا؟ چونکە جیاوازی هەبوو لە نێوان مەلاکی گەورەو وەکو گوتمان جوتیاری بچوک زەوی لە مەلاکی گەورە وەرگرت ئەوانەی لە رادەیەکی دیاری کراو زەویان زیاتر هەبوو، زەوی لەوانە وەرگرت ودای بەوانەی کە نەیان بوو، ئێستاش ئەو مەلاکەی کە زەویەکەی ئەوەندە نەبووە کە ئیسلاحی زراعی لێی وەرگرێ ئەویش وەکو جوتیار مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ بەس ئەوەی زەوی لەو رادەیە زیاترە، پێویستە لە توێژێکی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، هەر خۆشی لە دڵی خۆیدا خۆی بە توێژێکی تر لەقەڵەم دەدات، بۆ هەندێ شت لەوانەیە رازی بن تاکو پێیان بگووترێ جوتیار تاکو شتێ وەرگرن و بەس عەمەلیەن ئاغا هەر ئاغایە بەگ هەر بەگەو جویتاریش هەر جوتیارە، جا وەرە بە فلان ئاغا بڵێ جوتیار فلان بزانە رازی دەبێت، ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەم پێشنیارەمان لێ قبوڵ دەکات ئیشکالەکەمان چارەسەر دەکات بۆیە ئێمە ئەوە خاڵ بە خاڵ دەخەینە دەنگ دانەوە چونکە پێشنیارەکانی زۆر بوون و جیاجیان هەمووی بە جارێ ناخەینە دەنگ دانەوە،ئەگەر شێخ رەقیبیش تێبینیەکی تری هەبێت فەرموو.

**بەڕێز رەقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیاو هەیە لەسەر زەوی من ئێستا جوتیارە بە بەش، ئەوە مافی نییە داخیلی کۆمەڵەکە بێت و لەبەر ئەوەی نای گرێتەوە با بڵێین ئەو کەسەی لە گوند دادەنیشێ و زراعەت دەکات با بیگرێتەوە جا ئیش لە زەوی من دەکات لە زەوی حکومەت دەکات لە هەر شوێنێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە، چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە،ئەو خاڵەی بۆ شەرح بکەن کە تیایەتی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێیدایە، گوتویەتی کرێگرتەکان هەموو جیای نەکردۆتەوە، نەیگوتووە کرێگرتەکانی حکومەت یان ئەهلی، ئەوانەی کە کشتوکاڵ دەکەن جا لە هەر شوێنێک بێت، جا چ لە لای مەلاکێک بێت یان حکومەت بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ دواجار کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاکە شێخ گوتی (الذین خصصت لهم قطعة ارض ............)ئەو شتێکە و جوتیار شتێکی ترە، لێرە کرێگرتەی حکومەتە و جوتیاری لە زەوی خۆی کار دەکات شتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز شێخ رەقیب فەرمووی تێیدایە، لە برگەی (ج)دەڵێ: ( الفلاحون والعمال الزراعیون ضمن اطار عمل الاتحاد)، ئەوە جوتیارە یان کرێکاری کشتوکاڵیە لە چوارچێوەی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەو یەکێتیە هەموو کوردستان دەگرێتەوە، ئەو جوتیارەی لای کاک شێخ رەقیبیش کار دەکات دەیگرێتەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خاڵ بە خاڵ دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر پێشنیاری تریش هەبێ دەیخەینە دەنگ دانەوە.

ماددەی پێنجەم تکایە خاڵی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش نقـــشـــبـــەندی:**

المادة الخامسة:

شروط العضوية:

١ـ ان يكون الفلاح من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی خاڵی یەکەم لە ماددەی پێنجەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ خاڵی یەکەم بە گشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش نقـــشـــبـــەندی:**

٢ـ ان لايكون محكوماً بجناية غير سياسية او بجنحة مخلة بالشرف.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

ئەو بەڕێزانەی خاڵی دووەم لە ماددەی پێنجەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ خاڵی دووەم بە گشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش نقـــشـــبـــەندی:**

٣ـ أن يمتهن الزراعة كمهنة رئيسية له بقطاعيها النباتي والحيواني وهم:

أـ الذين وزعت عليهم أراضي الاصلاح الزراعي.

ب ـ المستأجرون(وهم الذين خصصت لهم الأرض لقاء أجر).

ج ـ الفلاحون والعمال الزراعيون ضمن إطار عمل الاتحاد.

د ـ خريجو الإعداديات والمعاهد الزراعية من المتفرغين الزراعيين غير الملتزمين بأعمال أخرى.

ه ـ اصحاب الملكيات الخاصة التي لا تتجاوز مساحتها عن حدود التوزيع المقررة في قوانين الاصلاح الدراعي.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە دوو پرسیارمان هەیە،یەکەم (٣ـ أن يمتهن الزراعة كمهنة رئيسية له بقطاعيها النباتي والحيواني يان النباتي او الحيواني ).

ئەوە یەکیان کە دەڵێ(خريجو الإعداديات والمعاهد الزراعية من المتفرغين الزراعيين غير الملتزمين بأعمال أخرى) ئێمە دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵمان هەیە موتەفەرغە.

**بەڕێز: د. لطیف مـــحـــمـــود بەرزنجی:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

موتەفەرغینی زراعی باس بکرێ، لەبەر ئەوەی زۆر لە دکتۆرانی بەیتەری دەرچوانی

ئامادەییەکانی تەندروستی ئاژەڵی موتەفەرغی زراعیین ، تەو حاڵەتە شمولیان ناکات،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بکرێتە (خریجو الإعداديات والمعاهد والكليات الزراعية من المتفرغين الزراعيين...) ئەو کاتە دەتواندرێ بخرێستە ئەو بابەوە .

**بەڕێز: د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو کۆلیژی جیان، ئەگەر ساخ بکرێتەوە باشترە . لەبەر ئەوەی ئەوانە محروم دەبن، ئەگەر بگوترێ (والمتفرغين الزراعيين).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانن بڵێین ( المتفرغون الزراعيون من خريجي الإعداديات والمعاهد والكليات الزراعية...) (والمتفرغين الزراعيين)کافیە، ئەو برگەی شێخ رەقیبیش باسی کرد چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە ئەویش نەقصێکە، خاڵی سێیەم دووبارە بخوێنەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبەندی:**

٣ـ أن يمتهن الزراعة كمهنة رئيسية له بقطاعيها النباتي أو الحيواني وهم:

أـ الذين وزعت عليهم أراضي الاصلاح الزراعي.

ب ـ المستأجرون(وهم الذين خصصت لهم الأرض لقاء أجر والفلاحون العاملون على اساس العلاقة الزراعية ).

ج ـ الفلاحون والعمال الزراعيون ضمن إطار عمل الاتحاد .

دـ المتفرغين الزراعيين غير الملتزمين بمهن أخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە، یەکەم ئەو مەرجانە هەموو لەسەر رووەکیە، ئاژەڵی تێدا نییە، کابرا پرۆژەیەکی مێش هەنگوینی هەیە ئەو چ حەلێکی هەیە، ئەوە یەک. دووەم لەسەر ئەو پارچە زەویەی کە کاک شێخ رەقیب هەیەتی ، کاک شێخ رەقیب خۆی پێ جوتیارە هەر بۆ بەبیر هێنانەوەیەک، من پارچە زەویەکم هەیە ١٢٠ دۆنمە داومە بە کرێ بە جوتیارێک دەمەوێ هەم خۆم هەم ئەویش بە جوتیار دابندرێ، واتا دوو بەش مەواد وەردەگرێ لە جەمعیەی فەلاحی لەسەر یەک پارچە زەوی، حەزم کرد وەکو تێبینیەک ئەوە بڵێم داوای لێبوردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا لە داهاتوودا بە پێی پارچە زەوی مەواد دابەش دەکرێ، بەپێی ئەندامیەتی نا،کاک شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەرەش فەرمووی پەیوەندی زراعی تا رادەیەک واردە وبەلآم بەرامبەر بە بەشێ بەرای من وارد نییە، لەبەر ئەوەی ئەمرۆ من نیوە تۆی دەکەم یان سێیەک دەکەم یان چوار یەک دەکەم بەیانی لەگەلّی ناکەم، چۆن صفەتی جوتیاری بدەینێ کە پەیوەندی سالّێک یان دوو سالّی لەگەلّ بکەم، بە رای من ئەوەی کاکەرەش ئاماژەی پێدا گێژاوی تێدایە، پەیوەندی زراعی قەیدی ناکات، چونکە ئەو جوتیارە هەر بەردەوام بووە، کە برا ئەوە پیشەی کشتوکالّی نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید فەرمووو.

**بەڕێز محمدسعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی سێ لە ماددەی پێنجەم دەلّێ(٣- أن يمتهن الزراعة كمهنة رئيسية له بقطاعيها النباتي اوالحيواني وهم:) بۆ نمونە کەسانێک هەن لە هەولێر خاوەنی ٥٠ کێلّگەی دەواجنە، خاوەنی ٦ یان ٧ هەزار دۆنم زەوی کشتوکالّیە، بۆ ئەغراضی زراعی بەکاری دێنێ و بەکرێ گرتوویەتی، باشە چۆن دەبێ بە جوتیار دابندرێ ؟ لەوانەیە بە سەدان کەس یان جوتیار لە بن دەستی ئەو کار دەکەن، ئەوە یەک .

دوو ئەو حەساسیەتەی کە لەنێوان مەلاک و جوتیار هەیە خۆی بەرای من بە یاسای ئیسلاحی زراعی ئەوە چارە کراوە یاسای ژمارە ٩٠ چارەی کردەوە ئەوەی لە ٣٠٠ پتری هەبێت ئەوەی بە مالیک حساب دەکرێ ، چونکە لە ٣٠٠ کەمتری هەیە بۆیە لێی وەرنەگیرایتەوە، بەلآم بۆ بەکرێ گر ئەو حسابەی بۆ نەکراوە، کابرا ٥٠ کارگەی هەیە بەرهەمی ئاژەلّی دەکات، بەرهەمی هێلکە دەکات بەرهەمی گۆشت دەکات، ئەوە بە جوتیار بژمێردرێ! ئەوە نەقصە لە یاساکە، باشە بۆچی بۆ کابرایەکی کرێگرتە ئەو رادە دانەندرێ کە بەرز ترین رادە دابندرێ تاکو بە جوتیار دابندرێ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ رەقیب فەرمووو.

**بەڕێز ڕەقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێی ناوێ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینیەی کاک شێروان فەرمووی زۆر واردە، لەبەر ئەوەی بابەتی موحاصەصە شتێکی جێگیر نییە، ئەو ساڵ دەیدرێتێ ساڵێکی تر نای درێتێ، لەسەر بنچینەی پەیوەندی زراعی، ئەو کاتە ئەو پەیوەندیە کۆتایی دێت کاتێ مەلاک ئیسپات دەکات کە جوتیار زەوی ئیسلاح زراعی وەرگرتووە، بەگوێرەی یاسا ئەو پەیوەندیە بەردەوامە تاکو ئەو کاتە بۆیە تەرکیز بکەینە سەری و بڵێین (المستأجرون وهم الذين خصصت لهم الأرض لقاء أجر والفلاحون العاملون على اساس العلاقة الزراعية ) نەک لەسەر موحاصەصە لەبەر ئەوەی کاتیەو دەروات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر هەمووی بخوێنەوە، بۆ تێبینیەکەی کاک سەعید وەڵامتان هەیە ئایە ڕادە بۆروبەری زەویەکەی دادەندرێ یان نا؟.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەکرێ گرتەکان لەگەڵ زەوی ئیسلاحی زراعیە وەکو کاک شێخ ڕەقیب فەرمووی موستەئجرون موتەعاقدینن، گرێبەستەکان بەگوێرەی رووبەری زەویە لە چوارچێوەی یەکەی دابەش وەکو عەرزم کردن چۆن دابەش موتەفاوتە لە هەندێ شوێن، تەعاقودیش موتەفاوتە، جێ هەی ٤٠ دۆنمە جێ هەیە ٥٠ دۆنمە، بەس عقودەکان بەگوێرەی ئەو روبەرانەن دیارە سەبارەت بە بەکرێگرتەی ئیسلاحی زراعی رووبەری گەورە نییە، لەهەموو بارێکەوە لە یەکەی دابەشکردن دەرناچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەفەرموون جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبەندی:**

٣ـ أن يمتهن الزراعة كمهنة رئيسية له بقطاعيها النباتي اوالحيواني وهم:

أـ الذين وزعت عليهم أراضي الاصلاح الزراعي.

ب ـ المستأجرون(وهم الذين خصصت لهم الأرض لقاء أجر و الفلاحون العاملون على اساس

العلاقة الزراعية).
ج - الفلاحون والعمال الزراعيون ضمن إطار عمل الاتحاد.
د - المتفرغين الزراعيين غير الملتزمين بالمهن الاخرى.
ه - اصحاب الملكيات الخاصة التي لا تتجاوز مساحتها عن حدود التوزيع المقرر في قوانين الاصلاح الزراعي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی خاڵی سێیەم لە ماددەی پێنجەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ خاڵی سێیەم بە گشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبەندی:**
٤- أن لايقل عمره عن (١٦)سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێرە دوو را هەیە یەکێ دەڵێ ١٦ ئەوەی تر دەڵێ ١٨
ئەو بەڕێزانەی لە خاڵی چوارەم (١٦)ساڵ پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە،ئەو بەڕێزانەی (١٨) ساڵ پەسەند دەکەن؟ لە خاڵی چوارەم سێ ئەندام ١٨ ساڵ پەسەند دەکەن بۆیە بە زۆرینەی دەنگ (١٦) ساڵ پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبەندی:**
٥- أن يكون من سكنة المنطقة التي تقع فيها الارض أو المشروع الزراعي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێرەش زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا کە مەرج نییە لەو ناوچەیە بێت کەزەویەکەی تێدایە لەوانەیە خۆی لەشوێنێک بژی و زەویەکەی لە شوێنێکی تر بێت، ئەوە رای لیژنەی یاسا و لیژنەی کشتوکاڵیشە لە هەمان کاتدا.
ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ئەوەدان کە بڕگەی پێنجەم لەماددەی پێنجەم لابدرێ با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ لەگەڵ ئەمە نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ بڕگەی پێنجەم لەغوو بوو،
هەموو ماددە پێنجەم دەخەمە دەنگ دانەوە، کێ ماددەی پێنجەم پەسەند دەکات، کێ پەسەندی ناکات؟ بە گشتی دەنگ ماددەی پێنجەم پەسەندی کرا.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**
٢- الانتماء
المادة السادسة:
١- يكون الانتماء الى الاتحاد عن طريق طلب تحريري الى لجانه معززاً بالوثائق المطلوبة.
٢- تقدم طلبات الانتماء الى لجان القرى والنواحي ترفع الى لجنة القضاء ويجب البت فيها

خلال(١٥)يوماً من تأريخ تسجيل الطلب وفي حالة انقضاء المدة المذكورة دون البت فإن طلب الانتماء يعتبر مقبولاً.

٣ـ لجنة القضاء واللجان الأعلى ـ لها الحق في رد طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب الطعن في قرار الرد امام محكمة تمييز الاقليم خلال(٣٠)يوماً من تأريخ التبلغ به ويعتبر قرار المحكمة باتاً.

٤ـ رسم انتماء العضو للاتحاد هو(٢٥)ديناراً(خمسة وعشرون ديناراً).

٥ـ رسم الاشتراك السنوي يكون (٢٠)ديناراً بشرط ان يدفع الى الاتحاد سنوياً قبل انتهاء شهر شباط. وإذا تأخر الدفع عن الموعد المحدد فأن العضو يتحمل غرامة اضافية تعادل (٥٠٪)من رسم الاشتراك السنوي. وفي حالة التأخر عن الدفع لمدة ثلاث سنوات متتالية دون عذر مشروع فأنه يفقد صفة العضوية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کە دەیخوێننەوە بە وردی بیخوێنەوە چونکە تۆمار دەکرێ و دەنوسرێتەوە، توشی ئیشکالاتی هونەری دەبین لە چاپکردندا، لەسەر خۆ بیخوێنەوە مەرج نییە زوو بێت کاتمان هەیە، لیژنەی یاسایی راتان تکایە .

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

تەنها لەسەر برگەی یەکەم رامان وایە پێویستە وشەی (فرع)زیاد بکەین، (١ـ يكون الانتماء الى الاتحاد عن طريق طلب تحريري الى الفرع او لجانه معززاً بالوثائق المطلوبة.).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە .

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رامان وایە دەقی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە مەرکەزی پارێزگا مەرکەزی قەزای تێدایە، لیژنەی قەزا لە دهۆکیش دەبێت و لە هەولیریش دەبێت لە سلێمانیش دەبێ، لەبەر ئەوەی وەکو خۆی بمێنێت لیژنەی فەرع سەرپەرشتی دەکات پێویست ناکات دەبێتە لیجانی سەرەکی ،گەر تەنها هی قەزا زیاد بکرێ باشە بەس هی پارێزگا نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ راتان تکایە.

**بـەڕێـز د. لـطـيـف بـەرزنجـی:**

**بـەڕێز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە رامان وایە برگەی یەکەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە باشترە (یکون الانتماء الی الاتحاد عن طریق تقدیم طلب تحریري الی فروع الاتحاد اولجانه ...........)سوپاس.

**بـەڕێز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز سـعـید احـمـد یعـقـوبی:**

**بـەڕێز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

سەبارەت بەوەی برگە (٣) دەڵێ (لها الحق في رد طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب الطعن في قرار الرد امام محكمة تمییز الاقلیم ) بە رای من بەرامبەر بە دادگای تەمیز نەبێت، لە بەرامبەر دادگای بەدائەی موقعی زەویەکەی بێت، بۆچی جوتیارێک لە زاخۆ یان لە سنورەکان داواکاری پێشکەش دەکات بۆ چونە ریزی جەمعیە پێی بگۆترێ دەبێ بێیتە دادگای تەمیز؟ بە بڕوای من لە دادگای بیدائە چارە بکرێ ئەگەر اعتراض هەبوو رای لە بڕیارەکە نەبوو ئەوجا تەمیز بکرێتەوە، سوپاس.

**بـەڕێز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

وەڵامتان هەیە؟ فەرموو بەڕێز کاکەرەش.

**بەڕێز کـاکـەرەش نقـشـبندی:**

**بـەڕێز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

موعتادە بەرزترین دەسەڵاتی قەزائیە کە دادگای تەمیزە بۆ بابەتی لەم جۆرە لە موقعی زەویەکە دەربچێن باشترە و بێتە دادگای تەمیز بەرزترین دەسەڵاتە لەوێ داوای پێشکەش بکات ئەگەر پێیان مەعقول بوو مستەمسەکاتی خۆی پێشکەش کرد بڕیاریشی باتتە ، ووشەی باتتیشمان هەر بۆیە بە کار هێناوە تاکو خاضعی راست کردنەوەی بڕیار نەبێت و بەزوو ترین کات چاک بێ، بۆیە تەمیز باشترە لە هەموو سەندیکاکانیش هەر تەمیز بووە، سوپاس.

**بـەڕێز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم دوو پێشنیار هەیە یەکیان ئەوەیە کە لە خاڵی یەکەم( یکون الانتماء الی الاتحاد عن طریق طلب تحریري الی لجانه معززاً بالوثائق المطلوبة.) رایەکیان دەڵێ(لجان) بەتەنها کفایەتە، ئەوەی تریان دەڵێ (فروع او لجانه)، ئەو بەڕێزانەی ئەوە پەسەند دەکەن کە فروع زیاد بکرێتە سەری با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ فروع زیاد دەکرێتە سەری.

ماددەی شەشەم جارێکی تر بخوێنەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

المادة السادسة:

١ـ يكون الانتماء الى الاتحاد عن طريق طلب تحريري الى فرع الاتحاد او احدى لجانه معززاً بالوثائق المطلوبة.

٢ـ تقدم طلبات الانتماء الى لجان القرى والنواحي ترفع الى لجنة القضاء ويجب البت فيها خلال(١٥)يوماً من تأريخ تسجيل الطلب وفي حالة انقضاء المدة المذكورة دون البت فإن طلب الانتماء يعتبر مقبولاً.

٣ـ لجنة القضاء واللجان الأعلى ـ لها الحق في رد طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب الطعن في قرار الرد امام محكمة تمييز الاقليم خلال(٣٠)يوماً من تأريخ التبلغ به ويعتبر قرار المحكمة باتاً.

٤ـ رسم انتماء العضو للاتحاد هو(٢٥)ديناراً(خمسة وعشرون ديناراً).

٥ـ رسم الاشتراك السنوي يكون (٢٠)ديناراً بشرط ان يدفع الى الاتحاد سنوياً قبل انتهاء شهر شباط. وإذا تأخر الدفع عن الموعد المحدد فأن العضو يتحمل غرامة اضافية تعادل (٥٠٪)من رسم الاشتراك السنوي. وفي حالة التأخر عن الدفع لمدة ثلاث سنوات متتالية دون عذر مشروع فأنه يفقد صفة العضوية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی«٦» بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، کەواتە ماددەی «٦» بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی «٧» فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

الفصل الثالث

التشكيل

المادة السابعة:

يتشكل الاتحاد من:

١ـ لجان القرى.

٢ـ لجان النواحي.

٣ـ لجان الأقضية.

٤ـ لجان الفروع في المحافظات.

٥ـ اللجنة الانضباطية.

٦ـ المكتب التنفيذي.
٧ـ المؤتمر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لە برگەی «٤»دا هاتووە «لجان الفروع» خۆی ئەگەر بوترێت:« الفروع في المحافظات» ئەویش لەبەر ئەوەی هەمئاهەنگی هەبێت لەگەڵ ماددەی «١»دا، جا بۆیە پێویستە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، لەگەڵ تێبینییەکەی لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵی، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە لە برگەی«٤»دا «لجان» هەڵگیرێت و، بەم شێوەیە داڕێژرێتەوە (٤ـ فروع الاتحاد في المحافظات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کەس تێبینی نییە، تکایە ماددەی «٧» لەگەڵ ئەو هەمواکردنەی لیژنەی یاسایی بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

الفصل الثالث

التشکیل

المادة السابعة:

یتشکل الاتحاد من:

١ـ لجان القرى.
٢ـ لجان النواحي.
٣ـ لجان الأقضية.
٤ـ فروع الاتحاد في المحافظات.
٥ـ اللجنة الانضباطية.
٦ـ المكتب التنفيذي.
٧ـ المؤتمر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی «٧»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٨»، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثامنة:

تشكل لجنة القرية من ثلاثة اعضاء وعضو احتياط. تنتخب من قبل أعضاء الاتحاد في حدود القرية كل ثلاث سنوات مرة واحدة بشرط ان لايقل عدد أعضاء الاتحاد في حدود القرية عن(٣٠)فلاحاً واذا لم يتوفر العدد المطلوب في القرية الواحدة يشترك فلاحو قريتين او اكثر لإكمال عدد(٣٠)فلاحاً لغرض انتخاب لجنة واحدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر رێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێشوو تر لیژنەی گوندەکان دانرا، بۆیە ئێمە ئێستا ناتوانین بڵێین هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵی، فەرموو.

**بەڕێز د.لطيف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان لەسەر ماددەکە هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە جارێکی تریش من ئاماژەم بۆی کردووە کە جووتیار بڕبڕەی پشتی ئابووری ئێمەیە، هەرچەندە هاوکاری و بایەخی پێ بدرێت ئەوەندە باشترە، لەبەر ئەوە من بە باشتری دەزانم کەوا ئەو ژمارە «٣٠» زۆرە و، ئەگەر بکرێت بە «٢٠» باشترە و خزمەتی جووتیار زیاتر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەکی تر نییە، لیژنەی یاسایی وڵامتان هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«٣٠» ژمارەیەکی کەمە، بەتایبەتی ئەو گوندانەی کەوا ژمارەی جووتیارەکانیان کەمە زۆر لە یەک نزیکن، جا بۆیە دوو، یا سێ گوند بە یەکەوە کۆ دەبنەوە و لیژنەیەک پێک دێنن، جا بە رای ئێمە «٣٠» ژمارەیەکی زۆر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «٨»بەو شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، کەواتە بە ماددەی «٨» بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٩»، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة التاسعة:

لجنة الناحية: تشكل من ثلاثة أعضاء وعضو احتياط تنتخب من قبل رؤساء لجان القرى كل ثلاث سنوات مرة واحدة وتنتخب اللجنة رئيساً لها من بين أعضائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

پشتگیریی لە ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵی فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر ماددەکە دەستیان بەرزکەنەوە، نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٩»دایە بەو شێوەیەی خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «١٠»، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة العاشرة:

لجنة القضاء: تشكل لجنة القضاء من ثلاثة أعضاء وعضوين احتياط وتنتخب من قبل لجان النواحي كل ثلاث سنوات مرة واحدة وتنتخب اللجنة رئيساً لها من بين أعضائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر ئاسایی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵی، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینییەکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لەو بەڕێزانە دەکەین کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز کاک یۆنادم یوسف کنا، فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینییەکم هەیە، کە ئەویش «٣» ئەندام بۆ لیژنەی قەزا زۆر کەمە، چونکە قەزا گەورەیە، ئەگەر بکرێت بە «٥» باشترە، چونکە ئەگەر یەکێکیان گرفتێکی هەبوو، یا نەخۆش بوو، ئەمێننەوە «٢»ئەندام، بەڵام ئەگەر «٥» بن ئەوە هیچ کرفتێک نییە، ئەگەر یەکێکیان ئامادە نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەو «٣» ئەندامە بۆ لیژنەی قەزا بەسە، چونکە «٢» ئەندامی یەدەگ هەیە و، هەر کاتێ یەکێک لەو ئەندامانە ئامادە نەبوو ئەوە یەکێک لەو یەدەگانە جێگای ئەگرێتەوە و، ئەبنەوە بە «٣» ئەندام، بەتایبەتی لیژنەی قەزاش هەر لیژنەیەک ئیختساسی خۆی هەیە، لە ناحیە و لە گوندەکانیش هەیە، جا کێشەیان کەمتر دەبێت، بۆیە ئەو «٣» ئەندامە ژمارەیان باشە و زیاد نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە پێشنیارەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەندامانی لیژنەی قەزا لە «٣»

ئەندام پێک بێت؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە لیژنەی قەزا لە «٥» ئەندام پێک بێت؟، کەواتە لە «٣» ئەندام پێک بێت، ئێستا ماددەی «١٠» ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٠» پەسەند ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، کەواتە ماددەی «١٠» بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «١١» فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الحادية عشرة:

واجبات وصلاحيات لجان(القرية، الناحية، القضاء):

١ـ تنفيذ قرارات وتوصيات اللجان الاعلى منها.

٢ـ المساهمة في معالجة مشاكل الفلاحين ومعوقاتها بالاتفاق والتنسيق مع الدوائر والمؤسسات الرسمية.

٣ـ رفع المقترحات الخاصة بتطوير مناطقها الى الجهات الحكومية ذات العلاقة.

٤ـ توجيه الرسائل والكتب الى المنظمات والمؤسسات الرسمية كل لجنة ضمن منطقتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشتر داوای هەڵگرتنی لیژنەی گوندمان کرد ئەوەیش بۆ ئەوەی ئیزدواجیەت دروست نەبێت و، گرفتی دارایش روو نەدات، ئێستا برگەی«٤»دەڵێت: (٤ـ توجيه الرسائل والكتب الى المنظمات والمؤسسات الرسمية كل لجنة ضمن منطقتها.)، کەواتە هەر لیژنەیەکی گوندەکانیش مافی هەیە کەوا پۆست بۆ ئەو شوێنانەی کە دیاری کراوە ئاراستە بکات، ئەوە لە ناحیەوە، ئەبینین لێرەدا ئیزدواجیەت دروست دەبێت، لیژنەی یاسا چۆن ئەم ئیشکالە چارەسەر دەکات؟!، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵ، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەکمان نییە لەسەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، لیژنەی یاسا ولآمتان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مؤسەسەیەک لە گوندێک هەبێت، ئەوە لیژنەی گوندەکە پۆستەی ئاراستەی مؤسەساتی ناحیە ناکات، بەڵکو هەر لە جێگای خۆیان، بۆ نموونە ئەندازیارێکی موقیم کێڵگەیەکی کشتوکاڵی لە گوندێک دەکات، ئەگەر پێویستییان پێ هەبێت ئەوە لە لیژنەکەوە نووسراوێکی بۆ دەنووسێت، چونکە دەڵێت: (کل ضمن منطقتها)، کەواتە گوند سەبارەت بە ناوچەی خۆی دەبێت، هەروەها ناحیەو قەزاش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کەواتە ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١١» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات، ماددەی «١١» بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١٢»، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الثانية عشرة:

تتألف لجنة الفرع في المحافظة من خمسة أعضاء وعضوين احتياط و تنتخب كل ثلاث سنوات مرة واحدة من قبل لجان الأقضية ورؤساء لجان النواحي وتنتخب لجنة المحافظة من بين اعضائها الرئيس ونائبه والمسؤول المالي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرجار ماددە هەموار دەکەین کەچی پاشان ناخوێنرێتەوە، بەرای ئێمە (يتألف الفرع في المحافظة من خمسة أعضاء وعضوين احتياط و تنتخب كل ثلاث سنوات مرة واحدة من قبل لجان الأقضية ورؤساء لجان النواحي وتنتخب لجنة المحافظة من بين اعضائها الرئيس ونائبه والمسؤول المالي.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام «لجنه» ڕێکترە، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ماددەی «٧»دا بڕگەی لیژنەکانمان هەڵگرت و، کردمان بە «فروع الاتحاد في المحافظات» و دەنگدانیشمان لەسەری کرد، جا ئەگەر ئێستا لێرە ئەو لیژنانە، یا ئەو فەرعانە ڕاست کەینەوە، ئەبێتە ڕکابەرێک لەگەڵ ماددەی «٧»دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی «فرع»هەموو فەرعەکان دەگرێتەوە، کە وتت «٥»کەس ئەو کاتە دەستەی گشتی هەمووی دەگرێتەوە، یا «لجنه الفرع» و هیچ ڕکابەرێک نابینین و، ئەمە ئەو لیژنەیە دیاری دەکات کە ئیش دەکات، چونکە کە دەڵێی «٥» کەس واتا لیژنەیە، ئەمە هیچ گۆڕانکارییەک دروست ناکات، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتەکە لێرەدا دەگۆڕێت، چونکە «فرع» جیاوازە، ئەوەی کە جەنابت دەیفەرموویت ئەوە «المکتب التنفیذي»یە، چونکە مەکتەبی تەنفیزی سەرپەرشتی هەمووی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر لیژنەیەک هەیە بە «فرع» دەژمێردرێ، ئەگەر بکرێت بە «هیئه الفرع» باشترە، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێشوو زۆر بە ئاسایی ڕۆیشت، لەوێ گوند و ناحیە و قەزا لیژنە هەبوو، بەڵام لێرە «فرع»ە، جا پێویست ناکات ناوی «لجنه الفرع»بێت، چونکە لێرە ئەو ئەندامانەن کە سەرپەرشتی ئیشەکە دەکەن، جا ناوی «هیئە»بێت، یا «لجنه» جاوازی نییە، بەڵام ئەبێت بوترێت «لجنه»، چونکە ئەو دەستەیەی کە سەرپەشتی ئیشەکان دەکات ئەبێت دەستەیەک بێت، لێرە «فرع»ە و لە پارێزگادایە، بۆیە دەبێت دەستەیەک بێت، جا «لجنه» یا «هیئە» دادەنێین ئەوە ئاساییە و، ڕکابەریش لەگەڵ ماددەی «٧»دا ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

کە «هیئە»مان دانا واتا «الهیئة الاداریة للفرع» جیاوازی دەکات لە نێوان «فرع» و «لجنە»کان، بۆیە «هیئە» لە جێگای خۆبەتی و نوێنەرایەتی «فرع»یش دەکات، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، جارێکی تر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

المادة الثانية عشرة:

تتألف هيئة الفرع في المحافظة من خمسة أعضاء وعضوين احتياط و تنتخب كل ثلاث سنوات مرة واحدة من قبل لجان الأقضية ورؤساء لجان النواحي وتنتخب لجنة المحافظة من بين اعضائها الرئيس ونائبه والمسؤول المالي.

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، د.لطیف فەرموو.

**بەڕێز د.لـطـیـف مـــحـــمـــود بـرزنجـی:**

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

لە پێشەکییەکەدا کردمان بە «هیئە الفرع»، دەبێت «تنتخب لجنة المحافظة»ش بکرێت بە «تنتخب الهيئة من بين أعضائها»، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تر بە وردی بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

المادة الثانية عشرة:

تتألف هيئة الفرع في المحافظة من خمسة أعضاء وعضوين احتياط و تنتخب كل ثلاث سنوات مرة واحدة من قبل لجان الأقضية ورؤساء لجان النواحي وتنتخب الهيئة من بين اعضائها الرئيس ونائبه والمسؤول المالي.

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٢» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن.. کەواتە ماددەی «١٢» بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «١٣» فەرموو.

**بەڕێز سـفـر محـمـد حـسين:**

المادة الثالثة عشرة:

صلاحيات لجان الفرع(لجنة المحافظة) هي:

١ـ تنفيذ قرارات وتوصيات المؤتمر والمكتب التنفيذي.

٢ـ تعيين المستخدمين العاملين في الفرع.

٣ـ انتخاب من يمثل الاتحاد في اللجان الرسمية ضمن حدود المحافظة.

٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بأمور الفرع الى المكتب التنفيذي لإقرارها.

٥ـ صرف المبالغ اللازمة لأعمال الفرع ضمن موازنتها المالية.

٦ـ ممارسة الصلاحيات الممنوحة لها من قبل المكتب التنفيذي وتنظيم الهويات للأعضاء وفق تعليمات المكتب التنفيذي.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ماددەكە ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جـمـیل عـبـدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، رای لیژنەی كشتوكاڵی، فەرموو.

**بەڕێز د.لـطیـف مـحـمـود برزنجی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ئێمە بە چاكی ئەزانین لەبەر ئەوەی كە «فرع» هەڵگیرا، بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە (صلاحيات هيئة الفرع)، لە برگەی«٣»شدا وشەی «الانتخاب» بكرێت بە «تسمیە»، چونكە ناردنی نوێنەرێک پێویست ناكات بە هەڵبژاردن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خۆی «تسمیە» ڕێکترە، بەڵام وا دیارە ویستوویانە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو پرۆژەی کە سوودیان لێ وەرگرتووە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەکە ئەگەر هەڵبژاردن بێت، یا «تسمیە» تەنها دیاری کردنە، چونکە لێرە مەبەست لەو «إنتخاب»ە هەڵبژاردن نییە، بە ڕای ئێمەش «تسمیە» باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، «تسمیە» باشترە، جا جارێکی تر بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

المادة الثالثة عشرة:

صلاحيات لجان الفرع(لجنة المحافظة) هي:

١- تنفيذ قرارات وتوصيات المؤتمر والمكتب التنفيذي.

٢- تعيين المستخدمين العاملين في الفرع.

٣- تسمية من يمثل الاتحاد في اللجان الرسمية ضمن حدود المحافظة.

٤- تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بأمور الفرع الى المكتب التنفيذي لإقرارها.

٥- صرف المبالغ اللازمة لأعمال الفرع ضمن موازنتها المالية.

٦- ممارسة الصلاحيات الممنوحة لها من قبل المكتب التنفيذي وتنظيم الهويات للأعضاء وفق تعليمات المكتب التنفيذي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «١٣»پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، کەواتە ماددەی «١٣» بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «١٤»، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

المادة الرابعة عشرة:

تختص لجنة الانضباط بالنظر في الشكاوي المحالة اليها من قبل المكتب التنفيذي والمخالفات المنصوص عليها في هذا القانون وتحكم فيها وفق المبادئ والنصوص الواردة في قانون انضباط

موظفي الدولة. وتتألف هذه اللجنة من ثلاثة أعضاء وعضو احتياط بشرط ان يكونوا من حملة شهادة الإعدادية على الأقل وذات علاقة بالثروة النباتية أو الحيوانية. وتنتخب اللجنة رئيساً لها من بين اعضائها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە ئەو «وتحكم فيها وفق المبادئ والنصوص الواردة في قانون إنضباط» هەڵگیرێت و، بەم شێوەی لێ بێت«تختص لجنة الانضباط بالنظر في الشكاوي المحالة اليها من قبل المكتب التنفيذي والمخالفات المنصوص عليها في هذا القانون، وتتألف هذه اللجنة من ثلاثة أعضاء وعضو احتياط بشرط ان يكونوا من حملة شهادة الإعدادية على الأقل وذات علاقة بالثروة النباتية أو الحيوانية. وتنتخب اللجنة رئيساً لها من بين اعضائها.» لەبەر ئەوەی جووتیار هیچ پەیوەندییەكیان بە یاسای ئینزباتی فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە نییە، وەكو مووچە برین و دەست لەكار كێشانەوە ئەو جۆرە شتانە، ئەوانە هیچی بەسەر جووتیاردا ناسەپێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو لیژنەی ئینزباتە بۆ جووتیارانە، یا بۆ ئەو فەرمانبەرانەیە كە لەوێ كار دەكەن.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەقێک هەیە سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی كە لەوێ كار دەكەن یاسای ئینزباتی دەوڵەت دەیانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەقی یاساكە زۆر بە رێكوپێكی هاتووە، بەڵام تێبینیەكمان هەیە، كە ئەویش «(لجنة الانضباط) لم يرد اي نص حول كيفية انتخابها من الضروري ان يتم الانتخاب من قبل المؤتمر أو من قبل رئيس واعضاء المكتب التنفيذي.»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی کشتوکاڵ، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەمان ڕای لیژنەی یاساییمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەی سەبارەت بە تێبینییەکەی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەی لیژنەی دارایی ڕێکە، بەڵام پێویستی بە گفتوگۆ هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی «٧»دا «اللجنة الانضباطیة» هاتووە، بەڵام ڕوون نەکراوە، تەنها ناوی وتراوە لەو ماددەیەدا، جا ئەم دەقەی ئێستا زۆر ئاساییە، چونکە لە ماددەیەکی پێشتر باسی کراوە، بەڵام کێ دایدەنا و کێ دایناپێت؟، ئەوەیان باس نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە، کە دەڵێ هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت، ئایا مەبەستی ئامادەیی گشتییە، یا ئامادەیی کشتوکاڵی؟، چونکە ئەمە پەیوەندی بە کشتوکاڵەوە هەیە ئەبێت زیاتر مەبەستیان ئامادەیی کشتوکاڵی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک حمید میران فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هیچ جێگایەکدا نەهاتووە کەوا لیژنەی ئینزبات چۆن دادەنرێت، لەبەر ئەوە پێویستە دەقێک هەبێت بۆ دانانی لیژنەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە خۆی نەهاتووە، بەڵام لیژنەی ئینزباتی کە بەرزترین دەسەڵاتە لە هەر جێگایەک کە دادەنرێت، سەبارەت بە یەکێتی جووتیاران بەرزترین دەسەڵاتیان مەکتەبی تەنفیزییە، لەبەر ئەوە لە مەکتەبی تەنفیزییەوە دێت، بەڵام بۆ روونکردنەوە ئەو بۆچوونەی کە لیژنەی دارایی بۆی رۆیشتووە بۆچوونێکی رێکە و دەتوانین بڵێین:«تختص لجنة الانضباط بالنظر في الشكاوي المحالة اليها من قبل المكتب التنفيذي والمخالفات المنصوص عليها في هذا القانون، وتتألف هذه اللجنة من ثلاثة أعضاء وعضو احتياط تتم تعينها من قبل المكتب التنفيذي بشرط ان يكونوا من حملة شهادة الإعدادية على الأقل وذات علاقة بالثروة النباتية أو الحيوانية. وتنتخب اللجنة رئيساً لها من بين اعضائها .»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بوترێت:«تتألف هذه اللجنة من ثلاثة أعضاء وعضو احتياط يعينون من قبل المكتب التنفيذي بشرط»ئەم شێوەیە باشتر دەبێت، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

المادة الرابعة عشرة:

تختص لجنة الانضباط بالنظر في الشكاوي المحالة اليها من قبل المكتب التنفيذي والمخالفات المنصوص عليها في هذا القانون، وتتألف هذه اللجنة من ثلاثة أعضاء وعضو احتياط بشرط ان يكونوا من حملة شهادة الإعدادية على الأقل وذات علاقة بالثروة النباتية أو الحيوانية.

وتنتخب اللجنة رئيساً لها من بين اعضائها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی «١٤» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، کەواتە ماددەی «١٤» بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، ڕۆژی چوارشەممە بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی ئەم یاسایە، سبەیش ڕۆژی حکومەتە بەڕێزان وەزیری تەندروستی و وەزیری شارەوانی ئامادە دەبن، جارێکی تریش سوپاستان دەکەین.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢٠

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١١/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١١/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە حەڤدە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە حەڤدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/١١/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار بۆ بەر چاو خستنی چالاکی وەزارەتەکەی ووەڵام دانەوەی پرسارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
٢ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەر چاو خستنی چالاکی وەزارەتەکەی ووەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمرۆمان لە دوو خاڵ پێکهاتووە:
١ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار بۆ بەر چاو خستنی چالاکی وەزارەتەکەی ووەڵام دانەوەی پرسارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
٢ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەر چاو خستنی چالاکی وەزارەتەکەی ووەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
ئەمرۆ دوو دانیشتن دەکەین، بە دوو دانیشتن کارەکەمان تەواو دەکەین، خاڵی یەکەم بۆ دانیشتنی یەکەم خاڵی دووەمیش بۆ داینشتنی دووەم، لێرەدا شایستەی ئەوەیە بەخێرهاتنێکی گەرمی ڕێزدار وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار بکەم بۆ ئامادەبوونی لەم دانیشتنەدا، هیوادارین ئەم دانیشتنە ڕووناکیەکی تەواو بخاتە سەر کاروبار وچالاکییەکانی وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار کە لە

راستیدا لەم ماوەی رابردوودا کارێکی زۆر ئەنجام دراوە، کارێکی زۆریشیان لە پێشە کە ئەنجامی بدەن، هەروەها هیوادارین ئەم دانیشتنەش بەردێکی تری چاک بخاتە سەر بناغەی هاوکاری تەنسیقی نێوان پەرلەمانی کوردستان وحوکمەتی هەرێم بە هیوای سەرکەوتنی هەموو لایەک، تکا لە رێزدار وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار دەکەم کە بفەرمێتە سەر مەنەسەکە بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتی دەربارەی چالاکییەکانی وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار.

**بەرێز مأمون نور بریفکانی/وەزیری شارەوانی وگەشتوگوزار:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار رۆڵێکی گرینگ وبەرچاوی هەیە لە گەیاندنی خزمەت گوزاری بە هاوولاتیان و یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە هاوولاتییان هەیە لە بنکەی پارێزگاکان وقەزاو ناحییەو کۆمەڵگاو گوندە گەورەکاندا، واتە لە هەموو شوێنە شارستانی ونیشتەجێیەکان، ئەو وەزارەتە وەکو وەزارەتەکانی حوکمەت چالاکییەکی بەرچاوی هەبووە هەر لە کابینەی سێیەمەوە تاکو ئێستا، لێرەدا حەز دەکەین کە چالاکییەکانی وەزارەت بخەینە روو لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی (٢٠٠٠ ــ ٢٠٠١) واتە لە سەردەمی کابینەی چواردا وبەگوێرەی ئەو پسپۆرایەتییەی کە تایبەتن بەو وەزارەتەوە، مانای لێرە مەبەستم بەلەدیات وئاو وگەشت وگوزارو تختیتی عومرانی هەر پارێزگایەکە، لێرەدا حەز دەکەم ئیشارەت بە شتێک بدەم. من بێگومان ئەو ئیشانەی وەزارەت وئەو پرۆژانەی وەزارەت کورتم کردۆتەوە، ئەگەر کورتم نەکردباوە گەرەک گەرەک یان شەقام شەقام یان باخچە باخچە بێم رەنگە سێ سعات لێرە راپۆرت بخوێنم، جا لێرە من کورتم کردۆتەوە وتەفصیلەکە لای ئێمەیەو لیژنەی شارەوانی پەرلەمان ئەتوانێ وێنەی لە راپۆرتەکە وەربگرێت، تەبعەن ئەو شتانەی دەخوێنمەوە زۆر بە کورتی باسم کردووە لەبەر ئەوە زۆر ماوە بۆ پرسیار بدەین، بەنیسبەت شاری هەولێر، تەبعەن ئەو پرۆژانە هی هەر دوو ساڵن (٢٠٠٠ ــ ٢٠٠١) کۆمان کردۆتەوە پێکەوە، قیرتاوکردن بە ئیستاپ لیزەر مانای تەبەقەی قیر کە ئەوە دەکرێت لەناو گەرەکەکان وشەقامە سەرەکییەکان بایی (٣ ٣٨٠ ٠٠٠)دینارە، قیرتاو بە بایندەر کە ئەوە تەبەقەی دووەمە بایی (٢ ٠٠٠ ٠٠٠) دینارە، دروست کردنی شەقامە سەرەکییەکان بایی (٢٦٤٢٧٠٠٠) دینارە، دروست کردنی شەقامە ناو خۆیەکان بایی (٢١٠٠٠٠٠٠) دینارە، کۆنکرێت کردنی شەقامە ناو خۆیەکان بایی (٧٠١ ٠٠٠) دینارە، چاککردنەوەی باخچەکان بایی (٣ ٥٢٣ ٠٠٠) دینارە، دارشتنی شۆستەکانی شەقامە سەرەکییەکان بایی (٢ ١٩٣ ٠٠٠) دینارە، دەرخستەکانی ئەندازەی هاتووچۆ بایی (٥ ٠٠٠ ٠٠٠) دینارە، پرۆژەکانی شارۆچکەی عەنکاوەو کورانی عەنکاوە کە ئەویش لەگەڵ شاری هەولێر حسابمان کردووە بایی (٣٠٠٠٠٠٠) دینارە، کرین وچاککردنی ئامێر وەکو گرێدەرو شۆفەرو ئەو شتانە بایی (٤ ٠٠٠ ٠٠٠) دینارە، کۆی گشتی (٧١ ٤٥٣ ٠٠٠) دینارە، ئەوانە تەفصیلیان لای ئێمە هەیە بە جەداول وا لەلامە، شەقام بە شەقام، قیرتاو کردنی

شەقامەکانی بازار ئەوە هەمووی تێدایە ئەوە تەسلیمی لیژنەی شارەوانی دەکەین، بەڵام ئەگەر ئەوانە هەموو بخوێنینەوە خاڵ خاڵ کاتی زۆر دەوێت، تەبعەن بەنیسبەت ئەو پرۆژانەی کە باسیان دەکەم لەسەر بودجە حوکمەتەو، ئەگەر بودجەی حوکمەت تەواو بوو فکرەیەکی کورتیش بە جەنابت دەدەم دەربارەی پرۆژەکانی بڕیاری (٩٨٦) واتە ئەوەی (UN) پێی هەڵدەستێت، بەنیسبەت ئەم پرۆژانە هی (٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١)ە ئێمە بە نیسبەت شاری هەولێر تەبعەن هەندێ پرۆژەی تریشمان دەست پێکردییە، ڕێگای (٦٠)ی ئەوەی کە ئێستا ڕێگایەکی بازنەییە وسەرەکییە وگرینگە بۆ هەولێر ئەوە پلانێک هەیە کە لە دوارۆژ کە ئەوە ترافک لایتی لێ نەمێنێت هەنگاوێکی گرینگە کە نەهێشتنی قەرەباڵغی وەکو دەوڵەتانی دەرەوە کە ڕێگەک لە شاری هەبێتن خەڵک بتوانێ لەو ڕێگەیە داخیل ببێت ولەو ڕێگەیە بچێتە دەرەوە، یەکەم هەنگاوی ئەوە هاتووە دەبێ هەندێ پرد درووست بکرێت وەکو هەموو شارەکانی جیهان تەبعەن ئێمە کە ئێمکانییات هەبێ چونکە پرد پارەیەکی زۆری دەوێت ئەمانە پرۆژەی سەرەکین پرۆژەی زۆر بەهادارن، لەبەر ئەوە ڕەنگە نەتوانین سێ چوار پرد لە یەک پلان داخیل بکەین، بەڵام بۆ هەنگاوی یەکەم ئێمە دەستمان بە مەسحێک کرد لەگەڵ زانکۆی سەلاحەدین یەعنی عەشوائی ئێمە مەوقعمان هەڵنەبژارد لەگەڵ مەکتەب ئیستشاری زانکۆی سەلاحەدین کە ئەوانە مەسحی هەموو فلکەکانی هەولێریان کرد، لە ناحیەی کارەسات ولە ناحیەی تەصمیم ولە ناحیەی قەڵەباڵغی ولە ناحیەی هاتووچو هەموو لایەنەک تەبعەن گەیشتنە ئەو باوەڕە پێشەکییەکیان دانا گوتیان ئێوە بە پێی ئەم پێشەکییە دەبێ پرد بکەن، تەبعەن ئێمە بە گوێرەی ئەم پێشەکییانە ئێستا پردی شۆڕشمان داخلی بەرنامە کرد کە یەکەم پرد بێت لە هەولێر دەست پێ بکەین، بەراستی پردێکی سەرەکییە لەوێ قەڵەباڵغیەکی زۆر هەیە مەدخەلی شارە، ئەو پردانەی کە لەناو شار دەکرێن زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەو پردانەی کە لەسەر ئاو دەکرێن لەوانەیە پردی ئیفراز کە بڵێین (١٠٠) مەتر بێت یان (٨٠) مەتر، ئەو پردە (٢٢٠) مەترە درێژییەکەی بەڵام تەبعەن جگە لەوە کە موشکیلەی قەڵەباڵغی حەل دەکات هەروەها ترافک لایت ناهێلێت لە فلکەکە تەبعەن مەنزەرێکی شارستانییە وەکو هەموو دەوڵەتانی جیهان کە تۆ ئەم تەقاتوعانە لەناو شار دروست بکەیت، پێش ئەوەی دەست پێ بکەین بەو پردە کەشفی زەویەکەمان کردووە وتەصامیمان ئامادەکردووە دیسان زانکۆی سەلاحەدین ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، ئێستا ئیحالە کرا بۆ شەریکەکی تورکی ئەو پردە تەوەقوع دەکەین لە ماوەیەکی زۆر کەم دەست بەکار دەکەن، ئەوە هەنگاوی یەکەمە لە ئایندەش دا هەنگاو بە هەنگاو پردەکانی تریش دەست پێدەکەین، پرۆژەکی تریشمان هەیە لەناو هەولێر کە لێرە من باسم نەکرد ئەویش شەریکەکی تورکی وەری گرتووە ئەویش (٦٠ مەتری) ئەو محاورانەی لە ناو شاری هەولێرن، بۆ نمونە (٦٠ مەتری) کۆن (٦٠ مەتری) نوێ، ئەوانە ڕێک بخەین، ڕووی شار دیار بێتن ئەوانەش هەر لە ڕێگای کۆیە تا ڕێگای کەرکوک ئەم ئیشەیان گرتووە، ئێمە لە ئایندە پلانمان هەیە ڕێگای مەدخەلی موصلیش ڕێک بخەین و، هەموو مەداخلی شاری هەولێر وەکو شتێکی شارستانی

دروست بکەین، تەبعەن لە هەولێر تەرقیمی وەزارەتی شارەوانی دەستی پێ کردووە کە ئەوەش حاڵەتێکی شارستانییە، تەرقیم نەبوو لە هیچ شارێکی کوردستان ئێمە وەکو دەست پێکمان لە هەولێر دەست پێکرد لە ماوەیەکی نزیک لە دهۆکیش دەست پێ دەکەین، هەموو شارەکانی کوردستان دەگرێتەوە ئەو تەرقیمەش تەبعەن ماوەیەکە دەستمان پێ کردووە هەندێ تأخیر بوو تەبعەن، تاخیرەکەش لەبەر ئەوە بوو لیژنە دانان بوو گۆرانکاری کردن لە هەندێ ناو بۆ نمونە هەندێ ناو بنووسین لەسەر روقعە هەندێ ناوی موناسب، تەبعەن لیژان تەشکیل کردن لە کۆری زانیاری ولە ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر ولە ئەنجومەنی وەزیران ولە وەزارەیی گواستنەوە تەبعەن ئەم ناوانە ئێستا تەواو بوونە تەوەقوع دەکەین لەم نزیکانە تەرقیمی هەولێر تەواو بێت و ئێمە کوراسێک تەوزیع بکەین مانای ئەوەیە تۆ هەر لە کوراسەکە دەتوانی ئەدرێسی فلان کەس بە تەواوی بزانی لە کوێیە، ئەگەر بێینە بەرێوبەرایەتی شارەوانی هەولێر ئەوانەی قەزاو ناحینەو کۆمەڵگاو گوندی گەورە ئەوانەی شارەوانیان تێدایەو سەر بەو بەرێوبەرایەتییەن، بێگومان بەرێزتان دەزانن پاش هەڵبژاردن دوو سێ شارەوانی لە لامان زیادبوو، ئەم (٤٣) شارەوانییەش پێویستی بە ئیمکانییاتەو پێویستی بە کەلوپەلە تۆ هەر تەنها تراکتەرێک بۆ هەر شارەوانییەک ئامادە بکەیت مانای (٤٣) تراکتەرت دەوێت، من لێرە حەز دەکەم شتێک ئیشارەت بدەم، ئەو فەعالیەتانەی من باسیان دەکەم ئەوەی لەسەر ئاو بێت یان ئاوەرۆ بێت ئێمە وەکو وەزارەتی شارەوانی گرینگی خۆمان خستۆتە سەر بریاری (٩٨٦) زیاتر دەربارەی ئاو وئاوەرۆ، لێرە دێینە شارەوانییەکانی هەولێر تەبعەن قیرتاو کردن وکۆنکرێت کردنی شەقامەکان لێرە ناوەکان لای من هەنە بەڵام لە لیستێ تەسلیمی لیژنەی شارەوانی دەکەم بایی (٠٠٠ ٨٢٨ ٢) دینارە ئەوانەی هەولێرن کردنەوەی شەقامی ناوخۆ (٠٠٠ ٥١٠ ٤) دینار، دروست کردنی ئاوەرۆ (٠٠٠ ٣٦٦ ٢) دینار، دانانی کارگەی قیرو کەسارەو کرینی کەلوپەل (٠٠٠ ٨٣٧ ١) دینار، تەبعەن ئەوە جگە لە خەدەماتی رۆژانە ئەوی شارەوانی پێشکەشی خەڵک دەکاتن، بە نسبەت ئاوی هەولێر ئیعتمادی سەرەکی لەسەر (٩٨٦)ە، بەراستی ئێمە وەکو حوکمەت یارمەتی هەندێ شەبەکات دەدەین ئەو شەبەکانەی کە بزانین (UN) تأخیر دەبێتن یارمەتی هەندێ مووەلیدات دەدەین ئەو پرۆژانەی کە بزانین زۆر پێویستن و تأخیر دەبێت ئێمە پێی هەڵ دەستین، بەرێزتان دەزانن ئێمە لە دوو مەسدەر ئاو وەردەگرین یەکێکیان ئیفرازە کە بە سنووری (٣٧٠٠) مەتر موکەعەبە لە سعاتێک، دووەمیش لە بیرەکانی ناو هەولێر کە (٣٢٠) بیرن ئەوانە تەبعەن مەسدەری ئاوی هەولێرن، ئێمە تەبعەن لەگەڵ (UN) باسمان کردووە دەربارەی ئاوی هەولێر کە مەشروعی ئیفراز فراوان بکرێتن ئەوان رازی بوون تا موقتەرەحێکیان بۆ ئێمە تەقدیم کرد بە (٠٠٠ ٠٠٠ ١٠) دۆلار کە خەتێکی تری ئاوی ئیفراز بێنن بۆ هەولێر، تەبعەن ئێمە کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوان زۆر لیژنەمان تەشکیل کرد لەگەڵ ئەوان تەقریبەن تەعدیلی ئەم تەصمیمەمان کرد لە (١٠٠٠٠٠٠٠) بۆ (٤١٠٠٠٠٠٠) دۆلار مانای سێ هەندەمان گەورەکرد هەتا ساڵی

(٢٠١٥) کە ئەو مەشروعەی ئاو ئیش بکاتن لەگەڵ ئەوەش هەموو بیرەکان لەغوو بکەین چونکە ئێستا بیرەکانی هەولێر بەرەو پیسی دەچن، لەبەر وشکاتی ئەوا سێ چوار ساڵە مستەوای ئاو کەم دەبێت ونسبەی پیسی زیاد دەبێت (٥٠) بیرمان قەپات کردووە هەتا ئێستا لەبەر ئەوە هەدەفەکە ئەوەیە کە بیرەکان نەمێنن تەبعەن لێرە هەنگاوێکی باش لە پرۆژەی ئیفرازمان بریووە هەر پرۆژەیەکی (UN) دەیکاتن بۆ پرۆژەی ئاوی بێت یان ئاوەڕۆ حەز دەکەم بەڕێزتان بزانن لە سێ قۆناغ دەرباز دەبێت هەتا جێبەجێی بکەن، قۆناغی یەکەم لایەن ئابوورییە ئەوانە عادەتەن لەگەڵ ئێمە تەعامول دەکەن لەگەڵ وەزارەت لیژان پێکەوە تەشکیل دەکەن چونکە ئەوان هیچ پرۆژەیەک ناکەن بێ جەدوای ئابووری، ئەوی دووم شەریکەی بێگانە دێت یان ناوخۆ دێت تەصمیم دەدەن بۆ ئەم پرۆژە ویستییان ئاگاداری دەکەن بۆ شەریکاتی جیهانی ئێستا لایەنی ئابووریش تەواو بوو لە هەنگاوی دووەم کە شەریکەی هیندی تەصمیمیشی تەواو کرد بای (٤١ ٠٠٠ ٠٠٠) دۆلار، کە ئێستا ئیفرازی حالی (٣٧٠٠) مەتر موکەعەبە لە سەعاتێک دەدات ئێستا دەبێتە (١٥٠٠٠) مەتر موکەعەب لە سەعاتێک تەقریبەن (١٤) هەزارو شتەک، مانای ئەمە بەشی هەموو هەولێر دەکات، ئیقتراحێکی تریشمان پێشکەش بە (UN) کرد ئەویش موافق بوو کە خەزانێکی (٦٠ ٠٠٠ ٠٠٠) مەتر سێ جایی لەلای دەواجن دروست بکەین کە (٦٠) مەتر بەرزە لە هەولێر، ئەوش تەبعەن موشکیلاتی مزەخە نامێنێت کەس مزەخە بەکار ناهێنێت چونکە لە مستەوایەکی بەرز دێتن بۆ هەموو شار دێتن لێرە لەوانەیە برادەرێک پرسیار بکاتن بۆ ئێوە پێوەر بەکار ناهێنن ئێمە پێوەری ئاو لە مێژە فکرمان لێ کردووە تەنها عیلاج ئەوەیە ئێمە کۆنترۆڵی ئاو بکەین وسەیتەرەی لەسەر بکەین، بەڵام ئێستا تەبعەن گفتوگۆمان لەگەڵ (UN) کردووە کولفەی ئەوانە ئەوەندە نییە کە بڵێین موافەقە ناکەن بەڵکو زۆر پشتگیری ئەوە دەکەن بەڵام یەک موشکیلەمان هەیە لەگەڵ ئەوان، عادەتەن ئەو وتەرمیتەرانە یان ئەو پێوەرانە ئیش ناکەن ئەگەر ئاو بەردەوام نەبێت مانای بەردەوام دەبێ بۆری پڕی ئاو بێت وهیچ نابڕێت ئەگەر نا ئاو بێت وببڕێت ئەوا خراپ دەبێتن جا لەبەر ئەوە دەیانەوێ حەلێک ببینن یان چاوەڕوانی پرۆژەی ئیفراز بکەن کە تەواو بوو گرفتی ئەوەمان نامێنێت لەوانەیە یان حەلێکی تر ببینن ئێمە لەگەڵ وان بەردەوامین بۆ ئەوە مانای نە شتێکی زۆر گەورە بڵێین یان ئیهمالیان کردووە، ئەوە فکرەیەک بوو لەسەر ئاوی هەولێر کە ئێمە وەکو حوکمەت بای (٦ ٠٠٠ ٠٠٠) دینارمان موساهەمە کردووە لە دانان ودرێژکردنی تۆڕەکانی ئاو، (٢٠٠٠٠٠٠) دینار بەستانەوەی بیری ئاو وچاککردنەوەی تانکی وژوری ماتۆرو لێدانی بیر، تەبعەن دەربارەی ئاوەڕۆ ئێمە وەکو حوکمەت زیاتر حەز دەکەین ئەگەر (UN) پرۆژەیەک بکات حەز ناکەین هەمان پرۆژە بکەین، لەبەر ئەوە ئێمە کە بۆ ئاوەڕۆ پرۆژەی زۆرمان لەگەڵ (UN) هەیە کە ئێستا دێم بۆ بەڕێزتان باسی دەکەم، بەڵام ئێمە وەکو حوکمەت زیاتر تەئکیدمان کردییە لەسەر شارو قەزاو ناحییە بۆ چاککردنەوەی هەندێ بۆری یان مەنهۆڵ ئەویش بە سنووری (٥١١٠٠٠) دینار، ئەوە

تەبعەن دەربارەی ئاو وئاوەڕۆو شارەوانی بەنسبەت هەولێر، تەبعەن گەشت وگوزار بە گشتی باس دەکەم هەولێرو دهۆک پێکەوە، بەنسبەت دهۆک کە چاککردنەوەی هەندێک شەقام و رەسیف و راست کردنی جادە دانانی قیر بستۆن ئەوەش (٣١٥٠٠٠) دینار، رێک خستنی شەقامەکانی سەرەکی ئەوش تەبعەن ناوەکان لای من هەنە هەمووی بەلام من بە گشتی باسی دەکەم بایی (١ ٧٤٥ ٠٠٠) دینارە، قیرتاوکردن بایی (٥ ١٨٩ ٠٠٠) دینارە، جوان کردنی شەقامە سەرەکییەکان بایی (٥ ٢٦٠ ٠٠٠) دینارە، رێک خستنی چوار ریانەکان بایی (٥٤٩٠٠٠) دینارە، رێک خستنی مەداخلی شار بایی (٤ ٥٧٠ ٠٠٠) دینارە، فەرشکردنی تێکەڵ بای (٢٥٩٠٠٠) دینارە. تەبعەن بەنسبەت هەردوو شاری هەولێرو دهۆک جارێکی تر دێمە سەر هەر دوو شار دەربارەی تەختیت عومرانی من حەز ناکەم ئیستا لێرە تێکەڵیان کەم چونکە تەختیت عومرانی بە بڕگەیەکی جیاواز دامان ناوە، بەنسبەت بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دهۆک کە ئێمە بەراستی دوو بارەی دەکەمەوە زۆر ئیعتمادمان بۆ ئاو وئاوەڕۆ لەسە (UN) بووە، بەلام وەکو حوکمەت هەندێ ئاوەڕۆی سندوقی مان کردووە بایی (١٠٠ ٠٠٠) دینارە، چاککردنەوەی هەندێ پرد بایی (١٤٣٠٠٠) دینارە، قیرتاوکردن بایی (٢٠٢ ٠٠٠) دینارە، چاککردنەوەی هەندێ بینای شارەوانی بایی (١٥٢٠٠٠) دینارە، چاککردنەوەی هەندێ رەسیف بایی (٥٣٤٠٠٠) دینارە، کرینی هەندێ کەلوپەل وترافک لایت بایی (١٥٠٠٠٠) دینارە، دانانی تۆری ئاسن بۆ پاراستنی دار بایی (٢١٣٠٠٠) دینارە، فراوان کردنی شەقام ودروست کردنی دیواری پاڵ پشت بایی (٦٥٤٠٠٠) دینارە، بەنسبەت ئاو وئاوەڕۆ هی دهۆک پێکەوەیە چاککردنەوەو دانانی تۆری ئاو بە سنووری (٣٣٩٠٠٠) دینار چونکە هەموو شت زیاتر لەسەر (UN)ە ، خاوێن کردنەوەی بیرو چاککردنەوەی مووەلیدات بایی (٧٦٠٠٠) دینارە، ئەوە بەنیسبەت شارەوەنیەکان وئاو وئاوەڕۆ، بەنیسبەت پرۆژەکان تەبعەن دێمە سەر بابەتی تەختیت عومرانی کە بەراستی بابەتێکە زۆر گرینگە وزۆر گرینگیمان پێ داوە کە تەختیت عومرانی لە هەندێ ولات عائدی شارەوانی نییە بەراستی لە ئیران سەربە وەزارەتی ئەشغالە لە زۆر ولاتان سەربە شارەوانی نییە، جا لێرە سەربە وەزارەتە بەلام بەڕێوەبەرایەتییەکی ترە، ئێمە بەنسبەت تەختیت عومرانی پاش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان (٤٣) شارەوانی زیاد بوو تەبعەن زۆر پێویست بوو ئێمە نەخشەی بنەڕەتی ئەو ناوچانە ئامادە بکەین هەر چەندە پێشی هەڵبژاردن بەڕێوەبەرایەتی تەختیت عومرانی دەستییان بە ئیشی خۆیان کردبوو بەنسبەت هەولێر تەبعەن رووپێوی (٩٠) پرۆژەیان کردووە لەم (٩٠) پرۆژەیە تێیدا هەنە ئەوانەی شارو شارۆچکەو هەندێ قەزاو هەندێ رووپێوی ناو شاری هەولێرو شارەکانی تر، ئیفرازو تەصامیم (٣٨) ئیفرازو تەصامیم کردییە (١٥) تەصمیمی سەرەکییان تەواو کردووە، ئێستا لەناو شاری هەولێر بە سنووری (١٥٠٠٠) پارچە زەوی نیشتەجێ بوون ئامادەیە بۆ هەر حاڵەتێک و (١٣٠٠٠) لە قەزاو ناحیەکان. بەنسبەت دهۆک کە رووپێوی (٤٤) رووپێوی کراوە ئیفرازو تەصامیم نوێ کراوەتەوە، تەصامیمی سەرەکی شەشە ئەوی ماوە

له دهۆک (١٠٠٠) پارچەنە ئەوی دەرەوە (٤٠٠٠) پارچەیە، بەرێوبەرایی‌یەتی تەختیت عومرانی هەولێرو دهۆک بەردەوامن. ئێستا تەصامیم رووپێو دەکەن چونکە کاری دانانی تەصامیمی سەرەکی بۆ هەر شارێک دەبێ سنووری ئەم شارە دیاری بکەی و رووپێوێک بکەی تاکو بێی تەصمیمی سەرەکی دانێی جارێکی تر بچن رووپێوی بەدرێژی بکەن پاشان قۆناغی ئاگاداری وراستاندن، جا ئێمە بەردەوام دەبێن وای بۆ دەچین ماوەی سالی بێت هەموو شارەکانی ئێمە هەتا لەگەلّ ئەوانی نوێکراوە ئەوانە هەموو تەصمیمی سەرەکی هەبێت، تەبعەن لێرە لە لیستەکە هەموو ناوەکان هەیە بەلام من بە گشتی باسم کرد، دەربارەی هەردوو شاری گەورە کە شاری هەولێرو دهۆکن ئێمە تەبعەن بەنسبەت تەختیت عومرانی وەزارەتی شارەوانی زۆر کەوادری تەختیت عومرانی تێدا نییە، نە لە وەزارەت ونە لە هەردوو پارێزگاکاندا، ژمارەیەکی تێدا هەیە بەلام بەشی ئەوە ناکاتن ئێمە ئەو قەبار گەورەیە تەواو بکەین بەلام لەبەر ئەوە ئێمە بەرەو نوسینگەی هەندەسیش چوین، بەراستی نوسینگەی زانکۆ ونوسینگەی هەندەسی ئەهلی هەتا چوینە نوسینگەی هەندەسی خارجیش، بۆ نمونە میوانداری پسپۆرێکی ئەلمانیمان کرد هاتە هەولێر هەندێ وانەی لە زانکۆ گوتەوە، ئێستا مفاوەزاتمان لەگەلّ هەندێ شەریکاتی ئیرانی و تورکی هەیە، بتوانین ئەوانیش موساهەمە بکەن لە تەصمیمی سەرەکی شارەکان وهەتا بابەتی گەشت وگوزاریش، ئێمە لێرە تەبعەن بۆ هەولێر دەوروبەری قەلات ئەوە ناوچەیەکی کۆنە هەروەها شێخەلاو خانەقاو تەعجیل وگەرەکی عەرەبان، تەبعەن ئەوانە گرفتی گەورەن ناوچەی سەرەکین لەناو شاری هەولێر بەراستی دەستمان پێکرد بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە تەصمیمیان بۆ دابنێین، تەصمیمەکە وایە کە زۆر تەئسیر ناکات، مانای نایەین ناوچەکە چۆلکەین وتەصمیمێکی تازە دابنێین، دەبێ مراعاتی شتی کۆن وتازەش بکرێت هەروەها تایبەتمەندی مێژوویش، ئێمە بەلێنێکمان بەست لەگەلّ نوسینگەکی هەندەسی لە هەولێر کە ناوچەی شێخەلامان تەصمیم کرد وتەواو بوو، بیرۆکەکە وایە کە وەکو سوق عەرەبی بەغداد بۆ نمونە لە وێ کۆمەلێک دوکان بکەین بە دوو نهۆم بەهەموو خزمەت گوزاریەوە، بەلام بە شێوەیەکی زۆر تازە، و، لە بەینی ئەو کۆمەلە بینایانە رووبەر بەتالّ دەبێت لە باتی عەرەبانە جمپارە دادەنێن بۆ خەلک ئەوەی ئیمکانیەتی زەعیف بێت دەتوانێ ئەوە بەکرێ بگرێت ئەوەی ئیمکانیەتی باش بێت دەتوانێ دوکان، لەگەلّ زیادکردنی هەندێ چێشتخانەو کافتریا، هەروەها رووبەرێکی زۆر گەورە هەبێ بۆ نەقلیات بۆ پاس وتەکسی، دوو جێگای راوەستان هەیە بۆ ئەوی لەوێ سواری پاس بن یان تەکسی، بۆ ناوچەی تەعجیل ئێمە لەگەلّ نوسینگەکی تر قسەمان کرد هەروەها گەرەکی عەرەب ئێستا لەژێر تەصمیمن، هی خانەقاش تەواو بووە، تەبعەن ئەم پرۆژانەمان ناردووە کە عەرز بکرێت لەسەر ئەنجومەنی شارەوانی، ئێمە بیرۆکەیەکی ترمان لەگەلّ زانکۆ بەست بە نسبەت هەولێر لەگەلّ کۆلێژی هەندەسە بەشی معماری (١٣) پرۆژە بۆ ئێمە ئامادە بکات، فکرەی ئێمە ئەوەیە کە شار فراوان دەکەین تەنها بەس جادە درێژ بکەین وجیاکردنەوەی خانوو بکەین فکرەکە ئەوەیە شاری

مۆدێرن دروست بکەین یانی شاری سەربەخۆ بە هەموو خزمەتگوزاریەوە بۆ نمونە تۆ دوو هەزار پارچە دەدەیە شەهید یان پێشمەرگە یان مامۆستا ..هتد، با شارێکی سەربەخۆ بێت خزمەتگوزاری تەواوی تێدا بێت، بۆ نمونە: قوتابخانەی سەرەتایی وناوەندیە وهەروەها باخچەی مندالآن و سوپەر مارکێت ولەگەڵ بەشی شارەوانی وبەشی پۆلیس ...هتد، ئەوە ئێمە ئێستا بەم شێوەیە بۆی دەچین مانی شار شار لەوانەیە لەنێوان هەر دوو شار ناوچەیەکی سەوزایی هەبێت مانای نەک تەنها رێگاکان ئیستقامەی رێگاکان بکەی بیکەین بە پارچە، ئێستا ئەوە وای بۆ دەچین کە لەماوەی ئەم مانگەدا تەواو بن ئەم پرۆژانە زۆر پرۆژەی پارکی لەگەڵە ئەوەی سێ چوار نهۆمە ئەوان بۆ ئێمە تەصمیم دەکەن ئێمەش ئاگاداریان دەکەین بە موزایەدە، بەنسبەت دهۆک ئەویش رێکەوتین لەگەڵ نوسینگەیەکی هەندەسی(تصميم منظومة النقل وشبكة الطرق والنشاط) هی شاری دهۆک، شاری دهۆک گرفتێکی زۆر گەورەی هەیە بەتایبەتی لە ناوەراستی شار کە ئەو گرفتە زیاتر پەیوەندیدارە بە هاتوچۆ بۆ نمونە: هەندێ رێگا پێویستە، هەندێ پارک پێویستە، زۆر شتی تر لەوانەیە رێرەوی جادەکان هەڵە بێت، لەبەر ئەوە زۆر پێویست بوو ئێمە تەصمیمی ئەم ناوچەیە بکەین بەلآم لێرە یەکێک دەڵێ با شارعێک لێرە بکەین یەکێک دەڵێ با پردێک لێرە بکەین یەکێک دەڵێ ناوەڵلا با ئەو شارعە بکەینە یەک ساید، مانای هەتا ئێمە لەو بۆچونانە دەربچین ئێمەش هەنگاوێکی زانستیمان هاوێشت نوسینگەیەکی هەندەسیمان هینا ئیتفاقمان لەگەڵ کرد کەیەکەم جار رووپێوی بکات، ئەو رووپێوییە تەبعەن جگە لە رووپێوی هەندەسی مەوقعی رووپێوی بیتاقات تەوزیع کرا لە ماوەی چەند مانگێک لەوانەیە برادەرانی دهۆک بزانن لەوانەیە هاتبنە سەیتەرە کارتێکیان وەرگرتبێ یان لەناو شار وەریان گرتووە کارتی رەنگاورەنگ بوون، ئەو کارتانە بۆ ئەوەی بوو تا بزانین ئەو سایەقە دەچێتە کێندەرێ لە کوێ رادەوەستی هەتا ئێمە قەڵەباڵغی وتەرکیزی مرور بزانین و بەراستی سەرکەوتنێکی چاکی هێنا لەسەر ئەو بنەمایە موصەممی نوسینگەی هەندەسی بە راوێژکردن لەگەڵ ئێمە دانیشتن نەخشەیەکی زۆر رێک وپێکیان بۆ دهۆک دروستکرد بۆ مەرکەزی هەر لە گەراجی بەروشکێ هەتا سوپەر مارکێتی مازێ، تەبعەن ئەگەر ئینسان تەماشا بکات زۆر زانیاری گۆران، شارع هەیە بۆتە یەک ساید کە ئێستا دوو سایدە شارع هەیە جاران دەمانگوت با شارع بکەین لێرە ئێستا دەڵێ قەپاتی بکە ئەو شارعەی، مانای ئیشی زانستی خۆی فەرزکرد، ئەوە بۆ نمونە موخەتتەتی شاری هەولێرە بەلآم بە بچوکی ئەوەش بەگەورەیی بەلآم بەشێک لە شاری هەولێر، هەروەها شاری دهۆک، ئێستا تەبعەن ئەوەمان هەموو ئامادەکردووە تەبعەن لەگەڵ ئەوەش (١٥) چوار ریان لە شاری دهۆک ئامادەن ئەو چوار ریانانە زۆر گرینگن تەصمیمیش کراون بە نەزەر ئیعتباریش وەرماگرتووە کەمترین خەسائر بۆ ئیستملاکات، هەموومان ناردووە کە عەرز بکرێت بۆ ئەنجومەنی شارەوانی تێبینی بدەنە ئێمە بریاری نهائی بدەن ودەست پێ بکەین، تەبعەن ئەگەر دەست پێ بکەن وئیمکانییەت هەبێت ئەوا گرفتی مروری دهۆک حەل دەبێت، ئەوە بەنسبەت تەختیت عومرانی

بوو ئێمەش پشتگیری تەواوی تەختیت عومرانیمان کردووە بە کەوادری هەندەسی وبە ئەجهیزە، تەختیت عومرانی یەک کۆمپیوتەری هەبوو ئێستا کۆمەڵێک کومپیوتەری گەورەمان هێناوە، سکانەرمان هێناوە کە زۆر گەورەیە، کە ئەوەش دەبێتە یارمەتی بۆ ئیشی ئەوان، بەنسبەت گەشت وگوزار لەبەر هەندێ زروف چونکە گەشت وگوزار لە هەندێ کاتی ئیستقرار گەشە دەکات، ئەوە رۆڵێکی زۆری نەبوو بەڵام ئێستا دەستەی گشتی گەشت وگوزارمان بەهێزکردووە هەردوو بەڕێوبەرایەتی هەولێرو دهۆک کە جاران لە سەرسەنگ ومەصیف بوون ئێستا لە هەولێرن، بەهێزکران بە کەوادرو کەلوپەل وستاف و، پێک هێنانی هەندێ بنکەی گەشت وگوزارمان کردەوە لە سۆران وشەقڵاوەو ئاکرێ، ئێستا خەریکین کە بەپێی ئیمکانییەت لە ئامێدی وجێگای تریش ئەم بنکانە دابنێین، بەڵام ئەوانەی ئاکرێ وسۆران وشەقڵاوە ئیش دەکەن ئێستا، تەبعەن ئێمە رووپێوی پرۆژەی گەشت وگوزارمان کردووە، تەبعەن یەکەم دەست پێکردنی سیاحە دەستمان پێکرد بەشتێکی سادە کە بۆ سیاحەی بەهاری هەندێ شت بۆ خەڵک ئامادە بکەین بۆ هەولێر یان دەوروپشتی هەولێر یان دهۆک هەتا حەددێ سەرکەوتنی بەدەست هێنا بەڵام ئاواتی ئێمە گەورەترە لەوە، ئێمە دەستمان پێکرد بە هەندێ رووپێوان لە هەندێ ناوچەی گرینگی ئێمە هی کۆن وفکرەش هەیە لە هەندێ جێگای نوێ بۆ نمونە وەکو چیای سەفین وحەسەن بەگ وحاجی ئۆمەران وئامێدی ولە ناوچەکانی زاخۆ ئەوا لە ئایندە هەندێ رووپێوی دەکەین، بەڵام ئەوەی ئێستا لەژێر دەستی ئێمەیەو تەواوبووە یان ئێستا لەژێر تەواوبوونە، ئێستا بۆ نمونە ئەوی جوندییان ئێستا ئەگەر بەڕێزتان بچنە وێ ئەم جێگایە نا ناسنەوە بەتەواوی جوندیانی کۆن نەماوە بۆ زانیاریتان سێ مانگ دەبێ دەستمان پێکردووە وا بۆی دەچین کە کۆتایی ئەم مانگە ئیشەکە تەواو دەبێت، جوندیان ئێستا جوندیانێکی ترە بە شتایگەرو بە ساقی ئاوو بە جودران سانیدەو بە دروست کردنی گازینۆو سیاج وئاو وتەوالێت، پرۆژەکی زۆر تەواو بووە نزیکەی بایی (١٧٠٠٠٠٠) دینارە، رۆژی کردنەوەشی نزیکە بەڕێزتان دەبیبن، بەنیسبەت بێخاڵ تەبعەن پلانێک هەیە کە بێخاڵ هیچی نەمێنێت چونکە بەراستی زۆر تێکچووە ئیتفاقمان کرد لەگەڵ شەریکەیەکی تری تورکی ئێستا هێلکاریەکی زۆر رێکوپێکیان بۆ بێخاڵ دروستکردووە کە شەلالەکە بمێنێتن وەکو خۆی ئاسایی بەڵام ئێمە ئەو کەپرانە هەموو لادەدەین بەرامبەری ئەوە لە لایەکی تر ئوتێلێکی سێ نەجمە بکەین، ئوتێلەکە ژێرەوەی دەبێتە خواردنگە هەتا دێتە سەر ئاو لەگەڵ کۆمەڵێک کافتریاو گازینۆ، ئێستا ئەو تەصمیمە بەرەو تەواوبوونە دەمێنێ ئیمکانیاتی دوارۆژ ئەگەر ئێمە دەست پێبکەین، بەهەمان شت بە نیسبەت گەلی عەلی بەگیش لە ژێر شەلال رێگا هەندێ بەرز دەکین لەوێ وەکو دەریاچەیەک دروست دەکەین، هەندێ کەپرو کۆشک دروست دەکەین ئەویش تەصمیمەکە بەرەو تەواوبوونە، بە نیسبەت کەرتی تایبەت، بەراستی ئێمە زۆر ئیهتمامی پێ دەدەین چونکە ئێمە لە سیاسەتی خۆمان زیاتر ناتوانین ئیدارەی پرۆژەی گەشت وگوزار بکەین، تاقیکردنەوەمان هەیە عێراق فەشەلی هێنا بە هەموو ئیمکانییەتی خۆیەوە لە هەموو جیهان

کەرتی تایبەت بەراستی ئەوە بەچی بە موراقەبە نەک کارتی تایبەت ئەوی ئێستا گەشت وگوزار دەکات، ئێمە تەبعەن دەستمان پێکردییە بە هەندێ پرۆژەی سەرەکی وگەورە وەکو ئوتێلی خانزاد بۆ نمونە ئەم ئوتێلە پێنج نەجمەیە، حەوت نهۆمە، خۆی سێ کوتلەیە کوتلەی یەکەم ئوتێل ومەلەوانگەو لەگەڵ هەموو پێداویستییەکانی ئوتێل، کوتلەکی تر هەیە کە لە دەستە چەپە (١٠٠) مەتر دوورە ئەوە خواردنگەکی موناسەباتە، دەستی راست کە لەسەر ئەو گردەی جادە دەسورێتەوە لەتەنیشتی ئەوە دەبێتە کافتریایەکی پاس پۆرت لەگەڵ مەلەوانگەو لە خوارەوە مەرافقی گشتی، ئەوە لە مانگی (٩) دەستی پێکرد شەریکەیەکی تورکییە وای بۆ دەچین ساڵی دابێت دەکرێتەوە پەیمانی ئەوان ئەوەیە کە ساڵی دابێت دەکرێتەوە، تەبعەن ئێستا ئەو باڵەخانەی شیراتۆن، زۆر دیکۆری ناشیرینە لەناو شار زۆر لە مێژە دەڵێین کە چاک بکرێتەوە تەبعەن ئێستا ئیتفاقمان کرد ئەویش کەرتی تایبەت داخیل دەبێت بە نزیکەی (٩٠٠٠٠٠٠٠) دیناری لێ سەرف دەکەن، هەنگاوی یەکەم چول کردنی بوو بە رێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو وەزارەتی ناوخۆ ئێستا وای بۆ دەچین مانگی دا بێت شەریکە داخیل بێت نۆژەن کردنی دەست پێ بکات، تەبعەن هەمان تەصمیمی دهۆکە بەڵام زۆر زۆر باشتر دەبێت لە دهۆک چونکە گۆرانکاری زۆر لە تەصمیم و ژورەکان کراوە، تەبعەن ئەوە ئوتێلە دەبێتە ئوتێل ودەبێتە بنکەیەکی بازرگانیش، ئێمە وەکو حکومەت بە نزیکەی (٢٠٠٠٠٠٠) دینار لەو گەشت وگوزارانەمان سەرفکردووە ئەوەی جوندیان وئەوەی تر، بەڵام ئەوەی تر هەمووی لەسەر کەرتی تایبەتە. تەبعەن لە شەقلاوەش ئوتێلێکی سیاحی کراوەتەوە، ئێستا گوندێکی سیاحی لەوێ دەکەن وەزارەتیش هەندێ پارکی لەسەر جادە دەکات بەرێزتان بینیوتان، ئێستا لە سیپا لە ئاکرێش پرۆژەکمان هەیە ئەویش لەم نزیکانە دەست پێدەکەین، هەروەها رووپێوی سۆلاقیشمان بەڵام رووپێوی سۆلاف وزاخۆ هێشتا پارەی بۆ تەرخان نەکراوە بەڵام لەژێر تەصمیمن ئەوانە، بەنیسبەت پارکی هەولێر حەزم کرد هەندێ باسی بکەم کە ئەویش پارکێکی زۆر گەورەیە لەسەر (٣٥٠) دۆنمە مانای بە پارکێکی گەورە لە قەڵەم دەدرێت لە جیهان چونکە پارکی ئەنقەرە (٢٥٠) دۆنمە ئێستا ئەوە (٣٥٠) دۆنمە قۆناغی یەکەم، تەبعەن ئەوە خۆی لە خۆیدا دەبێت دائیرەیەک هەبێتن ئێستا دەستمان پێکردووە شەریکەیەکی تورکی دائیرەیەک دروست دەکات بۆ پارک چونکە وەکو بەرێوبەرایەتییەک دەبێت لە دوارۆژدا دەیکەینە سەر بە شارەوانی، بەشی زراعی و هەندەسی و هەموو دەوائری خۆی لەوێ ئەو بەرپرس دەبێت چونکە پرۆژەیەکی زۆر گەورەیە چاککردنی بەردەوامی دەوێت، پارکەکەش حەزدەکەم بیرۆکەیەکتان لەسەر مەسارفەکەی هەبێتن، دروستکردنی دەریاچەو کونکردنی نزیکەی (٢٠) هەزار مەتر چوارگۆشەو پەرژین کردنی بە ئاسن بەدرێژایی (١٢٠٠) مەترو دروستکردنی جۆگەڵەی بەتاڵکردن بەدرێژایی (٢٠٠) مەتر بایی (٨٨٨ ٠٠٠ ٧) دینارە، دروستکردنی خواردنگەیەکی سیاحی بایی (١ ١٩٩ ٠٠٠) دینارە، دروستکردنی (١٠) کۆشک و (٣) ئاودەستی گشتی بایی (١ ٨٨٤ ٠٠٠) دینارە، دروستکردنی دوو شانۆی

کراوەو نافورەیەک (٥٧٠٠٠٠) دینار، لێدانی چوار بیری ئیرتوازی وخاوێنکردنەوەی حەوت بیری ترو دروستکردنی شەش ژوور بۆ بیرەکان بایی (٥٨١٠٠٠) دینارە، راکێشانی تۆری ئاو ودروستکردنی دوو عەمباری ئاو و دانانی چوار ترۆمپا بایی (١٨٢٩٠٠٠) دینارە، دروستکردنی شەقامەکان بە رووبەری (٤٥) هەزار مەتر چوارگۆشەو قیرتاوکردنی تەنها بە چینی ستاپ لایزەر بایی (٢١٣٨٠٠٠) دینارە، دروستکردنی رەسیف ورێرەوەکان ولێدانی شتایگەر بە رووبەری (٦٠) هەزار مەتر چوارگۆشە بایی (٢٩١٤٠٠٠) دینارە، هێنانی (٤٥) هەزار مەتر چوارگۆشە لمی بێژینگ کراوە بۆ باخچەکان بایی (١٢٤٥٠٠٠) دینارە ئەوە تەنها (٣٠) سانتیمەتر فەرز دەکات، کارەکانی کشتوکاڵی کە بریتییە لە چاندنی (٦٥) هەزار داری جۆراوجۆرو چاندنی (١٢٠) هەزار مەتر چوارگۆشە فریزو (٥٥) هەزار گوڵی جۆراوجۆر بایی (٣٠٠٠٠٠٠) دینارە، تەواوکردنی شورەی پارک بە درێژایی کیلۆمەترێک ونیو وچەورێژکردنی یاریگای منداڵان وداپۆشینی کورسی بە داری رووسی بایی (٣١٠٠٠٠) دینارە، کارەکانی کارەبای پارک بایی (١٥٢٩٠٠٠) دینارە، بە نیسبەت پارک کە دائیرەکە تەواو بوو و، دەریاچەکە کە نافورەیەکی (٣٠) مەتری تێدایە، دەکرێتن ئێمە بیکەینەوە بەڵام ئێمە تەنها لە شتێک دەترسین، ئێمە حەزدەکەین هەندێکی تریش دوای بخەین چونکە ئەگەر خەڵکێکی قەڵەباڵغ چونکە داری ساوا هەیە حەزمانکرد زیاتر گەورەبن، بەڵام لەژێر گفتوگۆیە کە چۆن بیکەینەوە، ئەوە بەگشتی وزۆر بەکورتی هەندێک لە کارەکانی شارەوانی، حەز دەکەم هەندێ بە کورتیش لەسەر پرۆژەکانی بریاری (٩٨٦) بدوێم، بەڵام شتی زۆر کورت بۆ بەرێزتان باس بکەم ونایەمە سەر ئەو شتانەی کە گەیشتوونە وەکو ئۆتۆمبێل ومەکاین وگرێدەرو شۆفەڵ کە چەند دانەیەک هاتووە بۆ هەولێرو دهۆک وقەزاو ناحییەکان، بەڵام بەنیسبەت هەولێر تەبعەن لێدانی بیرو دروستکردنی ژوورو عەمباری ئاو بە نزیکەی (٥٠٠٠٠٠) دۆلار، دروستکردنی ئاوەڕۆی لولەیی وئاوەڕۆی سندوقی بایی (٢٤٨٨٠٠٠) دینارە، تەبعەن بەنیسبەت ئەوەی هەولێر باسمانکرد پرۆژەی ئاوی ئیفراز ئێستا ئاگاداریی دەکەن شەریکاتی بیانی دێن، ئێمە لە زمنی سیاسەتی ئێستای وەزارەت وحکومەت ولەگەڵ (UN) پاش سێ چوار ساڵ وشکاتی کە ئێمە بەرەو ئەوە دەچین ئاو لە زێیەکان وەربگرین یا لە رووبارەکان وەربگرین نەک ئیعتماد تەنها لەسەر کانی وبیر بکەین کە ئێستا گرفتی زۆرمان لەگەڵ کانی وبیر هەیە، ئێستا بەنیسبەت ئاوی ئیفراز ئەوە تەواو بوو لە قۆناغی ئاگادارییە، ئێمە سۆرانیشمان داخیلی فێزەکان کردووە کە هێڵێکی تر بۆ سۆران ببەین ئێستا سۆران زۆر گەورە بووە زۆر خەڵک لە ئیران هاتوونەوە لە جێگای تر هاتوونە لەوێ کۆبوونەتەوە زۆر کەس هەنە لەبەر مەشاکلی ئاسایی سنوور هاتوونە وێندەرێ شارەکە زۆر گەورە بووە ئەویشمان داخیلی پرۆژەی (UN) کردووە کە ئاو لە رووبار ببەین، هەروەها سەڵاحەدین وشەقڵاوە هێڵێکیان بۆ بێنین دیسان لە ئاوی زێ لە خازر بۆ وان بێنین ئێستا بەنیسبەت ئیفراز کە باسمان کرد تەواو بوو لە قۆناغی سێیەمە. ئەوانەی تر لە قۆناغی

یەکەمن لە قۆناغی جەدوانە، بەڵام ئەوە شەریکاتی بێگانە نایکات ئەوا ئیتفاقمان کرد کە پرۆژەی زۆر گەورە نین لیژانی پسپۆر لەگەڵ زانکۆو وەزارەتی ئێمە دیراسەتی ئەم پرۆژانە دەکەن و، زانکۆش حەزمان کرد دەوری هەبێت، ئەوە بەنیسبەت هەولێر، بەنیسبەت ئەو ئاوەڕۆیانەی ئێستا دەیکەن ئەمانە هی فەیزانن هێ بارانن هی ئاوی جادەن نەک ئاوی پیس بەنیسبەت پرۆژەی هەولێر کە هەتا ئێستا نزیکەی (١٠٠٠٠٠٠٠٠)دۆلاری بۆ دانراوە، پرۆژەیەکی گەورەیە بۆ ئاوەڕۆ لە هەولێر کە ئەوە داخیلی فێسەکان بوو، وای بۆ دەچم بگاتە (٢٥٠٠٠٠٠٠٠) دۆلار، ئێستا لە قۆناغی جەدواش تەواو بووە مانای قۆناغی یەکەمی تەواو بووە ئێستا لە قۆناغی دووەمە کە کۆمپانیاکان تەصمیمی بۆ دەکەن، گرفتی سەرەکی ئێمە عێراقە ناهێڵێت پسپۆڕ داخیل بێت (٥٠) پسپۆڕی ئەم پرۆژانە ئەوا سێ مانگە چاوەڕێ دەکەن، ناهێڵن داخیل بن لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیە تۆزێک دوا کەوتووە، بەنیسبەت دهۆک پرۆژەی ئاوی ئاکرێ، ئێستا لە ژێر دیراسەتە کە قۆناغی یەکەم جەدوای ئابوورییە هەروەها هی زاخۆش ئەوە بە پلەی یەکەمە، بە پلەی دووەمیش ئەو ئاوەی لە دهۆک دەیێن بۆ سەرسەنگ وعمادیەو حەوزی لە نێوان هەردوو شاخی مەتین وگارا ئەوانە هەموو داخیلی بەرنامەی (UN) بوونە بەڵام هەر یەک قۆناغی خۆی هەیە، ئێستا بەنیسبەت زاخۆو ئاکرێ لە قۆناغی یەکەمن دیراسەی جەدوای ئابووری لە لایەن زانکۆی دهۆک وئێمە دەکەن، تەبعەن هەندێک ئیش کرایە وەکو ڕێکخستنی رووباری دهۆک بە (٦١٠٠٠٠) دۆلار، دروستکردنی پردو شەقام لە دهۆک بایی (٥٣٢٠٠٠) دۆلار، شەقامی ناوخۆ لە قەزاو ناحیەکان بایی (٨٧٣ ٠٠٠) دۆلار، دروستکردنی ئاو وئاوەڕۆ بایی (٦٩٨٠٠) دۆلار، لێرە خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە حەز دەکەم بەڕێزتان بیزانن، (UN) هەتا پێشی ئێستا بە فەترەیەک زۆر ئیهتمامی بە ناوچەی حەزاری نەداوە مانای وەکو حاڵەتێکی ئینسانی ئیهتمام بە گوندەکان زیاتر بدرێتن هەمووشمان لەگەڵ ئەوە بووین بەراستی کە پشتگیری گوندەکان بکرێن، بەڵام ئەوان ئێستا دەڵێن وەخت هات کە ئێمە ئیهتمام بە ناوچەی ئاسەواری بدەین، بەتایبەتی (٧٠٪) نفوسی کوردستان لەناو ئاسەوارە، ناوچەی شارەوانی تێدا هەیە جا پارێزگایە، قەزایە، ناحیەیە، گوندی گەورەیە، کۆمەڵگایە، (٣٠٪) لە گوندەکانە ئەوان دەڵێن ئێمە دەبێ ئێستا دەست پێ بکەین پشتگیری شارەوانی بکەین، پشتگیری شارەوانی ئەوە مانای ئەوە نییە کە هەر پشتگیری پرۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی بکەین، بەڵکو پشتگیری لە رووی قوتابخانەو ئاو ولە رووی هەموو شت، بەڵام بێگومان کارەکە زیاتر دەکەوێتە لای ئێمە ئێستا بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم قۆناغە (UN) (٢٠٠٠٠٠٠٠٠) دۆلاری تەرخان کرد، قۆناغی یەکەم لە فێزی (٩)ش مانای نە خستە فێزی (١٠ و ١١) هەتا زوو جێبەجێ بکرێت تەنها بۆ هەولێرو دهۆک، ئەوە وەکو شتێکی پاڵپشت جگە لە فێزەکانی تر ئێمەش ئێستا بەردەوامین لەگەڵ ئەوان دەستنیشانی ئەسبەقیات بکەین بۆ ئەوە، من زۆر بەکورتی باسی دەکەم چونکە ئەگەر خاڵ خاڵ یان بڕگە بڕگە یان جادە جادە باسم کردبا لەوانە بوو لە سێ چوار سعاتیش تەواو نەبام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک مەئمون نور بریفکانی بۆ ڕاپۆرتی ڕێکوپێک و تێروتەسەلی دەربارەی چالاکیەکانی هەمە چەشنی وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار لە راستیدا ڕاپۆرتێک بوو زۆر روناکی خستە سەر کاروبارو چالاکی وپرۆگرامەکانی وەزارەت، ئەگەر بەڕێزی بفەرمێت مەجالی ئەوەش بدات پرسیاری ئاراستە بکرێت ووەلامی پرسیارەکان بداتەوە جێگای سوپاس وتەقدیرە، بۆیە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پرسیاریان هەیە بۆ ئەوەی جارێ ناونوسیان بکەین و هەر لەبەر ئەوەی کاتەکەشمان دیاریکراوە، سنوردارە، هیوادارم بە پێشەکییەکی کەم کۆتایی پێ بێنن زیاتر داخیلی بابەتی جانبی نەبن، پێشەکییەکی زۆر کورت کە لەوە زیاتر پێویست ناکاو یەکسەر داخیلی پرسیارەکە بن، ناوەکان دەخوێنمەوە ئەو بەڕێزەی ناوی نەنوسراوە تکایە دەستی بەرزکاتەوە، ناوەکان ئەم بەڕێزانەن، رەجەب شەعبان، کاک حەسەن، د.قەیس، ئەحمەد سالار، زەهرا خان، د.ئیدریس، حمید میران، مەلا مەحمود، د.ناصح، وریا دزەیی، یونادم یوسف، شێخ عەفان، مامەند ئاغا، یوسف میران، ئیبراهیم سەعید، شمایل ننۆ، سەفەر محمەد، شێروان حەیدەری، ئیبراهیم دۆغرەمەچی، د.رزگار، سەعید یەعقوبی، حوسێن عەلی کەمال، ئەحمەد عەلی. کەواتە دەست بەکار دەبین بەڕێز زەهرا حاجی فەرموو.

**بەڕێز زهراء حاجی طه سلیفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری شارەوانی وگەشت وگوزار دەکەم، من چوار پرسیارم هەیە دوویان دەربارەی بازاری زاخۆیەو، دووەکەی تر گشتین، ئێمە هەموومان دەزانین دوای هەڵبژاردنی باژێرڤانییە پشتەڤانیەکی زۆر باش هاتنە کردنێ لە لایان وەزارەتی شارەوانییەوە، پرسیاری یەکەم تایبەتە بە باژێری زاخۆ لە باژێری زاخۆ کارگەیەکی قیری هەیە تایبەتە هی زاخۆیە ملکی ئەوە ئالیاتی وییە بە پارەی خۆی هاتیتە کرینێ، بەرێ ماوەیەکێ وەزارەتی شارەوانی داوای کردووە ئەم کارگەیە بگواسترێتەوە بۆ باژێری دهۆک، ئێمە دەزانین ئێستا زاخۆ بەردەوام فراوان دەبێت، ئێستا گەرەک هەیە لە زاخۆ (٢٠ ، ٤٠) سالە هەیە تا ئێستا پێشی جادە نییە، پرسیاری ئێمە لێرە ئەوەیە ئایە لەبەر چی باژێرڤانی یان وەزارەتێ داخوازکردییە، هی دووێ ژبەر پلە باژێرڤانییە زاخۆ تایبەت هەنوکە پێهاتییە دانێ باژێرڤانیا زاخۆش یان دهۆک هاتییە ڤکرنێ، بەلێ دەبینین کە سەلفا مستەدیم، ئەو سەلفا مستەدیم وەکو باژێری زاخۆ وەربگرێت، هەتا ئێستا گواستراوەتەوە بۆ باژێری دهۆک ئەوەش ئەگەر جەنابی وەزیر بۆمان روون بکاتەوە لەبەر چییە، پرسیارە گشتییەکان: واریداتی هەر باژێرڤانییەکی بۆچی ئەم داهاتە بۆ باژێرڤانییە نایەتە تەرخانکردن بۆ هەر باژێرڤانییەک بۆ ئەنجام دانی پرۆژەو خزمەت گوزاری هەر چ بێت بۆ دوو سێ سالە، تاکو بشێت خزمەتی باژێری بکا، یا دووێ ئەو ئالیاتانەی دێنە دابەشکردنێ

لەسەر بەرنامەی نەفت بەرامبەر خۆراک من دەڵێم یەکسانی تێدان نینە لە دابەشکردنێ بۆ نمونە: بازێری زاخـۆ تەنهـا دوو سـەیارەی خـاوێنکردنەوەی هەیە، یەک سـایارەی هەیە بۆ (١٤) موهەندیس، (١٣) مەساحە مانای یەک دەربچێت بۆ کاری خۆی ئەوی تر دەبێ راوەستێت هەتا دێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز زەهراء خان، تکامان وایە دووبارەبوونەوە لە پرسیارەکان نەبێت ئەگەر پرسیارێک کرا بلێین پرسیارەکەی ئێمە کرا زۆر ئاساییە، هەروەها بۆ هەر ئەندامانێکی بەڕێز بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن بۆی نییە لە سێ پرسیار زیاتر بکات، سێ بابەتی جیاواز، بەڕێز کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکەی زۆر روونکردنەوەی داینێ، بۆیە هەندێ خواستمان هەیە، دەبینین ئەم پرۆژانە چەند لایەنێکی جوانکاری چاک لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان ئەو شتانەی لە نەخشەی شارا کە تەرخان کرابوو بۆ ئەوەی ببێتە باخچەی گەڕەکەکان تا ئێستا ئەم شوێنانە هەندێکی هەر بە کەلاوەیی ماوەتەوە ولەکاتی خۆیا هەندێکی کران بە شوێنی گەشت وەکو بوونە گەشتە هەوارێکی چاک وسیە هەناسەیەکی شارەکە، شوێنەکانی تر وەکو خۆیان ماونەتەوە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار کارەکەی تێکەڵە لەگەڵ تێکرای وەزارەتەکانی تر پرسیارەکە ئەمەیە، ئایە لە لایەن پاراستنی روو روخساری شارەوە وەک لایەنی ئەتنۆگرافیا و، لایەنی ئەرکۆلۆجییەوە چی کراوە لە نێوانی وەزارەتی شارەوانی لەگەڵ وەزارەتی رۆشەنبیریبیا کە هاوکارن لە هەمان مەبەست دا، بۆ یەکەم پاراستنی ئەو شوێنەوارانەو پاراستنی رەنگ وروخساری شارەکەو لایەنی ئەتنۆگرافیای شارەکە، ئایە لە نەخشەکانا کە کاری تیادەکرێت رەچاوی ئەوە کراوە ئەو روخسارو رووانە وون نەکات، لە هەمان شوێنا هەر بۆ جوان کاری ئایە لەو نەخشەیەی کە کراوە بۆ پارکی هەولێر ئەوە شتێکی زۆر چاکە کە شانۆی کراوەی تێدایە بەلآم لە هەمان کاتدا پێویست بەوە دەکات ئەگەر بێت وگەلەری تێدابێت، ئەگەر هۆڵی مۆسیقای تێدابێت، ئەگەر شانۆو سینەمای تێدابێت، چونکە شارەکە بە شێوەی پێویست سینەما وەیان گەلەری لە کوردستان نییە ئەوە کارێکی گونجاوە لەوێ بکرێت، هەروەها لایەنێکی تری جوانکاری ئایا رەچاوی ئەوە کراوە کە بۆ گەشت وگوزار ئەو شوێنانەی دێرین خانەکان واتە بچێتە دوو تۆیەوەو شوێنەوارەکان زیاتر بایەخیان پێ بدرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز مامون نور بریفکانی:**

بەنیسبەت پرسیاری کۆتایی، مانای کام جێگایە؟.

**بەڕێز أحـــمـــد ســـالار عـــبـــدالواحـــد:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بۆ نمونە هەندێ ئەشکەوتمان هەیە کە پێویستی بەوە هەیە یان شوێنەوارمان هەیە لەوانە بۆ نمونە: قەڵا شوێنێکی لەبارە هەم وەک دێرین خانەیەکە و، هەم شوێنکە یادگارێکی کۆنە ماوتەوە وەکو کۆنترین شارێکە بەردەوامە دوای ئەریحا، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک أحمد سالار،کاک یونادم فەرموو.

**بـــەڕێـــز یـــونـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێشەکی دەست خۆشی بۆ برای بەڕێز کاک شێخ مأمون بۆ ئەم هەنگاوە گرنگانەی کە هاوێژراون تا ئێستا، منیش سێ خاڵم هەیە، یەکەم کە خۆی باسی کرد(التخطیط العمراني) پێی ووت وەک تایبەتمەندێتی کە(تخطیط المدن) بە راستی کادری خۆمان هەیە خەڵکی بامەرنی و شوێنەکانی تر کە برادەری خۆمانن کە تایبەتن بە(تخطیط المدن) بهێنرێنە ئێرە نەمێنن لە خوارێ کە بە داخەوە زۆر لە هەنگاوەکانی شارەوانی دەتوانم بڵێم بڕیاری نەک هی شارەوانی بڕیاری سیاسی بێ یان بەرپرسێک بێ مجمع دروست ئەکرێ یاخود شارۆچکەیەک دروست دەکرێ بەبێ تخطیط کە توازن نەما لە نێوان انسان و نێوان وارداتی طبیعەت مەجبور دەبی پەنجا کیلۆمەتر بۆڕی ئاو بهێنی ئەوە زۆر خراپەو شوێنی وامان هەیە ئەتوانین شارۆچکەی لێ دروست بکەین وەک ناوچەی هەریر و قەندیل و ئەو شوێنانە ئەمە خاڵێک بوو، ئینجا وەکو دەرئەنجامی ئەوەش کۆمەڵگاکان لە هەڵبژاردنی دوایی کە جەنابت باست کرد چل و سێ شارەوانی دامەزرا ئەتوانم بڵێم زۆربەی بەبێ دیراسەت بوو، کۆمەڵگای نیشتەجێ کردن بوون بڕیاری حکومەتی هەرێم بڕیاری ئەم پەرلەمانە ئەم پەرلەمانە ئەوە بوو کە بگەڕێنەوە گوندی خۆیان کە بە پێچەوانەوە کردمان بە شارەوانییەکی وامان کرد لە ئەوێ نیشتەجێ بن بە بەردەوامی دەسەڵاتمان دا بە ئەوێ هەم وەکو تەجاوز لەسەر مافی خەڵکی تر هەم نیشتەجێ بوون لەوێ وامان کرد کە نەگەڕێنەوە گوندی خۆیان پێشنیارم ئەوەیە اعادە نظر بکرێ لەسەر تشکیلی هەندێ لەو شارەوانیانە چونکە بارگرانییەکە لەرووی باری ئابووری و دارایی لەسەر حکومەت زیاد ئەبێ مافی خەڵک ئەخورێ ئینجا ئەو کەسانە ناگەڕێنەوە گوندی خۆیان ئەمە خاڵێک بوو، خاڵێکی ترم هەیە لە شاری هەولێر زەمانی رژێم لەسەر شێستی بە داخەوە وا کرا بوو بۆ فرۆشتنی قم و چەگڵ و دەوری هەشتا شوێن بۆ فرۆشتنی قم و چەگڵە ئەمە نزیکەی یەک دوو ساڵە باسی دەکەین تا ئێستا هەر ماون ئەبێ شوێنێک لە دەرەوەی سەد مەتری بۆیان دیاربکرێ لە رۆژهەڵاتی شار یان شوێنێکی تر زوو دەربکرێن بۆ ئەو شوێنانە شارەوانی سەرپەرشتیان بکا چیان لەسەر دروست بکرێ ئایا بنایەی بازرگانی یان بۆ

قوتابخانه یان بۆ پزیشکان بێ یان بۆ جوانی ئەم شارە، شاری هەولێر بە داخەوە سەکتەری بگری لە باکوور هەتا باشوور لای رۆژهەلات پڕە لای رۆژئاوا چۆڵە واتا شارەوانی دەوری هەبێت لە دابەش کردنی منشأت بلێین ئابووری بێت یان بازرگانی بێت یان باڵەخانەی خزمەتگوزاری بێ رۆژئاوا یان باشووری رۆژئاوا هەر چۆڵە شاری هەولێر هیچی تیا نییە واتە دابەشی بکەی بە چوار بەش باکووری رۆژهەلات و باشووری رۆژهەلات پڕە بەڵام باکووری رۆژئاوا و باشووری رۆژئاوا چۆڵە ئەمە دابەش بکرێن ئەم قەڵەباڵغییەش کەم دەبێتەوە، خاڵی سێیەم زۆر باش باسی گەشت و گوزار کرا ئێمەش کۆکین لەسەر ئەوەی کە استقرار ئەساسە و، باسی هەموو شوێنێکی کرا بەڵام مێژووی گەشت و گوزار لەم عێراقە دەستی پێکرد لە ساڵی ٣٤ کە مەلیکی عێراق چووەتە سەر سەرسنگ کەچی ناوی سەرسنگ نەهاتە سەر زمانی بەڕێز وەزیری شارەوانی و،هەروەها ئەنشکێ کە حازرن بایی چەند ملیار دۆلار قیمەتی منشآت حکومین کۆمپانیی لەوێ هەن کە ئەتوانن تغطییەی کلفەی ئەو اداراتی حکومەتی ئەوێ بکا کە ٤٩ ٪بەشی حکومەتە ٥١ ٪ بەشی کۆمپانیای ئەهلییە، هەم مافی خەڵک خوراوە هەم مافی حکومەت خووراوە هەم ئێمە ئابروومان چوو لە دەرەوە هەموو رۆژ باس ئەکەن دونیا دژی ئەم هەرێمەیە کەوا مافی خەڵک خووراوە بۆ ناچنە سەر گوندی خۆیان بۆ نەگەرێتەوە مافی حکومەت بۆ حکومەت؟ وە دیسان ئەو دوو شوێنە ئەنیشکێیە و سەرسنگە کە بە دەیان سکاڵا هاتوەو بۆ برای بەڕێز کاک مسعود یان بۆ سەرۆکی حکومەت یا بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی کە گرنگییەکی پێ بدرێ. باسی سۆران کرا باسی ئاکرێ کرا باسی زاخۆ کرا بەڵام باسی سەرسنگ و ئەنشکێ کە ئەساسی گەشت و گوزارن لە بادینان باسیان نەکرا ئومێد دەخوازین کە گرنگییەکی تایبەت پێیان بدرێ، ئاکرێ خەڵک تەعەدا لە شارەوانی بکەن چونکە شارەوانی حوکم دەکا دوای سلطاتی حکومی شارەوانی حکومەتە ئێستا بە پێچەوانەوەیە تەجاوز کراوەتە سەر شارەوانی، شارەوانی ئەو دەسەڵاتەی نییە دەبێ جەنابی وەزیرو هەموومان پێکەوە ئەو دەسەڵاتەو دەورە بدرێتە شارەوانی و کە نەیەڵێ خەڵک تەجاوز بکاتە سەر حەقی حکومەت و حەقی خەڵکیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز یونادم یوسف کنا. بەڕێز کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشت وگوزار ئەکەم و هەروەها دەستخۆشی لێ ئەکەم کە راپۆرتێکی تێروتەسەلی پێشکەش کرد، ئەوەی مەبەست بوو روونی کردەوە بۆ ئێمە. من یەک دوو تێبینیم هەیە یاخود وەکو پرسیار یەکەمیان سەبارەت بە پارکی گشتی هەولێر ئایا شارەوانییەکان، شارەوانی هەولێر هیچ بەشدارە لەو پرۆژەیە یان ئەمە پرۆژەیەکی مەرکەزییە

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەم، بەڕاستی دیارە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وزەیەکی باش و پارەیەکی زۆر بۆ پڕۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی تەرخان کردووە چ لە شاری هەولێر و چ لە شاری دهۆک وە ئەو پڕۆژانەی ئەنجام دراون ئەو مەبلەغەی حەفتا و یەک ملیۆن دینارە گشتییەی کە لە هەولێر سەرف کراوە ئەوە گەواهی ئەوە دەدا هەرچەندە پێم وایە چەند پڕۆژەی کە هەیە لەو مەبلەغە زیاترە ئەوەی پارکی هەولێر نزیکەی بیست ملیۆن و بۆ پەرەپێدان و جوانکاری شاری هەولێر نزیکەی پەنجا شێست ملیۆن ئەگەر ئەوەش بخەیتە سەر ئەو مەبلەغە زۆر زیاترە، بەڵام ئەوەی ڕەچاو دەکرێ بە ڕاستی بەڕێز وەزیری شارەوانی زۆر پڕۆژەی گەورەو جوان و طموحی باس کرد کە ئیشیان لە بۆکرایە چ بە تصمیم و چ بە فکریان هەیە ئیشی لە بۆ بکەن هەرچەندە میزانییەی حکومەتی هەرێم یان دخلی حکومەتی هەرێم مەحدودە دیارە سەرچاوەکەی چەندە؟ ئەو پڕۆژانە باس نەکرا ئایا لە ماوەی چەند ساڵ جێبەجێ دەکرێ؟ و ئایا چەندی پارەی پێویستە بودجە بۆ جێبەجێ کردنیان؟ لە کاتێکدا ئێمە شتی زۆر ضروری و ئانیمان هەیە کە دەبێ بایەخ و ئەولەویاتی پێبدرێ زووتر کە خەڵکەکە موعاناتی هەیە، چونکە ڕەچاوی ئەوە دەکرێ کە ئەولەویات یاخود دابەش کردنی پڕۆژەکان بەپێی ئەولەویات دانەڕێژراوە هەتا لە جێبەجێکردنی هەندێک پڕۆژە(سوء تخطیط و تصمیم) هەیە بۆ نمونە من باسی چەند پڕۆژە دەکەم کە جێبەجێ کراون لەوانە لە مەجاری ئەو پڕۆژانەی کە لە مەجاری جێبەجێ دەکرێ دەدرێتە مقاوەلات، ئەو مقاولاتانە نازانم لە بۆ چ مەرجیان بۆیان دانانرێت بۆ نموونە لە لایەن وەزارەت لە هەموو دونیا ئەوەیە کە سیاجێکی حەرەمی یان ساجێکی وقائی دروست بکرێ لەو بەرو لەو بەر کە زێراب دروست دەکرێ بۆ ئەوەی هەم بۆ خۆ پاراستن هەم بۆ لایەنی جوانکاری واتە ئەو شتە پیسانە دیار نەبێ ئەو زێرابەی پێش هۆتێلی دم دم کە جێبەجێ دەکرا سێ کەس بوونە قوربانی و ژیانیان لە دەستدا کەوتنە زێرابەکە. ئێمە دەزانین شاری هەولێر بە شەو کارەبایی نییە تاریکە خەڵک کە دەڕوا نابینێ دەکەوێتە ناو زێرابەکە، ئەو زێرابانەی کە جێبەجێ دەکرێن تەواویش دەبن مەنهۆڵەکانیان قەپاغی نییە، لە ماجیداوە لەم ڕۆژانە منداڵێک کەوتۆتە ناو مەنهۆڵەکەو لە ناو ئاوەکە خنکاوە، کە جێبەجێ دەکرێ ئاوا موتابەعە نییە کە ئەو ئیجرائاتەی لە بۆ بکرێ، ئینجا ئایا لەبەر چی ئەو مەرجانە لەسەر مقاول جێبەجێ ناکرێ کە شتێکی شارستانییە؟ هەتا لە دونیا کە بینایەکی گەورە دروست دەکرێ دیوارێکی پاراستنی جوانی بۆ دەکەن بۆ ئەوەی شتێک لە ئاسمانەوە بەربێتەوە بە خەڵک نەکەوێتەوە واتە ئەو شتانە نەکراوە، نەخشە نییە سەبارەت بە زێرابەکان بە ڕاستی من گوێم لێ نەبووە کە جەنابی وەزیر باسی نەخشە بکات کە (شبکة مجاري) لە هەولێر چۆنە ئەوەی کە دەکرێ هی ئاوی بارانە تا ئێستا هیچ زێرابێک بۆ ئاوی پیس نەکرایە زۆر جاریش خەڵکێک هەیە جا نازانم مۆڵەتیان هەیە یان بە

سەرپێچی ئاوی پیس دەخەنە سەر زێرابی ئاوی باران واتە ئەوەی کە لە بۆ ئاوی باران دروست کراوە کە ئەوەش سەرپێچییە دوایێ ئیشەکەش دەتوانرێ زێراب بەو شێوەی لە دونیا دەکرێ ئێستا زێرابی انبوبی دەکرێ هی سندوقی باوی نەماوە یەک حفر دەکرێ لە بۆ زێرابی ئاوی باران و ئاوی پیس و هەتا شبکەی ئاویش ئینجا چۆن قیمەتەکەی نابێتە سێ چوار کلفە لەسەر حکومەت هەتا؟ ئێستاکە نازانم ئایا هیچ نەخشەیەک هەیە لەم بارەیەوە کە بەو جۆرە ئیشی لە بۆ بکرێ؟ یاخود ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد کە ئەوان نەخشەی ئەوەیان هەیە کە بیرەکانی هەولێر هەمووی الغا بکەنەوە، ئایا إلغاء کردنەوەی ئەو بیرانە لە جیاتی ئەوە کە زێرابی ئاوی پیس نەکەن؟ ئەو پرۆژەی فراوان کردنەوەی ئاوی افرازیش لە کابینەی سێیەم، واتە ئێستا خەڵکێک لە بۆ ئاوی پیس بیر لێدەدا، ئەو ئاوە پیسە جەنابت باست کرد بیرەکانی ئاوی خواردنەوەی زۆری پیس بووەو تەسەروب دەکا نەتیجەی ئەوەیە، ئایا ئێوە کە ئەو بیرە پاکانەی ئاو الغاء دەکەن کە پرۆژەی ئاوی افراز فراوانی دەکەن کە لە جیاتی ئەو بیرانە بێ، نیازتان نییە زێراب لە بۆ ئاوی پیس دروست بکەن؟ کێشەی اختناقات ئەوە پرسیارێکی ترە، لەناو جادەی سی مەتری هەولێر هەموو خەڵک دەزانێ ئەگەر بچی چ بە ئێواران چ بە بەیانیان جوڵەی ئۆتۆمۆبیل نەماوە، هەندێک پرۆژە زۆر باشن کە باسی دەکاتن ئەو ئۆڤەر پاسەی ئەو شوێنانەی شۆڕش وئەوانە کە بکرێتن لە ئاییندەدا کە مەبلەغی نازانم بیست یان بیست و پێنج ملیۆن دیناری لە بۆی دانرایە بەڵام تصامیمی حازر هەیە ئەو جادەی سەعدوناوە کە دەرۆی هی تعجیل ئەوە دوو ساڵ زیاترە قیرتاو نەکرایە کە لە وێ قەڵەباڵغیەکی زۆر هەیە و کێشەی هەولێر چارەسەر دەکا ئامادەیەش تەنها لەسەر قیر ماوەو جادەکەی سی مەتری نە پارکێکی تیا کراوە نە جادەکی وای لێکرایە، ئێمە باسی پرۆژەیەکی طەموح دەکەین بازارێکی شارستانی بکرێتەوە ئێستا کێشەمان هەیە خەڵک ناتوانێ هاتوچۆ بکا لە ناو شاری هەولێر دەبێ شتە ئانییەکان کە زۆر زۆر پێویستن ئێستا چارەسەر بکرێن، من مەبەستم ئەوە بوو کە ئەولەویات لە دابەش کردنی پرۆژەکان دانەنرایە ئەوەیە واتە شتی گرنگ هەیە ئەوە ماوەی دوو ساڵە هەستی پێی ناکەین ناو سی مەتری هیچ گۆڕانکارییەکی تیا کرابێ چ لە ڕووی جادەوە چ لە ڕووی چ لەڕووی پارکەوە چ لە ڕووی چارەسەر کردنی ئەو قەڵەباڵغییانەی کە هەنە. سەبارەت فراوان کردنی ئاوی افراز ئەوە شتێکی پیرۆزە بەڵام وا بزانم دەبوایە جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێبدا کە ئەوە لە کابینەی سێیەمەوە موافقەتی لەسەر کراوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ من چووین بۆ ئەوێ کە بەرپرسی یونیسێف ئەو کاتە هاتبوو ئەوە پێشکەش کرا موافەقەی لەسەر کرا بەڵام ئەوە دوو ساڵە دیارە تازە دەستی پێ دەکرێ ئەوە شتێکی چاکە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا الغا کردنی ئەو بیرانە زەرەرێکی گەورە بە شاری هەولێر دەگەیەنێ چونکە پارەیەکی زۆری لێ سەرف کرایە ئەو شەبەکەیە دەبێ بە شەبەکەیەکی تر دەبێ حسابی ئەو خەسارەتەش بکرێ کە ئەو هەموو شەبەکە و بیرە الغا دەکەی لەبەر ئەوەی بۆرییەکی ئاو دەهێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز د. ادریس، بەڕێز کاک احمد علی عمر فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک پرسیاری کورت لە بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەم، ئەو ژیاوە ئەم بزانن هەر ژ ماوەیەک بۆ ماوەیەکی دی چەند پارچەیەکی عەردی دێتە فرۆتن بە موزایەدە عەلەنی تایبەت ئل قەزا پشتی موافەقە بێتە وەرگرتن ژ وەزارەتا شارەوانیێ ئەم دبینین ڕۆژێک دێتە دەست نیشان کرن بۆ فرۆتنا وان پارچەت عەردی، خەڵکێک بەشداریێ کردن کرین و فرۆتنێدا دصح کرن بەرێ خۆ دەنێ ئەو پارچە هەندێک ژ هاتنە ئاڤا کردن یان هاتنە سیاج کرن، ئد ڤێ حالەتێ دا خەڵکەک پاشەکشێد کرد ئەو پارچە دی بووی کابرای ید ئەوەێ تەجاوز سەر وێ پارچە کری هاتیە ئاڤا کری، ئل ڤێرێ نازانم جەنابی وەزیر ئاگاداری وان تەجاوزاتە یان نە؟ ئەگەر حەدەک بۆ بێتە دانان لە ئاییندەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک احمد علی عمر،بەڕێز کاک وریا احمد دزەیی فەرموو.

**بەڕێز وریا احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزارە سەبارەت بە بازاڕی «دەلاڵ خانە» کە دەکەوێتە ناوەندی شار و پرۆژەیەک بەدەستەوە بوو بۆ بەرین کردنی ئەو جادەیە و جوان کردنی شار لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆی هەولێر کە پڕ بووە لە ئۆتۆمبیل، ئایا ئەم پرۆژەیە بۆ ڕاگیرا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک وریا احمد دزەیی، بەڕێز کاک حمید سلیم میران فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە، یەکێکیان سەرپێچییەکی زۆر هەیە بۆ دروست کردنی خانووبەرەو دووکان بەبێ مۆڵەتی شارەوانی و، ئەم حاڵەتەش بەردەوامە بە پێویستی دەزانم کە هەوڵ بدرێت سنوورێک دابنرێت بۆ ئەم سەرپێچییە، وەک ئاشکرایە لە زۆر شوێنی هەولێر ئەیانەوێ دووکان دروست بکەن سیاجەکان ناڕووخێنن لە پشت سیاجەکە دووکانەکان دروست ئەکەن و ئەوەندە ئەزانین لە ڕۆژێک سیاجەکە ئەڕوخێنن و دروست کراوەو هاتۆتە سەر جادە، بە گوێرەی یاسای شارەوانی ئەبێ کە بیانە دروست ئەکەی یاخود دووکان دروست ئەکەی چەند مەترێک بچێتە

دواوە، ئەوەش پەیڕەو ناکرێ، ئینجا من وا بە چاکی ئەزانم کە شارەوانییەکان ئالییەتێک دروست بکەن بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەو حاڵەتە دابنرێ، بۆ نموونە: لە هەموو گەڕەکێک خەڵکێک هەبێ بەردەوام موراقەب بگەڕێ کە حاڵەتێکی وا ڕوویدا بچنە سەریان بیان وەستێنن یان یەکێک خانووەکەی زیاد دەکا هی تری تیا دروست ئەکا ئیلزامیان کەن کەوا مۆڵەتی بینا دەربهێنن، ئەوە یەکێکە لەو حاڵەتانە بە چاکی دەزانم کەوا سنوورێکی بۆ دابنرێ . دووەم پرسیارم ئەوەیە لە زۆر شوێن لە شەقامەکانی گەڕەکەکان شارەوانی هەولێکی زۆر ئەدا هەتا جادەکە چاک دەکا و قیرتاوی دەکا ئەوەندە ئەزانی بە شەو یان بە ڕۆژ هەندێ بەنزینی ئەکەنە سەرو قیرەکە ئەسووتێ بە پارچە هەڵ ئەکەنن و بۆڕی ئاوی تری پێی ڕائەکێشن یاخود بۆڕی ئاو شکاوە لە ژێری چاکی ئەکەنەوە بەبێ ئەوەی مۆڵەت وەربگرن لە شارەوانی، ئەو حاڵەتانە هەر هەمووی سەرپێچی کردنە بە بڕوای من ئەو خەڵکەی کە دائەنێن لە هەر گەڕێکێک بۆ ئەوەی هی خانووبەرەکە بوەستێنێ ئەتوانێ هەمان کاتیش ئیشیش بکات کە ئەو حاڵەتانەش خەبەریان لێبدات و بیان وەستێنێ یان ڕەسمیان لێ وەربگرن بۆ هەر هیچ نەبێ قیرەکەیان پێی چاک بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک حمید سلیم میران، بەڕێز کاک حسن صالح رستم خان.

**بەڕێز حسن صالح رستم خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیری شارەوانی یەکەمیان چاپخانەی شارەوانی لە کاتی خۆی ڕەنگە ئیراداتێکی زۆری هەبوو بێ، ئەو چاپخانەیە ماوەیەکی زۆرە وەستاوەو ڕەنگە کەم و کورتییەکەی تەنها کارەبا بێ یان چەند شتێکی بچووک، نازانم بۆ ئەو چاپخانە چاک نەکراوەتەوەو سوودی لێوەربگیرێ بۆ وەزارەتی پەروەردە یاخود بۆ حکومەتی هەرێم؟ بەشەکانی شارەوانی بە تایبەت زەوی وزار بە ئەقسات و ئەملاک ئایا هیچ گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە یان چاک سازی کراوە لەو بەشانە؟ ئەو کارمەندانە وا بزانم هەر کارمەندەکان هی زەمانی ڕژێمن ڕەنگە ئەو کاتە بزانین فەسادی ئیداری چەند بووەو، هەتا چ ڕادیەک بووە لە کاتی خۆیدا. دابەش کردنی زەوی بەسەر شەهیدان و پێشمەرگەی ئاوارە، ئایا هیچی بۆ کراوە؟ یان بەرنامەیەک هەیە هیچی بۆ بکرێ ؟ چونکە بە نیسبەت شەهیدی دانیشتووی هەولێر یان بۆ نموونە لە هەولێر لە دایک بووبێ زەوی دابەش کراوە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەوەی ئاوارەکان بە هیوای ئەوە بین لە شوێنی خۆمانە لەکەرکوک و سلێمانی زەوییمان پێبدرێ ڕەنگە هیچ زەوی نەمابێت بەسەریان دابەش بکرێت، ئینجا ئەگەر بکرێ نەک تەنها بەسەر شەهیدانی شاری هەولێر دابەش بکرێ بەڵکو بەسەر ئەو شارانەش دابەش بکرێن کە لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدایە. ئایا لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک(٩٨٦) هیچ شتێک کراوە بۆ هێنانی موادی ئینشائی بە تایبەتی شیش و

هەندێ شت؟ چی بۆ ئەو بابەتە کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک حسن صالح روستم خان، بەڕێز کاک جلال سلیم خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ پرسیارم هەیە. یەکەمیان ئەوەیە باشتر وابوو لە ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری شارەوانی کە باسی پارەی پرۆژەکانی دەکرد باسی کەمیباتیشی کردبا بەتایبەتی کەمیباتی قیرتاو کردن و ئاوەڕۆیەکان و کۆنکریت کردنی کۆڵانەکان.

دەووەم دەبووایە وەزارەتی شارەوانی خەریکی ئیستثمارات بووایە بۆ ئەوەی پێویستی بە گەنجینەی گشتی نەبوایە وە(إکتفاء ذاتی) هەبێ لەبەر ئەوەی شوێنی زۆر حەساسی هەیە لە ناو شارو شارۆچکەکاندا کە پرۆژەی جۆراو جۆری لێ دروست ئەکرێ. سێیەم بەڕێزی باسی گرنگی کەرتی تایبەتی کرد، لەبەر ئەوە دەبوایە هەر پرۆژەیەکی ستراتیجی یان عیملاق کە لە هەرێم دروست ئەکرێ ئیعلان بکرابایە بۆ ئەوەی کەرتی تایبەتی خۆشمان بتوانی با بەشدار ببوایە، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆرمان هەیە سەرمایەدار لە کوردستان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک جلال سلیم خۆشناو، بەڕێز کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری شارەوانی، جێی سوپاسییە بەراستی گەلەک ئیهتمامدا لایێ مە کە ئاڤا زێ بوومە بگەینێتە جێ بەلاّم نازانم هەتا چ ڕادەیەک گەیشتیتە چ مەرحەلەک، قەولیش بوو مەجاری سندوقی بۆمە بۆ هەردوو شیوەتا ئاکرێ، چونکە هەندێ ئاوە پیس ئەم لێ خەلاّص بین و ناحیە تەندورستی هەم دەتوانن سەرێت وانیش قەول بوو وەک ببتە جادە بۆ سیاحەت دا فایدەی لێ ببینین، تێبینیا من ئەوە گەلەک شارو شارۆچکەت کوردستانێ شاخاوینە مەساحە عاردی راست کەمی تێدا هەی بەلکوم گەلەک جارە خەدەماتە نەشێن بگەیننێ بەرچی چونکە U N دبیژێتن بۆ نموونە مەکتەبەکێ مەد ڤێتن سێ هەزار، سێ هەزار و نیو مەترە یان بۆ بنکەها تەندورستی مەد ڤێتن هەزار مەترە، جا کە جەنابێ وەزیرێ شارەوانیێ یەک لە ئەندامێت بڕیارا(٩٨٦)ە بۆ سەرف کردنا وا وێیە حەز کەین ئەگەر مومکین ببیتن دگەل UN باهویتن دەربارەی هەندەک عەردا کە بڕیارێت خاص تێدا هەبن بۆ نموونە مەکتەب بدل سێ هەزار مەترە هەزار مەتر بیتن و دوو نهۆم بیتن و یان بنکەهێ تەندورستی بدل هەزار مەتر بیتن پێنج سەد یان شەش سەد مەتر بیتن دبشێن خەدەماتە بگەیننا ڤان گەڕەکانە و، عەردێت شاخاوی و، دگەل ڕێزو

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز رجب شعبان طيب، بەڕێز کاک شمايل فەرموو.

**بەڕێز شمايل ننو بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکەم، هەرچەندە قسەکانم کرا بەڵام هەندێ ئیضافاتم هەیە بە پێویستی دەزانم. ببورە بە عەرەبی تەواوی دەکەم، كان الله في عون وزيرالبلديات ووزارة البلديات حقيقةً مهامهما متشعبة وأغلبها تتعلق بحياة المواطنين. أريد أن أؤكد على الموضوع الذي تحدث عنه كاك يونادم حول الناحية السياحة في دهوك حيث كانت محافظة دهوك تسبق أربيل من هذه الناحية. الا أن في هذه الأيام نرى في كل منطقة دهوك، منطقة سياحية واحدة في وادي سطنا وهي سولاف. وكانت في السابق مصائف سرسنگ وأنيشكي أيضاً وسواره توكه وآشاوه عامرة. مثل ما قال كاك يونادم هناك منشئات قائمة ولكن بمرور الزمن نتيجة كونها مسكونة من قبل مواطنين أصابها مزيد من الاندثار سنوياً. لذا أتوجه طلبي الى سيادة الوزير أن يولي هذا الجانب أهمية كبيرة وأُريد أن اتحدث عن جانب آخر قد يجوز له علاقة بوزارة البلديات. منذ (١٠) سنوات تسكن مئات العوائل في منطقة هي ليست منطقتها فهناك كثير من المشاكل الأجتماعية قد حدثت، حيث زاحمت هذه العوائل السكان الأصليين في مياه الشرب والسقي و هناك تجاوز على ممتلكاتهم وأراضيهم، لايعقل في ظل العدالة أن أهل سولاف يستفيدون من السياحة وأهل أنشكي يتضررون كثيراً، كذلك منطقة سرسنگ حيث اسكنت فيها أهالي قرية جاءت من المنطقة الزيبارية العليا. على أساس هذا اسكان وقتي صرفت عليها ملايين الدنانير من أجل تطوير هذا الحي في الوقت الذي يعاني أهالي سرسنگ الأصليين من مسألة سقي مزروعاتهم ويشترون الماء بالتنكرات. فأعتقد أن هذا له جوانب سلبية وهؤلاء أصحاب المنطقة، لقد راجعوا خلال السنوات الماضية حول هذا الموضوع وقدمت الطلبات الى كافة الجهات المختصة ومن ضمنها الطلب لإيصال طلبهم الى السيد رئيس البرلمان. فأتمنى ان يؤخذ هذا الموضوع بنظر الأعتبار والأستفادة من القرار (٩٨٦) كما هو مخصص لشيراتون أو مناطق أُخرى. وان مئات العوائل ممن أسكنوا في مناطق أُخرى، يمكن حل هذه المشكله لهم، ليعود قسم منهم الى قُراهم وأماكنهم السابقة ومنهم له بيت في دهوك ولكنه ساكن في تلك المنطقة أرجو أن تحل تلك المشاكل قبل حلول الشتاء، بالاستفادة من القرار (٩٨٦). وموضوع أخر عندي وهو الأختناقات المرورية في أربيل ودهوك، يعني من المفرح أن نجد البدء ببناء الجسور والأنفاق في القريب العاجل للتخلص من الاختناقات المرورية في هاتين المدينتين المصممتين لأعداد معينة من السيارات. كان هناك

حديث يجري عن سحب السيارات القديمة من هاتين المدينتين وهذا الاجراء له مردود إيجابي من عدة نواحي أولاً: التخلص من تلوث البيئة. ثانياً التخفيف عن أعداد السيارات. وثالثاً: اعطاء منظر مدني جميل للمدن و، الان نسأل ماذا جرى لهذا الموضوع. من الممكن مساعدة هؤلاء الناس من أصحاب السيارات بعد سحب سياراتهم، بمنحهم إجازة استيراد السيارات بدون گمرك أو منحهم تسهيلات أخرى، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک شمایل، بەڕێز کاک حوسێن علی کمال فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر ئیشارەتی دا بەوەی کە لە قراری ٩٨٦ بیر کراوەتەوە لەبابەتی ئاو بەنیسبەت شاری هەولێر مەشروعی شاری هەولێر بەنیسبەت سۆران بەنیسبەت شقلاوە بەنیسبەت دهۆک بەنسبەت زاخۆ، ئایا وەزعی ئاوی شەقلاوە هیچ پێشنیارێک هەیە بەنیسبەت وەزعی شەقلاوە ئێستا شەبەکەی ئاوی شەقلاوە شەبەکەیەکی کۆنە تجاوزاتێکی زۆریش لەسەر ئەو شەبەکە هەیە لە هەمان کاتیش تەوزیعێکی ناعادیلانە هەیە، بەنیسبەت ئەو ئاوە من دوو ساڵە متابعەی وەزعی شەقلاوە دەکەم وەزعێکی زۆر ناخۆشە، بەنسبەت هاولاتیانی ئەو قەزایە لە وەختێکا کە بیست بیری ئاو زیاتر هەیە لە شەقلاوە پێویستە ئیکتیفایەکی زانی زیاتری هەبێ بەنسبەت ئەو قەزایە ئەو ئاوە بەشێوەیەکی رێک و پێک ناگاتە هاولاتیان خەڵکێک ئیستغلالی ئەو ئاوەی کردوە بۆ کاری شەخصی خۆی و بەعزە خەڵکێک دەوڵەمەند بوون و ئەوە روونە ئەگەر بچن دراسەتی ئەو وەزعە بکەن مەیدانییەن ئەزانن ئەگەر حەق هەیە لە هەمان کاتیشا سێ مەخزەنی ئاوی گەورە هەیە لە بناری سەفین یەکێکی ئیستغلال کراوە یان نەکراوە یەک دوانێکی کەی تازەن چەند ساڵێکە بینا کراون بەڵام ئیستیفادەی لێنەکراوە بۆچی ئەو مەخازنە ئاوەی کە هەنە ئێستا ئیستفادەیان لێناکرێ ئەو بیرانە هەمووی پاڵەپەستۆی ئاو بکات، بۆ ئەو مەخازنە لەوێوە جارێکی کە داخلی شەبەکە ببێت. ئێمە ئەگەر بمانەوێت مەشروعی ئاو بێنین لەوانەیە وەختێکی زۆری بوێت لە مەنتیقەی ئیفرازەوە بەڵام هەتا ئاویشمان هێنا ئەگەر شەبەکەیەکی رێک و پێکت هەبێت وەکو پێویست ئاوەکە بگەیەنێتە بەکارهێن چ ئیستفادەیەکی هەیە ئەمە یەک، دوو: جادەیەک ئێستا دروست دەکرێت لەسەر مەیدانەوە بۆ ناو شەقلاوە جا نازانم ئەو جادەیە لە ناو ئەم پرۆژەیەدایە کە وەزارەت جێبەجێی ئەکات یان وەزارەتێکی کەیە؟ ئەگەر بکرێت هەوڵبدرێت جێ بەجێ بکرێت چونکە وەرزی باران و بەفرە، ئەو جادەیەش جادەیەکی سەرەکی یە وەخەڵکێکی زۆر ئیستفادەی لێ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز حوسێن علی كمال، بەڕێز كاك عبدالخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاسی وەزیری شارەوانی دەكەم بەراستی جهودێكی زۆریان سەرف كردووە، بەڵام دوو كێشە هەیە لە هەولێر واباشە ئێمە گرنگیەكی تایبەتی پێبدەین یەكێك لەوانە زۆر كەس هەیە خاوەن ماڵە یان ماڵەكەی لەرووكنە هەوڵ ئەدات تجاوز بكات لەسەر زەویەكەی لەدەوری یان ملحەقێك بۆ ماڵەكەی بكات یان سیاجێكی دوورو درێژ بكات كە ئەوەش بڵێین و نەڵێین تجاوزێكە و، زۆر بەیانیش هیچ موافقات وەرناگرن یان بەجهودێكی تایبەت لەگەڵ ئەم لایەنەو ئەم لایەنە رەزامەندیەكی شەفەهی وەردەگرن، ئایە ئەمە چەنێك خزمەتی شارەكە دەكاو جوانی شارەكە دەكات، هەروەها بەنیسبەت منەوە كێشەی ئەو دیاردەی تازە دەبینم لەجادەكانی بەشێكی ثانویە و بەشێكی سەرەكییە. دوكانێكی زۆر دەكرێتەوە بۆ چاكردنی سیارە بۆ تۆرنەیە بۆ چاكردنی مەكینە و، هەتا بۆ فرۆشتنی كەلوپەلی دانراویش، كە زۆر جادەكانی گرتوە و، كاریشی كردۆتە سەر ئەو ماڵانەی كە نزیكن لەویٚ و، هەروەها لەسەر هاتوچۆی هاوڵاتیان لەسەر رەسیفەكانەوە بێجگە لەوە كە كارێكی زۆر زۆر خراپی كردۆتە سەر، دوو ناوچەی صناعی گەورەمان هەیە لە هەولێر شمالی و جنوبی كە ئەوە جێگایەكی صناعیە تەرخان كراوە مەركەزیەن بۆ چاكردنی سەیارە و چاكردنی ئامێرەكان و بۆ ئیشەكانی تری زراعی كە جار جاریش تراكتراتیش و وەسائیلی گەورەتر وەك جۆندێریشم دیوە لەسەر جادەكان كەوا زۆر تەئسیر دەكات و، شكاتێكی زۆریش هەیە لەو دوكانانە، كە بەراستی ئێمە شوێنمان نەما ئەو فرسەتەمان بۆ نەما ئێمە بتوانین ئیستفادە بكەین لە وەختێكا كە عالەمیش وەك دەزانن تصلیحی سەیارە لەنزیك ترین شوێن ئەكات كارەبا بێت یان میكانیك بێت ئینجا لەبەر ئەوە ئەو دوو كێشەیە لەلای من زۆر گرنگن ئەگەر گرنگیەكی تایبەتی پێبدرێت، سێهەمیش بەراستی تاكیدیان كردووە برادەران زۆربەیان تاكیدیان كرد زۆر شەقام هەیە لە كۆڵانەكانی داخلی خەتی سی هێشتا نە چاكراون نە تەبلیت كراون و، زۆر بەشی تەجاوزیشی لەسەر كراوە، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك عبدالخالق، بەڕێز كاك یوسف میران.

**بەڕێز یوسف جمیل خورشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئاو جەنابی وەزیر باسی زیادەی ئاوی كرد بەڵام وەكو ئەزانین ئەو شەبەكەی ئاو كە لە هەولێر هەیە هەمووی كۆنە لەوانەیە زۆری شكاوو رزیو بێت هیچ پلانێك هەیە بۆ چارەسەركردنی

شەبەکەی ئاو، لەگەڵ سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک یوسف، بەڕێز مامەند ئاغا.

**بەڕێز مامەند محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی خزمەت گوزاری سەردانی هەندێک شارەوانیمان کرد لەوانە چووینە سۆران و شقلاوە، دەربارەی ئیش و کارەکانی شارەوانیەکان لێمان پرسین بەتایبەتی داوای میزانیەمان لێکردن ووتیان میزانیەمان نییە ووتمان ئەی چۆن ئێوە کار دەکەن ئیش و کاری ڕۆژانەتان ووتیان ئێمە نثریەمان دەدەنێ مانگانە هەریەکە هەر شارەوانی و شتێک نثریە دەدات جا شارەوانیەکان پرسیارەکە ئەوەیە بۆ شارەوانیەکان بەبێ میزانیە کاردەکەن؟ ئی دووەم تێبینی دەکەین جادەکانی ناو شاری هەولێر بەتایبەتی ئەو فەرعانەی کە تێکەڵ بەجادە رەئیسیەکان دەبنەوە هەموو سەرە فەرعەکان جۆگایە جۆگای هەیە بەڵام مەترێک لەوێ مەترێک لەوێ هەموو سەرە فەرعەکان بوون بە گۆماو پێویستی بەبۆری هەیە کەبۆری بۆ دانرێ بە پانایی فەرعەکان تکا لەوەزیر دەکەین کە چارەسەری ئەو موشکیلەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامەند ئاغا، بەڕێز کاک عەفان نەقشبەندی.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین، روونکردنەوەیەکی زۆر باش بوو بەڵام زۆر لە پرسیارەکانیشم کرا ئەو پرسیارەی کە ماوە زۆر بچوکە لە ماوەی دوو ساڵ ئەبێت لەحدودی (١٥٠٠) پارچە زەوی دابەش کرا بەسەر مامۆستایاندا تا ئێستا لەگەڵ ئەوەی کە تجاوزات زۆرە رێگا نادرێت بەیەکێ لەوانە کە ئیجازەی بینای بدرێتێ بینا دروست بکات بەراستی تا ئێستا ئەوان بەتایبەتی ئەو زەوییانەی کەوتۆتە پشت پارکی هەولێرە جا نازانم لەبەر ئەوەیە کە ئەکرێ بەمنطقەیەکی تری جیوبی مەدەنی شتی وا یەعنی لەوێ گەڕەک دروست ئەکرێت یان نازانم لەبەر چی یە لەبەر ئەوە ئەگەر بۆمان روونبکاتەوە ئەوانەی کە زەویان وەرگرتووە ١٥٠٠ پارچە زەوی دابەش کرا بەسەر مامۆستایاندا ئەوە لەماوەی دوو ساڵە ئەو زەویانە دابەشکراوە تا ئێستا هیچ کەس لەوانە کە تقدیمی ئیجازە ئەکات ئیجازەی نادرێتێ لەگەڵ ئەوەشا تجاوزات زۆرە کە خەڵک خانوو دروست دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پێشی بڵێ لەکوێ یە ئەو ئەرزانە ؟

**بەڕێز غفان عشمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

ئەو زەوی یەی کەپێیدراوە کە منع دەکرێت ئێستا لەپشتی پارکەکەوەیە ئەوە یەکیان خاڵی دووەمیش لەناو شاری هەولێرا کۆمەڵێک مەشتەل هەنە مەشتەل یەعنی بەهای جوانکاری شار لەگەڵ ئەوەشا ئەوان بەچاردەوری مەشتەلە جوانەکەدا گونیەی شڕو شیواڵیان هەڵواسیوە کردویانە بەسیاج زۆر جار من شخصی خۆشم پێم ووتون وتومە شتێک دروست کەن کە جوان بێت مەسەلە گوڵە جوانەکان لەقەراغەوە دانێن بۆ ئەوەی شارەکەش جوان بکات و بازاریشتان زۆر دەبێت بەڵام هەر وەکو خۆیەتی هەموو مەشتەلەکان بگەڕێن چوار دەوریان گونیە شڕەیە و یان خۆڵە یان شتەکە زۆر ناشرینە بەراستی شارەکەی ناشرین کردووە لەباتی جوانی کات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز عفان نقشبندی، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم دەمەوێ بەم دەقە پێش ئەوەی پرسیارەکانم بکەم هەندێ راستی بڵێم ئەگەر جەنابتان رێگە بدەن. هەر لەدەست پێکی پایزی (١٩٩٦) هەتاکو رۆژی دامەزراندنی کابینەی سێ تاکو ئەمڕۆ سەرەڕای ئیراداتی متواضعی حکومەتی ئێمە دەتوانین بەسیقەوە بڵێین کە شارەکانمان رۆژ بەرۆژ جوانترو رێک و پێک ترو پاکژ تر دەبن ئێمە زۆر عالەمی تێدا دەبینین کە سیمای شارستانیەتی تێدایە دیاربن، بۆنموونە دووسێ نموونە لەسەر دهۆک دێنم مەوقعی لیوای عەسکەری هی نیزام کە منزەرێکی زۆر ناشرین بوون خانووی قوڕ بوون بانەکانی ڕووخا بوون ساتری بەردی لێبوو ئێستا لەجێگای ئەوە سوپەر مارکێتێکی مۆدرنی لێ دروست کراوە، بینایەی مدیریەی ئەمنی دهۆک و، بینایەی جەیشی نەشەعبی دهۆک هەردووکیان تحویر کراون وەبەشێوەیەکی جوان کراون هەردووکیان کردیانە کلیاتی پێشکەوتنا زانستێ کلیاتی زانکۆیە دهۆکێ مەقەری بەعسی دهۆک ئێستاسەرۆکاتیەی زانکۆیا دهۆکیا مینبەری علمیەو تەقەدومییە، چەند ساڵە هەیکەلێ فندقی شیراتۆن لەوێرێ بوو وباشترین فندقی کوردستانێ چ بوو ئەویش کو شیراتۆنا دهۆکێ یە وابزانم بەوە تەواوی بکەن، نموونە زۆرە ئێمە کەخاوەن ئەم ئیرادەیە بین وەخاوەن ئەوکادیرە کەفوئە بین، وەزیری شارەوانی شەخسەکی تەکنۆکرات هەبێت، من بەتەئکید متئەکیدم کەشاری ئێمە گەلێک جوانترو گەلێک باشتر لە ئێستا دەبێت و، ئەو پرسیارەی من دەیکەم من متئەکیدم کەتەحقیق دەبن لەبەرئەوە ئەم پرسیارانە دەکەم، پرسیارێ

یەکەم حەقیقەت لەسەر ئیختیناقێ بوو ئیختیناقێ بازێری ئەوەی جەنابی وەزیری جوابی لەسەر دایەوە علی ئەساس ئیختناقی مروری دهۆکێ باشتر کەن، پرسیاری دوو حەقیقەت جەنابی وەزیری باسی مەشروعی ئاوی دهۆکێ نەکرد دهۆکیش فراوان دەبێت و ژمارەی دانیشتوانی زۆر دەبێتن، ئێستا مەشروعی جان بەرەکات هەیە، کە سێ هەزار مەتر مکعەبە بەسەعات ئایا شتێکی وا هەیە کە زێدەتر لێبکەن و، شەبەکە تەوزیعی ئاوێ ناو گەرەکێ کەڤندا ئەویش پیس بوو شتێکیش بۆ ئەو هەیە ئایا موشکیلەیەک لە دهۆکێ هەیە لەراستی دا گرفتێکە لە سەنتەری بازاڕێ دهۆکێ ئەویش بابەتی مەقبەرەی تانکی سپییە، مەقبەرەیەک کەوتۆتە ناوچەقی پاژێری دهۆک، رووبەرەکەی لە (٧٠٠٠٠) مەتر چوارگۆشە پترە هەتا (٨٠٠٠٠) مەتر چوارگۆشە، مانای (٣٠ تا ٣٢) دۆنم، تەبعەن ئێمە سابیقەمان هەیە لەم بابەتە، ئێستا ئەم جێگایەی کە پارێزگای لێیە پێشتر هەر مەقبەرە بووە جەنابی وەزیر دەزانێت، مەقبەرەیەکی کۆن بوو هەر وەکو ئەم مەقبەرەیە ئەمە تەنها بەشارەوانی ناکرێت، حکومەت هەمووی ئیجرائێکی وا وەردەگرێت، وەشارەکانی عێراقیش هەمووی کە مەقبەرە دەکوێتە ناو شار دەگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، پرسیاری کۆتایم ئەوەیە پێش ماوەیەک لەگەڵ مەکتەبی دهۆک نووسینگەی پەرلەمانی دهۆکێ لەگەڵ لقی یەکی تێکۆشەر کۆبوونەوەیەکی کرد، داواشمان کرد کە ئەو دەعوایە بهێنە پرسیارەکی لەجەنابی دەکەین ئەویش وەختی کۆچ کردنی ملیۆنی بۆ چێلێ، زیاتر (١٠٠) خانی زیاترە بەرۆژکێ (١٠٠) خانی تەقاندەوە پتریش لە (١٠٠) خانوو، زۆر داواکاری دەچێتە لایان ئایا چ پاداشتەک بۆ ئەوان دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید، بەڕێز حاکم سەفەر محمد حوسێن.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی راپۆرت وتەوجیهاتی وەزیری زۆر دەوڵەمەند بوو، دیارە زۆر پرۆژە هاتۆتە جێبەجێکردن لەوانەیە هەر زیاتر بێت لە دوا رۆژدا لە نەخشەی وەزارەتدا، برادەرێ پێش من قسەی کرد بەراستی دوو شتی باشی ئیشارەت پێ دا زۆر پرسیاری کرد، منیش دوو پرسیاری بچوک دەکەم لە جەنابی وەزیر، بەراستی ئیشی وان پرۆژەی گەورەو مەزن وشارستانی پارکی هەولێرە وەزارەت ئەنجامی دا نازانم لە نەخشەی وەزارەت هەیە کە شتێکی وا یان کەمتریش بۆ شاری دهۆک بکات؟ دوو جەنابی وەزیر باسی نەخشەیەکی تازەی بۆ سەنتەری دهۆکێ کرد زۆر رێکوپێکە وئەبێ تەنزیمی هاتوچۆ بکرێ، ئێمە ئەم نەخشەیەش ئەگەر نەبێت بێتە دانان بۆ تا کۆتایی بەرۆژکێ کە جەنابی وی ئاگادارە چەندین خێزانی تێدا کە بێ تەختیت وبێ نەخشەو بێ تەنزیم ساڵی ١٩٦٧ هەموو تەجاوزاتە هەمووی هی خەڵکی گوندەکانی کوردستانن خەڵکی شۆڕشگێر،

بۆیە دەڵێین نەخشەیەکیش بۆ ئەوێ دابنرێت کەزۆر شتێکی پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حاکم سەفەر، بەڕێز کاک ابراهیم دۆغرەمچی.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دوغرەمچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری شارەوانی دەکەم تێبینی من لەسەر هەندەک پرۆژەیە کە تەواو بووە بەس بەشێوەیەکی نارێک کرایە ئەگەر لەبۆ داهاتوو ئەوەی لێوەرگرین هەندێک پرۆژەش هەیە شارەوانی جێ بەجێی دەکات ئێستا راوەستایە لەبەر نەبوونی سیولەی نەقدی وابزانم لەرێگەی وەزارەت سیولەی نەقدی بۆ دێت ئەگەر ئەو پرۆژانە وا بمێنێ ئێستا زستانەو بارانەو ئەزیەتی خەڵک زۆر دەدات ئەو شەقامەی کە پێش مەرکەزی قایمقامیەت تێپەر دەبێت شەقامێکی سێ سایدە هەر لەدونیا دووسایدی چون و هاتن نەبووە ئەوە سێ سایدە دوو چونە یەک هاتنە پاش ئەوەی کە استفسارمان کرد گوتیان لەبەر ئەوەی کردیتیانە سێ ساید نەکو هەشت داری لێیە هەشت دارەکەی ببرن بۆ زانینتان کە ئەو شەقامە فراوان کرا نیوەی خەڵک غاباتی خانزادی بری پاشی ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو دارانە نەبرن توشی کۆمەڵێ استملاک بوون چونکە دوکانەکانی ئەوێ نیوەی وەزارەتی ئەوقاف ونیوەی قایمقامیەت هەمووی استملاک کرا ئەگەر ئەو دارە ببرابایە ئەو استملاکەشی پێنەدەویست چەند ملیۆن دینار ئێستا خەڵک داوا دەکات پارەی خەڵکیش نەدرایە چ بەزەوی چ بەپارە ئەو شەقامەی کە لەلای قاعەی شەعب دەچێتە کن مزگەوتی باقلان کن مزگەوتی سەید ئاوا من ناوم لێنایە رەبایە جا شارەوانی چی ناو لێنایە ئەوە عایدی خۆیەتی وەک رەبایە شتێکی بلند کرایە بەقیمەتی ملیۆنەک و ٥١ هەزار دینار ئەو پارە سەرف کرایە چ شەقامەکە گەورە بووە چ مەجاری لەناو کرایە ئەو شوێنەش کە ئێستا دروست کرایە ئاوی پاک کە بۆ مالان دەچێت لەو بەریە ئەگەر ئەو بەرە بیەوێ بۆ خۆی بکێشێ دەبێت ئەوەی کە دروست کرایە بشکێنی رەسیفەکەش چ عەیبی نەبووە رەسیفەکەش دەستکاری کرایە ئەو شەقامەی کە ئێستا لەمەرکەز شورتەی ئیسکان دەروات بۆ مەفرەقی زراعە تقریبەن ملیۆنەک و نیو پارەی بۆ تەخسیس کرایە بەس پارەکی زۆر تقریبەن سەرف کرایە شەقامەکەش لەبەر ئەوەی فراوانیان کرد چونکە قەرەباڵغیەکی زۆر لەوێ یە لەبۆ چوون هاتن هەر جادەک دوو سایدە چوون و هاتن مەترەک و ٧٥ سانتیمەتر بەرین کرایە (مع العلم) جەزرەکەی وەسەتی (١٦) مەترە باشە بیرلە دووساڵ و سێ ساڵ و چوار ساڵی دی کرایە یان فکرێ هەر ئەو ساڵ و لەبۆ ساڵی دادێ خوا کەریمە ئەگەر جەنابی وەزیر جواب بداتەوە بلێ مەجرای تێدایە بۆیە ئێمە دەستکاری جەزرە وەسەتیەکەمان نەکردووە بەلێ مەجرای تێدایە لەناوەندی مەجرای ناوەندی بەرینی (٦٠ سم)ە یەعنی لە (١٢ ،١٣م) بەرینی (٦٠) سانتیمەترە دەتوانێت چارەسەر بکرێت ئەوەی کشوفاتی وەزارەتی

شارەوانی کردویەتی لەبۆ ئاوەدانکردنی شاری هەولێر کۆمەڵێ کشوفاتی تقدیم کردبوو بە (٢٨) ملیۆن دینار پاش وی دیارە کەمی لێدەرچوو بە دەملیۆن دیناری دیش تەخسیس کرا ئەوە بەس عایدی وەزارەتی بلدیاتە وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردن هەقی پێدا نییە پاش دیراسەت کردن بەدیار کەوت هەندێک پڕۆژە ضمنی ئاوەدانکردن دانرایە (علی اساس) بینای لێبکرێ بۆ خۆی مەوجودە دووبارەیە بۆ نموونە جادەی مەفرەقی زراعەی کە بۆ زراعەی دەچێت ئەوە ضمنی کەشف دادەنرێت کە گوایە شەقامەکە دروست بکرێت ئەو بینایەی لە پشتی نەخۆشخانەی جمهوری لەضمنی کەشف دانرایە علی اساس بینا بکرێت بەدیار کەوت بینایەکە موجودە ئەوی پشت خەستەخانەی جمهوری پشت مزگەوتی شێخ سعدی.

**بەڕێز مامون بریفکانی :**

ئێ یەعنی چ دەکەن و بینایەکە چ بینایە؟ .

**بەڕێز ابراهیم دوغرەمەچی:**

وەلا نازانم بیناکە ئی چی یە؟ بەس بینایەکە مەوجودە قیمەتیشی (١٨٢) هەزار دینارە بۆ زانینت شەقامێک لەگەرەکی نەورۆز بە(٤٢) هەزار دینار تحدید کرایە ضمنی کەشفەکە بەس شەقامەکە ئێستا شوێنەکەی نی یە هەر دەگەڕێن لە دوو شوێنەکەی، شوێنەکەی دیار نییە ئەوە دەلیلی چییە ئەو کەشفانەی کرایە یان ئەو لیژنەیە کە اختصاصییە یەعنی وەری گرتیە ئەو ئیشەی پێبکەن هەر لەدائیرەی کردیتی ئاگای لێنیە هەندێک پڕۆژە دووبارەیە یانیش ئەوانەی کە ئەو ئیشەی دەکەن دیارە خبرەیان کەمە یەعنی خبرەیان نییە بەس حەزدەکەین وەزارەتی شارەوانی ئیستفادە لە خبرەی مهندسە کۆنەکان بکات ئەوی ١٥ یان (٢٠) ساڵە لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی کە گەنجن تەبعەن خبرە هەر بەئیش کردنە بەساڵی تخرج نییە بەگوێرەی پڕۆژەی بلدیەی یاسای وەزارەتی شارەوانیەکان دادەنرێت باشە ئەو پڕۆژەیە پەیوەندی بە ئەنجومەنی شارەوانی بلدیەی هەیە باشە چ عەجەب نوێنەری بلدیەی تێدا نییە پڕۆژەی هەموارکردنی یاسای شارەوانیەکانت ئێستا لەدەستە چ عەجەب نوێنەری شارەوانی تێدا نییە ئەوە پێویستە نوێنەری بەلدیەی تێدا بێت چونکە پەیوەندی بەوانیش هەیە بەگوێرەی تصمیمی هەوڵدەدرێت ئێستا تصمیمی شاری هەولێر دادەنرێت تەبعەن تصمیمی شاری هەولێر کە دادەنرێت لەبۆ (١٥ و ٢٠) ساڵی داهاتو هەمیشە لە(١٠) ساڵ زیاتر دادەنرێت چ تەوەسوعات دەکرێت چ عەجەب ئەوەی پەیوەندیان هەیە بەتصمیمی شاری هەولێر نەکرایە و، بەتایبەتی نوێنەری شارەوانی ئەوانیشی دەبێت تێدا بن چونکە ئەوانە سوودیان زۆر لێ وەردەگیرێ خۆ شەرت نییە هەر وەزارەتی شارەوانی ئەوانیش پەیوەندیان هەیە بەتصمیمی شاری هەولێر بەگوێرەی سجلاتی اطفاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

پرسیارێک کاک ابراهیم چەند پرسیارتان هەیە؟.

**بەڕێز ابراهیم دۆغرەمچی:**

تەواو دکتۆر چ نەما.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دە فەرموو مادام وایە تەواوی کە.

**بەڕێز ابراهیم دوغرەمچی :**

بەگوێرەی سجلاتی اطفاء اراضی و إطفاء هی شارەوانی ئێستا سەحبی وەزارەتی شارەوانی کرایە (مع العلم) اختصاصی شارەوانیە زۆر داوا دەکەن بۆیان ناگەڕێنەوە ئایا هۆی چی یە یەعنی وەزارەتی شارەوانی دەیەوێت هەموو شتەکەی بخاتە بن دەستی خۆی دەبێت صلاحیەتیش بداتە شارەوانی هەولێر، لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ابراهیم، بەڕێز کاک د. رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی شاری زاخۆ پێویستە چونکە دەرگای کوردستانە بۆ دەرەوەی کوردستان، پێش هەڵبژاردنی شارەوانی گلەیەکی زۆر هەبوو لە وەزارەتی شارەوانی کە بێخەمی زاخۆ دێتە کردنێ، بۆ نمونە: شاری زاخۆ لەناو ئاوییە شار تێرە، ئەوە تەنها نمونەیەک بێت، تا هەڵبژاردنی شارەوانی تازە لە لایەن وەزیری شارەوانی گرینگیەکی زۆری بە شاری زاخۆ دابێت، گرینگی وەزارەت ودامودەزگای نوێ بێتە کارکردنێ وبەردەوام کاری لێدەکرێت ئێستا جوولە هەیە لە کارکردن خەدەمات بۆ زاخۆ دێت بەردەوام هیوادرین کە بەردەوامیش بێت، یەک شتی گرینگیش هەیە کە بە زاخۆ دەدرێت، شارەوانی زاخۆ پلەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت و، ئەمرێکی وەزاری لەژێر رەقەمی (٦٨٨٨) لە رێکەوتی ١٦/٩/٢٠٠١ دەرچوو، کەشارەوانی زاخۆ رەبت بوو بە دهۆک موباشەرەتەن بە بەڕێوبەرایەتی شارەوانی وەزارەت، سەرەرای ئەوەی کە برادەری ئێمە بەڕێوبەری شارەوانی هەولێر هەوڵی دا بەڵام ئەم بڕیارە نەهاتە جێبەجێ کردن، پرسیاری ئێمە بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی ئەوەیە ئایە دەشێت هەوڵێک بدات کە ئەم بڕیارە بێتە جێبەجێکردن، چونکە خزمەتێکە بۆ خەڵکی باژێرێ، پرسیارێکی ترم ئەوەیە کە صناعەی زاخۆ کەوتۆتە ناوەراستی باژێرێ وهەردوو رەسیفی جادە گیراوەو زۆر پیسە وگەلێ حادیسە رویداوە بۆتە قەڵەباڵغیەکی زۆری مروری وسەرەرای تێکدانی شار، وەزارەت زەوی تەرخان کرد بۆ صناعە بەسەر خەڵکیش دابەشکرا بەڵام بۆ ئەمر ناکات جێبەجێ بکرێت تا ئەم قەڵەباڵغیەی باژێر نەمێنێت چەند مانگێک یان پێش ساڵێک ئەو شەقامە سەرەکیەی ئەو شەقامەی بۆ ئیبراهیم خەلیل دەچێت، ئەو پارچە زەویانەی سەر رێگا هەموو بە شێوازێکی شەرعی هی شارەوانی نییە، بە رەزامەندی شارەوانی ئەو پارچانە

فرۆشراون، وابزانم ٧ ملیون دیناری هێنایە دەست، کە بۆ شارەوانی خەرج بکرێ، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە ئەو پارچانە زەرەرێکی گەورە لە خەڵکی زاخۆ دەدات ، شارەوانی و لایەنی حزبیش هەوڵی زۆریان داوە هەرچەندە ئەوە بە شێوازێکی شەرعی کراوە لە ڕێگای دزی نەبووە، بەڵام هەوڵ دراوە کە جارێکی تر پارەکەی بگەڕێنیتەوە بۆ خودانی ئەو زەویانە، تاکو ئەو خزمەتە بۆ خەڵکی زاخۆ بگەڕێتەوە، تاکو جەنابی وەزیر لوطف بکات ئەو زەویانە بگەڕێندرێتەوە هەتا پارەکەی بگەڕێتەوە بۆ خودانی ئەو زەویانە ، لەبەر ئەوەی شوێنی خزمەتگوزارینە،پرسیاری دوایی بۆ جەنابی وەزیر ئەوەیە کە بە فەرمانی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران چەندی شارەوانیەک نۆژەن کراونەتەوە ، لەوانە لە ناوچەی زاخۆ چەند شارەوانیەک هەیە، سەرەڕای ئەوە نە شوێن هەیە لێ دانیشن ، نە لە شوێنی دەوام دەکەن تاکو خزمەتێک بە هاولاتیان پێشکەش بکەن، بۆ نمونە تلکابەرە هی هێزاوەیە هی نیرسقێیە، ئەگەر جەنابی وەزیر هیمەتێک بکات تاکو خزمەتێک پێشکەش بە هاولاتیان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خێراتنی وەزیری شارەوانی دەکەین، پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٢٤)ی ١٩٩٤ چەند جۆرە چارەسەریەکی بۆ چارەنووسی سەدەها پارچە زەوی گەشت و گوزار دیاری کرد، کە رووبەرەکانی هیچ کامێکیان لە ٢٠٠٠ مەتری چوارگۆشە کەمتر نەبوون کە بێ بەرامبەر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سیاحەی بەغدا پێیان درا بوو، ئەوانە نەخشە و تەصمیمیان پێشکەش کرد بوو بۆ دروست کردنی هوتێل و کازینۆ ، تاکو گەشت و گوزار لە کوردستان پێش بکەوێ، و ئەو زەویە باشەیان بۆیە بۆ دەستەبەر کرا بەپێی بڕیاری ژمارە ٣٥٣ی ساڵی ١٩٨٠و ئاسان کاری مەسرەفیان بۆ کرا وهەروەها مۆڵەتی ئستیرادیان پێدرا وبای هەزارەها دیناریان هێنا بێ ئەوەی گومرگ بدەن هەرەوها لە باجی عەقار و دەخل بوردران هەروەها هەموو جۆرە ئیعفایەکیان بۆ کرا کە لە یاسای ژمارە ٤٩ ی ساڵی ١٩٧٥ی گەشت و گوزاردا هاتووە،پەرلەمانی کوردستان سێ جۆرە چارەسەری بۆ دانان بەگوێرەی بڕیاری سەرەوە کە هەر چۆنێک بێت دەبێت لە ماوەی سێ ساڵ کۆتایی یەکجارەکی بە کێشەکە بێنن، ئەوە گەیشتینە ساڵی ٢٠٠١ چارە نەکراوە خۆی دەبایە لەساڵی ١٩٩٧ تەواو بایە کە کۆتایی ئەو سێ ساڵە بوو کە داندرا بوو، بەڵام ئەوە بوو بە حەوت ساڵ هێشتان کۆتایی بەو کێشەیە نەهاتووە، بۆیە تکا دەکەین لە وەزیری شارەوانی ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە کە چی کراوە و چی نەکراوە.

پرسیاری دووەمیشم سەبارەت بە تەجاوزاتی شەقامەکانە، پرۆژەی یاسایەکمان بۆ هاتووە بۆ

لیژنەی یاسا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەو زەویانەی کە پێش ساڵی ١٩٧٥ لە سەرانسەری شاری هەولێر کراوە، ئێمە لە لیژنەی یاسا لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت کۆبونەوەیەکمان گرێدا ، لە ئەنجامدا داوای لیستێکمان کرد بە ژمارە و ناوی ئەوانەی تەجاوزیان کردوە لەگەڵ ژمارەی پارچەو کەرت تاکو پاش ئەو تەجاوزانە هیچی تر تەجاوز نەکرێ، تاکو ئێستا چوار مانگ بەسەر ئەو بەڵێنەدا چووە و تاکو ئێستا هیچ وەڵاممان پێنەگەیشتووە هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان نوێنەران حکومەت لەکاتی هەڵبژاردنی شارەوانی بەڵێنێکیان بە خەڵک دا کە چارەسەرێکیان بۆ دابنێ و ئەو کێشەیە پەلەی لێبکرێ ، چونکە ئەو تەجاوزانە پێش ساڵی ١٩٧٥ کراوە و هی گەڕەکەکانی سەیداوە و سێتاقان و تەیراوەن کە ئەوانەش هەموویان چینی هەژار و نەدارن وهیچ کامیان ناتوانن تەسەرف بە موڵکەکانیان بکەن نە دەتوانن بیفرۆشن و یان ڕەهنی بکەن لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا سەنەداتیان بۆ دەرنەچووە تاکو ئێمە رادەیەک بۆ ئەو تەجاوزاتانە دابنێین کە دەکرێ پێش ئەوەی ئەو یاسایە چاوەروان دەکرێ بکرێ دەبوایە شارەوانی لیستەیەکمان بۆ ڕەوانە بکەن تاکو بزاندرێ ئەو کەسەی پاش ئەو لیستە کێ تەجاوزی کردوە دەزاندرێ ، ئەوە یەک بەڕێز جەنابی وەزیر لێرە فەرمووی کە ١٥ هەزار پارچە زەوی لە شاری هەولێر تەرخان کراوە تاکو دابەشی سەر خەڵک بکرێ من لێرەدا قسەیەک دەکەم دەڵێم باشە ئەگەر ئەو زەویانە ئامادەبان بۆ فرۆشتن ئەو تەجاوزاتانە کەمتر دەبوون، ئەگەر تەجاوز یەک بێت یان دوو بێت، باشە مراقیبی شارەوانی، سەرۆکی بەش، سەرۆکی ناوچە ، بەڕێوەبەری شارەوانی هەر شارێک لە کوردستان ، ئەگەر مراقیب بە ئەرکی خۆی هەستێ وتەجاوزەکە یەکە نەهێلێت ببێتە دوو و لێپرسراوی بەش ئەگەر تەجاوز بوو بە چوار و پێنج ئیجرائات بکات تاکو نەبێتە دە و یازدە تاکو لە کۆتاییدا وای لێبێت ئێمە مەجبوور بین یاسایەک دانێین کە زۆر زەرەری خەزینەی حکومەتی تێدایە ئەوەیش بەوەی کە پارەی مۆڵەتی ڕەسم نادەن پارەی قیر کردن نادەن پارەی ئاوەرۆ نادەن، دواتر مەجبورین بە پارەیەکی کەم ئەو زەویانەیان بەناو بکەین، داوا لە بەڕێزیان دەکەین ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە کە بۆ تاکو ئێستا ئەو لیستەمان پێنەگەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک سەعید کە پرسیارەکانی دوا پرسیار بوو لە راستیدا پێش ئەوەی بوار بدەین بە جەنابی وەزیر بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، داوایەک لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەوەیە کە ئەگەر پرسیارەکان بژمێرین دەبینین ژمارەیەکی زۆر پرسیارتان هەبوو، لەوانەیە ئەندامە بەڕێزەکانی تریش پرسیاریان هەبێت، و ئەم پرسیارانە پرسیارێک نین کە ئەمڕۆ دروست بوبێ یان دوێنێ کت و پڕ دروست بوبێ بەڵکو پرسیارێکم لە ئەنجامی کاری دوو سێ ساڵە کۆ بۆتەوە و بوون بە پرسیار و ئێستا ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکرێ، نەقدی ئێمە لە هەموو ئەندامانی پەرلەمانە بە تایبەتی ئەوانەی کە پرسیاریان ئاراستە کرد، زۆر لەو پرسیارانە نەدەبوایە تاکو ئێستا بمێننەوە، بەڵکو دەبوایە بە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی بکرابا

تاکو ئەنجومەنی نیشتمانی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بکردایە،لەبەر ئەوەی لە هیچتان شاراوە نییە،لەوانەیە زۆر لەو پرسیارانە بێتە هۆی چارەسەر کردنی گرفتێکی گەورە، و گرفتێک ئەگەر لە کاتی خۆیدا چارەسەر کرا لەوانەیە ئاسان بێت کە کاتێکی بەسەردا چوو لەوانەیە موعەقەد تر بێ ، و چارەسەری زەحمەت تر بێت، بۆیە تکامان وایە لەگەڵ ئەو نەقدە، کە لەمەو دوا ئەگەر پرسیارتان هەبێ دەربارەی هەر وەزارەتێک هەڵی مەگرن بۆ ساڵێک و دوو ساڵ پرسیارەکان بە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نشتمانی بکەن جێگای رێز و تەقدیرمان دەبێت ، بێگومان رێچکەی خۆی دەدۆزێتەوە و دەگاتە وەزیری پەیوەندی دار.
خاڵی دووەم لە راستیدا شایستەی ئەوەیە کە سوپاس ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەین بۆ ئەوەی ئەو دەستورەی تازە کردەوە کە رۆژێک تەرخان بکرێ بۆ گفتوگۆ کردنی کاروباری حکومەت، بۆ نیشاندانی چالاکیەکانی وەزارەتەکان هەروەها بۆ ئاراستە کردنی پرسیار و بۆ بەڕێزان وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لێرەشدا شایستەی ئەوەیە دوو بارە سوپاس ئاراستەی جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار بکەین بۆ ئەو کاتە گرنگەی کە بۆ ئامادەبوون تەرخانی کرد، حەزیش دەکەم ئاماژە بەوە بدەم ، کە جەنابی وەزیر بۆی هەیە وەڵامی هەر پرسیارێک بداتەوە، یان هەر پرسیارێک یان ئەگەر بە باشی زانی هەموو پرسیارەکان دوابخا بۆ کاتێکی تر، ئەوە بۆ تەقدیری خۆی بەجێ دێڵین بەپێی پێڕۆی ناوخۆی پەرلەمان ، بەهەر حاڵ ئێمە سوپاس و تەقدیری نیشان دەدەین.فەرموو.

**مأمون نور محمد بریفکانی / وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی برادەران دەکەم ئێمەش هەوڵ دەدەین بە گوێرەی کات وەڵامی پرسیارەکان بدەینە، بە پرسیارەکانی خاتوو زهرا خان دەست پێدەکەین، کە کارگەی قیر لە زاخۆ هەیە دەڵێ ئەوە مولکی شارەوانی زاخۆیە ئەمرەکەی لەوێ بێت، بابەتەکە بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە و فەرمان لە وەزارەت دەر چووە، پێشنیار هاتووە بۆ وەزارەت لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکان، کە ئەو شارەوانیە تابعی وان بووە و ئێستا سەر بەوان نییە، دەڵێ مەعمەلی زاخۆ با ببێتە کارگەیەکی گشتی نەک تەنها هەر بۆ زاخۆ بێت، ئێمەش ئەوەمان رەفز کرۆتەوە و گوتومانە با هەر بۆ زاخۆ بێت، وا دیارە زانیاری جەنابتان زەهرا خان بە پێچەوانەوەیە لەباتی بگوترێ لە شارەوانیەکان بۆ وەزارەتیان نووسیوە گوتراوە وەزارەت بۆ شارەوانیەکانی نووسیوە، بڕیارماندایە ئەو کارگەیە بۆ زاخۆ بێت لەبەر ئەوەی زاخۆ ١٥٠ هەزار نفوسی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگاکانی.
سەبارەت بە سولفەی مستەدیمە، حەز دەکەم ئاماژە بەوە بدەم بە جیاکردنەوەی زاخۆ لە شارەوانیەکان، لەبەر ئەوەی ئەو پرسیارە زۆر برادەر کردویەتی، ئەوە لەبەر گرنگی شاری زاخۆ هات، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ١١٠ هەزار نفوس زیاتر بووە، ٤٠ هازاریش دانیشتووی کۆمەڵگاکانی دێتە سەر ، واتا دەتوانین بڵێین شاری سێیەمە ئێستا وامان بە باش زانی کە وەکو

شاری هەولێر و دهۆک راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەبێت بۆیە ئەوەمان کرد،کاک رزگاریش هەمان پرسیاری کردوە، دەڵێ ئیجرائات نەکراوە، بەڵێ ئیجرائات کراوە، تەنانەت سەبارەت بە سولفەش ئێمە لەگەڵ وەزارەتی داراییشمان کردووە،کە وەزارەت یەکسەر پارە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پارێزگا دەنێرێت، بەڕێوەبەرایەتی پارێزگا دابەشی دەکاتە سەر هەموو شارەوانی قەزا و ناحیەکان، ئێستا وەزارەتی دارایی ئیعازی ئەوەی داوە کە شارەوانی ئاکرێ و سۆران و زاخۆ تەسک بکرێتەوە، واتا ئۆتۆماتیکیەن بۆ شارەوانیەکان نەچێت راستەوخۆ بۆ زاخۆ بچێت، هەندێ شت هەیە تۆ ناتوانیت یەکسەر بیبڕی، لەبەر ئەوەی لە زەرەری سۆران و ئاکرێ و زاخۆیە،زۆر قەزایەی یاسایی هەنە زۆر دۆسێ هەیە و شتی تر هەیە، دەبێت ماوەیەک بەیەکەوە بن وەکو بەرپرسیاریەتی لەژێر بەرپرسیاریەتی ئەوان نەماون، بەڵام ئێمە ئیعازمان دایتە شارەوانیەکان کە یارمەتی ئەوان بدەن لەلایەنی ئیداری و یاساییدا تاکو باش دەکەونە سەر سکەی خۆیان، سەبارەت بە سولفەی مستەدیم ، سولفەی زاخۆ پێشنیار کراوە، بەڵام ئێستالەبەرهەندێک زروفی دارای تەبعەن ئەوئیقتراحەی تەئجیل کرابەڵام قائیمەوە سلفەی ئیضافە ئیقتراحیشمان کردیەتەبعەن وەزارەتی دارایش موافەقەی کردیەکەبیبیتە دوو هەند ، بەنسبەی هەندەک ئۆتۆمۆبیل کەدەهێن بەیەکسانی دابەش ناکرێن تەبعەن سەیارات هاتوە. فعلەن بەس زۆرنەهاتوە بەڕاستی ئێمەش جاران تەقریبەن وزارەت زۆر تەدەخولی نەدەکرد بۆ تەوزیع کردنی ئەوئالیەتانە هەریەکەلەپارێزگای خۆی، بەڵام ئێستا وەزارەت پێش تەوزیع داوای لیست دەکات کەچۆنی تەوزیع دەکەن، یەعنی خۆمان رای خۆمان دەدەین ، بەنسبەت بەڕێز کاک احمد سالار باخچەی گەرەکەکان لە هەولێر زیاتر لە ( ٢٠٠ )گەرەک باخچەی تێدایە هەیە ئەوە لە تەسمیمی ئەساسی ، ئەگەر بکرێتە باخچە، ناکرێتە شتێکی بازرگانی یان شتێکی تر، شوێنی بازرگانیش هەیە مەواقعی خۆیان هەیە، ئەوەی گەرەکەکان ئەوەیە کە لە تصمیم ئەساسی بۆشاییەک هەیە لەناو کۆمەڵێ خانوو، ئێستا خەڵک یان پاشەڕۆی فرێدەداتە ناوی یان دەیکاتە ساحەی تۆپانێ،ئەوە دەبێتە شوێنێک کە خەڵکەکەی تێیدا پشوو بدەن، وابزانم پلانەکەمان دەست پێکردوە، ئێستا نزیکەی ١٠ باخچە تەواو بووە، بەرنامەشمان ئەوەیە داوامان کردوە لە شارەوانی هەولێر کە رەنگ رێژی ٤٠ باخچە ئامادەکەن و بۆ ئێمەی رەوانە بکەن، تاکو بیگەێنینە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانیش رەزامەندی لەسەر بکەن ، ئەوە چاوەڕوانی ئەوانین تاکو بزانین ئەو باخچانە لە چ شوێنێکن و کامەیان ئەفزلیەتیان هەیە، سەبارەت بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، هەندێک پرسیار هەیە دووبارەن لێرە وەڵامیان دەدەمەوە بۆ نمونە پرسیاری قەڵای هەولێر، ئەوی جەنابت پرسیت و کاک شێروانیش، هاوئاهەنگیەکمان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواریش ئەو پەیوەندیەمان هەیە، پلانێک هەیە بۆ چاو خشاندنەوە بە قەڵای هەولێر، لەو بارەیەوە سیمنارێک دەکرێت و ئێستا لیژنەیەکیشمان پێک هێناوە و کاک سەرکیس ئاگادارە لیژنەکە فراوانە و لە زۆر کەسی شارەزا

پێک دێت، و له ئەنجومەنی شارەوانی هەندێ پێشنیاریان پێشکەش کردوە و هەندێ پێشنیاری کۆنیش هاتۆتە پێشەوە بۆ نمونە ئەوە ئیحسان شێرزاد و زۆر پێشنیاری تر و هەندێ نمونەی قەڵایان دروست کردوە و زۆر تەسامیم ئامادە کراوە هەندێ وێنەی کۆنیش و پێشنیاریان کردوە کە ئەو خێزانانەی کە نیشتەجێی قەڵان لە شوێنێکی تر خانوویان بۆ دروست بکرێ، بەڵام نزیکەی ٥٠ خێزانی تێدا بمێنێت ئەو خێزانانەش لەوانە بن کە خودان پیشەن و شارەزان تاکو قەڵاکە بەچۆڵی و بێ سەرپەرشتی نەمێنێتەوە، ئەوانە زیاتر لەوانە دەبن هەر وەک چۆن کە دەچیە دەرەوە دەبینی خەڵکانێک هەن کاری دەستی دەکەن ئەوانە لەناو قەڵاکە دەبن، پێشنیار هەیە بیکەنە شوێنی گەشت و گوزار و شوێنی ئەسەری تەنانەن سەرۆکایەتی ئەنجومەن لەوێ شوێنێکیان هەبێت یان شوێنێک بۆ مێوانداری واتا ببێتە شوێنێکی تێکەڵاو هەم ئەسەری و هەم مێوانداری، ئەوە ئێستا ئێمە چاوەڕوان دەکەین کە سەرۆکی حکومەت بێتەوە، سیمنارێک دەکرێت لەبەر ئەوەی دەمانەوێ لەو سیمنارە بەڵێنی پشتگیری قەڵای لێ وەرگرین ، لەناو پارک کە دوو شانۆ کراون، ئەوانە بە مانای ووشە شانۆ نین ئەوانە زیاتر شتی وەرزشین یەکێکیان شوێنی شەترەنجە و لەوانەیە زیاتر بۆ منداڵان بێت ئەوەی تر وەکو ساحەیەکە کورسی سروشتی تێدایە کە بە بەرد دروست کراوە وکە ٢٥ یان ٣٠ مەترێکە وەکو شانۆیەکە کە تیپێک دەیەوێت بچیتە ئەو شوێنە و چالاکیەک پێشکەش بکات، دوای ئەوەی پارک تەواو دەبێت و بەرێوەبەری دەست بەکار دەبێت دەتوانین وەکو ئەوەی لە پارکاتی دنیا دەکرێ دەتوانین گەلەریەک بکەین بۆ کردنەوەی پێشانگا، لەوەوە داهاتێکی باشیش بۆ پارک دێت، پێشانگای هەمەلایەن، لەوانەیە بکرێ ئەوە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریش باس بکەین.

سەبارەت بەوەی کاک یونادم دەڵێ بۆ تخطیط عمرانی کوادیر لە موصل و بەغدا هەیە، دوێنێ بۆ ئەو بابەتە هەندێ کەوادیر لای ئێمە بوون و بۆ ئەو مەسەلەیە هاتبون و ئەندازیاری کۆن بوون ئیختصاصیان تەخطیط عمرانیە، لەو بارەیەوە ئێمەش هەوڵ دەدەین و فعلا کوادرمان کەمە لەو بارەیەوە رەزامەندی لایەنی بەرپرس وەردەگرین، ئەگەر کرا دادەمەزرێنین، وەکو گوتم دوێنێ ئەندازیارێکی زۆر کۆن هات کە ئیختصاصی تەخطیط عمرانی بوو، سەبارەت بە کۆمەڵگا زۆرە ملێکان ، جەنابت دەڵێی بۆ خزمەتگوزاری بۆ دەستەبەر دەکەن لەبەر ئەوەی دەبێتە شتێکی چەسپاو کە پێویستە نەمێنێت ، من لێرە شتێک بە جەنابت دەڵێم کە سیاسەتی حکومەت لە سەرەتا ئەوەی بوون کە ئەو کۆمەڵگایانە نەمێنێت، من وەزیری ئاوەدان کردنەوە بووم، لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵگایانە شتێکی سلبیە خەڵک هەموو داوای دەکرد کە نەمێنێت، دواتر دەرکەوت کە تۆ ناتوانی ئەو کۆمەڵگایانە نەهێلیت لەبەر زۆر هۆکار، ئێمە لە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە روپێویەکمان لەسەر ١٦ کۆمەڵگا کرد هەر لە سلێمانی تاکو دهۆک، ئایا دەتوانی ئەو کۆمەڵگایانە نەهێڵین؟ کێن ئەوانەی لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا دەژین؟ خۆیان دەچنەوە دێکان یا ناچن؟ لە دراسەکەدا هاتەوە کە سێ جۆر خەڵک لەو شوێنانەدا دەژین، یەکەم خەڵکێکە لە

کۆمەڵگادا نەماوە چاوەڕوانی یارمەتی کەسیشی نەکردوە تەنانەت چاوەڕوانی یارمەتی ڕێکخراوەکانیشی نەکردوە وچۆتەوە بۆ سەر دێی خۆی زانیوبەتی کە ئەگەر نەچێتەوە شوێنی خۆی و کاسبی نەکات ئەوە ناژیت، ئەوانەی چوینەوە، ڕێژەکانم لە یاد نییە، جۆری دووەم لەناو کۆمەڵگاکان، ئەوانەنە کە هاتوو چۆ دەکەن هاوین دەچێتەوە سەر زراعەتی خۆی و زستان دەگەڕێتەوە کۆمەڵگا، چ دەڵێ؟ دەڵێ ئەگەر ئێوە پشتگیری من بکەن قوتابخانە و نەخۆشخانەو پرۆژەی ئاو و هەموو شت بکەن ئینجا دەچمەوە دێکەم، بەڵام ئەگەر نەی کەن ناچمەوە، واتا ئومێد هەیە بگەڕێنەوە دێکەی خۆیان، جۆری سێیەم دەڵێ هەر ناچمەوە دێکەم؟! هەر چیشم بۆ بکەن هەر ناچم، ئەوە پەیوەستە بە هەندێ لایەنی ئابووری و بۆ نمونە فەرمانبەرە و نزیکی شارە و یان فیتەرە یان مامۆستایە ئەو شتانەن کە هۆکارن بۆ نەگەڕانەوەیان، لێرە دێ هەبووە ٥٠ خێزان بوون ئێستا بۆتە ٢٠٠ خێزان، واتا لە دێکەش شێوێنی بەشی ناکات، واتا ئەگەر خەڵکی ئەو دێیە بچنەوە شوێنی خۆشیان دەبێت هەندێک هەر لە کۆمەڵگا بمێننەوە، دواتر زۆر خزمەتگوزاری هەیە لە کۆمەڵگاکان هەیە لە دێکان نییە، جەنات دەزانی ئەو چەند ساڵ تێپەڕی کەس خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمەڵگاکان نەکردوە بەو بیانووەی کە نامێنێت بەڵام واقیعەکە خۆی سەپاند،واتا زۆر گرانە کە تۆ بتوانی ئەوە نەهێلیت، لەبەر ئەوە شارەوانیمان دامەزران لێیان، سەبارەت بە شوێنی زیخ و چەو، بۆ ئەوە ئیجرائاتمان کرد، زۆر کەسمان گواستەوە و هەندێ بۆ سەر ڕێگای مەخمور ئەوەی تر بۆ پشت ناوچەی پیشەسازی باکور، نزیکەی زیاتر لە ١٠٠ پارچە زەویان دابەش کرد، ئەگەر هەندێ ماون ئێستا ئەوە تەجاوزە و پێویستە نەمێنێت، ئەو پلانە دەست بەجێبەجێ کردنی کراوە لەوانەیە مابن بەس پێویستە نەمێنێت، بۆ ئەوەی کە لایەنی ڕۆژ ئاوا و باشور کە چۆلی بکەین، ئێمە پلانمان ئەوەیە کە ناوچەی جنوبی کە دەکاتە نێوان ڕێگای موصل و مەخمور تا دەگاتە ڕێگای کەرکوک کە شوێنی نیشتە جێ بوون نەچێتە ئەو شوێنە، ئەوە هەر ئەفکارە کە سەکەن نەچێتە ئەو شوێنە زیاتر پیشەسازی بچێتە ئەو شوێنانە یان ئاوەڕۆکان دەچنەوە ئەوشوێنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە کە قسە دەکەن مۆڵەت وەرگرن ئەوجا قسە بکەن کەس لە شوێنی خۆی قسە نەکات.

**بەڕێز مأمون نور محمد بریفکانی / وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا کەمن باسی پرۆژەکانم کرد، باسی شار و پاشکۆی شارم کرد، کە خزمەتگوزاری تێدایە،واتا ئەوە خۆی لەخۆیدا چڕی شارەکە کەم دەکاتەوە، سەبارەت بە سەرسەنگ و ئەنیشکێ کەمن ناوم هێنا بەو واتایە نییە کە لە بەرنامەماندا نییە، بەڵام گریمان ئێستا بەرنامەیەکمان دانا من ئێستا ناتوانم جێبەجێی بکەم لەبەر ئەوەی بابەتی سەرسەنگ و ئەنیشکێ هێشتا چارەسەر

نەکراوە ئێمە ئێستا لەگەڵ پارێزگای دهۆک و لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە ئەو خێزانانە نیشتەجێ بکەن، ئێستا ئەگەر رەنگرێژی بۆ ئەنیشکێ و سەرسەنگیش بکەم ئەگەر ئەو خێزانانە دەرنەچن واتا هیچمان نەکرد، ئەوەی من زانیومە پارێزگای دهۆک بەرنامەی هەیە کە ئەوانەی ئەنیشکێ و سەرسەنگ نیشتەجێ بکات،جەنابیشت دەزانی کە نیشتەجێکردنەکە بە یارمەتی بەرنامەی ٩٨٦ و بە قۆناغە و ئێمە سەبارەت بە ئەنیشکێ سەرژمێریەکی زۆر باش دەزانین، بۆ سەرسەنگیش پێویست بە شایەدی من نییە.

ئەوەی د. ناصح، سەبارەت بەوەی کە پارک سەر بە کوێیە، سەرەتا لەبەر گرنگی دان بەو پرۆژەیە و پرۆژەیەکی گەورەیە دەبێت خۆت سەرپەرشتیەکی باشی لەسەر بکەیت سەرەتا لەبەر ئەوە خستمانە سەر شانی دیوانی وەزارەت بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران کە تەواو بوو ئەوە ئۆتۆماتیکیەن دەبێتە عایدی شارەوانیەکان وئەوە شتێکی سروشتیە کە وەزارەت پرۆژەی گەورە بەخۆی دەکات، سەبارەت بە بوجە وەزیری داراییش لێرەیە هەموو ساڵ ئێمە بوجە دەدەینە وەزارەتی شارەوانی، لێرە لەسەر توانای دارایی دەمێنێتەوە، ئەگەر توانا هەبێت، دەڵێ فەرموو هەمووی بکە، ئەگەر لە تواناداا نەبێت ئەوە دەڵێ ئەسبەقیەت بەکار بێنە، ئەسبەقیاتیش موچەیە سولفەیە، ئەوە دەمێنێتەوە سەر توانا.

سەبارەت بەوەی کاک شێروان، ئەوەی قەلا من باسم کرد، پلانی شارەوانی چیە بۆ قیر کردن؟ حەزمان کرد تەرکیز لەسەر شەقامی ٦٠ مەتری بکەین، ئێستا دێین ٦٠ مەتری حەفر دەکەین، واتا ئێستاله پلانی ئێمەدایە کە هەر لە فولکەی زەعیم تا دەگاتە سایلۆ ئاوەرۆی لێ دەکەین و هەر لە فولکەی شۆرش تاکو پەرلەمان ئەویش ئاوەرۆ دەکەین، بۆیە زۆر شت هەیە لەوانەیە دوابخرێت، بەڵام پلانێکی فراوانمان بۆ قیرتاو کردن لەبەر دەست دایە، لەوانەیە ئێمە و کۆمپانیایەکی تورکیش بەشدار بن لەبەر ئەوەی ئامێری زۆر پێشکەوتوویان هێناوە ، کارگەی چیمەنتۆی ئەوان وەکو هی ئێمە نییە، ئەوەی ئێمە کۆنە و هی ساڵەکانی حەفتاکانە، فانێشەراتی ئێمە خۆی تاسە دروست دەکات هی ئەوان تۆماتیکە، واتا پلانێکی فراوانمان هەیە بۆ قیرتاوکردن، بۆ تخطیطیش وەکو جەنابت باست کرد. ئێمە لە ئێران ماکینەی تخطیطمان کڕی، تاکو ئێستا گرفتی بۆیاغمان هەیە، هەر جۆرێک دێنین باش دەرناچێت، بەراستی ئیهمالیەک هەیە لە تخطیطی شەقامی شارەکان، دەبێت گرنگیەکی زیاتری پێ بدرێت.

سەبارەت بەوەی کاک قەیس،ئەوەی سەر رێگای ماڵتا دەڵێ بۆ مۆڵەتی خانوو کردنیان پێنادەن؟ فعلا پارچە زەوی دابەش کراوە بەڵام پارچەکان لە سەنتەری غابات بوون، واتا شەقامی ماڵتا ئەلێرە غاباتە کە شارەوانی ئەوەی کرد لەبەر چاوی نەگرت کە ئەوە غابەیە، واتا بە هەزاران دار لەوێ هەیە دەبێت هەڵیان کێشی، ئەوە بوو ئیعادەی نەزەرمان کرد واتا ئەوەمان راوەستاند ئێستا خەریکین زەوی تریان بدەینێ یان هەندێکی تر زەحفی پێ بکەین، لەسەر هەمان میحور بیاندەینێ لەبەر ئەوە دواکەوت.

مامۆستا مەلا محمود سەبارەت بە تەجاوز لەسەر شۆستە، ئەوە زۆر راستە، پێش ماوەیەک شارەوانی هەولێر بە هاوکاری قائیمقامیە لەگەڵ مراقیبەکان شاڵاوێکی باشیان کرد، بەڵام هاوولاتیانی ئێمە بەراستی هاوکاری ناکەن، ئەوڕۆژە لە تەلەفزیون مقابەلەمان کردوە، کابرا شتی هەتا نیوەی رێگا هێناوە دەڵێین لای بە دەڵێ تاکو جیرانەکەم لای نەدات من لای نادەم، دەڵێین باشە تۆ یەکەم لای دە، دەڵێ وەلا تاکو ئەو لای نەدات من لای نادەم، ئیلا دەبێت پۆلیس بێتە سەر سەرت، سەبارەت بە ئاویش، دەبینین ئاوەکە تاکو بەیانی دەروات، لە دنیا ئەرکی شارەوانی ئەرکێکی هاوبەشە، ئەو باجەی لە دەرەوە دەسەپێندرێتە سەر هاوولاتی ، ئەگەر ئێمە چارەگێکیشی دانێین ئەوە دەبێتە هەرا، لێرەش راگەیاندن هاوکاری ئێمەی نەکردوە کە وا نیشان بدات کە ئەرکەکە هاوبەشە، هەموو دەم وانیشان دەدەن کە هەموو دەم ئێمە کەمتەر خەمین، کە هەموو دەم نیشان درا کە ئێمە کەمتەرخەمین ئەوە هاولاتی فیکرەکی خراپ وەردەگرێ،دەڵێ حەنەفی دانانێم با شارەوانی ئاوم بۆ دەستەبەر بکات، بەراستی دەبێت هاوولاتیش هاوکاری ئێمە بکات.

ئەوەی کاک د. ئیدریس گوتی، گرنگی بە پرۆژەی سەرەکی و هەندێ گرنگی نەدان بە شوێنی تر، تەبعەن ئێمە ئەگەر ئەو صفەتە بەکار نەهێنین، ئێمە ناتوانین هیچ رۆژێک پرۆژەیەکی گەورە ناکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە بەردەوام زەوی دابەش دەکەین بەردەوام پێویستیمان بە خزمەتگوزاریە، ئێمە ئەوەش دەکەین و ئەوەش دەکەین، لە هەموو دنیاش پرۆژەی گەورەش لە شار دەکەن و لە شوێنی تریش شەقام دەکەن و قیرتاو دەکەن ، ئێمە لە بریاری ٩٨٦یش زۆر پرۆژەی گەورەی ناو شاری هەولێرمان داخیل کردەوە ماوەتەوە تاکو جێبەجێ بکرێت. سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی ئیفراز کە دە ملیونە ئەوە بوو ، حەزمان کرد گەورەتر بێت، لەبەر ئەوەی بەشی هەولێر ناکات، ئەوەبوو پرۆژەکەمان دراسەت کردو لە دە ملیون کرا بە ٤١، کە من دەڵێم بیرەکان لەغو دەبێت ، ناڵێم ئیزالە دەکرێت، ئەو بیرانە دەمێنن، بەیانی هەر حالەتێکی کت و پر هاتە پێشەوە ئەوە بیرەکان ماون و دەست لە بیرەکان نادەین، سەبارەت بە تخطیطی ئاوەڕۆی هەولێر وەکو جەنابت گوتت هەر ئاوی باران هەیە ئاوی پیس نییە، من پێشی ئێستا ئەوەم کرد ٢٥٠ملیون دۆلار دابین دەکرێت تاکو ئێستا ١٠٠ملیون دۆلار حجزکراوە و ئەوە کۆمپانیا دێن تخطیطی دەکەن، ئەوە لە چوارچێوەی توانای ئێمەدا نییە و لە چوارچێوەی شارەزایی ئێمەدا نییە ئەوە کۆمپانیای بیانی دێنە هەولێر رووپێوی هەولێر هەمووی دەکەن و مەرجیش نییە ئاوەڕۆ لە شەقامە سەرەکیەکان بەن، ئەوان لە نزیکترین شوێن دەبەن، تەبیعی ئەوە ئاوڕۆی ئاوی پیسە، وێستگەیەکی گەورەی خاوێن کردنەوەی ئاوی لەگەڵە، ئەو وێستگەیە ئاو دەداتە کێڵگە کشتوکاڵیەکانیش و پەینیش دروست دەکات و ئاویش پاک دەکاتەوە.

باسی اختناقات، داخلی (٣٠) متری هیچ گۆڕانکاریەک نییە، ئاماژەشم پێکرد کە ئێمە لە شێخەڵا و لە خانەقا و لە تەعجیل و گەڕەکی عارەبان ئەو گەڕەکانە لە ژێر رەنگ رێژیدان ،

دوویان تەواو بوون، ئەوە پێش ئەوەی بۆ دهۆک بکرێ بۆ هەولێرمان کردووە،نمونەیەکتان بۆ دێنمەوە، فولکەی صافی دوو سێ شەقام لەو شوێنە یەک دەگرنەوە بە تایبەتی ئەوەی بۆ شەقامی پزیشکان دەچێ، لە رەنگ رێژی ئێمە دەرچووە دەڵێ دەبێت دابخرێ، واتا زۆر جەخت لەسەر فولکەکە کرا ،واتا شەقامەکە یا لە شوێنێکی تر دەربچێ، بەمانای هەندێ شتی زانستی خۆی فەرز کردوە، بەڵام ئێستا عەرزی ئەنجومەنی شارەوانی دەکرێت ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن.
سەبارەت بە تێبینی کاک احمد علی، ئەوەی جەنابت گوتت هەندێ کەرت بە زیادکردن دەفرۆشرێت و تەجاوزی لەسەر دەکرێت ، ئەوە زانیاریم لەسەر نییە.
سەبارەت بە تێبینی کاک وریا، بۆ شەقامی دەلالخانە ئایا پلانێک هەی؟ ئەوە لە چوارچێوەی پلانی خانەقایە، واتا پلانمان هەیە.
سەبارەت بە تێبینی کاک حەمید میران، کە باسی تەجاوزات دەکات و داوا دەکات کە سنورێکی بۆ دابندرێ، و ئایا ئالیەتێک یان مراقیب هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە شەقامەکان هەڵدەکۆڵن، بابەتی تەجاوزات بابەتێکی هاوبەشە لە نێوان ئێمە و بەڕێوەبردن ، واتا سەرۆکی شارەوانی بۆ قائمقامیەت دەنوسێ و دەڵێ تەجاوز هەیە و قائمقامیەت دەچێت لای ددات، هەرچەندە بەڕێوەبردن درێغی ناکەن بەڵام هەندێ جار دەبینین تاکو ئەوە خەبەر دەداتە ئەوە و تاکو ئەو دەچێت ئەشکال دروست دەکرێتن ئێمە لە چوارچێوەی یاسای شارەوانیەکان کەخۆمان داوامان کردوە هەموار بکرێت، بۆچی ئێمە داوامان لە وەزارەت نەکرد کە خۆمان ئەو کارە بکەین. گوتمان لە ئەنجومەنی وەزیران خۆیان لیژنە پێکبهێنن بۆ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان بۆ ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە تەنها لە گۆڕەپانەکە نین سەبارەت بە شارەوانیەکان پارێزگاش لەگەڵ ئێمەیە قائیمقامیش لەگەڵ ئێمەیە مدیر ناحیەش لەگەڵ ئێمەیە، دەبێت دەسەڵاتی ئەوانیش وەرگرینەوە ئەوە بۆ نمونە دەبێ بە سەرۆکی شارەوانی بڵێین تۆ خۆت لە جیاتی نووسراو بۆ ئائمقام بنوسی و تۆ خۆت دەسەڵاتی جەزائیت هەبێت خۆت خەڵک بگرە، لەبەر ئەوە خۆمان داوای ئەو لیژنەیەمان کردوە و فیعلا لیژنە پێکهێندرایە ئێمە ئەندامین تێدا، برادەرێک گوتی نوێنەری شارەوانی تێدا نییە، بەڵێ نوێنەری شارەوانی تێدایە ئەمرەکەش لە ئەنجومەنی وەزیرانە دەتوانیت ببینیت نوێنەری پارێزگاشی تێدایە و نوێنەری وەزارەتی تێدایە، نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدایە، هەمووی تێدایە و ئەمرەکەش هەیە.بۆ تەجاوزیش ، بەراستی ئالییەتی هەر ئەوەی هەندێ جار مراقیب دەچێت دەبینێ لێپرسراوێک دەردەچێت، واتا شارەوانیش ناتوانێ هەموو شت بکات،لەبەر ئەوە لەو یاسایەی بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان دەمانەوێ دەسەڵاتمان هەبێت.
کاک حەسەن صالح دەڵێ چاپخانەی شارەوانی بۆ کار ناکات، ئەوە هەندێ کەم و کوڕی هەیە ،لەگەڵ ئەوەی ئەو کەم و کوڕیانە زۆر نین، هەندێ شت هەیە کە کاری پێبکەی لەوانەیە مەردودی دارایی زۆر تر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە خراوەتە روو و کاری بۆ دەکەین.
دەڵێ ئایا لە بەشەکانی شارەوانی گۆڕان کاری کراوە، ئێمە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ کۆمەڵێ

کەسمـان گۆڕی لە شارەوانی، جەنابیشت بزانە کە بەدیل نییـە و کەوادیریش زۆر بە ئاسـانی بە دەست ناکەون ئەوانەی شارەزاییان هەیە، بۆ نمونە ئەندازیارێک ئەوساڵ دەردەچێت تۆ ناتوانیت لە شوێنێکی گرنگ دایبنێی، من لەگەڵ جەنابتم کە دەبێت هێشتا گۆڕانکاری بکرێت، بەڵام ئەوە قۆناغ بە قۆناغ دەبێت.

سەبارەت بە دابەش کردنی زەوی بەسەر شەهیدان و ئاوارەو پێشمەرگە و هی تر، ئەو بابەتە زیاتر لای ئێمە نییە، سەبارەت بە ئێمە، ئێمە لایەنێکین زەوی دیاری دەکەین بە پلەی یەکەم ئیعاز لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دێت، وەزیر دەسەڵاتی پێدانی زەوی نییە، جەنابی کاک دکتۆریش ئەوە باش دەزانێ پلانی دابەش کردنی زەویش هەیە لە ئەنجـومـەنی وەزیران بەڵام بۆ نادەنە ئەوە، بۆ دەدەنە ئەمە. ئەوە عایدی سەرۆکایەتیە.

سەبارەت بە هێنانی کەل و پەلی بیناسازی لە بڕیاری ٩٨٦، تەبعەن نایهێنن، ڕێکخراوی تایبەت بەم کـارە ڕێکخـراوی هابیـتـاتە، هابیـتـات دەڵێ من مـامـەڵە لەگـەڵ بەڵێندەرەکـان دەکـەم، بەڵێندەرەکان لەسەریان پێویستە خۆیان کەرستە دابین بکەن ، لەو بارەیەوە زۆر جارمان گفتوگۆ لەگەڵ کردوون.

سەبارەت بە تێبینی کاک جەلال خۆشناو، بۆ ئێمە باسی کەمیاتمان نەکرد، ڕاستە بەڵام حالەتمان هەیە تەنها قیرە حالەتمان هەیە تەنها قیـربستۆنی دروست کردووە حالەتمان هەیە قیـربستۆن و تێکەڵـەیە حالەتمان هەیە قیـربسـتۆن و تێکەڵە و مەجاریە، بەراستی دەبێت تۆ زۆر تەفسیـخی بکەی، ئەوانە لای ئێمە هەنە هەر کاتێ لیژنەی شارەوانی و جەنابت بێبیت بە درێژی پێت دەدەین، من پشتگیری جەنابت دەکەم، بەڵام دەبا لیستی زۆر درێژمان هێنابا.

دەڵێن ئیستثمارات دەبێت هەبێ، ئێمەش داوا دەکەین کە ئیستثمارات هەبێت، خۆزگە خەڵکێک بێتە پێش و ئامادەیی خۆی نیشان دا، بەڵام ئەو پرۆژانەی ئێستا لەسەر بوجەی ئێمە نییە بۆ نمونە ئەوەی شیراتۆن کە دەکرێت ئەوە لەسەر بوجەی ئێمە نییە تاکو لەسەر بەڵێندەر بسەپێنم کە دەبێت فلان بەڵێندەر بێنی، ئەو خۆی دەست نیشانی دەکات ، لەبەر ئەوەی پارەی ئەوە ٩ ملیون دۆلاری لێ سەرف دەکات.سەبارەت بە ئیستثمارات هەر کەسێ بێتە پێش و ئامادەیی خۆی نیشان دات ئێمە هاوکاری دەکەین کاک ڕەجەب بابەتی پرۆژەی ئاو من لەسەرەتاوە باسم کرد لە ڕاپۆرتەکەمدا گوتم پرۆژەی ئاوی زاخۆ و ئاکرێ لە ژێر دراسەتە پارەشی بۆ دابین کراوە واتا ئەوە بە کۆتاهاتووە، لێی نەترسن بەس لە ژێر دراسەیە ئاوەکەش لە زێ دەهێنن، ئاوەڕۆی صندوقی ئاکرێ کولفەکەی لە سنوری ٢ ملیون دۆلارە ئێمە بە قۆناغ لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی باسمان کردوە پێشکەشی unمان کردوە بەس بە یەک قۆناغ ناکرێ، لە قۆناغی یەکەم لە بیرمە لە سنوری نیو ملیون دۆلارمان داخیل کرد.

بۆ ئەوەی کە un داوای ڕووبەری زۆر دەکات بۆ پرۆژەکانی، ئێمە زۆر جار ئەو باسەمان کردوە هەندێ جاریش ئیجرائاتیشمان کردوە، ئەوە زیاتر پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەوە هەیە

زیاتر، هەر وڵاتێک سیاسەتی خۆی هەیە، ئێستا لە تورکیا قوتابخانە هەمووی پێنج قاتن یان چوار قاتن یان سێ قاتن، لێرە حەز ناکەن لە دوو قات زیاتر بێت نازانم بۆ، بۆ سەرەتایی لەوانەیە بەس نازانم بۆ بۆ ناوەندی و دواناوەندی ئەوە ناکەن، ئەوە زیاتر دەبێ لەگەڵ پەروەردە باس بکرێ، بەس زۆر جار ئێمە لەسەر ئەوە ئیعترازمان کردوە، بۆ نمونە: لە دهۆک خەریک بوون قوتابخانەیەک دابنێن رووبەرەکەی زۆر گەورە بوو ئێمە نەمان هێشت، گوتمان لە جیاتی یەک قات بیکەنە دوو قات، وەکو گوتم دەبێت لەگەڵ پەروەردە باس بکرێ .

سەبارەت بە تێبینی کاک شەمائل، سەبارەت بە سەرسنگ و ئەنیشکێ وەڵامم داوە، هەر باسی ئەو خێزانانەت کردوە ئەویشم وەڵام دایەوە، سەبارەت بەو بابەتەی کە جەنابت باست کرد ئەوە زیاتر پەیوەندی بە ئێمەوە نییە.

سەبارەت بەو ئۆتۆمبیلە کۆنانە کە سەحب کرێتەوە وابزانم دراسەیەک لە وەزارەتی ناوخۆ هەیە ،کاک سەرکیسیش ئەوە دەزانێت، بەس پێویستە دەست بە جێبەجێ کردن بکەن، ئەوەی من دەزانم لەوانەیە لە ساڵانی ٨٦ یان ٨٧ سەیارە مەنع بکەن،

کاک حسێن کەمال جەنابت باسی شەبەکەی ئاو دەکەیت، بەراستی ئێمە گرفتێکمان بۆ سەرجەم شەبەکاتی ئاو هەبوو ، ئێستا ئەو گرفتەمان نەما ، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە بۆری UN گەیشتنە کوردستان و بەشی هەولێر زۆر زۆرە، ئێستا بەڕێوەبەرایەتی ئاو دەستی پێکردوە بۆری دابەش دەکات لەسەر قەزاو تەنانەت لەسەر گوندەکانیش واتا ئەوەی شارەوانی تێدایە، بەس کاری UN رۆتینی زۆر گرانە، شەقلاوەش گرفتی ئاوی هەیە و بەراستی ئاوەکانی کەم بووینە، بەڵام بەرای من ئەو پرۆژە گەورەیە تاکە چارەسەرە بۆ ئاوی شەقلاوە، تۆ هەر بیر لێبدە چارە نییە، تا وای لێهاتووە بیر کاری کردۆتە سەر بیری تر، سەبارەت بە عەمباراوەکان ، من نازانم بۆ لەوێ بەکاریان نەهێناوە، لەوانەیە لەبەر کەمی ئاو بێ، دواتر من پرسیار دەکەم.

ئەو شەقامەی کە داخیلی شەقلاوە دەبێت، ئەوە رێکخراوی هەبیتات بە هەوئاهەنگ لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە.

بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە بۆ ئەو حاڵەتەی کە پارچە زەوی هەیە و تەجاوز لەسەر روکن دەکات، ئەویش هەر بابەتی تەجاوزاتە، ئەو رۆژە هەندێ پارچەمان کردە مەزایەدە، سێ چوارێک هاتن گوتیان ئەوە خانووی لەسەر کراوە، ئێمەش گوتمان لای بدەن، جا چەند دەتوانن لای دەن ئێمە لەدواین.

بۆ ئەو دیاردەی کەرستەی یەدەگ، ئێمە لە ناوچەی پیشەسازی باکور بە هەزاران دووکانمان هەیە و لە ناوچەی پیشەسازی باشوریش ناوچەیەکی فراوانمان هەیە، بەڵام ئەوانە دەبێت مەنع بکرێن.

بەڕێز کاک یوسف شەبەکەی ئاوی هەولێر، ئەوە لەتواناداا نییە بە یەک قۆناغ تۆ هەموو شەبەکەی ئاو چاک بکەیت، ئێستا پلانمان هەیە بەتایبەتی ئێستا بۆری گەیشتووە مەهانەی کەس نەماوە، وەکو گوتم پلانمان هەیە بەس خۆ ناتوانین بە جارێ هەمووی بکەین، هەنگاو بە هەنگاو دەبێ.

بەڕێز کاک مامەند ئاغا دەڵێ میزانیە نییە هەر سولفە هەیە، ئەوەم وەڵام دایەوە بۆ هەڵسوکەوت کردن، شەقامی سەرەکی و شەقامی تاک ئەوە راستە دەبێت پەزیرایی بکرێت.
بەڕێز شێخ عەفان ئەوەی من دەیزانم گرفت نییە، ئەوە کاتێک بوو دیعایەک دروست بوو گوتیان پارک جێگای ئەوانی گرتووە، بەڵام ئێمە پارکمان بەو ئاستە فراوان نەکردەوە، کاتێ هاتن گوتیان پارکیان فراوان کردوە و ئەو پارچە زەویانەیان لەغو کردوە نەخێر وا نییە. دیعایەک هەبوو گوتیان پارک فراوان کراوە بەس بە و ئاستە فراوان نەکرا لابەلا فراوان کرا.
بەڕێز کاک ئبراهیم سەعید ، بەراستی پرۆژەی چەم بەرەکات من لە یادم چوو، ئەو ئێستا لە قۆناغی راگەیاندنە، لە قۆناغی جەدوا و مەرحەلەی رەنگ رێژیش تەواو بووە بەس ئێستا ئەوە فراوان کردنە بەڵام فراوان کردنی سێیەمیش هەیە، لەو فراوان کردنە چ زیاد دەکەن؟ لەو فراوان کردنە ماتۆر زیاد دەکەن واتا هێزی پاڵنەر دەبێتە دوو ئەوەندە بەڵام لە داهاتوودا هێڵێکی تریشە وەکو ئەوەی ئیفراز. سەبارەت بە تۆڕی ئاو لە گەرەکەکان لەوانەیە بە فراوانی دەست پێبکەین چونکە بۆڕیەکی یەکجار زۆر گەیشتووە، گۆرستانی دهۆک من لەگەڵ جەنابتم، ئەو گۆرستانە کە ۳۰ دۆنمە، من حەز دەکەم شتێ بە جەنابت بڵێم، ئێمە مەرکەزی هەولێر دەکەینەوە ــ ئێستا لەژێر دراسەتە ــ خرایە بەردەست ئەنجومەنی شارەوانی، سنوری شارەوانی دهۆک دێی شارەوانیە دادگای کۆنە دێی بانکە دووکانی طارق سەمەدە دێیە لۆمانە و دێیە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس ئەوانە هەمووی لا دەبرێت واتا ئەو ناوچەیە چۆل دەکرێت واتا دەکرێتە سەنتەرێک بۆ دهۆک سەنتەرێکی راقی ، ئێستا روپێوی بۆ دەکەن تەصمیمی بۆ دەکەن، لەبەر ئەوەی زۆربەی شوێنەکانی ئەوێندەرێ حکومین، دەتوانین بە زیادکردن بیدەیە خەڵک و زەرەریش نەکەیت، ئەوەی گۆرستان بریارمان دا کە بمێنێت، بەراستی ئەوە خەڵکی دهۆک بێ لە وێیە، و ئێمە پێویستمان بە ناوچەی سەوزایی هەیە، بریارمان دا لەگەڵ پارێزگاری دهۆکیش کە ئەو ناوچەیە بکرێتە دارستان، واتا دیوار بەندی بۆ بکرێت ، واتا لەباتی ئەوەی لای بەین ئێمە گوتمان بکرێتە دارستانێک باشترە، ئەوەی باسم کرد بۆ سنتەری دهۆک ئەوانە هەمووی لا دەبەین ، ئەگەر ئەو ئیجرائاتە نەکەیت شارەکە پێش ناکەوێت،
ئەو ۱۰۰ خانووەی لە بەرۆژکێ ، دەبێت پرسیار بکەم، لەبەر ئەوەی بریاری دەوێت و ئێمە زەوی دیاری دەکەین.
سەبارەت بە حاکم سەفەر ، سەبارەت بە پارکی دهۆک پێشنیار هەیە. کە پارێزگاری دهۆک هات بەیەکەوە چووین و شوێنەکەی بە من نیشاندا، ئەوان شوێنێکی باشیان پێشنیار کردووە، شوێنەکەش لەنێوان شەقامی ۱۰۰ مەتریە لەنێوان رووباری قەسارە لەگەڵ شەقامی موصل وبە سنوری ۱٦۰ دۆنم و شوێنەکەش زۆر سروشتیە و جوانە پێویستی بە رەنگرێژی و رووپێوی هەیە، سەبارەت بەو موخەطەطەی کە جەنابت باسی دەکەی هەیە بەروژکێ کەبۆ چی هێلکاریەک بۆ مەرکەزی دهۆک هەیەو بۆ بەروژکێ نییە؟ ئەوەی مەرکەزی دهۆک جیاوازە ئەوە بابەتی ترافیکە و

بابەتی مەساراتەو، بەروژکێ واتا گەرەکن و شەقامن ئەوە جیاوازە.
بەرێز کاک ابراهیم دۆغرەمەچی ، هەندێ پرۆژە گەیشتونەتە قۆناغێکی باش لەبەر هەندێ سیولە ئێمە چاوەروان دەکەین تاکو تەواوی بکەین وەکو نەورۆز وکوردستان بۆ نمونە، رێگای نەخۆشخانەی جمهوری ،مەرج نییە ئێمە هەموو دەم لەسەر تەصمیمی کۆن برۆین ، ئێستا لە صالحیە لە بەغدا لەکاتی خۆیدا رێک بوو جەزرە بوو بەس بەهەمان ئاست بوو، ئەو جەزرە وەسەتیە داری کۆنی تێدا بوو، بەس ئەوەی تر بۆ ئەوەی خانزانمان بۆیە تێکمان دا ئەو شتێکی ترە ئامانجەکە شتێکی ترە گەراجی باکووریش لەوێ نامینێت و قایمقامیەتیش لەوێ نامینێت ئەوقافیش بە تەواوی لەوێ نامێنێت لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ ئەو ئیجرائاتانە نەکەیت شارەکەت پێش ناکەوێت، بۆ نمونە ئەو شەقامەی لای ئەوقاف دەبێت بەردەوام بێت تاکو قەلا بەلام کەی؟ ئەوە دەبێت توانا هەبێت دارایی هەبێ، دەبێ بە و پانایییە بچێت بگاتە قەلا، جا لەبەر ئەوە ئێمە دەمانەوێ لە رۆتین کەم بکەینەوە، فیکرەیەکی هەڵەشمان لەسەر جەزرات هەیە، جەزرات پێوستە داری لێ نەروێنین، بۆنمونە ئەو دارە گەورانەی سەر شێستی پێوست بوو لە لێوارەکانبان ، لەبەر ئەوە ئەو دارانە بینینی رێگاکە بزر دەکات ،شوفێر هەر لایەکی رێگاکە دەبینێ و لایەکەی تر بزر دەکات، لە هەمان کاتدا پێویستە تۆ هەردوو لا ببینی، لە هەموو شوێنێک ئەگەر سەرنج بدەی دەبینیت دار لە هەردوو لای رێگاکەیە، لە جەزرەی ناوەراست هەندێ داری بچوک هەن،یان وەکو جەنابت دەڵێ دیکۆرێک بکەن، ئەوە هێشتان تەواو نەبووە. من لەگەڵ رای جەنابتم کشوفاتی ئێمە کەم و کورتی تێدا بوو ئەوە زۆر راستە، کە کشوفاتەکە دەست پێکرا ، تیایدا سێ وەزارەت بەشداریان تێدا کرد لە دانانی ئەو کەشفانە، لە شارەوانی هەموو ئەندازیاری کۆنمان داناوە هیچی دەرچووی تازەمان دانەناوە، بەلام لەبەر پەلەکردن لە کارەکان هەندێ کەم و کورتی تێدا بوو هەندێ شتی تربشی تێدا بوو ئەویش هەندێ کەم و کورتی موتەعەمد بوو، نە کەم و کورتی واتا خۆمان زیادەی سەر کشوفاتمان کرد، جەماعەتی شارەوانی فێر بوو بوون کە شەقام بە بێ ئاوەرۆ بکەن دواتر کە کشوفات کراو هاتن و چوون وامان بە باش زانی کە نابێت شەقام بە بێ ئاوەرۆ لەمەو دوا نابێ بکرێ، بۆ نمونە رێگای نەورۆز کوردستان چۆن دەبێت بێ ئاوەرۆ بکرێ، بۆیە ئاوەرۆمان بۆی کرد، رێگای باداوان ئەویش ئاوەرۆمان بۆ کرد، لە کشوفاتی ئەصلیدا نەبوو ، رێگای نەخۆشخانەی کۆماری ئەویش ئاوەرۆی نەبوو هەر وەکو رێگای هەڵەبجە بێ ئاوەرۆ کراوە ئەویە بەرامبەر بانگی هەرێم، حەزمان نەکرد وا بکەین، لەبەر ئەوە هەموو ئەوانە بوونە پارەی زیاد لەسەر پرۆژەکانمان. سەبارەت بە ئەندازیاران، ئێمە زیاتر ئەندازیاری کۆنمان هەیە هیچ ئەندازیاری تازەمان نییە، ئەگەر جەنابت دەزانی ئەندازیاری باش هەیە ئەوە هەتاکو ٢٠ ئەندازیار من دادەمەزرێنم، سەبارەت بە پەیوەندی بە وەزارەتەکانی تر گومان لەوە دانیە کە ئێمە کارێک ئەنجام دەدەین ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ تەلەفۆنات یان لەگەڵ شوێنێکی تر هەبێ ئەوە هاوئاهەنگی دەکەین، بۆ نمونە هێڵەکانی کارەبا بۆ ناوچەکانی محرمات لەگەڵ ئێمە هاوئاهەنگی دەکات،

هەندێ تۆمار راستە ئێمە رامانكێشاوەتەوە وەزارەت، ئێستاش لای ئێمەیە بەلام ئێستا ئێمە سكانەری دەكەین، دەستكاری ناكەین هەر وەكو خۆی كۆپی دەكەینەوە، لێرە من تەنها نمونەیەك بۆ جەنابت دەهێنمەوە، كەرتی پێشمەرگە هاتن، بۆ ئەوە دامان بە شارەوانی و گوتمان ئەوەمان بۆ جەرد بكەن ، هەموو كات دەبێت ئەوانەی سوودیان وەرگرتووە دەبێت دوور بخرێنەوە، چوار مانگی بەسەردا چوو تەواو نەبوو، دەبینی لیژنەیەك دانداراوە و دەرمالەش وەردەگرن و سێ مانگی تریش تەواو نابێت، یەكسەر ئێمە لیژنەكەمان داخست وئەو تۆمارانەمان هێنا وەزارەتی داخیلی كۆمپیوترمان كرد ، ئێستا هەر دوگمە لێبدەیت دەزانیت كێ سوودی وەرگرتووە، تەنانەت ئەو تۆمارە كوژاوانەش كۆپی دەكەین، وێنەیەك دەدەین بە شارەوانی بە دیسك لە شارەوانی گشتیە و وێنەیەكیش لای ئێمەیە و تۆمارەكانیش دەدەینەوە بە شارەوانی ، لەبەر ئەوەی زۆر جار دەستكاری ئەو تۆمارانە دەكرێت بە حبری سپی دەسرنەوە ، ئێستا پلان هەیە و جێبەجێشمان كردوە جەنابت دەتوانی بێی لە وەزارەت بینبینی، هەموو دۆسێی تەخطیط عمرانی داخیلی كۆمپیوتر كراون، فایل هەیە ئەوەندەیە لەناو كۆمپیوتەرە، تۆ دەتەوێ پەڕ پەڕ ببینی ئەوە لەناو كۆمپیوتەر پەڕپەڕ دەبینی، واتا ئەو فایلەش نەمێنێ وەكو بینایەی بازرگانی جیهانی كە تەقاندیانەوە بەلام لە كۆمپیوتەر لە شوێنی تر هەموو شتێك مابوو، بەیانی جەنابت بێیە وەزارەت پیشانت دەدەین كە هەموو دۆسێی تخطیط عمرانی فایل فایل خەزنیان كردوە.

بەرێز د. رزگار پرۆژەی ئاوی زاخۆ، ئەوە تەواو بووە لە قۆناغی جێبەجێ كردندایە، زاخۆ دەرەجە یەكە، هەولێر دەرەجەی تایبەتە، دهۆك دەرەجەی مومتازە، ئەگەر زاخۆ ببێتە پارێزگا ئەوە دەرەجەكەی دەگۆڕێ، باسی ئەوە دەكەی كە شارەوانی جیا كراوەتەوە لە شارەوانیەكان، من باسم كرد جیا كراونەتەوە و سەرۆكی شارەوانیش هات بۆ لای من وێنەیەك لە فەرمانەكەشی بینیوە و وەزارەتی دارایش ئیعازی ئەوەی داوە كە سولفەیان راستەوخۆ پێبدەن، بەلام لەبەر هەندێ رۆتینی یاسایی و ئەملاك و شتی تر خۆیان دەبێت بلێن دەمێنن، پیشەسازی زاخۆ من زانیاری تەواوم لەسەر نییە و پرسیار دەكەم تا بزانم بۆ نەگوازراینەوە؟ ئەویە تر كە دەلێ هەندێ پارچە زەوی بە رێگای یاسایی فرۆشراوە، ئەوەش من پرسیار دەكەم، بەلام جەنابت بزانە كە تەجاوزێكی زۆریش لە زاخۆ كراوە، لەو ماوەیە ویستمان نەخشەی قوتابخانەیەك دانێین لەسەر خەریتە شوێنی قوتابخانە هەبوو بەلام دەستمان نەكەوت، ئەگەر لەو هەمواركردنەی كە دەكرێ ئەگەر ئیجرائات بكەین.

بەرێز كاك سەعید یعقوبی،ئەو یاسایەی كە لە پەرلەمان دەرچووە ئەوەی ١٩٩٤ ئەوە كاتی بەسەر تێپەریوە، ئیجرائات نەكرا بوو واتا وەزارەت ئیجرائاتی نەكرد بوو و كاتەكەشی بەسەردا تێپەڕی بوو، سەبارەت بەوە ئێمە ئیجرائاتمان كردوە، جەنابت لە لیژنەی ئەگەر بێیتە وەزارەت وهەموو هەنگاوەكانت نیشان دەدەم كە كردومانە لە ئینزار و بەدواداچوون و شتی تر، جەنابت گوتت بۆچی شارەوانی ناوی تەجاوزەكان بۆ ئێمە نانێریت، لەراستیدا دوو یاسا لە پەرلەمانەوە بۆ ئێمە هات

یەکێک ئەوەی پێشی ١٩٧٥ ئەوەی تر پاشی ١٩٧٥. ئەوەی پاشی ١٩٧٥ پێش ماوەیەکی کورت هاتووە، ئەوەی پێشی ١٩٧٥ ئەوە مەعلومە نازانم پێویست دەکات ناوەکان بێن چونکە گرفتی درێژخایەنیان هەیە و کۆنن پەنجاکانە یان چلەکانە پێویستیان بە بریار هەیە، هەمووش مەعلومن، ئەوەی پاش ١٩٧٥ ئەگەر پەرلەمان داوای ئەو ناوانە بکات ئایا جەدوای ئەوە هەیە، تاکو ئێستا داوایان لە ئێمە نەکردوە، نەک لە پێش چوار مانگ، ئەوە مانگێکە ئاگاداری ئێمەیان کردۆتەوە وحالەتەکان روونن، ئەگەر پەرلەمان بریار بدات ئەوە لیژنەکان ئەو کارە دەکەن، ئەما ئێمە ناو بنێرینە پەرلەمان! ئەوە عایدی جەنابتانە، سەبارەت بەوەی ئەو زەویانە هەیە و تەجاوزیش هەر هەیە، ئێستا داوا کاری بۆ ئێمە دێت، بۆ نمونە داوا کاری پێشمەرگەیە داواکاری شەهیدانە ئێستا هی فەرمانبەران لە گۆرێیە، کەرتی تریشن دەبێت ئێمە زەویان بۆ دەست نیشان بکەین، سەبارەت بە بابەتی تەجاوز و زەوی بۆ ئەوانەی تەجاوزیان کردوە، زەوی بۆ ئەوانە نەکراوە، بەلام سەرۆکی وەزیران رۆژێ لە کۆبوونەوە باسی ئەوەی کرد و داوای لە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن و پەیوەندیداران کرد کە دراسەی ئەو بابەتە بکەن، سەبارەت بە ئێمە وەکو شارەوانی تەنها زەوی دەست نیشان دەکەین.

خالێکی تری کاک رزگار سەبارەت بە شارەوانیە تازەکان ئێمە ٤٣ شارەوانی نوێمان هەیە، باسی ئەوەشم کرد ئەگەر ئێمە یەک تراکتۆر بکرین دەبێت ٤٣ تراکتۆر بکرێین، ئێمە زۆر شتمان داخیلی بەرنامەی ٩٨٦ کردوە، بەلام بۆ شارەوانیە تازەکان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ١١ ملیونیان تەرخان کردوە، بۆ موچەو و سولفە و شتی تر ئەوەندەی تەرخان کردوە و نووسراوەکەشی بۆ وەزارەتی دارایی رەوانە کردوە و بۆ هەندە کەل و پەلێ بۆ هەر شارەوانیەک، بۆ قۆناغی یەکەم ئەوە رەزامەندی لەسەر کراوە کە ١١ملیون و شتێکە، سوپاستان دەکەم

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک مەئموون بریفکانی، لە تەقدیراتی ئێمە وەلامی هەموو پرسیارەکان دراوەتەوە و هەرچەندە وەلامی پرسیارەکان زۆر بوون، ئەوەش چاکە ئاماژەی بۆ بکرێ، ئەوانە هەمووی هەلقولاوی ئەوەن کە کارەکە باشتر بکرێت و بەرەو پێشەوە بروات ، پرسیارەکان لە بابی مەوزوعیەت دەرنەچوون ، هەرچەندە هی ماوەیەکی زۆرن کۆبووبونەوە سەر یەک، لە هەمان کاتدا سوپاسی ئەندامانیش دەکەین کە خۆیان ماندوو کردوەو بیریان لەوە کردۆتەوە وپرسیار راو بۆچوونی هاوولاتیانیان گەلالە کردوە هەرکەسەو بەپێی ناوچەی خۆی و بەپێی تایبەتمەندی خۆی لە پەرلەماندا ئاراستەی بەرێز وەزیری شارەوانی کرد، لێرەدا سوپاسمان دووبارە دەکەینەوە بۆ بەرێز جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار، لێرەدا کۆتایی بەم دانیشتنە دێت تاکو پاش نیوە رۆ دانیشتنێکی ترمان دەبێت، زۆر سوپاس.

دانیشتنی پاش نیوەڕۆ...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. بۆ ئەم دانیشتنەمان برگەی دوومان لەپێشە کە ئەویش ئامادەبوونی رێزدار وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتیی بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە.

بەم بۆنەیەوە بەخێرهاتنی گەرمی رێزدار وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین هیواداریین بەشداربوونی لەم دانیشتنەدا ببێتە مایەی تیشک خستنە سەر کاروباری وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ببێتە مایەی هەماهەنگی و هاوکاری پتەوتری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە داوا لە بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین بفەرمووێتە سەر مینەسە.

**بەڕێز د. جەمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

پێشەکی خۆم بە بەختەور دەزانم کە ئەمڕۆ ئامادەبین لەبەردەم ئێوەی بەڕێزو زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی بە ئێمەتان دا بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی کورت چالاکیەکانی وەزارەتەکەمان بەتایبەتی لە کابینەی ٣ و ٤دا باس بکەین و پاشان ئامادەین بۆ هەر پرسیارێک و هەر روونکردنەوەیەک.

بەڕێزان چالاکییەکانی وەزارەت کە بۆتانی باس دەکەم لەماوەی کابینەی سێ و چواردایە.

بەڕێزان وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی خزمەت بە هاووڵاتیانی کوردستان پێشکەش دەکات لە دوو بواری سەرەکی، ئەوانیش بواری تەندروستی و بواری کۆمەڵایەتی.

بواری تەندروستی:

دەتوانرێ دابەش بکرێت بەسەر دوو لایەنی سەرەکییەوە یەکەمیان بواری خۆپاراستنی تەندروستی (الوقاية الصحية) و دووەمیان بواری چارەسەرکردن واتا (العلاج).

یەکەم: خۆپاراستن:

ئەم بەشە لایەنێکی زۆر گرنگە بۆ رێگا گرتن لە بڵاوبوونەوەی زۆر نەخۆشی کە رێگاگرتنە لە بڵاوبونەوەی ئەم نەخۆشیانە و خۆپاراستن لەم نەخۆشیانە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانە، کە چارەسەرکردنیش زۆر زەحمەت و گرانترە لە خۆپاراستن و،

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی ٣و٤دا گرنگی زۆری بەم لایەنە داوە ئەویش دەتوانم بەچەند خاڵێک باسی بکەم:
١ـ کوتان (التلقیحات ـ ڤاکسیم): بۆ خۆپاراستن لە زۆر نەخۆشی وەک (سیل/ ئیفلیجی منداڵان/ کۆکەرەشە/ سورێژە/ گزاز/ وەناق ـ زەرتکی ڤایرۆسی جۆری B لەگەڵ گزاز بۆ ژنانی زگ پڕ). ئەم پرۆسە بەشێوەیەکی بەردەوام لە زۆربەی بنکە تەندروستییەکانی سەر بە وەزارەتمان لەناوەو دەرەوەی شار هەفتانە دوو جار بەڕێوە دەچێت لەهەمان کاتدا ساڵانە دوو هەڵمەتی کوتانی ئیفلیجی منداڵان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی UNICEFو WHO هاوکات هەمان هەڵمەت ئەنجام دەدرێت لە زۆربەی وولاتانی جیهان و، بەشایەتی ڕێکخراوە بیانییەکان ئەو هەڵمەتە بەشێوەیەکی بەرز ئەنجام دەدرێت بۆیە لە ساڵی ١٩٩٨ تاکو ئێستا یەک حاڵەتی ئیفلیجی منداڵ تۆمار نەکراوە لە کوردستاندا بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم حاڵەتە هەیە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق ئەمەش شەهادەتێکە بۆئەوەی هەڵمەتی کوتانەکە زۆر بە ڕێکوپێکی و زۆر بە جوانی لە کوردستان ئەنجام دەدرێت و ئەوە ئەنجامی ئەم کارەیە.
٢ـ کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی مەلاریا: ئەویش بە ڕشاندنی دەرمانی دژی مێشوولەو دەست نیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان بە زووترین کات و لەڕاستیدا ئەنجامێکی زۆر باشی هەبووە هەمووتان باش دەزانن کە مەلاریا گرفتێکی تەندروستی زۆری هەبووە لە عێراق و بەتایبەتی لە کوردستان و پێش ماوەی کابینەی سێیەم بە دەیان هەزار حاڵەتی مەلاریا هەبوو کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم نەخۆشییە پێویستی بەچارەسەر هەبێت پێویستی بەوە هەبێت داخلی نەخۆشخانە بێت و پێویستی بە خەرجییە، هەروەها خەڵک دوور دەکەوێتەوە لە ئیشوکاری خۆی بۆ نموونە لە هەولێر ئەمساڵی ٢٠٠١ تەنها ٣٩ حاڵەت تۆمار کراوە و لە دهۆک ٢٣٦ حاڵەت بەردەوام لە ناوچەی دهۆک زیاترە، لەوانەیە زۆربەیان خەڵکی کوردستانیش نەبن لەبەرئەوە ڕێگای سنوورییە خەڵک هاتوچۆ دەکات لەوانەیە هەندێکیان لە جێگای ترەوە بێن. ئەمەش نیشانەیەکە کە جانبی خۆپاراستن و جانبی وقائی لە کوردستان زۆر پێشکەوتووە.
٣ـ چاودێری تەندروستی (الرقابة الصحیة): سەردانی بەردەوام لە شوێنە گشتییەکان وەک (چێشتخانە/ ئوتێل/ سەرچاوەی ئاوو، حەللاقی و کۆگاکانی دیکە لەلایەن تیمەکانی چاودێری تەندروستی سەر بە فەرمانگەکانی تەندروستی ئەمەش زۆر سەرکەتووانە ئەنجام دراوە بەڵگەش بۆ ئەمە لە عێراقدا هەتا پێش وەختی ئابلۆقە هەموو ساڵێک بەهەزاران حاڵەتی کۆلێرا هەبووە هەتا لە کوردستانیش لە وەرزی هاویندا. لەم (٣) سێ ساڵەی ڕابردوو سگچوونی هاوینە زۆر کەمبۆتەوە و کۆلێرا نەماوەو زەرتکی ڤایرۆس کە ڤایرۆسی (A)یە زۆر کەمبۆتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو چاودێرییە تەندروستییە زۆر بەڕێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام دەدەن و ئامانجی ئیشەکەشیان دیارە انشاءالله لە ئایینده زیاتریش دەبێت.
٤ـ تەندروستی قوتابخانەکان: گرنگی پێدەدرێت و تیمی وەزارەتمان بە بەردەوامی سەردان و

پشکنین و پشکنینی چاوو ددان و چاویلکەی پزیشکی دابەش دەکرێت و چاودێری ئاو و حانووتەکان و پاکی قوتابخانەکان دەکرێت و، لە راستیدا (UNICEF)یش هاوکاریمان کردووە لەم بابەتە.

٥ـ چاودێری دایکان و منداڵان: گرنگی زۆری پێ دراوە بە سوود وەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦ ئەویش بەدابین کردنی پێداویستییەکان و زیادکردنی کارمەندانی ئەو بووارەو بەهاوکاری رێکخراوی UNICEF و دابین کردنی خواردن و خواردنی بەهێزکەرو کوتان و هاندانی خواردنی شیری دایک و منداڵ بوون لە نەخۆشخانە ئەویش بۆتە هۆی ئەوەی رێژەی مردنی منداڵ و دایک لە کوردستان زۆر کەم بێتەوە.

حەزدەکەم(راپۆرتی یونیسێف) بۆتان بخوێنمەوە کە هەر ١٠ ساڵ جارێک راپۆرتێک دەردەکات بەنیسبەت مردنی منداڵەوە لە یەک ساڵ کەمترو لە پێنج ساڵ کەمتر. ئەمەش راپۆرتی یونسێفە لە ساڵی ١٩٩٠ ـ ٢٠٠٠.

رێژەی مردنی منداڵ کەمتر لە یەک ساڵ لە کوردستان ٥٨٠ ٪.

رێژەی مردنی منداڵ کەمتر لە یەک ساڵ لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق ١٠٨ ٪.

رێژەی مردنی منداڵ کەمتر لە پێنج ساڵ لە کوردستان ٦٨٠ ٪.

رێژەی مردنی منداڵ کەمتر لە پێنج ساڵ لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق ١٣٠ ٪. ئەمە لە کاتێکدا لەهەموو روویەکەوە ئیمکانیاتی عێراق زۆر لە ئێمە باشترە، چونکە هەموو ڤاکسیم و لوقاحەکان لە رێگای عێراقەوە بۆمان دێت و زۆر جار گرفتمان بۆ دروست دەکەن بەوەی کە بەرێک و پێکی دابین نەکرێت، سەرەڕای ئەوەش ئەم رێژانە دەبینن لە راپۆرتی یونیسێف کە عێراق بەو راپۆرتە زۆر نیگەرانە چونکە ئەمە دیکۆمێنتێکی روونە کە گرفتەکە لە بڕیار نییە بەڵکو لە جێبەجێ کردنی بڕیارە.

٦ـ بەدخۆراکی: بایەخێکی زۆرمان داوە بە بەدخۆراکی ئەویش بەدەست نیشان کردنی ئەو منداڵانەی کە تووشی بەدخۆراکی بوونەوەو چارەسەرکردنیان ئەویش بەخواردنی تایبەت و ڤیتامینات وەک (ڤیتامین A و Bو حدید و فونسلێن، ئێستا رێژەی بەدخۆراکی کەمبۆتەوە بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩٤ رێژەی (ئاندەر وێت) واتا ئەوانەی وەزنیان کەمترە بەهۆی بەدخۆراکی ٨و٢٥ ٪ ئێستا ئەمساڵ ٧و١٠ ٪واتا لە نزیکەی بیست و شەشەوە هاتۆتە سەر دە و انشائەالله باشتریش دەبێت.

ئەمە خاڵە گرینگەکانە بەتایبەتی کە عیلاقەی بەخۆ پاراستنەوە بێت.

دووەم: لایەنی چارەسەرکردن:

گرنگی دان بە نەخۆشەکان بۆ بە بەرزکردنەوەی ئاستی توانای نەخۆشەکان ئەویش بە گرنگی دان بە دابین کردنی دەرمان و پێداویستی تاقیگا و تیشک و ئامێری نوێی پێشکەوتوو و بە سوود وەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦. لەهەمان کاتدا بە پابەندبوون بەدەوام و خاوێن کردنەوەی نەخۆشخانەو

ئێستا له هەولێر (١٢) نەخۆشخانە (٥) لەناو شارو (٧) له دەرەوەی شار. له دهۆکیش (٧) نەخۆشخانەمان هەیە (٥) لەناو شار دوو لەدەرەوەی شار.

له ماوەی کابینەی ٣ و ٤دا دوو نەخۆشخانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دروست کراوە هەندێک له نەخۆشخانەکان نۆژەن کراونەتەوە و له پلانی وەزارەت ئەوەیە کە هەموو ئەو نەخۆشخانانەی کە بکرێت نۆژەن بکرێتەوەو لەهەندێ شوێنیش پێویستیمان بە دروست کردنی نەخۆشخانەی نوێیە ئەویش بە رێگای بڕیاری ٩٨٦ لێرەش وەکو نمونەیەک بۆ ئەو نەخۆشخانانەی نۆژەن کراوەتەوە نەخۆشخانەی فێرکردنی هەولێرە، نەخۆشخانەی کۆماری کە له راستیدا بەناو نۆژەن کردنەوەیە بەلام لە بنەڕەتدا بینای نوێیە نەمانتوانی چاوەڕێ بکەین هەتا تەواو بێت، چونکە فشارێکی زۆر لەسەر نەخۆشخانەی رزگارییە بۆیە بەش بەش کە تەواو دەبێت دەست بەکار دەبین بەشی (هەناو ـ باطنیە) تەواو بوو دەست بەکار بوو بەشی ئینعاشی «قلب» لەگەڵ موختەبەردا تەواو بوو ئێستا بەشی نەشتەرگەریش تەواو بووە بەم زووانە انشاءالله دەست بەکاردەبین.

لەراستیدا باری نەخۆشخانەکانمان نەک بە شایەدی خۆمان بەڵام بەپێی هەموو ئەو تیمە پزیشکیانەی کە له دەرەوە دێن زۆر تیم هاتوون تەقییمی نەخۆشخانەکانمان توانای دکتۆرەکانمان و ئەو ئیمکانیاتانەی کە هەیە بەم زرووفەی کە هەیە زۆر بە بەرزی دەنرخێنن بەنیسبەت بنکە تەندروستییەکانەوە له هەمان کاتدا گرنگییەکی تەواو بە بنکە تەندروستییەکان دراوە هەوڵمان داوە کە بنکەی تەندروستی بگاتە دوورترین جێگا هەتا سنوورییەکان ئێستا له هەولێر (١٥٠) بنکەی تەندروستییمان هەیە له دهۆک (٩٠) بنکەی تەندروستی هەیەو زۆربەی بنکە تەندروستییەکان یان نوێن یان نۆژەن کراونەتەوە یان له لیستێ چاوەڕێن له پلانی ئێمەن بۆ نۆژەن کردنەوە.

کۆمەڵگای ددان:

کۆمەڵگایەکی ددانمان له هەولێر هەیە و گرینگییەکی زۆرمان پێداوە و ئامێری باشمان بۆ دابین کراوە و کارمەندی باشی لێیە ئەویش بە سوود وەرگرتن له کۆلیژی پزیشکی ددان کە ئەمە دووەم وەجبە تەخەروج دەکەن و لەهەمان کاتدا کۆمەڵگایەکی نوێمان له دهۆک دامەزراند لەسەر بوودجەی حکومەت و پلانمان داناوە له فیسەکانی داهاتوو کە داوامان کردووە له بڕیاری ٩٨٦ کۆملگایەکی زۆر پێشکەوتوو له هەولێر دابمەزرێت.

قوتابخانەو ئامادەیی نەخۆشیاری:

هەمووتان دەزانن بەنیسبەت خزمەتکردنی تەندروستی بەس پزیشک نییە و دەرمانسازو پزیشکی ددان لەراستیدا گرنگییەکی زۆرمان داوە بە پەرستیارو نەخۆشیار کە لایەنێکی زۆر گرنگە بۆ خزمەت تەندروستی بۆ هاووڵاتیان، لەم بوارەدا ئێستا سێ ئامادەیی پەرستیارییمان هەیە، دوو له هەولێر یەک بۆ کچان یەکیش بۆ کوڕان له دهۆکیش یەک ئامادەیی هەیە تێکەڵاوە.

لیستی ئەو پرۆژانەی باسم کردن و نۆژەن کراونەتەوە لیستێکی زۆر درێژە دەربارەی ئەو شوێنانەی کە نۆژەن کراونەتەوە چ لە بنکە تەندروستییەکان یان دروست کردنی خانوو بۆ پزیشکان یان تاقیگە.

وەکو گوتم سێ ئامادەیی هەنە دوویان لە هەولێرن یەکێکیش لە دهۆک هەردوو بنایەی هەولێر نۆژەن کراونەتەوە زۆر بەرێکوپێکی لەگەڵ هەر بینایەکیش بەشی ناوخۆ بینا کراوە بەنیسبەت ئامادەیی دهۆک هەر بینایەکی نوێیە، هەروەها ئامادەییەکی (قباله والتوليد) مامانی لە هەولێر هەیە هەروەها یەکێکیش لە دهۆک و یەک قوتابخانەمان هەیە لە بلێ کە بینایەکی نوێیە لە پلانمان دایە بیکەینە ئامادەیی، بۆ ساڵی داهاتوو دەبێتە ئامادەیی.

لەبواری کۆمەڵایەتییەوە:

بواری کۆمەڵایەتی سێ لایەنی سەرەکییە لایەنی یەکەم چاودێری کۆمەڵایەتییە ئەویش زۆر بابەت دەگرێتەوە بەخێو کردنی منداڵانی خانەی نەوجەوانان کچان و کوڕان و پەرەپێدان و پێشخستنی هەموو جۆرە بەرنامەیەکی خوێندن و راهێنانی کەم ئەندامەکان کەم ئەندامیش لێرە کۆمەڵێک دەگرنەوە لەوانە پەیمانگای هیوا بۆ کەڕولاڵان پەیمانگای روناهی بۆ نابینایان، پەیمانگا هەیە بۆ بیرکۆڵان (المتخلفين عقلياً) و پەیمانگای فنسنت بۆ کەم ئەندامی فیزیاوی و بنکەی رێنمایی دەروونی. ئەمەش بابەتێکی ترە لە چاودێری کۆمەڵایەتی. بابەتی تر پەرەپێدان و کردنەوەی داینگە بۆ یارمەتی دانی دایکی ئیشکەر لە کۆمەڵ.

وەکو وتمان لێرە لیستمان هەیە داینگەی و ژمارەی ئەوانەی سوودیان لێ وەرگرتووە لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک و نەوجەوانانی کوڕان نەوجەوانانی کچان، پەیمانگەی کەڕولاڵان، پەیمانگای بیرکۆڵان، پەیمانگەی کۆرەکان، پەیمانگای راهێنانی کەمئەندامان و، خانەی بەساڵاچووان، ئەم خانەیە تەنها لە هەولێر هەیە انشاءالله هەوڵ دەدەین خانەی بەساڵاچووان دابنێین، ئەوانەی کە سوودیان لەم دەزگایانە وەرگرتووە هەموو جلوبەرگیان بۆ دابین کراوە لە هاوین و لە زستان، خواردن، سووتەمەنی، مەلازمی دراسی و کتێب، دەرماڵەی رۆژانەیان هەیە هەموو هۆیەکانی گواستنەوەو شتی تر ئەثاث، مولیدە، ... هتد.هەموو ئەم شتانە بۆیان دابین کراوە و ژمارەم لایە کە چەند حکومەت لەو بوارەوە دەگاتە مەلایین دینار بۆ ئەم دەزگایانە خەرجی دەکات.

لایەنی دووەمی بواری کۆمەڵایەتی: دابین کردنی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی (العمل والضمان الاجتماعي) ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسێتی ئەوەیە جێبەجێ کردنی سێ یاسایە (قانون التقاعد والضمان الاجتماعي) لەسەر مەشاریعی مضمونەو غير مضمونە لەوانەیە ئێوە زیاتر لێی بزانن و قانونی کار کە پەیوەندی نێوان خاوەن کارو کرێکارەکان رێک دەخات و، هەروەها (قانوني ممارسة المهنة وصيانة الاجهزة) ئەوەش قانونێکی تایبەتە کە بەردەوام پشکنینی ئەو خەڵکە دەکەن کە چاککردنەوە دەکەن بۆئەوەی بزانن فیعلەن موئەهەلن بۆ ئەم ئیشەو لە ساڵی پێشوو مەڵبەندێکمان دانا بە مەڵبەندی مەشق کردنی پیشەیی (مركز التدريب المهني) ئێستا

چوار بەشی تیادایە کە ئەو قوتابیانەی لە قۆناغی متوسطە راسب دەبن پێیان ناکرێت خوێندن تەواو بکەن لەو مەڵبەندە فێری زۆر پیشە دەکرێن وەکو نەجاری وئاسنگەربی و کارەبائیات و چاککردنەوەی ئوتومبێلەکان، ئێستا (٦٠) قوتابی تێدایە، بە پشتگیری حکومەتی هەرێم و رێکخراوی یونسێف.

خاڵی سێیەم لە بواری کۆمەلایەتی، چاکسازی کۆمەلایەتییە (الاصلاح الاجتماعي):

بەنیسبەت وەزارەتی ئێمەوە تاکو ئێستا لێپسراوە بەرامبەر نەوجەوانان (الاحداث) بۆ کوران و کچان لەگەڵ ئافرەتان. تاکو ئێستا پیاوی گەورە لەژێر بەرپرسێتی وەزارەتی ناوخۆیە هەتا پێش ماوەیەک هەتا ئافرەتان و احداث لە پارێزگای دهۆک سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بوون بەلآم لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ ئێمە ئەو بەشەمان وەرگرت ئێستا وەزارەتی ئیمە سەرپەرشتی احداث و ئافرەتان دەکات و بریاریش درا کە پیاوانیش بخرێنە سەر مەسئولیەتی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەلآیەتی، ئیستا ئێمە خۆمان بۆ ئەوە ئامادە دەکەین بۆ دابین کردنی کارمەندو جێگا بۆئەوەی ئەویش بێتە سەر مەسئولیەتی وەزارەتمان. بۆ ئەم کارە ئێمە ئەنجومەنی چاودێری نەوجەوانمان دامەزراند واتا (مجلس رعاية الاحداث) ئەویش بە سەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلآیەتی و ئەندامێتی وەزارەتی تەندروستی بەرێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەلآیەتی لەگەڵ نوێنەرایەتی وەزارەتی داد و ناوخۆو پەروەردەو زانکۆ، چونکە ئیشی چاکسازی کۆمەلآیەتی پەیوەندە بەم چوار وەزارەتەوەو زانکۆش بۆئەوەی سوودیان لێ وەربگیرێت. لێرە هەموو ئەو پێداویستیانەی کە کراوە لەلایەن حکومەتەوە هەموو پێدوایستی ئەم فەرمانگانە جێبەجێ کراوە بەڵگەشمان هەیە راپۆرتی خاچی سووری نێودەوڵەتی دوا راپۆرتیان زۆر بە ئیجابیانە ئەو جێگایانەی ئێمە واتا ئەحداثی نەوجەوانانی کوران و کچان و ئافرەتان زۆر بە ئیجابیانە هەڵسەنگاندوە. پێشان راپۆرتیان زۆر گلەیی و گازاندەیان هەبوو بەلآم ئاخر راپۆرتیان زۆر بە ئیجابیانە لە قەڵەمیان داوە.

لایەنی تری چالاکی وەزارەتمان (راگەیاندن): بەکورتی راگەیاندنی وەزارەت زۆر ئیشی کردووە:

١ـ دەرکردنی (٣٤) ژمارە لە گۆڤاری تەندروستی لە کابینەی (٣)داو پاشان لە کابینەی چواردا لە رووی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە گۆڤارەکە پشکەوت و (٦) ژمارەی تا ئێستا لێ دەرچووە.

٢ـ رۆژنامەی برایەتی کە تاکە رۆژنامەی رۆژانەیە توانیومانە لاپەرەیەک لەو رۆژنامەیە وەربگرین و زیاتر لە (٢٠) لاپەرەمان دەرکردووە.

٣ـ دەرکردنی سەدان بەرنامەو رێپۆرتاژی تەلەفزیۆنی لەسەر کێشەی تەندروستییەکان و پێشکەشکردنی رێنمایی پێویست بۆ هاوولآتیان لە پێناوی خۆپاراستن.

٤ـ بەستنی دەیان کۆرو سیمینار لە شاروشارۆچکەکان بۆ ئافرەتان و مامۆستایان و قوتابیان و مامۆستایانی ئاینی و خەڵکانی تر لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تەندروستی هاوولآتیان.

٥ـ سازدانی چەندین هەڵمەتی ڕاگەیاندن لە پێناو سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی کوتان.
٦ـ پێشکەشکردنی بەرنامەی پرۆگرامکراوو ڕێکوپێک لە پێناو پێشخستنی ئەم بابەتانە: (گرینگی شیری دایک، زیانەکانی جگەرەکێشان، خۆپاراستن لە سگچوون و گرنگی پاک و خاوێنی و چەندین بابەتی دیکە). دەتوانم بڵێم ئەمە بە کورتی چالاکییەکانی ڕاگەیاندن بوون.
کارمەندان: بۆ دابین کردنی کارمەندانی پێویست لەو ماوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵساوە بە دامەزراندنی (٦٨٠) پزیشک و (٦٦) پزیشکی ددان و (٣٦) دەرمانسازو (١١٤) دەرچووی کۆلیژی زانست و (١٣٥٦) دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی و ئامادەیی نەخۆشیاری و کارگێرییەکان (١٦٧٢) کارمەندی تر.
بۆ پشتگیری کردن لە کارمەندان و هاندانیان بۆ زیاتر خزمەت کردنی و چاککردنەوەی باری دارایی:
لەلایەن حکومەتەوە دەرماڵەی پزیشکان و کارمەندانی تر زیاد کراوە. بەنیسبەت پزیشکانەوە ٣٠٠٪ی مووچەیان زیاد کراوە ٤٠٠٪ بۆ پزیشکانی سرکەرو دادوەری ١٠٠٪ بۆ دەرمانسازی نیشتەجێ ٥٠٪ بۆ دەرمانسازی موماریس ٢٠٠٪ بۆ دەرمانسازی پسپۆڕ ١٥٠ بۆ دەرچووانی کۆلیژنەی نەخۆشیاری ١٠٠٪ بۆ دەرچووانی ئامادەیی نەخۆشیاری ٢٥٪ بۆ دەرچووانی پەیمانگای تەندروستی ... هتد. زیادەیەکی زۆر بۆ پزیشکان لەم ماوەیەدا بڕیاردرا بۆئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆ زیاتر خزمەت کردن و دەرماڵەی قوتابیان لە ئامادەیی و قوتابخانەی نەخۆشیاری زیاد کرا لە ئامادەییەکان ئەوانەی لە دەرەوەن لە ١٥٠ بۆ ٢٠٠ مانگانە ئەوانەی ناو شار ٩٠ بۆ ١٥٠ و قوتابیانی قوتابخانەی پرستیاری ئەوانەی دەرەوە ٨٠ بۆ ١٥٠دینار مانگانە ئەوانەی ناو شار لە ٨٠ بۆ ١٠٠و، لە هەمان کاتدا بڕیارێک درا بۆ خەرج کردنی کرێی خەفاراتی شەو و ئێوران و عەسرو شەو (٢٤) سەعاتی هەموو پارەیان بۆ تەرخان کرا کە ئەمەش یەکەم جارە پارەی وا تەرخان بکرێت بۆ کارمەندانی تەندروستی. لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارییەکی تەواوی وەزارەتی ئێمەی کردووە بۆ دابین کردنی دەرمان و هەموو ساڵەکان ئەو دەرمانانەی کە بە ڕێگای بڕیاری ٩٨٦ دابین ناکرێت بە بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت ژمارەم لایە هی هەموو ساڵەکان بۆ نموونە: ئەمساڵ بۆ ٢٠٠١ تاکو ئیستا بە بڕی (٩٠٠) هەزار دۆلار دەرمانمان کڕیوە، بێجگە لەوەی هەندێک دەرمان لە بازاڕی ناوخۆ هەندێ جار بەپەلە دەرمان و کەلوپەلی تاقیگەمان کڕیوە. ئۆکسجین بۆ نەخۆشخانەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت و مانگانە بۆ هەموو پارێزگاکان دەگاتە (١٠٠) هەزار دینار.
سووتەمەنی: ساڵانە دەگاتە نزیکەی (٢٫٥) ملیۆن بۆ هەموو دەزگاکانی سەر بە وەزارەتمان.
کرێنی ئازووقە: کە حکومەت دابینی دەکات بۆ هەردوو پارێزگا دەکاتە (٧٠٠) هەزار مانگانە.
ئەمە لەگەڵ خەرج کردنی پارە بۆ گۆڤاری تەندروستی، خەرج کردنی پارە بۆ خاوێن کردنەوەی نەخۆشخانەکان و دابین کردنی جلوبەرگ بۆ بەشەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ سجنەکان وەکو

باسمان کرد دائیرەکانی چاکسازی و دابین کردنی ئوتومبێل و لیستێکی زۆر دوورو درێژە دەربارەی هەموو ئەو پێداویستییانەی لەلایەن حکومەتەوە دابین کراوە.
لێرە ئەگەر ڕێگام بدەن هەندێ خاڵ کە لە کابینەی چواردا بۆ باش کردن و بەرەو پێش بردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە وەزارەت چەند خاڵێکمان پەیڕەو کرد ئەویش:
یەکەم: سەردانی مەیدانیمان کردە وەسیلەیەک بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتگوزاری تەندروستی بە پێش بخەین. من خۆم وەکو وەزیری تەندروستی سەردانی مەیدانی هەموو بنکە و دەزگا تەندروستییەکانمان کردووە ئەگەر دوو سێ جار نەبێت یەک جار هەر چووینە، بێجگە لەوەی خەستەخانەکانی ناو شار بە بەردەوامی سەردانیان دەکەین لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان و لیژنەی تەفتیشیمان داناوە و هەروەها لیژنەی موتابعەی مەرکەزیمان داناوە بۆ سەردانی نەخۆشخانەکان و ئێمەش ئەوە بە وەسیلەیەک دەزانین بۆئەوەی بتوانین خزمەتگوزاریی تەندروستی لە دەزگاکانی وەزارەتمان باشتر بێت و فیعلەن زۆر بەسوود بوو.
دووەم: گۆڕانکاری ئیداریمان کردووە لە هەندێ مەفاسیلی گرنگ ئەویش نەک کەم کردنەوەیە لە گرنگی ئەو خەڵکەی کە پێشان لێپرسراو بوون، بەڵام وابزانم گۆڕانی ئیداری زۆر پێویستە بۆئەوەی کە روحیەتێکی نوێ و، خەڵکێکی نوێ بە توانایەکی نوێ بۆئەوەی بتوانن زیاتر تەکان بدەن بۆ بەرەوپێشەوە بردن و خزمەت کردن، فیعلەن ئەو گۆڕانکارییە بەسوود بوو.
سێیەم: وەزارەتمان هەستا بە بەستنی کۆنفراسێکی ئیداری گەورە، چونکە بۆئەوەی بتوانین زیاتر خزمەت بکەین پێمان باش بوو ئەو کۆنفرانسە بکەین بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەک و موراجەعەیەک بکەین بۆ هەموو تەعلیمات و قانونەکانی وەزارەت، توانیمان زۆر گۆڕانکاریی لە یاساو یاساکانی وەزارەت بکەین بۆئەوەی بتوانین بەشێوەیەک گۆڕنکاری بکەین کە بگونجێت لەگەڵ وەزعی کوردستان، چونکە ئێستا زۆربەی قانونەکان و ڕێنماییەکان زۆر زۆر لە مێژە دەرچوون لە زروفێک دەرچوون کە جیاوازی هەبووە لەگەڵ وەزعی ئێستای کوردستان و چەندین ڕێنمایی نوێمان دەستکاری کردووە هەر بۆ نموونە لەم پەرلەمانە بەڕێزە دوو یاسا دەرچووە ئەوانیش یاسای پلەبەندی کیماگەران و بایلۆجیەکانمان ناردو لەلایەن جەنابتانەوە پەسەند کران و هەروەها یاسای پزیشکی داد لەهەمان کات هەردووکیان بڕیاری ئەو کۆنفراسە بوون و، هەمواركردنی یاسای وەزارەت ئەمیش بە دانانی دوو بریکار بۆ وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی خۆی لەخۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە گرنگیەکی زۆر بە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نیشانەی ئەوەیە کە دەزگاکانی زۆر فراوان بۆتەوەو پێویستی بە دوو وەکیل هەیە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە گرینگییەک دراوە بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە.
لە راستیدا چەندین یاسای تر ئامادەکراوە لە ژێر دیراسەت دایە کە انشاءالله لە ئایندەدا دێتە بەردەم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە بۆ پەسەند کردنی.

چوارەم: کـۆنفـرانـسـێکی زانسـتی و پزیشـکیـمـان بەست لە وەزارەت و ئەمـە بۆ یەکـەم جـارە کۆنفرانسێکی زانستی پزیشکی لە کوردستان وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەیبەستێت و زۆر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بەنرخ لەلایەن پزیشکانەوە پێشکەش کرا و زۆر دکتۆر ئامادەبوون لە هەرسێ پارێزگا دهۆک و هەولێرو سلێمانی و هەندێک دکتۆر لە دەرەوەی وڵات و هەموویان بەتایبەتی ئەو دکتۆرانەی کە لە دەرەوە هاتبوون ئەو کۆنفرانسەیان زۆر زۆر بە بەرزی نرخاند و زۆر پێیان خۆش بوو و بەحەقیقەت بڕیارمانیش دا کە هەموو ساڵێک کۆنفرانسێکی زانستی پزیشکی ئەنجام بدەین.

پێنجەم: دامەزراندنی ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەت بەپێی یاسای وەزارەت کە پێشان دەست بەکار نەبوو، ئەم ئەنجـومـەنە لە چەند پسـپـۆڕێکی جـیـاجـیـا پێک هاتووە لەهەمـوو بوارەکـانی تەندروسـتـیـیـەوەو، زۆر بەسـوودە بۆئەوەی رای خـوبەراو رای زانکۆ وەرگـرین چونکە هەمــوو کۆلیژەکانی پزیشکی و پزیشکی ددان و دەرمانساز ئەندامن لەو ئەنجومەنە و زۆر راو بۆچوون و پێشنیار لەو ئەنجومەنە دیراسەت دەکرێت و پاشان ئیجرائاتی بۆ دەکرێت.

شەشـەم: لە کـابینەی چواردا گـرنگیـیـەکی زۆر درا بە نەخـۆشـیـاری واتا (تمریض) و هەولێکی زۆرمان داوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاسـتی زانسـتی پەرسـتـیـاری چونکە وەکو باسم کرد پەرسـتـیـاری لایەنێکی زۆر گـرنگە لە خـزمـەتگوزاری تەندروسـتی و هەوڵ دەدەین و بەردەوامیـشین، ئەگـەر تەماشای وەزعی پەرسـتـیـاری بکەین زۆر لە پەرسـتـیـارەکـانمان دەرچووی خولەکـانن، لەبەرئەوەی پەرستیار ژمارەیان کەمە ئیقبال لەسەری کەم بوو پێشان وەکو ناچارییەک بۆئەوەی ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە دەوراتیان بۆ کرایەوە دوای شەشی سەرەتایی دەورە بۆ شەش مانگ بوو، پاشان کردیان وەکو ئیشی تمریض (مساعد تمریض)، دوای دەورە قوتابخانە هەیە کە لە شەشی سەرتاییەوە سێ ساڵ دەخوێنن لە پاش ئەوە اعدادیەمان هەیە و معهدیش هەیە ئێمە بەو ئیتجاهە دەڕۆین دەوراتمان نەهێشت ئەو دەوراتە خێرایانە نەمان و قوتابخانەش کەم بۆتەوەو انشاءالله لە ئایندە نامێنێت هەموو دەبێتە اعدادیات و رێژەی دەرچووی اعدادیات کە لە معهد وەردەگیرێن، هەوڵمان داوە زیاد بکرێت و هەوڵی زۆرمان داوە لەگەڵ زانکۆ بۆ دامەزراندنی کۆلیژی نەخۆشیاری کە ئەمساڵ دەست بەکاربوو و هاوکـارییـەکی زۆرمـان پێـشـکەش بەو کـۆلیـژە کـردووە چ لە بنایە کـە لەناو نەخۆشخانەی فێرکردن کە سەربەوەزارەتی ئێمەیەو کارمەندی پێویست دابین کرا لەلایەنی ئێمەوە و هەندێک پێداویستی تریش کە داوایان کرد لەلایەن زانکۆوە ئێمە بەردەوامیش نەخۆشخانەی فێرکردن و نەخۆشخانەکانی تری ئێمەش لە خزمەتی ئەو کۆلیژە دەبێت.

حەوتەم: هەولێکی زۆرمـان داوە بەرزکـردنەوەی ئاسـتی زانسـتی پزیشکان و کـارمـەندانی تر بەخۆتان دەزانن ئەوە دە دوانزە ساڵە پزیشکانی ئێمە دابڕاون لە وڵاتانی دەرەوەو زۆر زەروورییە بۆ دکتۆر دەرەوە ببینێت بۆ مەشق کردن و فێربوون و ئاستی زانستی خۆی بەرز بکاتەوە لەراستیدا ئەمـەش بە رێگای بڕیاری ٩٨٦ـە کـە زۆر زەحـمـەتە ناردنی دکـتـۆر بۆ دەرەوە، چونکە

ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام ئیلحاح دەکەن کە ناردنی دکتۆرەکان بە ڕێگای بەغداوە بێت و زۆربەی کارمەندانی ئێمە ناتوانن بە ڕێگای بەغدا بڕۆن و هەتا ئەگەر بتوانن ئیجرائاتی وەرگرتنیان زۆر دوورو درێژو زەحمەتە، بۆیە ئێمە بەڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیمان هەندێ پزیشک بنێرین بۆ دەرەوە بۆئەوەی سوود وەربگرن لێرە لیستێکم هەیە دکتۆرمان ناردووە بۆ ئیسپانیا (٦) دکتۆرمان نارد بۆ مەشق کردن بۆ سێ مانگ مانەوە، لە ئیختصاصاتی جۆراو جۆر بەتایبەتی سیتی سکان و MRI و بیکۆی دڵ و نەشتەرگەری دوو دکتۆرمان ناردووە بۆ ئەڵمانیا بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژ بۆ مەشق کردن لەسەر ئامێری پزیشکی ڕەنین موغناتیسی واتا MRIو سیتی سکان، سێ دکتۆرمان ناردووە بۆ ماوەی چوار هەفتە بۆ ئەڵمانیا بۆ مەشق کردن لەسەر عەمەلیاتی نازور. دوو دکتۆرمان ناردووە بۆ یەک مانگ بۆ مەشق کردن لەسەر ئامێری (انف و اذن و حنجرة)، دکتۆرێکمان ناردووە بۆ نەمسا بۆ پزیشکی منداڵان، ئەمە لیستێکە بۆ ئەو دکتۆرانەی کە چوونە بۆ مەشق کردن.

گرینگییەکی زۆرمان داوە بە عیادە شەعبییەکان و، لە هەمان کاتدا عیاداتی خافرمان داناوە تا ١٢ی شەو دەمێنێتەوە بۆئەوەی نەخۆش ناچار نەبێت تەنها بچێتە طوارئ. تاکو ئێستا دوو عیادەی خافر لە هەولێر هەیە یەک عیادەی خافر لە سۆران و یەک عیادەی خافر لەناو شاری دهۆک و عیادەیەکی خافر لە سێمێل.

هەشتەم: نیزامی تأمین صحی پێشان لە عێراق و کوردستان هەبوو، بەڵام ئێستا لە دهۆک بەردەوامە لە هەولێر ڕاوەستابوو دەستمان پێ کرد نیزامی تأمین صحی بگەڕێنینەوە لە هەندێ جێگا کە خۆمان دەستیشانمان کردووە وەکو تاقیکردنەوە بۆئەوەی بزانین سەردەکەوێت یان نا.

نۆیەم: کەم کردنەوەی فشار لەسەر بوودجەی حکومەتی کوردستان، یەکێک لە سیاسەتی وەزارەتی ئێمە ئەوە بوو هەرچەندە ئێمە سوود لە بڕیاری ٩٨٦ وەرگرین بەڵام لەهەمان کاتدا بتوانین فشار لەسەر بودجەی حکومەتی خۆمان کەم بکەینەوە ئەویش چەند نموونەیەکتا بۆ پێشکەش دەکەم:

* گۆڤاری تەندروستی کە لەسەر بوودجەی حکومەت مانگانە (٦٠٠٠٠) هەزار دینار بوو خستمانە سەر بوودجەی WHO و لە هەمان کاتدا گۆڤارێکی دیکەمان ئامادەکردووە سەبارەت بە کۆمەڵایەتی لەسەر بوودجەی UNICEF.
* پاککردنەوەی نەخۆشخانەی ڕزگاری و فریاکەوتن لە هەولێر و، ئازادی و فریاکەوتن لە دهۆک لەسەر بوودجەی WHOیە، کاتی خۆی هەر نەخۆشخانەیەک بیست هەزار دیناری بۆ دابین کرابوو ،ئێستا لەسەر بوودجەی ڕێکخراوی WHOیە. لە دایک بوون و منداڵان لە هەولێر کە پێشان مانگانە بیست هەزاری بۆ تەرخان کرابوو ئێستا لەسەر UNICEFـە ،هەروەها نەخۆشخانەی هێڤی و ئازادی لە دهۆک ئێستا لەسەر بوودجەی (UNICEF)ە.
* دابین کردنی جلی تایبەت بۆ پەرستیاران لەسەر بودجەی WHO.
* هەندێک جار سووتەمەنی بۆ دەزگاکان لە هەردوو ڕێکخراوی WHO و UNICEF دابین

دەکەین.
* کارگەی ئۆکسجین لە هەولێر کە چەندی ساڵە لەکار کەوتبوو، ئێستا بەکرێمان دا بەکار خرایەوە ئۆکسجین دابین کرا بۆ نەخۆشخانەکان.
* هەمــوو پرۆژەکـانی وەزارەت بـۆ سـاڵی ۲۰۰۱ لەســەر بوودجەی بڕیاری ۹۸٦ بوو هەمـان شت دەکرێت بۆ ساڵی ۲۰۰۲ بڕیارمان وایە بیناسازییەکان لەسەر بوودجەی بڕیاری ۹۸٦ بێت نەک لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
یازدەم: هەوڵمان داوە بۆ بەکارهێنانی دەرمان بەشێوەیەکی زانستیانە لەراستیدا گرفتێکمان هەیە ئەویش ئەوەیە دەرمـان چ لەلایەن خەڵکەوە چ لەلایەن پزیشکانەوە زۆر بە نازانستیانە بەکار دێت و نەخۆش زۆر فشارمان دەخاتە سەر بۆ ئەوەی دەرمـانی زیاد بەکار بهێنێت بۆئەوەی کە هەوڵمان داوە بە دەزگـاکانی راگـەیاندن بە چاوپێکەتنەکانمان لەگـەڵ دکـتۆرەکـاندا بۆئەوەی دەرمـان زۆر لە جێگای خۆی و بەزانستیانە بەکار بهێنین.
دووازدەم: گـرنگـییـەکی زۆرمـان بە بڕیاری ۹۸٦ داوە هەر بۆ ئەم مـەبەسـتـە دوو لیـژنەی بڕیاری ۹۸٦ لە لە دیـوانی وەزارەت یەک بۆ لایـەنی تەندروسـتـی و یەکـێکیش بۆ لایەنی کـۆمـەڵایەتی و ژوورێکی عەمـەلیاتمان داناوە تایبەت بە بڕیاری ۹۸٦ کە کارمەندی لێهـاتووی تێدایە لە دکتۆر و ئەندازیار و دەرمـانسـاز و بەسـتـراوە بە وەزارەتمان و ئەنتـەرنێـتـەوە بۆئەوەی بـتـوانین سـوودی لێ وەربگرین تاکو بتوانین باشتر سوود لە بڕیاری ۹۸٦ وەربگرین.
سـیـازدەم: هەوڵـمـان داوە بۆ دابین کـردنی پێـشـکەوتووترین ئـامـێـری پزیشـکی بە رێگـای بڕیاری ۹۸٦، لیـسـتـێکی زۆر گـەورەمـان هەیە بۆ ئەو ئامێـرانەی کـە داواکراون هەروەها لیـسـتـێکی زۆر گەورە بەو ئامێرانەی کە گەیشتوون ئامێری جۆراو جۆر، بەڵام لێرە ئاماژە بە هەندێکیـان دەکەم کە یەکەم جـارە لە کـوردسـتـان بەکـار دەهێنرێن: (ئامـێری بەرد شکاندن کە ئـێسـتـا لە هەولێر دەست بەکـارە، ئامـێـری نازور بۆ عـەمـەلیـات (دووربینی نەشـتـەرگـەری) ئەمـە یەکـەم جـارە نازور لە کـوردسـتـان بە عـەمـەلیات بکرێت وەکو باسم کـرد پزیشکیـشـمـان نـارد بۆئەوەی کە مـەشق بکات لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە، چارەسەرکردنی نەخۆی چاو بە لێزەر ئێـستـا لە نەخۆشخانەی رزگارییە پزیشکیشمان نارد بۆ ئیسپانیا بۆئەوەی مەشق بکات لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە، ئـامــێــری CT- SCAN کە ئێستا گـەیشـتـووە لە هەولێر بۆ دهۆک گەیشتووەو دەست بەکـارە پسپـۆڕیشمـان نارد بۆ مەشق کردن لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامێرە، دوو ئامێری MRI یـەک بـۆ هەولێر یەکـێکیش بۆ دهۆک گـەیشت بەڵام شوێنەکەی ئامادە نییـە بـۆ ماوەی دوو سێ مـانگی تر انشـاءالله دەست بەکار دەبێت، رەنینی موگناتیسی ئەم ئامێرانە زۆر پێشکەوتوون. دوو کارگەی ئۆکـسـجینی نوێ بۆ هەولێر و دهۆک ئەویش چاوەڕانی ئەوەین کـە تاکو بینایەکـەی تەواو دەبێت بۆئەوەی دەست بەکـار بێت، ئامـێـری فـەحسی ئیکۆی رەنگاو رەنگ لە هەردوو نەخـۆشـخـانەی رزگـاری و ئـازادی چەندین جۆری ئامێری سـۆنەر گـەیشـتـووە. لە پلانمـان دایە زۆربەی ئەو ئامـێرە

پیشکەتووانە دابین بکەین.
چواردەم: لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی WHOو UNICEF ڕێککەوتووین بۆ دانانی پلانی درێژ خایەن لەراستیدا ئێمە کاتی خۆی لەسەر پلانی شەش مانگی ڕێککەتبووین لەگەڵیاندا، بەڵام تووشی زۆر گرفت هاتین ئێستا لەسەر ئەوە ئیتفاقمان کرد پلانی سێ ساڵی دابنێین و داشمان نا.
پانزدەم: دانانی پلانێکی ڕێک و درێژ خایەن بۆ بنبڕکردنی سەرپێچی بەتایبەتی لە نورینگە و تاقیگەو دەرمانخانەو نۆرینگەی لە کۆڵانەکان بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆو سەندیکا پەیوەندارەکان تا ئێستا بەشێک لەو سەرپێچیانەمان نەهێشتووە و سزای هەندێک لەسەرپێچیکاران دراوەو بەردەوامیش دەبین.
ئێستا ئەگەر بوار هەبێت باسی گیروگرفتەکان دەکەم، لە راستیدا گیروگرفت زۆرن بەڵام لێرەدا چەند نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم و دەبێ ڕاشکاو بین، یەکەم گیروگرفت بەلای منەوە هەندێک کارمەند زۆر بەداخەوە زۆر بە دڵسۆزانەو خەم خۆریانە ئیشەکانی خۆیان ئەنجام نادەن، ئەوە بە قەناعەتی من لە ئەنجامی چەندین ساڵە کە خەڵک لەژێر کۆنترۆلی حکومەتی مەرکەزی بوون، خەڵک وای لێهاتووە بە دڵسۆزانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئیشەکانیان ئەنجام نەدەن و ئێمە وەکو وەزارەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان لێپرسراوین بەڵام کەمتەرخەمی نییە، ئەگەر بەشەوان سەردانی نەخۆشخانەی رزگاری بکەی دەبینین ئەو دکتۆرەی لەوێ دامانناوە هەموو شتێکی بۆ دابین کراوە هەموو پێداویستییەکان و مافەکانی بۆ دابین کراوە لەوێ دانراوە پێویستە زۆر بەرێکوپێکی ئیشەکەی ئەنجام بدات خزمەتی نەخۆش بکات، بەڵام کە نەیکرد مانای ئەو کەمتەرخەمە ئێمە بەرپرسین بەڵام کەمتەرخەمییەکە لەو کەسانەیە و بەداخەوە هەندێ خەڵکی وامان هەیە چاککردنەوەیان بە ئەوامرو سزا ناکرێت دەبێت هەموو لایەک پێکەوە ئەو وەزعییەتە پەروەردەی ئەو خەڵکە بگۆڕێت بۆئەوەی بتوانین زۆر بە دڵسۆزانە ئیش بکەین بۆئەوەی ئەو دەستکەوتەی کە دەستمان کەوتووە لە کوردستان بە دڵسۆزییەوە بیپارێزین و خزمەتیان بکەین.
* گرفتێکی تر ئەوەی کە ئێمە تووشی بووین نەبوونی هەندێ خزمەتگوزاری تەندروستی، لەراستیدا کاتی خۆی عێراق زۆر عیلاجاتی تایبەت لە بەغدا بوو، لەبەرئەوە ئیمکانیاتی نشتەرگەری سینگ و دڵمان نییە، نە لەرووی بینایەوە نە لەرووی ئامێرەوە نە لەرووی کارمەندەوە. چارەسەرکردنی شێرپەنجە، چارەسەری بە تیشک نەکراوە چونکە ئەوە ئامێری پێشکەوتوو و تایبەتی دەوێت و کارمەندی تایبەتی دەوێت، نەشتەرگەری جوانکاری، نەشتەرگەری منداڵان، نەشتەرگەری مێشک زۆر لاوازە لای ئێمە هەر چەندە ئێمە دکتۆرێکمان نارد بۆ بەغداد بۆماوەی شەش مانگ بۆئەوەی هەندێک مەشق بکات لەسەر ئەو ئیشە ئێستا برێک باشترە و هەروەها نەشتەرگەری چاندنی کلیە و ددان هەوڵمان داوە انشاءالله لە ئایندە دابین دەکرێت ئەو خزمەتانە لە کوردستان نییە، بۆیە ئێمە وەکو وەزارەت پێویستە ئیشی بۆ بکەین بە ڕێگای بڕیاری ٩٨٦ لە ئایندە دابینی بکەین.

خاڵی سێیەم لە گرفتەکان ئەوەیە زۆربەی خەڵک گوێ نادەن بە ڕێنماییەکانی سەردانی نەخۆش لە نەخۆشخانەکان، ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی نە نەخۆش ئارام بێت نە ئێمە بتوانین بەشێوەیەکی ڕێکوپێک خزمەتی ئەو نەخۆشخانە بکەین و بێگومان ئەو سەردانانە کاردەکەنە سەر پاکوخاوێنی نەخۆشخانەکان و هەروەها کار دەکەنە سەر کەلوپەلی نەخۆشخانەکان، ئەوەش گرفتێکی زۆر گەورەیە بەنیسبەت ئێمەوە چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە نەتوانین باش خزمەتی هاووڵاتیان بکەین.

گرفتێکی ترمان دەرمانە، خەڵک زۆر داوای دەرمان دەکەن لەراستیدا ئەمە لەجێی خۆی نییە فێربوونە دەبێت یەک عەلاگە دەرمان بەکاربهێنێت و دکتۆرەکانی ئێمەش فێربوونە هەندێک جار دەرمان دەنووسن بەبێ ئەوەی پێویست بێت یان پێویستی بەیەک دەرمانە پێنج شەشی بۆ دەنووسێت ئەوەش گرفتێکە کە خەڵک زۆر گلەییمان لێ دەکات، بەڵام لەراستیدا ئەگەر دەرمانەکە بەکار نەهێنێت نەخۆشەکە بۆی باشترەو بەسوودترە، بەڵام دەبینین لەهەمان کاتدا گازاندەو گلەییمان لێ دەکات، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە دەرمانەکە بەشێوەیەکی نازانستیانە لەلایەن پزیشکەوە وەسف کراوە نەخۆشیش فێر بووە حەز دەکات دەرمان زیاد بەکار بهێنێت کە ئەمەش یەکێکە لە هۆیەکانی کە وا پێشان دەدرێت دەرمان کەمەو بەش ناکات ئەگەر بەو شێوەیە بڕۆین چەند دەرمان هەبێت موستەحیلە بتوانین هەموو ئەو شتانە دابین بکەین.

* گیروگرفتی گەورەمان گیروگرفتی بڕیاری ٩٨٦ـە.

بە کورتی گیروگرفتمان لەگەڵ بڕیاری ٩٨٦ بۆتان باس دەکەین:

* بەنیسبەت دەرمانەوە، لە وەزارەتی ئێمە دوو لایەنی سەرەکی هەیە دەرمان و پێداویستی پزیشکی (الاجهزه الطبیه) واتا دەرمان و پێداویستییەکانی تاقیگەو کەلوپەلی تر و ئوتۆمۆبێلی ئیسعاف بە ڕێگای عێراق دێت، عێراق بە جوملە بۆ هەموو عێراقی دەکڕێت بە کوردستانیشەوە، بۆیە ڕۆڵی ئێمە تەنیا ئەوەیە هەموو شەش مانگێک لیست پێشکەش دەکەین بەو دەرمانانەی کە پێویستیمانە، دەرمان نییە داوا نەکرابێت هەموو شتەکان داوا کراوە، بەڵام گرفتەکە لە چارەسەرییە، عێراق بە کەیفی خۆی لیست پێشکەش دەکات بەپێی بارودۆخی خۆی و هەر بۆ زانیاری ئێوە ٢٠٠ مادە زیاتر لە کارگەی سامەرا دروست دەکرێت بێگومان عێراق داوای ناکات و لە هەمان کاتدا پارەیەک تەرخان کراوە لە بڕیاری ٩٨٦ بۆ دەعم کردنی کارگەی سامەرا، بەڵام عێراق ئەو ٢٠٠ ئایتمە داوا ناکات چونکە خۆی دروستی دەکات و لە هەمان کاتدا نایداتە ئێمەش، لەبەرئەوە کوردستان مەحرومە لەو ٢٠٠ ئایتمەو زۆر ئەو مادانەی داوای دەکەین لەراستیدا ناگات، کاتی هاتنی نازانین، کەمیەی هاتنی نازانین زۆر جاریش جۆری دەرمانەکانیش نازانین کە جۆری زۆر خراپن. گەلێک جاریش تووشی ئەوە دەبین کە دەرمانی زۆر گرنگ نایەت هەندێک دەرمان کە ئێمە دائیمەن موعاناتمان هەیە لەبارەیەوە ئەو دەرمانانە کە نەبوون نەخۆشخانەکانمان لەکار دەکەون وەکو دەرمانی تەخدیر واتا ئەگەر دەرمانی سڕکردن نەبێت چۆن

نەشتەرگەریی دەکریت. دەرمانی جەراحی (خیط و سلک و کیسی خوێن، محلولی شوشتنی هەردوو کلیە) زۆر مادەی تر کە ئەگەر حکومەت نەیکریت ئیشی خەستەخانەکان رادەوەستێت، بەلام ئێمە ناچار دەبین بیکرین هەرچەندە لایەنی سلبی هەیە، چونکە ئێمە تەغطیەی کەموکورییەک لە بریاری ٩٨٦ دەکەین، بەلام ئێمە ناتوانین نەخۆشی خۆمان جێ بهێلین بمرێت بە عەمەلیات ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ وەزارەتی دارایی و داوای پارەیان لێ دەکەین و لێرە وەکو وەزارەت بەرپرسێتی ئێمە ئەوەیە کە هەموو شتێک ناتوانین بکرین چونکە کەمیەکەی زۆرە بۆیە لێرە گرنگی بەو دەرمانانە دەدەین کە زۆر گرنگ و پێویستە وەکو باسم کرد بۆ ئەمساڵ ٩٠٠هەزار دۆلار سەرف کراوەو ڕێژەی ئەو دەرمانانەی کە گەیشتووە ئەگەر حەز بکەن بۆتانی دەخوێنمەوە:

* فێسی یەکەم: ٢٨٨٠٠٠٠٠٠ دابین کراوە بۆ کوردستان. نزیکەی ١٠ ملیۆنی بۆ هەولێرە، ٧ ملیۆنی بۆ دهۆکە، بۆ هەولێر ٨٧٪ی گەیشتووە، ٧٩٪ بەنیسبەت دهۆکەوە.

* فێسی دووەم: ٢٩٠٠٠٠٠٠ ملیۆن بۆ کوردستان، ٩ ملیۆن و شتێک بۆ هەولێر، ٦ ملیۆن شتێک بۆ دهۆک. لەوە ٥١٪ی گەیشتووە بۆ هەولێر، ٤٥٪ بۆ دهۆک.

* ١٨٥٠٠٠٠٠٠، ٦ ملیۆن و شتێک بۆ هەولێر، ٤ ملیۆن و شتێک بۆ دهۆک لەوە ٥٥٪ی گەیشتووە بۆ هەولێر ٦٠٪ی دهۆک گەیشتووە.

* فێسی چوارەم: ١٢٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دانراوە، ٤ ملیۆنی بۆ هەولێر، ٢ ملیۆن و شتێک بۆ دهۆک لەوە ٨٩٪ی هی هەولێر گەیشتووە، ٦٠٪ی دهۆک گەیشتووە.

فێسی پێنجەم: ١٤٠٠٠٠٠٠ ملیۆن، ٤ ملیۆن و شتێک بۆ هەولێر، ٣ ملیۆن و شتێک بۆ دهۆک ٥١٪ی هەولێر گەیشتووە، ٣٥٪ی دهۆک گەیشتووە.

* فێسی شەشەم: ٣٠٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دانراوە، دە ملیۆن و شتێک بۆ هەولێر، شەش ملیۆن و شتێک بۆ دهۆک، ٢٥٪ی هەولێر گەیشتووە، ١٧٪ی دهۆک گەیشتووە.

* فێسی حەوتەم: ٤٤٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دانراوە، چواردە ملیۆن شتێک بۆ هەولێر، دە ملیۆن و شتێک بۆ دهۆک، (١٠٪) بۆ هەولێر گەیشتووە، (١١٪)ی دهۆک گیشتووە.

فێسی هەشتەم: ٥٠٠٠٠٠٠٠ ملیۆن بۆ کوردستان دانراوە، دە ملیۆن بۆ هەولێر، ١١ ملیۆن و نیو بۆ دهۆک، لەوانە لە ٤٪ی هەولێر، ٣٪و شتێک بۆ دهۆک.

فێسی نۆیەم: سفر.

فێسی دەیەم: جارێک. فێسی یانزەم: جارێک.

ئەو هەموو دەرمانانە داواکراوەو پارەی بۆ تەرخان کراوە هەمووی ماوە نازانین بەدیاریکراوی چ کاتێک دەگات یان ناگات، بۆیە نازانین دەرمانەکان چ جۆرێک و چەندی دێت هەتا پلانی کرینی ئێمە زۆر زەحمەتە، ئێستا کە من داوام لێ دەکەن دەڵێن دەرمانمان بۆ بکرە من بیر دەکەمەوە چەند بکرم بایی چەند بکرم شەش مانگ، یان ساڵێک؟ لەوانەیە من ئەمرۆ بیکرم سبەی بێت ئینجا ئێکسپایەر دەبێت، هەروەها نازانم چ جۆرێک بکرم و کامیان نەکرم، لەبەرئەوە هەتا پلان دانان

بۆ کڕین لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە زۆر زەحمەتەو دابین کردنیشی زۆر زەحمەتەو لەهەمان کاتدا تاقیگەی سەیتەرەی نوعیمان لە کوردستان نییە بەس تەنها لە بەغدا هەیە هەتا ئەو دەرمانانەی دەیکڕین ناتوانین دڵنیا بین لە جۆری.

بەنیسبەت لوقاحەکان ئەوەی کا باسمان کرد لوقاحات پێشان یونیسێف هێنای بۆ هەموو عێراق، چونکە ئەو ڕێکخراوانە وەکو WHO - UNICEF پێشانیش هەرهەبوون لە عێراق ئیشیان کردووە نەک بەس بۆ بڕیاری ٩٨٦، لوقاحات یونیسێف هێناویەتی بۆ عێراق بەبەردەوامی زۆر بەرێکوپێکی هەرگیز گرفت نەبووە لە لوقاحات هەتا فێسی دووەمیش هەر یونیسێف بۆ کوردستانی هێنا، پاش ئەوە عێراق فشاری کردو خستییە سەر دەرمان کە پێی دەگوترێت (کڕین بە جوملە) بۆ هەموو عێراق، چونکە ئیدعا دەکات دەڵێت ئەگەر بە جوملە بیکڕین هەرزانترە بۆ هەموو عێراق بەیەک شەریکەو بەیەک عەقد بەو هەنجەتەو بڕیاری ٩٨٦یش ئەو مافەی داوەتێ ئەو ئیشە بکات بۆیە ڤاکسینیشی خستە ژێر کۆنترۆلی خۆی، ڕاپۆرتەکەی یونیسێف زیاتر ئیستفزازی کرد کە ڕێژەی مردن لە منداڵان و دایکان لە کوردستان نیوەی عێراقەو عێراق هەمیشە سیاسەتێکی هەیە کە دەیەوێت نیشان بدات ئەم بڕیارە بڕیارێکی فاشلە بڕیارێکی سەرکەوتوو نییە ئەگەر هەر پێشکەوتنێک لەبواری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان هەبێت ئەوە بەڵگەیەکە کە مەسەلەکە مەسەلەی بڕیارەکە نییە، مەسەلە مەسەلەی جێبەجێ کردنی بڕیارە، لەبەرئەوە عێراق هەوڵ دەدات باری تەندروستی لە کوردستان پێش نەکەوێت، سەرەڕای ئەو فشارە وەزعی کوردستان لە هەموو بوارێکەوە لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق باشترە، بۆیە ئەوە ماوەی شەش مانگ زیاترە گرفتی ڤاکسینمان هەیە کە دابین نەکراوە، BCG کە بۆ سیل بەکار دەهێنرێت ئێستا هیچمان نییە لەگەڵ ئەوەی ئێمە پێویستیمان بە پێنچ هەزار جورعە هەیە . (لقاحی ثلاثی)ئێستا لە کۆگاکانی ئێمە هیچ نییە،کە مانگانە ئێمە «٥٠٠٠» جورعەمان دەوێت، هەموو بکوتەکانی تر ئێستا کەم بونەتەوە، بەشی هەڵمەتی کوتان ناکات و بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ نەساغی زیاد بکات وەکو سۆرکە و نوکاف و هی تر، خاڵی تر لە ڕاستیدا بینا کردنی نەخۆشخانەیە، ئێمە لە کوردستان نەخۆشخانەکانمان هەموویان هی هەشتاکانە و تاکو ئێستا تەنانەت یەک نەخۆشخانەی نوێ دروست نەکراوە، زۆرینەی نەخۆشخانەکان باریان زۆر شڕە و تەنانەت پێمان ناکرێت نۆژەنیان بکەینەوە، دروست کردنی نەخۆشخانە بە ترازێکی نوێ و کەرستەی نوێ لەتوانای حکومەتی هەرێمدا نییە، بۆیە ئێمە بە بەردەوامی جەختمان لەسەر ڕێکخراوەکان کردووە بۆ دروست کردنی نەخۆشخانە، تاکو فێسی هەشتەم بەهیچ شێوەیەک ئەو بیرۆکەیان قبوڵ نەکرد گوتیان ئەو بڕیارە بڕیارێکی مرۆییە ، بۆ شتی بنچینەییە،بۆ تطویر و دروست کردنی نەخۆشخانە نییە، بەڵام لە فێسی هەشتەمەوە ڕازی بوون لەسەر نەخۆشخانەی نەک زۆر گەورە، نەخۆشخانەی ١٠٠ قەڵەویرەیی وداوای هەشت نەخۆشخانەمان کرد لە فێسی هەشت و پارەشی بۆ دابین کراوە، کە دەڵێین نەخۆشخانە بەواتای نەخۆشخانەی تەواوە، بە بینایەتەوە و

به کەرستەوە و بەهەموو شتی خەدەمیەوە، لە زاخۆ نەخۆشخانەیەک، لە ئامێدی نەخۆشخانەیەک لە ئاکرێ نەخۆشخانەیەک، نەخۆشخانەی منداڵان لە دهۆک، و نەخۆشخانەی گشتی لە سۆران و سێ نەخۆشخانە لەناو شاری هەولێر یەکیان بۆ نەخۆشی عەقلی یەکێکی تر بۆ فریاکەوتن یەکێکی تر بۆ کسور و مفاصل، بەراستی کرداری جێبەجێ کردن و ئیجرائاتی تر نەکراوە وئێمە بە بەردەوام جەخت لەسەر WGO دەکەین تاکو دەست بەکار بن. ئەوە سەبارەت بە دەرمان. سەبارەت بە کەرستەی پزیشکی ئێمە راستەوخۆ لەگەڵ (WGO) داوا دەکەین ئێمە بۆ کەرستەی پزیشکی لەگەڵ ئەوان داوا دەکەین،بەڵام لەراستیدا رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان کردارەکە زۆر لەسەرە خۆیی بەڕێوە دەبەن، و ئەو کەرستانەی ئێمە داوای دەکەین، زۆر جار بەو شێوەیە نایەت کە ئێمە داوامان کردوە، ئەو نەوعیەتە نییە کە ئێمە داوامان کردوە، و زۆر جار لەو کاتە نایەت کە ئێمە داوای دەکەین، و زۆر جار جیهازەکە دەگات بەڵام بینایەی بۆ دابین نەکراوە وەکو ئێستا باسم کرد، یان زۆر جار بنایەکە دابین کراوە کەرستەکە نەگەیشتووە وەکو (سیتیسکانی)هەولێر و یان هەندێ جار جیهاز دێت کەم و کوڕی تێدایە،و هەندێ جار جیهاز دێت ( سپێرپارتی )نییە، هەندێ جار جیهازەکە دێت بەڵام کارمەند مەشقی لەسەر نەکردوە بۆیە بەکاری ناهێنین و گرفتمان زۆرە لەگەڵ (WGO)و بەبەردەوامی هەوڵ دەدەین کە ئەو کەم و کورتیە نەهێڵین.

لە کۆتایدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەرچەند شت کراوە شتیش زۆر ماوە بکرێت وبگەینە هەر ئاستێک هێشتان شت هەیە بکرێت و لەراستیدا ئەو چالاکیانەی کە لەلایەنی وەزارەتەکەمانەوە ئەنجام دراوە ئێمە نەمان دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنین ئەگەر پشتگیری تەواوی کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران نەبووبێت،کە بە بەردەوام لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران رێنومایی رێک و پێکی پێشکەش کردوە و چی بە دانیشتنی تایبەت لەگەڵ خودی خۆم رێنومایی داوە تاکو بتوانین بە باشترین شێوە خزمەتی هاووڵاتیان بکەین، و ئاستی تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بەرز بکەینەوە و بە بەردەوام پشتگیری ئێمەی کردوە و لەهەمان کاتدا بەڕێز وەزیری کاروباری ئەنجومەن پشتگیری تەواوی ئێمەی کردوە بۆ ئاسان کردنی کارەکانمان، لەراستیدا لەلایەن وەزارەتی داراییشەوە هیچ نووسراوێکی ئێمە رەت نەکراوەتەوە بۆ دابین کردنی داو دەرمان، بۆیە من لێرە لە ئەستۆی خۆمی دەزانم کە هەر داوایەک یان نووسراوێک ئاراستەی وەزارەتی دارایی دەکەم دەبێت بە وردی بە چڕی چاوی لێ بکەم کە چەند گرنگ و چەند پێویستە، و لە کۆتاییدا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی بۆ ئەو راپۆرتەی، بە بۆچوونی ئێمە ئەو راپۆرتە رۆشناییەکی باشی خستە سەر کاروباری وەزارەت و چالاکی و بەرهەمە دیارەکانی، جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێ کە وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی چ بە راپۆرت چ بە هاوکاری لەگەڵ لیژنەکانی پەرلەمان ، لە ریزی پێشەوەیە لە

دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە باری هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ پەرلەماندا، کە ئەوەش بەشێکی زۆری بۆ کەسایەتی جەنابی وەزیر دەگەڕێتەوە، ئێستاش جێگای تەقدیرە ئەگەر جەنابی وەزیر رێگا بدات بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە پرسیاری ئاراستە بکەن، ئەو بەڕێزانەی پرسیاریان هەیە تکایە دەستیا بەرز بکەنەوە تاکو ناونوسیان بکەین، ناوەکان دەخوێنمەوە ئەوەی ناوی نەخوێندرایەوە ئیشارەتێکمان بۆ بکات تاکو ناوی بنوسین، مەرجیش نییە بە پێی زنجیرە بانگیان، بکەین ناوەکان ئەو بەڕێزانەن( شەفیق ئەمین ، د. رزگار، سعید یعقوبی، حسێن علی کمال، مامەند ئاغا، شێخ یحیی بەرزنجی ، ابراهیم سعید، کاک زاهیر ، د. ئیدریس هادی، وریا دزەیی، د. لطیف بەرزنجی، جلال خۆشناو، مامۆستا مەلا طلحە، زەهرا خان، رەجب شعبان، جوهر شاواز ،مامۆستا مەلا محسن،شێخ عەفان، مامۆستا عبدالخالق، حاکم سەفەر، کاک حەمید میران. ئەوانەی لەدەرەوە بوون بێ بەش دەبن . بەڕێز کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، لەراستیدا پرسیارەکەم سەبارەت بە دەرمانێکە کە لە کۆی ئەو دەرمانانەیە کە پێی دەڵێن رزگارکەری ژیان، کۆمەڵێک نەخۆش لە دهۆک کە کرداری چاندنی گورچیلەیان کردوە وسەردانی نووسینگەی ئێمەیان کرد بۆ نەبوونی دەرمانی(سەندیمون)لە نەخۆشخانەی دهۆک، دەیان گۆت لە هەولێر ئەو دەرمانە هەیە ولە سلێمانیش هەیە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق هەیە، بەس لە دهۆک نییە، بۆ تەئکید کردنی قسەکانیان سەردانی فەرمانگەی تەندروستی دهۆکمان کرد بینیمان کە ئەو دەرمانە لە دهۆک لە نەخۆشخانە نییە سەردانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆکمان کرد چووینە لای پارێزگار، چوینە WGO لە دهۆک نەبوو، لە هەولێر هەیە و ئەوەشمان تەئکید کرد لەلای هەندێ نەخۆش کە مانگانە لە هەولێر وەر دەگرن و لەراستیدا وەزارەتی تەندروستی ئیجرائیکی باشی لەو بارەیەوە وەرگرتووە کە ئەو دەرمانە دەدەنە نەخۆش ، ئێستا سیلەکەی لێ دەکەنەوە کە سیلەکەیان لێکردەوە لە بازار قیمەتی نامێنێت لەوانەیە نەخۆشێکی تر ئەو دەرمانە نەکرێ بروای پێ نەبێت، کە سیلی پێوە بێت بە ٧٠٠ تاکو ١٠٠٠ دینارە ئەگەر سیلەکەی پێوە نەما ئەوە بە ٦٠ دیناریش کەس نای کرێ، ئەو ئیجرائە فەرمانگەی تەندروستی هەولێر دەیکات و ناوی نەخۆشیش لەسەر شوشەکە دەنووسی و نەخۆش ئەگەر ئەو شوشەیەی تەواو کرد دەبێت بە بەتاڵی بیباتەوە تاکو یەکێکی تری بدەنێ و فیعلا دەیدەنێ، حەز دەکەین بۆ دهۆکیش بەشی لەو دەرمانە هەبێت ، لەبازار زۆرە بەڵام من ناڵێم سەرچاوەکەی هەولێرە، لەبەر ئەوەی لە بەغدا یەکجار زۆر هەیە کە بە قاچاغی دەفرۆشرێت بە ٧٠٠ دینار و زیاتر و نەخۆشی وا هەیە برادەران دەزانن کە مانگانە پێویستی بە سێ شوشە هەیە، کە رۆژانە ٥ سی سی لێ دەخۆن لەوانەیە تەکلیفێکی زۆر لەسەریان بکات، من نازانم هۆکەی چییە کە دهۆک بەشی خۆی نەبێت، ئەوە پرسیاری یەکەم پرسیاری دووەم،

لەراستیدا کورتە، (دار العجزە) لە دهۆک کەی دادەمەزرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای ئێمە پرسیارەکان بە یەکجار وەڵام بدەنەوە، تێبینی بنووسن لەبەر ئەوی وای بۆ دەچین کە پرسیار بە پرسیار وەڵام بدەنەوە پرسیارەکان زیاتر دەبن،کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی دکتور جمال وەزیری تەندروستی دەکەم،بۆ ئەو دەست کەوتەی کە کردویانە بە ئومێدی خوا زیاتر پەرەدەستێنێ، دکتور باسی ئەوەی کرد کە هەوڵ دەدرێ کە نەخۆشخانەی سریری بۆ کسور و نەخۆشیەکانی عەقلی بکرێتەوە، باسی ئەوەی نەکرد کە لە هەولێر قەرەباڵغیەکی زۆر لەسەر نەخۆشخانەی فریاکەوتن و نەخۆشخانەی رزگاری هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە کاتی سەردانمان تێبینی ئەوە دەکەین کە قەرەباڵغیەکی زۆر هەیە، وەکو بیستومانە لە سلێمانی نەخۆشخانەیەکی ٤٠٠ قەڵەویرەیی دەکرێتەوە، دەبوایە هەوڵ بدرابا بۆ هەولێریش نەخۆشخانەیەکی گەورەی هاوچەرخ بکرێتەوە لەبەر ئەوەی لە ساڵی هەشتاوە ئەو نەخۆشخانانەی کە هەنە هەر ئەوانەن، بە پشتیوانی یەزدان بتوانن لەسەر بریاری ٩٨٦ هەوڵ بۆ ئەوە بدرێت کە نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەڵەویرەیی بۆ هەولێریش بکرێتەوە کە جێگای زۆرە.

پێشنیاری دووەمم ئەوەیە ئێمە لە کاتی سەردانمان بۆ کۆمەڵگای مەلا ئۆمەر لەوێ نەخۆشخانەیەک هەیە زۆر بچوکە بریتیە لە چەند ژوورێک جێی هەموو بەشەکان نابێتەوە، و هەروەها ئەو نەخۆشخانەیە معاون طبیەک سەرپەرشتی دەکات ١٠ کیلۆمتر لە هەولێر دورە دەبوو کە دکتۆری بۆ دابین بکرێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری تەندروستی دەکەین، پرسیارەکەم ئەوەیە کە چارەسەرکردنی نەخۆشی بە دوو جۆرە، ئەویش یەکیان بە خۆپاراستنە ئەوەی تر بە چارەسەری دەرمانە لەبارەی خۆپاراستن باشی شەرح کرد، پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئەوانەی لە دەرەوەی وولات دێنەوە هیچ جۆرە نۆرینێک دەکرێن تاکو بزاندرێ کە هەڵگری نەخۆشی ئایدز نین تاکو شەهادەیان بدرێتێ ، لەبەر ئەوەی نەخۆشیەکی زۆر پیس و ترسناکە و لە وولاتانی رۆژئاوا زۆر بڵاوە هیچ بنکەیێک لەو بارەیەوە لە کوردستان هەیە یان نا؟ ئەوە پرسیاری یەکەم. دووەم سەبارەت بە دەرمانخانەکان لەو دەرمانخانانە هیچ دەرمانسازێک خۆی لێ دانانیشێ یان فەرمانبەرێکی خانەنشین یان

مامۆستایەکی خانەنشینی لێ دادەنێ، ئەگەر دکتۆر دەرمان بنوسێ ئەوە بە سی سی و ملی گرام دەی نووسێ، بەڵام ئەگەر کابرایەکی نا تایبەتمەند دانیشێ چۆن دەزانێ لە چەندی و چۆنی بەکارهێنانی دەرمان، لەو بارەیەوە چی کراوە بۆ بەربەرەکانێکردنی ئەوە؟ پرسیاری سێیەمم، سەبارەت بەو منداڵانەی لە شێخ الله دەرمان دەفرۆشن ئایە هیچ شتێ کراوە بۆ نە هێشتنیان، بێجگە لەوە لە هەر کوچە و کۆڵانێک بێجگە لە دەرمان فرۆشتن بگرە نەشتەرگەرییش دەکەن ئایا چی کراوە بۆ بەربەرەکانێ کردنیان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شەفیق ئەمین فەرموو.

**بەڕێز شەفیق امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین بۆ ئەو روون کردنەوەی کە بۆمانی روون کردەوە بەراستی جێگای سوپاسە، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن هۆبەیەک هەیە بەناوی هۆبەی سوتان، بەراستی نەبوونەکەی باشترە لە بوونی ئەوەی سوتاوە و چۆتە ئەو شوێنە بە مردویی دەریان هێناوە، من ناڵێم کە ئیسرافکاری باشە بەڵام جێگای تەندروستی هەر تێدا نییە چی لە لایەنی شۆربنی ئەو نەخۆشەوە چ لەلایەنی ئەو دەرمانانەی کە پێی دەدرێ، بە هێچ جۆرێ مەرجی تەندروستی لەو هۆبەیەدا نییە، ئەگینا کۆمەڵێ کارمەندی باش هەنە چ لە دکتۆرەکان چ لە یاریدەدەرەکانیان. ئەوە یەک پێشی ماوەیەک دەفتەری تەندروستی کرا نزیکەی یەک ملیون هاتە ناو کوردستانەوە لە دهۆکەوە هات تاکو ئێستا ماوەیەک کاری پێکرا دوای دابەش کردنی بەڵام لە ماوەیەکی کورت لە کارکردن راوەستا، ئەگەر ئەوە بەسەر هەر ماڵ و خێزانێک دابەش کرابا لە کوردستان لەوانەیە ئەو دەرمانانەی دەدرا بە خەڵک کەمتر دەبوو چونکە نەخۆشێک دەچێتە نەخۆشخانەیەک ئەگەر ئەو دەفتەرە تەندرستیەی پێنەبێت ئەو دکتۆرە تەماشای ناکات وکە تەماشاشی کرد ئەو دەرمانەی کە پێی دەدات لە دەفتەرەکە دەی نووسێ بۆ جارێکی تر بۆی نییە بچێت مراجعەی نەخۆشخانەیەکی تر بکات،خاڵێکی تریشمان هەیە. هەروەکو لەوەو پێشیش خستمانەروو و سەرۆکایەتیش ئاگادارە دەربارەی ئەو قەرەباڵغیەیە کە لەشەقامی پزیشکاندا هەیە، ئەگەر بکرابا وەزارەتی تەندروستی بەهاوکاری وەزارەتی دارایی هەڵسانایە بە دروست کردنی چەند کۆمەڵگایەکی تەندروستی بۆ هەموو جۆرە پسپۆرەکان و بۆ دەرمانخانەکان،ئێمە لە لیژنە چووین بۆ خزمەتی وەزیری دارایی لە هەمان کاتدا وەزیری دارایی باسی ئەوەی کرد کە وەزیری تەندروستی باسی ئەو بابەتەی کردوە، دەپرسین بۆچی تاکو ئێستا نەکراوە، پێشی ماوەیەک جەنابی وەزیر ئاگادارە و سەرۆکایەتیش ئاگادارە دزیەک کرا دزیەکی زۆر گەورە لەو ئامێرانەی کە لەسەر بڕیاری ٩٨٦ کرابوون لە لایەن معاون طبیەکی نەفس نزم ئەو کەسە چوو ئەو

ئامێرانەی فرۆشت کە بای زیاتر لە یەک ملیون دینار دەبوو، ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی کەئەوەمان زانی لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەمان کرد لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی قسەمان کرد لەو بارەیەوە، سەرەتا پشت گوێ خرا کەس هەر گوێی پێنەدا، دواتر وای لێهات جەنابی وەزیری تەندروستی خۆی کەوتە ئەوەی کە شتێک بکات، وەڵڵا چیە ئەم لە فلانە حزبە نابێت بگیرێ، وابزانم گیرا، دەمانەوێ بزانین ئەو بابەتە چی بەسەر هات، کە بای زیاتر لە یەک ملیونە دینارە هەمووشی ئامێری پێشکەوتوو و پاش ئەوە هەر قوت درا. لەبەشی چارەسەری سروشتی ئێمە دوو حەوزی باشی چارەسەری سروشتیمان هەیە لە هۆبەی چارەسەری سروشتی لە نەخۆشخانەی رزگاری، بەڵام ئەو دوو حەوزە تاکو ئێستا پشتگوێ خراون،و هیچ کەسێ نییە بچێتە ئەوێ و چارەسەری سروشتی بۆ بکەن، ئەوە لەلایەکەوە لە لایەکی ترەوە ئامێرێکی لێزەر هاتووە بۆ چارەسەری سروشتی، بەڵام تاکو ئێستا بەکاریان نەهێناوە، لەوکاتەی کە کەتەلۆکەکەشی لەگەڵدایە، بەڵام بۆ ئەوە دەبێت بنێردرێت بۆ شوێنێک خولێک ببینێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زەهراء حاجی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیری تەندروستی دەکەم تەنها پرسیارێکم هەیە،یەک لە هیوا و ئاواتی ئێمەی ئافرەت ئەوەیە کە نەخۆشخانەی لە دایک بوون وچاودێری منداڵان و دایکانیانە زیاد بکرێت، نەک هەر تەنها لە شارەکان بگرە لە کۆمەڵگا و ناحیەکاندا لەبەر ئەو گرفتانەی کە دێنە رێگای ئافرەتی دووگیان، گەلێ جار حالەت هەیە تاکو لە ناحیەکی دوور دەگاتە ناوشار بۆ نمونە زاخۆ، لەوانەیە کە ژیانی لەدەست بدات یان منداڵەکەی لەدەست بدات، لێرە پرسیاری من ئەوەیە تاکو چەند وەزارەت هەوڵی داوە لەگەڵ رێکخراوەکان یان لەسەر بریاری ٩٨٦ لەکوردستان بۆ زیاد کردنی ئەو جۆرە بنکانە لە دێ و ناحیەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا طەلحە فەرموو

**بەڕێز مەلا طلحە قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە، یەکەمیان لە گەرەکی ٩٩ نەخۆشخانەیەک کراوەتەوە راستە دەوامێکی چاک دەکات بەڵام کە نەخۆش دەچێت و دەرمانی بۆ دەنوسن دەڵێن نیمانە، نەخۆشخانەیەکی گرنک و رێک و پێک و هەموو کەرستەکانی تێدایە بەڵام هیچ جۆرە دەرمانێکی لێ دەست ناکەوێ. پرسیاری دووەم من پێم خۆشە ئەو دەرمانخانانەی کە دەرمان دەفرۆشن حەق

وایە سەیتەرەیەک لە سەریان بکرێ هەر یەکەو دەرمان بە هەوەسی خۆی دەفرۆشێ و کە دەچی یەکێ دەڵێ ئەو دەرمانە بە ١٥ دینارە لە شوێنێکی تر دەڵێ بە ٢٥ دینارە، داوا دەکەم کە نرخیان بۆ دیاری بکرێت یان چاودێریەکیان لەسەر دابندرێ تاکو زیاد و کەم نەفرۆشن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محسن مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە لە وەزارەتی تەندروستی هەر وەک لە راپۆرتەکەی جەنابی وەزیردا هاتووە کە نۆرینی قوتابیانیان کردەوە لیژنەی چاودێری تەندروستی تایبەتی هەبێت کە هەفتانە یان مانگانە سەر لە مزگەوتەکان بدەن لەبەر ئەوەی تێکڕای کۆمەلانی خەڵک روویان تێدەکات بەتایبەتی شوێنی تایبەتی هەیە کە پێویستە گرنگی پێبدرێ وەکو جێگای دەست نوێژ وەکو مەرافقی صحی وەکو هۆلی بۆنەکان، ئەگەر گرنگی نەدرێت بە ناو مزگەوتەکان کە بلێین ئەوە پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی ئەوقافەوە، لەرووی تەندروستیەوە ئەو شوێنانە شوێنی گشتین، و چەند جاریش ئێمە داوامان لە وەزارەتی تەندروستی کردوە کە بەو شێوەیە گرنگی بدرێت و دەکرێ راپۆریتی تایبەت بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف بەرز بکرێتەوە تاکو ئەو کارانە ئەنجام بدرێن.

داوای دووەمان ئەوەیە کە هەوڵێک بدرێت لەگەڵ گرنگی و بایەخی نەخۆشخانەی لە دایک بوون و مندالان هەوڵ بدرێت زیاتر گرنگی بەو لایەنە بدرێت کە خەڵکێک مەترسی لەسەر ژیانی خێزانەکەی هەیە تاک بتوانێت بە دڵنیاییەوە خێزانەکەی بنێرێتە ئەو خەستەخانانە، چونکە زۆر کەس هەیە وەکو خێزانێکی موتەحەفز و خۆپارێز لەوانەیە کە ترسی هەبێت کە پزیشکی پیاو بیبینێت، کە ئەوە شوێنێکی تایبەتیە حەق وایە هەر هەمووی دکتۆری ئافرەت بێت، و ئەو لایەنەش زیاتر گرنگی پێ بدرێت هەتا پاسەوانەکان رێگای چونە ژورەوەیان پێنەدرێت زیاتر ئەو لایەنە گرنگی پێبدرێت، کە ئەوە پێویست بە تەفاصیل ناکات خۆیان دەتوانن دراسەی بکەن، ئەوەی سێیەمیش ئەوە بوو کە جەنابی کاک سەعید باسی کرد لە راستیدا کۆمەڵێک نەخۆشی ترسناک لە دەرەوە هەیە کوردستانی ئێمە سوپاس بۆ خوا تاکو ئێستا لێی پارێزراو بووە بەرنامەیەکی تایبەتیان هەبێت تاکو رێگا لەو نەخۆشییانە بگیرێت تاکو نەگەنە کوردستان ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عەبدالخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاسی هەوڵ و تەقەلای وەزارەتی تەندروستی دەکەم بەتایبەتی کەسی وەزیر خۆی ،سەبارەت بەمنەوە وای بۆ دەچم کە ئەو کۆسپانەی لەبەر دەمیەتی جیدین و بەتایبەتی بڕیاری ۹۸٦ و تەنانەت بابەتی تەوعیە لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بەلام بەرای من دوای دە ساڵ پێم باشە هەندێ لایەنی دیاری کراو پێویستە گرنگی پێبدرێت، یەک لەوانە دەرمانێکی زۆر لە بازاری رەشدا هەیە و مەوادێکی زۆر ستۆک لەبازاردا هەیە بەشێکی پەیوەندی هەیە بە منداڵ و ئافرەتانەوە کە شیر و ئەو شتانەیە و بە نرخێکی گرانیش دەفرۆشرێ، بەتایبەتی ئەوەی گرنگیش بێت ئەوەی لە شێخ الله دەفرۆشرێ حەبی منەوم و حەبی بێهۆش کردنە و ئەوەش بەرای من دەبێت چارەیەکی بۆ بکرێ کە خەڵکێکی زۆر فێری بووە بەتایبەتی گەنجەکان، هەروەها داوا دەکەم لە وەزارەتی تەندروستی کە گرنگیەک بە کۆگاکانی عەمبار کردنی دەرمان بدات، کە ئەو لایەنە لە وڵاتێکی گەرمی وەکو ئێمە پێداویستی تەواوی نییە ئەگەر بۆی دابین بکرێ خراپ نییە، باری نەخۆشخانەکانمان زیاتر پێویستی بە گرنگی دان و چاودێری و کۆنترۆڵ هەیە، من پێشی مانگێک چوم بۆ نەخۆشخانەی رزگاری لە نهۆمی سێ و چوار نە ئاو هەبوو نە کارەباش هەبوو و هەندێکیان دابەزی بوون تاکو ئاو بێنن بۆ نەخۆشەکانیان. تەهویە وەکو پێویست نەبوو، خەڵکێکی زۆر تەنانەت دوومەڵیشی لە دەم و چاوی دەرچوو بوو، ئەو لایەنە جا چ ساردکەرەوە بێت یان گەرمی دەبێت گرنگیەکی زیاتری پێ بدرێت، لایەنێکی تر لە وەزارەت کە پێویستە زیاتر گرنگی پێبدرێت زۆر سوپاس کە بریکاری وەزیر بۆ کاروباری کۆمەڵایەتیان داناوە، بەراستی ئەو لایەنە زۆر پێویستە گرنگیەکی تایبەتی پێبدرێ، لەبەر ئەوەی ئیهمالیەکی زۆر هەیە لە کارگەکان لە لایەنی سەلامەتی پیشەسازی ، هەروەها بزاڤی کریکاری لە کوردستاندا ئیفلیج بووە بە ئەرکەکانی خۆی هەڵناستێ و یاسای کارکردن پشتگوێ خراوە و هەڵبژاردن بۆ کرێکاران نەکراوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە ئەو بابەتە بە جیدی وەربگیردرێت ، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە حکومەت کرێکارەکانی بە یاسایەک کرد بە فەرمانبەر و زۆر دەست کەوتیان لێ رۆیشت و، هەروەها لە لایەنی کۆمەلایەتیەوە داوا دەکەم زەمانی کۆمەلایەتی زیاتر گرنگی بدرێت بە خێزانی شەهیدان و ئەوانەی کە ئەنفال کراون و زەرەرمەندانی مین کە لە کوردستان زۆرن وەکو پێویست گرنگی پێنەدراوە و هەروەها ئەو پەککەوتانەی کەوا زەرەرمەندی تێکۆشانی چەکدارین لە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو پرسیارانەی کە دەیکەن لە چوارچێوەی کاری وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتدا بێت،کاک د. لطیف بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، من دوو پرسیارم هەیە، یەکیان کاک عبدالخالق زەنگەنە بە کورتی بۆی چوو ئەویش خەزن کردنی دەرمانە، بەراستی کۆگاکان مەرجی عەمبار کردنی دەرمانیان تێدا نییە و چارەسەر کردنیشی زۆر زەحمەت نییە بە چەند کۆندشنێک یان ڤنتیلێترێک چارەسەر دەکرێت،پرسیارەکەی تر ئەوەیە کە بنکەی چاکسازی نەوجەوانان و ئافرەتان لە هەولێر، لە سەردانەکانمان بۆ ئەو شوێنە، ئەو بنکەیە ناتەواوی هەیە یەکێ لە ناتەواویەکانی جیاکرنەوەی گیراوەکانە، لە هەموو دونیادا گیراو لەسەر چەند بنەمایەک جیا دەکرێتەوە، سەربازی و مەدەنی لەیەک جیا دەکرێتەوە نێر و مێ لەیەک جیا دەکرێتەوە بە گوێرەی تەمەن جیاکردنەوە هەیە، بە گوێرەی تاوانەکەی جیاکردنەوە هەیە، لەو بنکەیە ئەوانە جیا نەکراونەتەوە نێر و مێ جیاکراوەنەتەوە بەڵام تاوان یەکێ لەسەر بیغاء گیراوە یەکێ لەسەر کوشتن گیراوە یەکێ لەسەر دزی گیراوە یەکێ لەسەر سیاسەت گیراوە هەموو بەیەکەوەن ئەوەش دەبێتە نەک چاکسازی بەڵکو خراپ سازی، ئەوە لایەنێکیەتی پێویستی بە چارەسەر هەیە لایەنێکی تر پەیوەندی بە بیناکەوە هەیە کە دوو جار دووشک بە گیراوەکانی وەداوە لەبەر ئەوەی سیمی هێرەگ بە پەنجەرەکانیانەوە نییە ئەوە بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت، خاڵێکی تر کارەبا کە لەو شوێنە دەکوژێتەوە سەعات (١) ئەو سجنانە تاکو بەیانی لە تاریکیدا دەبن کە لە هیچ شوێنێکی دنیا ئەوە نییە کارەبا دەبێت هەبێت جا بە چ شێوەیەک پەیدا دەکرێت دەبێت هەبێت، ئێمە ئەو راپۆرتەی داومانە بە سەرۆکایەتی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیشدا باسمان کردەوە و بەراستی لەو بەینەدا نەچووین نازانین وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەو لایەنە چ هەندگاوێکی ناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک وریا دزەیی فەرموو.

**بەڕێز وریا احمد حمدامین دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم لە وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە دەربارەی لیژنەی پزیشکی و مۆڵەتی مامۆستایان. لە میانەی سەردانمان وەکو لیژنەی پەروەردە لە مانگی (١١) بۆ چەند قوتابخانەیەک هەندێ لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان گلەیی زۆریان دەکرد لەوەی کە ئەو لیژنەیە مۆڵەتی زۆر دەداتە مامۆستایان و کار دەکاتە سەر بەتاڵ مانەوەی جێگاکانیان تکایە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ادریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابی وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەلایەتی دەکەین سوپاس بۆ ئەو راپۆرتە دور و درێژەی، لە بواری خۆپاراستن باسی کۆمەڵێ لوقاحی کرد، پرسیارەکەی من ئەوەیە لوقاحی ئەنفلوەنزە کە لە زۆر ولاتانی پێشکەوتوو لە مانگی ١٠ و ١١ ئەو لوقاحە لە هەموو کەسێ دەدرێ تاکو ئەو خەڵکە تووشی نەبێت لە زستاندا، زستانی ئێمە سەختەو خەڵک زۆر تووشی ئەو نەخۆشیە دەبێت ئایە تاکو ئێستا ئەو لوقاحە بۆچی لێنادرێ و بە تایبەتی بە سود وەرگرتن لە بریاری ٩٨٦.

سەبارەت بە نەخۆشخانەیەکی باش لە باشوری هەولێر کراوەتەوە هی لەدایک بوون بەلام تاکو ئێستا دەرکەو پنجەرە هیچی پێوە نییە نازانم تاکو ئێستا بۆ تەواو نەکراوە، وابزانم ماوەیەکی زۆرە کراوەتەوەش ئەگەر پەلە بکرێت لە تەواو کردنی ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایە چی بۆ کراوە؟ خۆی ئامادەیە بەلام لەوێ تەرک کراوە ، سەبارەت بەو دەرمانانەی کە لەسەر بریاری ٩٨٦ دێنە کوردستان جەنابی وەزیر ئاماژەی بەوە کرد کەهیچ جۆرە نۆرینێکیان لەسەر ناکرێت لەبەر ئەوەی تاقیگەی سەیتەرەی نوعی نییە، ئەو تاقیگەیە زۆر گرنگە لە کوردستان دابمەزرێ بە تایبەیت لە هەولێر بۆ نۆرینی ئەو دەرمانانەی کە بە رێگای بازرگانەکانیشەوە دێنە کوردستان بەتایبەتی ئەو دەرمانانەی کە لە رێگای بەغداوە دێن، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراقی جێگەی گومانە هەر جۆرە دەرمان بنێرێت تەنانەت هیچ موستەمسەکاتێکی لەگەڵ نییە ئایە شیاوی بەکارهێنانە یان نا؟ هەروەها تاکو ئێستا تاقیگەیەکی پێشکەوتوو لە هەولێردا نییە خەڵک فحوسات دەبات بۆ بەغداد لەوێ فەحسی دەکەن،هەندێ جار دەرمانەکە لە تاقیگەکاندا نیە بۆیە فەحسەکەش ناکرێت، سەبارەت بە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە هەولێر تەنها یەک نەخۆشخانە هەیە و ئۆتۆمبیلی ئیسعاف زۆر کەمە حەقە سوود لە بریاری ٩٨٦ وەربگیرێ بۆ هێنانی سەیاراتی زیاتر و ئەو بنکە تەندروستیانەی لە گەڕەکەکان دروست کراون شتێکی زۆر گرنگن ڕۆڵی خۆیان دەبینن بەلام ئەگەر هەر بنکەیەکی تەندروستی سەیارەیەکی ئیسعافی هەبێت، هەندێ جار لە باشوری هەولێرەوە یەک نەخۆشە و بەپەلەیە ناتوانێ سەیارەیەک لە مەرکەزەوە بۆی دەچێت و دەگەڕێتەوە ماوەیەکی زۆری دەوێ، ئەگەر بکرێ باشە لە ناوچەکە نزیکە و دەتوانێ بەکارەکە هەڵسێ تاکو نەخۆشخانەی تازە دەکرێتەوە و یەکەی فریا کەوتنی تازە دادەندرێ. نازانم سەبارەت بە ئاوی خواردنەوە ئەو نۆرینانەی لە وەزارەتی تەندروستی دەکرێت؟ خۆزگە وەزیر ئاماژەیەکی پێدابا کە چۆنەو چۆن نییە ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا زاهیر فەرموو.

**بەڕێز زاهیـــــر مـــــحـــــمـــــد ابراهیـم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن.**

لە نەخۆشخانەکانی هەولێر و دهۆک هۆبەی جوملەی عەصەبی هەیە بەڵام پزیشکی پسپۆری نییە، ئایە چ هەوڵێک دراوە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە؟ پرسیاری دووەمم لە شارۆچکەی بنەصلاوە لە بنکەی تەندروستی ئامێری ددان هەیە بەڵام پزیشکی نییە و بە هەموو شارۆچکەکە کە دانیشتوانی دەگاتە ٥٠ هەزار کەس یەک پزیشکی گشتی لێیە ئایە چارەسەری ئەوە کراوە بەوەی کە بنکەیەکی تری تەندروستی لێ بکرێتەوە تاکو رەوشی تەندروستی لەو شوێنە باشتر بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن:**

کاک حمید میران فەرموو.

**بەڕێز حـمـیـد سلیم مـیـران:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن.**

هەولێر وەکو شارێکی گەورە و وەکو پایتەختی هەرێم زۆر پێویست بەوە دەکات کە نەخۆشخانەیەکی چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانی دەروونی و عەقلی تێدا هەبێت، ئێستا ئەو نەخۆشیانە لە نەخۆشخانەی کۆماری چارەسەر دەکرێن، جەنابی وەزیر گوتی کە هەوڵیان داوە لە رێی بریاری ٩٨٦، ئەگەر هەوڵەکەیان زیاتر بەرەو پێش بەرەن و ئەو نەخۆشخانەیە زۆر گرنگە و ئەگەر نا لەسەر میزانیەی حکومەتیش بێت زۆر پێوستە دروست بکرێت، مەرجیش نییە نەخۆشخانەیەکی زۆر گەورە بێت تەنها کەرستە و ئامێری چارەسەر کردنی ئەو جۆرە نەخۆشیەی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن:**

حاکم سەفر محمد فەموو.

**بەڕێز سـفـر مـحـمـد حـسین:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن.**

جەنابی وەزیر لە راپۆرتەکەیدا باسی هەندێ کۆمەڵگای ددانی کرد لە هەولێر و دهۆک راستە کۆمەڵگایەکی ددان هەیە لە دهۆک وەکو ئاگادارم دەوامی ئەوان لە سەعات ٨ تاکو سەعات ١٠یە کە دەپرسین دەڵێن دەرمانمان نییە، جا نازانم هۆیەکە ئەوەیە یان هەر خۆیان دەوامی خۆیان کورت کردۆتەوە بەراستی باری تاقیگەکان جا چ حکومی یان ئەهلی باش نییە تکای بەدوا داچوون و چاودێری زیاتر دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ عەفان نەقشبەنی فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاسی وەزیری تەندروستی دەکەین، بەراستی زۆر شتی خستە روو لەوانەیە زۆر شت هەیە نەی گوتبێ ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە ئاگادارین زۆر شت کراوە هەنگاوی زۆر نراوە، بەڵام ئەوەی تێبینی ئێمە بوو برایان بە تەواوی باسیان نەکرد نەخۆشخانەی فریاکەوتن ئەگەر بکرابا دوای نیوەرۆیانیش ژووری نەشتەرگەریان هەبێت نەشتەرگەری گچکە دەبێت لەوێ بکرێت، ئێستا لە دوای نیوەرۆیان ژووری نەشتەرگەری دادەخرێت و ئەو پزیشکانەی لەوێن نامێنن، جگە لەوە دوو کۆگای دەرمانی تێدایە هەردووکی یەکیان لە ژێر زەمیندایە زۆر دەرمانمان دەرهێنا تواوبوونەوە هیچی تێدا نەمابوو ئەوانەی کە تەڕ و مەحلول و شتی وان، ئەو تێبینیانە کاتی خۆی پێمان گوتن لەوانەیە هەندێکیان چارەسەر کردبێت تاکو ئێستا جگە لەوە تێبینیەکی ترمان هەبوو لە نەخۆشخانەی فێرکردن جیهازێک هەیە نیشانیان داین ئەگەر لە دەرەوەی ولات فحوساتم کردبێت ئەوە بەو جیهازە بووە کە (سیدیسکان) پەردەیەکی بەسەردا درابوو جیهازێکی جوان و رێک و پێک بوو بەڵام لەوانەیە خەلەلێکی بچوکی هەبێت ئەو خەلەلە من گوتم لەوانەیە بۆیە پێمان نەڵێن لەوەیە بیانەوێت جیهازێکی تازەیان بۆ بێنن، ئەگەر بکرێت ئەوە چاک بکرێتەوە و جیهازێکی تازەشمان بۆ بێنن زۆر چاکە، بەراستی ئەو جیهازە جیهازێکی زۆر پێشکەوتووە، پرسیارێکی ترمان هەیە کاتی خۆی جەنابی وەزیرمان لێ ئاگادار کردەوە، دەنگۆی ئەوە هەیە کە خۆشم راستەوخۆ ئاگادارم باسی ئەوە دەکرێت کە هەر دەرمانخانەیەک لە دهۆک مانگانە ٣٠٠٠ دینار دەدات بە سەرۆکایەتی فەرمانگەی تەندروستی پرسیارمان کرد کە هۆیەکەی چیە؟ گوتیان بە هۆی پاک و تەمیزبەوەیە، من بۆیە لەوە ئاگادارم چونکە مستەوسەفێکمان لەوێ هەیە داوایان لێ کردەوە کە ئەو ٣٠٠٠ دینارە بدات، کاتی خۆشی جەنابی وەزیرمان لەوە ئاگادار کردەوە، گوتی شتی وانیە و خۆم لێیدەکۆڵمەوە، وتاکو ئێستاش ئەوە ماوە داواش دەکەن لە ئێمە کە ئەو پارەیە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ پرسیارم لە جەنابی وەزیری تەندروستی هەیە ئەویش ئەوانەن

١ ـ لەسەر نەخۆشخانەی ئاکرێ سالەکانی ٥٢ و ٥٣ ئاوەدان کراوەتەوە تاکو ئێستا هەر وەکو

خۆیەتی لەوانەیە ئەوەی ساغیش بێت بچێتە ئەو نەخۆشخانەیە نەخۆش بێت ، بەرێز وەزیری تەندروستی گوتی لە فێسی هەشتەم دەکرێت نەخۆشخانەیەک بۆ ئاکرێ دروست بکرێت ١٠٠ سەریری بێت، تاکو ئەوە دەکرێت با هەر چاکردنەوەیەکی بۆ بکەن لەبەر ئەوەی زۆر کۆنە و باری زۆر باش نییە کە لەوانەیە تاکو ئەو نەخۆشخانەیە دروست دەکرێت دوابکەوەێت.

٢ـ گەلێک خەڵکی دەڤەری ئاکرێ سەردانی نووسینگەی پەرلەمان دەکەن نەخاسمە خەڵکی لادێکان، داوای بنکەی تەندروستی دەکەن، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەمان کرد مەرجیشیان تێدا هەیە لەوانەیەی ٦ کیلو متر دووره لەو شوێنەی کە بنکەی هەبێت ئایا ئەو بنکانە دروست ناکرێن لەبەر ئەوەیە کە توانای دارایی نییە یانیش کادیری تەندروستی نییە؟ حەز دەکەین بزانین .

٣ ـ میللەتی ئێمە تووشی گەلێک کارەسات و ناخۆشی بووە، بەڵکو چاودێری کۆمەڵایەتی لە هەولێر و دهۆک هەبێت تاک هەندێکی تر پێویستی پێ هەبێت نەخاسمە قەزای گەورەی وەکو سۆران و زاخۆ و ئاکرێ دەمەوێ بزانم کە وەزیری تەندروستی چ هەنگاوی لەو بارەیەوە هاوێشتووە لەگەڵ UN لەگەڵ رێکخراوە جیهانیەکان؟ سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەلال خۆشناو فەرموو

**بەرێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ پرسیارم لە وەزیری تەندروستی هەیە یەکەمیان بۆچی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکان لە کاتی پێوست ناکرێن و بەتایبەتی نەشتەرگەری سارد و سەرەکی دووری و درێژ بۆ نەخۆشەکان دادەندرێ و لە هەمان کاتدا زۆربەی زۆری دکتۆرەکان لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان لە کاتی دەوامی رەسمی نەشتەرگەری دەکەن و ئەگەر بتانەوێ بزانن ئەوە تۆمار هەیە لەو نەخۆشخانانە دەتوانن بزانن کێ نەشتەرگەری کردوە، دووەم پرسیار ئایە دەبێت بەرێوەبەری نەخۆشخانەیەکی حکومی بەرێوەبەرێکی نەخۆشخانەیەکی ئەهلی بێت؟ سێیەمین پرسیارم ئەو دەرمانانەی کە لەسەر حسابی بودجەی حکومەتی هەرێم دێت زۆربەی زۆری بەتایبەتی دەرمانە گرانەکان لەسەر پاکەتەکان شوێنی دروست کردنی ئەو دەرمانانەی لێ نەنووسراوە و جەنابی وەزیر خۆی گوتی کە هیچ تاقیگەیەکمان نییە تاکو فەحسی ئەو دەمانانەی پێ بکەین ، ئێمە ئەو پارە زۆرەی بەو دەرمانانە دەدەین پێویستە ئەو دەرمانانە لەو وڵاتانە بن کە دراوسێکانمان بەکاریان دێن یان ئەو دەرمانانە بێنین کە کۆمپانیا ناسراوەکان بەرهەمیان دێن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حسین فەرموو.

**بەرێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو دەمانانەی كە بۆ وەزارەتی تەندروستی دێت لەسەر بڕیاری ٩٨٦ لە ڕێگای عێراقەوە دێت، كاك جەلال خۆشناو و كاك د. ادریسیش دووپاتی تاقیگەی سەیتەرەی نەوعیان كردەوە، بە پێی ئەو زانیاریانەی كە من هەمە ئەو تاقیگەیە كولفەیەكی ئەوها زۆری نییە لە (٥٠) هەزار تا (١٠٠) هەزار دۆلاری پێویستە باشە نەدەكرا لەو ماوەی كابینەی سێ و چواردا بیر لەوە بكراباوە كە تاقیگەیەكی وا بكرێت؟ ئەگەر تەماشا بكەین دەرمانی بڕیاری ٩٨٦ هەر لە ڕێگای بەغداوە نایەت بگرە دەرمانێكی زۆر لە ڕێگای سوریاو توركیا وئێرانەوە داخیلی هەرێم دەبێت و، ئەوەی من بزانم هەندێكی زۆر لەو دەرمانانە هیچ مواسەفاتێكی تێدا نییە كەزانستی طوبی بێت كە ئەمڕۆ بە هەزارەها دۆلاری پێدەدرێت سەرف دەكرێت لە هەرێمدا، ئەوە پرسیاری یەكەم پرسیاری دووەمم ، بەپێی هەندێ زانیاری ئەو كۆگایانەی كە دەرمانی بڕیاری ٩٨٦ی لێ عەمبار دەكرێت چاودێریەكی باشی لەسەر نییە زۆر لەو دەرمانانە بۆ ناو بازار دزە دەكات لە بازاری ڕەش دەفرۆشرێت، لەوانەیە هەندێ لەو كارمەندانە لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ كراوە بەڵام ئەنجامی نییە، نازانم بۆ ؟ بۆ ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر بەو كەسانە نەكراوە كە لەسەریان ئیسپات بووە كە دەرمانیان دەركردوە لە كۆگاكاندا و كارمەندی وەزارەتی تەندروستیشن، سێیەم پرسیار سەبارەت بەو پرسیارەی كاك ابراهیم دۆغرەمەچی یە دیارە خۆی لێرە نەبوو بیكات، سەبارەت بە عیاداتی دكتۆرەكان تاكو ئیستا (٣٠) دینارە ئایە كاتی ئەوە نەهاتووە چاوێكی پێ بخشێندرێتەوە بە شێوەیەكی وا كە بەرژەوەندی گشتی لێك بدرێتەوە بە تایبەتی كەسانی كەم دەرامەت و هەژار، چاوێكی پێ بخشێندرێتەوە و نرخێكی گونجاو دابندرێ بۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

شێخ یەحیا بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالكریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر باسی ئەوەی كرد كە هەندێ ئیجرائات و چاودێری پێناكرێت لەگەڵ هەندێ كارمەند یان هەندێ كەس كە بە ئەركی خۆیان هەڵناستن، ئەوە شتێكی خراپە، زۆر پێویستە ئەو خەڵكانە ئیجرائاتیان بەرامبەر بكرێت، من ناڵێم بابەتی گرتن و بەند كردن بەڵام بەلایەنی كەم بدرێتە دادگا، با دادگا بڕیار بدات كە ئەو كەسە بە ئەركی خۆی هەڵناستێت، مەبەستم ئەوە نییە كە ڕێنیشاندەری وەزیر بم، بەڵام ئاشكرا كردنی ئەو پزیشكەی كە ١٨ پۆلی بە كولیجیشەوە كە ئەچی بۆ لای ئامێری تخطیطی داناوە لە تەنیشتیەوە دەڵێ ئامێری تەخطیطم نییە، پێش ماوەیەك لەگەڵ برادەرانی لیژنەی تەندروستی باسی ئەوەم كرد كە پێش چەند ڕۆژێ چوین بۆ نەخۆشخانەی فریاكەوتن گوتیان نە ئامێری زەختمان هەیە نە ئامێری تخطیط، لە تەحلیلی شەكرە زیاتر ناتوانین

چ بکەین، هەمووم نووسی دام بە لیژنەی تەندرستی کە دوو دکتۆر دەڵێن ئەمانە هیچیمان نییە ،لەگەڵ ئەوەدا گوێم لێ بوو کە جەنابی دکتۆر دەڵێ ئیجرائات ناکرێ یان ناتوانین، ئەوانە زەرووریە کە گەل بیان ناسێ، کۆلیژی پزیشکی تەواو کردەوە و کوڕی ئەو میللەتەیە بەڵام ئیهمال دەکات ناتوانێ تخطیطی نەخۆشێکی هاوولاتیەکەی خۆی بکات، لەبارەی تاقیگەکان شکاتێکی زۆر هەیە جەنابی وەزیر، نەخۆشێک دەچێت تەحلیلی خوێن دەکات لەبازار کۆلسترۆلەکەی ١٦٠ دەرچووە گووتویانە ئەوە هەڵەیە بچۆ بۆ نەخۆشخانە بیکە لەوێ ٣٦٠ دەرچووە هەر رووحی چووە بەپەلە رای کردۆتە بەغداد، ئەوەتە نەخۆشەکەش ماوە ئەوەی لە شەو و رۆژێکدا کردوە، ئینجا ئێمەیەک نەتوانین کە تەحلیلی کۆلسترۆلێک بکەین، لێپرسینەوەیەک بۆ ئەو تاقیگایانە نەبێت چاودێریەکیان لەسەر نەبێت کە دوو هەڵەی وایان کرد نەدرێنە دەزگایەک یان دادگایەک یان تاقیگەکەی دانەخرێت، ئەمە کارێکی خراپە لە کاتێکیشدا کە تاقیگەی نوعیمان نییە نازانین کە دەرمانەکانمان چۆنە، ئەو مەوادە کیمیاویانەی بۆ تەحلیل کردن دێن چۆنە. لەسەر عیادەی دکتۆرەکانیش تێبینیەکم هەیە، عیادەی هەندێ دکتۆر هەر بە عیادە ناچێت لەوە ناچێت کە دکتۆر لە ژورەوە بێت فەحسی نەخۆش بکات، یەعنی ئەوەندە پەرپوتە ئەوەندە خراپە بۆنەکەی ئەوەندە نامێنێ بتخنکێنێ، نازانم دکتۆر چۆن لە ژوورەوە دەحەوێتەوە، زۆر پێویستە جەنابی وەزیر و وەزارەت چاودێریەک لەسەر ئەو عیادانە دانێن و ئەگەر واش بوو ئەوە بە ئاشکرا دایخەن، تێبینیەکی تر زۆر لەسەر دەرمانخانەکان قسە کرا یەک دوو برادەر باسیان کرد حەز دەکەم چاودێریەک دابندرێ لەبەر ئەوەی هەمان دەرمانە لە هەر دەرمانخانەیەک بە نرخێک دەفرۆشرێ لەبازارەکەش جۆرێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مامند محمد بابکر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من کاک جەلال خۆشناو کردی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باش کردنی باری تەندروستی لە هەر وولاتێک دەبێتە هۆکارێک بۆ درێژ کردنی تەمەنی و زیاد کردنی بەرهەمی،ئەگەر تەماشا بکەین باری تەندروستی لە وولاتدا کارێکی باشی بۆ کراوە هەرچەندە ئەرکی وەزارەت و تەندروستیە و جێگای رێز و تەقدیرە من لێرە پرسیارێکم بۆ جەنابی

وەزیر هەیە، کە لێژنەییەکی پسپۆر پێکهێندراوە لە ساڵی ١٩٩٨ وە پەیوەست بووە بە کاروباری فەلەک، ئەو لیژنەیە تاکو ئێستا بەردەوامە لەسەر کاری خۆی، وەکو جەنابیان ئاگادارە کە لیژنە دەبێت لە ماوەی سێ یان شەش مانگ بگۆڕدرێت، ئایە بیرۆکەی ئەوە هەیە کە ئەو لیژنەیە بگۆڕیت ؟ بە لیژنەیەکی تازە و هی خوین گەرمتر بێنە ئەو بوارەوە. پرسیاری دووەمم، ئایا وەزارەت بیریان لەوە نەکردۆتەوە هەم لەلایەنی شارستانیەتەوەش باشە کە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چەکدارانی پێشمەرگە هەبێت، لێرە ئەگەر مرۆڤ بەناو ساڵ کەوێت و تەمەنی گەورە بێت یان توشی نەخۆشیەکی جوملە عەسەبی بێت گەلێک جاران ئیرادەی خۆی لە دەست دەدات و دەکەوێتە کۆڵان و شێت دەبێت دەبێتە ئەرک بەسەر خێزانەکەی، لێرە نەلە هەولێر و نە لە دهۆک و باوڕ ناکەم لە هیچ شوێنێکی ئەو کوردستانە شێتخانە هەبێت کە ئەو مرۆڤانە لەخۆ بگرێت و حکومەت خودانی ئەوانە بکات، ئایە وەزارەت بیری لەوە کردۆتەوە کە شێتخانەیەکی لەو جۆرە بکاتەوە تاکو ئەوانەی لەو کۆڵان و شەقامانە رزگار بکات، پێش ماوەیەک دوو سێ حالەتی لەو جۆرە هاتە پێش رەوانەی بەغدامان کردن لەوێش هەزار ویەک واسطەمان کرد تاکو قبولیان کردن،ئەگەر جەنابی وەزیر بیرۆکەیەکی بۆ چارەسەر کردنی ئەو شتە هەبێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز کاک د. رزگار کە دوا پرسیاری ئەندامان بوو پێشکەشی کرد، ئێستا ئەگەر جەنابی وەزیر بفەرمووێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە دەیەوێت وەڵامیان بداتەوە، چونکە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان حەقی هەیە کە ئەو پرسیارانەی کە نەیەوێت وەڵامیان بداتەوە یان دوای بخات دەتوانێت و مافی هەیە.

**بەرێز جمال عبدالحمید/ وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، سەبارەت بە پرسیاری یەکەم (کاک ابراهیم سەعید) ئەو دەرمانەی کە باست کرد دەرمانی(سایکلۆسپۆرینە) ناوە تیجاریەکەی (یاندمیون) ئەوە ئەوانەی بەکاری دێنن کە زەرعی گورچیلە دەکەن تاکو ئەو کارەیان رەفض نەبێتەوە واتا زەرعەکە. ئەو دەرمانە ئێمە لە توخمی دەرمانە کیمیاویەکانی دادەنێین، لە بنەرەتیدا یەک سەنتەری چارەسەری کیمیاوی لە کوردستان هەبوو ئەویش لە هەولێر بوو ، لەبەر ئەوە ئەو دەرمانە کیمیاویانە یان ئەو دەرمانانەی کە لە ضمنی دەرمانی کیمیاوین بۆ مەرکەزی هەولێر دێت، چونکە دەرمانێکی تایبەتمەندە، دەرمانێکە دەبێت بە رێک و پێکی جورعەکان بدرێت بەبێ کەم و زیاد زۆر کەمبێت سودی نییە و زیاد بێت زەرەری هەیە کاریگەری لاوەکی هەیە و دەبێت تەسەروب نەکات لەبەر ئەوەی دەرمانەکە زۆر گرانە زۆری بۆ ئیران دەروات، ئەو ئیجرائاتانەی کە جەنابت باست کردن لە ئەنجامی ئەوەیە کە لەیەک شوێن بێ چونکە لەوانەیە تەسەروب بکات خراپ بەکارهێنانی کەمترە لە دوو جێگا بێ سەبارەت

به سلێمانی لەبەر تایبەتی پەیوەندیمان لەگەڵیان بەشی ئەوان دەچێت، ئەگینا پێویستە هی کوردستان هەموو لە هەولێر بێت، سەرەرای ئەوە ئێمە دراسەتی دەکەین، ئەگەر بکرێت بەو شێوەیەی لە هەولێر کۆنترۆڵ کراوە لە دهۆکیش بکرێت دەتوانین بەشی دهۆکیش جیا بکەینەوە، نەخۆشەکانیش دیارن چەند نەخۆشێکن ژمارەیان دیارە کە زەرعی گورچیلەیان کردوە، ئەم دەرمانە هەر بۆ زەرعی گورچیلە نییە بۆ نەخۆشی تریش بەکار دێت. خانەی بەساڵاچوان ئەوە لە پلانی ئێمەدایە بەڵام بیناو کادیر گرفتی ئێمەیە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەین دابینی جێگایەک بکەین لەگەڵ کارمەند تاکو بتوانین خانەی بەساڵاچوان لە دهۆک بکەینەوە.

سەبارەت بە کاک جەوهر باسی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کرد کە دەڵێ جەختی زۆری لەسەرە، لەراستیدا ئێمە داوامان کرد کە نەخۆشخانەیەکی فریا کەوتنی تر لە هەولێر دروست بکرێت، واتا لەو هەشت نەخۆشخانەی کە باسم کرد سێی ناو شاری هەولێر یەکیان وەکو گوتم نەخۆشخانەی فریا کەوتنە هەر بۆ ئەوەی فشار لەسەر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر کەم بێتەوە. لایەنێکی تر هەولێر ئێستا زۆر گەورە بووە پێوست دەکات لە لایەکی تری هەولێر نەخۆشخانەیەکی تری لەم جۆرە هەبێت نەک لە یەک لا بێت ئێستا تەقریبەن نەخۆشخانەکان لە یەک لایان کۆبۆتەوە ، لەبەر ئەوە بریارمان داوە ئەگەر رەزامەندی بێت نەخۆشخانەیەکی تر دروست بکەین، نەخۆشخانەی ٤٠٠ سەریری لە سلێمانی لەراستیدا ئەوە موافەقاتی بۆ کراوە لە رێگای بریاری ٩٨٦ وا برانم ئیستغلالی ئەو خاڵەیان کردوە کە ئەو نەخۆشخانە گەورانەی کە بەناوی نەخۆشخانەی رزگاری لە هەموو پارێزگاکان کراوە لە سلێمانی نەکراوە، بۆیە لەسەر ئەو بنچینەیە بریارێکی تایبەت درا کەنەخۆشخانەیەکی ٤٠٠ سەریریان بۆ بکرێت و بەڵام تاکو ئێستا لە قۆناغی نەخشە و نەخشەسازین تاکو ئێستا هیچ نەکراوە، ئەو دوو ساڵە خەریکی فەحسی زەوی و نەخشە و شتی وان، عێراقیش کاریگەری لەسەر بە ئەنجام نەگەداندنی ئەو پرۆژەیە هەیە، ئێمەش داوای ٤٠٠ سەریریمان کرد بەڵام وەکو گوتم لە قۆناغەکانی پێشوو رەزامەندیان نەنواند کە ئەو نەخۆشخانەیە دروست بێت. بەڵام ئەوەندە زەختمان لێیان کرد گوتیان ئەگەر داوای نەخۆشخانەی گچکە بکەن لەوانەیە ئاسان تر بێت رەزامەندی باشتر بێ بۆیە ئێمە زەختمان خستۆتە سەریان، ئەگەر ئێمە نەخۆشخانەی تایبەت بکەینەوە وەکو فریاکەوتن یان هی کسور ئەوە زەختەکە لەسەر نەخۆشخانە گەورەکانی وەکو رزگاری و ئازادی کەم دەکەینەوە، ئەوەی مەلا ئۆمەر نەخۆشخانە نییە بنکەی تەندروستیە، جیاوازی هەیە لەنێوان بنکەی تەدروستی و نەخۆشخانە، بنکەی تەندروستی نەخۆشی تێدا نانوێت، و بنکە تەندروستیەکانیش دوو جۆرن، جۆرێ بنکەی تەندروستی فەرعیمان هەیە کە لەلایەن کارمەندانی تەندروستی بەرێوە دەچێت و بنکەی تەندروستی سەرەکیمان هەیە کە لەلایەن دکتۆرەوە بەرێوە دەچێت، ئەویش پەیوەستە بە ژمارەی دانیشتوان ، ئەو ناوچەیە خەڵکەکەی چەندە و چەند ئیعتمادی لەسەر دەکەن لە (٣)هەزار کەس تاکو(٥) هەزار کەس بە فەرعی حساب دەکرێت (٥) هەزار تاکو (١٠) هەزار بەسەرەوە بە سەرەکی

دەژمێردرێت و هەر دە هەزار کەسێکیش پزیشکێک بۆی زیاد دەکرێت لەبەر ئەوە نەخۆشخانە نییە، سەرەڕای ئەوەش ئێمە تەماشا دەکەین ئەگەر بارەکە پێویست بکات کە فراوان بکرێ یان ببێتە سەرەکی، و لەلایەکی تر ئیعتماد دەکاتە سەر ژمارەی ئەو پزیشکانەی کە هەمانە و دەیان نێرین بۆ پلەبەندی (التدرج) ئەگەر ژمارەیان کەم بێت ناتوانین تەغطیەی هەموو بنکە تەندروستیەکان بکەین.

سەبارەت بە کاک سەعید یعقوبی، بۆ نۆرینی HIV ئەوە جەنابیان گوتیان هەر لایەنی پزیشکی نییە ،زۆر لایەنی تێدایە، توانای تاقیگەیی ئێمە مەوادەکانمان نییە فەحسەکە بکەین تەنانەت ئەوانەی کە خوێنیان دەدەینێ، بەپێی زانستی ئەگەر خوێن دەدەیە نەخۆش دەبێت ئەو فەحسەی بۆ بکەی لەبەر ئەوەی دەگوازرێتەوە بۆی، ئەگەر ئێمە لە سنوری ئەو فەحسە بکەین ئەوە لایەنی زۆر تێدایە، بەس لایەنی وەزارەتی تەندروستی تێدا نییە، کابرا ئەگەر پۆزەتیف بوو نایەلی بێتە کوردستان چی لێ دەکەی؟ لەبەر ئەوە زۆر لایەنی تری تێدایە.

باسی دەرمانخانەکانت کرد کە دەڵێی دەرمانساز خۆی دانانیشێ، ئەوە یەکێ لە گرفتەکانی ئێمەیە کەباسم کرد یەکێ لە ئەرکەکانی ئێمەیە کە هاتینە ئەو بارەیەوە حالەتێکمان بینی تەقریبەن بۆتە سیستەمێک بارودۆخێک بەسەر کوردستاندا تێپەری کە بارێکی زۆر خراپ بوو باری ئابووری خراپ بوو جێبەجێ کردنی نزام و یاسا نەبوو مووچە نەبوو، بارێکی وا هاتبووە کایەوە بەراستی بواری وا نەبوو کە ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر ئەو خەڵکانە بکرێت بووە سیستەمێک رووی داوە وای لێهاتووە بۆتە نیزام، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو وەزارەت زۆر بیرمان لەوە کردەوە کە بابەتەکە بە بڕیار چارەسەر ناکرێت دەبێت مدروس بێت لەبەر ئەوەی کارەکە زۆر لایەنی تێدایە، جێبەجێ کردنەکەشی وەزارەتی ئێمە نییە، لای ئێمە روونە ئەو دەرمانخانەی مۆڵەتی پێدراوە لای ئێمە موجازە لەو بارەیەوە رێنمایی هەیە، دەرمانخانە دەبێت مۆڵەتی هەبێت، دەرمانساز دەبێت خۆی دەوام بکات، بەیانیانیش نابێت دەرمانخانەکەی بکاتەوە تەنها خانەنشین کراو و دەبێ خۆشی ئامادە بێت، بەڵام پابەند نەبوون بەو رێنماییانە یەکێ لە گرفتەکانی ئێمەیە لەگەڵ سەندیکای دەرمانسازان ئێمە هەوڵمان داوە و چەندین جار لەگەڵیان دانیشتووین و من خۆم شەخصیا چوومەتە دەرمانخانەکان یەکە بە یەکە و ئاگادارم کردونەتەوە،و دوایین جار ئێمە هەندێ ئیجرائاتمان کرد بەرامبەر شەش دەرمانخانەو و پێنج کۆگای دەرمان، بڕواتان بێت «٥» کۆگا لە هەولێردا هەبوو، هەر پێنجیان سەرپێچیان کردبوو، هەرپێنجیان سەرلە بەیانی کردبوویانەوە و هەر پێنجیشیان دەرمانساز لەوێ نەبوو، ئێمە هەر پێنجیمان داخست لەگەڵ «٦» دەرمانخانە، بەڵام هەزار فشار کراوەتە سەر وەزارەت بۆیان، بەڵام ئێمە هەر بەردەوام دەبین، سەبارەت بە دەرمانەکانی شێخەڵڵا، ئیستا هەندێ شت هەیە سەر بە ئێمەیە، بۆ نمونە دەرمانخانەیەک هەیە دەتوانین بچین سەردانی کەین و بی پشکێنین، تاوەکو بزانین ئیجازەی هەیە، یاخود نییەتی؟، بەڵام سەبارەت بە دەرمان فرۆشەکانی شێخەڵڵا ئەوە هەر خۆی دیارە شتێکی سەرپێچی کەرانەیە

و، رای ئێمەی ناوێت، پێویستە لایەنی تر کە لایەنی ڕاپەڕاندنە ئەو کارانە بنبڕ بکات، یەکێک لە شێخەڵڵا دانیشتووە و دەرمان دەفرۆشێت ئەوە رای وەزارەتی تەندروستی ناوێت، چونکە ئەوە سەرپێچی هەموو تەعلیماتێکە و، بەهیچ شێوەیەک پەسەند نییە لە شێخەڵڵا دەرمان بفرۆشرێت، لەبەر ئەوە لایەنی تر پەیوەستن بەو کارە وەکو لایەنەکانی ئاسایش و ناوخۆ ئەبێت ئەو دیاردانە بنبڕ بکەن لە بازاڕەکاندا و، ئێمە چەند جارێکیش نووسراومان کردووە سەبارەت بەم مەسەلەیە و، دوایین جاریش ئێمە نووسراوێکمان بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ نووسی، پشتگیرییەکی تەواوی ئێمەی کردووە لەو بارەوە و، بەتایبەتی لە داخستنی ئەو دەرمانخانەو کۆگایانە زۆر پشتگیری لێ کردین، هەرچەندە بەرگرییەکی زۆریان دەکرد و دەست تێوەردانێکی زۆریش هەبوو، بەڵام بە سەرکەوتووانە ئەنجام درا و، بە یاریدەی خوا ئەو دەرمانفرۆشانەی شێخەڵڵاش و لە کۆڵانەکان کە یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمە چارەسەری دەکەین، بەڵام ئەبێت زۆر لەسەر خۆ و بەئارامی مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، چونکە ئەوانیش سەندیکایان هەیە و سەندیکاکەیان پشتگیریان لێ دەکات، هەرچەندە ئەوان سەرپێچی یاسای سەندیکاکەی خۆیان دەکەن، چونکە یاسای خۆیان ڕێگایان پێ نادات کەوا عیادە بکەنەوە، ئەبێت ئەوان پێیانی داخەن نەوەک وەزارەتی تەندروستی، بەڵام ئێستا ئێمە تووشی بووینە، لەگەڵ ئەوەشدا سەندیکای خۆیان بەرگرییان لێ دەکەن، بەرگری لە شتی نایاسایی دەکات، دەیانەوێت بیانکات بە پزیشک و، ئیشی پزیشک و دەرمانساز و تاقیگەکان و برینپێچ و بازرگان و قاچاغچییش دەکەن، هەموو ئیشەکان بە کەیفی خۆیان دەکەن و دەبن بە سەرچاوەی ئەو دەرمانانەی کە لە دەرمانخانە و نەخۆشخانەکانەوە دەردەچێت و ئەویە کە ئێستا ئێوە باستان کرد، لە هەموو لایەکەوە شتێکی نایاساییە و زیان بەخشە، بەڵام ئێمە کاتێ هەنگاو دەنێین دەبێت سەرکەوتوو بین، چونکە ئەگەر هەنگاومان نا و سەرنەکەوتین نە کردنی باشترە، چونکە ئیشەکە ئیشێکی ئاسان نییە و، زۆرتان ئاگادارن، بۆیە ئێمە ئێستا بە بەردەوامی گفتوگۆمان هەیە لەگەڵ سەندیکاکان و لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگاکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی ئەوان خۆیان لە ڕێگای سەندیکاکانەوە دایانخەن و، نەگات بەو قۆناغەی کە بە پۆلیس و ئاسایش دایخەین. مام شەفیق باسی سوتانی کرد، لە ڕاستیدا منیش لەگەڵتاندام، من خۆم کاتێ دەچم بۆ فریاکەوتن ناچمە بەشی سووتان، چونکە زۆر زۆر نارازیم لێی، خۆی سووتان حاڵەتێکی زۆر خراپە و زۆربەیان دەمرن، بەتایبەتی کە ڕێژەی سووتانەکە بەرز بێت تووشی زۆر موزاعەفات دەبن، لە هەموو جیهانیشدا ڕێژەی مردنی بە سووتان زۆرە و، ئەوانەی کە لە نەخۆشخانە دەنوون ڕێژەی سووتاندنەکەیان زۆرە، بۆیە لە هەموو جێگایەک ڕێژەی مردنی سووتان بەرزە، بەڵام نارەزایی من لە بەشی سووتان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ ئەویە جێگاکەیان کۆنە و باش نییە و نۆژەن ناکرێت، بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین کەوا نەخۆشخانەیەکی تر بکەینەوە بۆ سووتان و، هەوڵمان داوە و ئەوەی کە پێمان کرابێت ئەوە بوو کە لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی بەشێک بۆ سووتان بکەنەوە، ئەوانیش ڕازی بوون لەسەر ئەوەی

تەنها منداڵان وەرگرن و، ئەمە دوو جارە من گفتوگۆم لەگەڵیاندا کردووە ودانیشتووم و فشارم خستە سەریان بۆ ئەوەی گەورەکانیش وەرگرن، دواین جار رازی بوون، بەڵام پێویستییان بە گەورە کردنەوەی رەدهەکە هەیە بۆ ئەوەی جێگایان بێتەوە، ئێمەش هەوڵ دەدەین کەوا رەدهەکەی نەخۆشخانەی فریاکەوتن نۆژەن بکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم بەرزی رێژەی مردن لە سووتاندا ناگەرێتەوە بۆ جێگاکە، بەڵکو خۆی سووتان رێژەی مردنی زۆرە، سەبارەت بە «الدفتر الصحی» خۆی شتێکی زۆر باشە و مەبەستی سەرەکیش لەو دەفتەرە ئەوەیە کە نەخۆشەکان تەنها سەردانی ئەو بنکە تەندروستییانە بکەن کە نزیکی ماڵەوەیانە و، لە جەدوەل بنووسرێت کە چ کاتێک سەردان بکات، کاتێ کە ئەم دەفتەرە دابەش کرا وتیان چۆن دابەشی کەین، بیریان کردەوە کەوا لەگەڵ بیتاقەی خۆراکدا دابەشیان کرد، کە دابەش کرا تێبینییەکیان دانا کەوا هەموو کەسێک دەتوانێ مانگی دوو جار سەردانی بنکە تەندروستییەکان بکات، بۆ ئەوەی رادەیەکییان بۆ دانرێت کە هەموو رۆژێک نەیەن، بەڵام کە دابەش کرا نەخۆشەکان هەموو رۆژێک دێن بۆ بنکە تەندروستیەکان و دەڵێن کوا بەشە دەرمانەکەمان؟، وا دەزانن چۆن لە ئەرزاقدا بەشیان هەیە هەموو مانگێک دوو جار بەشی بدەین، هەندێ جار نەخۆش دێن و دەڵێن: بەشە دەرمانەکەی مانگی پێشووم کوا؟، لەبەر ئەوە بووە گرفتێک بۆ ئێمە و رامانگرت بۆ دیراسەت کردنی باشتر، دابەش کردنی لەگەڵ بیتاقەی خۆراکدا ئەو ئینتیباعەی پێ دا کەوا ئەمە وەکو بەشی خۆراک لە بریاری «٩٨٦»دا بەشی دێت و، کاتێک کە نایدەین پێی قسەی سووکمان پێ دەڵێن و دەڵێن بەشە دەرمانەکەمانیان خوارد و، دەڵێن بەشە دەرمانەکەی مانگی پێشوم وەرنەگرتووە و مانگی دووجار دەبێت دەرمانم پێ بدەن، لەبەر ئەوە بووە گرفتێک، بەڵام ئێستا لە دیراسەت دایە بۆ ئەوەیە جارێکی تر بیگەرێننەوە، سەرەرای ئەوەش خەڵکی ئێمە پابەند نابێت، دانیشتووی جێگایەکە ئەگەر جارێک چوو بۆ ئەو بنکەتەندروستییەی کە نزیکی ماڵیانە، جاری دووەم دەچێتە بنکەیەکی تر، جا تۆ گفتوگۆی لەگەڵ بکەی و رازی بکەی و شەری لەگەڵ بکەی هەر بەرێیی بکەی باشترە، خەڵکی ئێمە پابەندی بەو جۆرە شتانەوە ناکەن، باسی ئەو قەرەباڵغیەی شارع ئەتیبا و کۆمەڵەی پزیشکان، ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی پزیشکەکان هەموویان لە جێگایەک کۆ بکرێنەوە و لەلایەن زۆربەی پزیشکەکانیشەوە شتێکی باش بوو و، زەویشمان لەلایەن شارەوانییەوە بۆ دابین کرد و لە سێ جێگا کۆمەڵگا دروست دەکەین، بەڵام پێویست دەکات کۆمپانیایەک دروستی بکات، چونکە بە موقاوەلاتی مەحەلی کۆمەڵگایەکی رێکوپێک و بەو مواسەفاتانەی کە ئێمە دەمانەوێت دروست ناکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو کارەمانە لەبەر چاوە و ئیشی بۆ دەکەین، وەزارەتی دارایییش ئاگاداری ئەو کارەن، ئەو دزەی کە باست کرد، یەکێک لەو خاڵانەی کە من باسم کرد ئەوە بوو کە وتم کارمەندمان هەیە بە دڵسۆزانە کار دەکات کەچی پاشان دەردەکەوێت دزی دەکات، یەکێک دەیان ساڵە بەرپرسی کۆگایە، هەموو ئەو ئامێرانە لە ئەستۆی ئەو بووە، کارمەندان و بەرێوبەرەکان هەموویان سیقەیەکی تەواویان داوە پێی، ئەویش ئەو

سیقەیەی ئیستغلال کرد و، کاتێ کە نەخۆشخانەی کۆماری لە ژێر نۆژەن کردنەوە بوو ئامێرەکانیان گواستەوە لە کۆگاکان دەرکرا بۆ کۆگاکانی دەرەوە، ئەوەی ئیستغلال کرد لەگەڵ ئەوەی کەوا پشتگیرییەکی هەیە لەلایەنێکەوە، خۆی بەوە دانا کە ترسی نییە، لەلایەن ئێمەوە ئیجرائاتی یاساییمان کرد و، دامان بە لێکۆڵینەوە، بەڵام وەکو باست کرد ئیجرائاتەکە دوا کەوت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو کەسە گیراوە و بەپێی یاسا رەفتاری لەگەڵدا کراوە، سەبارت بە «علاج طبیعی» راستی من تەفاسیل نازانم چییە، بەڵام من دەچم تەماشای دەکەم و ئەوەی بکرێت دەیکەم، سەبارەت بە زەهرا خان کە پێشنیاری کرد نەخۆشخانەی منداڵ بوون لە دهۆک، من ئاماژەم بۆی کرد کەوا لە بڕیاری «٩٨٦»دا داوامان کردووە کە لە فێسی «٨»دا نەخۆشخانەیەکی منداڵ بوون لە دهۆک بکرێت، هەروەها لە پلانیشماندا هەیە کەوا لە سۆرانیش نەخۆشخانەیەکی منداڵ بوون بکرێتەوە، پاشان کەوادری ئافرەت لەپلانماندایە کەوا زیادی کەین، چونکە ئەویش گرفتێکە، پزیشکی ئافرەت و خزمەتگوزاری منداڵ بوون لە قەزا و ناحیەکان زیاد کەین، نەک تەنها منداڵ بوون بەڵکو مەسەلەی نشتەگەری لە قەزا و ناحیەکاندا هەوڵ دەدەین باشتری کەین، ئەویش بە دابین کردنی کادر، ئێمەش کێشەمان لە کەمی کادرە، سەبارەت بە قسەکانی مامۆستا مەلا طلحە، کە سەبارەت بە دەرمانە، دەرمان گرفتێکی زۆر گەورەیە، دەرمانی ئێمە بەشێوەیەکی سەرەکی لە بڕیاری «٩٨٦»ە و، عێراق دەرمانەکان دێنێ و، عێراقیش هەوڵ دەدات کەمترین رێژەی دەرمان بە ئێمە بدات و، رێکخراوەکانی U.Nیش هەرچەندە هەوڵیان لەگەڵ دەدەین هیچ جۆرە ئامادەییەکیان نییە کە هاوکاریمان بکەن، ئەو کارەی ئێمە دەمانەوێ بیکەین لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بۆمانی بکەن، لەبەر ئەوە ئێمە بە بەردەوامی هەوڵ دەدەین و فشاریان دەخەینە سەر بۆ ئەوەی ئەو دەرمانانە دابین بکرێن، کە دابینیش نەبوون ئێمە ناتوانین هەموو دەرمانێک دابین بکەین، ئەبێت توانای حکومەتی خۆمان لەبەر چاو بگرین، بۆیە ئێمە تەنها دەرمانە گرنگەکان دەکڕین، لەو بنکەتەندروستیانەی کە مامۆستا طلحە باسی کرد راستە کەمە، بەڵام دەرمانیش بەشێوەیەکی زانستیانە وەکو باسم کرد بەکار ناهێنرێت، پزیشکەکانمان دەرمانەکان زوو تەواو دەکەن و سەرفی دەکەن، نەخۆشیش بە یەک دەرمان و دوو دەرمان رازی نابێت، راستی ئەوە کێشەی ئێمەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمانهێشتووە نەخۆش بێت بۆ نەخۆشخانە، یان نەخۆشێک پێویستی بە نەشتەگەری بەپەلە هەبێت و بۆی نەکرێت، نەمانهێشتووە پێویستی بە چارەسەرییەکی نەخۆشی دڵ هەبێت بۆی نەکرێت، وابزانم هەمووتان عینایە قلبیتان لە نەخۆشخانەی کۆماری بینیوە کەوا چۆن نۆژەن کراوە و مۆنیتەری مەرکەزی و مۆنیتەرەکانی تر و دەرمان و کادری بۆ تەرخان کراوە، ئێمە کە داوای شتی گرنگ بکەین لە حکومەت لە زۆری پێویستیمان داوای دەکەین، بەڵام داواکردنی کڕینی شت لە حکومەت زۆر زەحمەتە، بەڵام هەوڵ دەدەین هەموو دەرمانێکمان لەرێگای بڕیاری «٩٨٦»وە دابین بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەبێت کادر و نەخۆشەکانی ئێمەش دەرمان لە جێگای خۆی بەکار بێنن تاوەکو بەش بکات.

سەبارەت بە دەرمانخانەکان باسمان کرد ئەو دەرمانخانەی کە یاسایی نیین و لەلایەن ئێمەوە مولّەتی پێ نەدراوە، هەموو دەزگایەکی پەیوەندار دەتوانن دایانخەن، چونکە ئەوانە نایاساییین و دەبنە هۆی بلاّو بوونەوەی جۆرەها دەرمان کە لە بنەرەتەوە قەدەغەن، سەبارت بە رایەکەی مامۆستا مەلا محسن کە سەردانی مزگەوتەکان بکرێت، من لەگەڵیاندا قسە دەکەم و شتێکی زۆر رێکە و ئەمە ئیشی ئەوانە کە سەردانی هەموو ئەو دەزگایانە بکەن و، ئەگەر نەچوونە ئەوە من زانیاری تەواوم نییە، پێیان دەڵێم کەوا سەردانی ئەو جێگایانە بکەن لە بواری تەندروستیدا، ئەویش بە هەمئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقافدا، سەبارەت بەوەی کە پزیشکی پیاو لە نەخۆشخانەی منداڵ بووندا هەیە، لە رووی ئاینیەوە نازانم چۆنە، بەلاّم لە رووی زانستییەوە لەلای ئێمە پزیشکی پیاو ئەبێت ئیشی نەخۆشی ئافرەت بزانێ، چونکە ئەم پزیشکە پاش ماوەیەک دەنێردرێت بۆ قەزایەک، یا ناحیەیەک بەتەنها لەوێ ئیش دەکات، من خۆم لە قەزا دەوامم کردووە چەند جار ئافرەتم لە مردن رزگار کردووە، چونکە هەر من لەوێ بوومە و پزیشکی ئافرەتی لێ نەبووە، جا ئەگەر لە نەخۆشیی ئافرەت نەزانێ نازانم ئەگەر پزیشکە پیاوەکان لە زانینی ئەو جۆرە چارەسەرکردنانە هیچ نەزانێ نازانم جەنابت چۆنی دەنرخێنی؟!، ئێمە هەوڵ دەدین کەوا پزیشکی ئافرەت لەوێ هەبێت، بەلاّم بە یاسایش پێویستە پزیشکی پیاو زانستی لەو جۆرە نەخۆشیانە هەبێت، بۆ سوود وەرگرتن بۆ خەڵک، کاک عبدالخالق باسی بازاڕی رەشی کرد، وەکو وتم بازاری کوردستان کراوەتەوە، بازار و سنوور و دەرگاکان پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستییەوە نییە، لایەنی تر بەرپرسە، پێویستە کۆنترۆڵی هاتنی دەرمان بکرێت، کە دێت، یا دەردەچێت پێویستە بە ئاگاداری ئێمە بێت، سەبارەت بە قاچاغچی و بازاری رەشەوە هەرگیز لەلای ئێمە پەسەند نییە و نایاساییین، بەلاّم لایەنی تر دەبێت قەدەغەی کات جا چ لە هاتنی و چ لە گرتنی لە ناو شاردا، سەبارەت بە ماددە بێ هۆشکەرەکانیش «مخدرات» هەڵبەتە کە دەرگا کرابێتەوە ئەویش دێتە ناو کوردستان، سەبارت بە کۆگاکانی دەرمانەوە وەکو من ئاگادرام رێکوپێکن، بەلاّم ئەگەر هەر خەلەلێکیش هەیە ئێمە ئاگاداری نین، حەز دەکەم بە تەواوی مەعلوماتم بدەنێ تاوەکو ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکەین، چونکە ئێمە بایەخێکی باشمان داوە بە کۆگاکان و کۆگای باشیشمان هەیە لە هەولێر، بایەخدان بە نەخۆشخانەکان، وەکو وتم بایەخێکی باشمان داوە بە نەخۆشخانەکان و شتی زۆر کراوە و شتی زۆریش هەیە ئەبێت بکرێت، بەلاّم وەکو جەنابت باست کرد کە جارێک چوویت و ئاو و کارەبا نەبووە، دیارە حەڵەتێکی بەدەر بووە ئەو کاتە، وەکو خۆشتان دەزانن زۆر جار کارەبای رەئیسی بە نەخۆشخانەکان نادرێت و، پشتیان بە مۆلیدە دەبەستن، مۆلیدەش پێویستی بە سووتەمەنی هەیە و، ئاویش دوو بیری نەخۆشخانەی رزگاری وشک بوو، لەوانەیە شتێکی بەدەر و کاتی بووبێت، بایەخدان بە کاروباری کۆمەلاّیەتی، لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بایەخێکی زۆر بە لایەنی کۆمەلاّیەتی دراوە و، لایەنی کار من زۆر لە یاسای کار ئاگاداریم نییە، بەلاّم ئەوەی کە بزانم کارەکانیان ئەنجام دراوە و هەڵبژاردنی کرێکارانیش پەیوەندی بە وەزارەتی ئێمەوە نییە،

سەبارەت بە خێزانی شەهیدان، ئێمە بنکەیەکی تەندروستی ئێوارانی تایبەتیمان داناوە بۆ خێزانی شەهیدان، عەسران دەوامی لێ دەکرێت و پزیشکی لێیە لە هەموو پسپۆرییەکانەوە، بەبەردەوامی ئێمە لە خزمەتی ئەواندایین و، هەر شتێکیش پەیوەندی بە وەزارەتی ئێمەوە هەبێت دریغی ناکەین، سەبارەت بە قسەکانی بەڕێز کاک د.لطیف، نازانین خەزنی دەرمان لە کوێ کێشەی هەیە، ئەگەر بەتەواوی جێگاکەمان بۆ دەسنیشان بکات، پاشان من موتابعەی دەکەم، چاکسازی ئەڵێت کەموکورتی هەیە، ئەکید کەموکورتی ئەبێت، ئەویش سەبارت بە بینایەکە، چونکە بەش ناکات، ئەوەی کە بەڕێزت باست کرد ئێمە دیاریمان کردووە، بەڵام چارەسەر کردنەکەی پێویستی بە بینایەیە و پێویستی بە فراوانکردن و نۆژەن کردنەوە هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو شتە گرنگانە دابین کراوە، وەکو وتم راپۆرتی خاچی سوور کە خاچی سوور هیچ موجامەلە لەو شتانە ناکات و پسپۆڕی ئەوانە و، دەزانن مولاحەزەی چی دەکەن، هەتاوەکو ئێستا چەند جارێک کە هاتوونە گلەییان هەبوو، بەڵام راپۆرتەکانی ئەم دوایەیان زۆر بە پۆزێتیڤانە ئەو جێگانەیان هەڵسەنگاندوو و، ئەگەر حەزیش دەکەن راپۆتەکانیان بۆتان رەوانە دەکەین، سەبارەت بە هێڵەک بە پەنجەرەکانەوە، هیچ گرفت نییە چارەسەری دەکەین، سەبارەت بە کارەباشەوە ئێمە هەوڵێکی زۆرمان دا، بەڵام بڕینی کارەبای رەئیسی بڕیارێکی گشتییە، هەرچەندە هەوڵیشمان دا، نەدرایەوە بۆیە ئێمەش مەولیدەمان بۆیان دابین کردووە، حەزیش دەکەین ئێوەش هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی کارەبای رەئیسییان بۆ بگەڕێنینەوە، سەبارەت بە لیژنەی پزیشکی، راستە ئەو لیژنەیە مۆڵەت بە مامۆستایان دەدات، بەڵام من بە وەزیری پەروەردەشم گوتووە، وەزارەتی پەروەردە خۆیان بە مامۆستاکان دەڵێن مۆڵەت نییە، بەڵام دەتوانی راپۆرتێکی پزیشکی بێنی تاوەکو مۆڵەتت بدەینێ، یان گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر نییە، بەڵام دەتوانی راپۆرتێکی پزشکی بێنی، بەشی وانە وتنەوە کەم ناکرێتەوە، بەڵام دەتوانی راپۆرتێکی پزشکیمان بۆ بێنی، فشارێکیان خستوەتە سەر ئێمە و خۆشیان عیادەیان دەدەنێ و پاشانیش گلەیی لە ئێمە دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من خۆم بەدواداچوونم کردووە و، لیژنەی قوتابخانەکانم بانگ کردووە و چەندین راپۆرتم راگرتووە و، لەگەڵ ئەوەشدا لیژنەیەکی ئیستیئنافیمان لە هەولێر و دهۆک داناوە، بۆ ئەوەی هەر مۆڵەتێک، یا بڕیارێک لە لیژنەوە دەردەچێ، ئەگەر ئەو بەڕێوەبەرە، یا ئەو فەرمانگەیە بە پەسەندی نازانێ دەتوانێ ئیستئنافی بکاتەوە و، بڕیاری لیژنەی ئیستئنافی لەلای منەوە پەسەند دەکرێت، ئەو کاتە هەر کەموکورتیەک هەبێت ئەو هەڵدەسەنگێنرێت و پاشان بڕیاری کۆتای بۆدەردەکەین، لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵمان داوە و، ئەوە گرفتێکە ئەبێت بە هەموو لایەکمانەوە هەوڵی نەمانی بدەین، نەوەک تۆ رێگاکەی پێ پیشان دەدەی و عیادەشی دەدەیتێ و رەوانەی لیژنەی دەکەی و، پاشان قسە بە لیژنە دەکەی، لیژنەش پزیشکەکانی هەموویان خەڵکی ئێرەن و برا و برادەری ئێمەن کە سەدان کاریگەرییان لەسەر دەکرێت، سەبارەت بە قسەکانی د.إدریس کەوا خۆی ڤاکسین «لقاح»ی ئەنفلوەنزە هەیە، بەڵام لێرە وەکو باسم کرد ئێمە گرفتی دەرمانمان هەیە، کە ئێستا گرنگ ترین ڤاکسینمان نییە، بۆ نمونە «سیل، پولیۆم و بی سی جی و

ئفلیجی منداڵان » ئێمە دەترسین سبەی ئەم نەخۆشیە ترسناکانە بڵاو ببنەوە، هەرچەندە ئێمە فشاریش دەخەینە سەر یونیسێف و WHO، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچیان نەکردووە، هەرچەندە ئەوان هەموو جارێک بە ئێمە دەڵێن کە ئەو بڕیارە بڕیارێکی مرۆییە و، دابین کردنی ڤاکسین وابزانم بچوکترین مافی منداڵە کە بۆی دابین بکرێت و، تاوەکو ئێستا هیچ ڕێکخراوێک ئەو ڤاکسینەی بۆمان دابین نەکردووە و بەڵێنیشیان داوە کە لە ساڵی ۲۰۰۲ کێشەی ڤاکسین چارەسەر بکەن، شتێکی ئاساییە نەبوونی ڤاکسین دەبێتە هۆی بڵاو بوونەوەی ئەو جۆرە نەخۆشیانە و، ڤاکسینیش ئەوە نییە بڵێین مانگێک، یا دوو مانگ دواکەوێت، نەخێر، ڤاکسین بەپێی تەمەن دەدرێت، ئەگەر ئەو مانگە نەبوو واتە ئەو گروپە بێ بەش دەبن، د.إدريس باسی نەخوشخانەیەکی منداڵ بوونی کرد لە هەولێر؟، نەخێر نەخۆشخانەی وا لە هەولێردا نییە، ئەوە نەخۆشخانەی هیوایە کە سەر بە ڕێکخراوی هیوایە و، تایبەتە بەو ڕێکخراوە و هی منداڵ بوونە و هەندێ نەشتەگەریشی تیادا دەکرێت، نەخۆشخانەیەکی تایبەتییە، بەڵام ئەوان بەڵێنیان داوە کە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئێمە کار بکەن و، ئێمە مۆڵەتیان پێ نادەین تاوەکو ئەو ڕێنمایانەی ئێمە جێبەجێ نەکەن لە دابین کردنی بەڕێوەبەر و کارمەند ئەو کاتە مۆڵەتیان پێ دەدەین و، بەڵێنیشیان داوە کەوا تاقیکردنەوەکانیان هەرزانتر بێت لە تاقیکردنەوەکانی ئێمە وەکو وەزارەت، ئێمە پشتگیری لە نەخۆشخانەی تایبەتی دەکەین، هەرچەندە دەزگاکانی ئێمە مونافەسەی نەخۆشخانە تایبەتییەکان دەکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیریی لە نەخۆشخانەی تایبەتی دەکەین، ئەگەر نەخۆشخانەیەکی ڕێکوپێک بێت و نرخیشی گونجاو بێت، شتێکی زۆر ئاساییە و هاوکاری ئێمەش دەکات، هەندێ کەس توانای ماددی باشە دەتوانێ بچێتە نەخۆشخانەی تایبەت، لەبەر ئەوە ئێمە پشتگیری دەکەین، سەبارەت بە پشکنینی دەرمانەکانی«۹۸٦» ، لەبەغدا تاقیگەی سەیتەرەی نەوعی بۆ WHO ئەو دەرمانانە دەپشکنێ، هیچ دەرمانێک نایەتە کوردستان ئەگەر لە تاقیگەی سەیتەرەی نەوعییەوە دەرنەچێ، بەڵام مەبەستی ئێمە کە دەڵێین ناپشکنرێت ئەو دەرمانانە دەگرێتەوە کە لە سنوورەکانەوە دێنە ناو کوردستان، ئێمە لە هەموو فێستێکدا داوامان لە WHO کردووە کە تاقیگەیەکی سەیتەرەی نەوعی لە کوردستان دامەزرێنێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ڕازی نابن، چونکە بە ڕێگای عێراقەوە دێت، عێراقیش بە هیچ شێوەیەک ڕازین نابێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لە هەموو وڵاتێکدا دەبێت یەک تاقیگە هەبێت، چونکە وەکو شتێکی «السيادة» وایە، وەکو چۆن مەسەلەی کارەبا عێراق ڕازی نابێت وێستگەکان چاک کرێنەوە ئەم تاقیگەیەش بەهەمان شێوەیە، ئێمە خۆشمان وەکو حکومەتی هەرێم ئەو نرخەی کە هەیەتی زۆر گرانە و، پێداویستی و کارمەندی باشی دەوێت، ئێمە ئیشی بۆ دەکەین و، هەندێ هەنگاویشمان بۆی ناوە، سەبارەت بە نەخۆشخانەی فریاکەوتن وەکو باسم کرد داوامان کردووە نەخۆشخانەی ترمان بۆ دروست بکرێت، سەبارەت بە ئۆتۆمبیلی ئیسعافیش تاوەکو ئێستا بە پێی بڕیاری «۹۸٦» «۳٦»ئۆتۆمبیلمان بۆ دابین کراوە،

ئۆتۆمبیلەکانیش هەر وەکو دەرمان لە ڕێگای عێراقەوە بۆمان دێت، بە ڕێگای بڕیاری «٩٨٦» و بە پارەی خۆمان چەند داوا دەکەین کەوا ئۆتۆمبیلی ئیسعافی ترمان بۆ بێنن نایهێنن، عێراق دەیهێنێ و وەکو پارێزگاکانی تری عێراق بەشی ئێمەش دەدەن، هەندێکمان بۆ هات رووسی بوون زۆر بێ کەڵک بوون، ئەویش یەکێکە لە کێشەکانمان کەوا عێراق دەرمان و ئۆتۆمبیلمان بۆ دەسنیشان دەکات، هەمووشی سەرچاوەی یا رووسیە، یا وڵاتە عارەبییەکانە، دەرمان و پێداویستی لە وڵاتە ئەوروپی و پێشکەوتووەکانەوە ناهێنن، ئەویش لەسەر بنەمایەکی سیاسی و بنەمای تر عێراق هەڵی دەبژێرێ و، بە گوێرەی «مذکرە التفاهم» عێراق مافی خۆیەتی دەسنیشانی سەرچاوەی دەرمان و ئامێرەکان بکات، بۆیە ئیسعافەکان رووسی بوون، «٨» بۆ ئێرە و «٦» بۆ دهۆک هیچ سوودێکمان لێی وەرنەگرت، دابین کردنی ئۆتۆمبیلێکی ئیسعاف بۆ هەر بنکەیەکی تەندروستی شتێکی ئاسان نییە، بەڵام ئینشاالله لە پاشە رۆژدا هەوڵ دەدەین ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلانە زیاد بکەین، تاقیکردنەوە و پشکنینی ئاو لیژنەی تایبەتیمان هەیە و تاقیگەی مەرکەزیمان هەیە بۆ پشکنینی ئاو لە سەرچاوەکانەوە، تاقیکردنەوەی بەکتریۆلۆجی و کیمیاوی و کلۆریش دەکرێت، کاک زاهیر باسی «جملە العصبی »کرد، وەکو باسم کرد ئێمە داوامان کردووە، حەز دەکەم ئەوەش روون کەمەوە کەوا فەحسی چارەسەرکردنی دەروونی لەگەڵ عەسەبی جیاوازە، چارەسەرکردنی دەروونیمان هەیە، ، بەڵام «عصبی»واتا شێت خانە، نەخۆشێک ببرێتە نەخۆشخانەی «عصبی» واتە براوەتە شێت خانە، لە عێراقدا تەنها یەک شێت خانە هەبووە و هەیە کە ئەویش لە «شماعیە»یە، هەموو نەخۆشی عێراق چووەتە ئەوێ، هەتا لە هەولێریشەوە، بەڵام پاش ئەم بارودۆخەی ئێستا زۆر زەحمەتە نەخۆشی ئێمە ببرێت بۆ شماعیە، لەبەر ئەوە ئێمە بیرمان لێ کردووەتەوە بۆ ئەوەی نەخۆشخانەیەک بکەینەوە، بەڵام شێت خانە نەخۆشخانەیەکی تایبەتە و بینایەیەکی تایبەتی دەوێت ، ئامێر و کادری تایبەتی دەوێت، بە ڕێگای بڕیاری «٩٨٦» نەبێت جێبەجێ ناکرێت، لێرەدا پێویستە کەسوکاری ئەو شێتانە هاوکاری ئێمە بکەن و ئاگاداری شێتەکانیان بن، لە بەندیخانەی مەحەتە بنکەیەکیان کردووەتەوە، هەرچەندە ئەوە شێتخانە نییە، وەزارەتی ناوخۆ دروستیان کردووە، بەڵام ئێمە وەکو وەزارەت ناچار بووینە ئەوەی کە پێمان بکرێت لەلایەن تەندروستییەوە بۆیان دابین کەین، «معاون طبی»یەکمان داناوە و پزیشکیش هەموو رۆژێک سەردانیان دەکات و، ئامێرمان بۆیان تەرخان کردووە، هەرچەندە ئەم شتانەشمان کردووە، بەڵام جێگای شێتخانە ناگرێتەوە، سەبارەت بە بنەسڵاوە، پێم سەیرە کە دەڵێن تەنها یەک پزیشکی هەیە، هەمیشە چوار پێنج پزیشکیان هەیە، ئەگەر یەک پزیشک بێت واتا کەموکورتیان هەیە، سەبارەت بە ئامێری ددانەوە، ئێمە وەکو هەمووتان دەزانن پزیشکی ددانمان کەمە، چونکە لە ساڵی نەوەتەکانەوە قوتابی ئێمە ناچێتە کۆلێژەکانی بەغدا و موسل، کۆلێژی پزیشکی ددانیش تەنها لە بەغدا وموصل هەبوو، واتە کارمەندمان تەنها ئەو پزیشکانە دەگرێتەوە کە پێشتر دەرچووی کۆلێژی بەغدا و موسل بوونە، بەڵام ئامێری پزیشکیمان داوا کرد،

چونکە ئێمە حیسابی ئەوەمان کرد کەوا ئێمە کۆلێژی پزیشکی ددانمان هەیە لە هەولێر وپاش ئەو چەند ساڵە قوتابییانی دەردەچن بۆیە ئامێری ددانمان داوا کرد و، WHO و ڕێکخراوەکان ئەگەر ئامێرێکت داوا کرد ئەبێت وەری گری، چونکە ئەگەر وەرت نەگرت مانای وایە تۆ پێویستیت پێی نییە، لەبەر ئەوە ئێمە وەرمان گرتووە، چونکە زانیمان پزیشکمان لە کۆلێژی ددانی هەولێر تەواو دەکەن و دادەمەزرێن و، تەواویان کرد، بەڵام یەک ساڵ مەشقیان هەیە، ئێستا خولی یەکەم چوونەتە (قری وأریاف)، ئێستا ئەگەر بچیتە بنەسڵاوە ئەو ئامێرەی کە جەنابت باست کرد دەبینیت پزیشکی لەسەرە، کە ئەویش لە مانگی «١٠» ڕۆیشتووەتە ئەوێ، کاک حمید میران باسی نەخۆشخانەی عەسەبی باسمان کرد، سەبارەت بە قسەکانی کاک سفر، «مجمع طب الاسنان» خزمەتێکی باش دەکەن، لەوانەیە جەنابت جارێک چووبێتی دەرمانیان نەبووبێ و لەوێ نەبووبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسیار دەکەم، سەبارەت بە تاقیگەکان، کێشەی سەرکی ئێمە لە تاقیگەکاندا دەرمانە، ئەو دەرمانانەی کە لە بڕیاری «٩٨٦»دا دەدرێت، یەک ماددەی تاقیگەی تیادا نییە و نایدەن، لەبەر ئەوە بڕیاری «٩٨٦» دەرمانی تاقیگا نادات بە عێراق لەبەر ئەوە دەرمانی تاقیگەکان بە دوو جۆر بەکار دەهێنرێت «أستعمال المزدوج»، جا بۆیە لە لیژنەی موقاتەعەی «٦٦١» ڕاگیراوە، ئێمە ناچارین دەرمانی تاقیگە بکڕین، لەو حاڵەتەشدا ماددە هەرە گرنگەکان دەکڕین و، سەرچاوەی ئەو ماددانەش نادیارە لەلای ئێمە، بۆیە لەوانیە کەموکورتی هەبێت لە پشکنینەکانی تاقیگەکان، سەبارەت بە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، ئەوە کاتییە چونکە لە نەخۆشخانەی رزگارین پزیشکەکان ئێستا دەچن لەوێ ئیش دەکەن، چونکە نەخۆشخانەی کۆماری ئیش ناکات و لە نۆژەن کردنەوەدایە، کە نەخۆشخانەی کۆماری کرایەوە ئەو کاتە ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت کە ئێواران پزیشکی لێ نییە، ئەو ستیسکانەی کە کاک شێخ عفان باسی کرد زۆر کۆنن، چاکردنەوەی لە کڕینی ئامێرێکی تازە زۆرترە، خۆت باش دەزانی کە ئەم ئامێرانە زۆر بە خێرایی پێشدەکەون، ئێستا ئێمە لە هەندێ فێسدا داوای ئامێری ستیسکانمان کردووە و پێش ئەوەی بگاتە دەستمان پەشیمان دەبینەوە، چونکە تاوەکو دەگاتە دەستمان جۆری تازە تر دەردەچێت لە هەمان کۆمپانیا کە زۆر پێشکەوتووترە، وامان لێ دێ پەشیمان دەبینەوە لە ئەوەی داوامان کردووە، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی کاتی ئەگەر یەکێکی تازە بکڕین باشترە لەوەی کە ئەو ئامێرانە چاک بکەینەوە، بیریشمان کردووەتەوە کەوا ئەو ئامێرە بفرۆشین، ئەو «٣٠٠٠»هەزار دینارە من هیچ جۆرە زانیارییەکم دەربارەی نییە، ئەگەریش وابێت ئەوە شتێکی نایاساییە، بەهیچ جۆرێک دەرمانخانەکان پارە نادەنە نەخۆشخانە و فەرمانگەی تەندروستی، سەبارەت بە قسەکانی کاک رجب شعبان نەخۆشخانەی ئاگرێ یەکەمین نەخۆشخانەیە لەو «٨» نەخۆشخانەیەی کە باسمان کرد، ئەولەویەت یەکەم بە نەخۆشخانەی ئاگرێ دراوە و دیزاین و نەخشەی تەواو بووە، بەڵام هەندێ ئیجرائاتی تری ماوە، کەی دەکرێت؟ ئەوەیان ناتوانم من دیاری بکەم، چونکە وەکو وتم بەستراوەتەوە بە ڕێکخراوی WHO و بە بڕیاری «٩٨٦»، ئەو

نەخۆشخانە کۆنەی ماوە راستە زۆر کۆنە، بەڵام ئێمە دوو دڵین لە نۆژەن کردنەوەی، چونکە دەڵێین ئەگەر لەم زووانە نەخۆشخانەی تازە دروست دەکرێت بۆ ئێمە ئەو هەموو خەرجییەی لەسەر بکەین، بەڵام هەندێ شتی گرنگ ئەو نەخۆشخانە نۆژەن دەکەینەوە تاوەکو بتوانێ ئیشی خۆی ببات بە رێوە تاوەکو نەخۆشخانەی تازە دروست دەکرێت، باسی بنکەی تەندروستیت کرد، بنکەی تەندروستی بە پێی داواکاری دەبێت و بەپێی ژمارەی دانیشتوان دەبێت جا بزانین پێویستی بە بنکەی تەندروستی ئەبێت ئەوە بۆی دەکەینەوە، سەبارەت بە کردنەوەی چاودێری کۆمەڵایەتی لە قەزا و ناحیەکاندا، بیرمان لەوە کردووەتەوە کەوا چاودێری کۆمەڵایەتی لە سۆران و ئاکرێ و زاخۆ بکەینەوە، کاک جەلال خۆشناو باسی هەندێ شتی کرد وەکو مەوعدی نەشتەگەری زۆر دوورودرێژە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باسمان کرد، قەرەباڵغییەکی زۆر لەسەر نەخۆشخانەکانمان هەیە و نەشتەگەری زۆرە و، هەندێ پزیشکیش بەراستی دەیکاتە جۆرە پروپاگەندەیەک بۆ خۆی، نەخۆش دێت و پێی دەڵێ نەشتەگەرییەکەت ساڵی ٢٠٠٦ە، شتی وا نییە، نەخۆش نییە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٦ چاوەڕوان بکات، ئێمە چەند جارێک لەگەڵیاندا قسەمان کردووە و بانگیش کراون و موحاسەبەش کران، بەراستی ئەمەش گرفتێکە، ئەویش بە زیاد کردنی نەخۆشخانە و بەزیاد کردنی قاوشی نەشتەگەری و بە دابین کردنی ماددەکانی نەشتەگەری پێویستە ئەو کێشەیە کەم بێتەوە و، هەندێ پزیشکیش هەن بەپێی رێنماییەکان بۆیان هەیە بچنە نەخۆشخانە تایبەتییەکان ئیش بکەن، بەڵام کاتی دەوام بەهیچ شێوەیەک نابێت، بەڵکو ئەوە سەرپێچییە و، هەندێکیش هەن کە وایان کردووە و سەرپێچییان کردووە، بانگ کراون و موحاسەبەش کران ، ئیجرائاتی ئێمە یەکەم جار بانگ کردنە ، بانگ کردنیش سەبارەت بە پزیشکەوە ئەبێت زۆر بگرێتەوە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی حکومی لەگەڵ نەخۆشخانەی تایبەتی نابێت، ئەوەش سەرپێچییە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی تایبەتی ئەبێت پزیشکێکی خانەنشین بێت، نابێت نەک تەنها بەڕێوەبەر بێت ، بەڵکو لە هیچ فەرمانگەیەکیشدا کار بکات، ئەبێت خانەنشین بێت، بەڵام جێبەجێ نەکراوە، سەبارەت بە دیاری کردنی نرخی عیادە کە «٣٠»دینارە، ئەوە ئیشی وەزارەتی تەندروستی نییە، بەڵکو ئەوە ئیشی سەندیکای پزیشکانە و، زۆر کەم هەیە کەوا «٣٠» دینار وەردەگرن، بەڵکو زۆربەی پزیشکان «٢٥»دینار وەردەگرن، تەنها ئیستشارییەکان «٣٠»دینار وەردەگرن، ئێستیشاریش مەرجێکی زۆری هەیە، وڵامی سەندیکای پزیشکان و منیش پشتگیریان لێ دەکەم کەوا «٢٥»دینار بۆ فەحسی پزیشکێک زۆر نییە، ئەگەر بەراوردی کەین لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرمان، بۆ ئەوانەی کە چوونەتە دەرەوە زۆر بە باشی دەتوان ئەو بەراوردە بکەن، لێرە گرنگ ئەوەیە کە پزیشکەکە راست گۆ بێت لەگەڵ نەخۆشدا و، فەحسی تەواو بێت و، ئەو فەحسەی پێویست نەکات بۆی نەکات و، ئەو ئەشیعەیەی پێویستی پێ نەبێت بۆی نەکات و، چارەسەری رێکوپێکی بۆ دابنێت، ئەوە گرنگە، چونکە پزیشک ئەتوانێ «١٠»دیناری لێ وەرگرێت، بەڵام سەد شتی تری پێ بکات لە فەحس و ئیجرائاتی تر، ئەوە رای

ئێمەیە، هەرچەندە دەتوانرێت گفتوگۆشی لەسەر بکرێت لەگەڵ سەندیکای پزیشکاندا، سەبارت بە قسەکانی کاک شێخ یحیی ئێمە ئیجرائاتمان کردووە بەرامبەر بە پزیشکەکان و، ئێمە نەمانوتووە کە ئیجرائات بابەتەکە چارەسەر ناکات، چونکە مەسەلەکە مەسەلەیەکی پەروەردەییە و، خەلەلێکی تیادایە، چونکە زۆر زەحمەتە تۆ موراقەبە لەسەر یەکێک دانێیت، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە خۆی بە دڵسۆزیەوە هەموو ئیشەکە بکات، ئەو کاتە ئیشی ئێمە زۆر ئاسانتر دەبێت و، خەڵکیش رازی دەبێت و ئیجرائاتیش دەکەین، بەڵام ئیجرائات بە تەنها هەموو گرفتەکان چارەسەر ناکات و هەموو ئیجرائاتێک ئەبێت دیراسەت کرابێت بەپێی واقع و ئەو زروفەی کە ئێمە تیایداین، چونکە ئێمە پێویستیمان بە پزیشکە، پێویستیمان بە جەراحە، نامانەوێت ئەوانە کوردستان بەجێ بهێڵن و، هانی پزیشکەکانی دەرەوەش دەدەین بۆ ئەوەی بێنەوە و، ئیجراائاتەکەش ئەبێت مەدروس بێت بە گوێرەی ئەو سەرپێچییەی کە کراوە، ئەوی کە وتوویەتی ئامێری «تخطيط» و فەحسم نییە لە فریاکەوتن، هەرگیز راستی نەکردووە، بەڵکو ئەوە کەمتەرخەمییە، بەهیچ شێوەیەک مەعقول نییە ئێمە ئامێری «تخطيط»مان لەو شوێنانە نەبێت، سەبارەت بەوەی کە عیادەکان هیچ مەرجێکی تیادا نییە، ئەوە ئیشی سەندیکایە، بەڵام وەزارەت لەگەڵ سەندیکادا دەستمان پێ کردووە، ئەگەر تەماشا بکەن لە شارع ئەتیبا قتعەی پزیشکەکان گۆرانکاری لێ کراوە و بە یاری خوا باشتریشی دەکەین، بەڵام کێشەیان ئەوەیە کە لە شارع ئەتیبا باڵەخانەی رێکوپێک نییە و، ئەو کۆمەڵگای پزیشکانەی کە باسمان کردن ئەوە چارەسەرییەکی تەواو دەبێت، چاودێری دارمانخانەکانیش بەهەمان شێوە دەکرێت، سەبارەت بە لیژنەی «فلك»، ئەوە لیژنەیەکی تایبەتە لە نێوان «فلك» و هەندێ پزیشکدا، بە راستی من وەکو وەزارەت ئاگادار نیم و، هەڵبەتە هیچ لیژنەیەکە نییە بەردەوام بێت، بەڵکو پێویستی بە گۆرانکاری هەیە، بەڵام ئەوان کە خۆیان رازین لێیان و لیژنەکە سەرکەوتووە و بەردەوامە ئەوە ناتوانم من ئێستا هیچ بڵێم، سەبارەت بە نەخۆشخانەی سەربازی «المستشفى العسكري»، ئێمە ئامادەین هاوکاری بکەین بۆ دابین کردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بۆ چارەسەر کردنی پێشمەرگە و هێزەکانی تایبەت چ ئاسایش بێت، یا پۆلیس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی د.جمال وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی دەکەین و، بە ناوی هەمووتانەوە جارێکی تر زۆر سوپاسی دەکەین بۆ راپۆرتەکەی و بۆ وەڵامدانەوەکەی، بەراستی دانیشتنێکی سەرکەوتوو بوو و، هیوادارم بەردەوام بن لەم سەرکەوتنەدا، بەرێزان لێرەدا کۆتایی دێنین بە دانیشتنی ئەمڕۆمان و دانیشتنی داهاتوومان سبەی سەعات «١٠» ی سەرلەبەیانیە، سوپاستان دەکەین.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢١

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (١٨)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٢١/١١/٢٠٠١

كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢١/١١/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژماره هەژدە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:
بەپێی حوكمەكانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژماره هەژدە)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢١/١١/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی جوتیارانی هەرێمی كوردستانی عێراق كە پێشنیار كراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.
٢ـ خستنە روو گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی كە پێشنیار كراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژماره (١٨)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان دەست پێدەكەین، بەرنامەی كاری ئەمرۆمان لە دوو خاڵ پێك هاتووە:
بۆ بەردەوام بوون داوا لە دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی دەكەم بفەرموونە سەر سەكۆ و ئەندامێكی بەڕێزی لیژنەی دارایی و ئەندامێكی بەڕێزی لیژنەی كشتوكاڵیش.
گەیشتووینە ماددەی ١٥، تكایە ماددەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز حسین علی كمال:**
المادة الخامسة عشرة:
الانضباط
للاتحاد فصل أي عضو من أعضائه عند تحقق إحدى الحالات الآتية بعد انتمائه للاتحاد:
أـ إذا ارتكب جناية أو جنحة مخلة بالشرف.

ب ـ إذا فقد أهليته.
ج ـ إذا أخل بالواجبات التي يفرضها النظام الداخلي للاتحاد العام بعد أن ينبه تحريرياً على القيام بما هو واجب عليه.
د ـ يطبق قانون انضباط موظفي الدولة الساري المفعول على الموظفين وأعضاء اللجان العاملين في الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان تەنها لەسەر بڕگەی (د) ە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (یطبق قانون انضباط موظفي الدولة على الموظفين العاملين في الاتحاد.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الساری المفعول)ی ناوێت ؟.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نە(الساری المفعول) نە (اللجان العامله)ی ناوێت تەنها(على الموظفين العاملين في الاتحاد.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی کشتوکاڵ تکایە.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان رای لیژنەی یاساییمان هەیە، کە بڕگەکە بکرێتە(یطبق قانون انضباط موظفي الدولة على الموظفين العاملين في الاتحاد.)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هەر چۆن یاسای ئینزباتی لەسەر فەرمانبەران پەیڕەو دەکرێت ئەوهاش لەسەر لیژنە کاراکان جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەندامانی لیژنەکان بە کاری ناردنی

مـراسـەلات هەڵدەستن، دەوام دەكـەن، دەبێت یاسـایەک هەبێت لـەسـەر وانیش پەیرەو بكرێت، بۆ تەنها لەسەر دوو سێ فـەرمانـبەر جێبـەجێ بكرێت بۆ لەسـەر ئەوانیش جێبەجێ نەكرێت ؟ راسـتـە ئەوان فەرمانبەر نین، لێرە ئەوە یاسایەكی تایبەتە، ئەوانیش مشمول دەبن بەو یاسایە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیـان هەیە تكایە دەسـتـیـان بەرز بكەنەوە تاكو ناونووسیـان بكەین، كـاک د. لطیف فەرموو.

**بەڕێز د. لـطـیـف مـحـمـود بەرزنجی:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

له بڕگـەی (ج) هـاتووە (إذا أخل بالواجبات التي يفرضها النظام الـداخلي للاتحاد العام بعد أن ينبه تحريرياً على القيام بما هو واجب عليه) به رای ئێمە (عـام)ەكەزیادەیە، لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێک باس نەكراوە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

ئەوە بابەتێكی دارشتنە، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د . قـاسم مـحـمـد قـاسم:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

من تێبینیم نییە، تەنها پێشنیارێكم هەیە كە بڕگەیەكی تر زیاد بكرێت(اذا اخل باحـد شـروط العضويةالمنصوص عليها في المادة الخامسة) بۆ نمونە جوتیـارێک پیشـەكەی خۆی كردە بازرگـان، ئەو بڕگەیە هەبێت باشە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

نووسراوە (إذا فقد أهليته.)ئەوە دەگرێتەوە،بەڕێز كاک د. ادریس فەموو.

**بـەڕێـز د. ادریـس هـادی صـالـح:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن.**

من پێشنیار دەكەم كە ئەو چوار بڕگەیە بكرێتە دوو مادده، (أ وب وج )بكرێتە یەک مادده چونكە ئەوە فەصلە (فصل ای عضو) (د) یاسـای ئینزباتیە مەرج نیـیە فەصل بێت بكرێتە بڕگەی دووەم واتا (للاتحـاد فصل ای عـضـو ... ١ ،٢ ،٣ ــ ئەوجا دالەكە بـكرێتە دووەم، لەبەر ئەوەی مـەرج نییە تۆ ئەو یاسایەی لەسەر جێبەجێ دەكەی تۆ فەصلی كەی، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆكـی ئـەنجـومـەن:**

تێبینیەكی بەجێیە، واتا ماددەی پازدە بكرێت بە دوو بڕگەی یەكەم(للاتحـاد فـصل... ١،٢،٣، ) دالیش بكرێتە دووەم .بەڕێز كاک ئەمین مولود فەرموو.

**بەڕێز امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

به رای من پێشەکیەکەی ئەوها بێت (للاتحاد فصل أي عضو من أعضائه عند تحقق إحدى الحالات الآتية)ئەوەی تر زیادە کە ئەندام بوو پێویست بەوە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش راستە، لیژنەی یاسایی ئەگەر تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز کاک کەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئەمین گوتی لابدرێت باشە، (عام) ەکەشمان لادا، ئەوەی کاک د. ادریسیش فەرمووی دەیکەینە دوو بڕگە،تەنها تێبینیمان لەسەر پێشنیاری لیژنەی داراییە، کە دەڵێن یاسای ئینزباتی دەولە لەسەر ئەندامانی لیژنەکانیش تەتبیق بێت، خۆی کۆمەڵێ سزا لە یاسای ئینزباتی فەرمانبەرانی دەولەتدا هاتووە، (الفات النظر، تنبیە، توبیخ،) ئەوانە هەمووی کار دەکاتە سەر موچە و خزمەتیان، فەرمانبەرێک ئەگەر توبیخ وەرگرێت، شەش مانگ تەرفیع ناکات، ئەما جوتیارێک بابەتی تەرفیع و شتی وای لەسەر نییە، یان سزای(سحب الید) یان(قطع راتب)ئەو جۆرە شتانە ناکرێ لەسەر جوتیارێک جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەیە جوتیار وەکو هەر هاوولاتییەک یاسای گشتی هەیە ئەگەر مەرجەکانی جێبەجێ نەکرد و سەرپێچی کردن وەکو دزی و بابەتی تر دەتواندرێ بدرێتە بابەتی لێکۆڵینەوە، اتحاد نووسراوێک دەنووسێ، وەکو دەزگایەک موفاتەحەی دادوەری لێکۆڵینەوە دەکات دادوەر ئیستجوابی دەکات، ئەگەر تاوانی کرد بێت ئەوە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام لەتوانادا نییە جوتیارێک لە بن یاسای ئینزباتی فەرمانبەرانی دەولەت بێت، نازانم چۆن قطع راتبی بکەین؟ چی لێ بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٣ ماددەی ٢١ دەڵێ( یعاقب کل عضو من اعضاء مجلس ادارة الجمعیة و مجالس ادارة الفروع ) ئەگەر یەک لەو حالەتانەی تێدا بێت ئەگەر لەیاسای کۆمەڵە ئەگەر سزای تێدا نەبێت، لێرە سەبارەت بەوان سزای داناوە، ئەگەر تۆمار نەکرێت، ئەگەر ئەندامێکی قبوڵ کرد مەرجی تێدا بەرجەستە نەبوو، ئەگەر تەبلیغەک هەبوو نەیکرد، لەو حالەتانە ئەندامی فەرع یان ئەندامی کۆمەڵە سزا دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینزبات دەبێت بۆ هەموو کەسێک هەبێت، تەنانەت ئەگەر فەرمانبەریش نەبێت، سزای تەنبیە یان سزای ئینزار یان توبیخ، ئەوە شتێکی مەعنویە و کاریگەرێکی زۆر دەکاتە سەر کەسەکەو دەچێتە ناو تۆمارەکەی، لە یاسای هەموو سەندیکاکاندا هەموویان ئەوەیان تێدایە تەنانەت بۆ ئەندازیارانی کشتوکاڵ و ئەندازیارانی تر، ئەم مەرجەی هەر تێدا بووە، ئەگەر سەرپێچیان کرد یاسای ئینزباتی فەرمانبەرانی دەولەت لەسەری جێبەجێ دەکرێت. لەبەر ئەوە زۆر پێویستە ئەو دەقە هەبێت و بەپێی یاساکانی عێراقیش و کاتێ یەکێ لە شوێنێک کار بکات مانگانە مووچەی وەرگرت وەکو ئەندامانی ئەو لیژنانە خزمەتیان بۆ حسابە و کاتێ لە شوێنێک دادەمەزرێ بۆنمونە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەو ماوانەی هەموو بۆ حساب دەکرێت ئەوانە هەموو دەچنە ناو دۆسێکەیەوە سزای هەیە، نییە، رەوشتی چۆنە، لەوانەیە هەر بە پێی ئەو ئینزار و سزایانە لەوانەیە هەر دانەمەزرێت و بڵێن ئەوە بە کەلکی ئێمە نایەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایین بە دوا داچوون بۆ لیژنەی یاسایی یە.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناکرێت خزمەت لە جەمعیاتی فەلاحی ببێتە خزمەت لە فەرمانگەکان، یەکەم لە یاساکەدا نەهاتووە بڵێت ئەگەر جوتیارێک لە جەمعیاتی کشتوکاڵ ئەندامی لیژنەیەک بوو بە خزمەتی فعلی حساب دەکرێت و دەچێتە ناو دۆسیێ و یان لە شوێنێک دادەمەزرێت ئەوە ئیمکان نییە و نەهاتووە و نە دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانەی ئیعتباری خزمەتی لێ دەکرێت دیارە، کە دەڵێی یاسای ئینزیباتی فەرمانبەرانی دەولەت ووشەی فەرمانبەر، ئەوانە جوتیارن فەرمانبەر نین، دووەم ئێمە لە ماددەی (١٤) ئەو برگەیەمان هەر لەغو کرد لەبەر ئەوە لە تواناداا نییە جوتیار خاضعی یاسای ئینزباتی دەولەت بێت. جوتیار دەکرێت هەر یاسایەکی بۆ دابنرێت، بەڵام یاسای ئینزباتی فەرمانبەرانی دەولەت تایبەتە بە فەرمانبەرانی دەوڵەت و، تایبەت نییە بە کەرتێکی تر، تەنانەت سەبارەت بە سەندیکای کرێکارانیش لە تواناداا نییە لەبەر ئەوەی دەزگای خۆیان هەیە، لەبەر ئەوە لە تواناداا نییە ئەو یاسایە لەسەر جوتیار جێبەجێ بکەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة عشرة:

الانضباط

للاتحاد فصل أي عضو من أعضائه عند تحقق إحدى الحالات الآتية :

أ- إذا ارتكب جناية أو جنحة مخلة بالشرف.

ب - إذا فقد أهليته.

ج - إذا أخل بالواجبات التي يفرضها النظام الداخلي للاتحاد بعد أن ينبه تحريرياً على القيام بما هو واجب عليه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە یەکەم لە کوێیە؟ دەبێت پێش (للاتحاد ...) بێت، جارێکی تر بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الخامسة عشرة:

الانضباط

١ - للاتحاد فصل أي عضو من أعضائه عند تحقق إحدى الحالات الآتية :

أ- إذا ارتكب جناية أو جنحة مخلة بالشرف.

ب - إذا فقد أهليته.

ج - إذا أخل بالواجبات التي يفرضها النظام الداخلي للاتحاد بعد أن ينبه تحريرياً على القيام بما هو واجب عليه.

٢ - يطبق قانون انضباط موظفي الدولة الساري المفعول على الموظفين وأعضاء اللجان العاملة في الاتحاد .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی د. رزگار مامۆستا کاکەرەش ئاماژەی پێنەدا ئەهلیەت واتای ئەوە دەدات کە ئەهلیەتی یاسایی نەما، بۆنمونە شێت بوو، حەقی وایە فەصلی بکات، بەلاّم ئەوەی د. رزگار ئاماژەی پێدا ئیخلال بە مەرجەکانی ئەندامیەتی ئەوە حەقی وایە زیاد بکرێت، لەوانەیە فەلاحەتی بەجێ بێلێ، کە پێشەی فەلاحەتی جێ هێشت جەمعیە دەتوانێ فەصلی بکات،بۆیە بە دیدی من دەقەکەی د. رزگار لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكەرەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویست ناكات چونكە یەك لە مەرجەكانی ئەندامیەتی ئەوەیە(ان یمتهن الزراعة مهنة رئیسیة) خۆی واجبە لەسەری، ئێمە هەمووومان لوغەتی یاسا دەزانین سەرپێچی یاسا وەرگرە ئەگەر پیشەی جوتیاری نەكات ئەوە مەرجی ئەندامیەتی لە دەست دەدات، لەبەر ئەوە ناكرێ ئەوەی تێدا بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پرسیارێك دەكەم، بۆ نمونە هەیە جوتیاری ناكات ئەندامیەتەكەشی دەپارێزێت و شوناسەكەی لای خۆی دەهێڵێتەوە و باج دەدات و تۆو پەین و شتی تریش وەردەگرێت.

**بەڕێز كاكەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێویستە لای بەن .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چوزانین، ئەگەر لە یاساكە شتێكی روونی تێدا بێت باشترە د.لطیف فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من رام وایە برگە (٣)ی بۆ زیاد بكرێت و بەو شێوەیە دابرێژرێت(یفقد العضو لعضویته اذا فقد احد شروط العضویة) شتێكی لەو بابەتە بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نا با لە برگەی یەكەم (د)ی بۆ زیاد بكرێت (اذا فقد احد شروط العضویة) جارێكی تر بیخوێنەوە تاكو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسێن علی كمال:**

المادة الخامسة عشرة:

الانضباط

١ـ للاتحاد فصل أي عضو من أعضائه عند تحقق إحدى الحالات الآتية بعد انتمائه للاتحاد:

أـ إذا ارتكب جناية أو جنحة مخلة بالشرف.

ب ـ إذا فقد أهليته.

ج ـ إذا أخل بالواجبات التي يفرضها النظام الداخلي للاتحاد العام بعد أن ينبه تحريرياً على

القيام بما هو واجب عليه.
د - اذا فقد احد شروط العضوية.
٢ - يطبق قانون انضباط موظفي الدولة على الموظفين العاملين في الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان لەسەری هەیە؟ نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی ماددە پازدەیەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟
بە تێکڕای دەنگ ماددەی پازدە پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة السادسة عشرة:
يشكل المكتب التنفيذي القائم بإدارة أمور الاتحاد من:
١- الرئيس: ويشترط فيه ان يكون من حملة شهادة الإعدادية أو معهد أو كلية تخص الثروة النباتية أو الحيوانية على أن لايقل عمره عن ثلاثين سنة.
٢- ستة أعضاء وعضوين احتياط على ان يكونوا ذوي خبرة ودراية في المجالات الزراعية ومهنة الفلاحة وعلى ان يكونوا من حملة الشهادة المتوسطة على الأقل ولاتقل أعمارهم عن(٢٥)خمسة وعشرين سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە و تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ تێبینیتان لەسەر ماددەکە هەیە.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکە داین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی ڕاتان تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقەکە زۆر ڕێک و پێکە لەگەڵین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین، شێخ ڕەقیب فەرموو.

**بەڕێز ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕام وایە هەڵگرانی بڕوانامە پێش ئەوانە بێت کە بڕوانامەی ئامادەیی و دواناوەندیان هەیە وەکو ڕیزێک بۆ بڕوانامەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕام وایە مەرج نییە هەڵگری بڕوانامەی کۆلیژ یان ئامادەیی بێت دەقەکە بگۆڕین بەوە( من یجید القراءة والکتابة)ئەوە یەک، دووەمین ئزدواجیەت پەیدا دەبێت لەبەر ئەوەی دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵ هەم ئەندامە لە سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی و هەم لێرەش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم (یشکل المکتب التنفیذي القائم بإدارة أمور الاتحاد )پێم وایە زیادە چونکە پێشتر مەکتەبی تەنفیذی پێناسە کراوە.

دووەم وەکو کاک شێخ ڕەقیب فەرمووی لێرە کۆلیژ دوای ئامادەیی و پەیمانگا کەوتووە (الرئیس: ویشترط فیە ان لایقل عمرە عن ٣٠ سنة وان لا تقل درجتە العلمیة عن درجة خریج الاعدادیة) ئیتر کۆلیژ بەلایەنی کەم دەیگرێتەوە، دوو مەرجیش لە سەرۆکدا هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە هەڵگری بڕوانامە بێت، ئەوەی تر کە تەمەنی لە (٣٠)ساڵ کەمتر نەبێت.

لەبڕگەی دووەم (ستە اعضاء )اصلیین دەبێتە (ستة اعضاء اصلیین و عضوین احتیاط )، ئەوی تر من ذوی الخبرە نەک ذو الخبر،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(یشکل)نییە (یتشکل)ە، کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ئەندامەکان باش هاتووە کە شارەزایی و درایەیان هەبێت لە بواری جوتیاریدا، بەڵام بۆ سەرۆک کەسانێک هەن دەرچووی کۆلیژن و کاری جوتیاری نەکردوە و زەویشی هەیە و بەڵام لەو بوارە شارەزایی نییە تۆ دەیکەیتە سەرۆک، با بەلانی کەم شارەزاییەکی هەبێت، شارەزایی پەیوەندی بە بڕوانامەوە نییە ئەگەر لە ژیانی عەمەلی خۆی مومارەسەی نەکرد بێت، جا ئەگەر ئەوەش زیاد بکرێت خراپ نییە، ئەوەی دەبێتە سەرۆک دەبێت شارەزایی هەبێت و ماوەیەکی زۆر کاری لەو بوارە کرد بێت تاکو بتوانێ ئیدارەی ئەو ئیتحادە بەڕێوە ببات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسای وەڵامتان تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکان سەبارەت بەوەی مامۆستا مەلا تاهیر زمانەوانی بوو، بۆیە ئێمە مل کەچین بۆ بابەتی زمانەوانی ئەوان دیارە باشتر دەزانن لە ئێمە، ئەوەی کاک د. ادریس فەرمووی کە بڵێین ذوی الخبرە، کابرایەک کە تەمەنی گەیشتبێتە سی ساڵ کۆلیژ بە ٢١ ساڵ تەواو دەکات حەتمەن شەش حەوت ساڵ خیبرە هەر هەیە کە لە بوارێکی کشتوکاڵ کاری کردوە، دووەمیش کە دەڵێین دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵی بەو ئیعتبارەی کە موتەفەرغن، لەبەر ئەوەیە ئەگەر موتەفەرغ نەبن نابنە ئەندام لە جەمعیاتی فەلاحی، کە موتەفەرغیش بێت واتا حەقلێکی وەرگرتووە یان پارچە زەویەکی وەرگرتووە کە پارچە زەویشی وەرگرتبێت بە لایەنی کەم شارەزاییەکی لە کشتوکاڵ پەیدا کردوە، بەرای من کافیە کەسێک سی ساڵ تەمەنی بێت و دەرچووی کۆلیژ بێت،ئەوەی جەنابیشتان فەرمووتان (یتشکل)ئەوەشمان چاک کردوە بەڵام هەندێ تێبینی هەیە کاتی خۆی خستمە بەر دەستتان ئەو جۆرە شتانە ئێمە چاکی دەکەینەوە بەڵام نایکەینە تێبینی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڕگەی دووەم بخوێنینەوە وای تێدەگەین ئەوەی ببێتە ئەندامی مەکتەب دەبێ شارەزایی

جوتیاری هەبێت،لای ئێمەش کرداری چاندنە، تاکو ئەو ئیجتهادە نەمێنێت من بەباشی دەزانم کە ببێتە (مهنة الفلاحة بشقيها النباتي والحيواني)واتا ئاژەڵ داریش بگرێتەوە و حەسر نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت تێبینت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من هەر پێکهاتەیەکی هەر کۆمەڵەیەک یان جەمعیەیەک ئەگەر کۆمەڵێ خەڵک قبولیان کرد مەرجیان تێدا بوو ولەسەر ئەو بنەمایانە بوونە ئەندامی مەکتەبی تەنفیذی یان دەستەی بەڕیوەبردنی سەرەکی، حەق نییە پاش ئەوە ئێمە مەرج بۆ سەرۆکایەتی دابنێین، لەبەر ئەوەی ئەوی ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە مەفروضە مافی ئەوەی هەبێت ببێتە سەرۆک، ئەگەر ئەندامانی ئەو جەمعیەیە یان سەندیکایە دەنگی خۆیان پێدا کە ببێتە ئەندامی مەکتەبی تەنفیذی حەقیشی هەیە ببێتە سەرۆکیش، بۆ چی سەرۆکایەتی لە کۆمەڵێ کەس حەسر بکەین دوور نییە لە نێوان چوار پێنج کەسێ حەسر بێت، ئەوانی تر نابێت بنە سەرۆک و سکرتێر و ... هتد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مامۆستا کاکەرەش وەڵامی تێبینیەکەی منی نەدایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرجی ئەندامی پەرلەمان چییە؟ سی ساڵ و چی تر؟ يجيد القراءة والكتابة، بۆیە لیرە بکرێتە (يجيد القراءة والكتابة)بروانامەکانی تێدا نەمێنییێت و تەمەنەکەش باشە.فەرموون دوایین دارشتنەوەی بخوێنەوە تاکو بیخەینە دنگدانەوە.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دارشتنی نوێی بەو شێوەیە دەبێت:

المادة السادسة عشرة:

يتشكل المكتب التنفيذي من:

١ـ الرئيس: ويشترط فيه ان يجيد القراءة والكتابة و على أن لايقل عمره عن ثلاثين سنة.

٢ـ ستة أعضاء اصلين وعضوين احتياط من ذوي الخبرة في مجالات الزراعة و مهنة الفلاحة على الأقل ولاتقل أعمارهم عن(٢٥)خمسة وعشرين سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دووەمیش دەبێت(ان يجيد القراءة والكتابة) تێدابێت.جارێکی تر بیخوێنەوە بەس هی دووەم.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

٢ـ ستة أعضاء اصليين وعضوين احتياط على ان يجيد القراءة والكتابةو من ذوي الخبرة في مجالات الزراعة و مهنة الفلاحة على الأقل ولاتقل أعمارهم عن(٢٥)خمسة وعشرين سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی شازدەش بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة السابعة عشرة:

١ـ ينتخب المكتب من بين أعضائه نائباً للرئيس وسكرتيراً بالتصويت السري.

٢ـ يعقد المكتب اجتماعاته الاعتيادية مرة واحدة كل شهر وله أن يعقد اجتماعات غير اعتيادية بناءا على دعوة من رئيس المكتب أو طلب يقدمه ثلث أعضاء المكتب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها زیاد کردنی بەرپرسێکی داراییش ، واتا بەو شێوەیەی لێ بێت(ينتخب المكتب من بين أعضائه نائباً للرئيس وسكرتيراً و مسؤول مالي بالتصويت السري)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کارە محاسبێکی دارایی دەیکات یان فەرمانبەرێک دەیکات، رای لیژنەی دارایی تکایە،

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و پێویست بەو گۆڕانە ناکات کە لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات، لەبەر ئەوەی لە ماددەی بیست بڕگەی نۆیەم هاتووە(تعين محاسب قانوني )کە لەلایەنی مەکتەب دادەمەزرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین ،کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی کاکەرەشم لەبەر ئەوەی بەرپرسی دارایی جیایە لەگەڵ محاسب ئەگەر محاسبت دامەزراند ئەوە سەرۆک هەر شتێکی گوت دەبێ جێبەجێی بکات، بۆیە بەرپرسی دارایی فەرقی هەیە، دەسەڵاتی هەیە لەگەڵ ئەندامان دانیشێت و ڕای خۆی بدات، محاسب دبێت تەنها ئەوامری سەرۆک جێبەجێ بکات، بۆیە زۆر پێوستە کە بەرپرسێکی دارایی هەبێت لە نێوان ئەندامان‌دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو کۆمەڵەو سەندیکاکان و جەمعیات لە هەر هەموو بەرپرسی دارایی هەیە، ئیتحادی فەلاحی کە سەدەها کەس لەخۆ دەگرێت وابزانم پێویست دەکات کە بەرپرسێکی دارایی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاک یونادم و کاک سەعید کردیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەلال خۆشناو فەرموو

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رای ئەوانم، لە هەموو سەندکا وجەمعیاتدا هەم بەرپرسی دارایی و هەم محاسبیش هەیە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ رای ئەوانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین مولود فەرموو.

**بەڕێز امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دانانی بەرپرسی دارایی شتێکی پێویستە، بەڵام ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی محاسب ئەوە جیاوازی هەیە، ئەو حسابات ناکات ئەو وردکاری حساباتی دارایی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەندیکایەک یان جەمعیەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمەش ئیتحادە سەندیکا نییە، (تعین محاسب قانوني)واتا دەوام دەکات نەک وەکو وردکارێک ساڵی جارێک دێت، تەنانەت ئەو مەرجانەی کە ئێمە دامان ناون بۆ سەرۆکی ئیتحاد گوتمان بنووسێت و بخوێنێتەوە، ئایە هی سەندیکای پزیشکان وایە سەندیکای ئەندازیاران وایە، ئەوە ئیتحادە سەندیکا نییە، هەمووی جوتیارن، دەسەلاتی سەرەکی بەدەست مەکتەبی تەنفیذیە کەسەرۆکی ئیتحاد سەرۆکی راستەوخۆیەتی، لەبەر ئەوە پێویست ناکات هیچ بەرپرسێکی دارایی تر دابندرێت (تعین محاسب قانونی )واتا دەوام دەکات و میزانیە دادەندرێت و گفتوگۆ دەکرێت و بەپێی ئەو میزانیە، نەک وەکو هەر سەندیکایەک دەڵێت فەرموو تۆ بەرپرسی دارایی، نەخێر ئەوە بە یاسا دەبێت و بە میزانیە موصدق دەبێت و نەک سەرۆک و کەس لە چوارچێوەی میزانیە دەرناچن،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکە ڕەش نقشبەندی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە کاک جەمیل ماددەکەی لەسەر تێپەر بوو بێت یان جوانی نەخوێند بێتەوە (اعداد الموازنة المالية و تعين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية) تەنها بۆ حساباتی کۆتایی دیار دەکرێت ، ئەوە لەوێ دەوام ناکات سالانەیە تدقیقی حسابات سێ ساڵ جارێکە موازەنەکە سالانەیە محاسبێکی دارایی دەست نیشان دەکرێت دێت تەدقیقی حسابات دەکات چونکە راپۆرتی هەموو ژمێریارێک بە نەزەری ئیعتبار وەر ناگیرێ، تەنها ئەوانی کە مۆڵەت پێدراون و پێیان دەگوترێ محاسب قانونی، وردکاری ئەوان بە نەزەری ئیعتبار وەردەگیرێ لە دەوائیری مەعنیدا،ئەوە تەنها بۆ حساباتە، ئەو محاسب قانوونیە دەوام ناکات لە جەمعیاتی فەلاحی و بەرپرسی دارایی لە هەموو سەندیکایەک هەیە لە هەموو جەمعیاتێک هەیە، پارەی لایە ئەندامێک دێت ئینتماء دەکات پارەی لێ وەر دەگرێت، کێ لێی وەر دەگرێت؟ مەعقولە بەرپرسی مەکتەبی تەنفیذی لێ وەرگرێت و وەصلی بۆ ببرێت! بەرپرسێکی دارایی هەیە وەصلی بۆ دەبڕێت و داخیلی قاسەی دەکات، تۆمارەکانی خۆی رێک دەخات و ئەگەر خەرجیەک هەبوو خەرجی دەکات، پێویستە بەرپرسی دارایی لە هەر دەزگایەک هەبێت و موشرف بێت لەسەر هەر سەندیکایەک و هەر ئیتحادێک ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو را هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە، رای لیژنەی دارایی هەیە ،کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام باسی سەندیکاکان کرا من دەقی دوو سەندیکام لایە سەندیکای ئەندازیاران ، بەرپرسی داراییان تێدا نەهاتووە، لە سەندیکای پزیشکان هەرسێک هاتووە دەڵێت(نائب و سکرتێر و مسؤول مالی) بە دوادەچوونەکەم هەر بۆ ئەوە بوو چونکە برادەران گوتیان لە هەموو سەندیکاکاندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو را هەنە، یەکەم دەڵێت پێویست بە بەرپرسی دارایی دەکات ئەوەی تر دەڵێت پێویست ناکات. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ئەوە دەکەن کە بەرپرسی دارایی پێویست ناکات واتا رای لیژنەی دارایی با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ئەوە دەکات کە بەرپرسی دارایی تێدا بێت؟ بە زۆرینەی دەنگ پێویست بە بەرپرسی دارایی دەکات. زیاد دەکرێتە سەری، ئێستا ماددەکە بەو زیادەوە بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة السابعة عشرة:

١- ينتخب المكتب من بين أعضائه نائباً للرئيس وسكرتيراً و مسؤول مالي بالتصويت السري.

٢- يعقد المكتب اجتماعاته الاعتيادية مرة واحدة كل شهر وله أن يعقد اجتماعات غير اعتيادية بناءً على دعوة من رئيس المكتب أو طلب يقدمه ثلث أعضاء المكتب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة الثامنة عشرة:

١- يتم النصاب بأجتماعات المكتب التنفيذي بحضور أكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأكثرية أصوات الحضور. وفي حالة تعادل الأصوات يرجح الجانب الذي صوت له الرئيس.

٢- إذا شغر منصب الرئيس لأي سبب كان يحل محله نائبه وإذا شغر منصب النائب فيحل محله السكرتير.

٣- إذا شغرت مناصب الرئيس ونائبه وسكرتيره معاً فيحل محل الرئيس في هذه الحالة أحد أعضاء المكتب الأصليين بالتصويت السري.

٤- إذا شغرت مناصب أكثرية أعضاء المكتب، فعلى المكتب في هذه الحالة أن يعمل على عقد مؤتمر خلال شهرين أو يدعو أكثرية أعضاء المؤتمر السابق للاجتماع لغرض انتخاب من يملئون هذه الشواغر للمدة المتبقية ووفقاً للطريقة المنصوص عليها في هذا القانون بشرط أن لاتقل المدة الباقية عن (٦)أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە تێبینیمان نییە بەڵام لای خۆمان ووشەیەکمان چاک کرد بوو بەڵام وادیارە لای کاک حسێن دەرنەچوو بێت(سکرتێر) نەک(سکرتیرە)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەیە مامۆستا کاکەرەش چاکی کردەوە لە بڕگەی سێیەم تێبینی ئێمە بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، د. لطیف فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەکەم(یتم النصاب فی اجتماعات) نەک (باجتماعات المکتب التنفیذی)و( زیادە اعضاء) بکرێت بە (اعضائه) واتا وای لێبێت(یتم النصاب في اجتماعات المكتب بحضور اكثرية اعضائه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بە وردی بیخوێنەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

المادة الثامنة عشرة:

١- يتم النصاب في أجتماعات المكتب بحضور أكثرية اعضائه وتصدر القرارات بأكثرية أصوات الحضور. وفي حالة تعادل الأصوات يرجح الجانب الذي صوت له الرئيس.

٢- إذا شغر منصب الرئيس لأي سبب كان، يحل محله نائبه وإذا شغر منصب النائب فيحل محله السكرتير.

٣- إذا شغرت مناصب الرئيس ونائبه والسكرتير معاً فيحل محل الرئيس في هذه الحالة أحد أعضاء المكتب الأصليين بالتصويت السري.

٤- إذا شغرت مناصب أكثرية أعضاء المكتب فعلى المكتب في هذه الحالة أن يعمل على عقد مؤتمر خلال شهرين أو يدعو أكثرية أعضاء المؤتمر السابق للاجتماع لغرض انتخاب من يملئون هذه الشواغر للمدة المتبقية ووفقاً للطريقة المنصوص عليها في هذا القانون بشرط أن لاتقل المدة الباقية عن (٦)أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة التاسعة عشرة:

يعتبر عضو المكتب مستقيلاً إذا تغيب خلال سنة وبدون عذر مشروع عن ثلاثة اجتماعات متتالية أو خمسة اجتماعات متفرقة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەكە باش هاتووە ، تێبینیمان نییە .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی كشتوكاڵ تكایە.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

باش هاتووە تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە، تێبینی نییە جارێكی تر بیخوێنەوە تاكو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

المادة التاسعة عشرة:

يعتبر عضو المكتب مستقيلاً إذا تغيب خلال سنة وبدون عذر مشروع عن ثلاثة اجتماعات متتالية أو خمسة اجتماعات متفرقة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە ماددەكە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكەن با دەستیان بەرز بكەنەوە،

کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة العشرون:

يقوم المكتب بأداء الأعمال التالية:

١ـ العمل على تحقيق أهداف الاتحاد.

٢ـ تقديم المقترحات الخاصة بتعديل قانون الاتحاد.

٣ـ تنفيذ قرارات المؤتمر.

٤ـ تعيين العاملين لدى الاتحاد وتحديد اجورهم وشروط ترقيتهم.

٥ـ تسمية ممثلي الاتحاد لدى اللجان الرسمية و تسمية ممثلي الرئيس لدى اللجان الرسمية في حالة عدم تمثيله من قبل الرئيس.

٦ـ تحويل القضايا والشكاوي الى اللجان المختصة.

٧ـ تشكيل لجان فرعية لغرض تحقيق أهداف الاتحاد.

٨ـ النظر في استقالة الرئيس أو نائبه أو أي عضو من أعضاء المكتب أو اللجان.

٩ـ إعداد الموازنة المالية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية.

١٠ـ تنظيم الدورات الانتخابية والاشراف على الانتخابات وفق نصوص هذا القانون.

١١ـ اقرار تملك العقارات والاموال وقبول التبرعات والهبات وشروط الاقتراض والاقراض المالي ضمن مصالح واهداف الاتحاد.

١٢ـ تأسيس وإدارة النوادي وفق قانون الجمعيات.

١٣ـ النظر في طلبات الأنتماء الى الاتحاد لمراكز الاقضية.

١٤ـ أن يمنح رئيس الاتحاد أو رؤساء الفروع بعضاً من صلاحياته.

١٥ـ إعداد وإصدار النظام الداخلي للاتحاد وعرضه على المؤتمر لإقراره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لە بڕگەی (١٥) اعداد و اصدار بگۆردرێت بکرێتە (اقتراح تعديل النظام الداخلي للاتحاد و عرضه على المؤتمر لاقراره .) بەوئیعتبارەی دەسەلاتی دەرکردنی نییە و بۆیە پێشنیار بکات بۆ کۆنگرە و کۆنگرەش اقراری بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جـــمـــيل عـــبـــدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

لە ماددەی بیست بڕگەی نۆیەم مامۆستا کاکەڕەش گوتی دیارە ماددەکەی باش نەخوێندۆتەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان باش دەزانن کە چ لیژنەیەک بە باشی کارەکانی رادەپەڕێنن کێ لە کارەکانی خۆی ورد نییە، ماددەی بیست بڕگەی (٩) لە راپۆرتەکەی ئێمەدا هاتووە کە لای جەنابت و جەنابی سکرتێر هەیە تعدل كالاتي: (تصديق الموازنة السنوية والحسابات الختامية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية)... كما نقترح ان تكون (اعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية)من مهام رئيس المكتب مع رؤساء الفروع في المحافظات.) ئـــەوە دەگوازێتەوە بۆ ماددەی (٢٤) راستاندنی بووجە لەو یاسایەدا هاتووە لەسەر ئەو بنەمایەی کە بۆ کۆنگرەیە، کۆنگرە هەر سێ ساڵ جارێکە ، بووجە ساڵانەیە، تێبینی جەنابت بوو کە لە هەندێ پێشنیار کە بووجە لە مەکتەبی تنفیذی بێت، محاسبی یاساییە و لەگەڵ سەرۆک و ئەوان اعداد دەکەن، تاکو مەکتەبی تەنفیذی تصدیقی دەکات، کۆنگرە تەنها بۆ گفتوگۆ و تصدیقی حساباتی دارایی و حساباتی کۆتایی بکات، لێرە دەڵێین ببێتە (تصديق الموازنة السنوية والحسابات الختامية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية)لە جێگای اعداد ببێتە تصديق سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە.

**بەڕێز د. لطيف مـــحـــمـــود بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمە تێبینیەکی زمانەوانیمان لەسەر بڕگەی (١٤) هەیە(رئيس الاتحاد) بكرێتە (منح رئيس الاتحاد او رؤساء الفروع)لەبەر ئەوەی لە سەرەتای ماددەی بیست هاتووە دەڵێ (يقوم المكتب بأداء الأعمال التالية) وا جوانتر دێت، بۆ بڕگەی پازدەش لەگەڵ دارشتنی لیژنەی یاسایی داین، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی یاسایی دەتوانن بڕگەی (٥)مان بۆ شرح بکەن ئەوە پرسیاری ئێمەیە.

**بەڕێز كـــاكـــەڕەش نقـــشـــبـنـدی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

بڕگەی پێنجەم دەڵێت(تسمية ممثلي الاتحاد لدى اللجان الرسمية و تسمية ممثلي الرئيس لدى اللجان الرسمية في حالة عدم تمثيله من قبل الرئيس) زۆربەی لیژنەکان بە پێی یاسای ئیسلاحی

زراعی ئەندامێکی جەمعیاتی فەلاحی تێدایە بۆ نمونە لیژنەی زەوی وزار، لێرە مەکتەب ناو لەو لیژنانە دەنێت، بەس لەوانەیە داوا ئیقامە دەکرێت لەسەر ئیتحاد، داوایەک دێت بۆ سەرۆکی ئیتحاد، لەو حالەتە سەرۆکی ئیتحاد پێویستە خۆی ئامادە بێت، ئەگەر خۆی ئامادە نەبوو دەتوانێت یەکێک ناو بنێت وەکو وەکالەت توکیلی یەکێ لە ئەندامانی یەدەگ دابنێت و نوێنەرایەتی بکات لە لیژنەکە بەشدار دەبێت، چونکە مەرج نییە هەموو جارێک سەرۆک خۆی بچێت، بۆ نمونە سکالایەک بێت پێوستە سەرۆک بەخۆی بچێت زیاد لەسەر کارەکەی وەکو کەسایەتی مەعنەوی، خۆی ناچێت یەکێ لە ئەندامی ئیتحاد دەست نیشان دەکات وەکالەتێکی بۆ دەکات دەڵێ نوێنەری ئێمەیە لەو لیژنەیە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ ئێوە چۆنی راڤە دەکەن؟.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تسمیة ممثلي الاتحاد لدی اللجان الرسمیة و تسمیة ممثلي الرئیس لدی اللجان الرسمیة في حالة عدم تمثیله من قبل الرئیس) ئێمە وای لێ حاڵین کە سەرۆک ئەگەر ئامادە نەبوو نوێنەرێکی خۆی دەنێرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەزانن مەبەستی چییە، با من بڵێم تاکو دای بڕێژنەوە، مەکتەبی تەنفیذی ناو لە نوێنەرانی ئیتحاد دەنێ لای لیژنە رەسمیەکان ئەو لیژنە رەسمیانەی کە داوای نوێنەری سەرۆک دەکەن، سەرۆک خۆی ناویان دەنێ، ئینجا باش موفق نەبووە لە دارشتنەکەیدا ، فەرموون.

**بەڕێز کاک رەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پارێزگا لیژنەیەک هەیە بەناوی کۆتایی هێنانی پەیوەندی کشتوکاڵی(لجنة انهاء العلاقات الزراعیة)و لە یاساکە مەرجدار هاتووە کە نەک نوێنەری جەمعیاتی فەلاحی بەڵکو سەرۆکی جەمعیاتی فەلاحی ئەندامە لەگەڵ پارێزگار، لە حالەتی ئەوها لەوانەیە ئەگەر نەیتوانی ئامادە بێت بە هەر هۆیەک بێت لەوانەیە بتوانێت یەکێکی تر ناو بنێت، لەوانەیە حالەتێکی نەخۆشیە شتی وایە، چونکە لەوێ دەڵێت سەرۆکی جەمعیاتی فەلاحی دەبێت ئەندام بێت لەگەڵی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ پێشنیاری دارشتن (تسمية ممثلي الاتحاد لدى اللجان الرسمية و تسمية ممثلي الرئيس لدى اللجان الرسمية في حالة تعذر حضوره)،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دەزانن مەبەستی چیە؟ مەبەست بەو شێوەیە نییە، کاری مەکتەبی تەنفیذی (تسمية ممثلي الاتحاد لدى اللجان الرسمية) ئەوە بەشێک بوو بەشی دووەم، ئەوانەی کە نوێنەری سەرۆکن سەرۆک خۆی دایان دەنێت، (يعين ممثلو الرئيس من قبل الرئيس)مەبەستەکە دیارە بەس باش داینەرشتووە، دەتوانین ئەوهای لێ بکەین (تسمية ممثليه لدى اللجان الرسمية) لە دەسەلاتەکانی سەرۆک ئەوە دەکەین واتا جیا بکەینەوە (تسمية ممثليه لدى اللجان الرسمية).

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە جەنابت ئەی فەرمووی بڕگە«٢٤»ی مادده «٢» چارەسەری کردووە، لێرەشدا «تسميه ممثل الرئيس» زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە، ئەوە زیادەیە، ئەگەر هەڵیگرین ئەوە چارەسەر ئەبێت، کاک د.إدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من خاڵی «٧»یش زیادەیە، چونکە لە خاڵی«١»دا هاتووە،(العمل على تحقيق أهداف الاتحاد)، جا بە چ شێوەیەک چارەسەری دەکات، بە شێوەی لیژنە، یا بەهەر شێوەیەک بێت، وابزانم دووبارەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا جارێکی تر بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة العشرون:

يقوم المكتب بأداء الأعمال التالية:

١ـ العمل على تحقيق أهداف الاتحاد.

٢ـ تقديم المقترحات الخاصة بتعديل قانون الاتحاد.

٣ـ تنفيذ قرارات المؤتمر.

٤ـ تعيين العاملين لدى الاتحاد وتحديد اجورهم وشروط ترقيتهم.
٥ـ تسمية ممثلي الاتحاد لدى اللجان الرسمية.
٦ـ تحويل القضايا والشكاوي الى اللجان المختصة.
٧ـ تشكيل لجان فرعية لغرض تحقيق أهداف الاتحاد.
٨ـ النظر في استقالة الرئيس أو نائبه أو أي عضو من أعضاء المكتب أو اللجان.
٩ـ إعداد الموازنة المالية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية.
١٠ـ تنظيم الدورات الانتخابية والاشراف على الانتخابات وفق نصوص هذا القانون.
١١ـ اقرار تملك العقارات والاموال وقبول التبرعات والهبات وشروط الاقتراض والاقراض المالي ضمن مصالح واهداف الاتحاد.
١٢ـ تأسيس وإدارة النوادي وفق قانون الجمعيات.
١٣ـ النظر في طلبات الأنتماء الى الاتحاد لمراكز الاقضية.
١٤ـ منح رئيس الاتحاد أو رؤساء الفروع بعضاً من صلاحياته.
١٥ـ إقتراح وتعديل النظام الداخلي للاتحاد وعرضه على المؤتمر لإقراره.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك سعيد يعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ليژنەكان رای خۆيان خوێندەوە، بەڵام عەرزت نەكرد، خاڵێكی گرنگم هەيە، ئەويش لە بڕگە «١٥»دا دەڵێ: (١٥ـ إعداد وإصدار النظام الداخلي للاتحاد وعرضه على المؤتمر لإقراره.)، بەڵام لە مادده «١٣» بڕگە «٦» دەڵێ: (لق بۆی هەيە ناسنامە دەركات بە گوێرەی تەعليمات)، لێرە لە بڕگەی «١٥»دا باسی ئەو «تعليمات»ە ناكات، دەبێت ئەو بڕگەيەشی بخرێتە سەر (وللمكتب التنفيذی حق إصدار التعليمات)، چونكە لە ماددەی «١٣» باسی (تعليمات)كراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا تەنها بڕگەی «٧» بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسين علی كمال:**

٧ـ تشكيل لجان فرعية لغرض تحقيق أهداف الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا بڕگەی «١٥»ش بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حـــــســین عـلـی کـــمـــــال:**

١٥ـ إقتراح وتعديل النظام الداخلي للاتحاد وعرضه على المؤتمر لإقراره.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

سوپاس، کاک أمین فەرموو.

**بەڕێز مـــحــــمـــد أمین مـــولود أمین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

بەرای من برگە «١٥» زیادە و، دەکرێت لە برگەی «٢»دا چارەسەر بکرێت، (٢ـ تقديم المقترحات الخاصة بتعديل قانون الاتحاد والنظام الداخلي.)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

خۆ ئەبێت پەیڕەوی ناوخۆکە دانرێت، چونکە یەکێتییەکە دروست کراوە، کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شـــــعـــــبــــــان طـیـب:**

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

برگەی «٣» لە ماددەی «٢٢»، چارەسەری ئەم کێشەیە ناکات کە دەڵێ:(٣ــ النظر في المقترحات المتعلقة بتعديل قانون الاتحاد والنظام الداخلي وإقرارهما.)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

ئەوە گونگرە چارەسەری ناکات، یەکێک ئەبێت پێشنیار ئامادە بکات و، پەیڕەوی ناوخۆ ئامادە بکات و، پێشکەشی کۆنگرەی بکات و، کۆنگرەش تەماشای دەکات و ئیقراری دەکات، بەڵام ئەمە پێش کۆنگرە ئامادە دەکرێت، کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز مـحـمـد سـعـیـد أحـمـد یعـقـوبی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن.**

سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆ هەق وایە پێشکەشی کۆنگرە بکرێت، بەڵام سەبارەت بە «تعليمات» شتێکی ثانییە، کۆنگرەش «٣»ساڵ جارێک دەبەسترێت، ئەو پێویستە ئیقراری بکات، بەڵام «تعليمات» دەتوانرێت مانگی جارێک دەرکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــەن:**

خۆشی هەر وایە واش نووسراوە، ئێستا هەموو ماددەکە بخوێنەوە تاوەکو دەنگدانی لەسەر بکەین، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی «٩» وای لێ هات: (٩ـ تصديق الموازنة المالية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية.) و، برگەی «١٥»ەش بوو بە (١٥ـ إعداد وإقتراح تعديل النظام الداخلي للاتحاد وعرضه على المؤتمر لإقراره.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر هەموو ماددەکە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة العشرون:

يقوم المكتب بأداء الأعمال التالية:

١ـ العمل على تحقيق أهداف الاتحاد.

٢ـ تقديم المقترحات الخاصة بتعديل قانون الاتحاد.

٣ـ تنفيذ قرارات المؤتمر.

٤ـ تعيين العاملين لدى الاتحاد وتحديد اجورهم وشروط ترقيتهم.

٥ـ تسمية ممثلي الاتحاد لدى اللجان الرسمية.

٦ـ تحويل القضايا والشكاوي الى اللجان المختصة.

٧ـ تشكيل لجان فرعية لغرض تحقيق أهداف الاتحاد.

٨ـ النظر في استقالة الرئيس أو نائبه أو أي عضو من أعضاء المكتب أو اللجان.

٩ـ تصديق الموازنة المالية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية.

١٠ـ تنظيم الدورات الانتخابية والاشراف على الانتخابات وفق نصوص هذا القانون.

١١ـ اقرار تملك العقارات والاموال وقبول التبرعات والهبات وشروط الاقتراض والاقراض المالي ضمن مصالح واهداف الاتحاد.

١٢ـ تأسيس وإدارة النوادي وفق قانون الجمعيات.

١٣ـ النظر في طلبات الأنتماء الى الاتحاد لمراكز الاقضية.

١٤ـ منح رئيس الاتحاد أو رؤساء الفروع بعضاً من صلاحياته.

١٥ـ إعداد وإقتراح تعديل النظام الداخلي للاتحاد وعرضه على المؤتمر لإقراره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی «٢٠» پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «٢٠» پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٢١»، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الحادية والعشرون :

١- المؤتمر يعتبر اعلى سلطة ضمن الاتحاد ويتألف من (الرئيس وأعضاء المكتب التنفيذي الأصليين والاحتياط وأعضاء لجان الفروع المنتخبة في المحافظات ولجان الاقضية والنواحي المنتخبين).

٢- يعقد المؤتمر كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المكتب التنفيذي ودعوة يصدرها الرئيس ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء المؤتمر.

٣- وفي حالة عدم تكامل النصاب تجرى الانتخابات بعد (١٥)يوماً من الاجتماع الاول في نفس المكان والزمان ويعتبر النصاب كاملاً في هذه الحالة بحضور ثلث الآعضاء وبعكسه يعتبر المكتب مستمراً لدورة أخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینییمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵی، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (١) وا دابڕێژرێت:(وأعضاء الفروع في المحافظات ولجان الاقضية والنواحي).و ئەو «المنتخبە» زیادەیە، چونکە لە دەرئەنجامی هەڵبژادن هاتووە و، ئەو وشەیە دووبارەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەو وەشەیە روحی دیموکراتیەت زیاد دەکات، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غـــــفـــور رمـــــضـــــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من پێموایە بڕگەی «١» بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە باشترە،(١- يعتبر المؤتمر اعلى سلطة للإتحاد ويتألف من الرئيس وأعضاء المكتب التنفيذي الأصليين والاحتياط وأعضاء لجان الفروع المنتخبة في المحافظات ولجان الاقضية والنواحي المنتخبين).)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە بڕگەی «١»دا دەڵێت:(وأعضاء لجان الفروع المنتخبة في المحافظات ولجان الاقضية والنواحي المنتخبين)ئەگەر «هيئات» بۆ «لجان الفروع» دابنرێت باشە، لە بڕگەی «٣»یشدا دەڵێ:( في نفس المكان والزمان)بکرێتە (في الزمان والمكان المحددين)، لە کۆی یاساکەش هەمووی لە یەک بازنەدا دەخولێتەوە و هیچ تەداولی تیادا نییە، واتە لەوانە زیاتر کە دەبن بە ئەندامی لق و لیژنەکانی قەزا و ناحیەکان زیاتر کەسی تر نابێت بە ئەندام، ئەوەش پێچەوانەی دیموکراتییە و نا ڕەواییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تێبینییەکەت بە جێیە، بەڵام ئەو «منتخبين»ە ئەوە ئەگرێتەوە، هەتاوەکو ئەگەر روونیش نەبێت.
بەڕێز د.إدريس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هـادی صـــــــالـح:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەرچەندە قسەکانی من مامۆستا مەلا طاهر کردی سەبارەت بە «نفس المكان والزمان»، ئەگەر زروفێک هاتە پێش و نەیتوانی لە هەمان جێگا بێت، با مەرج نەبێت لە هەمان شوێن و کاتدا کۆ بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جـــــەلال سـلـيـم خـــــۆشـنـاو:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بە بڕگەی«١» دەڵێ:(لجان الاقضية والنواحي)، (والقرى)شی بخرێتە سەر، چونکە ئەوانیش ئەندامی کۆنگرەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.لطیف فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونەکەی مامۆستا مەلا طاهر لای من پەسەندە، لەبەر ئەوەی کە دەڵێ: (وأعضاء لجان الفروع)، ئێمە لە مادده «١٣»دا هەموارمان کرد «هیئە الفرع»،نەک «لجان الفروع»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕاستە بەڵام ئەگەر ئاماژەی بۆ بکەن کەوا ئەمانە پێش کۆنگرە هەڵبژێردرێن، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆنگرە کەی دروست دەبێت؟، پاشی هەڵبژاردنی ئەو لیژنانە، خۆ پێش هەڵبژاردن کۆنگرە نابەسترێت، هەیئەکان هەمووی دروست دەبن، کە ئەوانە دروست بوون پاشان کۆنگرە دەبەسترێت بۆ هەیئەی مەکتەبی تەنفیزی، ئەویش «٣» ساڵ جارێک، کەواتە پاش ئەو سێ ساڵە ئەو هەڵبژاردنانە لە هەموو ئەو جێگایانە دووبارە دەبنەوە، بە هەمان شێوەی پێشوو، لەبەر ئەوە ماددەکە زۆر ئاساییە و هیچ گرفتێکی تیادا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الحادية والعشرون:

١ـ المؤتمر يعتبر اعلى سلطة ضمن الاتحاد ويتألف من (الرئيس وأعضاء المكتب التنفيذي الأصليين والاحتياط وأعضاء هيئات الفروع المنتخبة في المحافظات ولجان الاقضية والنواحي المنتخبين إعداداً للمؤتمر).

٢ـ يعقد المؤتمر كل ثلاث سنوات مرة واحدة بقرار من المكتب التنفيذي ودعوة يصدرها الرئيس ويتم النصاب بحضور ثلثي أعضاء المؤتمر.

٣ـ وفي حالة عدم تكامل النصاب تجرى الانتخابات بعد (١٥)يوماً من الاجتماع الاول في نفس المكان والزمان ويعتبر النصاب كاملاً في هذه الحالة بحضور ثلث الآعضاء وبعكسه يعتبر المكتب مستمراً لدورة أخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،بەڕێز د.إدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە «نفس المکان والزمان» دەسکاریان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر نەنووسین «نفس المکان والزمان» ئەبێت دووبارە تەبلیغ کرێنەوە، بەڵام لێرە ئەڵێین ئەگەر سێ یەکی ئەندامان ئامادە بوون ئەوە نیساب تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر نیساب تەواو نەبوو ئەوە پاش «١٥» ڕۆژ لە هەمان شوێن و کاتی کۆبوونەوەی یەکەم هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام ئەو کاتە بە بەیان دەبێت، ئەگەر ئەوان پێیان نەکرێت لە هەمان کات و شوێندا ئامادە بن پێویست ناکات هەر بیێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ماددەی «٢١» پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی «٢١» پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٢٢»، فەرموو.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية والعشرون:

يعقد المؤتمر إعتيادياً لتحقيق الأغراض الآتية:

١ـ إنتخاب الرئيس وأعضاء المكتب التنفيذي.

٢ـ مناقشة وتصديق الموازنة المالية والحسابات النهائية.

٣ـ النظر في المقترحات المتعلقة بتعديل قانون الاتحاد والنظام الداخلي وإقرارهما.

٤ـ للمؤتمر حق اقتراح تعديل جداول الرسوم المقررة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز كــاكــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن.**

تەنها لەسەر برگە «٣» تێبینییمان هەیە،(اعادة صیاغة الفقرة(٣)من هذه المادة وكالاتي:
(٣ـ النظر في المقترحات المتعلقة بتعديل قانون الاتحاد والمقترحات الخاصة بالنظام الداخلي واقــراره.) ،چونكە ئەوە لە دەسەڵاتی كۆنگرەدا نییە یاسا هەموار بكات، بەڵكو تەنها ئەتوانێت پەیرەوی ناوخۆ هەموار بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــبـــــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە وەكو لیـژنەی دارایی تێبینیـمـان لەسـەر برگە «٩»هەیە، كـە ئەویش(٩ـ المادة الثـانیـة والعـشـرون: فـقـرة (٢)حـذفـهـا وإحـلال مـایأتي بدلاً منهـا(مناقـشـة وتصـدیق التـقـریر المالي).) ،چونكە «٣» ساڵ جارێك كۆنگرە دەبەسترێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، رای لیژنەی كشتوكاڵی، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیـف مـــــحـــــمـــــود برزنجی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە وەكو لیژنە پشـتگیری لە رایەكەی لیژنەی یاسایی دەكەین و، هەروەها لەگەڵ بۆچوونەكەی لیـژنەی دارایشـداین، چونكە لە برگـە «٩» مـاددەی «٢٠»دا تەسـدیق مـوازەنەی مـالی خـرایە ئەستۆی مەكتەبی تنفیزی یەكێتییەكە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرز كەنەوە، بەڕێز كاك یۆنادم فەرموو.

**بـــەڕێـــز یـــۆنـــادم یـــوســـف كـــنـــا:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لەم چوار خاڵەی كە بۆ كۆنگرە دانراوە لە هیچیاندا باسی ئەوە نەكراوە كە پلان دانان بۆ بەرنامەی یەكێتییەكە خۆی چۆن دابنرێت، پێشنیار دەكەم كەوا لە برگەی «٢»دا بنووسرێت(٢ـ مناقـشـة وتصدیق خطط الاتحاد و الموازنة المالیة والحسابات النهائیة.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە «٢» هەر ئەبێت دەسکاری بکرێت، چونکە دەسەلاتی «تصدیق الموازنه» درا بە مەکتەبی تەنفیزی، جا بۆچوونەکەی لیژنەی دارایی لە جێیە و پێشنیارەکەی کاک یۆنادەمیش باشە دەتوانین سوودی لێ وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بڕگەی «٢» جارێکی تر هەموار بکەن، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک یۆنادم باسی کرد، ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆدا باس دەکرێت، چونکە کۆنگرە زۆر موقەرەرات و تەوسیات دەردەکات و، دەتوانرێت لە پەیڕەوی ناوخۆدا باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،کاک سعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی «٤»دا ئەوەی کە بەڕێز کاک یۆنادم باسی دەکات هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، راستە لە ماددەی «٤»یشدا هاتووە، بەڵام ئەگەر بخرێتە سەریشی زیانی نییە، جا فەرموون جارێکی کە بیخوێنەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثانية والعشرون:

يعقد المؤتمر إعتيادياً لتحقيق الأغراض الآتية:

١ـ إنتخاب الرئيس وأعضاء المكتب التنفيذي.

٢ـ مناقشة وإقرار خطة الأتحاد وتصديق التقرير المالي.

٣ـ النظر في المقترحات المتعلقة بتعديل قانون الاتحاد والنظام الداخلي وإقرارهما.

٤ـ للمؤتمر حق اقتراح تعديل جداول الرسوم المقررة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٢) بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە...زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە ...زۆر سوپاس بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (٢٣) تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثالثة والعشرون:

يجوز عقد مؤتمر إستثنائي في الحالات التالية:

١- بقرار مسبب يصدر من قبل أكثرية أعضاء المكتب التنفيذي.

٢- بطلب تحريري مسبب يقدمه ثلثا أعضاء المؤتمر الى المكتب التنفيذي وعلى المكتب في هذه الحالة إصدار نداء لعقد المؤتمر خلال (١٥) يوماً من تأريخ تقديم الطلب.

٣- تصدر قرارات المؤتمر بأكثرية الأصوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێزکاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەلای ئێمە ماددەکە ئاساییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە؟.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەداین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە تکایە، فەرموو مامۆستا مەلا طاهر.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وەكو جەنابت ئیشارەتت پێدا ، پێم وایە (مسبب) ئەوەی لە خاڵی دوو: (٢ـ بطلب تحـريري مسبب يقدمه ثلث أعضاء المؤتمر) چونكە (ثلثي أعضاء المؤتمر) زۆر زۆر دەكات، دەستەواژەكەش بەم شێوەیە ڕاست دەبێتەوە (عدد لايقل عن ثلث أعضاء المؤتمر)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو؟.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

كـە دەڵێین (يقدمه ثلث أعضاء المؤتمر) مانای وایە ئەگەر كەمتر بێت نابێت پێویستە سێیەكی ئامادە بێت بۆ بڵێین كەمتر نەبێت سێیەكی پێشكەش بكەن دەبێت ئەگەر كەمتر بێت لە سێیەك نابێت، مانای سێیەك تەواو نەبووە..

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من مەبەستم ئەوە بوو(يقدمه عدد لايقل عن ثلث أعضاء المؤتمر) نەك (ثلثی) پێشنیارەكەی من ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵام تان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

(ثلث) زۆر كـەمـە چونكە بابەت كـۆنگرەیە سێ ســاڵ جـارێـك دەكـرێت ئەوە مـەسـەلەیەكی ئیسـتـثنائیـە، دیسـان ژمـارەكە زۆرە سێـیـەكی مـانای ئەوەیە هەمووی، (ثلث) مـەسائلی قـەزاو ناحـیـەو ئەوانە ژمـارەكـەیان كـەم دەبێت، دروست نیـیـە داوای كـۆنگرەیەكی تر بكات دووبارە كۆنگرەش بۆ گۆڕینی زۆر شتـە، زۆر شت دەگـۆڕدرێت بۆیە (ثلثی أعضاء) داوابكەن كۆنگریەك بێـتـە گـۆڕێ بۆ شت گـۆڕین، بەكـەمی دوو سـێـیـەك وادادەنرێت كـە كـیـانی كـۆنگرەكـە، وەزعی كـۆنگرەكـە، قـەبارەی ئەو شـتـانەی لێـی دەگـۆڕدرێت، خـەڵـكەكە بزانێت زۆربەی ئەو جوتیـارانە ئامـادەبوونە شـتـیـان گـۆڕیـوە نەك (ثلث) داوای كـردووە خـەڵـك ئامـادەبووەو شت گـۆڕان كـاری دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمــــد طاهر زين العـــابدين:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئەگەر سەیرێکی خاڵی سێی ماددەی (٢١) بکەن، دەڵێ: (ويعتبر النصاب كاملاً في هذه الحالة بحضور ثلث الآعضاء) کاتێ کە لە کاتی شکاتی ئاسایی بە سێیەک بێت لەکاتی ئیستثنائی چاکترە بە سێیەک بێگومان.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

خۆی ئاخر جیاوازی هەیە، یەکەم: هەر سێ ساڵ جارێک کۆنگریەکی ئاسایی دەکرێت، دەبێ ئەم کۆنگرەیە بکرێت تاکو گۆڕانکاری بکات و، پێویستە ئەندامەکان تێیدا ئامادەبن کە ئامادە نەبوون بۆ جاری دووەم دوادەخرێت جاری دووەم کە سێیەک کۆبـنەوە ئەوا کۆنگرەکە دەبەستن ئەوە پێویستە، ئەوی تریان ئیستثنائیيە کارێکی بەپەلە هەتۆتە پێشەوە، کاری بەپەلە بێگومان داوای شتێکی گەورە دەکات ئایا بە کەمترین داوای شتی گەورە دەکرێت یان بە زۆرینە، شتی گەورە پێویستە بە زۆرینە داوا بکرێت، کۆنگرەیەکی ئیستثنائی شتێکی گەورەیە جا ئەو کاتە ئەم کۆنگرە ئیستثنائییە ئیعلان دەکرێت و هەڵبژاردنی بۆ دەکرێت، لەوانەیە ئەوکاتە هەموو ئەندامەکانی ئامادە نەبن سێیەکی ئامادە بێت، مانای دوو شتی جیاوازن لەم لایەنەوە ئەگەر هەر سوورن لەسەر رەئیەکەتان ئەیدەینە دەنگدان؟ باشە، سوپاس. جا تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بـەڕێـز حــــــــسين علـی کـــــمــــــال:**

المادة الثالثة والعشرون:

يجوز عقد مؤتمر أستثنائي في الحالات التالية:

١- بقرار مسبب يصدر من قبل أكثرية أعضاء المكتب التنفيذي.

٢- بطلب تحريري مسبب يقدمه ثلثا أعضاء المؤتمر الى المكتب التنفيذي وعلى المكتب في هذه الحالة إصدار نداء لعقد المؤتمر خلال (١٥) يوماً من تأريخ تقديم الطلب.

٣- تصدر قرارات المؤتمر بأكثرية الأصوات.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٣) بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.......زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە .......زۆر سوپاس، ماددەی (٢٣) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (٢٤) تکایە.

**بـەڕێـز حــــــــسين علـی کـــــمــــــال:**

المادة الرابعة والعشرون:

للرئيس الصلاحيات التالية:

١ـ رئاسة اجتماعات المكتب التنفيذي.

٢ـ تمثيل الاتحاد لدى المؤسسات القضائية و الادارية والدوائر والهيئات الرسمية وشبه الرسمية. وتصديق المعاملات والوثائق الخاصة بالاتحاد وله أن يمنح بعضاً من صلاحياته لأي عضو من أعضاء المكتب.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تكایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٢٠) خاڵی (٩ـ إعداد الموازنة المالية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات النهائية.) بۆیە پێویستە لە بڕگە سێ هەمان شت زیادبكرێت (إعداد الموازنة و الحسابات الختامية بالاشتراك مع رؤساء الفروع في المحافظات)، بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن. یان (بالاشتراك مع المسؤل المالي) چونكە بەرپرسی دارایش گفتوگۆی لەسەر كرا، دەسەڵاتی سەرۆك لەگەڵ سەرۆكی بەشەكان یان لەگەڵ بەرپرسی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەگەڵ هەردووكیان (إعداد الموازنة و الحسابات الختامية بالاشتراك مع المسؤل المالي ورؤساء الفروع في المحافظات)، رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

با دابنرێت لاریمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی كشتوكاڵ؟.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەو بۆچونانەین كە ئێستا هەردوو بەڕێزان كاكەرەش و كاك جەمیل دەریان بری، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵام (إعداد الموازنه...) دەبێت بە دووەم وانییە؟ سێیەم (تمثيل الاتحاد)، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینییان هەیە، فەرموو.

**بەڕێزد.ناصح غـــــفـــــور رمـــــضـــــان:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم سەرۆکی داد چ پەیوەندی بە بابەتی ئامادەکردنی بوودجە هەیە ئەوە ئیش وکاری پرۆژەی جێبەجێکردنە، لە هیچ یەکێتیەکەوە نەهاتووە چونکە ئامادەکردنی بوودجە سەرۆکی یەکێتی بیکات یان سەرۆکی نەقابە بیکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ بەم شێوەیە چارە بکرێت، هی مەکتەبی تەنفیزی بڕیاردرا، تەصدیقی بوودجەی دارایی ژمێریاری کۆتاییە لەبەر ئەوە بۆشایی پەیدا بووە ئەم بۆشایە لێرە دەبێت چاکی کەین، ئەوە پێویستە ئێستا ئەگینا بۆشاییە ئەو تەنها تەصدیقی بۆ ماوەتەوە مەکتەبی تەنفیزی، ئیعدادەکەمان لێ لابرد بە دەنگدان لامان برد، لەوانەیە لە جێگای خۆی نەبێت بەلام بڕیاردرا ڕۆشت ئەوا دەبێ کۆنگرەیەک بکەن خۆیان داوا بکەن چاک بکرێت، بەکرداریش هەمان شت دەکات سەرۆک و بەرپرسی دارایی و سەرۆکی بەشەکان ئەگەر بیان ژمێرن و مەکتەبی تەنفیزیش کۆبوونەوەیەک بکەن موصادەقە دەکەن، هەمان شت دەکات، فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

(إعداد الموازنة المالية بالاشتراك مع رؤساء الفروع وعرضها على مكتب).

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

(عرض)ی ناوێت ئەو موصادەقەی دەکات جێگیرە، جا تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز حـسین علی کـمـال:**

المادة الرابعة والعشرون:

للرئيس الصلاحيات التالية:

١ـ رئاسة اجتماعات المكتب التنفيذي.

٢ـ تمثيل الاتحاد لدى المؤسسات القضائية و الادارية والدوائر والهيئات الرسمية وشبه الرسمية. وتصديق المعاملات والوثائق الخاصة بالاتحاد وله أن يمنح بعضاً من صلاحياته لأي عضو من أعضاء المكتب.

٣ـ إعداد الموازنة و الحسابات الختامية بالاشتراك مع المسؤل المالي ورؤساء الفروع في المحافظات.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٤) بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە...زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان

بەرز کەنەوە ... زۆر سوپاس، ماددەی (٢٤) بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (٢٥) تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

الفصل الرابع

مالية الأتحاد

المادة الخامسة والعشرون:

تتكون مالية الاتحاد من:

١ـ رسوم الانتماء والاشتراكات السنوية.

٢ـ الهبات المقدمة الى الاتحاد من قبل الجهات الرسمية وشبه الرسمية.

٣ـ الاكتتاب والتبرعات المقدمة من قبل أعضاء الاتحاد وغيرهم بعد استحصال الموافقات الاصولية من الجهات المختصة.

٤ـ أرباح المشاريع التي يقيمها الاتحاد.

٥ـ أرباح مطبوعات الاتحاد.

٦ـ الاجور المقررة من قبل الاتحاد والتي تستحصل لقاء دخول الاتحاد في مهام المصالحة.

٧ـ رسوم تأييد الكفالة المالية للاعضاء في معاملات الكفالات والعقود المبرمة بين الاعضاء كطرف وتستوفى بنسبة (١٪) من المبالغ المقررة في العقد أو الكفالة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە بڕگە شەش لاببردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر بڕگە سێ هەیە (الاکتتاب) پشتی تێبینی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان (الاکتتاب) لێرە (جمع التبرعات)ە، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە؟.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لابردنی بڕگە شەشاین ئەوە لە کاروباری کۆمەڵایەتی دەچێت زیاتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هۆی لابردنی خاڵی شەشەم چییە؟ لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەسەلەیە لەوانەیە گەلێ فراوانتر بێت لەوەی کە وەیە، هەروەها وەکو برادەرانی لیژنەی کشتوکاڵیش گوتیان زیاتر کاروباری کۆمەڵایەتییە، بۆیە پێویست نییە یەکێتی جوتیاران بچێتە ناو ئەو گرینگییە رسوم لە خەڵک وەربگرێت بە بەرامبەر ئەوەی دەترسێین ئیستیغلال بکرێت هەندێ کاروبار هەیە لەوانەیە دوایێ مەسائلی بە سلبی بگەڕێتەوە سەر یەکێتییەکە داوای پارە بکەن لە خەڵک، فلان ئیشت بۆ دەکەم فلان شتت بۆ دەکەم ئەوە برەک مەعقول نییە یەکێتی بەم ئیشە هەڵبستێ بۆیە بەرای ئێمە لاببردرێت باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی حەوت نازانم زۆر روون نییە دوایی (١٪) زۆر زۆرە ئەگەر کەفالەتێک بە (١٠٠) هەزار بێت یان بە نیو ملیۆن دیناری لەو کەفالەی (١٪)ی بداتن ئاخر لەبەر چ، پێویستە مەبلەغێکی دیاریکراو بێت نەک بە نیسبە ئەو رسومەی کە دەیدات، دەڵێ تەئیدی کەفالە دوایی عەقد تێکەڵی کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای جەمعیات ژمارە (١٨)ساڵی ١٩٩٣ کە لە پەرلەمان دەرچووە لەماددە (١١) دەڵێت: (على كل الجمعيات وفروعه أن تمسك السجلات المبينة أدناه على أن تكون مصدقة من الكاتب العدل: سجل الاعضاء، سجل القرارات، سجل الحسابات، سجل الأموال) ئەم سجلانە دەبێ

هەموو تەصدیق بکرێن لە کاتب عدل، ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئەوەمان هاتە بیر بەڵام نەمان نوسیوە لە پێشنیارەکانمان، ئێستا هاتە بیرمان ئەگەر پێوەی بلکێنن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەم یاسایە کاری پێناکرێت لەسەر هەموو جەمعیات و یەکێتییەکان؟.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، ئەوە ئیشی داراییە دەبێت تۆمار بکرێت، باشە خۆی یەکێتی ئەموالی مەنقولەو غیر مەنقولەی هەیە باشە دەبێ سجلەک هەبێت ئەمانەی تێدا تۆمار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە بڕگەی دوو (الهبات) هاتووە، (هبات) تەبعەن لە لایەنی رەسمی نییە (المنح) لە لایەنی رەسمییە، (هبات) عادەتەن لە ئەشخاصە جا بڕگە دوو غەڵەت هاتووە (هبات) نابێت لە لایەنی رەسمی بێت، دەبێت بکرێت بە (المنح المقدمة من الجهات الرسمية والهبات المقدمة من الجهات الاخرى بعد موافقة الجهات الرسمية) مانای (هبات) چارەسەر دەکرێت هەروەها(منح)یش ناوی نەهاتووە، پێم وایە باشترە لە بڕگە یەکیش بلێین: (بدلات الانتماء) لە جێگای (رسوم الانتماء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای کاک جەمیل چییە لەسەر (هبات) و (منح).

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی کاک ئیبراهیم لە جێگای خۆی دایە دەتوانین لە جێگای وشەی (هبات) بیبێتە (المنح المقدمة للأتحاد من قبل الجهات الرسمية وشبه الرسمية) جیاوازی نییە چونکە دوور نییە زۆر جار فەرمانگەی کشتوکاڵیش شتەکی دەکاتە هەدییە، شەرت نییە تەنها هاوڵاتییان، بەڵام چاکترە چونکە وەزارەتی دارایی زۆربەی (منح) دەداتن، بکرێتە (المنح والهبات) یان وشەی (المنح) لە جێگای دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بیبێتە (المنح والهبات) بۆ ئەوەی هەردووکی بگرێتەوە، تێبینییەکەی کاک سەعید ئەگەر بە

پەسەند دەزانن زەرەری نییە ئەگەر تێیدا بێت، جا پرسیارەکەمان ئەوەیە ئەگەر کاک شێروان جوابمان بداتەوە، هەموو ڕێکخراو پەیوەندیان نییە بەم یاسایە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕێکخراوەی یاسای هەیە دەبێت لە یاسایەکەی ئیش بکات، ئەو ڕێکخراوەی یاسای نییە دەبێ بگەڕێتەوە سەر یاسایەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام بیخوێنەوە ئەوەش زیاد بکە؟ ماددەکە هەموو بخوێنەوە، تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

الفصل الرابع

مالية الإتحاد

المادة الخامسة والعشرون:

١- تتكون مالية الاتحاد من:

١- رسوم الانتماء والاشتراكات السنوية.

٢- المنح والهبات المقدمة الى الاتحاد من قبل الجهات الرسمية وشبه الرسمية.

٣- الاكتتاب والتبرعات المقدمة من قبل أعضاء الاتحاد وغيرهم بعد استحصال الموافقات الاصولية من الجهات المختصة.

٤- أرباح المشاريع التي يقيمها الاتحاد.

٥- أرباح مطبوعات الاتحاد.

٦- الاجور المقررة من قبل الاتحاد والتي تستحصل لقاء دخول الاتحاد في مهام المصالحة.

٧- رسوم تأييد الكفالة المالية للاعضاء في معاملات الكفالات والعقود المبرمة بين الاعضاء كطرف وتستوفى الرسوم بنسبة (١٪) من المبالغ المقررة في العقد أو الكفالة.

٢- على الأتحاد مسك السجلات المالية الواردة في قانون الجمعيات النافذة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی یاسایی؟ وکە شەرحیان کرد کە مەسەلە واجبی کۆمەڵایەتییەو مەشاکلی زۆری لە دوایە کە خاڵی شەشەم لاببردرێت، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسەند دەکەن کە خاڵی شەشەم لاببردرێت دەستیان بەرز کەنەوە....زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە دەیانەوێ خاڵی شەشەم بمێنێتەوە دەستیان بەرز کەنەوە....زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ خاڵی شەشەم ڕەش کرایەوە، ئێستا هەموو ماددەی (٢٥) دەخەینە دەنگ دانەوە بەبێ خاڵی شەش و، زیاد کردنی برگەی دوو لەسەر یاساکە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٥) بەم

شێوەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە......زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە .......زۆر سوپاس بەگشتی دەنگ وەرگیرا بەگۆرانکاریەوە، ماددەی (٢٦) تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة السادسة والعشرون:

لايعمل بأي نص يتعارض أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان هیچ تێبینییان هەیە؟ فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محمد سعید أحمد يعقوبي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاتی هەر جەمعیەک هات ماددەیەکی تێدا نەبوو، یاسای جەمعیات بەنیسبەتە وی یاسایەکی گشتییە بۆیە لێرە ئەگەر بڵێین: (لايعمل بأي نص يتعارض أحكام هذا القانون.) مانای وایە ئێمە ئیش بە یاسا نایکەین من چ دەڵێم ئەگەر مەجال هەیە ئەوە زیاد بکرێت.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بۆچونەی کاک سەعید وانییە ئەگەر دوو دەق هەبێت هاودژی یەک بن یەکێک لە یاسای جەمعیات هەبێت یەکێکیش لێرە هەبێت بەوە وەر دەگیرێت بەوی وەرناگیرێت، دەق نەبێت و هاودژ نەبن یاسایەکی ئاساییە و کارپێکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٦) بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە......زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە .......زۆر سوپاس بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (٢٧) تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة السابعة والعشرون:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ دیارە نییە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٧) بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە......زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە

پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە .......زۆر سوپاس بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (٢٨) تکایە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

المادة الثامنة والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ دیارە نییە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٨) بەم شێوەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە......زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە .......زۆر سوپاس بەگشتی دەنگ وەرگیرا، تکایە (الأسباب الموجبة) بخوێنەوە.

**بەڕێز حسین علی کمال:**

الاسباب الموجبة

حيث أن المجتمع الكوردستاني يعتبر مجتمعاً زراعياً نظراً لوجود أراضي شاسعة خصبة ولأمتهان معظم سكان الاقليم الزراعة كمهنة رئيسية ولأهتمام القيادة السياسية ومجلس وزراء الاقليم بهذه الشريحة التي كان لها الدور الأساس في نضال شعبنا من أجل تحقيق أهدافه المشروعة الوطنية والقومية ولاسيما أبان ثورة أيلول التحريرية العظمى والعمل على إيجاد الصيغة القانونية لتنظيم يخدم أماني وتطلعات جماهير الفلاحين في كوردستان من الناحية السياسية والاقتصادية والاجتماعية وإيجاد السبل الكفيلة لتحقيق أمانيهم المشروعة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە هەندێ تێبینیمان هەیە لەسەر (الاسباب الموجبە) پێمان باشە چاک بکرێت، کۆمەڵگای کوردستانی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی نییە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگاکەمان بە کشتوکاڵ سەرقاڵە، زۆربەی دانیشتوان کاریان کشتوکاڵ نییە، بەپێ سەرژمێری نەتەوە یەگرتووەکان و سەرژمێری تازە، خەڵکێکی زۆر ، بەشێکی گەورە بە کشتوکاڵ سەرقاڵن بەم شێوەیە چاکبکرێتەوە وردتر دەبێت. ئەگەر تێبینیتان نەبێت خۆتان (حيث أن المجتمع الكوردستاني يعتبر مجتمعاً زراعياً) ئەوە لادەبەین،

الاسباب الموجبة

نظراً لوجود أراضي شاسعة خصبة ولأمتهان شريحة واسعة من سكان الاقليم الزراعة كمهنة رئيسية ولأهتمام القيادة السياسية ومجلس وزراء الاقليم بهذه الشريحة التي كان لها الدور الأساس في نضال شعبنا من أجل تحقيق أهدافه المشروعة الوطنية والقومية ولاسيما أبان ثورة

أيلول التحريرية العظمى والعمل على إيجاد الصيغة القانونية لتنظيم يخدم أماني وتطلعات جماهير الفلاحين في كوردستان من الناحية السياسية والاقتصادية والاجتماعية وإيجاد السبل الكفيلة لتحقيق أمانيهم المشروعة فقد شرع هذا القانون.

بەڕێزان ئێستا هەموو ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە......زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە هەموو یاساکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە .......زۆر سوپاس هەموو یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس. بڕگەی دووەمی کاروباری ئەمڕۆمان : (خستنەروو گفتوگۆ کردنە لەسەر پڕۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە) بۆ ئەم مەبەستە هەر چوار بەڕێز لە جێگای خۆیان بمێننەوە چونکە ئەویش هەمان بابەتە تەقریبەن، تکایە پڕۆژەکە بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شـــــیـــــروان ناصح حـــــیـــــدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان/العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار: / / ٢٠٠١

**( قرار)**

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المتعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ اصدار القانون الآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠**

**قانون الغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية**

المادة الاولى:

يلغى الجمعيات الفلاحية التعاونية في اقليم كوردستان.

المادة الثانية:

تؤول كافة الاموال المنقولة وغير المنقولة للجمعيات الفلاحية التعاونية الى وزارة الزراعة والري لاقليم كوردستان العراق وتسجل باسمها.

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون .

المادة الرابعة :
على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون .
المادة الخامسة:
ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی هەموومان ئاراستەی لیژنەکان کردووەو رای خۆیان نوسیوە لەسەری، جا رەئیان هەبێت لیژنەی کۆن وەختی خۆی ئەتوانن رای خۆیان پێشکەش بکەن، مانای کاک ئەمین ئەتوانێ ئەگەر ویستی ئەم بابەتە تۆزێک کۆن ترە، بەناوی لیژنە کۆنەکە وەختی خۆی رەئیتان دەربریووە ئەگەر پێویستی کرد دەتوانی رەئیەکە بخوێنییەوە، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە بەگشتی، فەرموو کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کاتی خۆی لە ئەنجومەنیش باسمان کردووە دیارە چەند هەزار خێزان لەسەر ئەم جەمعیییاتە دەژین لە ناوچەی قوشتەپە کە دەواجینە لە ناوچەی قوشتەپە مەزارعەو حقولەو بیری ئاوە هەروەها تا دەگاتە دیانە، دیارە برادەرانی لیژنەی کشتوکاڵ بە دیقەت ئەو شتە جارێ گەواڵەی پێدەوێ، مانای لە وەزارەتی کشتوکاڵ یان ئەنجومەنی وەزیران وەربگرین چەند هەزار خێزان لەسەر ئەم شتانە دەژین ئەگەر تۆ دەستت بەسەرداگرت داتە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەو هەزاران خێزانانە چارەنوسیان چی دەبێت، ئەوانەی لەسەر ئەو دەواجینانە دەژین ئەوەی لەسەر ئەو زەویانە دەژین، کاتی خۆی قسەمان کرد دیارە فائیدەی نەبوو نازانم لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری ئەگەر ئێنزار کرابن مەعلوماتی دەقیقیان هەبێت بەرای من دوا بخرێت زیاتر ئەم بابەتە ئاگامان لێبێت نەکو ئەزمەی بۆ خۆمان دروست بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی لە کاتی ئەوها پێویستە وەزیری زراعە ئامادە بێت بۆ گفتوگۆکردن لەم بابەتە چونکە حەساسە هەر وەکو کاک یونادم فەرمووی، پێوەندی خەڵکێکی زۆر دەکات بۆیە پێویستە وەزیر ئامادە بێت بۆ ئەوەی پرسیارەکان جواب بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پڕۆژەیە ژلایەنێ حوکمەتی هەرێم وەزیری زراعە باش باشی دیراسەت کردووە پێش ئەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی بکات، زۆر گۆرانکاری یاسایی باش هاتۆتە دیراسەتکردن دوای ئەوە هاتووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دایە هەموو لیژنەکان، لیژنەی زراعی، لژنەی یاسایی، لیژنەی دارایی هەرلیژنەیەکیش باش باش موتابەعەی کردووە لە زراعەی گشتی هەولێر، زراعەی گشتی دهۆک، جەنابی وەزیر خۆی دیتی چ گرفت دروست نابێتن، چونکە ئەم کۆمەڵەیە هەر زەوی زەوی حوکمەتە هی وەزارەتی کشتوکاڵە، بە ناوی کۆمەڵە هەندێ کەس ئیسیتغلال بکەن یان هەر ئەساسەن ئیلغا بێت بەڵام هەندێ کەسی تر ئیستیغلالی کەن، ئەو یاسایەی کۆمەڵەی جوتیاران تەواوە لێرە ئەو یەکێتی جوتیاران بڕیاری پێ دەدات، ئەوەی لەسەر زەوی کاردەکات جوتیارە مانای هیچ گرفت پەیدا نابێت وئەگەر کەلوپەلی تری هەبێت کەلوپەلی گەورە کە بدرێتە وەزارەتی کشتوکاڵ چونکە نابێتن کەسێ یان دوو کەس ئیسیتغلالی بکرێت، چونکە زۆربەیان لە کۆمەڵە نەماون، کاتی دەژێیت هەر بڕیاری حوکمەتی ناوەندیش خۆی هاوبەشیەکەی ئیلغای کرد مانای تەنها تەعاون ماوە ئەویش هەندێ کەس ئیستغلالی کردووە، دەبێ هەموو جوتیار قازانج بکات نەک دوو سێ کەس وەزارەتیش بە پیلانێکی راست دابەشی سەر جوتیارانی بکات ئیسیتغلالێکی راست بۆ جوتیاران بکات بەرژەوەندی گشتی بێت وبەرهەمێکی باش بێنێتە دەست، لەبەر ئەوە ئەم پڕۆژەیە ئەنجومەنی وەزیران ناردی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی بەڕێزو، سەرۆکایەتی ئەنجومەنیش دایە لیژنەکان بۆ ئەوەی دیراسەت بکرێت، ئەوە نەک دوێنێ وپێرێ هاتبێت لەراستیدا پێش ساڵێک دەبێت هاتووە ولیژانی دروستی مەیدانی رابیت وچ گرفت دروست نابێت، هیوادارم سەرۆکی پەرلەمان دەرگای گفتوگۆ بکاتەوە ئەوە رای لیژنەی ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە گفتوگۆی زۆر لەسەر ناکەین چونکە دوو سێ هۆ هەیە وامان لێ دەکات کە لە راستیدا دوای بخەین، یەکەمیان ئەوە جەنابی وەزیر ئامادە نییە چونکە هەندێ پرسیاری راستەخۆ هەیە دەبێت لە وەزیری بکەین، بۆ ماوەیەکی زۆری دوا ناخەین بۆ هەفتەی ئایندەی دوا دەخەین، دوای دەخەین بۆ هەفتەی داهاتوو گفتوگۆشی لەسەر دەکەین و، زانیاریشیان ناردووە بۆ زانیاریت، ناردویانە چەند کۆمەڵەیە چەند هەزار خێزان نییە، کەلوپەلە ئەم کەلوپەلە یان تاکە کەس داگیری کردووە وەکو خێزانی کۆمەڵگا داگیریان نەکردووە وەکو تاکە کەس داگیریان کردووە وبەکەیفی خۆیان

هەڵسوکەوتی تێدا دەکەن ئەگەر لە ئەمانەتی حکومەت دابێت باشترە لەوەی لە ئەمانەتی تاکە کەس دابێت، بەڵام تا وەزیر نەیەت ناتوانین گفتوگۆی بکەین بۆیە ئەم دانیشتنە دوادەخەین بۆ دانیشتنی داهاتوومان لە کاتی دیاری کراو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢٧

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(١٩)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٧/١١/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٧/١١/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە نۆزدە)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە نۆزدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٧/١١/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن بۆ بەرچاو خستنی چالاکی وەزارەتەکەی و وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان عێراق.
٢ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بۆ بەرچاو خستنی چالاکی وەزارەتەکەی و وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان،بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێکهاتووە:
١ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن بۆ بەرچاو خستنی چالاکی وەزارەتەکەی و وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان عێراق.
٢ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بۆ بەرچاو خستنی چالاکی وەزارەتەکەی و وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان عێراق.
بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بەکاربین بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێزان وەزیری ئەشغال و وەزیری ئەوقاف و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم دەکەین کە لەم دانیشتنە ئامادەن، تکا لە بەڕێز نازەنین خان وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن دەکەم بفەرمێتە سەر سەکۆیەکە بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەی، فەرموو.

**بەڕێز نازنین محمد وسو/وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن.

پێخۆشحاڵم بە کورتی چالاکیەکانی وەزارەت لە ماوەی دوو ساڵی رابردووی کابینەی چواری حکومەتی هەرێمی کوردستان بخەمە روو. ئیش و کاری وەزارەت ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

یەکەم: رێگاوبانی سەرەکی.

دووەم: بیناسازی گشتی.

سێیەم: نیشتەجێ کردن.

یەکەم رێگاوبانی سەرەکی: ئەرکی وەزارەت لەم بوارەدا بریتیە لە:

ـ دروست کردنی رێگای تازە و چاکردنەوەی رێگا کۆنەکان.

ـ دروست کردنی پردی تازە و چاکردنەوەی پردە کۆنەکان.

ـ پاراستن و چاودێری کردنی رێگاکان و پردەکان.

ـ بەفر راماڵین و کردنەوەی رێگاکان لە وەرزی زستان.

کارکردن لەم بوارەدا هەموو قۆناغەکانی کار دەگرێتەوە هەر لە رووپێوکردن و دانانی نەخشە هەتا جێبەجێکردنی پرۆژەکان و بەکۆتایی هێنانی. ئاشکراشە کە ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە پابەندە بە چەند فاکتەرێک کە گرنگترینیان بوونی ژمارەیەکی چاک لە ئامێری قورسی جۆراوجۆر و کارگەکانی قیر و بەردشکێن....بۆ ئەم مەبەستەش بایەخێکی ئەوتۆمان داوە بە چاککردنەوە و تەواوکردنی کەم وکووڕی ئامێر و کارگەکان..... ژمارەی ئەم ئامێرانەی کە چاککراونەتەوە لەم ماوەیەدا (٣٦٣) ئامێری قورسی جۆراوجۆر وەکو بیلدۆزەر و گریدەر و شۆفەڵ وهی تر... کە لەم ئامێرانە (٨٢) ئامێر بەسیکرابی تەواو دەژمێردرا و لە پێش دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارکەوتبوون، هەروەها (١٥) کارگەی بەردشکێن و (١١) کارگەی قیر چاککراوەتەوە هەندێک لەم کارگانە سکراب بوون و کەم وکوریەکی یەک جار زۆریان هەبوو بۆ نمونە کارگەی قیری سۆران کە پێشتر بریتی بوو لە چەند پارچە ئاسنێکی سکراب لە سەر زەوی کەوتبوو لە وەرشەی کەسنزان... بە هەوڵ وتەقەلای تەکنیکیانی وەزارەت کەم وکوریەکانی تەواو کرا ودامەزرا لە سۆران هەتا ئێستا چەندین پرۆژەی گرنگی پێ ئەنجام دراوە لە ناوچەکە کەیەکێکیان رێگای دوو سایدی حاجی ئۆمەران و سنووری ئێران، هەروەها کارگەی قیری گرزنگل لە دهۆک کە لەم رۆژانە دەکەوێتە کار.

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە توانرا چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجام بدرێت کە پێویستیان بەم ئامێرانە هەبوو وبەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: پرۆژەکانی رێگا سەرەکیەکان:

ا ـ دروستکردنی رێگا بە درێژی ٢٥٠ کم.

ب ـ چاککردنەوەی ڕێگا بە درێژی ٦٠٠ کم.
ج ـ قیرتاوکردنی ڕێگا بە درێژی ٣٠٠ کم.
ڕووبەری قیرتاوکردن کە لەلایەن وەزارەت ئەنجام دراوە دەگاتە (٥٠٠٠٠٠٠) مەتر دووجا، بەرهەمی کارگەکانی قیری وەزارەت (٦٠٠٠٠٠) تەن قیر بوو، ژمارەی پرۆژەکانی ڕێگاوبان کە ئەنجام دراون (١٥٢) پرۆژەیە بۆ نمونە ناوی هەندێکیان دەهێنینەوە:
پرۆژەی دوو سایدی هەولێر و سەلاحەدین، پرۆژەی ڕێگای پیرەفات و شێروان مەزن، پرۆژەی ڕێگای گرشین و دێرەبین، پرۆژەکانی هەڵمەتی جوانکاری و پەرەپێدانی شاری هەولێر. شایەنی باسە زۆربەی ئەو ڕێگایانە لە ناوچەی شاخاوین کارکردن لێی زۆر زەحمەت بوو بۆ دروست کردنیان سەدان هەزار مەتر سێجا تەقینەوە ئەنجام دراوە.
دووەم پردەکان:
ژمارەی ئەو پردانەی کە دروستکراون دوو پردە، ژمارەی ئەو پردانەی کە فراوان کراونەتەوە دوو پردە، ژمارەی ئەو پردانەی کە چاککراونەتەوە (١٢) پردە، ژمارەی ئەو پردانەی کە لە ژێر ئەنجامدان یەک پردە. چەند پردێک بە نمونە دەهێنینەوە: (پردی سپێندار، پردی جودی لە سنووری شاری دهۆک، پردی بەستۆرە کە لەژێر ئەنجام دایە).
سێیەم: دروست کردنی چەندین چاڵە قیری قەبارە جۆراوجۆر بۆ عەمبارکردنی قیری شل کە ژمارەیان دەگاتە (١٠) چاڵە قیر وتوانای عەمبارکردنی قیر لەم (١٠) چاڵە دەگاتە (١٤٠٠٠٠) سەدو چل هەزار تەن قیر، ئەمەش زامنی خەزینێکی ستراتیجی چاکمانکرد لەم کەرستە گرنگە لە هەرێم کە پێداویستی وەزارەتی تریش کە پێویستی بە قیر هەیە دابین دەکات.
چوارەم: بەفر ڕامالین: کە ئەرکێکی سەرەکی وەزارەتە بۆ ئەم مەبەستەش ساڵانە لە وەرزی زستان چەندین تیمی بەفر ڕامالین پێک دەهێنرێت کە ژمارەیان (١٢) تیمە لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک هەر تیمێک لێپسراویەتی ناوچەیەک وەردەگرێت ئەرکی ئەم تیمانە بەفر ڕاماڵینە لە ڕێگا سەرەکیەکان جگە لە پاککردنەوەی ڕێگایەکان لە خۆڵی دارماو وکردنەوەی ئاوبەرەگیراوەکان و جۆگەڵەی تەنیشت.
پێنجەم: نیشانەکانی هاتووچۆ و هێلکاری کردن:
لەبەر گرینگی ئەم بابەتە لە بواری ڕێگاوبان دەستمان پێ کردووەو هەنگاوی باشمان ناوە ئەوەی ئەنجام دراوە هەتا ئێستا لەم بارەیەوە:
دانانی (١١٠٠) دانە نیشانەی هاتوچۆ لەسەر ڕێگا سەرەکیەکان، هێلکاری کردنی (٢٠٠)کم ڕێگا. پلانیش دارێژراوە بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە بۆ هەموو ڕێگا سەرەکیەکان لە داهاتوێکی نزیک، ئەمەش سەرەڕای سوودی هەیە بۆ کەم کردنەوەی کارەساتی ئۆتۆمبێل، تارادەیەکی چاکیش ڕووخسارێکی شارستانی و جوانیش دەبەخشێت بە ڕێگایەکان.
دووەم بوار: بیناسازیی گشتی:

واته ئەنجام دانی پرۆژەکانی دروست کردنی بیناياتی گشتی لەناو شارو شارۆچکەکان کە قۆناغەکانی نەخشەکێشان و جێبەجێکردن دەگرێتەوە. کە بەتازەترین بەرنامەکانی کۆمپیوتەر نەخشەکان دەکێشرێن و بەپێی رێنمایەکانی ئەندازەیی هاوچەرخ ئەنجام دەدرێت. ژمارەی ئەو نەخشانەی کە ئامادە کراوە لەم ماوەیەدا (٣٨) نەخشەیە کە لەلایەن بەشی نەخشەکێشان و دیراسات لە وەزارەت ئەنجام دراوە... شایەنی باسە ئەم بەشەمان پارساڵ کردەوە و ئێستا ئەرکی نەخشەکێشانی هەموو بیناياتی دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی لە ئەستۆیە... وبەشێوازێکی زانستی و تەکنیکی هاوچەرخ کارەکان ئەنجام دەدرێت هەندێک لەم نەخشانە بە نمونە دەهێنینەوە:

ـ نەخشەی باڵەخانەی کۆری زانیاری کورد.

ـ نەخشەی کۆمەڵگای وەزارەتی شارەوانی.

ـ نەخشەی کۆمەڵگای حاجی ئۆمەران لەسەر سنووری ئیران.

تەنها تێبینییەک لەسەر ئەم نەخشانە، تەبعەن ئەم نەخشانە تەنها تەصمیمی معماری نەکراوە تەصمیمی تەواون تەبعەن نەخشەی هەر پرۆژەک بریتییە لە (١٠٠) شیت، مانای لە دانانی بەردی بناغەوە تا کۆتایی پێ دێت تەفاصیلی هەموو لەگەڵە، معماری، ئینشائی، میکانیکی، کهربائی. ئەم پرۆژانەی کە ئەنجام دراون لەم بوارەدا هەتا ئێستا (٧) پرۆژەیە، ئەوەی لەژێر ئەنجامدانە (٥) پرۆژەیە.

سێیەم: نیشتەجێکردن:

لەبەر ئەوەی نیشتەجێکردن یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم وەزارەتە، وهەروەها نیشتەجێکردن گرفتێکی گەورەی هاولاتیانە لە هەرێم، بیر لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کراوەتەوە وکاری جددی بۆ کراوە چ سوود وەرگرتن لە بڕیاری (٩٨٦) کە دواتر باسی لێوە دەکەین و چ بە هاوکاری حکومەتی هەرێم، ئەوەی شایەنی باسە کە سەرۆکی حکومەت بەڕێز کاک نێچرڤان بارزانی بایەخێکی ئەوتۆ بەم مەسەلەیە دەدات و هاندەرو پاڵپشتمانە بۆ چارەسەری کێشەکە.

بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەت هەنگاوەکانی سەرەتایی دەست پێ کردووە بۆ دروست کردنی خانوو لەسەر شێوەی باڵەخانەی فرە نهۆمی بە شێوازی شارۆچکەی هاوچەرخ کە لەلایەن کەرتی تایبەت ئەنجام بدرێت بە بەشداری حکومەتی هەرێم بە دانانی زەوی بە خۆرایی و پێشکەش کردنی هەموو جۆرە خزمەت گوزاریەک لە قوتابخانەو شەقام و ئاو وئاوەرۆ و باخچەی منداڵان و بازاری هاوچەرخ.....هتد.

ئەم هەنگاوەش بە هەڵسانی وەزارەت بە ڕوپێوێکی نمونەیی دەستی پێ کرد کە لەشاری هەولێر ئەنجام درا بە مەبەستی را وەرگرتنی هاولاتیان بۆ شێوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەو رادەی پشتگیریان لە پرۆژەکە. لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە دەرکەوت کە زیاتر لە (٩٥٪) هاولاتیان پشتگیری پرۆژەکە دەکەن، (٨٦٪) هاولاتیان ئارەزووی نیشتەجێبوونیان هەیە لەم باڵەخانە فرە نهۆمیيانە. هەروەها نەخشەی ئەم شارۆچکە هاوچەرخە ونەخشەی هەموو خانووەکان ئامادەیە.

ئومێدەوارین کە لە ئایندەیەکی نزیک دەست بکرێت بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە. هەر لە بواری نیشتەجێکردن وەزارەت:

ـ ( ۱۰۰ ) خانووی بۆ ئاوارەکان لە کەسنەزان بە ئەنجام گەیاندووە.

ـ ( ۲۰۰ ) خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان لە هەولێر، لەم رۆژانە بە ئەنجام دەگات.

ـ ( ۵۰ ) خانوو بۆ خانەوادەی شەهیدان لە سۆران، پێش کۆتایی ساڵ بە ئەنجام دەگات.

روونکردنەوەیەک بۆ ئەم خانوانەی کە پرۆسەی نیشتەجێکردن بە تەمواینە دەستی پێ بکەین، بەراستی ئەوەی لە تەختیتی ئێمەیە خانوو دروست بکەین بۆ هاولاتیان بە شێوەی باڵەخانەی فرە نهۆمی (شقق) بەڵام بەشێوەی شارۆچکەیەکی هاوچەرخ هەر ئەوەی کە لە ولاتانی جیهانی و دەوروبەریشمان دەکرێت، مەبەستیشمان لە رووپێوەکە ئەوە بوو، رەنگە زۆر کەس دەپرسی ئێمە بۆ رای خەڵک وەردەگرین بۆ دروستکردنی باڵەخانەی فرە نهۆمی، راستە هەموو کەس پێویستی پێ هەیە رایەکە ئەوە نییە بەلام یەکەم جارە لە ولاتی ئێمە خانوو بەشێوەی فرە نهۆمی دروست دەکرێت ئێمەش بۆ هاولاتیان دروست دەکەین پێویستە رای ئەوانیش وەربگرین لەم بابەتە، هەروەها ئەم خانووانە دروست ناکرێن بۆ ئەوەی بەکرێ بدرێن بەڵکو دەفرۆشرێنە ئەو خەڵکە شێوە فرۆشتنەکە هەموو لە ئیستمارەی رووپێوەکە هەبوو، ئەگەر ئەم خەڵکە پشتگیری لەم شێوەیە نەکەن دەبوایە ئێمە شێوەی پرۆژەکە بگۆرین، جا مەبەستمان لە رووپێوکردنەکە ئەوە بوو زیاتر ئەویش خۆش بەختانە گەیشتینە ئەو ئەنجامە باشەی کە باسم کرد.

بەرێزان هەموو ئەو کارو پرۆژانەی کە باسمان کرد لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێم ئەنجام دراوە کۆی گشتی پارەی تێچوو ( ۰۰۰ ۰۰۰ ۱۷۷ ) دینارە.

پێش کۆتای هێنان بە راپۆرتەکە بە پێویستی دەزانین کە باسی بابەتێکی گرینگی تری بکەین کە وەزارەت مامەڵەی لەگەڵ دەکات ئەویش بریاری (۹۸٦)ە. کە بەداخەوە وەزارەت هەتا فێسی (۸) لێی بێ بەش بوو بەڵام لە سەرەتای فێسی (۸) کە پارساڵ دەستی پێ کردو دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانیمان قەناعەت بە (UN) بینین بۆ ئەنجام دانی پرۆژەکانی وەزارەت بەسوود وەرگرتن لەم بریارە کە ژمارەیەکی چاک لە پرۆژەی گەورەی رێگای سەرەکی و پردو دروستکردنی خانوو لە ناو شارەکان بۆ خەڵکی کەم دەرامەت دەگرێتەوە. ئێستا ئێمە لە قۆناغی ئامادەکردنی نەخشەینە بۆ پرۆژەکانی فێسی (۸) بەشێکی تەواو بووە و بەشەکەی تری لە تەواوبوون دایە. هەروەها بەرنامەیەکی رێک وپێک بۆ فێسەکانی (۹، ۱۰، ۱۱) دارێژراوە کە چەندین پرۆژەی گەورەو گرینگ دەگرێتە خۆی و هەروەها داواکردنی چەندین کارگەی قیر و کۆنکریت و کەرپوچ و چەندین ئامێری قورسی تر. ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە لە بەرنامەی (۹۸٦) بریتیە لە:

دروستکردنی خانوو لەناو شارەکان بۆ خەڵکی کەم دەرامەت ( ۲۹۵۰ ) خانوو، دروستکردنی رێگای تازە ( ۱۵ ) دانە، دروستکردنی رێگای تازە ( ۲۱ ) کم، چاککردن وفراوان کردن رێگا ( ٤٤۰ ) کم، دروستکردنی پرد ( ۹ ) پردە.

ژمارەی ئەم کارگەو ئامێرانەی کە داوامان کردووە:
کارگەی قیر (٤) دانە، کارگەی کۆنکرێت (٢) دانە، کارگەی کەرپوچ (٢) دانە، ئامێرەکان (١٩١) دانە.

پارەی تەرخان کراو بۆ ئەنجام دانی ئەم پرۆژانە (٨٠٠٠٠٠٠٠) هەشتا ملیۆن دۆلارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز نازەنین خان وەزیری ئەشغال و نیشتەجێکردن بۆ ئەو ڕاپۆرتەی کە روناکی خستە سەر کار و چالاکییەکانی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن، روونکردنەوەیەک پێش ئەوەی دەست بە پرسیارەکان بکەین، شێوەی دانیشتنەکەمان بەم شێوەیە دەبێت ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریان هەیە، پرسیارەکانیان ئاراستە دەکەن جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە پاشان مەجال دەدرێت ئەوانە پرسیاریان کردووە ئەگەر تەعقیبێکیان هەبێت، تەعقیبەکان بکەن و دوا وتاریش وەڵام دانەوە بۆ جەنابی وەزیر دەبێت و کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێت. بۆ ئاگاداریش جەنابی وەزیر دەتوانێ ئەگەر پرسیارێک زانیاری لەسەر نەبێت یان ژمارەی لەسەر نەبێت یان بە پەسەندی بزانێت ئێستا وەڵامی نەداتەوە بۆ دانیشتنەکی تر بهێڵێتەوە یان بە تەحریری وەڵامی بداتەوە ئەتوانێ بۆ تەقدیری خۆی بەجێی بهێڵێت، جەنابی وەزیر لە راستیدا ئەم فرسەتەی هەیە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پرسیاریان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناو نوسیان بکەین، ئەو ناوانە دەخوێنمەوە ئەو بەڕێزانەی ناویان نەنوسراو دەستیان بەرزکەنەوە تکایە، ناوەکان ئەم بەڕێزانەن: د.رزگار،د.ناصح، ئیبراهیم سەعید، د.ئیدریس، مەلا هادی، د.لطیف، فەوزیە خان، مەلا مەحمود، جلال خۆشناو، زەهرا حاجی، رەجەب شەعبان، ئەحمد عەلی، قەیس دیوالی، سەفەر محمد، فەرحان شەرەفانی. هەر ئەمانەن ناوەکان وادیارە، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئامادەبوونی و پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەی، دوو پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر ئەویش وەکو جەنابی وەزیر شارەزایە کە ڕێگای زاخۆ و دهۆک و هەولێر ڕێگایەکی سەرەکییە لە هەرێم بۆ چوونە دەرەوە و هاتن هەروەها ڕێگایەکی ئابوورییە بۆ هەرێمی کوردستان. لەم ڕێگایە هەندێ جێگای سروشتی هەیە وەکو گەلی عەلی بەگ ئەگەر جەنابی شارەزایە کە ئەم ڕێگایە دوو سێ کیلۆمەتر دەبێت، ئێمە دەڵێین ئەوە کۆسپێکە لە پێش ئۆتۆمبێلەکان تاکو پێکدادان زیاد بێت بۆ نمونە: تەنها بۆ سەرژمێریارییەکی سادە بۆ جەنابی وەزیر لە ماوەی مانگی نۆو دە بەنزیکەی (١٢ ـ ١٥) کارەسات رویداوە، وەرگەرانی ئۆتۆمبێل،

سوتانی ئۆتۆمبێل، پێکدادانی ئۆتۆمبێل بووە بێگومان ئەوە زەرەرێکی ئابووری گەورەیە سەرەرای ئەوەی کار دەکاتە سەر هاتووچۆش، لێرە پرسیاری من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئایە هەتا ئێستا چ چاکردنێک بۆ ئەم ڕێگایە کراوە؟ هەموو وەرزێکی ساڵ پێویستی بە بەشی چاکردن هەیە مانای گرێدەر بێت یان شۆفەڵ یان قەلآبە زائیدەن رەمل، بۆیە کارەسات زۆر دەبێت بەتایبەتی زستانان. پرسیاری من ئەوەیە هیچ کار لە ئارادایە کە جیاوازی هەبێت بۆ کەم کردنی کارەسات. پرسیاری دووەم: جەنابی وەزیر ئاگادارە کە قیرتاوکردنی شەقامی تاکو زاخۆ وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن هەڵسا پێی، بۆ نمونە شارعی تاخاسیماڵکا (٢٥٨٤٩٣٤) دینار لێ وەرگرتن، شەقامی ئاخاسەرهلدان (٥٤٨١٠٠) دینار لێ وەرگرتن،ئلتاخا نەخۆشخانە شەعبانی کە نەخۆشخانەیەکی سەرکی زاخۆیە (٤١٥٥٠٣) دینار، ئیلبایندا (٥٠٠٠) مەتر مورەبەعە، شتایگەر بۆ یاریگای زاخۆ و بۆ شارعی ئەکادیمی عەسکەری زاخۆ پارەی وی دەکاتە (٢٦٠) هەزار دینار، پرسیار ئەوەیە ئایە جەنابی وەزیر ئاگادارە بەوەی کە ئەم پرۆژانەی لا هەیە مانای نیوەی تەواو کردووە و نیوەی تەواو نەکردووە، کە موهەددەدە ئەمە جێبەجێ نەکرێت چونکە پرۆژە کامل نییە، یەک هی دووێ وەکو تیشکیش هەیە نازانم چەند جەنابی وەزیر ئاگادارە عەلائەساس تا مەبلەغێک ژ لێ بەرزەیە مانای مەبلەغێک ئەگەر بەم پارەش نازانم لێ بەرزەیە نازانم جەنابی وەزیر چ زانیاری لەسەر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک د.رزگار، نازەنین خان پرسیارەکان هەمووی بکرێت ئەوجا جەنابت جواب بدەرەوە، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتن و دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم، بۆخۆی فەرمووی وەزارەتەکەی وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردنە پرسیاری من لەبواری نیشتەجێکردن دایە، ئەو بیرۆکەی کە باسی کرد وابزانم بۆ هەزار خانووە لە دەورو بەری هەولێر کەی رووپێوکراوە و هەنگاوی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە ئایە هەنگاو نراوە یان نەنراوە. پرسیاری دووەم: ئەوەیە بۆچی هەوڵنادرێت یان هۆیەکان چین بۆ ئەوەی ئەم پرۆژانە نەخرێنە سەر بریاری (٩٨٦) چونکە لێرەدا نیشتەجێکردنە مانای هەر تەنها ئەشغال نییە نیشتەجێکردنە، نیشتەجێکردنیش مەسائلی ژیانی خەڵک دەگرێتەوە و دامەزراندنی خانوو بەرەیە ئایە ئەم بیرۆکە هەیە کە داوا بکرێت لەم مەجالەدا بریاری (٩٨٦) بگرێتەوە یان نا، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز د.ناصح، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەین، پێشەکی دەمەوێ ئاخافتنەکا حەقی بێژم، ئەمە ماوەیەکی دوور و درێژە کە ئێمە هاتووچوی ڕێگای هەولێر و دهۆک دەکین کە درێژییەکەی نزیکەی (٣٠٠)کم بۆمان دەرکەوتووە بەتایبەتی لەم پێنج ساڵەی دوایدا تاکو ئەمڕۆ کە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێکردن کە جێگای سوپاسیە بەردەوام فرقەی صیانەی لەسەر ڕێگاکان هەیە خەریکی چاکردنەوەی ڕێگاکانن بە ماندیبوونی وان ئێمە بە ئیسراحەت و خۆشی لەسەر ئەم ڕێگایانە هاتووچۆ دەکەین، ئێستا پرسیارەکانم دەکەم. هەموومان دەزانین کە تاقیگەی ئینشائی چەند ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە کاری پرۆژەی هەندەسی و ئەو کەرەسانەی کە بەکار دێن لە کاری هەندەسی دەبێ ئەو کارە و ئەو کەرەستانە لەژێر کۆنترۆلی تاقیگە بن، ئەگەر هاتوو لەژێر کۆنترۆلی تاقیگە بێت کارەکە بەگوێرەی مواسەفات دەردەچێت و بەنەوعیەتێکی باش دەردەچێت و تەمەنی درێژ دەبێت، چونکە ئەگەر نەمازج لە هەر برگەیەکی ئیش وەرگیرا چ فەشەلەک پەیدا بوو تاقیگە تەوصیە دەدات ئەو برگەیە یان لاببردرێت یان چارەسەر بکرێت جا لە کۆتایی نەوعیەتی ئیش جوان دەردەچێت، هەروەها بە بوونی تاقیگە جێبەجێکار مەجبور دەبێتن چ مقاول بێت یان جێبەجێکەری ڕاستەوخۆ بێت ئیشەکە بە دیقەت ئەنجام دەدات، زۆر پێویستە کە کەرەستەکان وەکو چیمەنتۆ و شیشی ئاسن ئەمانە ماوە ماوە بێنە فەحس کردن، چونکە دەزانین مەسادری ئەم جۆرە شتانە زۆر جێگانە ونموزەجمان هەیە لە زۆر جێگا لە مصر لە هیند، چەند جارە بینایات روخاون نەتیجەکەی دەرچووە مقاول غەشی کردووە چ ئاسنی بەگوێرەی مواصەفات تەواو نەبووە جەنابی وەزیر دەزانێت ئەگەر شروتی تەواو نەبێت دەچێت ئاسنێکی هەرزانتر دەکرێت کە کە شەدی کەمتر بێت پارەی کەمتری تێ دەچێت یان چیمەنتۆیەکی خراپ دەکرێت یان کەمی تێدەکات، بەڵام ئەگەر تاقیگە لەسەری بێت ناتوانێ ئەم جۆرە کارانە بکات هەتا ئێستا ئێمە لەم شتانە پارێزراوین بەڵام کە شت گران دەبێت لەوانەیە غەش بکرێت جا پێویستە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایە وەزارەت تا چ حەدێ تەنسیقی لەگەڵ تاقیگە کردووە بۆ ئەنجام دانی کارەکانی. پرسیاری ترم لەسەر تەئسیسی ڕێگا ، ڕازاندنی ڕێگا بە کوردی، برگەی زۆرە بەڵام ئەوەی پێویستە بۆ ئێمە ئەوەیە بە ڕای من سێ برگەیە، یەکێکیان تەختیتی ڕێگایە بەڕاستی ئێمە کە سەفەر لەم ڕێگایانە دەکەین ئەم تەختیتانە لە سنووری ڕێگا و ناوەڕاستی ڕێگا هەبێت، سنووری ڕێگا دیاری دەکات سایەق بە تایبەتی لە شەوان کە باران دەبارێت سنووری ڕێگا دیار نابێت بە واستەی ئەو تەختیتە ڕێگا دیار دەبێت وزۆر ڕێژەی کارەسات کەم دەبێت جگە لەمە جوانیەک دەدات بە ڕێگاکان دەبینین لە هەولێر بۆ بەستۆرە تا ئێستا تەختیت کراوە چەند ڕێکوپێک و جوانە بەتایبەتی کەوا سەیارەی تەختیتیان هەیە و بۆیاغیش هەیە نازانم بۆ پارچەکانی تریش بەتایبەتی ڕێگا سەرەکیەکان تەختیت ناکرێن، دووەم برگە ئەسیجەی وقائی

بەراستی لەم جێگایانە دادەنرێت کە دۆڵی لە تەنیشت بێت، یاخود ئەگەرکێرپێکی زۆر تیژ بێت یان لۆفەیەکی بەهێز بێت، دەبینین ئەو ئەسیجانە نین ئەوانەی کۆنیش لە ماوەکانی پێشوو لێیان کردۆتەوە، نازانم بۆچی ئەسیجەی وقائی ناهێنن ئەگەر نەشبێت و دەستیان نەکەوێت دەتوانن دیوار دابنێن کە بەرزیەکەی نزیکەی ٦٠ـ٧٠سم بێت تاکو سەیارە نەچێتە خوارەوە و رووداوی وامان زۆر دیوە بەتایبەتی لە نێوان کۆڕێ و شەقڵاوە ئەو نهاڵە چەند سەیارەیەکی تێدا چووەتە خوارەوە هەروەها ئەو مەسافەی ئەولای پردی قەندیل. کە باسی (گارێل)م کرد بەراستی لەو پارچە ڕێگایە کوتلەیەکی بەردینی هەیە لەسەر رێگا کە مرۆڤ دەگاتە ئەوێ ترسی بۆ دروست دەبێت نەوەکو ئەو کوتلە بەردینیە بێتە خوارەوە و بێگومان ئەو ماوەیە ئەگەر لانەبرێت رووداوێک دروست دەکات ئەمە هەشێکی ئیزافیە حەزدەکەین وەزارەت ئەم کارەش بکات ئەو کوتلە بەردینییە لاببات لۆفەکەش وا بەهێزە کە ناتوانین بە خێرایی خۆمان لێی نەجات بدەین.
سێیەم: تأسیسی ڕێگا بە نیشانەی ئاگاداری و ئیرشادی لەراستیدا وەزارەت ئیشەکی باشی کردووە لە دانانی ئەو نیشانانە و بەتایبەتی هی ئاگاداری (تحذيری)، ئیرشادی هێشتا دانەنراوە، بەڵام هی تحذيری دانراوە کەچی هاووڵاتیان هاوکاری وەزارەت ناکەن و زۆر شت تێبینی دەکەین لێی دەکەنەوەو دەیبەن.
پرسیاری سێیەمم کە دوا پرسیارە ئەوەیە کە ئێستا جیهان بەرەو تەخەسوس دەڕوات دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە وەزارەت هەیە (المديرية العامة للمباني) و (المديرية العامة للطرق والجسور) دەبینین مدیریە عامی مبانی ئیشی مبانیش دەکات و هەروەها ئیشی ڕێگاوبانیش (الطرق) دەکات پێم باشترە کە ئیشی ڕێگا بدرێتە (المديرية العامة للطرق) ئەو پێی هەستێت ئەو کادیرەی لەلای مدیریەی عامەی مبانییە مدیریاتی ئەشغال تابعینە بدرێتە مدیریەی (طرق) ئیشەکە بە ڕێکوپێکتری دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک ابراهیم سعید. بەڕێز د. ادریس هادی فەرمو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەخێرهاتنی گەرمی بەڕیز وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن دەکەین هەروەها سوپاسی ئەو راپۆرتە باشەی دەکەین، بەراستی دیارە ئیشی چاکیان کردووەو وەزارەتەکەشیان پرۆژەکانی زۆر گەورەن و هەروەها تەکالیفی زۆری دەوێت و ئامێری زۆری دەوێت پێخۆشحاڵم کە دەبیستم ئەوان لە فێسی هەشتەوە سێکتەرەکانی کە شمولی ئەو وەزارەتە دەکات داخلی بریاری ٩٨٦ بووە هەرچەندە وابزانم لە فێسی چوارەوە ئەوان داخل بوون لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تەنها پرد و پارچەی ئیحتیاتی پردەکانی دەکرد ئێستا دروست کردنی خانوو شت بەرفراوان بووەو بینایەو

پردو ڕێگا ئەوانەشی گرتۆتەوە.
من پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا بەدیاری کراوی چەند فیێس ئەوان وەک سێکتەرێکی تایبەت داخلی ئەو بڕیارە بووینەو چەند پارەی بۆ تەرخان کراوەو ڕێژەی چەندیشی جێبەجێ بووە واتا لەهەر فیێسەک چەندی بۆ دیاری کراوەو لەسەدا چەندی جێبەجێ بووە و ئایا کرینی قیر کە پارەیەکی زۆری دەوێت هەوڵ دراوە کە لەو بڕیارە بکڕدرێت؟ هەرچەندە لە حکومەتی عێراقی دەکڕدرێت کە لەوانەیە هەموو جارێک حکومەتی هەرێم بە مەلایین پارە تەرخان دەکات بۆ کڕینی، ئایا ئەو بینایە عەمودیانەی کە باسی کردن زمنی ئەو پڕۆژانەن کە لە بڕیاری ٩٨٦ دروست دەکرێت یاخود لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە؟.
دەربارەی جادەی سەرمەیدان لە شەقلاوە ئەوە مەوسمی زستان دەڕوات کەی تەواو دەبێت، چونکە خەڵک زۆر پرسیار دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز د. ادریس. تکا لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەم تۆزێک بە مورەکەزی پرسیارەکان بکەن، چونکە کاتەکە بۆئەوەیە کە پرسیار ئاراستە بکرێت بۆئەوەی بواریشمان هەبێت پڕۆگرامەکەمان بەتەواوی بەڕێوە ببەین بۆیە جارێکی تر تکاتان لێ دەکەم پرسیارەکانتان بە مورەکەزی بکەن، یانی بەو شێوەیە بیکەن کە د. ادریس کردی، سێ پرسیاری کرد لە کاتێکی زۆر کەم و دیارکراودا، ئەگەر بەو شێوەیە بیکەن جێگای تەقدیرە.
بەڕێز مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی جەنابی وەزیر دەکەین پرسیاری یەکەمم دەربارەی نیشتەجێیە لەسەر خزمەتگوزاری حساب دەکرێت ئەویش دکتۆر ناصح کردی.
پرسیاری دووەم: دەرباری ڕێگای هەولێر دهۆک ئەو ڕێگا نوێیەی کە دەکرێت و بەسەر زێدا دەڕوات بەچی گەیشتووەو، ئایا پردی بۆ دابین کراوەو، چ هەوڵی بۆ دراوە؟.
پرسیاری سێیەم: ڕێگای هەولێر ـ ئیفراز کە (٣٥ ـ ٣٧)کم هاتووچۆی چەند گوندێکی لەسەرە پێشووتر ئەم ڕێگایە بەرد ڕێژ کرابوو بۆ هاتووچۆی گوندەکان بۆ ناو هەولێر سەیارەکان بە ئاسایی دەردەچوون و ناوچەی بەرانەتی ناوچەیەکی زۆر قوڕاوییە کە باران ببارێت تارکتۆریش بە زەحمەت دەردەچێت ئێستا ئەو ڕێگایە مقاول ئیشی لەسەر دەکات قەدەغەکراوە ئوتۆمۆبێلی بەسەردا بڕوات، چونکە ئامادەکراوە بۆ قیرتاو کردن، لە تەنیشتی ڕێگایەکی تر کراوەتەوە جا ئەگەر باران ببارێت لەو ڕێگایە سەیارە دەرناچێت ئەگەر بەسەر ڕێگا کۆنەکەش دابڕوات ئیشەکە دوا دەکەوێت و مقاولیش قەبووڵ ناکات ئێوە چیتان کردووە بۆ دابین کردنی ڕێگا بۆ هاتووچۆ کردنی ئەو

گوندانه؟، سوپاس.

**بەڕێز نازەنین محمد وسو/ وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**

ببورە ڕێگای هەولێر ـ ئیفراز؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

بەڵێ هەولێر ئیفراز، ئەو ڕێگایەی کە ئێستا بۆ بادینان دەڕوات لە ناوچەی دهۆک ئەو ڕێیە بە کوێ دادەڕوات پشتی عەنکاوە دەردەچێت تا ئیستا کراوە ٣٥کلیۆمەترە.

**بەڕێز نازەنین محمد وسو/ وەزیری ئەشغال:**

مەبەستت ڕێگای عەنکاوە ئیفرازە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

بەڵێ عەنکاوە ـ ئیفراز ڕووبەرەکەی (٣٥کم یان ٣٧کم)ە کاتی خۆی بەرد ڕێژ کراوە ئوتومبێلەکان هاتووچۆیان دەکرد ئیعتیادی بوو، ئێستا ئەگەر باران ببارێت لەو مەنتیقەیە ئوتومبێلەکان لەبەر قوڕ دەرناچن، ئێستاکەش تەقریبەن ئامادەکراوە بۆ قۆناغی یەکەم قیر بکرێت و قیریش ناکرێت ئایا کە ئەو قیرتاوە دەکرێت؟ ئەگەر هەر وا بمێنێت ئەو ڕێگایە قەدەغە بکرێت، ئەو ڕێگایەی کە ئێستا کردویانەتەوە بۆ هاتوچۆی ئوتومبێل لەبەر قوڕ دەرناچن ئێوە هیچ شتێکتان کردووە بەدیلی ئەو ڕێگایە کە خەڵک هاتووچۆی بەو ڕێگایە نەکات تەئمین بکرێت. پرسیارەکەی ترم بەنیسبەت ڕێگاکانی گوندەکانی کە دێنە سەر ئەو ڕێگایە چی بۆ کراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ڕوونکردنەوە ئەو ڕێگایەی عەینکاوە ـ ئیفراز، خۆی لە ئەسڵدا قیرتاو نییە، قیرتاوێکی کۆن هەیە دەچێتەوە بەحرکەو دەچێتەوە بەرحوشتر.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕێگای هەولێر ـ دهۆک ناودەبرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا تازەیە. بەڕێز د. لطیف فەرمو.

**بەڕێز د. لطیف محمود احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە وەزارەتی ئەشغال و ئیسکان دەکەین من دوو پرسیارم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە شاری هەولێر زۆر گەورە بووە، ئاوو هەوای پیس بووە فراوان کردنی شاریش لەسەر زەوی

کشتوکاڵییە ئەگەر بکرێت وەکو وڵاتانی تر سوود لە دەوروبەر وەربگیرێت لەو گردۆلکەو بەرزاییانەی دەوربەری کەسنەزان و مەلا ئۆمەرو کانی قرژاڵە بەراستی سیاسەتی حکومەتی عێراقیش کاتی خۆی دروست کردنی سەربازگەکان بوو لەسەر زەوی کشتوکاڵی هەروەها کۆچ کردن و تەرحیل کردنی دێهاتەکان دەیان هێنان لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان دایان دەنان، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی کوردی تێدا نەبوو. پرسیارەکەم ئەوەیە: ئایا وەزارەتی ئەشغال و ئیسکان بۆ ئەو کۆمەڵگا نیشتەجێ کردنانەی کە باسی دەکەن ئەم خاڵەیان رەچاو کردووە پارێزگاری زەوی کشتوکاڵی بکەن کە سامانێکی قەومییە بۆ داهاتوومان سوودێکی زۆری لێ وەردەگیرێت؟.

پرسیاری دووەم: لە بواری رێگاوباندا کۆمەڵێک ئیشی زۆریان کردووە دووبارە دەستخۆشیان لێ دەکەین یەکێک لەو رێگایانەی کە کردوویانە رێگای زرارەتییە کە کۆمەڵە دێیەکی زۆر بەیەکەوە دەبەستێت و ئیشێکی باشیان بۆ کردووەو پردیان بۆ کردووە قۆناغی یەکەم زفت کراوە بەڵام ئیستا چاڵ و چۆڵێکی زۆری لێ دروست بووە ناچارن بێن بەناو زەوییە کشتوکاڵییەکاندا برۆن و رێگاکەیان گۆریوە، ئایا وەزارەت نەخشەیەکی بەپەلەو دەستەو یەخەی بەدەستەوە هەیە بۆ قیرتاو کردنی؟، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز فوزیەخان فەرمو.

**بەرێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی خوشکی بەرێزم نازەنین خان دەکەم. یەکێک لە پرسیارەکانم برای بەرێز د. ناصح کردی دووبارەی ناکەمەوە.

پرسیاری دووەم: لە راپۆرتەکەی بەرێز خوشکە نازەنین دەڵێت (٢٩٥٠) خانوو کراوە بۆ کەم دەرامەتەکان، ئەمە کارێکی زۆر باشە زۆر زۆر خۆشحاڵین بەس پرسیارەکەم ئەوەیە خانوو بۆ کەم دەرامەت وەزارەت خانووەکەی بۆیان دروست کردووە یاخود بە کەرەسەی بینا یارمەتی داون؟ پرسیارەکەم ئەوەبوو هیوادارم ئەم جۆرە خانووانە بەهەرجۆرێک بێت زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز فوزیەخان. بەرێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرمو.

**بەرێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێژا سەرۆکی پەرلەمان، جارێکی تر سوپاسی خودا دەکەم خوێنی شەهیدانی کوردستان بەفیرۆ نەچوو کە بەرهەمەکەی پرلەمانی کوردستان بوو، ئێستا وەزیرەکانی کوردستان لەم پەرلەمانەدا دادەنیشن و ئیشوکاری خۆیان دەخەنە بەردەم پەرلەمان ئەمە جێگای شانازی و سەربڵندییە.

من دوو پرسیارم هەیە:
پرسیارێک (کفی الله المؤمنین القتال) برادەرێک پرسیاری من کرد من نایلێم.
پرسیاری یەکەم: خاتوونا هێژا باسی کەمی قیری کرد کە گوایە قیر نییە بۆ ئەسفەلت کردن. ناوچەیەکی بەناوبانگ هەیە لە زاخۆ بەناوی (کانی قیر) لە گوندی (تەوکێ) لە هاوینان بە درێژایی دوو سەعات قیر رێ دەکات هەتا دەچێتە سەر ئاوی خاپوری ئایا سوود لەو قیرە وەرناگیرێت بۆ رێگاکانی کوردستان؟.
پرسیاری دووەم: بەرێز مەلا هادی باسی رێگای دهۆک ـ هەولێری کرد بەراستی عەمودی فەقەری ژیانی میللەت رێگاوبانە هەتا لەناو شۆڕشدا ئومێدەوارین انشاءالله وەکو رێگای سەیتەرەی شاویس هەتا سەری چەپی خانزادی لێ نەیەت کە سێ سالی خایاند ئومێدەوارین ئەمە وای لێ نەیەت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز جلال خۆشناو فەرمو.

**بەرێز جلال سلیم خۆشناو:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە یەکێکیان دەربارەی کەرستەکان بوو ئایا لە موختەبەری موادی ئینشائی فەحس دەکرێن یان نا؟ ئەویش برای بەرێزم کاک ابراهیم سعید باسی کرد.
دووەم: وەک لە راپۆرتی بەرێز وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن هات سالانە بەدەیان پرۆژەی گەورە گەورە جێبەجێ دەکەن و زیاتر لە سەد ملیۆن دینار خەرج دەکەن بۆ ئەم مەبەستە و لەهەمان کاتدا بڕیاری ٩٨٦ هەیە خەلکی وا دەزانن ئەگەر پرۆژەی گەورە گەورە جێبەجێ دەکرێت ئەوە لەسەر بڕیاری ٩٨٦ جێبەجێ دەکرێت. نازانن لەسەر حسابی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت لەبەرئەوە پێویستە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن لە شەقامە سەرەکییەکاندا لەوحاتی گەورە بنوسێ باسی پرۆژەکە و چەندی بۆ تەرخان کراوەو هەتا خەلک بزانێت ئەوە لەسەر حسابی حکومەتی هەرێم سەرف دەکرێت، لەگەل رێزو سوپاسم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز جلال خۆشناو. بەرێز زەهرا حاجی فەرمو.

**بەرێز زەهرا حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنا خانما وەزیری ئەشغالێ دکەین بتەنێ ئەز پرسیارەکێ لێرە هەی هەرچەندە برایێ من د. رزگاری پیچەکی روون کرد، مەبلەغێ دوو سەدو شەست هەزار هاتیە تەرخان کرنێ بۆ رەسیف کرنا دوو جادا سەرەکی لەناڤ بازێرا زاخۆ (جادەی ئەکادیمای عەسکری و جادەی یاریگە) ژ لای

ریڤەبەریا ریکوبانا دهۆکێ پێ رابیت هەتا نوکە ١ ٪ جێبەجێ نەبوو، پرسیارا مِن ژبەر چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەڕێز رجب شعبان فەرمو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندەک پرسیاریت هەی ل جەنابێ هیژا وەزیرا ئەشغالی:

یەک: بۆ هەردوو لاییت جادێ کە رەسیف یان ریگاوبان دهینە دروست کرن و زۆر عەردیش هاتینە چێکرن، بەڵام گەلێک عەرد ئیهمال کراون لە هەردوو لای جادێ رەسیفێت وان راست نەکرینە نەخاسمە ئەو رێکێت کە ئیزدحام ل سەر هەی وەک رێکا دهۆک ـ ئاکرێ ـ هەڤلێر، لێرە دبێتە ئەگەرا هەندەک کاریسە و حەوداسێت دلتەزێن، هێڤیامە ئەوەیە کە هەردوو لاییت رەسفی جادا کە پشتی دێنە قیر کرن بێنە چێکرن، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە گیانی خەڵک بکات.

پرسیاری دووەم: مە رێکەک هەیە ما بەینا ئاکرێ و بەردەرەش بیتە رێکا سێ ناحیە تەقریبەن (ناحیەی بەردەش و ناحیەی کەلەک و ناحیەی گردەسین) بەری نهو قیر کراوە بەس نوکە گەلەک تەسەو کورکێت کەفیتنە ناودا ئەگەر هاتوو نوکە زوو چاکی نەکەن ئەوا پاش ماوەیەکی تر ئەو ئاوە ناوی هەموو شەقامەکە تێک دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو قیرەکە هەڵکەنن و دووبارە شەقامەکە قیر بکەنەوە، هیوادارین پەلە بکەن لە چاککردنەوەی ئەو رێگایە.

پرسیاری سێیەم: گەلێک جارا رێکێت ریفی دەهێنە ڤەکرن تسوبە کرن و حازر کرن و چێکرن بەڵام دووایی ئیهمال دەکرێن و ناهێنە قیر کرن، بەڵکو ئەو مەسەرەفە دوای چەند ساڵێکی تر خراپ دەبێت، ئایا نەشێن لەگەڵ رێکخراوێت کە ئەو شولە ل دەستی دا هەی ئیتفاقی بکەن پاش تسوبە کردن قیریش بکرێت، چونکە دەبێتە یەک مەسرەف بۆچی دوو سێ مەسرەف بکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز نازەنین محمد وسو/ وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەکەمت کاک رەجەب مەبەستت رێگا سەرەکیەکەی هەولێر ـ ئاکرێ رەسیف بکرێت؟.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک احمد علی فەرمو.

**بەرێز احمد علی عمر:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارێت هەی ژ وەزیرا ئەشغال و نیشتەجێ کرن:

یەک: وەکی من دزانم رێکا گەلێ زاخۆ رێکاکە سەرەکییەو پڕ هاتووچوونە زۆر مزدحمە ئەو تانکەرێت تورکی ئەوی بارکری نەفتا رەش دینن ژ عراقێ بۆ تورکیا کەمیەکا زۆر نەفت دەرێژێتە سەر شەقام بەتایبەتی لە وەرزی زستان شەقامەکە زۆر چەور دەبێت، کە دەبێتە هۆی وەرگرانی زۆر ئۆتومبێل دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر گیانی خۆی لە دەست بدات زەرەرێکی ماددی زۆر بە خەڵکی ئێمە بکەوێت. بە سوپاسەوە وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن رابو ب چاکردنا رێکا گرشین ـ دێرەبوون بەراستی سێ پارچێت گەلێک نخۆش لەو شەقامەدا هەیە دوویان هاتنە چارەسەرکرنێ و خەلاس بووین و پارچەیەکی مای پرسیارا من ژ وەزارەتێ ئەوەیە ئەگەر نەختێ پەلە کرابانا بۆ خەلاس کردنێ پارچا سیێ؟ ئەو تانکەرانەی بارکرێ تەحویل کردبانا ل رێکا گەلی زاخۆ بۆ رێکا دێرەبوونێ لەوانەیە ئێمە رزگارمان دەبوو لە وەگەڕانی ئوتومبێلەکان؟، ئەوە پرسیاری یەکەم بوو.

دوو: وەکی ئەم دزانین کوردستانێ پێویستیەکا زۆر ب رێک و پرا هەی ئەنجاما ڤان کارا ژی دڤێت مەجموعەیەک زۆر مەکائینێت مەزن وەکو بلدۆزەرو شەفەڵ و فاریشەو هەبن نزانم جەنابا وەزیرێ هەوڵەک دایا لگەل un و پارەی بڕیاری ٩٨٦ بشێت کمیەکی مەکائنی گران بدەست خۆ بێخن بۆ ئەنجام دانا ڤان کارێت ئەم پێویستی پێ هەی؟، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز کاک احمد علی. بەرێز قیس دیوالی فەرمو.

**بەرێز د. قیس دیوالی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنا جەنابی وەزیرێ دکەم من دوو پرسیارێت هەی:

یەک: دەربارەی کارگەی قیری سەر بە وەزارەتا ئیشغال و ئیسکان ل پارێزگا دهۆکێ کو هەرێم پێدڤێت بنیە تەحتیا و وەکو گرنکی رێکا ئەو کارگانەی قیری ل پارێزگا دهۆکێ گەلەک کەڤن و بدەستی ئیش دکەن نەک ئۆتۆماتیکی ئەڤەش دبێتە کارکردنەک ل بەرهەمهێنان لەبەرئەوەی مواسەفاتی فەنی نینە ئەڤەش دبێتە خۆڕانەگرتنا رێگاکان پێشنیار دکەین کارگەهێت نو بهێننە هێنان لە میانی بڕیاری ٩٨٦ ئەگەر ئەوەش چێ نەبێت پێدڤیە پەیدا کردنا مەوادی سپێر بۆ کارگەی نهۆ هەی.

پرسیاری دووەم: دەربارەی حاڵەی جادەکانی دهۆک یا بلاس (مرور السریع) و هاتووچۆی گشتی (المرور العام) جادەی دەرەڤە کەڤن پتر ماوەی مقرر بسەردا چووی بۆ زیادکردنا طەبەقەکا

پایدەرێ هەروەها جادەی دەرەڤە بێ کەتاڤینە هەندەک رێکا دەرەڤە ئاریشا باران بارینا نەهاتینە چاکرنێ و پێدڤییە جۆکێت ئاڤێ بێتە کۆلان و هەمی سالا بەری مەوسمی بارانێ ئەو جۆگ و قەنترە لرکێ بێتە پاقژ کرن، هێڤدارم چارەکێت بۆ ڤی کێشە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز قیس دیوالی. بەڕێز حاکم سفر محمد حسێن فەرمو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەکەمم دەبارەی رێگای هەولێر ـ ئیفراز ـ رۆڤیا. ئەو پارچە ئەتروش ـ بلان هەرچەند برادەران ئاماژەیان بۆ کرد بەس بەراستی ئەو چەند ساڵە ئێمە باسی ئەو رێگایە دەکەین کە رێگای هەولێر ـ ئیفرازو رۆڤیا کە رێگایەکی زۆر سەرەکییەو گرنگە بۆ هاتووچۆوون و تجارەت و بۆ هەموو شتی هەرێم رێگایەکی زۆر سەرەکییە، لەوانەیە سەدان کیلۆمەتر کەمتر بکاتەوە ئێمە پێش سێ، چوار ساڵێک لێرە ئیزافەی یانزە، دوانزە ملیۆنمان کرد لەسەر میزانییە وەزارەت بۆئەوەی ئەو رێگایە ئەنجام بدەن جا نازانم وەزارەت چ هەولی داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو رێگایە هیوادارین موفق بن.

دووەم: هیوادارین لەسەر بریاری ٩٨٦ هاوکاری مونتەسیبی وەزارەت بکرێت، چونکە زۆر جیاوازی هەیە لە نێوان ئەندازیارانی وەزارەت و ئەو ئەندازیارانەی لە رێکخراوەکاندا کار دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز سفر محمد حسین. بەڕێز فرحان شرفانی فەرمو.

**بەڕێز فرحان عبدالله شرفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیارم هەیە لە وەزیری ئەشغال:

یەک: رێگای مەفرەقی گرزەنگر لە ناحیەی قەسرۆک بۆ درین هەتا زبناوە شەش گوندی لەسەرە هەر گوندێک ٦٠ ـ ٧٠ ماڵی تێدایە ئەوە لە ساڵی ١٩٦٩ ئەو رێگایە چاککراوە هەتا ئێستا هیچ صیانە نەکراوە. ئەوی تریش رێگای مرێوە بۆ خەنس.

**بەڕێز نازنین محمد وسو/ وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە رێگای قەسرۆک ـ گرزەنگر صیانە نەکراوە؟.

**بەڕێز فرحان عبدالله شرفانی:**

نەخێر قەسرۆک گرزەنگر صیانە کراوە مەفرەقی گرزەنگر بۆ پێنج شەش گوند (درینە ـ گرنیشان ـ

چوار گوندی تریش هەنە) هەتا زیناوە ئەوە کاتی خۆی ڕێگای سەرەکی بوو بۆ موسڵ پێش چوار پێنج ساڵ هەوڵمان داوە هیچی بۆ نەکراوە. ڕێگاکەی تر ڕێگای مریۆە بۆ خەنس کەی دەست پێ دەکات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی پرسیاریان پێشکەش کرد ئەگەر جەنابی وەزیر بفەرمووێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

**بەڕێز نازەنین محمد وسو/ وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: پرسیارەکانی بەڕێز دکتۆر رزگار. پرسیاری یەکەمی لەسەر ڕێگای زاخۆ بوو ناوچەی گەلی زاخۆ ئێمەش دەزانین ئەو ناوچەیە ترسناکترین پارچەیە لە هەولێر هەتا زاخۆ چارەسەری ئەو پارچەیەش بەو شێوەیەی ئێستا ناکرێت، جەنابت دەڵێیت تیمی صیانەی لەسەر نییە بەڵام، بە بەردەوامی تیمی صیانەی ئێمە بەتایبەتی لە زستانان لەسەر ئەو ڕێگایەیە، بەڵام ئێمە وەکو وەزارەت بیرمان کردۆتەوە کە بەشێوەیەکی سەرەکی چارەسەری ئەو گرفتە بکەین لە ناوچەی گەلی زاخۆ ناوچەیەکی سەرەکییەو دەروازەی هەرێمە.

ڕێگای گرشین ـ دێرەبین کە ئاماژەی پێ کرا لەلایەن هەڤاڵانی تر لە پارەوە دەستمان پێکردووە مەبەست لە چاککردنی ڕێگای گرشین ـ دێرەبین بەشێوەیەکی فەنی و ڕێکوپێک ئەوەیە کە چاک بکەین بیکەینە بەدیل بۆ ئەو ڕێگایە، ئەگەر ڕێگای گەلی زاخۆ ئێستا ئەگەر ئیشی لێ بکەین و بیبڕین هیچ بەدیلی نییە، ئیشی گرشین ـ دێرەبین ئەوەندە ئاسان نییە زەحمەتە ڕەنگە برادەران ئەوانەی کە خەڵکی ناوچەکەن دەزانن ئەوە بە درێژایی دوو مەوسمە کاری لێ دەکەین ئیشێکی وامان نەماوە تەنیا یەک پارچەی ماوە، من لە چوارشەممەی رابردوو لەوێ بووم سەردانی پرۆژەکەشم کرد پارچەیەکی ماوە انشاءالله بۆ بەهار تەواو دەبێت کە ڕێگای گرشین ـ دێرەبین کراوە کە دەبێتە بەدیلی ڕێگای زاخۆ ئێمە پرۆژەی موتەکامیلمان ئامادە کردووە بەڕێز وەزیری دارایی ئاگادارە و بەرز کراوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر بەیەکجاریش نەبێت بە قۆناغ کێشەی ناوچەی گەلی زاخۆ چارەسەر بکەین.

لەسەر تێبینی بەڕێزیشت موتابەعەی ئەو فرقەیە دەکەین کە دەبێت زستانان لەسەر ڕێگا بێت، چونکە ڕێگا دەگیرێت.

پرسیاری دووەمت لەسەر ڕێگاکانی ناوخۆی زاخۆ ئەویش من هەر هەمان ڕۆژی چوارشەممەی پێشوو سەردانی هەموو ئەو جادانەم کرد ئەو پرۆژانەی ناو زاخۆ ئەو کۆڵانانەی کە قیر دەکرێت لەناو دەزگاکانی ئێمە چوار تیمی قیرتاو کردن لەناو زاخۆ ئیشی دەکرد ئەو مەنتیقانەی جەنابت ئاماژەت پێ کرد لەسەرهەڵدان و شەعبانییەو ئیشیان دەکرد سێ ماڵ موقەڕەراتەکەی تەواو بووە

تەنها یەک پارچە کە لە زاخۆوە بۆ سێمال دەچێت موشکیلەیەکی تەجاوزیان هەبوو یەک خانوو مابوو ئەو خانووەش کاتێک من چووم شۆڤەل تێکی دەدا دوای تەواو بوونی دەستیان بەو پارچەیەش دەکرد، راستە ئەو کارەکە تەواو نەبوو بەڵام کارێکی زۆرە وەکو ئاماژەم پێ کرد چوار تیم بەیەکەوە ئیشیان تێدا دەکرد و، ئەگەر باران و بەفر بوار بدات ئێمە موتەئکیدین پێش کۆتایی ساڵ ئیشەکانی ناو زاخۆ هەمووی تەواو دەبن.

باسی مەبلەغی بزربوو کرا جارێ ئیش تەواو نەبووە هەتا مەبلەغ بزر بێت کاک د. رزگار، ئێمە ئەمساڵ لە زاخۆ کارگەی قیرێکی تازەمان لە زاخۆ بە ئیش خست رەنگە ئێوە خەڵکی ناوچەکەن ئاگادارbن یەکێک بوو لەو کارگانەی کەموکوڕییمان تەواو کرد نەصبمان کرد لە زاخۆ لە هەموو کارگەکانی وەزارەتی ئێمە بەرهەمی زیاتر بوو ئەمساڵ ئەورۆژەی کە من چووم پرسیم زیاتر لە پەنجا هەزار تەن قیری بەرهەم هێنا بوو بەڵام ئیبیشی دەڤەرەکە زۆرە، لەگەڵ ئەوەش دیسان دەڵێم کار تەواو نەبووە هەرچەندە ئەو شوێنانە دوورە لە ئێمە بەڵام موتەئکید بن دەچینە ناو هەموو تەفاسیلەکی ئیشەوە ئاگاداری هەموو شتێکین و زیاتریش موتابەعەی دەکەین.

پرسیارەکانی بەڕێز د. ناصح، ئەو شوقانەی کە باسمان کرد هەروەکو گوتمان هەردوو ڕێگامان گرتووە بۆ ئەنجامدانی هی حکومەتیش و هی ٩٨٦یش لە فێسی هەشتەوە هەتا ئێستابڕێک پارە لە پارەی فێسەکە ئەوەی کە ئیمکانە ئێمە دایدەنێین بۆ دروست کردنی خانوو بەشێوەی شوقەق خانووی ئێمە لەمەودوا هەمووی بەشێوەی شاری هاوچەرخ دەبێت نەک خانوو بەشێوەی عەشوائی دروست بکرێت و ئاماژەشم پێ کرد هەتا ئێستا ٢٩٥٠ خانوو لە پلانە موسادەقەی UNیشی پێ وەرگیراوە و لە قۆناغی ئامادەکردنی نەخشەیە و بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەوە بەڵام ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەن وەکو ئامارەشم پێ کرد لە راپۆرتەکە خودی سەرۆکی حکومەت بیرمان لێ کردەوە بەو ژمارە کەمانە هەر شەش مانگ جارێک فێسێک رەنگە کێشەی هاوڵاتی ئێمە چارەسەر نەبێت و کێشەی نیشتەجێ کردنیش کێشەیەکی گەورەیە ماڵ نییە ئەو کێشەیەی نەبێت بەتایبەتی ئەو گەنجانەی تازە پێ دەگەن و دەیانەوێت ماڵ دابنێن بۆیە ئێمە هەوڵمان دا حکومەت لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆئەوەی بەشێوەیەکی فراوانتر خانوو دروست بکەین و بتوانین کێشەکە چارەسەر بکەین، ئەگینا هەوڵمان داوە بیخەینە سەر بڕیاری ٩٨٦.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە لەگەڵ کەرتی تایبەت ئەو خانووانە دروست دەکەن و کەرتی تایبەت دەیفرۆشێتەوە؟.

**بەڕێز نازەنین محمد وسو/وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەیفرۆشێتەوە هاوڵاتیان بە پێشەکییەکی کەم ئەوی تریش بە قیستی مانگانە دەبێت، ئەگەر ئەوە پێویستی بە روونکردنەوەیە زیاتر روونی دەکەمەوە.

بەراستی ئەوە پرۆژەیەکی موتەکامیلە وەکو گوتم وەکو کۆمەڵگایەکی هاوچەرخە تەنها خانووەکان لەلایەن کەرتی تایبەت دروست دەکرێت ئەوی تر خزمەتگوزاری تەواوی کۆمەڵگایەکە شەقام ـ ئاو ـ قوتابخانە ـ بازاڕ ـ ئەوە هەمووی حکومەت دروستی دەکات زەوییەکەش بە خۆڕایی تەرخان دەکات و لە هەمان کاتیش هاوکاری کەرتی تایبەت دەکات بۆ فرۆشتنی شوقەکان کە ئێمەش رووپێومان کرد بۆ ئەو مەبەستە بوو بزانین خەڵک رای چۆنە چونکە یەکەم جارە ئەم شێوەیە بەکاردێت لە دروست کردنی خانوو و فرۆشتنی ئایا خەڵکەکە لەگەڵێدایە بەو شێوەیە بیکرێت و ئەوە بوو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە باسم کرد زیاتر ٩٥٪ خەڵک پشتگیری ئەو پرۆژەیان کرد بە قیست پارەکە دەدەن و، ئەو رووپێوەش ٣٠ / ٩ و ١ و ٢ / ١٠ی رابردوو ئەنجام درا، لە هەولێر ئەنجام درا. پرسیارەکانی بەڕێز کاک ابراهیم سەبارەت بە نۆرینی مەواد ئێمە هیچ کارێک ئەنجام نادەین نەک نۆرینی کەرستەی بینا سازی تەنانەت قۆناغەکانی کار کردن کە کار دەکەین چ کاری بناسازی چ رێگا و بان قۆناغ بە قۆناغ خاضعە بۆ فحوساتی تاقیگەیی و هەر قۆناغێک فەحس نەکرێت، ئەنجامەکەشی سەرکەوتوو نەبێت ئێمە ناچینە قۆناغی دواتر، لەوانەیە زۆر جار رەخنە لە ئێمە دەگیرێت بە تایبەتی لە دروست کردنی رێگا و بان ، بۆ دواکەوتنی هۆکارە سەرەکیەکە ئەوەیە و هەندێ جار دەبینی ئەنجامەکەی سەرکەوتوو نییە، چاوەڕێ ناکەین کاری تر لەسەر رێگاکە دەکەین تاکو فەحسێکی تر دەکەین تاکو ئەنجامەکە سەرکەوتوو دەبێت ئینجا بەردەوام دەبین لە کارەکەمان، کەرستەی بیناسازی ئەوەی من بزانم هەموو ئەوەی داخیلی هەرێم دەبێت خاضعە بۆ فحوسات پێش ئەوەی بێتە بازار ، چ چیمەنتۆ یان شیشە وقیریش هەروا کە داخیلی هەرێم دەبێت فەحس دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئێمە تانکەر بە تانکەر فەحسی خۆمان دەکەین، تاقیگەی حەقلیمان هەیە لەکارگاکاندا ئینجا بە کاری دێنین، ئەوە لەو لایەنە بەڕێزت دڵنیا دەکەین، سەبارەت بە دامەزراندنی رێگا ئەوەی باست کرد وابزانم ئاماژەیەکم پێدا لە راپۆرتەکەم ئێمە دەستمان پێکردوە راستە دەست پێکردنەکەمان سەرەتاییە، بەڵام دەستمان پێ کردوە، و هەموو ئەو تێبینیانەی جەنابت کە هەبوو (گاردرێل) راستە زۆر پێویستە عەلاماتی تری تخطیطە، ئەوانەمان هەموو کردوە بەتایبەتی بۆ ئەو دوو رێگا سەرەکیەی کە لە هەرێم هەیە رێگای هەولێر ــ ابراهیم خەلیل ولەگەڵ رێگای سنوری ئیران ـ حاجی ئۆمەران، کردومانەتە پرۆژەیەکی تەواو و ماوەیەکی زۆریشە خەریکین، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو کەرستانە کە بە کاری دێنین چ بۆیەکەیە بۆ رەنگ کردنی رێگا چ ئەو گاردرێلەیە ئەو عەلاماتە لای خۆمان دەست ناکەوێت دەبێت هەموو لە دەرەوە بێت بە رێز وەزیری دارایی ئاگادارە و لەگەڵ کۆمپانیای تورکی لەگەڵ کۆمپانیای ئیرانی ئەوە نزیکی ساڵێکە خەریکی گفتوگۆینە، بۆتە پرۆژەیەکی تەواو، بڕیار بوو ئێمە قۆناغی زیاتر ببڕین بەڵام لەبەر باری نالەباری دارایی هەرێم ئومێدەوارین بەلانی کەم ئەو دوو رێگایە سەرەکیە بە کۆتا بێنین لە لایەنی دامەزراندن.
سەبارەت بەو دوو بەڕێوەبەرایەتیەی باست کرد بەڕێوەبەرایەتی طرق عامە و مبانی عامە، ئەوانە

هەردووکیان ئیش و کاری خۆیان دەکەن وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەسیان تێکەڵ نین لەوانەیە جەنابت مەبەستت مدیریات بێت ، ئەوەی کە لە پارێزگاکان هەیە راستە ئێمە بەڕێوەبەرایەتی طرقمان هەیە راستە ئەوە بەس طرق دەکات لە هەولێر و دهۆک کاری تر ناکات بەڵام ئەوەی تریان ئەشغالە تاکو ئێستا ئەشغالە ئەویش لە یاسای وەزارەت وا هاتووە ئێستا ئێمە دراسەمان کردوە و بەرزی دەکەینەوە دەبێت یاساکە بگۆڕین بیکەینە بەڕێوەبەرایەتی مەبانی نەک ئەشغال و چونکە ووشەی ئەشغال هەموو شتێک دەگرێتەوە طرقیش دەگرێتەوە و مەبانیش دەگرێتەوە بۆیەش تاکو ئێستا وا بووە و ئەو کاتەش کاری تری دەوێت و ئەو ئامێرو کەرستانەی رێگا و بان هەیە بگوازرێتەوە، بۆ ئەوە دراسەت کراوە و بەو زوانە بەرز دەکرێتەوە تاکو یاسای وەزارەت بگۆڕین و بتوانین جێبەجێی بکەین.

پرسیارەکانی بەڕێز د. ئیدریس، ئەو وەزارەتە سوود مەند نەبووە، لە فێسی چوار لەوانەی داوا کرابێت ئەوەی ئاماژەت پێدا،بەڵام موصادەقە نەکراوە تاکو فێسی هەشتەم نیهائیا سودی ئەو وەزارەتە سوودی لەو بڕیارە وەر نەگرتووە،سێکتەری تایبەت نییە بە وەزارەتی ئێمە سێکتەرێک هەیە بەناوی سێکتەری تەوطین کەهەیە، ئێمە هەوڵمان دایە، کە پێشتر تەنها وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد کە وەزارەتی ئێمەش سوود لەو سێکتەرە وەرگرین وهەروەها وەزارەتی شارەوانی، واتا هەرسێ وەزارەت پرۆژەکانی لەو سێکتەرە دادەنێت، گرنگ ئەوەیە کە قەناعەتیان هێناوە کە هەر چەندە پرۆژەی گەورە و ستراتیجینە ئەوەی تایبەت بێت بە وەزارەتی ئێمە بەڵام خراوەتە ئەو سێکتەرە و بەرە بەرە ئەنجام دەدرێت و، هەر وەها ئەو خانووانەی کە ستونی دروست دەکرێن ئەوەش لە بڕیاری ٩٨٦ داندراوە، شەقامی سەرمەیدان لە بەرنامەی ٩٨٦ دایە نەک حکومەت مومەولی ئەو شەقامەیە، ئەوە بەراستی دواکەوتنی خستۆتە کارەکان، لەوانەیە جەنابت لە خەڵک شارەزا تری رۆتینێکی زۆر بکوژ هەیە لە بڕیاری ٩٨٦دا ، واتا زیاتر ئەوان دوای دەخەن نەک ئێمە، رەنگە یەکەک بوایە لە پرۆژەکانی خۆمان و لەلایەن حکومەتەوە تەمویل بکرابا قۆناغی زیاتری دەبڕی هەر نەبا لە بەرنامەی ئێمەدا بوو کە سایدێکمان تەواو بکردایە، بەس بەراستی ئەوە لە بەرنامەی ئەوانە و ئەوان تەمویلی دەکەن، ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی، ئیشەکەش ئیشێکی زۆرە، بەناوە دوو سایدە بەس بەربنی چوار شەقامە دروست دەکرێت قەبارەی کارەکەش زۆرە بەڵام هەوڵ دەدەین لەو رۆژانەی مەجالمان هەبێت و باران رێ بدات بە ئومێدی خوا تەواوی دەکەین.

پرسیارەکانی بەڕێز مامۆستا مەلا هادی، پرسیارت لەسەر نیشتەجێ بوون هەبوو وابزانم وەڵامان دایەوە، سەبارەت بە رێگای تازەی نێوان هەولێر و دهۆک ئەویش یەکێکە لە پرۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦ کە ئەنجام دەدرێت لە فێسی شەشەم لەو بەرنامەیە داندراوە لە لایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئەو قۆناغانەی کە ئێستا ئەنجام دەدرێت هابیتات ئەنجامی دەدات لە رێگای بەڵێندەران و کۆمپانیاکان حکومەت پەیوەندی نییە، چاودێریەکەشی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە

دەیکات لەبەر ئەوەی لە بەرنامەی ئەواندا دانراوە، بەڵام تەواوکاری ئەو ڕێگایە کە گەیشتە قۆناغەکانی قیرتاو کردن و تەواو کردن ئەوە لە بەرنامەی وەزارەتی ئەشغالە لە فێیسی هەشتەم، هۆکاری بە سستی ڕۆیشتنی کارەکان هۆیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەرنامەی ٩٨٦ نەک حکومەت، جسری ئیفراز ئەوە لە فێیسی هەشت هەروەکو گوتم لەسەرەتای داخیل بوونمان یەکێک لە پرۆژە گرنگەکان جسری ئیفرازە داخیلی بڕیاری ٩٨٦ کراوە، ئەویش هەرچەندە UN دوای خستووە ، بەڵام وابزانم لەو ماوەیە دەکەوێتە قۆناغی جێبەجێ کردن، ئەو ڕێگایەی باست کرد ئەوەیش هەر بەشێکە لەو ڕێگا تازەیە ئەوەی دەڵێی ڕێگای گوندەکان گیراوە ئەویش هەر بەندە بە بڕیاری ٩٨٦ و ئەو بەڵێندەرانەی کە کاری تێدا دەکەن، ڕێگاش چی کراوە پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەیە نەک بەوەزارەتی ئێمەوە.
پرسیارەکانی بەڕێز د. لطیف ، سەبارەت بە دیاری کردنی شوێنی دروست کردنی ئەو کۆمەڵگا هاوچەرخانە، زەویەکە لەلایەنی وەزارەتی شارەوانی دەست نیشان دەکرێت بەپێی ڕەنگ ڕێژی ئەساسی شار، ئەوەی بشزانین ئەو زەویانەی کە بۆمان تەرخان کراون زۆر لەناو شار نین ناشبێت لە سنوری شارەوانیش دەرچن، ئەوەی من بزانم بەپێی ئاگاداری من ئەوان خەریکن سنوری شارەوانی فراوان بکەن، تاکو ئێستا خەریکن و نەیان کردوە، بۆ نمونە یەکەم کۆمەڵگای هاوچەرخ کە زەویمان بۆ تەرخان کردووە لەسەر ڕێگەی عەنکاوە تەرخان کراوە پشت وەزارەتی داد و پشت ئەو خانووانەی کە نیاز وایە بیرمێنن، شوێنەکی باشیشە وابزانم ڕێگای تریشی بۆ دروست دەکرێت واتا دەکەوێتە سەر دوو ڕێگای سەرەکی، ئەوە یەکیان ئەوە دووەمینیشیان دەکەوێتە سەر ڕێگای کەسنەزان ئەویش هەر لە دەرەوەی شارە، ئێستا لە کوێ خانوو بۆ شەهیدان دروست دەکرێت دور تریشە لەوان، واتا ئەویش هەر لە دەرەوەی شارە، و ئەو تێبینیە لە جێگای خۆیەتی.
سەبارەت بە ڕێگای زرارەتی ئەویش کاتی خۆی لەلایەن حکومەت کاری بۆ کرا ئەوانەی کە جەنابت باست کرد بەڵام ئێستا هابیتات درێژە بە کارەکان دەدات لە بەرنامەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە لەگەڵ هابیتات لەسەر بڕیار ٩٨٦ ئەو کارە دەکرێت.
پرسیارەکەی بەڕێز فەوزیەخان ئەو ٢٩٥٠ خانووە هێشتا تەواو نەبووە کۆتایی پێ نەهاتووە وەکو گوتم موصادەقەی لەسەر کراوە، لەسەر بڕیاری ٩٨٦ دەکرێت نەک بە بودجەی حکومەت و نەخشە و کارەکانی هەمووی ئامادەکراون، ماوە سیستەمی ئەوان دەیدەنە بەڵێندەران و دەست پێ دەکرێت لەو تێبینیەی جەنابت دوو شێواز بۆ دابەش کردنی پێڕە و دەکرێت یەکەمیان خانووەکە تەواو دەکرێت و دەدرێتە خاوەنەکەی شێوازی تر کەرستەی بیناسازی دەدرێتە خاوەنەکەی، ئەویش بەراستی لە فێیسی یازدە، دووەم جۆریشمان داخیل کرد، دەبینین زۆر کەس هەیە دەبینی فەرمانبەرە و زەوی وەرگرتووە و توانای خانوو دروست کردنی نییە، ئەگەر بێت لە ڕێگای بەرنامەی ٩٨٦ هەموو کەرستەکانی خانوویان بۆ دابین بکرێت لەوانەیە زۆربەی ئەو زەویانە دەبن بە خانوو ئینجا بەشێکیشمان لەوانە داخیل کردوە، هەردوو جۆرەکە ئەنجام دەدەین وەکو گوتم

جۆرێک بە تەواوی خانوویان بۆ دەکەین جۆرەکەی تر کەرستەیان دەدەینێ.
پرسیارەکانی بەڕێز مامۆستا مەلا محمود، جەنابی دەڵێ قیر لە زاخۆ هەیە، لەوانەیە هەبێت و لە شوێنی تریش هەبێت بەڵام ئەو قیرەی ئێمە بەکاری دێنین بۆ دروست کردنی ڕێگا و بان یەکسەر قیرەکە بە خاوی بەکار نایەت ئەو قیرە لە کارگە تەکریر دەکرێت بە قۆناغ تێدەپەڕێت ، تەنانەت جۆری هەیە واتا بۆ هەر ناوچەیەک جۆری خۆی هەیە بۆ ناوچەی سارد جۆری خۆی هەیە بۆ ناوچەی گەرم جۆری خۆی هەیە ، تەمەنامان دەکرد کە قیر لە هەرێمی ئێمەدا هەبوایە بە ئومێدی خوا لە داهاتوو دەبێ و سودمان لێ وەرگرتایە، ئێمە مەجبوورین پشت بەو قیرە ببەستین نەک ئەوەی لە دەرەوەی هەرێم دێت،ئەویش بە هاوکاری وەزارەتی دارایی چارەسەرێکمان بۆ دۆزیەوە و ئێستا خەزینێکی زۆر باش و بەردەوامیشین لە عەمبار کردنی لە کوردستان، ڕێگای تازەی هەولێر دهۆک وەڵامم دایەوە وابزانم لە ژێر ئەنجام دایە لەلایەن هابیتاتەوە.
پرسیاری بەڕێز کاک جەلال خۆشناو، وابزانم هەموو پرۆژەیەک کە ئەنجام دەدرێت، ئێمە لەوحەی بۆ دادەنێین ، یەکێک لە شتە گرنگەکان کە گرنگی زۆری پێدەدەین و ڕەنگی دەدەین ناوی وەزارەت یان فەرمانگەکە دەنووسین و زۆر گرنگی بە بووجەی هەرێم دەدەین، دەنووسین لەسەر بووجەی هەرێمە نازانم ئەگەر یەک دوو پرۆژە هەبێت ئەگەر دەزانی لە کوێیە بۆمان دەست نیشان بکەی ئەو تێبینیە لە جێگای خۆیەتی، چونکە لە زۆر شوێن دەبیستین دەڵێن لە بەرنامەی ٩٨٦ دایە، هەموو دەم ڕوونکردنەوە دەدەین بەپێی توانا، ئەوەی من بزانم لەوحەکان هەنە، ئەوەی نیشە ئێمە پێی دادێینەوە وزیادی دەکەین.
پرسیاری زەهرا خان وابزانم وەڵامم دایەوە سەبارەت بە ڕێگاکان.
پرسیاری کاک ڕەجەب، بەپێی مواسەفاتی ئەندازیاری ڕێگای گشتی ڕێگایەکی سەریعە ناکرێ شۆستە بۆ ڕێگای سەرەکی بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئۆتۆمبیلانە سەریع دێن پێویستیان بە لادانە تەنها ڕێگای ناوشار شۆستەی بۆ دەکرێت، ناتوانین لە شێوازی ئەندازیاری دەرچین، ئەوە هۆکاری سەرەکیە لە فولکەکان دەکرێت لە چواریانەکان دەکرێت ، لەبەر ئەوەی لە چواریانەکان عادەتەن سورعەت کەم دەبێتەوە، بەڵام لە ڕێگای سەرەکی بە درێژایی ڕێگا ناکرێت چونکە هێڵی سەریعە ،ڕێگای بەردەرەش ئەوە پرۆژەیەکی موتەکامیلە ئێمە داخیلی بڕیاری ٩٨٦مان کردوە ،سەرۆکایەتی ئەنجومەنیش داوای خۆی بوو و زۆر گرنگی پێداوە، لە فێسەکان داخیل کراوە بە ئومێدی خوا لە بەهاری داهاتوو دەست پێدەکرێت، سەبارەت بە ڕێگای ریفی هەرچەندە سەر بە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە بەڵام بۆ قیرتاو کردنی هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ قیرتاو کردنی ڕێگاکانی گوندەکان ،هەر لەو کاتی ئێمە لە ئاوەدان کردنەوە بووین و بەردەوامیشین لەگەڵ (UN) هەوڵ دەدەین قیری بکات، بەتایبەتی ئەو ڕێگایانەی کە بۆ یەک دێ ناڕوات کۆمەڵێک دێی دەکەوێتە سەر، جاران بۆ یەک دێ دەچوو ئێستا بۆتە شەبەکە دە پازدە گوندی لەسەرە، بەردەوامین خۆیان زۆر بە زەحمەت دەستیان بە قیر کرد لە پرۆژە سەرەتاییەکانە تازە دەست بە قیر

دەکەن، ئەگەر ئەو رێگا سەرەکیانە بکرێت لەوانەی لە قۆناغی داهاتوو دان بەوە بنێین کە هەندێ رێگای دێیەکان قیرتاو بکرێت.

پرسیارەکانی کاک ئەحمەد ئەوەی گردشین ـ دەرەبین وابزانم روونکردنەوەم لەسەری دا بە ئومێدی خوا پەلە دەکرێت و بە زووترین کات ئەنجام دەدرێت، داوا کردنی کەرستە لە بڕیاری ٩٨٦ ئاماژەمان پێکرد ئەوەی تاکو ئێستا رەزامەندی لەسەر کراوە ١٩١ ئامێری قورسی جۆراو جۆر داوا کراوە لەو بڕیارە بەڵام نەگەیشتووتە جێ لە قۆناغی کڕینیتی لە لایەن دەزگاکانی (UN) وگواستنەوەی بۆ هەرێم هەروەها پێنج شەش کارگەی قیر و کۆنکریتی و کەرپووچیش داوا کراوە کە بکرێن.

پرسیاری کاک قەیس، دەڵێت کارگەکانی دهۆک کۆنن، کارگەکانی هەرێم هەموو نەفسی مۆدێلن هەمان تەمەنیان هەیە و هەمووی هەر وەکو یەکە، بەڵام هەر وەکو ئاماژەم پێدا هەوڵماندایە لە بڕیاری ٩٨٦ کارگەی تازە و نوێ بێتە هەرێم و کاری پێبکەین، بەڵام ئەو کۆنیەی کارگەکان نابێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانین مواسەفات جێبەجێ بکەین یان کارەکان خراپ دەربچێت وابزانم نمونەش هەیە و چەند رێگایەک ئەنجام دراوە لە هەرێم هەر بەو کارگانە ئەنجام دراوە و راستە زەحمەتی لە کارەکانمان دەبینین ١٠٠٪ بەرهەمەکە وەکو بەرهەمی کارگەیەکی پێشکەوتوو نابێت بەڵام بە پێی مواسەفاتیشە دڵنیا بە خاریجی مواسەفات نییە، رێگای هەولێر دهۆک راستە بێ ئەکتافە کەم وکووڕی تریشی هەیە کاک ئیبراهیم ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە بەردەوام کاری لەسەر دەکەین، بەڵام وەزیری دارایی دەزانێ کە لە پلانی ساڵی ٢٠٠١ دامان نابوو تەنها پرۆژە کە لەسەر بوجەی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت چاککرینی رێگای هەولێر ـ دهۆک بوو بەراستی ئەو رێگا تازەیەش بکرێت ئەو رێگایە هەر بەکار دێت لەبەر ئەوەی دەڤەرێکی گەورە دەگرێتەوە کە ئاکرێیە و شوێنی تریشە، بەڵام هەروەکو دەزانن لەبەر باری دارایی، کاری لێ دەکەین ئەگەر تێبینیتان کردبێت چوارڕیانی قەسرۆک گرت زنگرمان فراوان کرد و قیرمان کردەوە و هەروەها بەردەوامیشین ئێستا بەڵام بەراستی بەندە بە باری دارایی، و ئەکتافەکەش پێوستە و ئەویش لە هەمان کەشف و هەمان بەرنامە داندراوە کە ئەکتافەکانیش جێبەجێ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا هەردوو لا بە پێویستی دەزانن کە بکرێت، پەرلەمانیش و وەزارەتی ئەشغالیش، دەبێت وەزراتی دارایی یارمەتی دەر بێت.

**بەڕێز نازەنین محمد وسو/وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**

پرسیاری کاک سەفەر ، رێگای ئیفراز هەولێر، وەڵامان دایەوە هەمان ئەو رێگایە دەکرێتەوە کە رێگای هەولێر ـ دهۆکە، سەبارەت بەوەی کە هەوڵ بدرێت کە یارمەتی ئەندازیاران و کارمەندانی وەزارەت بدرێت لە رێگای بڕیاری٩٨٦ زۆر زۆر هەوڵ دراوە و بەردەوامیشین لە هەوڵدان، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتووینە ئەنجامێک ، هەرچەندە بەڵێنیان داوە بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجامی

نەبووە، بەردەوامین لە هەوڵ دان چونکە کێشەیەکی گەورەیە، ئێمەش خاوەنی کێشەکەینە.
پرسیارەکانی کاک فەرحان، چواریانی گرد زنگر بۆ دێیەکان عایدی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، لەوانەیە ئەوان بتوانن وەڵام بدەنەوە ڕێگای دێکان عایدی ئەوانە زیاتر ڕێگای سەرەکی عایدی ئێمەیە، هەروەها ڕێگای مری بابۆخنس ئەوەی من بزانم لە بەرنامەی ۹۸٦ داندراوە و لەو فێسانە ئەنجام دەدرێت. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ نازەنین خان بۆ وەڵام دانەوەی هەموو پرسیارەکان، کە جێگای ڕێزە، ئێستاش ئەو بەڕێزانەی کە بە دواداچوونیان هەیە تەنها ئەوانەی کە پرسیاریان کرد بە دواداچونیان هەیە دەست بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین ،کاک ابراهیم بەس بە کورتی تکایە.

**بەڕێز ابراهیم سعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تاقیگە، لە تاقیگەی دهۆکم پرسی کەوا ئەو وەزارەتەی کە هاوکاری تاقیگە دەکات بە جیدی وەزارەتی ئەشغالە، هەمان پرسیارم هەیە بۆ وەزارەتی تر ئەوانەی خزمەتگوزاری کەکاتی هات، بابەتی تر بابەتی چەتری بەردیە واتا ئەو چەترە بەردیەی پێش پردی قەندیل خۆت دەزانی کە ساید سلۆپ دەبێت ڕێژەی چەندی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

مەبەستم لە ڕەسیف ئەو بەرو ئەو بەری شەقامە چونکە دوای قیرتاوکردن نەوی دەبێ و دەبێتە هۆی کارەسات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زەهرا خان فەرموو.

مەبەستی ئێمەش دروست کردنی ڕەسیف هەردوو شەقامی کۆلیژی سەربازیە ۱٪ دای جێبەجێ نەبووە ئەوەی تر ۹۰٪ دای جێبەجێ بووە گەرەکەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. لطیف فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من بەدواداچونەکەم ئەوەیە ئێمە خەمی زەوی کشتوکاڵیمان هەیە هەرچەندە جەنابی

وەزیر باسی کرد کەئەوە سەر بەوەزارەتی شارەوانیە بەس ئەگەر بۆ داهاتوو ئەوە لە بەر چاو بگیرێت کارێکی چاکە، رێی کەسنەزانیش هەر زەوی کشتوکاڵیە و ئەوەی رێگای عەنکاوەش هەر زەوی کشتوکاڵیە، بێگومان جەنابی وەزیر لەو بەینە بەدەر نابێت کاتێ باسی ئەو بابەتە دەکرێت بەڵکو هیمەتێک بکرێت بەڵکو لە ناوچە بەرزایەتیەکان کە ناوچەی کشتوکاڵیان کەمترە بەڵکو ئەو کۆمەڵگایانە لێ بکرێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شوێنانەی کە لەوحاتی روونکردنەوەی بۆ دانەندراوە یەکەمیان هەر لەناو شاری هەولێر باڵەخانەی کۆڕی زانیاری کورد، کە نزیکەی ١٠ ملیون دیناری بۆ تەرخان کراوە ئەوەی تر لە ناو شاری هەولێر تاکو حاجی ئۆمەران هەموو قیرتاوکراوە، لە قەندیل تاکو ئیبراهیم خەلیل دووبارە قیرتاو کراوەتەوە، پێویستە لە هەموو مەداخیلی شارەکان لەوحاتی روون کردنەوە دابندرابا پارەی تێچوونی پرۆژەکەی تێدابا و ماوەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکەش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین هەرچەندە ئەرکی ئەوە بۆ ئەو سەردانە مەیدانیانەی کە دەیکات، پاڵپشتەکە بۆ زیاتر چاککردنی کارەکان هیوا دارین زیاتر بەردەوام بێت و گرنگی بەو لایەنە بدات، بۆ وەڵام دانەوە ئەو سەبارەت بە گەلی زاخۆ کە بەراستی شریانەکێ سەرەکیە، دووەم جەنابی فەرمووی تیمەکان تەنها لە زستان ئامادە دەبن، هەر چوار وەرزی ساڵ تیم پێویستە لەبەر ئەوەی جەنابیان شارەزایە کە ئەو نەفتەی دەرژێت مەرج نییە زستان بێت، بۆیە تیم زۆر پێویستن کە لەوێ بن ، هەندێ جار دەبینین کیلۆمەترێک نەفت دەرژێت و تەنها پێویستی بە قەلابێک زیخ دەکات بۆ قیرتاوکردنی، لەبەر ئەوە چەند کارەساتێک رووی داوە ، عەلاماتی مروری بەلایەنی کەم هەبێت وەکو ئاگادارکەرەوە تاکو رووداوی مروری نەبێت. دووەم وەڵامی جەنابیان بۆ پرسیاری من ئەوە بوو لەسەر برەکەی، بە تەئکید دەچم هەوڵێک دەدەم و زیاتر زانیاری کۆ دەکەمەوە و ئەو زانیاریانەی و ئەو زانیاریانە ئەگەر بەرپرسان هاوکاری منیان کرد ئەو ژمارانەی کە جەنابیان گوتیان و ئەو زانیاریانە بدات بە من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دوایین وتار بۆ جەنابی وەزیرە با بفەرموێ.

**بەڕێز نازەنین محمد وسو/ وەزیری ئەشغال و نیشتەجێ کردن:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو بەردە گەورەیەی قەندیل وەڵامم هەبو بۆی بەس لەسەرم تێپەر بوو ،تەقاندنەوەی ئەو بەردە کارێکی گەورەیە زەحمەتە و زۆر تەکلیف دەکات و ڕێگاش دەگیرێت بە دیلمان نییە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئەو پارچەیە زیادە لە ڕێگاکە ، ئێوە دەزانن کە راستەو راست پردێک نییە لەسەری تێپەر بی ئەگەر نا ئەوە زیادە، بە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت تێپەر دەبێت، ئینجا یەکێک لەو پرۆژانەی کە لە فیێسی ٨ی بڕیاری ٩٨٦ دامان ناوە ئەوەیە دروست کردنی پردی قەندیلە لەبەر ئەویە ئەو پردەی ئێستا هەیە بەشێویەکی کاتی بەکار دێت پردێکی هەمیشەیی نییە و خوانەخواستە هەر زەرەرێکی پێبگات بەدیلی نییە ، پردێکی هەمیشەیی لە بەرنامەدایە لەگەڵ پردی ئیفراز و هەردوو پرد پێکەوەنە، کە ئەو ئەنجام درا پێویستمان پێ نابێت، لەبەر ئەوەی هەم ڕێگا دەبڕێت هەمیش کارێکی زەحمەتە، لەگەڵ ئەوەشدا کاری لێکراوە ئەگەر تێبینیتان کردبێت بەپێی توانا دیوار لەو لاو لەولای کراوە، ئیشاراتی هاتووچۆ داندرایە لە ناوچەکە ، ئەوەیە بابەتەکە .

ئەوەی زەهرا خان وەکو گوتم زیاتر پەیوەندی بە کاتەوە هەیە، لەوانەیە شۆستەکان قیر کرا بن، ئەوە بە تایبەتی بەدواداچونی دەکەین و وەڵامتان دەدەینەوە کە ئەو رەسیفانە بۆ ئەنجام نەدراوە.

ئەوەی گەلی زاخۆش من نەم گوت بەس لە زستاندا تیم هەیە، گوتم بە تایبەتی لە زستان تەرکیز دەکەین، دەبێت تیم هەبێت بە بەردەوامی جا ئەگەر تێبینیتان لەسەر ئەوە بێت کە تیمەکە کارەکانیان ناکەن یان هەموو دەم ئامادە نییە و ئەوە بەدواداچوونی دەکەین هەروەها ئیشاراتی هاتووچۆش پێویستە و دایدەنێین.

پارەکەی زاخۆش کە ئاماژەت پێدا پێم خۆشە چی تێبینیت هەیە کە تەئکید بێت بمان دەنێ تاکو بە دواداچوونی بۆ بکەین، وەڵامیشتان دەدەینەوە.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس بۆ نازەنین خان بۆ راپۆرت و وەڵام دانەوەی پرسیارەکان کە لە راستیدا کاروباری وەزارەت و بەرهەمەکانی بەباشی خستە روو ، لەراستیدا دانیشتێکی سەرکەوتوو بوو جارێکی تر سوپاسی دەکەین هیوا دارین ئەو جۆرە کۆبونەوانە بەردەوام بێت بۆ سوود وەرگرتن لێی، و بۆ بەهێز کردنی هاوکاری و هەوئاهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت

به دانیشتنی ئەمرۆمان و دانیشتنی بەیانیمان سبەی سەعات ۹ دەبێت، لەبەر هەندێک کاری پێویست دانیشتن لەگەڵ وەزیری ئەوقاف دواخرا بۆ بەیانی سەعات «۹»، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠)**

چوار شـەممـە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢٨

خولی دووەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٠)

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٨/١١/٢٠٠١

كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٨/١١/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:
بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە بیست)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٨/١١/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١- ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ئەوقاف وكاروباری ئیسلامی بۆ بەرچاو خستنی چالاكییەكانی وەزارەتەكەی ووەڵام دانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.
٢- خستنەروو گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی كە پێشنیاركراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێكهاتووە:
١- ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری ئەوقاف وكاروباری ئیسلامی بۆ بەرچاو خستنی چالاكییەكانی وەزارەتەكەی ووەڵام دانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.
٢- خستنەروو گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی كە پێشنیاركراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.
لێرەدا بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز كاك شێخ عەدنان نەقشبەندی دەكەین وەزیری ئەوقاف وكاروباری ئیسلامی، تكایە با بفەرموێتە سەر سەكۆیەكە بۆ پێشكەشكردنی ڕاپۆرتەكەی، فەرموو.

**بەڕێز عدنان نقشبندی/وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی:**

بسم الله الرحمان الرحیم

((وَقُلْ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤمِنُونَ))

صدق الله العظیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر سوپاسی بێ پایانم بۆ بەڕێزتان کە دەرفەتتان پێدام لە بەردەم پەرلەمانی کوردستانی بەڕێزدا ئەم ڕاپۆرتە پێشکەش بکەم. ئەو پەرلەمانەی کە هەردەم چقڵی چاوی ناحەزانی کورد و کوردستان بووە و بەرهەمی خوێنی هەزارەها شەهید و ڕەنجی پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستان بووە و ئاواتی نیو سەدە خەباتی بارزانی نەمر بووە، وە هەردەم هەڵوێستی نیشتمان پەروەرانەو جوامێرانەی هەبووە چ لە ئاستی کێشەکانی ناوخۆ چ لە ئاستی کێشەکانی دەرەوەدا بەو شێوەیەی کە خزمەتی بە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان کردبێت، ئومێدەوارم لەم کۆبوونەوەدا بتوانم کار و چالاکییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پێشکەش بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بکەم. لای هەموو لایەک شاراوە نییە کە ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئەرکێکی پڕ بەها وپیرۆزە و لە هەمان کاتیشدا ئەرکێکە کە تایبەتمەندی و حەساسییەتی خۆی هەیە، چونکە مامەڵەی لەگەڵ عەقیدەی پیرۆز وموقەدەسی ئیسلام دەکات و خزمەت بە زانایانی ئایینی کوردستان و مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکان دەکات، بۆیە هەموو کاتێک ئێمە دەڵێین لە کاتێکدا کە ئەرکێکی وەزیفییە، ئەرکێکی تەعەبودیشە. جێگای ئاماژەشە کە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی گەر هەر ئەرکێکی سەرکەوتووانەی ئەنجام دابێت ئەوا بە پشتیوانی سەرۆکی خۆشەویستمان سەرۆک مەسعود بارزانی بووە کە هەردەم هەڵگری ئاڵای ڕێبازی بارزانی پیرۆزە کە یەکێک لە بنەماکانی ئەو ڕێبازە خزمەت وپشتیوانی کردنە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام. بێوەفاییشە گەر ئەوەش نەڵێین کە هەردەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی هەموو کاتێک بە گەرمی بە پیر داخوازیەکانی وەزارەتەکەمانەوە هاتووە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا و بەپێی یاسای ژمارە (٧) ساڵی ١٩٩٢ کە لەم پەرلەمانە پیرۆزەدا دەرچووە. سەرەڕای پۆستی وەزیر و بریکار و نووسینگەکانیان و ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و ئەنجومەنی زانستی، پێک دێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆبەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێرباری.
- بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەکان.
- بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانی ئیسلامی.
- بەڕێوەبەرایەتی ئەملاک و کاروباری ئیسلامی.

ـ بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان و بەدواداچوونەوە.
ـ بەڕێوەبەرایەتی حەج و ئیرشادی دینی.
ـ بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە و ئاوەدانکردنەوە.
ـ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پارێزگاکان.
ـ بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن.
ـ بەڕێوەبەرایەتی پشکنین.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بە پشت بەستن بە پلان و دیراسەتەکانی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف چەندین بەرنامە و پێشنیاری ئامادە کردووە و لە ماوەی ئەم ساڵ و چەند مانگێکی ساڵی ڕابردوودا هەندێکیان سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیاندووە و هەندێکی تریشی بە مەبەستی چاکسازی لە جێ بەجێ کردنیدا بۆ لایەنی بەرپرس بەرز کردۆتەوە، ئەمانەش بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی کە بەپێی یاسا و بڕیار و سیستەمەی تایبەت بە ئەوقاف کە پێی دراوە. ئەنجومەنی زانستی ئەوقاف کە بەپێی ماددەی (٨) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی پێکهاتووە لە ماوەی کارکردنی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەیان کارمەندی تازەی بە ناونیشانی جۆراوجۆر لە ( پێش نوێژ و ووتار خوێن و قورئان خوێن و بانگبێژ و خزمەتگوزار) تاقی کردۆتەوە و دامەزراندووە، هەروەها مۆڵەتی بە چەندین مزگەوتی کوردستان داوە تا نوێژ و ووتاری هەینی و جەژنەکانی تێدا بخوێندرێتەوە، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (٢٣) لە ٩/ ١٠/ ١٩٩٤ ساڵانە ئەزموونێکی تایبەت بە بەرامبەر کردنی (یەکسانی کردنی) بڕوانامە بۆ دەرچوانی ئەو فەقێ ئەهلیانەی کە مۆڵەتی زانستییان هەیە، ڕێکخستووە و ئەنجام داوە، تا بتوانرێت بوار بۆ قوتابییانی قوتابخانەکانی ئیسلامی بڕخسێت بۆ دەستبەر کردنی بڕوانامەی زانستی بەرزتر لە هەرێمی کوردستان.

ـ لە بواری حەج و ئیرشادی دینیدا بەمەبەستی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ماددە (٢/نۆیەم) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٢ هەوڵێکی زۆرمان داوە پەیوەندیی و دۆستایەتی لەگەڵ گەلانی موسڵمان و جیهانی ئیسلامی پتەوبکەین لەم ڕێرەوەدا ساڵی ڕابردوو بۆ یەکەم جار سەفەری حەجمان بۆ موسڵمانانی کوردستان ڕێکخست و شاندێکی باڵاش بە سەرۆکایەتی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی سەردانی کەعبەی پیرۆزیان کرد و هەر لەوێ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری بەناوبانگی عەرەبستانی سعودی وەک (عکاظ و ریاض و مدینە) دیدار و گفتوگۆیان لەگەڵ کردین و ئێمەش ڕەوشی ئایینی و سیاسەتی خواستی گەلی کوردی موسڵمانمان پێ ڕاگەیاندن و داواشمان لێکردن سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە خواستی ئاشتی خوازانە و پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی گەلی کورد بەئاگابن. هەروەها دوو شاندی جیاجیا لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سەردانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییان کردووە و بۆ زیاتر خزمەتکردن بە موسڵمانان

گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە و تا رادەیەک لێک گەیشتن و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە بواری ئایینیدا پەیدا بوو، هەروەها سەردانی مێژوویی شاندی ئەزهەری شەریف بۆ هەرێمی کوردستان و ئەنجامە ئیجابی و موژدە بەخشەکانی بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی تری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامییە لەم بوارەدا. ئەنجامی سەردانە مێژووییەکەی شاندی ئەزهەری شەریف بۆ هەرێمی کوردستان نمونەی هەوڵەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لەم رێرەوەدا سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی حەج و ئیرشادی دینی خولی ساڵانەی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک کردۆتەوە کە هەریەکەیان سێ مانگ بەردەوام بووە و ئەکادیمی و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان لەم خولانەدا وانەیان وتۆتەوە بڕی (٣٠٠٠٠٠) دیناری بۆ خەرج کراوە، هەروەها توانیومانە مەراسیمی پرسە بە شێوەیەکی گونجاو رێک بخەین کە خۆشبەختانە زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەستخۆشییان لێ کردووین هەروەها جێگای خۆشحاڵی خەڵکێکی زۆر و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بووە کە بەگرنگییەوە تیشکیان خستۆتە سەر بەرنامەی تازەی وەزارەت لە مەراسیمی پرسەدا. هەر ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندنی وەزارەت چەندین گۆڤار و نامیلکە و کتێبی زانستی ئیسلامی بە بڕی زیاتر لە (١٠٠٠٠٠) دینار دەرکردووە وتا لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا بڵاوی بکاتەوە، هەروەها پێشبرکێی ساڵانەی بۆ قورئان خوێنەکانی هەرێمی کوردستان رێکخستووە و دەیان قورئان خوێنی دەنگ خۆشی بۆ بۆنە ئایینیەکان ئامادەکردووە و بەڵگەنامە و باجی مۆڵەت پێدانی وەزارەتمان پێداون بە مەبەستی خوێندنی قورئان لە پرسە و بۆنە ئایینیەکاندا، هەروەها بۆ رێزگرتن و زیندوکردنەوەی یادە پیرۆزەکان ساڵانە لە هەموو بۆنەکان ئاهەنگ گێردراوە بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر دوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا نزیکەی (٤٠٠٠٠٠) دینار خەرج کراوە. هەروەها دوای گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لیژنەی باڵای فەتوا رێکخرا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە ئایینیەکان و بڕیاردان لە مەسەلە شەرعیەکان، ئەم لیژنەیەش بۆتە تاکە مەرجەعیەت لە هەرێمی کوردستان لە بڕیارە شەرعییەکاندا و رێگای فەتوای لابەلای دەگرێت کە خزمەت بە ئەزموونەکەمان ناکات. ئێمە زۆر جار وەکو دروشمێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە هەمیشە سیاسەت لە خزمەت دین دادەنێین نەک بە پێچەوانەوە، لێرەدا دەمەوێت وەکو سترا تیژیەتێکی نەگۆڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی دیاردەی تیرۆر ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لە رێگای مینبەری پیرۆزی مزگەوتەکان و زانایانی ئایینی بە قەدر هەردەم تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردووە هەموو کاتێک دژی تیرۆر و تیرۆرستان دەوەستین، چونکە تیرۆر دیاردەیەکی نامۆیە چ لەلای کۆمەڵگای کوردەواری و چ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کە ئایینی تەساموح و پێکەوە ژیان بووە، هەر وەکو پەروەردگاری بێ هاوتا لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێت:

بسم الله الرحمن الرحيم/(ادْعُ إِلَى سَبيلِ رَبّكَ بالحكمَة وَالموعظَةِ الحَسنَةِ وَجادلِهمْ بالتي هي أحسَن إن َربّكَ هو أعلم بمن ضل عَنْ سبيلهِ وَهُوَ أعلم بالمهتَدِينَ)/صدق الله العظيم.

ـ له بواری ئەندازە و ئاوەدانکردنەوەدا وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی کە له بڕیاری (٩٨٦) بێ بەشە بەڵام له ماوەی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چەندین مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئایینیەکان و منارەی مزگەوتەکان و شورەی گۆرستان و خانووی مامۆستای مزگەوتی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان دروست کراوە، چەندین مزگەوت و تەکیە و خانەقا و قوتابخانەی ئیسلامی و بینایەی نۆژەن کراوەتەوە و کەل و پەل و پێداویستی جۆراوجۆریش بۆ بەشی هەرەزۆری مزگەوتەکانی کوردستان دابین کردووە و لەم پێناوەشدا لەسەر بودجەی وەزارەت زیاتر له (١٥) ملیۆن دیناری خەرج کراوە، کە نزیکەی (١٠٠٠٠٠٠٠) دیناری له سنووری پارێزگای هەولێر خەرج کراوە و زیاتر له (٥٥٠٠٠٠٠) دیناریش له سنووری پارێزگای دهۆک خەرج کراوە. لەساڵی ڕابردووشدا واتە ساڵی ٢٠٠٠ دوای جێبەجێ کردنی هەموو پرۆژەکانمان نزیکەی (٣٢٨٠٠٠٠) دینارمان گەراندۆتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت لەو کارانەی کە بەراستەوخۆ لەلایەن لیژنەکانی وەزارەت ئەنجام دراون. هەر له بواری ئاوەدانکردنەوەدا توانیومانە هەموو ڕێکخراوە خێرخوازەکان پابەند بکەین بەپلانەکانی ئاوەدانکردنەوەی وەزارەتی ئەوقاف له بواری دروستکردنی مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکاندا بە جۆرێک دروست کردنی مزگەوت له کوردستاندا بەپێی داواکاری و بەرنامەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەبێت و ڕێگا نادرێت بە هیچ دەزگا و ڕێکخراو و لایەنێک بەبێ ئاگاداری وەزارەتی ئەوقاف یان یەکە ئیداریەکانی پارێزگاکان مزگەوت دروست بکەن.

ـ لەبواری ئەملاک و کاروباری یاساییدا بەڕێوەبەرایەتی ئەملاک و کاروباری یاسایی هەڵساوە بە ئامادەکردنی چەندین پرۆژە و سیستەمی تایبەت بە ئەوقاف، بەمەبەستی بەڕێوەبردنی هەموو موڵکەکانی ئەوقاف ئەوانەی (مضبوطە)نە و مولحەقەکان ئەوانی متەولییەکان بەڕێوەی دەبەن پاڵپشت بەیاسای بەڕێوەبردنی ئەوقاف بە ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموار کراو و سیستەمی (المتولین) بە ژمارە (٤٦) له ساڵی ١٩٧٠ و سیستەمی (المزیدات و المناقصات)ی تایبەت بە ئەوقاف بە ژمارە (٤٥) له ساڵی ١٩٦٩ هەموار کراو و مەرجەکانی (الواقفین) و بەپێی ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز. هەر لەم بوارەدا توانیومانە پرۆژەی یاسای پەیمانگای پێش نوێژ و ووتارخوێن ئامادەبکەین و له پەرلەمانی کوردستان تشریع کرا. هەروەها سیستەمی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و ئەنجومەنی زانستی و پەیمانگای پێش نوێژ و ووتارخوێن ئامادەبکەین و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێزەوە پەسەند کرا. هەر ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ڕاوێژکاری بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەوقافی هەولێر و دهۆک و سلیمانی دابین کردووە و (٢٠) خانووی میری بۆ فەرمانبەران بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران تەملیک کردووە. هەروەها له هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا هەموو

موڵکەکانی ئەوقاف خەمڵێنراوەنەتەوە بەرەچاوکردنی زیادکردنی داهاتی ئەوقاف و بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووریەوە و بەپێی گرینگی بازرگانی و شوێنی جوگرافی موڵکەکان و بەژەوەندی هاووڵاتیان لەیەک کاتدا. ئێستا هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر و دهۆک دەیان دوکان و خانوو و چەندین باڵەخانەو شوقەو پارچە زەوی کشتوکاڵی و گەراج بەڕێوەدەبەن کە داهاتی ساڵانەیان نزیکەی (٢) ملیۆن دینارە و داهاتی ساڵی ٢٠٠١ لە داهاتی ساڵی رابردوو زیادی کردووە و لە ئەنجامی (٨) دەعوای (إستملاكی) لەگەڵ وەزارەتی رۆشەنبیری بەبڕیاری دادگا بەگوژمەی زیاتر لە (٨٤٤٦١٩٦) دینار قەرەبوو کراین و ئێستا وەک (أمانات ثابتە) لە بانکی هەرێم دانراوە، لەم ماوەیەدا (١٧) دەعوامان ئیقامە کردووە وەیان لەسەرمان ئیقامە کراوە لەوانەش (١٠) دەعوا لە بەرژەوەندی ئەوقاف کۆتایی هاتووە و دووانیان لە دژی ئەوقاف کۆتایی هاتووەو (٣) دەعواش پوچەڵ کراوەتەوە و دووانەکەی تریش کۆتایی پێ نەهاتووە. هەروەها توانیومانە (بۆ یەکەم جار) جەردێکی هەموو موڵکەکانی ئەوقاف لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک بکەین بۆ بەکارهێنانیان بە چاکترین شێوە. وشایانی باسە زۆر لە موڵکەکانی ئەوقاف پێش راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەلایەن حکومەتی ناوەندی فرۆشراوە و ئەمەش سەرپێچیەکی روون و زەقی ئایینی ئیسلامە و هۆیەکیشە بۆ کەم بوونەوەی داهاتەکانی ئەوقاف.

ـ سەبارەت بەمزگەوتەکان لە سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک (٢٠٧٩) مزگەوت هەیە و (١٥١٣) مزگەوت لە سنووری پارێزگای هەولێر و (٥٧٦) مزگەوت لە پارێزگای دهۆک لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەکانەوە بەڕێوە دەچێ و (١٣٦٧) مزگەوت لە سنووری ئەم دوو پارێزگیەدا ووتاری هەینیان تێدا دەخوێندرێتەوە و لە هەموو ئەم مزگەوتانەشدا (٣٧١٢) کارمەند کاری پێش نوێژ و ووتارخوێن و قورئان خوێن و بانگبێژ و خزمەتگوزاری دەکەن، هەروەها (١٢٨) پێش نوێژ و ووتارخوێن بەشێوەی گرێبەند لە مزگەوتەکانی سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک ئەرکی خۆیان دەبینین، لە کابینەی چوارەمدا توانرا بڕی (٢٠٠) دیناری براوە بۆ زیاتر لە (٩٠٠) نابینای هەرێمی کوردستان دابین بکەین. هەروەها بۆ خزمەت کردن و رێکخستنی مزگەوتەکان لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ رێکخستنی بڵندگۆی (مكبرە) مزگەوتەکان بەگوێرەی پێویست، هەروەها بۆ پاراستنی کەل وپەلی مزگەوتەکان دوو سجلی چوون یەکمان هەیە یەکێکیان لەلای مامۆستای مزگەوت و ئەوی تریش لە دیوانی وەزارەتە ناو و جۆری هەموو ئەو کەل وپەلانەی تێدا تۆمارکراوە کە لە مزگەوتەکەدا هەیە.

ـ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی کە دوای راپەرین و لە بارودۆخێکی تایبەتیدا دامەزراوە وکار بۆ ئەوە دەکات کە خوێندنی ئیسلامی لەسەر شێوازێکی رەسەن وکورد پەروەری بێت بەجۆرێک لەگەڵ ئەزموون و ئازادی هەرێمی کوردستاندا گونجاو بێت ئەوانەش لە سێ قۆناغدا قوتابیان ئامادە دەکەن (ناوەندی ، ئامادەیی ، پەیمانگای پێش نوێژ و ووتارخوێن) بۆ زیاتر گرینگیدان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لەلای

قوتابیانی قوتابخانەکانی ئیسلامی پرۆژەیەکمان ئامادەکردووە بۆ بەستنی کۆنفرانسێک بۆ قوتابخانەکانی ئیسلامی. ئەم قوتابخانانە گرینگیەکی زۆریان پێدراوە لە رووی دابین کردنی شوێن و جل وبەرگ و کتێب و مەلزەمە و مامۆستا و وانەبێژ هەموو پێداویستەکانی تری هەموو قۆناغەکانی خوێندن. لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا هەشت قوتابخانەی ناوەندی ئەوقافی ئیسلامی و شەش قوتابخانەی دواناوەندی ئەوقافی ئیسلامی و سێ پەیمانگای پێش نوێژو ووتارخوێنمان هەیە، کە زیاتر لە (١٠٠٠) قوتابی تیایدا دەخوێنن. هەروەها (٥٩) قوتابخانەی ئەهلی هەیە کە نزیکەی (٦٥٠) فەقێ تێیدا دەخوێنن بەم جۆرە خوێندنە کەلەپوریە (حلقی)یە توانیومانە رێنمایی تایبەتی بۆ رێکخستنی مامۆستا و وانەبێژ و فەقێ و سەرپەرشتی کردنیان بەشێوەیەکی گونجاو بکەین، هەروەها توانیومانە جەردی حوجرەی فەقێیەکان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک بکەین و رێنماییشمان داوە کە هیچ مامۆستایەک بۆی نییە فەقێ راگیر بکات بەبێ ئاگاداری وەزارەتی ئەوقاف، بۆ ئەم مەبەستەش سجلێک تەرخان کراوە ناوی هەموو فەقێیەکانی هەرێمی کوردستانی تێدایە لەگەڵ ناوی مامۆستای سەرپەرشتیار.

سالآنەش کۆمەڵێک دەرچوانی شەشی ئامادەیی لە قوتابخانەکانمان دەچنە زانکۆکانی سەلاحەددین و کۆلێژی شەریعەی دهۆک، هەوڵی زۆریشمان داوە بۆ کردنەوەی کۆلێژی شەریعەی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف لە هەولێری پایتەخت و بەخۆشحاڵیەوە رەزامەندی لەسەر کردنەوەی وەرگیراوە بەڵام لەبەر دەست پێکردنی وەرزی خوێندن، کردنەوەی کۆلێژەکە بۆ ساڵی ئایندە دواخرا. هەروەها هەوڵێکی زۆر لە ئارادایە بۆ رەوانەکردنی چەند قوتابیەک بۆ زانکۆی ئەزهەری شەریف تا بڕوانامەی زانستی ئیسلامی بەرز بۆ کوردستان بهێننەوە. هەر لە بواری قوتابخانەکانی ئیسلامیدا هەوڵێکی زۆرمان داوە کە قوتابخانەکانمان داخلی بڕیاری (٩٨٦) بن.

لەم بارەیەوە دووجار لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەلایەن ئێمەوە تەئکیدی لەسەر کراوە و رەزامەندی لەسەری وەرگیراوە ئێمەش لەلایەنی خۆمانەوە هەموو پێشنیار و داواکاری و پێداویستییەکانی قوتابخانەکانی ئیسلامیمان پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کردووە و چاوەڕێی ئەوەین کە دەزگا پەیوەندیدارەکان لە (UN) و لە بڕیاری (٩٨٦) کە بەدەنگ داواکاریەکانمان بێن لە ئایندەیەکی نزیکدا جێبەجێ بکەن، دیارە ئێمەش تەقدیری ئیجرائاتی یاسایی و میکانیزمی ئەو بەرنامەیە دەکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوشدا لەسەر بودجەی وەزارەتەکەمان بایی زیاتر لە (١٢٠٠٠٠٠) دینارمان بۆ کڕینی جل وبەرگ وکتێب و قرتاسییە و پێداویستی جۆراوجۆر خەرج کردووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەرماڵەی مامۆستایانی قوتابخانەکانی ئیسلامیمان لە (١٥٠) دینار بۆ (٢٠٠) دینار زیادکردووە. هەر لەم بوارەدا بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکانی ئیسلامی خولی بۆ بەرنامەو رێکوپێکی بۆ فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز کردۆتەوە و ئەوە و ژمارەیەکی زۆری نابینایانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش بۆ ئاوارە دەرکراوەکان بەشداریان تێدا کردووە و سەرەڕای خەڵاتکردنیان بڕوانامەشیان پێدراوە.

ـ لە بواری ڕاگەیاندندا، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەشێوەیەکی هەفتانە بەرنامەی ئایینی بە ئامادەکراوی پێشکەش بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردووە و بە دەیان مامۆستای ئایینی وتار و بابەتی کۆمەڵایەتی و زانستی ئیسلامی و چەندین لایەنی ئایینی بڵاوکردۆتەوە و گۆڤارێکی زانستی ئایینی کۆمەڵایەتی بە شێوەی وەرزی بەناوی (خۆری ئیسلام) دەردەکات بەجۆرێک لەگەڵ ئەزموونی دیموکراسی و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان هاوشان بووە و هەموو بەرنامەو بابەتەکان لە خزمەت موسڵمانانی کوردستان و ئازادی هەرێمەکەدا بووە. هەروەها ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەماوەی ساڵێکی دامەزراندنیدا دەیان ڕاپۆرتی گرینگی لەسەر پرۆژەکانی وەزارەت و یادە پیرۆزەکان وەک ئیسرا و میعراج و مەولودی نەبەوی و چەندین بۆنەی ئایینی تر، لە مانگی ڕەمەزانیشدا هەموو ساڵێک بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن بەرنامەی تایبەت بەم مانگە پیرۆزە بۆ هەموو تەلەفزیۆن و ڕادیۆکانی کوردستان ئامادە دەکات و پێش ئەم مانگەش بەیەک ڕۆژ ئیمساکی مانگی ڕەمەزان بە شێوازێکی شایستە دەردەکات و بەخۆڕایی (٧٠٠٠) نسخەی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر مزگەوتەکان و موسڵمانان دابەش دەکات. هەروەها لەماوەی ڕابردوودا چەند کاسێتێکی ڤیدیۆ لەسەر هەموو کار و چالاکییەکانی وەزارەت و ڕەوشی ئایینی ئیسلام لە هەرێمی کوردستاندا بە تەرجەمە کراوی ئامادەکراوە و لە کاتی سەردانی شاندی حاجییانی کوردستان بۆ عەرەبستانی سعودی پێشکەش کراوە و دواتریش کاسێتێکی تری هاوشێوە بە تەرجەمە کراوی بۆ شاندی ئەزهەری شەریف ئامادەکراوە و پێشکەش کراوە. کە جێگای خۆشحاڵی دۆستەکانی گەلی کورد بووە لەگەڵ ئەمانەشدا چەندین پێشەنگای فۆتۆگرافی تایبەت بە مزگەوتەکان و کتێبە ئایینیە مێژوییەکان و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان و زانایانی ئایینی ئیسلامی کورد کراوەتەوە. هەر لەم بوارەدا چەندین پەیوەندی ڕۆژنامەوانی لە نێوان وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە ڕێکخراوە.

ـ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریش هەستاوە بە ڕێکخستنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەی بڕاوەی دامەزراوان (مقطوعە) کە ژمارەیان زیاتر لە (١٧٠٠) کەس دەبێت، هەروەها ئەمساڵ توانیومانە مووچەی مامۆستایان بە بڕی (١٥٠) دینار زیاد بکەین هەر چەندە هێشتا ئەم زیادەیە لە ئاستی پێویستی و گوزەرانی مامۆستایانی ئایینی بە قەدردا نییە، چونکە هەموو لایەکمان دەزانین کە مامۆستای ئایینی ناتوانێت جگە لە کاری خۆی هیچ کارێکی تر ئەنجام بدات کە ببێتە هۆی چاککردنی باری گوزەرانی، جا لێرەوە داوا دەکەین کە مووچەی مامۆستایانی ئایینی زیاتر زیاد بکرێت بە جۆرێک لە (١٠٠٠) دینار کەمتر نەبێت، هەر لەم بەڕێوەبەرایەتییەدا بەشێک هەیە بەناوی ووردبینی و چاودێری کە هەڵدەستێ بە مامەڵەی وردکاری و چاودێری جولەی دارایی و خەرجی کە لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەکان ئەنجام دەدرێت.

ـ بەڕێوەبەریەتی پلان دانان و بەدواداچوونەوەش سەرپەرشتی ئامار و بەسەرکردنەوە وجێبەجێ کردنی پلان و پرۆژەکانی وەزارەت و نۆژەنکردنەوە و گەشەپێدانی مزگەوتەکانی هەرێم دەکات و

راپۆرتی مانگانەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەت پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە.

ـ بەڕێوەبەرایەتی کارگێریی و خۆیەتی سەرەڕای ڕێکخستنی کاروباری دامەزراندن و گواستنەوە و خانەنشینکردن و دەست لەکارکێشانەوەی فەرمانبەران لە هەر سێ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی کارەکانی خۆیەتی جێبەجێ کردووە و بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نەدراوە مامەڵە و نووسراوی هاووڵاتیان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت لە ماوەی (٤٨) سەعات زیاتر بمێنێتەوە تەنها ئەوانە نەبن کە پێویستیان بە دیراسەتکردن هەبووە. ئەمەش بۆ ئاسانکاری مامەڵەی هاووڵاتیان و کەم کردنەوەی ڕۆتینی ئیداری بووە و وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونی کابینەی چوارەمەوە زۆر بەجدی جێبەجێی کردووە. ئێستاش کۆی گشتی فەرمانبەران لە دیوانی وەزارەت و هەرسێ بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر ، دهۆک ، سلێمانی (١٤٧) فەرمانبەرە.

ـ بەڕێوەبەرایەتی پشکنینیش لیژنەی پشکنینی هەمیشەیی هەبووە و ڕۆژانە بۆ دڵنیا بوون لە پاک وخاوێنی مزگەوتەکان و یەکخستنی بانگ و بۆنە پیرۆزەکان و بەسەرکردنەوەی ووتارەکانی هەینی و قەدەغەکردنی کۆبوونەوە و چالاکی گومان لێ کراو لە مزگەوتەکاندا ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە و تا ڕادەیەکی باش لە کارەکانی سەرکەوتوو بوون.

ـ سەبارەت بە نوێنەرایەتی فەقێکانی کوردستان، ئێمە بۆ خزمەتکردنی ئەم توێژە گرنگە کە زۆربەی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە حوجرەکانەوە پێگەیشتوون گرنگییەکی تایبەتیمان بە توێژی فەقێیان داوە و توانیمانە هاوکاری بکەین لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی فەقێکانی کوردستاندا و باری گوزەرانیان تا ڕادەیەک باش بکەین، ئێستا لیژنەی فەقێیانی کوردستان پێشینەیەکی مانگانەی (١٥٠٠٠) دیناریان بۆ دابین کردوون و گۆڤارێکی مانگانە بەناوی (بانگ) دەردەکەن و لە زۆربەی بۆنە ئایینییەکانیشدا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بۆ زیاتر تۆکمەکردنی کارەکانی بەردەوامە لە پەیوەندی کردن بە یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستان و لیژنەی ئەوقافی بەڕێز لە پەرلەمانی کوردستان، لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم بەمەبەستی دڵنیا بوون و بەچاکی بەڕێوەبردنی کارەکانی وەزارەتەکەمان بە درێژایی ماوەی رابردوو سەردانی مەیدانی زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستانمان کردووە، وەکو ئامێدی و زاخۆ و سەرسەنگ و سوارەتوکە و ئاکرێ و زاوێتە و بەردەرەش و دینارتە لە پارێزگای دهۆک و، سیدەکان و چۆمان و حاجی ئۆمەران و سۆران و هەریر و شەقڵاوە و قوشتەپە و سرێشمە و خەبات و زەرگە زەوی لە پارێزگاری هەولێر. ئەوەش رەنگدانەوەی زۆری هەبووە لە رووی مەعنەوی و ئابووری و یاساییەوە، گرفت وکێشەکانی وەزارەت. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە جەنابتان و ئەندامە بەڕێزەکان ئاگادار بن بۆ ئەوەی ئەگەر شتێک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتەوە پشتگیریمان لێ بکەن، یەکەم:ـ نەبوونی کۆمەڵێک کادر و

شارەزای پسپۆڕ لەبەشەکانی دیوانی وەزارەت بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی هاوچەرخ کارەکانمان بەڕێوە ببەین، وەکو بەڕێوەبەری گشتی و پسپۆڕی شارەزا لە بوارەکانی کارگێری و دارایی و ئاینی و ئەندازەیی. دووەم ـ باڵەخانەی ئێستای وەزارەتەکەمان بچووکە و جێگای بەڕێوەبەرایەتییەکانمان نابێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش توانیمان زەویەکی «٦٠٠٠» مەتری وەربگرین و کەشفێکی تەواو بۆ دروست کردنی باڵەخانەیەک بە «١٨»ملیۆن دینار ئامادە کراوە و، بەرزمان کردووەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و بڕیار وایە لە ساڵی ئایندە بە ئەنجام بگات. سێیەم: نەبوونی باڵە خانەی تایبەت بە قوتابیەکان کە زۆبەیان لە مزگەوتەکاندا دەوام دەکەن، ئەمانەش زۆر جار کێشەمان بۆ دروست دەکەن. چوارەم:ـ پرۆگرامی خوێندن بۆ ماوەیەکی پێشتر دانراوە و پێویستی بە گۆڕان هەیە و، وەکو باسم کرد ئێمە خەریکی ئەوەین کە کۆنفرانسێک ببەستین بۆ ئەو قوتابخانانە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی باشتر خزمەت بەو قوتابخانانە بگەیەنین،حەز دەکەم کەوا بەرگێکیش لەو پرۆگرامە پێشکەشی بەڕێزتان بکەم. پێنجەم:ـ نەبوونی چاپخانەیەکی تایبەت بۆ چاپ کردنی بەرنامەکانی خوێندن و دەست نووسەکان، بەراستی ئێمە لیژنەی تەعزیدمان هەیە بۆ چاپ کردن کە چاپیش زۆر و زۆریش تەکلیف دەکات لەسەر حکومەتی هەرێم. شەشەم: وەرنەگرتنی مامۆستایانی ئەکادیمی سەر بە قوتابخانەکانی ئیسلامی ئەوقاف لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان. حەوتەم:ـ بەشدار نەبوونی وەزارەت لە بڕیاری «٩٨٦» بەتایبەتی لە رووی یارمەتی نەدانی قوتابخانەکان و پرۆژەی دروست کردنی مزگەوت. هەشتەم: لەبەر ئەوەی مزگەوتێکی زۆر لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف و رێکخراو خەڵکی خێرخوازەوە دروست کراون و پێویستمان بە کارمەندە لەبەر راگرتنی دامەزراندن، هەست بە بۆشایی دەکەین ئەمەش کاردانەوەی سلبی هەیە، حەز دەکەم ئەم خاڵە زیاتر روون بکەمەوە، رۆژ بە رۆژ مزگەوتەکان لە زیاد بووندایە، وەکو جەنابیشتان ئاگادارن حکومەتی ئێمە لەبەر چەند هۆیەکی یاسایی دوای هاتنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ شاری هەولێر دامەزراندن راگیراوە، کە مزگەوتێک دروست دەکرێت پێویستی بە مامۆستا و تار خوێن و قورئان خوێن و خزمەتگوزار هەیە، زۆر جار بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەشێوەیەکی تایبەتی هاوکاری کردووین، بەڵام بەراستی هەست بە بۆشایی دەکەین، چونکە زۆر لە مزگەوتەکانمان چاک نییە و بە مەقتوعە، یا بەشێوەیەکی تر خەڵکیان بۆ دادەنێین، بە راستی ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگ بوو کە حەزم کرد پێش چاوی بەڕێزتانی بخەم. نۆیەم:ـ لەبەر نەبوونی خانووی ئیمام لە مزگەوتی دێهاتەکان، زۆربەی مزگەوتەکان بێ ئیمامن، بۆیە داواکردنی دروست کردنی خانوو بۆ ئیمامی مزگەوتەکان کارێکی زۆر پێویستە، ئەنجومەنی وەزیران تاوەکو ئێستا رایان وایە کە ئەو خانووە دروست نەکرێت، ئەگەر هاتوو داواکارییەکی بەم شێوەیە هاتە پێش پەرلەمان پێمان خۆشە هاوکاریمان بکەن، چونکە دروست نییە مەلایەک بخەیتە مزگەوتێک و خانووی نەبێت. دەیەم:ـ دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی گونجاوی هەمیشەیی بۆ ئەنجام دانی فەریزەی حەج و عەمرە ساڵانە بە نرخێکی گونجاو. یازدە:ـ

پێویستی تایبەتمەندی بۆ کارمەندی دەزگا ئاینییەکان هەبێت لە رووی دابەش کردنی زەوی لەلایەن شارەوانییەوە. دوازدەیەم:ـ نەبوونی مەڵبەندێکی تایبەتمەند بە بڵاو کردن و بەرزکردنەوی ئاستی زانستی مامۆستایانی ئاینی و بەشدارکردنی ئافرەت لە خولی ئەزبەر کردنی قورئانی پیرۆز و فقهی ئیسلامی. سیازدەیەم:ـ بەمەبەستی چەسپاندی مافی ئەوقاف و بەناوکردنی ئەو موڵک و زەوی وزارانەی کە لە گوند و دێهاتەکاندا ئەوقاف بەڕێوەیان دەبات و، بەکرێیان داوە و کرێکەیان وەردەگرن ساڵانە بە پێی گرێبەندی تایبەت داهاتەکانی دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینە لەبەر بارودۆخی تایبەتی سیاسی کوردستان نەتوانراوە بە ناوی ئەوقاف تۆمار بکرێن لە تاپۆ، هەوڵ دەدەین شێوازێکی یاسایی بدۆزینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بۆ تۆمار کردنی بە ناوی وەزارەتی ئەوقاف، هەندێ جار بارودۆخی سیاسی وا دەکات، راستە ئەوقاف ئەو زەویانە بەکاردێنێ، یان ئەو شەرە نارەوایەی کە پەکەکە بەسەر کوردستاندا سەپاندی زۆر ناوچە هەبوو کە دەستی یاسایی پێ نەدەگەیشت و دەزگاکان بڕۆن ئیشی خۆیان ئەنجام بدەن، جا ئەو موڵکانە ماونەتەوە، عەمەلیەن بەناوی ئەوقافە و بەکاری دەهێنێ، بەڵام بەشێوەی رەسمی بەناوی ئەوقاف تۆمار نەکراوە، دووبارە سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆتان رەخساندین و سوپاس بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز کە گوێیان لێ گرتین، ئیتر هەر شەکاوە بێت ئالای پەرلەمانی کوردستان تاکە دەزگای شەرعیەت لە کوردستاندا، گەشەدار و پێشکەوتوو بێت ئەم ئەزموونە دیموکراتییە لە پێناو مافی رەوای گەلی کوردستان و پاشە رۆژێکی بەختەوەر، ئێوەش هەر سەرکەوتوو و سەرفیراز بن، بژی کورد و بژی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بۆ ئەو راپۆرتە تێروتەسەلەی کە پێشکەشی کرد، کە بە دوور و درێژی باسی لە کاروباری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی کرد و، چالاکییەکانی وەزارەت و ئەو گیروگرفتانەی، یا ئەو کەموکوڕیانەی کە وەزارەتی ئەوقاف هەیەتی، بۆ ئاگاداری کاتەکەمان تاوەکو کات «١١»ەیە، چونکە بەرێز وەزیری ئەوقاف دەیەوێت ئێرە بەجێ بێڵێ، بۆیە تکا دەکەم پرسیارەکان بە مورەکەزی پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوە هەبێت وڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە و، ئەگەر کات بواری دا ئەوە بوار بە بەدواداچوونی پرسیارەکانیش دەدەین، بەرێز وەزیری ئەوقافیش شارەزایە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و، ئاگادارە کە ئەم دانیشتنانە چۆنن، بەڵام بۆی دووبارە دەکەمەوە کە ئەگەر پێویستی هەبوو بە دواخستنی پرسیارێک دەتوانێ دوایخات و، وڵامی نەداتەوە جا هەر پرسیارێک بێت و، دەشتوانێ لە پاشاندا وڵامی بداتەوە هەر کاتێک ویستی، ئێستا تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە پرسیاریان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە،... ناوەکان دەخوێنمەوە...بەرێزان جوهر شاواز، شفیقە فقێ عبداللە، رجب شعبان، أحمد علی عمر، مەلا محمود دێرشەوی، فرحان شرفانی، جلال خۆشناو، مەلا طاهر زین العابدین، مەلا محسن خالد، وریا دزەیی، د.إدریس هادی، إبراهیم

سعید، شێخ عفان نقشبندی، شێخ یحیی برزنجی ، شێخ جعفر، مەلا هادی ، د.رزگار، مەلا طلحە. بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پێشەکی بەخێرهاتن و دەسخۆشی لە بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەکەم بۆ ئەو راپۆرتە تێروتەسەلەی و، بۆ ئەو ئەرکانەی کە لە وەزارەتدا ئەنجامیان داوە، لە راستی دا من پرسیارێک و پێشنیارێکم هەیە، ساڵانە لە مانگی رەمەزانی پیرۆز خوانی رۆژووشکاندن بۆ مامۆستا بەڕێزەکانی ئاینی ئیسلام و بەرپرس و کەسانی تر دروست دەکرێت لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە، پرسیاری من ئەوەیە، ئایا باشتر نییە ئەو پارەیەی کە بۆ ئەو خوانە تەرخان کراوە لەلایەن وەزارەتەوە دابەش بکرێت بەسەر منداڵە شەهیدەکان و یەتیم و بێوەژن و کەسانی پەکەوتە و ئەوجا مەلا و فەقێی کەم دەرامەت؟!. پرسیاری دووەمم سەبارەت بە بەرنامەی خوێندنە لە قوتابخانە ئاینییەکان، ئایا ئەو بەرنامەیەی کە هەیە رێکخراوە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، مەبەستم مزگەوتە ئەهلییەکانە، ئایا لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا رێکخراون؟، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محسن شێخ خالد مفتی فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــحـــسن خـــالد مـــفـــتی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

سوپاسی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەکەین و، گەلێک لەو پرسیارانەی کە لە دڵی خەڵکی و ئەندامانی پەرلەماندا بوون خۆی دەسنیشانی کردن و، زۆر لەو ئاواتانەی کە ئێمە هەمان بوو بۆ زیاد کردن و دامەزراندن و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری زانایان و پشتگیری کردن لە زانایان بۆ باش کردنی باری ژیانیان، هەندێ مەسەلەی گرنگ و هەستیار هەیە کە ئەمڕۆ مزگەوت و زانایان پێویستییان پێیەتی و، لە راپۆرتەکەدا دیاری کرابوو، جارێکی تر دەستخۆشییان لێ دەکەین و ئینشا ئەڵڵا زیاتر سەرکەوتوو دەبن بۆ خزمەت کردن بە مزگەوت و میحرابەکان، لە برگە «٨»ی مادده «٥»ی یاسای وەزارەتی ئەوقافدا باسی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی کتێبخانەکان کراوە، دیارە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە پێویستی بە دامەزراندن هەیە، ئایا چی بۆ کراوە؟ دەسنووسێکی زۆر گرنگ و پڕ بایەخمان هەیە لە کوردستاندا کە وەک مەختوتاتی ئاسەواری ئاینی و زانیاری و، گەلێ جاریش هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی ئەو دەسنووسانە نەگوێزرێنەوە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە نرخێکی کەم و، هەوڵیش درا کە لیژنەیەک دیاری بکرێت لە جەنابی وەزیری ئەوقاف و وەزیری داد و یەکێتی زانایانی ئیسلامی و، کۆبوونەوەشی لەسەر کرا، ئایا چی کراوە بۆ ئەوەی ئەو دەسنووسە پڕ بەهایانەمان نەچێتە دەرەوەی وڵاتەوە؟، پرسیاری

دووەم، بەراستی جەردێکی باش کراوە بۆ موڵکەکانی وەزارەتی ئەوقاف لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا و، ئەوەش هەندێ جار کێشە بۆ وەزارەتی ئەوقاف دروست دەکات، چونکە زۆر کەس لەوانەی کە موڵکی وەقفیان داگیر کردووە دەسەڵاتیان هەبێت، بەپێی یاسا بەدوایدا بچن تاوەکو وەری بگرنەوە، هەیشە تاوەکو ئێستا ماوە، ئومێد دەکەین ئەوەیشی کە ماوە بێتەوە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی ئەوقاف، پرسیارەکەمان ئەوەی دەرامەتی موڵکی وەقف پێویستە وەکو خۆی ئاماژەی بۆ کرد لە راپۆرتەکەیدا بەپێی مەرجی واقف خەرج بکرێت، دیارە زۆر جار ئەو دەرامەتەی کە تێکەڵ بە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، لەوانەیە هەندێکی بۆ وەزارەتی ئەوقاف بگەڕێتەوە و هەندێکیشی بۆ جێگایەکی تر بڕوات، بەپێی بیری شەریعەتی ئیسلامی ئەو دەرامەتە چەند بکرێت زیاتر تایبەتمەند بکرێت بە وەزارەتی ئەوقافەوە ئەوە تەواو کرا، چونکە مەرجەکانی وەقفی تیادا جێبەجێ دەکرێ، ئینجا لە خەزێنەی دەوڵەت پاشماوەکەی وەربگیرێت ئەوە کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک وریا دزەیی فەرموو.

**بەڕێز وریا أحمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم سەبارەت تەعزیە و مزگەوتەکانە، نزیکەی دوو مانگ لەمەوپێش بڕیارێک لە وەزارەتی ئەوقافەوە دەرچووە کە تەعزیە تەنها پاش نیوەڕۆیان لە مزگەوتەکان دادەنرێت، تکام لەبەڕێز وەزیری ئەوقاف ئەوەیە کە چاوێک بەم بڕیارە بخشێنێتەوە و منیش وای بەباش دەزانم، یان وەکو پێشانی لێ بێت، یان سبەینان بە چەند سەعاتێک دیاری بکرێت و، بۆ ئاگاداری هەموو لایەک ئەم بڕیارە تەنها لەناو شاری هەولێر جێبەجێ کراوە و، لە هیچ شارو شارۆچکە و گوندێک جێبەجێ نەکراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک جوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر أحمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەستخۆشی لە وەزارەتی ئەوقاف دەکەم سەبارەت بەو کارانەی کە ئەنجامیان داوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە، بەڕێز جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد کەوا سێ قۆناخ خوێندنی ئاینی هەیە، ناوەندی و ئامادەی و پەیمانگا، وەکو ئێمە ئاگادارین ئەو سێ قوتابخانەیە یەک ئیدارەیان هەیە، ئەبوایە هیچ نەبێت ئیدارەی پەیمانگاکە جیا بوایە لەگەڵ ئەوانی تر، ئەو پەیمانگایەش تاوەکو ئێستا سێ وەجبە قوتابی دەرچووە و چاوەڕاونی ئەوە دەکەن کەوا ئاهەنگی دەرچوونیان بۆ

ساز بكرێت وەكو پەیمانگاكانی تر، بەڵام تاوەكو ئێستا بۆیان نەكراوە و، هەروەها پەیمانگاكە تاوەكو ئێستا نیزامی تایبەتی بۆ دەرنەچووە، هەروەها تێبینییەكی تریشم هەیە، ئەو قوتابخانە كۆنەی كە پێشتر قوتابخانەی ئاینی بوو لە مزگەوتی كویتی، ئێستا كراوە بە بەشی ناوخۆیی، ئەو قوتابخانە گونجاو نییە بۆ بەشی ناوخۆیی، ئایا وەزارەتی ئەوقاف چی كردووە سەبارەت بەم مەسەلەیە؟، ئێمە دڵخۆش بووین بەوەی كە بڕوانامەی قوتابخانە ئاینییەكان هەموار كرا لەگەڵ قوتابخانەكانی تری وەزارەتی پەروەردە، قوتابییەكان دڵخۆش بوون بەوەی كە لە كولێژەكان وەردەگیرێن و، بڕیاریش بوو كەوا كولێژی شەریعە بكرێتەوە، بەڵام نەكراوەتەوە و، وەكو ئاگادارین ئەم ساڵ تەنها «١٥» قوتابی لە كولێژەكان وەرگیراون ئەویش «١٠» قوتابی لە زانكۆی دهۆک و «٥»یش لە زانكۆی هەولێر وەرگیراوە، ئەو ڕێژەیە زۆر كەمە ئەبوایە زیاتر بوایە، پێشنیارێكی ترم هەیە لە گەڕەكە میللییەكان زۆر مزگەوت هەنە كە خەڵكی خێرخواز دروستیان كردوون و كەلوپەلیان وەكو پێویست نییە، ئایا هیچ پرۆژەیەک بە دەستی وەزارەتەوە هەیە كە ئەو مزگەوتانە نۆژن بكاتەوە و كەلوپەلی تازەیان بۆ دابین بكات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەرچەندە پرسیارەكانتان لە سێ پرسیار زیاتر بوو، ئەگەر جەنابی وەزیر بیەوێ ئەتوانێ هەمووی وەڵام بداتەوە، كاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەی من لەسەر زەوی ئەوقافە، ئەمڕۆ ئەوقاف زەوی زۆر هەیە و لەوانەیە سوودێكی زۆری لێ نەبینن، چونكە واردی ئەو زۆر كەمە، بەتایبەتی پاش ئەوەی كە ڕێگاو بانی لێ كراوە، خەڵكێكی زۆر بە ڕێگای موساتحە پاش «١٥» ساڵ لە بەكارهێنانی ئەو زەویانە ئەتوانێ ئوتێل و، یا كۆگای بازرگانی لەسەر دروست بكات و، ئەوە ئەبێتە ئاوەدانكردنەوەیەک بۆ كوردستان و، لەلایەكی تریشەوە وەزارەتی ئەوقاف سوودی لێ وەردەگرێ، چونكە كرێی ساڵانەی لێ وەردەگرێت، پاش «١٥، یا «٢٠» ساڵ ئەبێتە موڵكی ئەوان، پرسیارەكەی من ئەوەیە ئایا وەزارەتی ئەوقاف هیچ هەنگاوێكی ناوە بۆ ئەوەی ئەو زەویان بهێنێتە بەرهەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.إدریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەكەم دەربارەی پلان و نەخشەی دروست كردنی مزگەوتە لەناو شاری هەولێر، لە سێ ڕووەوە یەكەم جێگا«موقع»، دەسنیشان كردنی جێگاكە هەندێ جار مزگەوتێک لە جێگایەک

دروست دەکرێت دەبینین چەند مزگەوتێکی گەورەی زۆر نزیکی لێیە، پێویستە لەرووی یاساییەوە ئەو مەسافەیە رەچاو بکرێت، نموونەش هەیە، پاشان ئەگەر پێویستی کرد ئەوە بۆتانی دیاری دەکەین، سەبارەت بە قەبارەی مزگەوتەکە، دەبینین خەڵکێک هەیە مزگەوت دروست دەکات لە جێگایەکی زۆر قەرەباڵغ و مزگەوتەکەش زۆر بچووکە، تەماشا دەکەی کە پڕ بووە و جێگا نابێتەوە، پێویستە دیراسەتی ئەوە بکرێت کەوا مزگەوت لە چ شوێنێک دروست بکرێت و چەند کەس سوودی لێ وەردەگرێت، مەرجی دروست کردنی مزگەوت، بە پێی چ پلانێک و نەخشەیەک دروست دەکرێت؟ ئایا وەزارەتی ئەوقاف دایدەنێت، یا ئەو کەسەی کە خۆی دێ پێشکەشی دەکات و مۆڵەت وەردەگرێت، زۆری جاریش ئەبینین کەسێک کە مزگەوت دروست دەکات و مۆڵەتی پێ دەدرێت لە نیوەی ئیشەکە رادەگرێت بۆ ماوەی دوو سێ ساڵێک دەڵێ پارەم نەماوە، پێویستە وەزارەتی ئەوقاف کەفالە لەو جۆرە کەسانە وەرگرێت بەپێ ئەو نەخشەیەی کە دایناوە بوودجەکەی چەندی تێ دەچێ دیاری بکات و بزانرێت ئایا توانای هەیە، یان نە، نەوەک پاشان بچێت و تەبەرع لەم و لەو وەرگرێت، ئایا بۆچی تاوەکو ئێستا ئەو مەرجانە وەکو پێویست دانەنراوە؟، پرسیاری دووەم، بێگومان ئاسان نییە دانانی وەزارەتی ئەوقاف لە بریاری «٩٨٦»دا بەناوی ئەوقافەوە ، ئەوە ئیشێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام دەکرێت لە رێگای ئەو قوتابخانە و کتێبانەی کە بە چاپی دەگەیەنێ و ئێستاش کە بەتەمایە کولێژی شەریعەت بکاتەوە، جا ئەو شتانە توانایەکی دارایی زۆری پێویستە کە ئەرکێکی گران دەخاتە سەر شانی حکومەتی هەرێم، ئەگەر لە بواری قوتابخانەو چاپکردنی کتێب و ئەو شتانە، چونکە ئەم بوارانە ئێستا هەیە، دەتوانرێ لەو بوارەوە بخرێتە سەر بڕیاری «٩٨٦»وە، پرسیاری سێیەم:ـ بەرزکردنی ئاستی رۆشنبیری، ئەگەر زانستیشی لەگەڵ بێت، چونکە ئەمڕۆ چەرخی عەولەمەیە، ئەگەر بابەتەکە بابەتی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و ئەو شتانەی تیادا بێت، چونکە مەلاکان زۆر کەم زانیارین لەم بارەیەوە ، پێویستە لەبواری گفتوگۆ و مێزگرد و کاتێ کە خەڵکی پرسیاریان لێ دەکات، زانیاریان لەو بارەیەوە هەبێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەرێز مامۆستا مەلا طلحە فەرموو.

**بەرێز مەلا طلحە سعید قرەنی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە، یەکەم پرسیارم کاک رجب کردی و، پرسیاری دووەم ، ئایا تاوەکو ئێستا جێگای بارەگای لقی دوو خراپ کراوە و تاوەکو ئێستا ئاوەدان نەکراوە بۆ؟، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جــــعــــفــــر علی عــــبــــدالعــــزیز:**

**بــەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشەکی زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەکەم و دەستخۆشی لێ دەکەم بۆ ئەو چالاکی و ئیشانەی کە ئەنجامیان داوە، پرسیارەکەی من ئەوەیە وەکو بەڕێزیان ئاگادار بن بەرهەمی سەردانی شاندی ئەزهەری شەریف پاش گەڕانەوەیان بۆ ولاتی مسر چی بووە بۆ هەرێم؟، سوپاس.

**بــەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا طاهر زین العابدین فەرموو.

**بەڕێز مــەلا مــحــمــد طاهر زین العــابدین:**

**بــەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنەکەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لە جێگای بەخێرهاتنی هەموومانە بۆ بەڕێز وەزیری ئەوقاف و، بەخۆشحاڵییەوە پیرۆزبایی لەو ڕاپۆرتەی دەکەم کە ئامادەیان کردووە، زۆر لەو پرسیارانەی کە لە دەروونی ئێمەدا ئەخولانەوە، هەندێکی وڵام دراوەتەوە، من چەند پرسیارێکم هەیە ئاراستەی بەڕێزیانی دەکەم، یەکەم سەبارەت بە یاسا و هەیکەلی وەزارەت کە باسی کرد، ئەو یاساو هەیکەلە پێویستی بە چاوپێخشانەوە هەیە، کاتی خۆی لەساڵی ١٩٩٨ ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف پێشنیارێکمان خستە پێش چاوی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەویش وای عەرز کردین کەوا بدرێتەوە بە وەزارەتی ئەوقاف، چونکە یاساکە لە پێش دەستیەتی و کاری پێ دەکات و، ئەو خۆی دەزانێ کە چی پێویستە و هەیکەل بۆ خۆی چۆن دادەڕێژێت، بەڵام سەبارەت بە داڕشتنەوەی هەندێ لە ماددەکانی یاساکە زۆر پێویستە، جەنابی باسی بڕگە «٩» ماددە «٢»ی کرد، بۆ نموونە لەماددە «٢» بڕگەی «٩»دا دەقی کوردی و عەرەبییەکەی یەک ناگرنەوە، دەقە عەرەبییەکەی دەڵێ: (توثیق الروابط الدینیة مع الاقلیات الدینیة بوجه خاص والعالم بوجه عام)، بەڵام لە کوردیەکەیدا دەڵێ (بەهێز کردنی پەیوەندی ئاینی لەگەڵ گەلانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی و گەلانی جیهان بەگشتی)، لە ماددە «٦»دا دەڵێ: (دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری دیوان بە ڕێنماییەک دیاری دەکرێن کەوا وەزارەت دەری دەکات)، بەڵام پێویستە وەکو ماددە «٣» دەڵێت: (خودی وەزیر دەری دەکات)، ئەوە هەندێ تێکەڵاوی تیادایە و پێویستە چاوێکی پیادا بخشێنرێتەوە و، لێرەشدا ئایا پەیڕەوی تایبەت بە هەردوو ئەنجومەنی باڵا و زانستی و ڕێنماییەکانی تازە بۆ بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکان هەیە؟، یان هەر بە ماددە «١٠»ی یاساکە کار دەکرێت، پرسیاری دووەمیش کاک د.إدریس بۆی ڕۆشت، بەڵام من حەز دەکەم زیاتر بچمە ناو بابەتەکەوە، زانایانی ئاینی لە هەموو چین و توێژێکی ئەم کۆمەڵگایە دوور ترن لە ژیانی هاوچەرخ، ڕۆڵی خۆیان وەکو مەلا و ڕۆشنبیر و پێشەوا پێ ببینرێت، شیاوی وتنە بن و بنج و

ئەلف و بێی خوێندن و نووسین و ڕۆشنبیری لە مەلا و مزگەوت و حوجرەکانی بن پاڵی مزگەوتەکان داچەقیوەو ڕیشەی داکوتاوە وگەشەی کردووە تاوەکو گەیشتووەتە ئەم قۆناغە کە گەشەی تیادا کردووە، کەچی ئێستا مەلا وەکو «أصحاب الکهف» سکەکەیان لەناو کۆمەڵدا ڕەواجی نامێنێ و، خەڵکی لە پێش سەتەلایت و ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەردا لە ڕووداوەکان ورد دەبنەوە و ڕۆژنامە و گۆڤار و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەر دەستیاندایە، بەڵام زانایانی ئاینی زۆربەیان لە کۆمەڵگادا وەکو بێگانە دەمێنن، ئەرکی هاوچەرخ کردنی چینی زانایان بەلای منەوە لە ئەستۆی وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئیسلامییە بە هەمئاهەنگی لەگەڵ یەکتردا، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئەو هەمئاهەنگییە بکرێت، مەلاش لەگەڵ ڕەوتی کۆمەڵدا ڕێ بکات و، ئەم ئەزموونەی کە ئێستا هەمانە بە تێکڕا و لایەنە ئاینییەکە نەکرێتە مەشغەڵێکی نارێک سەبارەت بەم ئەزموونەی کوردستانەوە، بەڕاستی ئەوە ئەرکی وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانە کە لێرەدا وەکو نوێنەر، ئێستا «٣» ئەندامی سەرەکییان ئامادەیە، لەبەر ئەوە هەق وایە ئەو هەمئاهەنگیە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ لە جیهاندا دوو بلۆک، یا دوو سەربازگا هەیە کە هەوڵ ئەدەن بزووتنەوەی ئیسلامی، یان ئیسلام بە ڕەنگێک بەکار بێنن کە ئەوان دەیانەوێت، بلۆکی یەکەم وەکو گروپێکی ئاینیی هەوڵ دەدات جێگای خوا پەرستی و ئاینی وەکو ئاین بمێنێتەوە و بپارێزرێت و پاک بکرێتەوە لە کاری چەپەڵ و دوور لە خەسلەتی مرۆڤایەتی، بلۆکی دووەمیش ئەیانەوێت ئیسلام وەکو ئامێرێک بەکاربێنن بۆ ئەنجام دانی ئامانجەکانی خۆیان، لێرە پرسیاری من لە جەنابی وەزیری ئەوقاف ئەوەیە، ئایا وەزارەتی ئەوقاف چی کردووە بۆ هەوڵ دان بۆ ئەوەی کە ئێمە ببینە خاوەن ئاینیی ئیسلام، چونکە وەکو لە مێژوودا دیارە کە کورد تەنها میللەتە بڕوای بە ئاینی ئیسلام هێناوە بەبێ شەڕ و خوێن ڕشتن، ئایا چ کارێک کراوە بۆ ئەوەی بزانین کە ئێمە بەڕاستی خاوەن دەعوای ئیسلامی ڕاست و دروستین، دووریش لەو مەرامەی کە خەڵکی تر بەکاری ئەهێنێ؟، دووەم، نزیکەی «١٥٠ تا ٢٠٠»دەرچووی کولێژی شەریعەی ئیسلامیمان هەیە، ئەگەر تەماشای مزگەوتەکان بکەین ئەبینین کەوا زۆربەیان بێ ئیمام و وتارخوێنن، هەندێکیشیان ئیمام و تارخۆێنەکانیان گەیشتوونەتە تەمەنی خانەنشینی و تواناو شیانی زانستیان کەم بووە و، کاریشی تێ کردووە کەوا بە ڕاستی نەتوانێ ئەرکی خۆی بە دروستی بەجێ بگەیەنێ، ئایا وەزارەت لە بەرنامەیدا هەیە بۆ ئەوەی دەرچووانی هەردوو بەشەکانی شەریعە و دیراسات دامەزرێنێ وەکو

ئیمام و وتار خوێن لە مزگەوتەکاندا؟، چونکە ئەوانە زانستی ئاینی هاوچەرخیان خوێندووە و ئەتوانن لەگەڵ رەورەوەی پێشکەوتنی جیهاندا بڕۆن، پرسیارێکی تریشم هەیە، ئایا لە مانگی رەمەزان وەزارەتی ئەوقاف هەندێ خولی کردووەتەوە بۆ فێربوونی خوێندنی قورئانی پیرۆز لە دهۆک، ئێمە سەردانی زۆربەی ئەو شوێنانەمان کرد، بەڵام بەراستی جێگای پێکەنینە، چونکە ئەو خولانە تەنها بەناو خولن، بەڵکو لەناوەرۆکدا زۆر دوورن لە خول، نازانم جەنابی وەزیر چەند ئاگادارە، ئەگەر سەرپەرشتیەکی تەواو کرابێت، لەبەر ئەوەی دەورە بۆ مانگی رەمەزانی پیرۆز زۆر پیرۆزەو کاریگەرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د.رزگار، کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیری ئەوقاف باسی ئەوەی کرد کە ٥٩ قوتابخانەی ئاینی ئەهلی هەیە لە هەرێم، تاکو ئەو قوتابخانانە نەقۆزرێنەوە، ئایە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی هیچ هەوڵی داوە بۆ رێکخستنی بەرنامەی خوێندنیان، بەلانی کەم نزیک بکرێتەوە لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف، لەبەر ئەوەی ئەو قوتابخانە ئەهلییانە ماوەی خوێندنیان لە نێوان ٦ ساڵ تاکو ٧ ساڵە پاشان لە ئەنجومەنی زانستی تاقی دەکرێنەوە و بڕوانامەیان هاوشێوەی ئامادەیی ئەوقاف دەبێت کە خوێندنی ئەوان ١٢ساڵ دەخایەنێت، پرسیاری دووەمم ئەوەیە ئایە زەوابت چیە بۆ زانای مۆڵەت دەر و قوتابی مۆڵەت پێدراو؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمد علی عمر فەرموو.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە ، ئەو کەسانەی کە ئیمام و پێش نوێژی دەکەن لەو قەزایانەی دەوروبەری دهۆک سکالایەکی یەکجار زۆریان هەبوو لە بەرپرسی ئەوقافی دهۆک، کە سەردانی مەیدانی نییە لە قەزاکان، تاکو بزانێت کە کەم و کووڕی ئەوان چییە تاکو بیگەێنێتە وەزارەت تاکو چارەسەر بکرێت، ئەوە پرسیاری یەکەمە. پرسیاری دووەمم خەڵکەکێ زۆر هەن بانگدەر بە رای من لە سنوری ٧٠ کەسێک دەبن لە قەزاکانی دەوروبەری دهۆک کاری پێش نوێژ و ئیمامەتیان پێ سپێردراوە، ئەڵێن ئەو دەرماڵەی دەدرێتە ئیمام پێش نوێژیەکان بۆ ئەوان خەرج ناکرێت کە لە سنوری ٢٥٠ دینارە، داواکاری ئەوانیش ئەوەیە کە ئەوانیش وەکو ئیمام و خەطیبەکان حسابیان بۆ بکرێت و ئەو پارەی بۆ ئەوان سەرف دەکرێت بۆ ئەوانیش خەرج بکرێت لەبەر ئەودی بە هەمان

کاری ئەوان هەڵدەستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم پرسیارەکەم دوو بەشە، یەکەم هەر لە دوایی کردارەکانی ٩/١١ لە ئەمریکا هەندێک وتارخوێنی مزگەوتەکان بەرگری لە تیرۆر و تیرۆرستان دەکەن و پاساو بۆ ئەو کارە نا مرۆییە دەهێننەوە، بەشەکەی تری پرسیارەکەم ، دەبینین ژمارەیەکی زۆر کەم لە وتار خوێنان دەیانەوێت ئەو پێکەوە ژیانە و ئەو برایەتیەی، ئەو لێبوردەنیە دینیەی نێوان دیانەتە جیاجیاکانی کوردستان تێک بدەن و لە مزگەوتەکان و بە بڵند گۆ لە هەندێ گەرەک کە دیانەتی تری تێدایە هێرش دەکەنە سەر دیانەتەکانی تر، نازانم وەزارەت چ ئیجرائێکی هەیە بەرامبەر بەو جۆرە کەسانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیاری یەکەمت چی بوو زۆر روون نەبوو؟.

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەندێک وتار خوێن هەن بەرگری لە تیرۆر دەکەن و ئەو کارە نا مرۆییەی ٩/١١ لە ئەمەریکا کراو ئەو هاوولاتیە مەدەنیانەی تێدا چوو کە کارێکی زۆر بەشیع بوو هەندێک کەس هەنە بەرگری لێدەکەن و با روون تر بێن بەرگری لە بن لادن و ئەوانەی لە دەورینە دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا پرسیارەکەت چیە؟.

**بەڕێز ابراهیم سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکە دوو بەش بوو لە هەردووکی چ ئیجرائات بەرامبەر ئەو وتار خوێنانە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شەفیقەخان فەرموو.

**بەڕێز شـــفـــيـــقـــە فـــقێ عـــبـــداللە:**

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی وەزیری ئەوقـاف دەکەم و دەست خۆشی لێ دەکەم داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم،هەرچەندە پرسـیـاری یەکـەمم لەلایەن د. ناصح و کـاک جـەلال خۆشناو کـرا بەڵام منیش تەئکیدی دەکـەمـەوە ئایە مـەنهـەجی ئەو قـوتابخـانە ئەهلیـانە لەگـەڵ ئەو قـوتابخـانانەی سـەر بە وەزارەتی ئەوقـافن یەکە یان نا ئـەگـەر یەک نین ئایە مـوشـرفین هەیە لەسـەریان تاکـو بزانێت ئەو مەنهەجەی دەخوێندرێت بەپێی ئەو قۆناغەی خوێندنە یان نا ؟ پرسیاری دووەمم، مامۆستای بەڕێز مـامۆسـتـا مـحـسن کـردی لەسـەر وەقفی مـوڵکی وەزارەتی ئەوقـافە ئیـرادەکـەی ئەو باسی کـرد، پرسیاری سێیەمم ئەوەیە ئایە ژمارەی حاجیەکانی ئەو ساڵـمان هەر بە قـەدەر ئەوەی پارە، یان زیاترە لەبەر ئەوەی خەڵک زۆر موتابەعەی ئەوە دەکات ، سوپاس.

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێزعـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســــەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەکەم، بەراستی لە روون کردنەوەکەی ئەو پرسیارەکەی من بوو بە پێشنیـار، پرسیـارەکەی من لەسەر مـامۆستـایانی پەیمانگا و قوتابخانەکانە ، ئەو مـامۆسـتایانە زۆریان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، و دەرسی زانستی تێدا دەڵێنەوە، دوای ئەوە ئێمە تەعدیلی بڕوانامەمان کردوە لە پەرلەمان، دوای ئەوەش ئێستا لە کوردستـان دەوراتی چڕ و پڕ هەنە کە یونسکۆ و یونسـێف دەیانکەنەوە بۆ مـامۆسـتـایان لە ساڵی پارەوە ١٦ هەزار مـامـۆسـتـا بە شداری ئەو خـولانەیان کـردوە بەڵام ئەوان بێ بەشن کە بێ بەشن مـانای وایە لەو مـادە تازانەی کە ئێسـتـا دەی ڵێنەوە شـارەزا نابن، لەوانەشە پاش مـاوەیەکی تر تەنسیب بکرێنەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، کە جەنابی وەزیر روونی کـردەوە کە لەو رێکخـراوانە رەزامـەندی لەسەر ئەوانە نەکـراوە. من پێشـنیـارێکم هەیە، ئەو مـامـۆسـتـایانە لەسـەر وەزارەتی پەروەردە بێت ناوەکـانیان بدات و لە خولەکان بەشدار بن، ئێسـتـا خولەکان بەردەوامن ، خولەکان خـولی زانسـتین خـولی زمـانەوانین واتا ئەو خـولانە شـتی تازەیان تێـدایە، لەگـەڵ ئەوەدا ئەوان ژمارەیەکی زۆرن کە بێ بەشن لەو خولانە کە بۆ مـامۆسـتـایان دەکرێنەوە، لەو کاتەی کە مامۆسـتان لە کـوردستـان لە هەمان کاتدا بێ بەشن لەو زانیاریە تازانە جا پێشنیـارەکەم ئەوەیە ئەگـەر بکرێت لەگـەڵ وەزارەتی پەروەردە هاوئاهەنگیـەک بـکرێت ئەوانیش کـۆمـەڵ کـۆمـەڵ لێـرە لە هەولێـر لە شەقلاوە لە دهۆک بەشداری لەو خولانە بکەن، لە هەر خولێکدا ٢٠٠ مامۆستا بەشداری دەکەن با ٥ یان ٦ مامۆستا لەوان بێت، پێشنیارەکەم ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموّستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرحان شەرەفانی فەرموو.

**بەڕێز فرحان عبدالله شرفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە یەکەم قەزای شێخان ناحیەی قەسرۆک نە ئیمام، نە وتار خوێن لە زۆر مزگەوت نییە و نە هیچ هاریکاری بۆ ئەو ناوچەیەکراوە و زۆرینەی مزگەوتەکان بە هاوکاری ئەوقاف دروست نەکراون، خەڵکەکە خۆیان کۆمەکیان کردوە و مزگەوتێکی بچوکیان دروست کردوە و یان ڕێکخراوەکان کردویانە، ئەو مزگەوتانە نە سۆپا نە شتی تری تێدا نییە هاوینانیش زۆر گەرمە و ساردکەرەوەی تێدا نییە، بۆچی لە هەموو شێونەکانی کوردستان هاریکاری هەیە و سەردانی جەنابی وەزیر بۆ هەموو شێوینەکان هەیە تەنها بۆ قەزای شێخان نییە ، وابزانم ڕێگای دهۆک بەو قەزایەدا دەچێت بە قەسرۆک، جا نازنم هەموو وەزیرەکان باسی هەموو ناوچەکان دەکەن تەنها شێخان نەبێت جا نازانم ناوچەی موحەرەمەیە یان شتی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ یحیا بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیارم هەیە یەکەمیان لەسەر نوێژی هەینی و دووعای خێری ناو خوطبەیە، بەراستی هەموو میللەتی کورد را هاتووین لەسەر دوعای خێری رۆژی هەینی کە بەردەوام دوعای خێر کراوە، ئێمە ئەمڕۆ ئەو ئازادیە هەیە و ئەم دیموکراتیە هەیە ئەم رزگار بوونە هەیە لەدەست ئەو چەوساندنەوە و ئازار دان و کوشتن و تیرۆر کردنە، لەو بارودۆخەدا گوێمان لە دوعای خێری ناو مزکەوتەکان نابێت لە رۆژی هەینیان، یان زۆر بە کەمی گوێمان لێ دەبێت، بەباشی دەزانم کە بەڕێزیان ئەگەر ئاراستەی کەسانێکیان کردوە کە ئەم دوعایە نەک هەر پێویستە، ئێمە بۆ خەڵکانی ناحەز و دوژمنمان کردوە، بۆ کەسانێک کراوە کە میللەتیان چەوساندۆتەوە، ئەمڕۆ کورد بە دڵی خۆی ئەو دوعایە دەکات دڵنیام لەوە ، منداڵی کورد بە ویستی خۆی ئەو دوعایە دەکات، جا ماموّستایەک

ئەگەر ئهمالی کردبێت یان لە یادی چوبێت ڕەوایە کە وەزارەتی ئەوقاف بیری بهێنێتەوە، جا نازانم لەو بوارە چیان کردوە؟ پرسیاری دووەمم دەربارەی تیرۆرە کاک ابراهیم سەعید ئاماژەیەکی بۆ کرد ئەو بە شێوەیەک پرسیارەکەی کرد من بە شێوەیەکی گشتی پرسیارەکم هەیە، بەراستی ئاشکرایە کە شەڕێکی گەورە رووی کردۆتە ناوچەکە، و لە کوردستانی ئێمەشدا چەند گروپێکی ئیسلامی هەیە، لەوانەیە تا رادەیەک پشتوانیان بکەن، دەشزانین کە ئاینی ئیسلام دوورە لە تیرۆر، ئێمەی کورد هەر چەوساوەی دەستی تیرۆر بووینە، حەز دەکەم بپرسین لە وەزیری ئەوقاف لەم بوارەدا چیان کردوە ؟ لە نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بۆ وتاری جومعەکان بۆ ئاراستەکردنی مامۆستایانی ئاینی وتار خوێن و ئیمامەکان ، بۆ منبەر و تەلەفزیون و رادیۆکان، چۆن ئاراستەی مامۆستایانی ئاینی کراوە تاکو هەڵوێستی راست وەرگرن بەرامبەر بە تیرۆر و ئەو بزافە بە هێزەی کە ئێستا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(وختامها مسك ) مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی .

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشترین ئایەت ئەو ئایەتە بوو کە جەنابی وەزیر خۆی خوێندیەوە(وقل اعملوا فسیری الله عملکم و رسوله و المؤمنون )، کوردیش دەڵێت سەد گۆتن بە کردارێک نابێت، لە راستیدا راپۆرتی جەنابی وەزیر گەلێک تێر و تەسەل بوو، من سێ پرسیار هەبوون ئەویش لە ناو کۆمەڵی برادەراندا دەڵێن مامۆستا گوتی عبدالله کوری عباس گوتویەتی کە پێغەمبەر (د.خ) دوو شت هەبووە گەلێک مەدحی کردوە، گوتیان چیە؟ گوتی: یەکێک کوری عەباس لە بیری کردوە ئەوەی تر من لە بیرم کردوە، تێبینی من ئەوەیە کە جەنابیان خۆی ئاماژەی کرد لەبارەی ئەوقاف و بریاری ٩٨٦ جارێکیان لە گەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین واستە لە رێگای وەزارەت هیچ ناکرێت بەڵام بریار وابوو کە بە رێگای مەدارسی ئەوقاف کە هەندێ قوتابخانە هەیە بە یارمەتی خەڵک و قوتابخانەی پەروەردە بەڵکو هاریکارێک بکرێت، ئایا گەیشتە کوێ؟ دوو دەربارەی مامۆستایان جەنابیان خۆی ئاماژەی پێدا، جەنابیان سەروەر و رابەرە لە نوێژدا ئەگەر ئەو نەڵێت (الله اکبر) نابێت ئەوان بلێن تاکو نەچێتە رکوع نابێت ئەوان بچن، تاکو نەچێتە سوجدە نابێت ئەوان بچن و هی تریش، ئایە ئەو مامۆستایە لەسەر مینبەر بێتە خوارێ و بچێت سندوقی سبوغ بگرێتە دەست و بلێت کێ سبوغ دەکات، ژیانی ئەوان وەکو جەنابیان خۆی ئاماژەی پێدا نە لە ئاستی وەزیفە و مستەوای ئەوە و جەنابتان لە هەموو کەسێک باشتر دەزانن کە ژیار بڕبڕەی پشتی ژیانە ئێمە چیمان ناوێت هەر وەک ئێمە لە رێبەری کورد جەنابی بارزانی داوامان کرد و لە سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان داوامان کرد، با مەلای کورد وەکو پۆلیسێک حسابی بۆ بکرێت، با موچەی

ئەو بڕاوە ٥٠٠ دینار بێت، با وتار خوێن و ئیمام وەکو پۆلیسێک حسابی بۆ بکرێت کە پۆلیسەکە نازانێت ناوی خۆی و بابی خۆی بنوسێت، هەر دادەمەزرێت یەکەم موچەی ٥٠٣ دینار وەردەگرێت، پاسەوانی ئێمە نازانێت ناوی خۆی بنوسێت موچیە یەکەمی ٥٠٣ دینارە، خواش قبوڵ ناکات، وتار خوێن و ئیمام با وەکو پۆلیسێک حساب بکرێت ، جەماعەت باسی ئەنتەرنێت و فەلەکیاتیان کرد ئەگەر ئەو نەتوانێت پڕ بە زکیان نەتوانێت نان بداتە خێزانی خۆی چی لە ئەنتەرنێت و ئەو شتانە بکات، لە راستیدا یەکەم نان خواردن ئەوجا بیرکردنەوەی تر، بەڕێزیان ئاماژەیەکی تری بە چاپ کردنی کتێب و شتی تر دا، ئایە بواری وەزارەت یان وەزیر چ ڕێگایەکی هەیە بۆ ئەوەی وەزارەت خۆی چاپخانەیەکی هەبێت، هەم ئیش وکاری خۆشی پێبکات و هەم هاریکاری حکومەت بکات وەکو چاپخانەی وەزارەتی پەردوەردەو رۆشنبیری و زانکۆ با ئەویش چاپخانەی خۆی هەبێت و بکەوێتە کار تاکو خێر و بەرەکەت بۆ ئەویش بێت و هاریکاری کۆمەڵگا و حکومەتیش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ پرسیارەکان هەمووی بە گشتی، با جەنابی وەزیری ئەوقاف بفەرمێ وەڵامیان بداتەوە.

**بەڕێزعدنان نقشبندی/وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا خۆشحاڵم کە ئەو پرسیارانە کران ،ئومێد دەکەم کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ماوەم بدات تاکو یەکە یەکە وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە.

دەربارەی خوانی بەریانگ کاک د. ناصح باسی کرد کە پرسیاری یەکەمی بوو، خۆش بەختانە تا رادەیەکی زۆر لەگەڵی کۆکین، پار پێشنیاری وەزارەتی ئەوقاف ئەوە بوو کە ئێمە ئەو پارەیە دابەش بکەینە سەر نەک هەر هەژاران تەنانەت بەسەر مامۆستایانیش چونکە زۆر لە مامۆستایان هەن وەکو مامۆستایان ئاماژەیان بۆ کرد پێویستیان بە یارمەتی هەیە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رایان وابوو وەکوو تقلیدێک بە تایبەتی شەوێکی وەکو شەوی قەدر کە شەوێکی مبارەکە داوەتەکان بکرێت، من تاکو ئێستاش لەسەر ئەو رایەم (انت ترید و انا ارید والله یفعل ما یرید) زۆر جار شتی وا دێتە پێشەوە رای تۆ ناخوات، لەوانەیە شتێکی باش بێت بەس وەکو نەریتێک و، بۆ زانیاری جەنابتان، ئەم ساڵ ئێمە دوو بۆنە دەکەین هەینی بە بۆنەی شەوی بەدری گەورە کە بەس پار و ئەوساڵ کراوە بە بۆنە، هیچ کاتێک وەزارەتی ئەوقاف نەی کردۆتە بۆنە کە شەوێکی زۆر پیرۆز و مبارەکە کە یەکێکە لەو شەوانەی کە مێژوو ئاماژەی پێدەدات و شتێکی زۆر گرنگە، ساڵان یەک بۆنەمان دەکرد، بەڵام ئێستا بە هەمان پارە دووان دەکەین، ئەگەر رێک بکەوێت من

هەمان پێشنیارم هەیە تا رادەیەک کۆکیین بەس وا هاتووە. دەبارەی خوێندن لە مزگەوتەکان کاک دکتۆر پرسی مەنهەجیان چۆنە، لەراستیدا ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە هەوکاریەکی بەردەوامان هەیە، هەندێ بابەت رێک دەکەوێت، وەکو لە ژیاندا دەڵێن تەوافق دەبێت بەڵام تەطابق نابێت، لە هەندێ بابەت ئومێد دەکەنی ئێمە بتوانین، من ئێستا لام هەیە دەتوانم منهاجت بدەمێ، ئەگەر تەماشای بکەی و خەڵک وای بۆ دەچێت کە دراساتی دینی شتێکی دینی سرفە، لەوانەیە کە مامۆستایان شارەزان، تەنانەت انگلیزیش دەخوێنن و مێژووی میللەتی کوردیش دەخوێنن مێژووی سیاسی میللەتی کوردیش دەخوێنن، رۆژێک ئەگەر جەنابتان بێت بۆ وەزارەت ئەوە مەنهەجەکەت دەدەینێ یان بۆت دەنێرم، ئەگەر بەو وەڵامە رازی بیت ئەوە وەڵامەکەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە من بەدواداچونێکم هەیە بە پێویستی دەزانم، بابەتی خوان جیاوازە لەگەڵ یارمەتی دان یان ئەو پارەیە بدەی بە خەڵکی تر خوانێک کە دەکرێت بۆ مامۆستایانی ئاینی واتا مامۆستایانی ئاینی هەموو کۆ دەبنەوە لە کۆڕێکدا کۆ دەبنەوە وەزیرەکان دەبین و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبین، را و بۆچونیان ئاڵ و گۆڕ دەکەن و بواری لەم شێوەیە کەم هەیە، لەبەر ئەوە زۆر مناسبە کە ئەوە بەردەوام بێت، شانبەشانی ئەویش ئەگەر بکرێت یارمەتی خەڵک بدەی، واتا بابەتێکیان بابەتەکەی تر ناپۆشێت، هەر بۆ روون کردنەوە ئەم خستە روو نەوەک بگوترێ خوان پێویست نییە یان ئەوە پێوست نییە، هەردووکیان پێویستن. فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێزعدنان نقشبندی/وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی کاک موحسن موفتی پرسی بابەتی کتێبخانەکان، لەراستیدا شتێکی پیرۆزە وا نەبێت لە بیرمان چوو بێت بەس بابەتی سەرەکی جەنابیان شارەزان کە باری وەزارەتی ئێمە چۆنە، کتێبخانەیەکمان هەیە نیمچە بەرەلایە، قاعەی کتێبخانە نییە پێویستە هۆڵێک هەبێت بۆ مخطوطات، لەبەر ئەوە دەستی خۆمان گرتبوو بڕیار وابوو مانگی ۷ ئەم ساڵ دەست بە بینایەی تازەی وەزارەت بکەین، لە بینایەی تازەی لە تەسمیمەکەی هۆڵێک داندراوە بۆ کتێبخانەی گشتی، کە درێژاییەکەی ٤٠ پێیە و هۆڵێکیش بۆ مخطوطاتی ئیسلامی و دواکەوتنەکەی هۆی ئەوەیە کە جێگامان نییە تەنانەت هەندێ جار کتێبی نایاب دێت دەمانەوێ بیکڕین، نایکڕین چونکە جێگامان نییە لێی دابنێین لەهۆڵێکە ئەگەر کۆبوونەوەیەک هەبێت لە هەمان هۆڵ دەکرێت هەر یەکێ دەست دەداتە کتێبێک و دەیبات و بابەتەکە بەو شێوەیەیە، ماوەتەوە بۆ ئەو کاتەی کە جێگای باشی بۆ دابین دەکەین، دەربارەی جەردی ئەملاک، لەوانەیە جەنابیان ئاگادارە هەم وەکو جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان و زۆر تر ئێمە لە وەزارەت یەکتر دەبینین، بۆ یەکەم جارە دوایین موڵکی ئەوقاف جەرد کراوە و هیچی نەماوە، دەبارەی گرفتەکانیش ئێمە بە تەئکید لەوانەیە

برادەرێک دەسەڵاتی هەیە، کەسێک دوو هەزار دۆنم زەوی لا بوو پەیوەندیم بە جەنابی سەرۆک کرد و لێمان ساندەوە، بەس نمونەیەکی بەسیط لەناو ئەوقاف من باسی دەکەم، ئیقامەی بینایەکی حزب کرابوو لە زاخۆ، داوامان بەرز کردەوە ، جەنابی سەرۆک لە دەرەوەش بوو کە سەرۆکی حزبە تەبلیغەکە لە دادگای زاخۆ بۆ جەنابی هات بۆمان ناردە مەسیف، واتا بەو رادەیە ئێمە موتابەعەی مولکی ئەوقافمان کردوە، ئومێد دەکەنی هەموو لایەک پشتوانیمان لێ بکەن و تاکو بتوانین موڵکەکانی ئەوقاف بگەڕێنینەوە، و ئاماژەشی کرد بە شەرتی واقیف، ئێمە هەوڵ دەدەین شەرتی واقیف جێبەجێ بکەین، دڵنیاین لەوە ئەگەر شەرتی واقیف جێبەجێ نەکەین واتا هیچمان نەکرد.
دەربارەی پرسیارەکەی کاک وریا دزەیی، دەبارەی بابەتی تازیە، هەرچەندە ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن رێگەم بدات داخیلی تەفصیلات دەبم، سەرەتا بڕیارەکە تەنها بڕیاری وەزیری ئەوقاف نییە، بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە و ئەو بابەتە نۆ مانگە ئامادە باشی بۆ کراوە و سەرەتا کە دراسە کرا وانە بوو کە وەزارەتی ئەوقاف ئیعتباتەن بڕیاری ئەوها بدات، ئێستا دێمە سەر ئەوەی کە موبەریرەکانی چیە، تاکو جەنابیشت و کەسانی تریش قەناعەت بکەن، جارێ مامۆستایانی ئاینی مەکتەبی تەنفیزی لەگەڵمان بەشدار بوون لیژنەی فەتوا نوێنەری پارێزگا نوێنەری لقی دوو و نوێنەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانەی دراسەمان کرد و دواتر دوو دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران ئەوە گفتوگۆی لەسەر کرا ئینجا بڕیارەکە درا، ئێمە لە بڕیارەکە پەشیمان نیین و پێشمان باشە ئێمە جێبەجێکاری بڕیارەکەین و بەس بڕیارەکە لە بنەرەتدا بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە و لە راستیدا زۆر دیاردە هەنە لە تازیە یەکەم ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەو دیاردانە کەسی وا هەیە کە خۆی لە ژیاندا بوو کەس سەلامی لێ نەدەکرد کە دەمرێ سرەیەکی دوور و درێژ رادەوەستن تاکو بەرپرسێک بێت و بیبینێت و بڵێ ئەو کابرایە خاوەنی ئەوەندە کەس و کارەیە و هەژارەکەش دڵی بەخۆی دەسوتێتەوە دوو کەسی لەگەڵ جەنازەکەی نییە، لە راستیدا شتێکی مەرفوزە لە رووی کۆمەڵایەتیەوە ئەوە یەک دووەمینیش و حەدیثی پێغەمبەرە دەڵێ (لا عزاء بعد ثلاث) سێ رۆژەکە ئێمە ئەو سێ رۆژەمان داناوە و جەنابت یەک لەوانەی کە وەکو من تەندروستییت تەواو نییە جاری وا بووە من تۆم دیوە رەنگت زەرد بووە ئەوەندەی راوەستی لە تازیەی هەموو دزەییەکان، لە بەیانی تاکو ئێوارە، با بەیانیان مەجالی هەبێت پشوویێک بدات، بەتایبەتی پێشی ئەو بڕیارە دەربچێت و ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد کە قەدەغەی کرد فەرمانبەران بچنە تازیە بەیانیان، بۆیە بڕیارەکە لەسەر ئەو بنەمایە دەرچووە موبەریراتەکەی ئەوە بوو، و زۆریش لە خاوەن تازیەکان هەبوون لە ناو تازیە داوایان لەمن دەکرد من نامەوێت ناو بڵێم کەسی ناسراو هەن جەنابیشت دەیان ناسی، دەیان گوت یا شێخ بۆ نایکەنە دوو رۆژ لە سلێمانی دوو رۆژە لە بەغدا دوو رۆژە لە هەموو دونیا دوو رۆژە، ئێمە سێ رۆژمان داناوە پش نیوەڕۆیان تاکو خاوەنی تازیەکە بواری ئەوەی هەبێت بەیانیان پشویێک بدات بێتەوە سەرە خۆی لە بەیانیان تاکو ئێواران هەستە و دانیشە، هۆکارەکەی ئەوە بوو هیچی تر نەبوو بڕیارەکەش بە درێژی

دراسەت کراوە بابەتەکەش بڕیاری ئێمە نییە ئێمە جێبەجێ کاری بڕیارەکەین، کاک وریا ئەگەر بەوە لێم رازی بیت.

کاک جەوهر شاواز، دەربارەی قوتابخانەکان دەڵێی یەک بەڕێوەبەرایەتیان هەیە ڕاستە یەک ئیدارەیان هەیە، زۆر جار دێینەوە سەر ئەو خاڵە لەبەر ئەوەی لە ڕاستیدا لەبەر نەبوونی دامەزراندن دەستمان بەستراوە ناتوانین خەڵک دابمەزرێنین و تەنانەت ئەو مامۆستایانەی کە تەمەنیان گەیشتۆتە سنوری خانەنشینی ئێمە بە گرێبەست دەیان هێنینەوە لەبەر ئەوەی دامەزراندن نییە، واتا ئەگەر ئەو مامۆستایە بڕوا ئەوە مزگەوتەکە بە تاڵ دەمێنێ، یان دەبێت بوار بدەین لایەنێکی تر بێتە سەر مزگەوتەکە یان دەبێ ئەوە بکەین، بەراستی وەکو گوتم دوو ئیدارەیە، ئەگەر ئەو کۆنفرانسە جەنابیشت ئەندامی لیژنەی ئەوقافیشی بێیت مەنهەجەکەت دەدەینێ گۆڕانێکی کوللی هەیە و لەگەڵ زانایانیش ئێمە دراسەمان کردوە و دووبارە دێینەوە دراسەتی دەکەین و ئەو کۆنفرانسەش کە دەبەسترێ پسپۆڕانی زانکۆ دێن هی کۆلیژی پەروەردە دێن و وەزارەتی پەروەردەش لەگەڵمان هاوبەش دەبێ، ئومێد دەکەین بتوانین کە شتێکی ئەوها بکەین کە چاکی بکەینەوە، بۆ بەشەناوخۆکان لەراستیدا توانای ئەوقاف ئێستا هەر ئەوەمان هەیە، ئەو توانایەی کە لەبەر دەستماندایە تەمەنا دەکەین کە بتوانین بەشێکی ناوخۆی ڕێک و پێک بکەین، بەس ئەگەر تەماشای بوجەی وەزارەتی ئەوقاف بکەین ئەو میزانیە لای جەنابتان تەصدیق دەکرێت و باور ناکەم لە ٥ ٪یمان سەرف کردبێت، هەموومان دەزانین سەرچاوەی دارایی ئێمە چۆنە، هەندێ جار ئەو پارەیەی دێتە بەر دەستمان ئەوەندەی پێدەکرێت، وەکو عەرەب دەڵێ (الجود من الموجود) ئەوەندەمان پێکراوە، دەربارەی وەرگرتنی قوتابیان ئەوانە، تەعدیلی بڕوانامەکەیان بە پێی ئەو بڕیارەی کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی دەرچووە دێتە لای ئێمە و لە ئەنجومەنی زانستی تەعدیل دەکرێت و ئەوەی لەسەر ئێمەیە کراوە، بابەتی وەرگرتن هیچ پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە نییە و ئەوەی من بزانم لە عەمادەی کۆلیژی ئاداب لە زانکۆی سەلاح الدین ئەوان قبوڵیان دەکەن و پارەکە لەوانەیە مامۆستایان ئاگادار بن من زەحمەتێکی زۆرم کرد تاکو ٢٤ قوتابیان قبوڵ کرد لە کۆی ٤٠ قوتابی، ئەمساڵ بۆ دراساتی باڵا هەر هیچ کەسیان قبوڵ نەکرد مەهانەکەیان ئەوە بوو گوتیان سەرپەرشتیارمان نییە بۆ خوێندنی باڵا، ئەوەی تریان قبوڵ کرد بەو شێوەیەی کە جەنابت دەیڵێی ١٠ لە دهۆک و ٥ لە هەولێر، ڕاستە، بەڵام وەرگرتنیان و وەر نەگرتنیان پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە نییە، ئەوە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاح الدین هەیە، ئێمە زیاتر مەبەستمان لە کردنەوەی کۆلیژی شەریعە ئەوە بوو کە ئەو خەڵکە لەو حالەتە ڕزگار کەین یەک دووش ، تاکو ئیمامی باش پێبگەێنین بۆ مزگەوتەکان کە زۆر کەس گلەیی ئەوە دەکات کە ئیمامەکان وەکو پێویست نین، ناتوانن بە گوێرەی سەردەم قسە بکەن و یان پیر بووە تاقەتی چووە.

کاک رەجەب دەربارەی زەوی ئەوقاف من وەکو ئاماژەم پێکرد ئێمە بۆ زەویەکانی ئەوقاف

ئەوەندەی لەتواناماندا بووە درێغیمان نەکردوە، بەس بابەتی موساتەحە هەندێ جار ئێمە بۆ نمونە لە شاری ئاکرێ کە جەنابیان لەوێن هەم ئەندامی پەرلەمانن و هەم ئەندامی کۆمەڵایەتیشن وابزانم کۆمەڵگایەکی تەواو ئوتێل و کۆمەڵێک دووکان ئێمە داومانە بەس بە موساتەحە کەس نەهاتوە بیگرێت، چونکە موساتەحە هەروەها گاڵتە نییە مەرجی ئێمە لەوانەیە ئێمە بڵێین بە ١٠ساڵ کابرا دەڵێ بە ٢٠ ساڵ دەی گرم، لەبەر ئەوە هەندێ شت ماوەتەوە، ئەوە یەک لەوانەیە زۆر شتی تر هەیە و بەس شتی تریش کراوە بۆ نمونە هەندێ زەوی ئەوقاف هەیە کەسانێک لە زەمانی حکومەت کرِیویەتی ئێستا بە وجدان هاتووەتەوە بەخشیویەتیەوە بە ئەوقاف و پارەکەی خۆشی ناوێتەوە دوو حالەتی وامان هەیە بە تایبەتی لە ئاکرێ لەو شارەی کە جەنابت لێی، بەلام بابەتی موساتەحە، زۆر جار ئەو موساتەحەی کە دێت مەرجەکان لەگەڵ بەرژەوەندی ناگونجێت، یان ئەو قازانجەی کە لە مێشکی دایە ئەو قازانجەی نایەتە دی ، نایەتە پێش ،ئێمە مەجبورین جارێک ذوان بلاوی دەکەینەوە لە رۆژنامەکان.

کاک د. ادریس دەربارەی نەخشەی مزگەوتەکان پرسیاری کرد، لە راستیدا دەربارەی نەخشەی مزگەوتەکان من خۆم بۆ وولاتانی عەرەبی فاکسم کردوە هەندێکمان وەرگرتووە (بما فیها) لە ئوردن و وولاتانی کەنداو و بەس نەخشەیەکی تایبەتی بۆ مزگەوتەکان نییە، لەبەر چی؟ هەندێ مەرج هەیە دێمە سەری، بەس نەخشەی تایبەتی کە بڵێین ئەوە سیستەمێکی باوە بۆ مزگەوت، ئەوە تاکو ئێستا نییە، لەبەر ئەوەی ئەو خێر خوازەی کە دەیکات برِەکەشی دیاری دەکات کە سەرفی دەکات، بۆ نمونە: جەلیل خەیات بە قسەی خۆی دەڵێ ٣٠ ملیون دینارم تەرخان کردوە بۆ مزگەوتەکەی، لەوانەیە کابرایەکی تر ١٠٠ هەزار دینار سەرف بکات یەکێکی تر ٥٠٠ هەزار تەرخان دەکات لەبەر ئەوە نەخشەکە پەیوەستە بە لایەنە داراییەکەی، نەخشەیەکی ثابت تاکو ئێستا لای ئێمە نییە، هەوڵ دەدەین لە داهاتوودا شتێکی وا بکەین، دەربارەی کردنی مزگەوت و مەرجەکانیان، لە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەک هەیە نوێنەرێکی وەزارەتی ئەوقافی تێدایە جێگیر کراوە کە نێوان مزگەوت و مزگەوت دەبێت لە هەزار مەتر مەسافە کەمتر نەبی بەلام مزگەوتێک پێش ئەم تەصمیمە کراوە بۆیە لەبەر ئەوە موزاحەمەکە بووە، ئێمە هەوڵ دەدەین ئینشاالله ئەوە نەبێت. دەربارەی ئەو مزگەوتانەی کە کراون و تەواو ناکرێن، من بۆ نموونە یەکێک باس دەکەم چونکە لە هەولێر ٢٧٨ مزگەوت هەیە ئێستا بە ناو پێت دەڵێم چونکە جەنابت خەڵکی هەولێری بۆ نموونە خوشکەکی لەتیف قوردن لەگەڵ یەکێکی تر ویستی مزگەوتێک دروست بکات لە لای خانووەکانی پەرلەمان پەیکەرەکەی کردووە کە لە ماوەیەکی دیاری کراودا نەیکرد ئێمە لێمان وەرگرتەوە. وەرگرتنەوەکەش چ بوو زەوییەکە هی شارەوانییە لەگەڵ شارەوانیش گفتوگۆمانە لەسەر ئەوەیە کە ئەو زەوییە درا بە وەزارەتی ئەوقاف شارەوانی حەقی بەسەر نەماوە، بەلام ئەوەی تێدەپەرِێ پەیکەرەکەی دەبینێ وا دەزانێ هەرماوە بەلام لێی وەرگیراوە نەماوە. ئینجا ئەگەر شوێنێکی تر هەیە لەو بابەتە تکام وایە جەنابت ئاگادارمان بکەی. دەربارەی بریاری ٩٨٦ من

لەگەڵ تۆم زەحمەتە، بەڵام ئەوقاف فعلەن داخیل کراوە لە ڕێگای قوتابخانەکانەوە، ئێمە بەو ڕێگایە بۆی چووین کە بە ناوی قوتابخانەکان بکرێتن وەکو گووتم پێویستیەکانی هەموو قوتابخانەکان ئێمە جەردمان کردیە لە دهۆک و هەولێر و هەموو گوندەکان هەموویان پێدا هاتینە بە نەخشەیەکی دیاری کراو چەند پۆڵ چەند هۆڵ هەموو شتێک دراوەتە وەزارەتی پەروەردە، چونکە بریاری ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەبوو کە لە ڕێگای وەزارەتی پەروەردە بۆی بکرێتن، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێکمان بۆ نەهاتووە وا بزانم چەند ڕەحلەکمان بۆ هاتووە، ئەویش خەتای وەزارەتی پەروەردە نییە، جەنابت باشتر شارەزای و لەم بوارە ئیشت کردووە میکانیزمی بڕیارەکە وەکو من لە ڕاپۆرتەکەم ئیشارەتم پێدا ئەوەی وا دەکا دووا بکەوێ، مامۆستا مەلا طەلحە دەربارەی بارەگای لقی دوو تەصەور دەکەم مامۆستا لە مەکتەبی تەنفیزی ئاگادار بیتن، ئێمە لقی دوو نەخشەیەکی زۆر جوان و ڕێک و پێکمان بۆ کردووە و، ئێستا سکێچەکەشی هەیە لەناو وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەوەی بیکەینە کۆمەڵە دووکانەکی باش یەکێک لە مەرجەکان ئەوە بوو هیچ لە دوکانی موحەرەماتی تێدا نەبێ چونکە موڵکی ئەوقافە نە مەشروب نەهیچ شتێک لەو بابەتە، شتێکی زۆر زۆر جوان بوو گەڕاجێکی زۆر باشی لە ژێر زەویی هەبوو بەهاکەی(١٢) ملیۆن دینار بوو، چوار جار ئێمە لە ڕۆژنامە ڕامانگەیاند کەس نەیکرد، چوار ساڵ کابرایەک بە موساطەحە بیگری ئێمە خۆمان حکومەتی هەرێم ئیماکانیەتی نەبوو ئەوەی لێ سەرف بکا بە موساطحە ڕامانگەیاند چوار جار وا تەصەورم کرد جەنابت دەبێ ئەوە بزانی، کەس نەهات بیگری ئێستا دوو کەس تەقدیمیان کردووە، یەکێکیان دەیەوێ مەلەوانگا و چێشتخانەیەکی لێی دروست بکات نزیکەی سێ چوار ڕۆژ پێش ئێستا، ئەوی تریان دەیەوێ ژێر زەمین و نهۆمێک دروست بکاتن لە ژێر دیراسەت دایە ئەگەر مەرجەکانی لەگەڵ مەرجەکانی وەزارەت ڕێک کەوت بە تەئکید دەیدەینێ مەوزوعی لقی دوو ئەوەیە، کاک شێخ جەعفەر دەربارەی سەفەری ئەزهەر جگە لەوەی کە لە ڕۆژنامەی(صوت الازهر) دەرچوو کە ئەوان چل کورسییان بۆ ئێمە تەرخان کردووە سوپاسیان دەکەین کە ئێمە داوای پانزە کورسییمان کردبوو ئەو برادەرەی کە لەگەڵ وەفدەکە هاتبوو پێش ماوەیەک لێرە بوو د. عبدالقادر بریفکانی گووتی چل و دووە لە ئەنجومەنی وەزیرانیش بە نووسراو بۆمان هاتووە بە ڕاستی هیچ شتێک بۆ ئێمە هێن نەبووە بڕیار وایە بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە وەزارەتی ئەوقاف هەیە پاش سێی مانگ وەفدێکی ئێمە بچێتە میسر بۆ قاهیرە لەوێ باسی هەموو شتێک بە ووردی بکرێت من چوارشەممەی ڕابردوو لەلای جەنابی سەرۆک بووم ئەویش ڕای وابوو کە فاکس نەکەین پرسیاریان لێ بکەین بڵێین چەندە و چییە؟ وەکو دیبلۆماسییەت بچیین لەوێ باسی بابەتەکە بکەین لەبەر ئەوە چاوەڕوانی ئەو سەفەرە دەکەین، بگەڕێینەوە انشاللە تەفصیلاتەکە بە تەئکید ڕادەگەیەنین، بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر پرسیاری کرد دەربارەی یاسای وەزارەت و هەموار کردنی، یاسای وەزارەت زۆر زۆر پێویستە پرۆژەییێکمان ناردوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئومێد دەکەم کە لە سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتە ناو پەرلەمان جەنابت و برادەران پشتگیرییەکی باشی لێ بکەن، یەک لەوانە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بۆ مزگەوتەکان داناوە چونکە ڕەوا نییە دوو سێ هەزار مزگەوت هەبێ بەڕێوەبەرێکی گشتیی نەبێ سەرپەرشتیان بکا.دەربارەی بە علیم کردنی قوتابخانەکان کە جەنابی مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووی بە ڕاستی ئێمە هەتا ڕادەیەک هەوڵمان داوە، بەڵام ئەو کۆنفراسە بەتایبەتی بۆ ئەوەیەو، ئەو خولانەی کە ئێستا هەیە وا بزانم کاک د. رزگار ئیشارەتی پێدا من ناتوانم دهۆک وەکو هەولێر هەموو کاتێک ببینم، ئەگەر یەکێک سەر لە مزگەوتی صەواف بدات هەتا ئێستا خولەکە بەردەوامە باوەڕ بکەن باشترین مامۆستای زانکۆ وانەیان پێدەڵێن ئومێد دەکەین دوایی ئەم کۆنفراسە وەکو گووتم هەمە لایەنە دەبێ هەمە مەبەست دەبێتن هەتاکو بتوانین قوتابخانەکانی ئەوقاف شان بەشانی خەڵکی تر بتوانێ بڕوات، چونکە حەز دەکەین مامۆستایانی ئێمەش وەکو مامۆستایانی دونیا بتوانن قسە بکەن بۆیە یەک لە مەبەستەکانی کۆلێژی شەریعەش ئەوەبوو، ئەوەی کاک د. رزگار ئیشارەتی پێدا بەڕاستی بە نیسبەت دهۆک تێبینی زۆری لەسەر هەیە من نازانم بەو شێوەیەی کە ئەو باسی کرد تۆزێک حەزم دەکرد زیاتر بەرگری لە وەزارەتی ئەوقاف بکا وەزارەتی ئەوقاف فەقیرە بەو شێوەیە نییە کە ئەو باس دەکات بەڵام ناتوانم بڵێم زۆر باشە یاخود بڵێم خراپە چونکە ناتوانم هەموو کاتێک دهۆک ببینم، دووەم ئێمەتێبینی خۆمان لەسەر دهۆک هەیە لەوانەیە گۆڕانکارییەکی گشتی لە دهۆک بکەین لە ئەوقاف و غەیری ئەوقاف لەبەر ئەوە ئێمە خەریکین هۆی خۆی هەیە دوا کەوت ئێمە ناتوانین لێرە باسی بکەین بۆ دواکەوت، نۆ مانگ پێش ئێستا دە مانگ پێش ئێستا دەمانویست ئەو گۆڕانکاریە بکەین بەڵام لەبەر چەند هۆیەک دواکەوت و، انشاللە خولەکان باشتر بێ من بە تەئکید چ بە بروسکەش بێ بەدوای دا دەچم بزانم چۆنە خۆشم هەوڵ دەدەم بە زووترین کات سەر لە دهۆک بدەین من هەتا ئێستا سەرم لە دهۆک داوە و، هەموو شوێنەکانیشم دیوە،چووینە هەندێک ناحیە دەیان ووت ئەوە یەکەم جارە وەزیر بێتە گوندەکەمان، زەرگەزیەیی گوندێکە لە بنی دونیاییە من چوومەتە گوندەکەش، نەک پیاو منەت بکا بەڵکو ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە خزمەتی میللەت بکەین. دەرچووانی کۆلێژی شەریعە کە دانامەزرێن بابەتەکە هەمان هۆیە کە باسم کرد، ئەنجومەنی وەزیران دامەزراندنی ڕاگرتووە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڵێنی بە ئێمەی داوە دوای ئەوەی لە سەفەرەکەی بگەڕێتەوە بە جۆرێکی تایبەتی بۆ وەزارەتی ئەوقاف چونکە وەزعەکەمان زۆ زۆر ناخۆشە، وەک کاک ئەحمەد علی عمر باسی کرد ناچارین لە مزگەوتێک بە حەفتا دینار قارئەک موئەزینێک دابنێین مەلاش نییە و، ناتوانێش جێگای مەلا بگرێتەوە، بەڵام لەوە باشترە کە وازی لێ بینین(أخذ القليل خير من ترك الكثير) لەبەر ئەوەی ئێستا دامەزراندن نییە بۆیە بە گرێبەست دووبارە مامۆستا پیرەکانمان هێناوە ئومێد دەکەین لەوە سەرکەوتووبین بتوانین ئەو جێگایانە پڕبکەینەوە و جەنابیشت گلەییت نەبێ. سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک جەلال خۆشناو دەربارەی ڕێکخستنی فەقێیەکان وەک دەستپێشخەرییەک لە لایەن ئێمەوە ئەو

فەقێ ئەهلییانە نە لە قانونی وەزارەتی ئەوقاف ونە لە هیچ جێگایەک هیچ پەیوەندییەکیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ئەوقافەوە نییە، بەڵام ئێمە غەممان لێ خواردن لەبەر دوو هۆی سەرەکی یەکەمیان چونکە هەموو مامۆستایەکانی ئایینی بە قەدەر ئەوانەی خزمەتی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و زانستیان کردووە لەم حوجرانە دەستیان پێکردووە وهەموو سەرکردەکانی کورد لەم حوجرانە دەرچونە لە شێخ عوبیدولای نەهریە وە تا شێخ مەحمودی حەفید تا شێخ عبدول سەلامی بارزانی تا قازی محەمەد تا بارزانی نەمر هەمووی دەرچووی ئەم حوجرانە بوون لەبەر ئەوە ئێمە ئیهتمامان بەم حوجرانە داوە یەکەم جاریش لە مێژووی وەزارەتی ئەوقاف لە عێراقیش لەوانەی نەکراوە ئێمە جەردی فەقێیەکانمان کردووە لە گوندەکان پێداهاتین گوند گوند بە یارمەتی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کردوومانە جوهدێکی زۆر بوو تەبعەن بەڕێوبەرێکی گشتی ئێمەو دوو بەڕێوبەری گشتی ئەوان سێ مانگی پێچوو بە کولفەتێکی زۆر و بەزەحمەت کردوومانە هۆی دووەمی ئەم حوجرانەمان بە جێگایەک زانیوە خەڵکانێک کە بیانەوێت باری سیاسی نەشاتی تێدابێت مەجال نەدراوە ئێمە دەستمان بەسەر داگرتوون و نوێنەرایەتی فەقێیان هەر بۆ ئەم مەبەستە دروست بووە دەورێکی زۆر باشیشیان بینیوە ئێمەش پشت گیریان لێ دەکەین بێ تەرەدود، ئومێد دەکەم وەڵامەکەم کافی بێت بۆ پرسیارەکەی جەنابت. کاک أحمد علي عمر بەنیسبەت پەرسیارەکەی تۆ وابزانم خاڵی یەکەمم رونکردەوە بەڵام خاڵی دووەم ئەو ( ٢٥٠ ) دینارەی کە زیادکراوە بەراستی ئەوە لەسەر سوربوونی من زیاد بوو نەک لەبەر ئەوەی ئینسان بڵێ من وام کردووە ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران دانیشتین تەنها لەسەر ئیمام و خەتیبەکان ئەوەی دێتە خوارێ نا. گوتیان خەزێنەی حکومەتی هەرێم تەحەمول ناکات جەنابی وەزیری دارایی لێرە نەماوە بە داخەوە بەڵێنێکم وەرگرتووە ئەوان نیوەیان بدەنێ لەباتی ( ٢٥٠ )کە نیوەی وەربگرن بۆ ئەوەی گرفتەکە حەل بێت. کاک ئیبراهیم دەربارەی باسی خەتیبەکانی کرد من ناڵێم خەتیبەکان هەموو یەکە بەو مانایەی دیفاع لە تیرۆر نەکراوە بەمانای تیرۆر بەڵام مامەعناهو شتێکی واگوترابوو من سودفە ئەورۆژە رۆژنامەکی کوردی دەردەچێت لە دهۆک بەناوی (پەیمان) هەتا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ من تێدایە باسی تیرۆر دەکەم لەهەمان لاپەرە یەکێک مەقالەکی نوسیوە دەڵێ مەلایەکی مزگەوتێک یەک مەلا ناوی نەگوتووە ئەو رۆژی بەرێوبەری ئەوقاف لەگەڵم بوو ئێستا لێکۆڵینەوە لەگۆرێیە لەگەڵ ئەو مەلایە بزانین چ گوتوەو چی کردووە، ئێمەش هەندێ جار دەبێ یەکسەر حوکم نەدەین زۆر شت دەوترێت و زۆر ئەحداس هەیە ئێستا جێگای نییە باسی بکەین شتەکە گوتراوە یان بەشێوەیە نییە یان تۆزێک زیاترە بەڵام بیزات ئەم مەلایە ناویشی لە مەقالەکە نەگوتراوە دەڵێت ئیسلام و نازانم چی لەم بابەتانە ئەو کاتەش کێشەی ئەفغانستان لەگۆرێ بوو دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت حەزدەکەم جەنابتان تەقدیری وەزارەتی ئەوقاف بکەن قیادەی ئێمە ئیمانی بە فرەلایەنی هەیە یەک لە ئەرکەکانی وەزارەتی ئەوقاف کەمن ناوی لێ دەنێم ئیشی لابەلا ئەوەیە بەڵام لەوانەیە نەتوانین ئێستا لەم کۆبوونەوە هەموو شتێک باس بکەین

ئێمە چیمان کردوەو خەڵکی کە چی دەکاتن ئەگەر جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێی باش بێت رۆژێک من دوابکات من لاریم نییە بەدرێژی باسی دەکەین چیمان کردووەو چی ماوە بۆتان باس دەکەین، ئومێد دەکەین بتوانین ئەوە نەهێڵین بۆ نمونە لە هەولێر نەک لەبەر ئەوەی من لەوەزارەتی ئەوقافم (٢٧٧) مزگەوت هەبوو یەک مزگەوت لە دەستی من نەبوو ئێستا هەموو مزگەوتەکان لەدەستی ئێمەیە یەک مزگەوت لەدەستی کەسدا نییە لەوانەیە دهۆک دورتر بێت ئاگام لێی نەبێت، خوشکە شەفیقە خان باسی مەنهەجی وەزارەتی ئەوقافی کرد مەنهەجەکانمان (١٠٠ ٪) موتابق نین بەڵام جۆری سوئال دانان و سوئالەکان تەقریبەن مەرکەزیە ئاگامان لەیەکترە موفەتشینیش هەیە دەیان بینێت ئەگەر جەنابت رۆژێک تەشریف بکەیت مەنهەجەکەت ئەدەمێ بزانە چۆن دەخوێنن و چۆن ئیمتحانات دەکرێت و چۆن دەفتەرەکان قەپات دەکرێت هەر وەکو وەزارەتی پەروەردەیە و زۆر سوپاسی وەزیری پەروەدەش دەکەم کە زۆر هاوکارە لەگەڵمان، دەربارەی حاجیەکان لە یەک لە رێگاکان (٦٧٠) حاجی دەچێت ئەوی تر نازانم. ئەوەی کاک شێخ عەفان گوتی ئێمە دووبارە بە خۆشحاڵیەوە دەڵێین ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە هەوڵ دەدەین ئەگەر رێکخراوی یونیسیف بتوانێ یارمەتیمان بدات ئێمە سوپاسیان دەکەین دوای ئەم پرسیارانەی ئێوەش من لەگەڵ وەزیری پەروەردە هەوڵ دەدەین پەنا بەخوا. کاک فەرحان قەزای شێخان ئێمە دەزانین لەکوێیە بەڵام زۆر شوێنیش هەیە من تا ئێستا نەچووم بۆ نمونە تا ئێستا نەچوومە هیران و نازەنین هەندێ قەزای تریش هەیە نەمان دیوە بەگوێرەی زانیاری من قائیمقامی قەزای شێخان لە ئەتروش دەوام دەکات وزۆربەی دێهاتەکانی قەزای شێخان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیە جەنابت شارەزاتری عەشائریەن و پەرلەمانیەن شارەزاتر بیت من شارەزا نیم ئومێد دەکەین ئەگەر ئەم کەموکوریە هەبێتن چاکی بکەین ئەوجارە پەنا بەخوا ئەو جێگایەی بیری لێ بکەینەوە قەزای شێخان دەبێت بەتەئکید ئێمە بە یەک چاو تەماشای هەموو لایەک دەکەین جیاوازی نییە من چومە عەمادیە چومە حاجی ئۆمەران بەڵام لەوانەیە دەرفەتمان نەبووە بچینە شێخان ئەگەر جەنابت مەجالت هەبێ وەکو مراقیبێکی وەزارەتی ئەوقاف دەوام بکەیت دەزانی وەزعی وەزارەتی ئەوقاف چۆنە پەنا بەخوا ئەوجارە یەکەم سەردانمان بۆ ئەوێ دەبێت، ئومێد دەکەم جەنابت لێمان رازی بیت هەموو عەشیرەتی شەرەفانیش. کاک شێخ یەحیا دەربارەی نوێژی هەینی من خۆم هەموو هەفتەیەک دەچمە مزگەوتێک بۆ ئەوەی بزانم چی هەیە ماعەدا ئەوە بۆ زانیاری وەزارەتی ئەوقاف شەش موفەتیشی هەیە ناتوانن کۆنترۆلی (٢٧٧) مزگەوت بکەن بەڵام ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ هاوکاری تەواومان هەیە، بابەتی تیرۆر کەس لە هەولێر راستەوخۆ باسی نەکردووە ئەو شێوەی ئێمە دەمانەێ باسی نەکردووە. بەنیسبەت خوتبەکانی هەینی ئێمە نەمانەویست لاسای حکومەتی مەرکەزی بکەینەوە خوتبەکان بنوسینەوە زۆر دەسەڵاتیشمان هەیە ئەوە بکەین بەڵام ئێمە نەمانەویست ئەوە بکەین چونکە بەراستی ویستمان خەڵک ئەو سەربەخۆیەی کە ئێمە باسی دەکەین مەلایەکانی ئێمە بەو شێوەیە نین ئێمە ئێستا دەزانین لە

هەولێر تەیاری ئیسلامی چۆن دەروات من دەتوانم بەناو ناوی مەلایەکان بژمێرم ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام مەلا هەیە تاکو ئێستا وا بیر دەکاتەوە کە سبەینێ نا دووسبەی حکومەتی مەرکەزی دێتەوە ئێرە بەم روحیەتە تەعامول دەکات لەوانەیە نەویریت قسان بکات بەڵام یەکی تر جەرئە قسان دەکات هەیە مونەزم نییە یان لە سیاسەت نازانێت ئەو شتانە هەیە بەڵام بەم شێوەیە نییە ئومێد دەکەین ئەو کون کەلێنانە لە کۆلێژی شەریعە کە کردمانەوە ئێمە یەک لە داواکاریەکانمان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە بۆ ئەوەی بتوانین کادیری دینی نیشتمان پەروەر و ئاین پەروەر لێک گرێبدەین هەموو کەس لەوانەیە ئەو توانایەی نەبێت لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسم کردن، ماموستا مەلا مەحمود باسی بریاری (٩٨٦)ی کرد بەو شێوەیە کە باسم کرد ئومێد دەکەم پەنا بەخوا موتابەعەی بکەین، وەزیری پەروەردەش موتابەعەی دەکات بەراستی، پێشی سەفەری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەنابی بەمنی گوت موافەقەتان هاتووە کە بۆتان بکەن، ئەمڕۆ دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران هەیە من نەمتوانی بچم ئەگەر دوایە رێکەوت بچین دەپرسم چی بەسەر هات بابەتی ژیانی مەلایانیش من لەگەڵتم بەراستی مەغدورن گومان ناتوانن هیچ ئیشێ بکەن هەر چەندە قەدریان بگرین کەمە چونکە حەقی زۆریان لەسەر ئێمەیە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان پرسیارەکان تەواو بوو ئەگەر جەنابت هیچ تێبینیت هەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەکەین، لەراستیدا ئێمە کاتەکەمان دیاری کردبوو تا سەعات (١١) جا بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان بێنین دانیشتنی داهاتوو بەیانی سەعات (١١) ئەبێت، زۆر سوپاستان دەکەین.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)**

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٩/١١/٢٠٠١

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٢١)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢٩

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢٩ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست ویەک)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست ویەک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١١/٢٩ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢١) خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین ،بەرنامەی کاری ئەمرۆمان یەک خاڵە، خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی کە پێشنیار کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران. بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری دەکەین بە ئامادە بوونی لەو دانیشتنەدا، هیوا دارین ئامادە بوونەکەی ببێتە مایەی بەرەوپێشەوە بردنی کاری ئەو دانیشتنەمان، خوێندنەوەی سەرەتایی ئەو پرۆژەیە لە ٢٠٠٠/١٢/١١ لە دانیشتنی ژمارە ٢١ خولی دووەمی ساڵی نۆیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق کراوە،و تاکو ئێستا چەند جارێکیش دواخراوە و تاکو زیاتر لەو بارەیەوە بکۆڵدرێتەوە و زانیاری تەواوی لەسەر کۆ بکرێتەوە، تاکو دەست بەکار بین تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرمێت بێتە سەر سەکۆکە و هەروەها ئەندامێکی بەڕێز لیژنەی کشتوکاڵ وکاک ئەمین مەولود و بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی با بفەرموونە ئێرە، تکایە لیژنەی یاسایی پرۆژەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری :**

**بەڕێز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەكەتان بۆ دەخوێنمەوە:

**( مشروع قرار)**

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القانون الآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠**

**قانون الغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية**

المادة الاولى:

تلغى الجمعيات الفلاحية التعاونية في اقليم كوردستان.

المادة الثانية:

تؤول كافة الاموال المنقولة وغير المنقولة للجمعيات الفلاحية التعاونية الى وزارة الزراعة والري لاقليم كوردستان العراق وتسجل باسمها.

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون .

المادة الرابعة :

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، ئەگەر جەنابی وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری روون كردنەوەیەک لەو بارەیەوە بدات، فەرموو

**بەڕێز سعد عبدالله/ وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

زۆر خۆشحاڵم بەوەی داوا كراین بۆ ئەوەی روون كردنەوەی ئەو پرۆژەیە بكەین، لە راستیدا وەكو ئێوەش زانیاریتان لەبارەی ئامادە كردنی ئەو پرۆژەیەوە هەیە، كۆمەڵە هەرەوەزیەكان لە كۆنەوە لە سەردەمی سیستەمی تەعاونی یان سیستەمی ئەو ئیشتراكیەتەی كە حكومەتی مەركەزی دەیویست پیادەی بكات لە بواری كشتوكاڵ، بڕیار درا كە شێوەیەک لە شێوەكانی ئەو ئیشتراكیەتە ئەوە بێت، كە جوتیاران لە هەر دێیەک كە ژمارەیان بگاتە رادەیەكی یاسایی پێكەوە

کۆ ببنەوە و حکومەتیش لە ڕێگای بانکەکانی کشتوکاڵی پشتگیریان بکات بە سلفە و خۆشیان هەندێ ئیشتراکات پێشکەش بکەن و تاکو لە ڕێگای ئەوە ئاسان کاری بکرێت بۆ زیاتر کردنی بەرهەمیان بۆ ئەوەی ئەو جوتیارانەی کە ناتوانن ڕاستەوخۆ بە پشت بەستن بە خودی خۆیان زەویەکانیان بکێڵن یان بەرهەم بێنن یارمەتیان بدەن، ئەو پرۆسەیە بەردەوام بووە بەڵام وەکو دەردەکەوێت بەر لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ لێپرسراوانی حکومەتی ناوەندیش ئاشکرا بوو کە پرۆژەیەکی سەرکەوتوو نییە و ئەو مەرامەی لە پێناویدا یاسای ئەو جەمعییەتانە داندرا مەبەستەکەی ناپێکێت، لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی عەمەلی ئەو جەمعیاتانە لە دوای ساڵی ١٩٨٧وە بونێکی نەماوە، بەڵام لەبەر ئەو ڕوداوانەی بەسەر ناوچەکەدا هات وای کردوە کە صیغەیەکی یاسایی نەدۆزرێتەوە بۆ پاشماوەی ئەو جەمعیاتانە کە هەندێ ئەموالی گوازراوە کە خۆی لەو پارانەی کەبە سولەف وەریان گرتووە و هەندێ ئامێر و هەندێ کەل و پەڵ کە لە بارەگای ئەو جەمعیاتانە هەبوون دەنوێنێ و، هەروەها ئەو دەزگایانەی کە کاتی خۆی بە پارەی ئەو جەمعیاتانە دروست کراوە یەک لەوانە، قاعاتی دەواجن بووە لە هەندێ شوێن تاکو ئێستا جێماوەی ماوە، ئەوانە تەسفیە نەکراوە، ئێستا عەمەلی ئەو جەمعیاتانە هەڵوەشاینەوە، لە هیچ جێگایەک جوتیار لە سنوری ئەو جەمعیاتانە، بۆ نمونە من لێرە هەندێ ناوتان بۆ دەخەمە ڕوو، بۆ نمونە لە هەولێر جەمعیەی شەعب، جەمعیەی باواجی، جەمعیەی دۆڵەبەکرە، جەمعیەی الوثبە ، جەمعیەی ١١ ئازار، جەمعیەی سەری ڕەش، جەمعیەی سەرچیا، ئەوە هەر یەکەو لە ناوچەیەکن، لە دهۆک کۆمەڵێ جەمعیات هەنە ئەویش عەرزی جەنابتان دەکەم، کەناوەکانیان لەلامانە بۆ نمونە جەمعیەی خالد بن ولید لە باتێڵ شوعلە لە باتوفە، التقدم ، الردیبە، الزاب ، التحریر لە دێبزوب، المحبە، ئەوە کۆمەڵێ لەو جەمعیاتانەی، بیست جەمعیە لە دهۆک هەیە، نزیکی ٥٠ جەمعیە لە هەولێر هەیە ناوەکانیش دیارە کە بۆ چ مەبەستێک داندراوە.

ناوەکانیان بەسە بۆ زانینی مەبەستەکانیان و هەروەها پاشماوەکانی ئەو جەمعیاتانە چەند نازرێکی تەعاونی کەکاتی خۆی لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ سپێردراون کە سەرپەرشتی ئەو جەمعیاتانە بکەن، ئەو نازیرانە ئیستغلالیان کردوە ،واتا چەند کەسێکی دیار ئیستغلالیان کردوە، ئێمە ئەوەی کە دەمانەوێ و داوامان کردوە بەیاسا بگەڕێندرێتەوە بۆ لایەنی خۆی کە وەزارەتی کشتوکاڵە، دەمێنێتەوە خاڵی دووەم، لەوانەیە پرسیارێک بێتە ڕوو ئەویش ئەوەیە کە خەڵکانێک زەرەرمەند دەبن، خۆی ئەو پاشماوەی ئەو موڵکانە جا چ دەواجنە یان زەویە چ پارەیە، سەبارەت بە زەوی و دەواجنەکان کشتوکاڵ جارێکی تر بە کرێیان دەداتەوە جا یان بە گرێبەستی دائیمی یان بەکرێ، یان بە هەر شێوازێکی تر خەڵکێک کە لەو ناوچەیە هەیە و فعلا جوتیارە و لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سنوری ئەو جەمعیەی بووە سودی لێ وەردەگرێت و ئەو کەسەی کەوا نازریشە ئێستا نازری ئێمەیە تەفەروغە ئەویش دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و کاری خۆی دەکات وەکو فەرمانبەرێکی کشتوکاڵی نەک وەکو بەپێی ئەو یاسایەی هەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا

نییه، لەهەمان کاتدا ئیستغلالی شتێک دەکات کە بوونی نییە و ئەو پارانەش کە لە جەمعیاتی هەولێرە نزیکەی ١٤٠ هەزار دینارە و لە جەمعیاتی دهۆک نزیکەی ٣٠٠ دینارە پارەیان لە بانکی کشتوکاڵی ماوە پارەکە پارەی جەمعیەیە کاتی خۆی سولەفی حکومەت بووە وەریان گرتووە و بەناوی ئەوانە، ئەویش تەجمیدە ئەو پارانەش بەهۆی ئەو بریارە دەگەرێتەوە بۆ خەزینەی حکومەت، سودی لێ وەردەگیرێت، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە داوای شتێک دەکەین کە لە ئەرزی واقع رووی داوە، تەنها دەمانەوێ صیغەیەکی یاسایی پێبدرێت تاکو شەرعیەتی تەسەرف هەبێت لەلایەن ئێمەوە وەکو وەزارەتی کشتوکاڵ تا بتوانین هەڵسوکەوت بەو پاشماوانە بکەین و ئەگەر پرسیارێک هەبێت ئێمە ئامادەین وەڵامی بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو روون کردنەوەیە، ئێستا دەچینە سەر گفتوکۆ کردنی پرۆژەکە، بەگشتی رای لیژنەکان بخوێنەوە، سەرەتا رای لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی رای لیژنەی یاساییتان بۆ دەخوێنمەوە لەبارەی پرۆژەکە

الى /رئاسة المجلس الوطني لكورستان العراق

م/راي اللجنة

كتابكم المرقم(ك/٥٧)في ١٣/١٢/٢٠٠٠

بعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع الخاص بالغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية، ايدت اللجنة بالاجماع المشروع المذكور بعد اخذ المقترحات الاتية بنظر الاعتبار،

١- ترى اللجنة ان يتم عرض المشروع بصيغة مشروع قرار و ليس مشروع قانون

٢- ترى اللجنة ان يتم ايقاف العمل بقانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم (٤٣) لسنة ١٩٧٧ ابتداً وفق الصيغة التالية( يوقف العمل بقانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم(٤٣) لسنة ١٩٧٧ في اقليم كوردستان العراق.

٣- ترى اللجنة ان يتم الغاء كافة الجمعيات الفلاحية التعاونية في اقليم كوردستان العراق و من ثم ايلولة كافة ممتلكاتها الى وزارة الزراعة و الري في الاقليم وفق الصيغة التالية،( تلغى الجمعيات الفلاحية التعاونية في اقليم كوردستان العراق و تؤول كافة ممتلكاتها المنقولة و غير المنقولة الى وزارة الزراعة و الري في اقليم كوردستان العراق و تسجل باسمها، راجين التفضل بالاطلاع و عرضه على المجلس للمناقشة لاصدار القرار المناسب.

شيروان حيدري

رئيس اللجنة

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەی خوارەوە رای لیژنەی کشتوکاڵە لەبارەی پرۆژەکە

بۆ/بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/هەڵوەشاندنەوەی پرۆژە

نوسواوتان ژمارە٥٧ لە ١٣/١٢/٢٠٠٠

لیژنەکەمان لە ٦/١١/٢٠٠١ کوبووەوە بۆ دیراسەت کردنی پرۆژەی یاسای لابردنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران.

پاش تاوتووکردنی لیژنەکەمان بەتێکرای دەنگ پشتگیریی پرۆژەکە دەکات بۆ لابردنی ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیە.

لەگەڵ ریزماندا

کاکەرەش نەقشبەندی

سەرۆکی لیژنە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پیشەسازی و وزە، فەرموو کاکەمین بیخوێنەوە.

**بەڕێز امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ /بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

ب/ رای لیژنە

نوسراوتان ژمارە (ک ـ ٥٧) لە ١٣/١٢/٢٠٠٠دا

دوای دراسەی پرۆژەی یاسای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی جوتیارانی هەرەوەزی، لیژنەکەمان دەقی پرۆژەکەی پەسەند کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا بڕگە بە بڕگە بیخوێنەوە وەکو پێشنیاری خۆتان.

**بەڕێز کـــــاکـــــەرەش نـەقـــــشـــــبـــــەندی:**

**بەڕێز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

هەندێ روونکردنەوە دەربارەی ئەو پێشنیارانە دەکەین، ئێمە بەو ئاراستە رۆیشتین لەبەر ئەوەی ئەو جەمعیاتانە بە یاسایەکی تایبەت دروست کراون، ناکرێت شتێک لەغو بکەی و یاساکەش هەر هەبێت و کاری پێبکرێت، واتای ئەویە تەجاوزە لەسەر یاسا، لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی پێشتر یاساکە راگرین کە هیچ کارمان پێنەما لەکوردستان یاسای ژمارە(٤٣) ی ساڵی ١٩٧٧، ئینجا ئەو جەمعیاتانەی کە بەهۆی ئەو یاسایە دروست بوون لەغویان کەین و کەل و پەلەکانی بدەینە وەزارەتی کشتوکاڵ، زیاد لەسەر ئەوەی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ فەرمووی، عەمەلییەن ئەو جەمعیاتانە نەماون لە پاش ساڵی ١٩٨٨ نهائیا ئەو جەمعیاتانە نەماون، لەبەر ئەوەی حکومەتی مەرکەزی یاسایەکی دەرکرد بە ژمارە(٣٥) لەغوی هەموو تەعاقد و تەوزیعی کردوە لە ناوچەکەدا زەویەکانی هەموو دەکرێت بە زیاد کردنی ئاشکرا، لەبەر ئەوەیە جوتیار نەما بە شێوەی ئەندام لە جەمعیات، لەبەر ئەوەی ئەو زەویانەی درابوونە جوتیاران چ بە گرێبەست چ بە سەنەداتی تەملیک هەمووی لەغو کرا بنەمایەکی نوێ بەکار هات بنەماکەش ئەوە بوو کە زەوی حکومەت بە زیاد کردنی ئاشکرا بەکرێ بدرێت، و ئەگەر جەنابتان ماوەم بدەن کورتەیەکتان پێبدەم کە چۆن پێکهاتوون، سەرەتا جەمعیاتی فەلاحی پێکهێندرا ساڵی ١٩٥٩ بە یاسای ژمارە ١٣٩، جەمعیەتێکی پیشەیی سیاسی بوو بەحت، زیاتر بیر لەوە نەکراوەتەو کە جەمعیەتێکی ئابووری بێت بیر لە کشتوکاڵ بکاتەوە، پاشی ئەوەی کە یاسای ژمارە ١١٧ دەرچوو لە ساڵ ١٩٧٠، جەمعیاتێک دروست بوون بەناوی (الجمعيات التعاونية الزراعية)، ئەوان زیاتر مەبەستەکەیان کشتوکاڵی بوو زیاتر لەوەی بیری لێبکرێتەوە کە شتەکە سیاسیە، لەبەر ئەوەی وەکو یەکەیەکی کشتوکاڵی مامەڵەی لەگەڵ کشتوکاڵ دەکرد، بەکرێدانی کەرستە و تەملیکی کەرستە وهی تریش، پاشی ساڵی ١٩٧٧ کە یاسای ژمارە(٤٣) دەرچوو، ئەو جەمعیاتانەی لەغو کرد کە بە یاسای ژمارە(١٣٩) دروست کرد بوون، داواشی لە جەمعیاتی فەلاحی کرد کە باری خۆیان چاک بکەن لە ماوەی ٦ مانگ بەپێی ئەو یاسایە، لەبەر ئەوە جەمعیاتی فەلاحی هاتنە ناو جەمعیاتی فەلاحی تەعاونی، ئەو شێوازەی پێشتر نەما کە جەمعیاتی فەلاحی، کە یەکەیەکی کشتوکاڵ ئابووری بوون، و کەساڵی ١٩٨٨ کەهات هەموو زەویەکانی لەغو کرد، ئەگەر بێیە سەر لایەنێکی عەمەلی عضوی جەمعیە نەماوە لەبەر ئەوەی عضوی جەمعیە لەسەر بنەمایەک بوو جوتیارێکی موتەعاقد لەگەڵ ئیسلاحی زراعی هەردووکی لەغووکردبوو، دەبوایە بە کرێ بدرێت، دەبوایە ئەو بێت لە ئیسلاحی زراعی بێت بە زیاد کردنی ئاشکرا بەکرێی بگرتەوە، ئەگەر مابێت تەرحیل نەکرابێت، بۆیە پێویستی بەو جەمعیاتانە نەماوە، و زۆر پێویستە لەغو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەکە مادده بەمادده بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٠

قانون الغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية

المادة الاولى:

تلغى الجمعيات الفلاحية التعاونية في اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی یەکەم تکایە.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە پێش ماددەی یەکەم مادەیەک زیاد بکەین بڵێین(یوقف العمل بقانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم (٤٣) لسنة ١٩٧٧ في اقليم كوردستان العراق ) ئینجا ئەوەی بکەینە مادده دوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ماددەی یەکەم دەبێتە چی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم دەبێتە (ايقاف العمل بقانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم (٤٣) لسنة ١٩٧٧ في اقليم كوردستان العراق ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی کشتوکاڵ تکایە.

**بەڕێز د. لطیف محمود بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو داڕشتنەی لیژنەی یاساییمان لا پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پیشەسازی راتان تکایە.

**بەڕێز امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم عیبرەت چیە لە «ایقاف» بۆچی «الغاء» نەبێت؟ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە صیغەیەکی یاساییە لە هەموو عێراق هەیە ئێمە ناتوانین لە شوێنەکانی تر لەغوی کەین لە موصل جێبەجێ دەکرێت لە کەرکوک جێبەجێ دەکرێت لە شوێنەکانی تریش کاری پێدەکرێت، بەس کە گوتمان ایقاف ئێمە دەتوانین لە هەرێم کاری پێنەکەین، من لە باتی لیژنەی یاسایی وەڵامم دایەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لیژنەی یاسایی دیباجەکەیان نەخوێندەوە رای لیژنەی دارایی پێویست دەکات بخوێنمەوە چونکە هەر پشتگیریە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/الغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية

تحيةً واحتراماً

كتابكم المرقم(ك/٥٧)في ١٣/١٢/٢٠٠٠

اجتمعت لجنتنا بتاريخ١٧/١٢/٢٠٠٠ لدراسة ومناقشة مشروع الغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية، وتؤيد لجنتنا المشروع بالاجماع، هذا ولكم الامر.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەمایل فەرموو.

**بەڕێز شمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە، نازانم ئەو بڕیاری لەغوە شمولی هەندێ جەمعیات کە دوای ڕاپەڕین دروست

بوون دەكات؟ یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكەرەش فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر جەمعیەتێك بە پێی یاسای ژمارە(٤٣) دروست بوو بێت شمولی دەكات، بەس كە لەغو بوو ئەو مەجموعە دووبارە دەتوانن داوای دامەزرانەوە بكەنەوە، لەسەر یاسای ژمارە ١١٧ دادەمەزرێنەوە، كە تاكو ئێستا كاری پێدەكرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە ئەو یاسایە راگرین یاسای ژمارە ١١٧ دێتەوە بەر كار، لەبەر ئەوەی ١١٧ ئەوەی راگرتووە لەبەر ئەوەیە لە كوردستان كاری پێ دەكرێت، بۆیە بە پێی یاسای ژمارە ١١٧ دەكرێت دابمەزرێنەوە، داواكاری پێشكەش دەكرێت و دووبارە دادەمەزرێنەوە، ئەگەر بە یاسای ژمارە٤٣ دامەزرا بێت ئەوە ئیلغایەكە شمولی دەكات، سەبارەت بە كاك جەمیلیش فەرمووی دەڵێت لیژنەی یاسایی دیباجەی نەخوێندەوە، دیباجەكە لە پرۆژەكەدا هەیە پێشەكی خوێندرایەوە، واتا پرۆژەكە خۆی دیباجەی هەیە، لەبەر ئەوە پێویست نەبوو ئێمە دیباجە بخوێنینەوە، كاك شێروان پرۆژەكەی بە تەواوی خوێندەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

گرفت نییە جارێكی تر دەیخوێنێتەوە، كاك شمائیل فەرموو.

**بەڕێز شمائل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم من نمونەیەكم هەیە لە عەنكاوە، جەمعیەك هەیە بەناوی مار عوّدە، ئەوە دوو سێ ساڵە دامەزراوە نازانم بە كام یاسا دایان مەزراندوە، ئەگەر وەزیری كشتوكاڵ وەڵام بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من شەرحێكی بەسیطی دەكەم، ئەوەی كە لێی تێگەیشتبم، ئەو یاسایە كە لەغوی جەمعیات دەكات، ئەگەر جەمعیاتێكی فعلی هەبێت كە دوای راپەڕین دامەزرابێت و فعلی وەكو جەمعیە كار بكات، وەزارەت ئەو كاتە مۆڵەتی پێدەداتەوە، ئەگەر حاڵەتێكی وا هاتە پێشەوە جەمعیەتێكی فعلی هەبوو، وەكو لایەن نەوەكو فەرد. وەكو جیهەتێك بۆنموونە جەمعیەتێكی یەزیدی وەكو نمونە سوود لە یەكێ لەو جەمعیاتانە وەردەگرێ، یان كۆمەڵەیەكی تر دوای راپەڕین جەمعیەتێكیان دروست كردەوە، بە فیعلی كار دەكەن، هەن و كار دەكەن، ئەو كاتە وەزارەتی كشتوكاڵ چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە، ئەگەر جەنابی وەزیر بەدواداچوونی هەبێت با بفەرموێ.

**بەڕێز سعد عبدالله/ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی جەمعیات، دوای راپەڕین زۆر جەمعیات دروست بوون جەمعیەی مار عۆدە یەکێکە لەو جەمعیاتانە، جەمعیەی کوردستانمان هەیە کە خاوەن دەواجنەکانن، هەموو خاوەن دەواجنەکان ئەندامن تێیدا، ئێمە باسی موبەریراتمان کردەوە، ئەو جەمعیاتانە وجودیان نیە و فەعال نین، من بەتەواوی نازانم کە جەمعیەی مارعۆدە بە چ یاسایەک دامەزراوە، بەڵام تەعاملیان هەیە لەگەڵ ئێمە، و مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین و دان بە بوونیان دادەنێین و بوونی ئەو جەمعیەیە عملیا بە هیچ شێوەیەک لەغو نابێتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو جوتیارێک مافی هەیە داوا بکات بەپێی یاسا دابمەزرێنێت، بەس شتی عەمەلی و فەعال، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی یەکەم بە دیباجەوە بخوێننەوە جارێکی تر.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الزراعة والري ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٠ تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠١**

**قانون الغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية**

المادة الاولى:

إيقاف العمل بقانون الجمعيات الفلاحية التعاونية رقم «٤٣» لسنة ١٩٧٧ في إقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، یەک ئەندام پەسەندی ناکات، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەمی پرۆژەکە ئەبێتە ماددەی دووەم و بەم شێوەیە.

المادة الثانية:

تلغى الجمعيات الفلاحية التعاونية في إقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە هەردوو ماددەکە تێکەڵ بکرێ بەم شێوەی خوارەوە:

(تلغى الجمعيات الفلاحية التعاونية في إقليم كوردستان العراق و تؤول كافة ممتلكاتها المنقولة وغير المنقولة الى وزارة الزراعة والري للاقليم وتسجل باسمها.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کشتوکاڵ، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داڕشتنەکەی لیژنەی یاساییمان لا پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محمد أمین مولود أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دوای ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی کشتوکاڵ خاڵێک دێتە پێشەوە کە ئەڵێ«سلف» هەیە، ئەو سولفانە ئایا لە کوێ وەرگیراوە، ئەگەر لە بانکی کشتوکاڵی وەرگیرابێ ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، نەوەک بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە باسی «الاموال المنقولە»یە، رای لیژنەی دارایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رایەکەی کاک أمین، هەر کێشە نییە، ئەگەر بروات بۆ وەزارەی کشتوکاڵیش کە واریدات تۆمار کرا، ناتوانرێ تەحکومی تیادا بکرێت تەنها بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری نەبێت، بەڵام سەبارەت بە دیباجەکە بە تەواوی نەخوێنرایەوە، بەناوی خوا و بەناوی گەلی کوردستان ئەو شتانە هیچی نەخوێنرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی دەڵێن خوێندوومانەتەوە، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە بەم شێوەی کە خوێنرایەوە، کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی عبدالکریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێ «تلغی الجمعیات الفلاحیة» پێویست بە ژمارەی ئەو یاسایە ناکات کە جەمعیەکەی پێ دامەزراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو «جمعیات»ە هیچ جەمعیەتێکی تر نییە بەو ناوە «جمعیات تعاونیە زراعیە فلاحیە»، چونکە ئەو جەمعیەتە تاکە یاسایەک کە پێی دامەزراوە دوایین یاسا یاسای ژمارە «٤٣» ساڵی ١٩٧٧، خۆی ئەو یاسایە راگیرا، تەنها ئەوانەی پێ کرابوو، جا ئێستا ئەوانەش هەڵدەوەشێنەوە، سەرەتا یاساکە راگیرا، ئەوانەی پێش دامەزراندنی هەڵوەشێنرانەوە، لەبەر ئەوە چیتریشمان نییە بەو ناوە «الجمعیات الفلاحیة التعاونیة» لەبەر ئەوە چیتر پێویست ناکات بڵێین «مؤسس بموجب هذا القانون»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە؟، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، یاساکە بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسا دەخوێنمەوە پاش تێکەڵ بوونی ماددەی یەکەم و دووەم.

المادة الثانیة:

تلغی الجمعیات الفلاحیة التعاونیة في إقلیم کوردستان العراق و تؤول کافة ممتلکاتها المنقولة وغیر المنقولة الی وزارة الزراعة والري للاقلیم وتسجل باسمها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «٢» بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، یەک دەنگ پەسەندی ناکات،

کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٣»، فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون .

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ماددە «٣» هەیە؟، نییە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «٣» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی «٣» پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «٤»، فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

المادة الرابعة :

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، نییە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، ماددەکە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٥»، فەرموو.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی «٥» پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی «٥» پەسەند کرا، ئێستا هەموو پرۆژەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە یاسای «إلغاء الجمعيات الفلاحية التعاونية» پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە.. سوپاس..کێ پەسەندی ناکات؟ تەنها یەک دەنگ پەسەندی ناکات، یاساکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دووبارە سوپاسی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری دەکەم بۆ ئامادە بوونی لە دانیشتنەکەدا بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان کۆتایی دێت و دانیشتنی داهاتوومان سێ شەممەی داهاتوو دەبێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٤

خولی دووەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٢٢)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٤

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٤ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە بیست و دوو)ی خولی دووەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە بیست و دوو)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٤ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
٢ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری ناوخۆ بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان ، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ئەمڕۆمان ژمارە «٢٢»ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێک هاتووە: ١ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری ئاوەدان کردنەوە وگەشەپێدان بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
٢ـ ئامادە بوونی ڕێزدار وەزیری ناوخۆ بۆ بەرچاوخستنی چالاکییەکانی وەزارەتەکەی و، وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. بەم بۆنەیەوە بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز نسرین بەرواری وەزیری ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان دەکەین، هیواداریین ئامادە بوونی بێتە هۆی خستنە رووی چالاکییەکانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدان و، وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە دەکرێت، هەروەها

ئەو پرسیارانەی کە لە هاوولاتیانەوە و بە ڕێگای ئەندامانی پەرلەمانەوە دەگاتە ئێمە، لێرەدا داوا لە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەم کەوا بێتە سەر مەنەسە، با بەڕێز خاتوو نەسرین بفەرمووێت بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکەی.

**بەڕێز نسرین بەرواری/وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هێژایان ئەندامێت پەرلەمانێ کوردستانێ.

سوپاسیا هەوە دەکەم کو ئەڤ دەرفەتە هەوە دایە من کو ل بەردەم هەوەییێن بەڕێز نوینەرێت هەلبژارتییێت گەلێ مە تیشکێ بێخمە سەر کارو چالاکییێت وەزارەتا ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ب تایبەتی سالێت ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ێ کو من راستە و خو ل کابینا چوارێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کو هەوەییێن بەڕێز باوەڕی پێدا بو و، بەرپرسایەتیا یا ڤێ وەزارەتێ ب ستویێ من ئێخستبو.

١ـ ئەرکێت وەزارەتا ئاوەدانکرنەوە:

وەک لای هەوییێن بەڕێز وجەماوەرێ گەلێ مە ئاشکەرایە کو هەر ل دەستپێکا شورەشا ئەیلولا سالا ١٩٦١ێ و هەتا سەرهلدانا بهارا ١٩٩١ێ خاک و مللەتێ مە توشی سەدان وهزاران کێشێت جوراوجورێت کاڤلکاریێ ودەربەدەریێ بو و ب هەزاران گوند وێران کربون،پشتی سەرهلدانێ ودانانا وەزارەتەکێ بناڤێ وەزارتا ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان دکابینێت حکومەتا هەرێمێدا مانایەکا گرنگ بوو وبریارەکا بنەجە بو بۆ کوردستانەکا وێران کری ،راستە و خو سەرپەرشتیا ئاڤەدانکرنا گوندێت وێرانکری بکەت،کو بناغە و هاندەرێت سەرەکی بوون بو ڤەگەریانا گوندیا بۆ سەر گوندێت خو.

ل دەستپێکا پێکئینانا کابینا ئێکێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ وەزارەتا ئاوەدانکردنەوە ب ئیمکانیەتەکاکێم وبهاوکاریا رێکخراوێت نە حکومی یێت کوردستانێ وییێت بیانی پێهنگاڤێت دەستپێکێ یێت ئاڤەدانکرنێ هاڤێتن ،و د وەختەکێ دی بریارا نەفت بەرامبەرخارن هاتە پەیداکرن وبەشێ داهاتییێ کوردستانێ هاتە جودا کرن ،دوی دەمی دا وەزارەتێ پێهنگاڤ هاڤێتە بەرەف قوناغەکا نوی تر،و نوعیەتا پرۆژێت خزمەت گوزاریێ هاتنە گوهارتن،وب پلانێت باشتر وبەر فرەهتر هاتە دناڤ مەیدانا کاری کەت.

٢-کورتە بەحسەک ل سەر پێکهێنانێ وەزارەتێ ئاوەدانکرنەوە:

وەزارەتا ئاوەدانکردنەوە وەزارەتەکا فەنی هەندەسی تنفیزیە بو پێشکێشکرنا پرۆژێت جوراوجورێت خزمەتگوزاریا گوندێت کوردستانێ و ئاڤاکرناوان باژێری بچیک.

وەزارەتا مە پێکهاتیە ژ:

ا-رێڤەبەریا ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ل هەولێرێ و دهوکێ ،کو هەر رێڤەبەریەک چەند وحدە هەنە بۆ رێگاوبانا وبیناسازی ونەخشە کاری و دوێفچون و میکانیکی و قانونی و ئیداری

و..هتد،کو ئیکسەر بجھ ئینانا پرۆژا دکەڤیتە ئەستودا.

ب-بمەبەستا باشتر بریڤەچون وچالاکتر کرنا کارێت وەزارەتی بو بجھ ئینانا پرۆژێت ئاڤێ،مەبریار دا ب پێکئینانا دوو رێڤەبەریا ل هەردوو پارێزگاها هەولێر و دهوک ب ناڤی رێڤەبەریا ئاوی گوندەکان وکۆگاکان ، کو راستەوخو پرۆژێت ئاڤ و ئاڤەروا ل گوندا بجھ بینن.

ج-هەلوەشاندن رێڤەبەریا کارگەو کۆگاکان ،بۆ بەرژەوندیا گشتی وەسا مە ب باشی زانی ئەوێ رێڤەبەریێ ب هەلوەشینین هەتا دهەمی رێڤەبەریێت سەر ب وەزارەتی ڤە وەرشەیەکا فنی ،میکانیکی هەبیت کو باشترە و ئێکسەر و ژنزیکڤە کار و چالاکیێت خو کونترول بکەن وبرێڤە بەن د بارێ چاککرنا ئامێرا وبهێز کرنا بەشێت دویف چونێ ل وەزارەتێ بو سەرپەرشتیکرنا کارێت مێکانیکی یێت رێڤەبەریێ.

ودناف وەزارەتێ ژی رێڤەبەریا پلان دانان مە یاهەی کو سەرجەم نەخشە کارێت گشت پرۆژا نجوف دگریت.

٣-ئامانجێ وەزارەتامە:

* هەمی هەولێت وەزارەتا مە خزمەتا کوردستانێ و ئاڤەدانکرنا گوندێت وێران کری نە و پێشکێش کرنا باشترین جورێ پروژەیە خزمەتگوزاریە لە گوندوباژیرا

* هەدەفەکێ دی یێ مە باشتر کرنا ئاستێ زانستی و زانیاری یێت کادرێت مەیە کو بشێن ب هێز بکەڤن و شارەزاییێ پەیدا بکەن بو باشتر بجھ ئینانا کارێ خو.

* ژلایەکێ دیڤە گرنگی دانەکا زێدەتر ب نەوعیەتا کاری وبجھ ئینانا پرۆژا بزویترین کات ، بو ڤێ مەبەستێ ژی هەولەکا زور مە یادای کو کادرێت مە بەشداریێ دخولا دابکەن ل دەرڤە ودناڤ وەلاتی ،چەندین کادر مەیێت هنارتین بو دەرڤەی وەلاتی بو دیتنا خولێت بهێزکردنێ.

هەر وەسا یکەمین وەزارەت بوین کو تورا ئەنترنێتێ دامەزراندی و بسەر هەمی بەشادا مە دابەش کریە و کادرێت مە فایدەی ژ زانستیا جیهانی وەردگرن خوپێ ب هێز دکەن،دهەمی خولێت نەخشە کاری و روپێو و پلان دانان و گەلەگ خولێت تەکنیکی دا بەشداری کریە وشارەزاییەکا زور بو خو پەیدا کریە.

بەرێزان :

حکومەتا هەرێما کوردستانێ گرنگیەکا زور دایە بارێ ئاڤەدانکرنا کوردستانێ ،پارە بو ژمارەکا زور یاپروژا تەرخان کریە هەر وەسا فایدەکا زور ژپارێ داهاتی یێ نەفت بەرامبەرخارن وەرگرتیە ، وەک کوردستان ژی دێ بینین گورانکاریەکا زور بسەر دا هاتیە ،دەستێ ئاڤەدانکرنێ گەهەشتیە زور جهێت ڤی کوردستانێ و،ئەوێت ژ ئەوروپا د زڤرنەڤە وئەو بیانیێت ب سەردان دهێنە کوردستانێ شەهیدێ وێ راستیێ د دەن کو کوردستان ئاڤەدانکرنە کا زور یا پێڤە دیارە و،دڤەگەریانا خودا ل زور کەنال وبەلاڤوکێت وەلاتێ خودا بەحس ل سەر ئاڤەدانکرنا کوردستانێ دکەن،شانازیە بومە دڤێ ئەزمونا خوەدا ب شیانێت کادرێت نافخویی وەلاتێ خو ئاڤەدان بکەین و

بویە جهێ سەرنجا وان.
د ڤێ ماوەیدا ژ بلی وان گوندا ئەویت کو دویر ژدەست وسەر سنورا بون،یان ب ئەکەریت بارودوخا نە ئارامیا دەڤەرێ یان ب ئەرکی رێژا مینا د وان دەڤەریت کو دەستێ ئاڤەدانکرنێ نەگەهشتی یێ شییان (٨٨٥)گوندیت ویران کری ل پاریزگەها هەولیرێ و (٦٠٠)گوندا ژ کوما(٨٠٩)گوندیت ویران کری ل پاریزگەها دهوکێ ئاڤەدان بکەین.
ب سەدەها خانی وبەر و خەستەخانە و قوتابخانە و ب سەدەها کم ریکا بۆ گوندا هاتینە دروست کرن،کوراپورتا خودا د بدریژی بەحس ل سەر کەین.
چالاکییێت وەزارەتێ د سالێت ٢٠٠٠و٢٠٠١دا
چالاکییێت ریڤەبەریا ئاوەدانکرونەوەی هەولیر و دهوک
مە د ماوێ دوو سالادا گەلەک پروژێت جوراوجوریت خزمەتگوزارییێ ژدروست کرنا خانیا و وریک وبانا وخەستەخانە و قوتابخانە وبەشێت نافخویی بۆ قوتابیا وخانی بۆ مامۆستایان و دختورا وعەلویت فروتنا کەسکاتییێ و قەسابخانە ودروستکرنا پرا و کومەلگێت هەڤچەرخ وشارستانی وبازار و ریزیت دوکانا ل شار و گوندیت دەڤەرێ دروست کرینە،کو هندەک بجە ئینانن وگەلەکێت دی ل ژێر ئەنجامن وهندەک لە ژێر پلان دانانن.
ئەو پروژە ژمارەک ژوان ل سەر بودجا حکومەتا هەریمێ بجە هاتینە وئەویت دی تر ل سەر بریارێ نەفت بەرامبەر خارن وبڤی شێوەی خوارێ:

چالاکی وەزارەت لە سالی ٢٠٠٠-٢٠٠١لە سەربودجەی حکومەت

| ناوی پرۆژە لە سالی ٢٠٠٠ | هەولێر | | دهۆک | | کوما پروژا | کوما پارەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی پرۆژە | بری پارە بە دینار | ژمارەی پرۆژە | بری پارە بە دینار | | |
| بینای حکومی | ٢٠پرۆژە | ٦,٩٧٧,٢٩٦ | ٩پرۆژە | ٥٢٥٠٧٣٤ | ٢٩ پرۆژە | ١٢,٢٢٨,٠٣٠ |
| بەشی رێگاوبان | ٣٢ کم | ٦,٤٠٠,٠٠٠ | ٨پرۆژە | ١,٥٨٦,٨٣٠ | ٤٠ کم | ٧,٩٨٦,٨٣٠ |
| پرۆژەکانی ئاو | • | • | ٤پرۆژە | ٢٠٤٩٢٩ | ٤ پرۆژە | ٢٠٤,٩٢٩ |
| کۆی گشتی | | ١٣٣٧٧٢٩٦ | | ٧,٠٤٢,٤٩٣ | ١٠١پرۆژە | ٢٠,٤١٩,٧٨٩ |

| ناوی پرۆژە لە سالی ٢٠٠١ | هەولێر | | دهۆک | | کوما پروژا | کوما پارەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی پرۆژە | بری پارە بە دینار | ژمارەی پرۆژە | بری پارە بە دینار | | کۆی گشتی |
| خانوو | ٣٧٠ | ٣٥٥٧٢٦١٨ | ٣٢ | ٨٠٢٧٤٤ | ٤٠٢ پرۆژە | ٣٦.٣٧٥.٣٦٢ |
| پرۆژەی بینای حکومی | ٨پرۆژە | ١٣٤٣١٦٣٩٩ | ٤پرۆژە | ١٢٧٦٠٣٦٩ | ١٢پرۆژە | ١٤٧٠٧٦٧٦٨ |
| ڕێگا | ٩٣.٩کم | ٤٣٢٠١٧٢٠ | ٢پرۆژە | ٣٨٢٠٥٠ | | ٤٣٥٨٣٧٧٠ |
| کۆی گشتی | | ٢١٣.٠٩٠..٧٣٧ | | ١٣.٩٤٥.١٦٣ | | ٢٢٧٠٣٥٩٠٠ |

چالاکی وەزارەت لە سالی ٢٠٠٠ لەسەر بڕیاری ٩٨٦

| ناوی پرۆژە لە سالی ٢٠٠٠ | هەولێر | | دهۆک | | کوما گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی پرۆژە | بری پارە بە دۆلار | ژمارەی پرۆژە | بری پارە بەدۆلار | کۆی پرۆژە | کۆی پارە |
| خانوو | ١٩١١ | ٣٢٢٩١١٩ | ١١٣٢ | ٢٥٦٨٠١١ | ٣٠٤٣ | ٥٧٩٧١٣٠ |
| پرۆژەی پەروەردەیی | ٥٥ | ٢٧٤٤٦٩٧ | ٣٠ | ٢٣٥٠٩٩١ | ٨٥ | ٥٠٩٥٦٨٨ |
| ڕێگا | ٨٩.٨ کم | ٤٤٣٤٧٥ | ١٥٤١٥١ | ٢٦٦٤٣٣١ | ٢٤٤کم | ٣١٠٧٨٠٦ |
| پرۆژەی تەندروستی | ٥٨ | ٥٩١٧٥٣ | ٨ | ٤٥٧٠٨٤ | ٦٦ | ١٠٤٨٨٣٧ |
| بنکەی ئاژەلی | ٤ | ٢٣٧٤٥٩ | ٠ | ٠ | ٤ | ٢٣٧٤٥٩ |
| پرۆژەی ئاو | ٢ | ٣٤٨٧٥ | ٣٤ | ٢٠٢٠٨٧٦ | ٣٦ | ٢٠٥٥٧٥١ |
| پرۆژەی ئاوەڕۆ | ١٠٦٩٤م | ٧٢٠٤٠٠ | ٧ | ٤٣٦٠٠٠ | | ١١٥٦٤٠٠ |
| پرد | ٣ | ٨١١٦٠ | ١ | ٢٦٢٣٧٥ | ٤ | ٣٤٣٥٣٥ |
| پرۆژەی جۆراوجۆر | ٢ | ٥٨٢٢٠ | | ٠ | ٢ | ٥٨٢٢٠ |
| کۆی گشتی | | ٨.١٤١.١٥٨ | | ١٠٧٥٩٦٦٨ | | ١٨٩٠٠٨٢٦ |

پرۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦لە ساڵی ٢٠٠١ پارێزگای هەولێر

| | ڕێژەی جێبەجێ کردن ١٠٠٪ | | لە ژێر جێبەجێ کردن دایە | | لە ژێر پلان دایە | کوما گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| برگەکانی پرۆژە | ژمارەی پرۆژە | بری پارە بە دۆلار | ژمارەی پرۆژە | بری پارە بەدۆلار | ژمارەی پرۆژە | |
| خانوو | ٩٦٠ | ١٥٦٤٥٩٢ | ٢٧٠٠ | ٨٥٧٧٦٠٠ | ٣٥٨٠ | ٧٢٤٠ |
| پرۆژە پەروەردەیەکان | ١٤ | ١٥٥٦٢٩٩ | ٧٧ | ٥٤٤٧٩٥٢ | ٢٦ | ١١٧ |
| ڕێگا | ٢٤٦.٩٥٥ کم | ١.٥٤٤.١٤٨ | ٢٦٠.١٠٤٤کم | ٦٨٤٥٩٩٣ | ٧٨٧٠٦٩کم | ١٢٩٤١٢٨کم |
| پرۆژەی تەندروستی | ١٧ | ٢٨٠٥٣٤ | ٢٥ | ٥٧٩٠٧٩ | ٦ | ٤٨ |
| پرۆژەی ئاو | ١ | ٣٢.٧٠٢ | ١١ | ٤٨٦٤٥٦ | ٣ | ١٥ |
| پرۆژەی ئاوەڕۆ | ٨١٧٠م | ٤٧٦.٧٧٧ | ١٨٤٤٦م | ١٣١٩٣٩٨ | | ٢٦٦١٦ |
| پرد | ١ | ٣٧.٠٠٨ | ١ | ٦٠٥٦٤ | ١ | ٣ |
| بنکەی ئاژەڵی | ٢ | ٩٧.٦٥٥ | | ٠ | | ٢ |
| پرۆژەی جۆراوجۆر | ٥ | ٢٥٥.٠٨٦ | ٢١ | ١٥٧٢٥٨٥ | ١٣ | ٣٩ |
| کۆی گشتی | | ٥.٨٤٤.٨٠١ | | ٢٤٨٨٩٦٢٧ | | ٣٠٧٣٤٤٢٨ |

پرۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦ لە ساڵی ٢٠٠١ پارێزگای دهۆک

| | ڕێژەی جێبەجێ کردن ١٠٠٪ | | لە ژێر جێبەجێ کردن دایە | | لە ژێر پلان دایە | کوما گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| برگەکانی پرۆژە | ژمارەی پرۆژە | بڕی پارە بە دۆلار | ژمارەی پرۆژە | بڕی پارە بەدۆلار | ژمارەی پرۆژە | |
| خانوو | ٩٦٣ | ٢٤٢٤٥٨١ | ٧٦٣ | ٥٠٧٥٦٦٧ | ٤٣٨٨ | ٦١١٤ |
| پرۆژە پەروەردەییەکان | ٢٢ | ٢١٢٠٧٦٧ | ٦٣ | ٦٩٨٧٤٨٢ | ١٩ | ١٠٤ |
| ڕێگا | ٥٠٩٢٢ کم | ١١٥٧٥٥١ | ٤٤٣٢٨٢کم | ٩١٥٤٦٩٧ | ٣٤٤٢٤٤کم | ٨٣٨٤٤٨کم |
| پرۆژەی تەندروستی | ٢ | ١٣٨٨١١ | ٥ | ٤٨١٤٧١ | | ٧ |
| پرۆژەی ئاو | ٦ | ٦١٣٣٠ | ٩ | ٩٧١٨٦٢ | ٣ | ١٨ |
| پرۆژەی ئاوەڕۆ | ٣ | ٥٧٠٥١٢ | ٢پرۆژە٥٧٧٧کم | ١٥٠٦٧١٦ | ٣٢١٣م | ٥پرۆژە ٨.٩کم |
| پرد | | ٠ | ٣ | ٣٦٣٤٧٢ | | ٣ |
| بنکەی ئاژەڵی | ٧ | ٢٥٣٧٣١ | | ٠ | ٠ | ٧ |
| پرۆژەی جۆراوجۆر | ٢ | ٤٨٨٣٠٩ | ٣ | ٧٨٧٤١٦ | ٢ | ٧ |
| کۆی گشتی | | ٧٢١٥٥٩٢ | | ٢٥٣٢٨٧٨٣ | | ٣٢٥٤٤٣٧٥ |

بەرێزان من پێ خوشە بۆ هەوەیێن بەرێز رابگەهینم کو مە ب وێ ئیمکانیەتا کێم ل بەر دەستێ مە ژ ئالێ ئالیاتا ومکائنا ڤە ئەم شیییان گەلەک کارێت گرنگ ئەنجام بدەین ژوان ٢ رێک ل سنورێ دەڤەرا قەزا مێرگەسور رێکا (گۆرەتو-شانەدەر )کو درێژا هیاوێ ١٠,٥کم و کار جهێ وێ ژی گەلەک یێت ب زەحمەت بون ،ودگەل رێکا (شێروان مەزن -مێرۆز)کو پێهنگاڤەکا گرنگ وبساناهی کرنەک بۆ ئاڤەدانیا وێ دەڤەرێ کو زێدەتر ژ ١٠ سالێت ئازادیێ دەستێ ئاڤەدانکرنێ نە گەهشتبویی و درێژیا رێکێ ٢٨کم وب باشترین مواصفاتێت رێک وبانا و نوکەژی کار ل سەر دهێتە کرن دگەل دروستکرنا کومەلگەها مێروز کو نوکە بۆ قوناغا ئێکێ ٢٥٤ خانیا لێ دروست دکەین و بو قوناغێت دی تر ژمارەیەکا زور یا خانیا دروست دکەین،ژلایەکێ دی تر ڤە کو ژ هەژیە بێژین وەزارەتا مە بەردەوامە ل سەر دیتنا هندەک هزرێت نوی ژبۆ خزمەتکرنا وەلاتێ مە وشیایە گەلەک پروژە و نەخشەکاری ژهزر وپلانێ وەزارەتا مە بجه بینیت وەک چارەسەر کرنا ئاریشا رێکا هەولێر-دهوک و خوش کرن وتامین کرن وکورت کرناوێ رێکێ ب چەند سەعەتەکا ،کوئەوژی ئاسانکاریە کا باش وخزمەتگەهاندن نۆ هاتو چویێت بازرگانی وبرێڤەبرنا کاروبارێت هاولاتیا دناڤ بەرا باژێرادا،ومەیا دەست پێ کری ب رەنگەکێ برگە برگە و مەیت وەک برگا ئێکێ یا دەست هاڤێتی ب رێکا ئەتروش-بلان کو ژسەرپەرشتیا مەیە.هەر وەسا دروستکرنا پروژەیەکێ گرنگ وەک (بانکا هەرێم)ل هەولێرا پایتەخت و ب پارەی (٢٨)ملیون دینار ل سەر بودجا حکومەتا هەرێمێ و ل سەر نویترین زانستێ بیناسازی و نەخشەسازی هاتیە ئاڤاکرن ژلایێ وەزارەتا مەڤە کو ئەوێ بانکێ ئەهەمیەتەکا زورا گرنگ هەیە د بارێ کاروبارێت بانکی ومعامەلەی دەراڤی بۆ هاولاتیان ل کوردستاتێ.

هەر وەسا من دڤێت بۆ هەوییێن بەرێز بێژم کو مە ژبلی ئەرکێت سەرەکی یێت وەزارەتێ بۆ ئاڤەدانکرنا گوندا سالا پار و دهەلمەتا جوانکاریا باژێرێ هەولێرێ وەزارەتا مە زور پروژێت جورا و جورێت رێکا وئاڤێ وئاڤەرویێ و گورەپان و باخچێت ساڤایا دروست کریە مل دگەل وەزارەتا شارەوانی و وەزارەتا ئەشغالێ بۆ خزمەتکرنا پرۆژێت جوانکاریا باژێرێ هەولێرێ وشیانێت خو دەرکرینە و بەشداری هەبو دڤێ هەلمەتێ دا ،هەر دوێ ماوەی دا شیایە(٢٦)کم رێک ل (١٨)تاخا دناڤ باژێرێ هەولێرێ دروست بکەت دگەل ئاڤەرو و گورەپانا وهتد٠٠٠کو رێکا ١١ایلول بدرێژیا (٤,٧)کم پێک هاتیە و دکەڤیتە پشت خەستەخانا ژدایک بونێ ژ ل سەر رێیا مصیف صلاح الدین دەست پێ دکەت بۆ دورپانا عێنکاوە وپاشی بۆ بەرامبەری پەرلەمانی وژوێرێ و ویڤەبۆ رێکا مویسل و ب دوو سایدا وپاناتیا (٣٠)م چارچوڤێ هاوکاریا هەلمەتا جوانکاریا باژێرێ هەولێرێ دروست دکەت،وڤێ گاڤێ چەند کیلومترەک بەردەوام کار تێدا دهێتەکرن.

بەرێزان :

مه د ماوێ دووسالاَ داپیته پێ دانه‌کا زور ب دابین کرنا جه وریکیت حه‌واندنا برایێت ئاواره ئه‌وێت ژئیرانێ د زڤرن و گه‌ل نیشته‌جێ کرنا ئاواره و بنه‌مالێت سه‌ربه‌رزێت شه‌هیدا وئه‌وله‌ویه‌ت یا دایه وان ،و ل ده‌ڤه‌رێت سوران و ره‌واندوز وسیده‌کان ومیرگه سور و شقلاوه وهه‌ریر هه‌تا نوکه(١٦٠٣)خانی وبرایێت ئاواره‌یێت ڤه‌گه‌رێت ئیرانێ دروست کرینه ل سه‌ر بریاری ٩٨٦و(١٥٠٢)خانی ته‌واو بووه وه(١٠٣٤)خانی ل ژێر بجه ئینانێ یه و (١١٨٠)خانی بۆ ئاواره و (٢٤٠٠)خانی (shelter)ئێخستیه دناف پلانێ دا و ل داهاتیدا بهێنه بجه ئینان.

هه‌ر وه‌سا ل پارێزگه‌ها دهوکێ (٩١٥١٣)خانی بۆ ئاوه‌ریێت ئه‌نجام دراوه دگه‌ل (٥٣٧)له ژێر بجه ئینانێ یه بۆ کومه‌ڵگه‌هێت هه‌ڤچه‌رخ ل ته‌ناهی و باتیفا وده‌ڤه‌را ئامێدیێ وئاکرێ دروست کرینه .

وبنسبه‌ت ئاوارێت که‌سنه‌زان وبنصلاوه و بێتواته(٥٣٠)خانی و(٨٩٦)شوقه بۆ دروست کرینه .وژماره‌یه‌کا زور ژی ل ژێر بجه ئینانێ نه ودناف پلانێ دانه.هه‌روه‌سا بۆ بنه‌مالێت شه‌هیدا (٣٥٠)خانی ل که‌سنه‌زان و حساروک وسوران دروست کرینه

ئه‌ڤ هه‌لمه‌تا وه‌زاره‌تامه بۆ نیشته‌جێ بونا برایێت ئاواره‌یێت ڤه‌گه‌رێت ئیرانێ وبنه‌مالێت شه‌هیدا و ئاوارێت نافخویی ،پێنگاڤه‌کا گرنگ بۆ چاره‌سه‌ر کرنا گرفتا بێ جهی یێ وریکا و وجهێت ڤه‌حه‌ویانێ .

هه‌ر دچوار چوڤێ چالاکیێت وه‌زراه‌تا مه ، سالانه و ل هه‌ردوو پارێزگه‌ها هه‌ولێر ودهوک وه‌ختێ زڤستانێ وبه‌فر بارانێ دا دوو تیم ل هه‌ردوو رێڤه‌به‌ریا پێک دهێت دگه‌ل ئاماده کرنا پێتڤیێت به‌فر رامالینێ هه‌تا وه‌ختێ بهارێ ل وان جهێن به‌فر دکه‌ڤنێ دمینن بۆ پاقژ کرنا رێکا و نه‌هێلانا گیرو گرفتییێت رێک برینێ .

ب-چالاکییێت هه‌ردوو رێڤبه‌ریێت ئاوی گونده‌کان وکوگاکان ل هه‌رلێر و دهوک

ئه‌رکه‌کێ دی یێ وه‌زاره‌تامه د ئاڤه‌دانکرنا کوردستانێ دابین کرنا ئاڤا ڤه‌خوارنێ یه بۆ هاولاتیان ودروست کرنا پروژێت ئاڤێ بووان.

دڤان دوو سالێن چویی دا ئه‌رکێ ل سه‌ر ملێ ڤان هه‌ردوو رێڤه‌به‌ریا دا گه‌له‌ک ڤورستربوون ب ئه‌گه‌را هشکه سالیێ وبێ بارانیێ کو گیروگرفتێت زور ییێت بێ ئاڤیێ بۆ گوندیا هاتبو پێش هه‌ر بڤێ چه‌ندێ شیبیاینه ده‌وره‌کێ بلاَ ببین به چاره‌سه‌رکردنێ وب په‌له ،کو ئه‌و گیروگرفته ئه‌ونده مابو ببیته ئه‌گه‌را چول کرنا گوندا.

بۆ چاره‌سه‌رکرنا وان گیرو گرفتا ب په‌له ل هه‌ردوو سالێت بووری دا (٣٢١)گوند ل هه‌ردوو پارێزگه‌ها هه‌ولێر ودهوک رۆژانه ب تانکه‌رێت ئاڤا پاقژ یا ڤژ ڤه‌خوارنێ بۆ بریه.

هه‌ر دگه‌ل هه‌ولێت به‌رده‌وام بۆ چاره‌سه‌کرنا وێ گیروگرفتێ شیبیاینه (٣٩٥)گوند ب رێکا کولانا بیرا چاره‌سه‌ریا گیروگرفتێت بێ ئاڤی یێ بکه‌ین ب ئێک جار ...

ژ لایه‌کی دی تر ڤه ژ هه‌ژیه بێژین کو مه هزر ل چاوه‌نیا چاره‌سه‌یه‌کا دی تر کر کو بشییێن مفایێ ژ

ئاڤا رویباریت کوردستانێ وەربگرین وپرۆژیت ستراتیژی ییت مەزن ل سەر دابمەزرینین وەک پرۆژێ (کانی بەردەرێ)ل قەزای میرگەسور کو ل ژێر بجە ئینانێ یە کو مفا دهێتە وەرگرتن ژکانییت نزیک رویباری،ئەو ئاڤە بریکا چەند ئامیراڤە کومدکەت وپاڤژدکەت وسەردئێخیت بۆ جهەکێ بلندێ دەڤەرێ و لوێرێ دهێتە دابەش کردن ل سەر گوندا کو پرۆژە بتنێ (٢٠)گوند ل دەڤەرێ مفایێ ژێ دبینن وهەر قائیم قامیا میرگەسورێ ژێ فادێ دکەت کو مەجموعێ ئەو خەلکێ کو فایدێ وی پروژیت کەت پتر ژ «٧٠٠٠» کەس دبیت ئەوێن ژمارا وێ دگەهنە(٦٢٩٣)کەس وئەڤ پرۆژەیە ل ژێر بجە ئینانێ یە و پرۆژێ دیلیزیان و بادلیان کو کو مفایێ ژ ئاڤا رویباری بکەین و خزمەتا پتر ژ (٤٠٠٠)کەسا دکەتن.

چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی گوندەکان و کۆگاکان لە هەولێر و دهۆک بۆ دوو ساڵی رابوردوو ٢٠٠٠_٢٠٠١.

| | ساڵی ٢٠٠٠ | هەولێر | | دهۆک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | بابەت | ژمارە | گوژمە بە دۆلار | ژمارە | گوژمە بە دۆلار | ژمارە | گوژمە بە دۆلار |
| ١ | پرۆژەی ئاو (نوێ و چاککردنەوە) | ١٢٧گوند | ١٧٦٢٠٠٠ | ٢٤گوند | ٣٧٦١٧٤ | ١٥١ | ٢١٣٨١٧٤ |
| ٢ | پرۆژەی ئاودەست | ٤٩٩٥ئاودەست لە ١١٧ گوند | ٦٨٧٣١٢ | ٩٥٠ئاودەست لە ١٧گوند | ٨٧٣٩٧ | ٥٩٤٥ ئاودەست لە ١٣٤ گوند | ٧٧٤٧٠٩ |
| ٣ | گواستنەوەی ئاو بە تانکر | ٢١٢گوند | ٢٣٦٠٠٠ | ١٠٩گوند | ١٥٠٠٠٠ | ٣٢١گوند | ٣٨٦٠٠٠ |
| ٤ | بیر لێدان | ٢٨گوند | ١٣١٦٠٠ | ١٢بیر | ١٢٠٤٨٥ | ٤٠بیر | ٢٥٢٠٨٥ |
| ٥ | صیانەی ترومپا و ئامێرەکانی بیرەکان | ٣١٩گوند | ١٤٣٦٠٠ | ١٠٦گوند | ١٠٩١٤ | ٤٢٥گوند | ١٥٤٥١٤ |
| ٦ | دانان و دابەش کردنی ئامێری کلۆر | ٤١٠گوند | ١٢٧٩٩ | ٢٩٥گوند | ١٥٤٢٨ | ٧٠٥گوند | ٢٨٢٢٧ |
| ٧ | خولی راهێنان و دابەش کردنی ئامێری دەستی | ١٦١گوند | ٣٦٩٠ | ٢٥٣گوند | ١١٨٠١ | ٤١٤گوند | ١٥٤٩١ |
| کۆی گشتی گوژمە بە دۆلار | | | ٢٩٧٧٠٠١ | | ٧٧٢١٩٩ | | ٣٧٤٩٢٠٠ |

چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی گوندەکان و کۆگاکان لە هەولێر و دهۆک بۆ دوو ساڵی ڕابوردوو ٢٠٠٠_ ٢٠٠١.

| ز | ساڵی ٢٠٠١ | هەولێر | | دهۆک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز | بابەت | ژمارە | گۆژمە بە دۆلار | ژمارە | گۆژمە بە دۆلار | ژمارە | گۆژمە بە دۆلار |
| ١ | پرۆژەی ئاو(نوێ و چاککردنەوە | ١٦٩گوند | ٢٤٤٣٠٠٠ | ٩٥ | ٩٨٧٧٤١ | ٢٤٤ | ٣٤٣٠٧٤١ |
| ٢ | پرۆژەی ئاودەست | ٣٤٠٠ئاودەست لە ٩٤ گوند | ٤٦٧٨٤٠ | ٢٦٥٠ ئاودەست لە ٦٨گوند | ٤٦١٦٥٥ | ٦٠٥٠ ئاودەست لە ١٦٢ گوند | ٩٢٩٤٩٥ |
| ٣ | گواستنەوەی ئاو بە تانکر | ١١٢گوند | ١٤٠٠٠٠ | ٨١گوند | ٧٧٧٥٤ | ١٩٣گوند | ٢١٧٧٥٤ |
| ٤ | بیر لێدان | ٢٥گوند | ١١٧٥٠٠ | ١٨بیر | ١٧٢٩٤٥ | ٤٣بیر | ٢٩٠٤٤٥ |
| ٥ | صیانەی ترومپا و ئامێرەکانی بیرەکان | ٣٦٥گوند | ٣٢٩٠٠٠ | ٢٠١گوند | ٢٧٤٨٣ | ٥٦٦گوند | ٣٥٦٤٨٣ |
| ٦ | دانان و دابەش کردنی ئامێری کلۆر | ٦٥٠گوند | ١٩١٩٩ | ٣٧١گوند | ٧٤٥٠ | ١٠٢١گوند | ٢٦٦٤٩ |
| ٧ | خولی ڕاهێنان و دابەش کردنی ئامێری دەستی | ٢١٥گوند | ٧٨٠٠ | ٢٧٦گوند | ١٢٨٨٠ | ٤٩١گوند | ٢٠٦٨٠ |
| ٨ | ئامێری جۆراوجۆری وەرگیراو | ٨٥ دانە | | ٣٩دانە | ٢٣٤٥٠٠٠ | ٩٧دانە | |
| | کۆی گشتی گۆژمە بە دۆلار | | ٣٥٢٤٣٣٩ | | ٤٠٩٢٩٠٨ | | ٧٦١٧٢٤٧ |

و دوو پرۆژێت دیتر یێت ستراتیـژی هەر ژ وی جورەی ئامـاد کرینە بۆ بجـه ئینان ئیک ژوان (پرۆژێ ئاڤا گرد بیرەک)کو (١١)گوندن و ژمارا بنەجهان (٣٩٠٥)کەسن مفایێ ژێ دبینن.

ئەرکەکێ دی یێ ڤـان هەردوو ریڤـەبەریا ئەوە کـو بەشـەکێ تایبـەت یێ هەی بۆ سـەرپەشـتی کـرنا پاقژیا ئاڤا گوندا ب هەڤکاری دگەل وەزارەتا تەندروستی سەپەرشتیا ئاڤێ دکەن ول تاقیگەها شروڤە دکەن وئەو ئاڤا پێتڤی بیت کلورێ ب سەردابەش دکەن دگەل ڤەکرنا خولێت هشیار کرنێ بۆ خەلکێ گوندا و بریکا ماموستاییێت ئایینی و ماموستاییێت قوتابخانا وراستەوخو کوم دبن دگەل ئەنجـومەنێ گوندی وهاولاتیـان و گـوتنا دەرسێت هشـیار کـرنێ بۆ پاراسـتنا ئاڤـا پاقـژ یاڤەخوارنێ وچاوانیا خو پاراستێ ژ ئاڤا پیس وخو دویرئێخستێ ژ نەخوشیا .ومە بۆ سالێت ئایندە دا بدەهان پرۆژە ئێخستینە ل ژێر پلانێ بۆ بجه ئینانێ .

چالاکییێت ریەبەریا پلاندانان و هاریکاری:

دڤـان دوو سـالێت بوری دا بەشـێت بینا سـازی ورێک وبانا وئاڤێ ل وێ ریڤـەبەریێ شیاینە(٢٨٣)کم رێک و (٢١٥٠)خانی و (٢٠)کم تورێ ئاڤەرویێ و(٢٧)کم ژ تورێت ئاڤێ و (٨)ئاڤاهیێت مەزن تەصمیم بکەن و دگەل بەشداری کرن ب تەصمیما کارێت هەلەتا جوانکاریا بازێرێ هەولێرێ وشوقێت بنصلاوە و خانی یێت شەهیدان و ئاوارا ورێک ئێخستنا ئەنجامێ ئامارێت گوندێت کوردستانێ کو ژ لایێ رێکخراوا (دورهام)یا بریتانی هاتیە ئەنجام دان.

هەروەسـا ئەڤێ رێڤـەبەریێ کـارمـەندێت خو هنارتینە چەندین خـولا یێت فـیـربونا تەصـمـیـمێ بکومـپیـوتەری و فـیربونا زمـانێ انگلیزی و بەردەوام مـفـایێ وەردگرن ژ زانستێت دناف تورێت ئەنترنێتێ.

چالاکییێت ریڤەبەریا گشتی یادیوانێ

بەشێت ڤێ ریڤەبەریێ بۆ پێشڤەبرنا کاروبارێت خو یێت روژانە هەستان ب چەندین چلاکییێت جوراوجور وەک:

ا-ڤەکرنا خولێ مەشق کرنێ بۆ فەرمانبەرێت ئیداری ودارایی

ب-بشکداری کرن دخولێت فێربونا ئینتەرنێتێ.

ج-خولێت وردبینی ودارایی وسەرپەرشتی کرنا کاروبارێت ر ێڤەبەریا

د-بشکداری دخولێت فێربونا زمانێ انگلیزی

ه-بشکداری کرن دخولێت مەشق بۆ بەرگریا شارستانی (دفاع مدنی)

و-مەشق کرن بۆ قوتابییێت زانکویێ ئەوێن ل زانکو وپەیمانگەها دخوینن

ز-بشکداری کرنا فەرمانیەر دخولێت خەزنداریێ وعمباریێ

جـهێ ئامـاژە پێکرنە ئەم دبەردەوام د هەولەکێ زور داین بۆ پێش ئێـخسـتنا کـادرێت خـو بۆ بشکداری کرن دخولێت جوراوجورێت بهێزکرنا وان ژوان خولا:

ا-ریڤـەبەرێ ئاڤا گـوندا ل هەولێـرێ مە هنارتبـو بۆ ئەمـریکا بۆ ماوێ دوو هەفـتێ یا و ل وێرێ بشکداری کربو د خولەکا ریڤەبرنا پرۆژا(اداره المشاریع)
ب-بۆ دیتن ومفـا وەرگرتن ژتەکنولوژیا وپیشکەفـتنێت نوی ییێت ئەڤرو کو هێش نەگەهشـتـینە کوردستانێ (٥)کادرێت خو مە هنارتنە تورکیا.
ج-بشکداری کرنا (٥)کـادرێت پیـشکەفـتی ییێت وەزارەتامە دسـمـینارە کـا تایبـەت بۆ ب پلان دانانێ ئەوا کو زانکویا دورتموندا ئەلمانی بهەڤکاری دگەل زانکویا دهوک گرێدا بۆ ل دهوکێ.
د-هنارتنا کادرێت خو بۆ هندو پاکستـان بۆ بەشداری کرن د خولێت یونسیـفێ ڤەکرین دەربارەی ئاڤ وئاڤەرو.
وەرگرتنا ئامیر وکەلو پەل ل سەر بریارا ٩٨٦.
جهێ ئاماژە پێکرنێیە هەرچەندە مە زور مفا ژ گشت ئامیرێت هاتینە وەرگرتن و د پروژادا بکار هاتین کریە بەلێ جهێ وان دوو ئامیرێت بیر لێدانی زور یێ دیارە،کو ئەم شـیـاینە بوان هەردوو ئامیرا خزمەتەکا زور ب هەولاتیا و خـەلکێت گوندا بگەهینین کو بزیترین کـات چارەسەریا بێ ئاڤی یێ بوان هاتیە کرن.
ئەو دوو ئـامـیـرە زور پێـشکەفـتی نە وپارەکێ زور پێـدایە وشـیـانەکـازور یا هەی ل جـهـێن ب زەحمەتێت جوراوجورێت کوردستـانێ کو زور بیـرا لێ بدەت وبینە ژێدەرێت گرنـگ بۆ پەیدا کرنا ئاڤێ بۆ گوندا وبتـایبەتی ل ڤان دوو سالێن هشکاتیێ وبێ بارانیێ خزمـەتەکا زور یا کـری بۆ چارەسەرکرنا وان گوندا ئەوێن گرفتا بێ ئاڤیێ بۆ پەیدا بوی ژ ئەگەرا هشکە سالیێ.
مە کادرێت شارەزا ل سەردانایـنە وکاری پێ دکەن دگەل ڤەکرنا خولێت نوێ بۆ فیربونا کادرێت دی ژی هەر وەسا چەندین ئامیرێت دیتر مە وەرگرتینە وەک:

ترومبێلێت بچویک لاندگروز،بیک آب ــ ٢٤دانە
ئامێرێت فوتوکوپی وبێت خزمەتگوزاریێ ــ ١٧دانە
ئامێرێت کۆمپیوتەری ــ ٢٠دانە
مکائن ثقیلە ــ ٩دانە
قلاب وکرێن و ترومبێلێت وەرشەی ــ ٢٠ دانە
تراکتور و رافعە ــ ٤دانە
تانکەرێت ئاڤێ ــ ١٥ دانە.

راگەیاندن :
وەزارەتامـە پیـتـە پێـدانەکـا زور ب راگـەیاندنێ دایە ،هەول دایە کـارێت حکومـەتێ بگەهینیت جـەمـاوەرێ گـەلێ مـە و ئەو پروژێت مە بجـهـ ئینان بۆ ئاڤـەدانکرنا گـوندا ل راگـەیاندنێ بلاڤ دکـرنەڤـە.هەتا نـوکـە ودمـاوێ سـالا٢٠٠١ ژمـارەییێت گـوڤـارێ مــە دەرکـرینە بناڤێ

(ئاوەدانکردنەوە) تێدا چەندین پروژێت خزمەتگوزاریێ ییێت جوراوجور هاتینە بەلاڤ کرن وچەند وتارێت زانستی د بوارێ بیناسازی تێدا بەلاڤ بوینە ، وگوڤار بویە ژێدەرەکێ گرنگ بۆ لێکولینێت قوتابییێت قوناغا بەکالوریوس وماجستێر و دکتورایێ و مفایێ ژێ وەردگرن،وی زنجیرە ل بەرنامێت کەنالی سەتەلایتی کوردستان پرۆژا بەلاڤ دکەین ،و کادرێت مە بشکداریا مێزگەردێت تلەفزیونا دکەن وبەحسێ گیرو گرفتا دکەن وچاوانیا چارەسەکرنا وان ، هەروەسا بشکداری کرن د رێکا ئەنتەرنێت ێ وچاڤ پێکەتن دگەل گوڤار و روژنامێت عەرەبی وبیانی روی بروی پەیوەندیێ دگەل دکەن وداخازا زانیاریا ل سەر پرۆسێ ئاڤەدانکرنا کوردستانێ دکەن.
دگەل هنارتنا راپورتێت تایبەت ل سەر ئاڤەدانکرنا کوردستانێ بۆ گوڤار و روژنامێت جیهانی وابراز کردنی کار و چالاکییێت حکومەتێ د بارێ ئاڤەدانکرنا کوردستانێ.
سەردان بۆ ولاتێت درڤە وهەولێت دیبلوماسی
دماوێ دوو سالان دا ،وبمەبەستی دیدار وکومبون وسمینار گرێدان دگەل بەرپرسێت وەلاتێت دەرڤە وجالیا کوردی ،ود چوارچوڤێ هەولێت دیبلوماسی بۆ بەرچاڤ کرنا چالاکییێت حکومەتا هەرێمێ وپروسێسا ئاڤەدانکرنێ.
ل سەرەدانێت خو چومە وەلاتێت:
(ئەمریکا ، بەریتانیا ، فەرەنسا ، ئەلمانیا ، نەمسا ، بەلجیکا ، سویسرا ، مصر)کو د سەرەدانێت خودا من چاڤ ب بەرپرسێت وەزارەتێت دەرڤە وپەرلەمانتارا ودبلۆماتکارا ومەگفتوگو دگەل ئێک کر دەربارەی بریارێ ٩٨٦ وبەشێ داهاتییێ کوردستانێ وپاراستنا ئەزمونامە ،هەروەسا من سەردانا چەندین زانکویا کر ومن ئاخافتن دگەل وان کر دەربارێ پێدانا زەمالەتێت خویندنێ بو قوتابییێت کورد وڤەکرنا خولێت زانستی بووان .
هەروەسا چەندین سمینار و کومبون دگەل دبلوماتکارا وجالیا کوردی بو من هاتنە رێکخستن ودگەل چەندین چاڤپێکەفتنێت رۆژنامەڤانی .
ول دویماهیێ زور سوپاسیا هەوەیێن بەرێز دکەم بو ڤێ دەرفەتێ کو هەوە دایە من دا ئەز چالاکییێت ئەوێ وەزارەتا هەوەیێن بەرێز بستویێ من ئێخستیە .ونوکە ئەز ئامادە بو هەر پسیارەکێ وگفتوگویێ ل سەر بکەم .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس بۆ وەزیری ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان بۆ ڕاپۆرتەکەی، هەر بۆ زانیاری شێوەی دانیشتنەکە بەم شێوەیە دەبێت، پاش ئەوەی جەنابی وەزیر ڕاپۆرتەکەی پێشکەش کرد پرسیاری بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دێتە ئاراوە ئەو بەرێزانەی پرسیاریان هەیە پرسیار دەکەن پاشان جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکان ئەداتەوە ئەگەر ماوەشمان هەبوو ئەوانەی پرسیاریان کردووە مافی ئەوەیان هەیە کە بەدواداچوونەوەیەک بکەن، دوا ووتاریش بۆ جەنابی وەزیر دەبێت بۆ کۆتایی هاتن بە دانیشتنی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆمان، بۆیە داوا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ئەوەی

پرسیاریان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووس بکرێن، چاکیشە ئەگەر ئاماژە بەوەش بکەین جەنابی وەزیر بۆی هەیە ئەگەر پرسیارێک زانیاری تەواوی لەسەر نەبێت یان بەرای خۆی ئێستا پێویست نەکات جوابی بداتەوە دوای بخات بۆ کاتێکی تر بەشێوەیەکی گونجاو وەڵامی بداتەوە، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غـــــفـــــور رمـــــضـــــان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم بۆ پێشکەش کردنی ئەم ڕاپۆرتە تێرو تەسەلە کە پێشکەشی کرد. لەراستی دا ئەم وەزارەتە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەرکێکی مێژووی زۆر گرینگ و گەورەی لە ئەستۆیە ناوی خۆی بە خۆیەوەتی کە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە کە چەندین جار لەلایەن دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەمانەوە کاول و وێران و خاپوور کراوە، پرسیارەکانی من دوانن، یەکەم: بەنیسبەت دێهاتەکانی دەورو پشتی هەولێر بە تایبەتی ئەوانەی کە تا ئێستا هیچی وایان بۆ نەکراوە یان ئەگەر کراشبێت زۆر کەمە، وەکو دەشتی هەولێر یان قەشقە و خورخور، کە چەندین ناوچەی نزیکی ئەمانەش یان ئەو ناوچانەی لە ئەقاری پارێزگای کەرکوکن یان لە ئەقاری موصلن هەروەها ناوچە سنووریەکان شتێکی ئەوتۆیان بۆ نەکراوە لە کاتێکدا خەڵکی ئەم دەڤەرە لە ئەنجامی سیاسەتی نارەوای رژێم بەرامبەر بە گەلەکەمان زەرەریان پێ گەیشتووە وەکو زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان زیانێکی زۆری گیانی و ماڵییان لێکەوتووە خاوەنی سەدان بگرە هەزاران شەهیدن لە هەردوو شۆرشی هاوچەرخی کوردستان (شۆرشی ئەیلولی مەزن و شۆرشی ٢٦ی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتن خواز) پرسیار ئەوەیە ئایا لە پرۆژەدا هەیە کە شتێک بۆ ئەم ناوچانە بکرێت یان نا؟ پرسیاری دووەم: جەنابی وەزیر بێگومان جێ دەستی دیارە لە وەزارەتەکەو مەیدانییە وەکو زۆر جار لە کەناڵەکان دەیبینین، لەگەڵ ئەوشدا ئەرکێکی زۆر گرینگی ئەنجام داوە کە لە ڕاپۆرتەکەشدا باسی کرد لە دەرەوەی کوردستان چاو پێکەوتنی گەشت و چاو پێکەوتن و سمینارو چ لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتانەی بۆی چووە لە ئەوروپاو ئەمریکا چ لەگەڵ جالییەی کوردی، پرسیاری من ئەوەیە ئەم چاو پێکەوتنانە ئەم سمینارانە بە هیوای ئەوە بین کە ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە کە دەسکەوتێکی ماددی بۆ کوردستان و ئەزموونەکەمانی تێدا بێت؟ هیچ بەڵێنێکیان داوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان؟ مانای زیاتر بایەخ دان بە کوردستان یان تەنها لە رووی راگەیاندنەوە بوو بۆ گەیاندن و بەرچاو خستنی ئەو ئەرک و چالاکیانەی کە حکومەتی هەرێم کردوتی، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس کاک د.ناصح، پرسیارەکان هەمووی دەکرێن دوایی جەنابی وەزیر وەڵامی ئەداتەوە نەوەکو پرسیار دوو بارە ببێتەوە، بەڕێز کاک یۆنادم فەرموو.

**بـــەڕێـــز یـــونـــادم یـــوســـف كـــنـــا:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێشـەكی دەست خۆشی لە وەزیری ئاوەدانكردنەوە دەكـەین لەبەر ئەم سـەركـەوتنانەی وەزارەت بەتایبەتی تەنسیق كردن لەگەڵ ڕێكخراوەكانی (UN) كە زۆربەی وەزارەتەكـان رازی نەبوون كە (UN) بە باشی نەهاتوونەتە پێش، بەڵام وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە توانیویەتی سیاسەتی هەرێم یان سیـاسەتی خۆمـان بەڕێوە ببـەن كە چی بكەن ئاو بێ ئاوەدانكردنەوە بێت یان هەر چی بێت، سێ پرسیارم هەیە یەكەم: لەبەر نەبوونی ئاسایش لەسەر سنوورەكان توركیا زیاتر لە (٣٥٠) گوند بگرە لە دۆڵان و خنێـرێ تا مـزوری و دۆسكی مـزوری و بەرواری باڵا... تا ئێـسـتـا ئایا هیچ شتـێك هەیە كـە بۆ هاوینی داهاتوو یان بۆ ئایندەی داهاتوو شتـێكیـان بۆ بكرێت چونكە ئەوانە زوڵم لێكراون، لەكاتێكدا باشترین ناوچەن لە ئاو و خاك و زەمیندا بۆ بە دەست هێنان بۆ خۆمان وەكـو سـەرچاوەیەكی ئابووری بۆ هەرێم. دووەم: وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو گـەشـەپێـدان یەكـەم وشەی ئاوەدانكردنەوە گەشەپێدانی ئەم كۆمەڵەیە ئایا پرۆژەكمـان هەیە ئەو فـەقیـرانە لەم گوندانە هەندێ ژیانیـان بگەڕێتەوە مـانای ناكرێت بە نۆك و گەنم وەكو جاران بمێنن لەم شوێنانە. سێیەم: لە سـاڵی ١٩٩١ــ ١٩٩٢ لەبەر نەبوونی ئیـداراتمان جارێك زۆر باش نەبوو خەڵكێكی یەكـجار زۆر چووە سەر ئەو مـوجەمـەعـاتی كۆن بـەبێ هیچ سەر ژمـێـریەك بەبێ هیچ مـافێ، كابرایەكی دەربەدەر و خەباتكەر (٢٠) ساڵ (٣٠) ساڵ دێتەوە لەژێر چادر دەمێنێت كابرایەكیش كە پیاوی رژێم بووە ئێستا دانیشـتووە و سێ چوار ماڵی داگیركردووە لەم موجەمەعانە، ئایا دەكرێت سەر ژمێرییەك بكرێت ئایە ئەوە بمێنێت یان بچێتەوە سەر گوندی خۆی، فەقیرەكە با بچێتە ناو ئەو موجەمەعانە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك یۆنادم یوسف كنا، بەڕێز كاك جەلال خۆشناو فەرموو.

**بـەڕێـز جـــــــلال سلـیـم خـــــــوشـنـاو:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەو وەكـو لە ڕاپۆرتی جـەنابی وەزیردا هات زیاتر لە یەك ملیـۆن دیناری سـویسـری سـەرفكراوە لەسەر بڕیاری (٩٨٦) بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر بەرامبەری ویش لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێمیش زیاتر لە (٢٥٠) ملیۆن دیناری سـویسـری سـەرفكراوە هەمـیشـە بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر، لەوانەیە ئەگـەر سەبر كـرابا (٧٥٪) ئەم پرۆژانەی سەر بـودجەی حكومـەتی هەرێم لەسەر بڕیاری (٩٨٦) جێبەجێ دەكرا، لەبەر ئەوە پێشنیـارم ئەوەیە پێویست وایە ئەم پرۆژانەی لەسەر بڕیاری (٩٨٦) جێبـەجێ بكرێت داوانـەكـرێت لە بودجـەی حكومـەتی هەرێم پارەیان بۆ تەرخـان بكرێت، لەگـەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک جەلال خۆشناو، بەڕێز زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زهراء حاجی طه سلیفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان دەکەین، پرسیاری من لەسەر باژێری زاخۆیە ئەویش لەسەر (دەڤەرا لیڤین)ە سەر بە ناحیەی رزگاریە دەڤەرێکی بەرفراوانە نزیکەی (٢٠) گوندی لەخۆ دەگرێت ئەم دەڤەرە پر لە ئاوەو خوای گەورە هەموو جۆرە بێستانێکی جۆراوجۆری تێدا رواندووە، هەروەها ئەم دەڤەرە وەکو گەشت وگوزار ئێستا دەکاری دەهێن و کاتی شۆرشیش بنکەی بەرخودان و پێشمەرگەی قارەمان بووە، پرسیاری من ئەوەیە ئاوەدانکردنەوە تا ئێستا نەگەیشتووتە ئەم دەڤەرە؟ ئایا وەکو وەزارەت هیچ پرۆژەیەک هەیە بۆ خزمەتگوزاری بۆ ئەم دەڤەرە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز زەهرا خان، بەڕێز کاک فەرحان شەرەفانی فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عبداللە شرفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری من بۆ جەنابی وەزیر ئەوەیە، باسی هەموو ناوچەیەکی کرد بەڵام باسی قەزای شێخانی نەکرد؟ چونکە ئەم ناوچەیە بە عەرەبکرایە بۆیە ئێمە هەندە ئیلحاحی لێ دەکەین، پێشی ساڵێک ساڵ ونیو من قائمەم پێشکەشی جەنابی وەزیر کرد، بەڵام هیچ بۆ ئێمە دیار نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک فەرحان، بەڕێز کاک موحسن صالح فەرموو.

**بەڕێز محسن صالح عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی وەزیری ئاوەدانکردنەو گەشتوگوزار دەکەم، هەر چەندە کاک یۆنادم باسی ئەو شتانەی کرد کە من بەتەمابووم باسی بکەم بەڵام دەمەوێ هەندێ زیاتر باسی ئەم ناوچەیە بکەم، چونکە ناوچەی بەرواری و نێروەریکان ناوچەیەکی زۆر حەساسە زۆر پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، ناوچەی ئامێدی نزیکەی شەش حەوت موجەمەعاتی لێ کراوەتەوە هەر لە سەرسەنگەوە بگرە تا دیلوکا وشێلەدزەیە و سویریە، شەش موجەمەعە ئەم موجەمەعاتانە بوونەتە مایەی بڵاوکردنەوەی فەسادو بێ ئەخلاقی لەم ناوچانە، چونکە ئەم دێهاتانەو گوندانەی سەر سنوور هەمووی لەوێ کۆبوونەتەوە چونکە دەزانین هەتا ئێستا لەبەر بارودۆخی ناوچەکە کە نەیان توانیووە چارەسەرێکی

بۆ ئەم ناوچەیە بکەن بەڵام ئێستا وابزانم زۆر کاتی ئەوە هاتووە دەستی یارمەتی و ئاوەدانکردنەوە بگاتە ئەویش، نازانم چ پلانێک بۆ ئەم ناوچەیە دانراوە؟ کە لە ئایندەیەکی نزیک بێتە جێبەجێ کردن ئەم ناوچانەش ناوچەی زۆر گرینگن حەزدەکەم بزانم چ پرۆژەیان بۆ دانراوە لە ئایندەیەکی نزیک؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک موحسن صالح، بەڕێز مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو پرسیارم هەیە یەکیان کاتی خۆی ئاراستەی وەزیری ئەشغالم کرد گوتی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەیە، پرسیاری یەکەمم ئەوەیە لە ناوچەی بەرانەتی و عەنکاوە و خەباتیش، گوندی خرابەدراو ( ٤٠ ) خانووی بۆ دەرچوو بوو لە فەیزی شەش گوندی گردە شێر ( ٢٥ ) خانووی بۆ دەرچوو بوو ئەویش هەر لە فەیزی شەش گوندی قەلاچۆغان (١٦) خانوو لە مولحەقی فەیزی حەوت، جەنابی وەزیر ئاگادارە کە من خۆم سەردانم کرد لەگەڵ جێگری وەزیری ئاوەدانکردنەوە چوینە گوندەکان کە دەبوایە پێش ساڵ ونیوێک کۆتایی پێ هاتبایە کەچی تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە وا گەیشتە فەیزی نۆ و دە و یازدە، هۆی چییە ئەم دواخستنە کە خەڵکی ئەم گوندانە نزیکەی ( ٦٠ ) گوند تەنها ئەم سێ گوندانە تێکدراوە و خەڵکەکەی بە هەژاری و فەقیری وا لە موجەمەع و شارەکەتوونە ئێستا نەیان توانیوە تا ئێستا بگەڕێنەوە سەر جێگاو ڕێگای خۆیان و فەلاحەتی و کشتوکاڵی خۆیان بە جێ بێنن. پرسیاری دووەمم بە نیسبەت ڕێگای عەنکاوە و ئیفراز، بێگومان ئەوە ماوەیەکی زۆرە کاری لێدەکەن تەقریبەن هاتۆتە کۆتایی گوایە ( ١٠ ) کم تەواو بێت قیرتاو دەکرێت قیرتاوەکەش سەر بەئێوەیە ئێستاکە بەڵێندەر ڕێگاکەی قەدەغەکردووە کە خەڵک بەسەری هاتوو چۆ بکات چونکە ئامادەیە بۆ قیرکردن ڕێگایان لەناو پەرێز و ڕێگای تریان کردۆتەوە ئێستاش باران دەباری وەکو ڕۆژێکی ئەمڕۆ سەیارە دەرناچێت، خەڵکێکی زۆر هاتوچووی لەسەر دەکات زیاتر لە ( ٤٠ ) گوند لەسەر ئەم ڕێگایەیە، چیتان کردووە بۆ ئەم ڕێگایە و چی دەکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا هادی، بەڕێز کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش چاو پێکەوتن و سەردانی ژمارەیەکی باش لەگەڵ خەڵکی دەڤەری زاخۆ حەز دەکەم ڕێگام پێ بدەن بۆچون و داخوازی وان عەرزی جەنابی وەزیر بکەم. وەکو جەنابتان شارەزان کە دەڤەری زاخۆ

بەشدار بوو لە کاروانی خەبات و تێکۆشان هەزاران شەهید و پەککەوتە و وێرانکاری تێدایە لەم دەڤەرە، جەنابی وەزیر زۆر تەئکیدی کرد کە رۆڵی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشت وگوزاری کاریگەرو گرینگە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کە دوژمن وێرانی کردووە. من چەند پرسیارێک ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم کە جێگای دڵ خۆشی بێت و بەرچاوێکی رۆن بدات.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاک د.رزگار خۆ لە سێ زیاتر نییە؟ حەقی سێ خاڵت هەیە.

**بەرێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڤەری زاخۆ تەقریبەن نزیکی خابووریش بگرە هەزاران کیلۆمەترە نزیکەی (١٣٠) گوندە تەنها بۆ زانیاری جەنابی وەزیر کە تەنها (٢٠) خانوو ئاوەدانکراوەتەوە لە ناوچەی دارکاری و باتیفێ تەنها (٢٠) خانوو هەتا ئێستا، ئایە هیچ پرۆژەی هەیە لە وەزارەت بۆ ئەم ناوچەیە؟ کە خەڵکی ئەم ناوچەیە سوودی لێ وەربگرێت. پرسیارێکی ترم هەیە کە پرۆژەیەک هەبێت بۆ کۆمەڵگای تلکەبەری کە پێکهاتبێت لە (٤٢) شوقە سێ دونمێت عاردی بۆ هاتبووە دیاریکردن لەلایەن شارەوانی کە قەول بوو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئاگادار بکەن تا دەست پێ بکات بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە کە بچنە ناو ئەم شوقانە کە دەربکرێن. ئایا ئەم پرۆژەیە چی لێهاتووەو کەی دەست پێ دەکەن؟ من پێشنیارێکی ترم هەیە بۆ جەنابی وەزیر ئەگەر هەوڵێک بدات بۆ ناوچەی زاخۆ گەراجێکی سێ چوار نهۆمی دروست بکەن چونکە قەڵەباڵغیەکی زۆر هەیە، هەر چەندە ئیشی بەلەدیەشە بەلام ئەوانیش هاوکاریەکیان بکەن چونکە زۆر قەڵەباڵغە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز کاک د.رزگار، بەرێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەرێز سفر محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان بۆ ئەم راپۆرتە پر بەهایەی و چالاکی زۆریان کردووە لە ساڵی (٢٠٠٠ ـ ٢٠٠١) لە راستیدا ئەم پرۆژەی کە جەنابی ئیشارەتی پێ دا رێگای هەولێر و ئیفراز لەگەڵ ئەتروش و بلە، لە راستی چەند ساڵە خەڵکی ئێمە چاوەروانی ئەم رێگایەن بێتە ئەنجام دان چونکە دەوری وی زۆر سەرەکییە رێگایەکی سەرەکییە بۆ هاتوچوو وتیجارەت و بازرگانییە لەوانەیە رێگاکە کەم تر بێت، زۆر حەز دەکەم زوو بێتە ئەنجام دان؟ دوو خانی وەزیر باسی زۆر پرۆژەیان کرد لەراستی دا تەماشا بکەن لەهەر دوو ساڵدا (٦٠٠ـ٨٠٠) خاڵی دهۆکی وهەولێر تا (٦٠٠٠ـ٧٠٠٠) بە سەدان پرۆژە هاتوونەتە ئەنجام دان لە هەموو جۆرێک لە پەروەردەو تەندروستی و پرۆژەی ئاژەڵ ... هتد، لەوانەیە من و هەندێ برادەران باش

تێنەگەیشتبن وەزارەت دەوری چەندە لە جێبەجێ کردنی راستەوخۆ کە لەسەر بودجەی خۆیەتی ، ئامێری خۆیەتی ، ئەدەواتی خۆیەتی ، کە لەلای خەڵکی ئێمە روونە کە زیاتر رێکخراوی (UN) ئەنجامی ئەدات ئێمە داوادەکەین کە جەنابی وەزیر زیاتر روونی بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حاکم سەفەر، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، پرسیارەکەی من دەربارەی پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە کە لەسەر حسابی بریاری (٩٨٦)ە، ئایا وەزارەت لە دەست نیشانکردنی شوێنی پرۆژەکان و تەصمیم و جێبەجێ کردن بەشدارن یان نا؟ ئایا وەزارەت راستەوخۆ بەشداریی دەکات لەو کارانە؟ پرسیاری دووەم ئایا فەرمانبەرەکانی وەزارەت بەتایبەتی کادیرە فەنییەکانیان لە رێکخراوەکانی سەر بە (UN) کار دەکەن یان نا ئەگەر کار دەکەن بە موافەقەی وەزارەتە یان بێ ئاگاداری وەزارەتە؟ چونکە لەوانەیە ئەمە کارێکی سلبی هەبێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ئەمین مەولود، بەڕێز مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەرنجی خۆمان ئەدەینە ئەم دانیشتنە و من گەلێک بیرهاتنا گوتنا شەهید شێخ سەعید خوا لێی خۆش بێت، وەختی بردیانەبەر سێپیا خنقاندێ چ داخواستنت هەیە گوتی من داخوازیم نینە، یەک داخوازیم هەیە وەسیەتا من میللەتی کورد ئەگەر کورد گەهاند دووزاخوا بێنە سەر گۆری من مزگێنی بدەنە من دە ئەز پیرۆزبایی لەوە دەکەین، پێویستە ئەم وەسیەتە بێتە پێش چاوی مە ڤێگاڤێ ئەگەر دوژمن مەجالی بداتە ئێمە بچینە سەر گۆری وی بێژنێ رێیەرا پیرۆز مزگێنی میللەتی کورد هاتۆتە زاخۆ و دهۆک جێگای شانازی و سەربلندیە، من یەک پرسیارم هەیە گەلی ناوچەی کوردستانی ئێمە چ ئەوانەی دوژمن خراپی کردووە چ ئەوانەی خائینان خراپیان کرد، بە تایبەتی لەشەڕی پەکەکە لەگەڵ میللەتی کورد گەلی ناوچە هاتنە خراپ کردن و هاتنە راکردنیش هەتا ڤێگاڤێش مانە، یەک لەو ناوچانەش ناوچەی کۆمەڵگا سەوری لە ناوچەی دۆستکا لەم ناوچەیە هەتا ڤێگاڤێش ئەز وا هەست دەکەم دەستی هاریکاریا ئاوەدانکردنەوەی نەچووە بۆ ئەم ناوچانە، من بەوێ تێپەریم بەراستی مرۆڤ شەرم دەکات چاوی بداتێ، چاو لە خانووەکانیان یان ژیانی وان یان گەرمای وان لە هاوین و سەرمایان لە زستانێ، چ هاریکاری هاتووە بۆ ئەوان، داوا دەکەم ئەگەر جارێک مەجال هەبوو سەردانێکی ئەوێ بکەن، گوناهی وان چییە هاتوونەتە

راکردن ئومێدەوارین پەنا بەخوا جەنابی وەزیر بچێت بۆ ئەوێ تا دڵیان پێ خۆش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا مەحمود فەندی دێرشەوی، بەڕێز شەفیقە فەقێ عبداللە فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنێکی گەرمی خاتوو نەسرین دەکەم دەست خۆشی لێ دەکەم بۆ کارەکانی، پرسیارێکم هەبوو برای بەڕێزم کاک د.ناصح کردی لەسەر سەفەرەکەی بەڕێزیان بۆ دەرەوەی وڵات و دەست کەوتەکانی لە بواری ئاوەدانکردنەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز شەفیقە خان، بەڕێز کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە کە ئەمڕۆ وەرزش گرینگیەکی تایبەتی هەیە لە زۆربەی کۆمەڵگای میللەتاندا بە پێوەرێکی سەرجەم دادەنرێت بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، پرۆژەی وەرزشی بە پێویستی دەزانم کە وەزارەتەکان کە ئەم کارەیان وەرگرتووە لەسەر بڕیاری (٩٨٦) هەتا ئێستا چ پرۆژەیەکی وەرزشی کراوە؟ چونکە وەکو یاریگا وەکو هۆڵی داخراو بۆ یاریەکان وەکو مەلەوانگا وەکو هەر پرۆژەیەکی تر کە لەلایەنی کەلک وەرگر کە وەزارەتی رۆشەنبیرییە پێویستە لەو وەزارەتانەی کە بینا سازی دەکەن داوا بکات کە ئەم پرۆژانەیان بۆ دابین بکەن، نازانم هەتا ئێستا لەسەر ئەم بابەتە هیچ شتێک هەیە یان نییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک حەمید، بەڕێز کاک حەسەن صالح فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح روستم خان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەم بۆ ئەم ڕاپۆرتەی، دوو پرسیارم هەیە یەکێکیان ئەو خانوانەی کە بۆ پەنا بەرانی ئێرانی کراون لە بنەصلاوە (٤٢٠) خانووە هیچ خزمەت گوزاریەکی بۆ نەکراوە وەکو کارەباو ئاو و ئاوەڕۆو شەقام؟ نازانم ئەوانە سەر بە چ شوێنێکن، دووەم ڕێگای گۆمەسپان و حوجران لە بەرزایەکانی قەراسنج ئەکرێ وای لێ بکرێت کە لەو

بەرزایانە یان ئەو لۆفانە بەشێوەیەک بکرێت ئۆتۆمبێلی گەورە و بارهەڵگر سوودی لێ وەربگرێت تا سوکاتیەک بکەوێتە سەر رێگای مەسیف یان نا ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک حەسەن، بەڕێز کاک رجب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێ پرسیارم هەیە لە جەنابی وەزیر یەکەم : دەربارەی ئاوی گوندانە رێکخراوی بیانی ئاو دەبەن بۆ گوندەکان هەنگاوێکی گەلێک پیرۆزە، بەڵام پرسیاری من لەسەر دابەش کردنەکەیە چونکە لەسەر سیستەمێکی تایبەت دێتە بڵاوکردن ئەویش کە جەرنی پێ دەڵێن ئەم سیستەمە لەوانەیە هەندێ سلبیاتی تێدا بێت گلەیی خەڵکی گوند لەسەر ئەم دابەشکردنەیە چونکە پتر لە هندو پاکستان بەکاردێت لەوانەیە بۆ ئیعلامی بێت یانیش بۆ دیعایەی ئەم رێکخراوە بیانییە بێت، لێرە خەڵکێک سێ تا پێنج ماڵ بەشداربن لە جەرنی یەک، لەوانەیە هەیە چرابی نەکرێت یان سۆندەی تێ دەخەن کە سۆندەش تێخرا ئەم سۆندەیە دەتەقێ بەگەرماو بە سەرما ئەو کاتە ئاو بڵاو دەبێتەوەو ئاوی پیسیش تێکەڵی ئاوی پاک دەبێت لە وانەیە خەڵکی گوندیش ئامادەیە کە بۆری بۆ خۆیان پەیا بکەن یان بکرێت ئەگەر هاریکاریان بکرێت لەگەڵ ئەم رێکخراوانە بۆ ئەم ماڵانە بۆریەک ببەن چونکە تا نەخۆشی بڵاو نەبوویتەوە لەناوچەی ئێمەی سورچیان دوو کەس گیانیان لەدەست داوە لەسەر ئەم بابەتانە، پرسیاری دووەم لە دەڤەری ئێمە (١٦٠) بیری ئاوی خواردنەوە هەیە لەم گوندانە و (٩) بیریش هی پرۆژەی ئاوی ئاکرێنە بەڵکو ئەم بیرە گەلی جار تێک دەچێت پێویستی بە کرینگەک هەیە ئەگەر هەبێتن پێویستە چاک بکرێتەوە تەرتیبێکی بۆ بکەن، هیوای من ئەوەیە وەزیری ئاوەدانکردنەوە هاریکاریمان بکاتن لەوانەیە ئەم بیرانە کشتوکاڵیش سوودی لێ وەربگرێت، پرسیاری سێیەم (٥) بیر هی پارە ئەمری وان دەرچووەو موافەقە کراوە بۆ ناوچەی سوورچیان و گۆرانەتی و هەرکیان لە دەڤەری ئاکرێ، لای من ناوی چەند گوند هەیە گەر جەنابی وەزیر حەز دەکات بۆی دەخوێنمەوە (کێلابسمیرانە و شێخ هەنووکە مەلا حاجی و کارکەبیریەو دووسەرەیەو کەلەدێرە) ئەمانە نەهاتوونە ئەنجام دان تاکو ئێستا دیارە خلافێک هەیە لەنێوان بەڵێندەر و بەڵێندەری سالانە لەگەڵ پارێزگای دهۆک جا ئەم پێنج گوندە وابزانم بوونەتە زەحییە داوا دەکەم کە جەنابی وەزیر چارەسەرێکی ئەم بابەتە بکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک رەجەب شەعبان، کاک ئەحمەد عەلی عومەر فەرموو.

**بەڕێز أحـــــمــــــد علي عــــــمـــــر:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

من یەک پرسیارم لە جەنابی وەزیر هەیە ئەو ئاوەدانکردنەوەی لە ڕێگای دهۆک کۆمپانیایەک هاتە دامەزراندن مەقەرێکی کۆمپانیاکە هەبێت لەناو فەرمانگەی ئاوەدانکردنەوە کە کۆمپانیا گەلێ پرۆژەی ئەنجام داوە لە دەڤەری دهۆکێ و ئیستفادەی لە گەلی مەکائین و خبراتی کادری لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی دهۆکێ دەبینن، پرسیاری من لە جەنابی وەزیر نازانم لەوە ئاگادارە تەقدیم کردنا خزمەتا وان گۆمپانیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد، بەڕێز کاک بورهان فەرموو

**بـــەڕێـــز بـــرهـــان عـــلـــي جـــــــــــاف:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

نزیکەی (١١٦) خێزان لەو خێزانانەی کە ئاوارە بوون لە ئێران گەڕاونەتەوە، ئێستا دانیشتووی بنەسڵاوەن لە بارێکی زۆر خراپ دەژین هیچ پێداویستیەکی ژیانیان نییە تاکو چادربشیان نییە کیس و لایلۆن و شتی وا بەخۆیان دائەدەن، پاش ئەوەی لەگەڵ چەند برایەکی ئەندامانی پەرلەمان ئەو وەزعەمان بینی پاشان سەردانی وەزیری ئاوەدانکردنەوەمان کرد و ئەو وەزعەمان بۆ باس کرد ئەویش بە سوپاسەوە ئیهتمامی بەم بابەتەدا وتی هەوڵدەدەم لەگەڵ ڕێکخراوەکان تەنسیقێ بکەین بۆ ئەوەی شتێکی کاتیان بۆ بکرێت، پرسیارەکەم ئەوەیە لە بەڕێزیان ئایا تاکو ئێستا چی کراوە بۆیان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک بورهان، بەڕێز کاک زاهیر فەرموو.

**بەڕێز زاهر مـــــــحــــــمــــــد إبراهیم:**

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئایا لە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان دا لە بڕیاری (٩٨٦) ئەوە هەیە کە پرۆژەی هونەری ئەنجام بدرێت؟ وەک دروست کردنی هۆڵ و شانۆ و گەلەری و شوێنی نمایش کردنی کاری ڕۆشەنبیری وهونەری لە گۆڕەپانەکاندا بە تایبەتی لە قەزاکان و دوو پارێزگا تازەکاندا کە زۆر بێ بەشن لەم خزمەت گوزاریانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک زاهیر، بەڕێز شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێ دەستی دوژمنانی کورد کە دەیان ساڵە کە کوردستان وێران دەکەن و ئاخیر وێرانکاریشیان کە چۆلکردن وئەنفالەکە بوو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵ دەستن دەست خۆشی لەم وەزارەتەو حکومەتی هەرێم و لە خۆمان دەکەم پەنا بەخوا سەرکەوتوو دەبێت، لەناو ڕاپۆرتەکەی جەنابی وەزیری ئاوەدانکردنەوە گوێم لە نیسبەتێک بوو کە ( ٧٠ ٪ )ی گوندە وێرانکراوەکانی ناوچە ڕزگار کراوەکان ئاوەدانکراونەتەوە هەر لە ڕاپۆرتەکەدا کە هەر ئێستا پێمان گەیشت ژمارەکان کە ( ٨٨٥ ) گوند لە کۆی ( ١٢٠٥ ) گوند دەڵێ ئاوەدانکراونەتەوە جا مەبەستەکەی من ئەلێرەدایە ئێمە گەیشتبینە ئەوە کە لە ( ٧٠ ٪ ) و وێرانکاری دوژمنانی دەیان ساڵمان ئاوەدانکردبێتەوە ئەمە جێگای سەربەرزیە بەراستی دڵخۆشکەرە، بەڵام ئەگەر ببورن تۆزێک پشت گوێ دەخرێت ئەگەر ئەم ئاوەدانکردنەوەیە ( ١٠٠ ٪ ) دەبێت، ئەم ئاوەدانکردنەوەیە ئەگەر دوو خانووی لێکرابێت گوێم لە برادەرێک بووە دەڵێ لە ( ١٣٠ ) گوند ( ٢٠ ) خانووکراوە ئەمە لە نێوان ئەم دوو ژمارەیە جیاوازی زۆرە کە بڵێین ئێمە لە ( ٧٠ ٪ )ی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانمان تەواو کردووە، تکا دەکەم لە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە تۆزێک ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەم نیسبەتەو ئەو ئاوەدانکردنەوە و زۆر سوپاسی دەکەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز شێخ یەحیا، بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەم، دیارە وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە پرۆژەیەکی زۆر هاتۆتە ئەنجام دان لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان چ لەسەر بریاری ( ٩٨٦ ) کە بەردەوام لە هەر فێسێک لە فەیزەکان لە ئاوەدانکردنەوە بەشێکی گەورەی بەرکەوتووە و ئەوەش ئارەستەکردنی قیادە بووە کە دەبێت زۆر ئیهتمام بە ئاوەدانکردنەوە بدرێت، لەڕاستیدا بەردەوام پارەی زیاتری بۆ دانراوە لە فێسەکان بۆ ئەوەی ئەم ناوچانەی کە وێرانکراون لە کوردستان بەزوترین کات بتوانرێت چارەسەر بکرێت، زۆر پرۆژەی گرینگ ئەنجام دراوە یەک لە پرۆژە هەرە باشەکان ئەوەی ناوچەی پیرۆزە ئێستا بەردەوامە بەڵام زۆر بە سستی دەڕوات و تاخیر بووە هۆیەکەی چییە؟ ئەوە یەک. دوو ڕێگای گوندەکان کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پێی هەڵدەستێ ڕێگایەکی زۆر کراوە بۆ گوندەکان ئەگەر بە سەرژمێریاری بێت ڕەنگە ( ٢٠٠٠کم) تێپەر دەکات، بەڵام کە چادەکرێت ئەم ڕێگایانە تەنها پرایم کۆد دەکرێت قیر ناکرێت پاش شەش

مانگ تێک دەچێت زۆربەی پرۆژەکان وان جارێکی تر ئەگەر بیانەوێت قیرتاوی بکەن دیسان دەبێ تەعدیلی بکەنەوەو پرایم کۆدی بکەنەوە مانای مەسرەفەکەی دەبێتە دوو مەسرەف، هەر مەتر چوارگۆشەیەکی پرایم کۆد نزیکەی سێ دینارەک دەکات ئەو بە هەزار کیلۆمەترە مانای مەبلەغێکی خەیالییە بەراستی، ئایا جێگای ئیستیفادە نییە کە ئەو وەزارەتە مەسرەفەکە نەکات بە دوو مەسرەف. بەنیسبەت پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لەو ناوچانەی کە مین ڕێژ کراون یونۆپس هەڵدەستی ئەویش ڕێکخراوێکە کە زۆر بە سستی کارەکانی ئەنجام دەدات ئەگەر بەپێی بەرنامەی وی بێت لەوانەیە بە پەنجا ساڵیش ئەو مینانەی کوردستان خەلاس نەبن، ئایا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە ئەو پرۆژانەی لەو ناوچانەی کە مین ڕێژ کراون جا ڕێگا دەکاتەوە یان خانوو دروست دەکات چ کاریگەریەکی هەبووە لەسەر ڕێکخراوی یونۆپس بۆ خێراکردن بۆ پاکردنەوەی ئەو شوێنانە و ئەو ڕێگایانە چ ئیشێک کراوە هەر چەندە جەنابی وەزیریش باسی پەیوەندی خۆیان کرد لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی بریاری (٩٨٦) گیروگرفییان چیبە و دواکەوتنیان و شەفافیەت لە پارەکانیان کە پێشان گرفتێکی سەرەکی بوو دەبوایە ئاماژەی بۆ بکردبایە حەل بوو یان حەل نەبووە ئەم موشکیلانە، بنکەیەکی تەندروستی زۆر جوان وچاک کرایە لەسەر ئەو دوو سایدەی تەنیشت نەخۆشخانەی منداڵ بوون کە لە عەنکاوە دەردەچێت بەناوی (نازدار بامەرنی) دوو مەتر نزمترە لە جادەکە موشکیلە هەبووە هەتا لە وەرگرتنەوەکەش ئایا کێ بەرپرسی ئەم هەڵەیە دەکات هەڵەی هەندسیەو هەڵەیە ئەم بنکە تەندروستییە لەوێ کراوە، خۆشحاڵم کە باسی سەردانی دەرەوەی وڵاتی کرد تەبعەن سوپاسیشی دەکەین کە لە جیاتی سەرۆکەکانی زانکۆی هەولێر و دهۆک چووە کە زەمالەتی وەرگرتووە کە ئەوان چەند جارە چوونەتە دەرەوەی وڵات دەبوایە ئەوان ئەم شتە بکەن، حەزم دەکرد گوێم لەوە بێت ئایا لەگەڵ (NJO) ی دەرەوەی چی کردووە بۆ ئەوەی ئەوانیش بێن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان چونکە پێش بڕیاری (٩٨٦) دەورێکی بالایان هەبوو بەلام ئێستا دەوریان کەم بۆتەوە و نەماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک د.ئیدریس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای دڵخۆشی مەیە وەکو ئەندازیار مەسولیەتی خزمەتی کوردستانی وەرگرتووە وبوویتە ئەندام لە کابینەی حکومەتی هەرێم و هەردووکیان لە هەمان کات ئەندامن لە سەندیکای ئەندازیاران، پرسیاری یەکەم: هەمان پرسیاریشم ئاراستەی وەزیری ئیشغالیش کرد، پرسیارەکەش پەیوەندی بە تاقیگەوە هەیە(تاقیگەی بیناسازی) بێگومان هەر ئیشەک لەژێر کۆنترۆلا تاقیگەی بیناسازی بێت بەگوێرەی مواسەفات دەردەچێت و جۆرەکەی باش دەبێت و تەمەنی درێژ دەبێت و زوو

پێـویـسـتی بە نۆژەنکردن نـابێت، کـە لە تاقـیـگەی بیناسـازیم پرسی پەیوەندیتـان و هاریکاری وەزارەت هەتا چ ئاسـتـێکە جوابیـان ئەوە بوو بـە دبلومـاسـیـەت دەڵێم ئەگـەر پتربا باشتر دەبوو، پرسـیـاری دووەم: وەزارەت کـاری تەصـامـیـم و هەروەها کـشـوفـاتیش بۆ پرۆژەکـان دەبێ هەبێت، بێگومان کە تەصمیم تەواو بوو ئەکید پرسیان پێ دەکات جا ئێمە ڕێگای دهۆک –هەولێر پارچەی نێـوان ڕۆڤـیـا و ئـیـفـراز، ئەو پارچەیە شـەریکەیەک پێی هەڵسـا و سـەبگرێدی کـرد بە هاوکـاری ئەشغالی دهۆک، بەرای من دەبووایە وەزارەت ئێشی بە تەواوەتی دابا بەیەک لایەن نەک دابەشی بکات، چونکە ئەگـەر هەر فـەشـەلـەک دروست بێت هەر لایەک دەڵێ من گـوناهبـار نیم من ئـیـشـی خۆم بە تەواوی کـردووە ئەوی تر تەحەمـولی مەسئولیەت دەکـات مـانـای فـیـعلەن لێـرە بزر دەبێت لەنێـوان هەردووکـیـان، هەتا ئەو پرۆژە گەورانەی کە لە عێـراق کـراون پێـشـتـر پرۆژە بە تەواوەتی دەدرا بەیەک لایەن ئەو دەتوانێ ئێشی خۆی دابەش بکات بەسەر بەڵێندەران، بەڵام مەسئولیەتی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی عەقد دەکات، لێرە لەنێوان ڕۆڤیا و ئیفراز بووینە دوو بەڵێندەر هەر یەک سـەربەخـۆیە ئەمـە بەدیدی من گـرفت دروست دەبێت، بریا ئەو راوێژکـاریە پێـشـکەش بە ڕێکخـراوی هەبیـتـات کـرابایە تا پرۆژە بە تەواوەتی درابا، دوو ئەو پارچەی جـسـری ئەتروش بەراستی ئەوە پێویستی بە چاکردن هەیە بەدیدی من کـارێکی خراپیـان کردووە لەوانەیە دوو ساڵ پترە چونکە پێشتریش کاریان تێدا کردووە، هەر لەسەر تەصامیم هەندێ جار موبالەغە دەکرێتن لە مەسـائلی ئیش وکـاری شـاراوە بۆ ئەو ڕێـگایانەی دەچن بۆ گوندەکـان نمونەیەکـتان بۆ دێنم گـوندی کاشێ هەشت ماڵن گوندەکە بە تەنها لـە پەنا چیایەکە تەنها ڕێگایەکی بۆ دەچێت هیچ گوندێکی تری لەسەر نییە و تەنها هەشت ماڵیشە، ئیش وکاری شاراوە بەشێوەیەکی موبالەغی تێدا سەرف دەکـرێت لـەوانەیە زۆر پێـویـسـتـیـش نەبێت دەتوانی ئەو پارەی لـە شـوێنێـکی تر سـەرف بکەی، مـوبالەغـە نەبێت لە پرۆژەکـان بەتایبـەتی بۆ ناوچە لادێکان، پرسـیـاری سـێـیـەم: لەسەر بـابەتی ئەندەرگـا گۆتەرە بەراستی ئاوی ژێرزەمـینێ خەزێنەی مـەلاین سـاڵانی هەیە دەڵێم ئیـسـرافی تێدا نەکـرێت دەبینم گـەلێ بیـر هەنە لـە گوندەکـان ئەو پرۆژەیەش وابزانم جەنـابی وەزیریش دیاری کـرد (وحدە مـاء المجمع) ئەوانە لەسەر ڕوبار و زێنە بۆ کۆمـەڵێ گوند ئاوی دەبەن و تەصفیـەی دەکەن، پێم باشـە ئەگـەر ئابووری لە بیـر بێـتەکـرن و ئیسـراف تێدا نەکرێت ئەمـە ئیـشـێکی باش دەبێت، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ئیبراهیم، بەڕێز کاک د.لطیف فەرموو.

**بەڕێـز د.لطـیف مـحـمـود أحـمـد:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

پێشەکی دەست خۆشی لە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەین، بەراستی من پێشنیارێکم هەیە

لەگەڵ پرسیارێک، پێشنیارەکە ئەوەیە ئەو ڕاپۆرتە زۆر بە جوانی ڕێکخراوە ئەگەر بێتە بە لاسایی کردنەوەیەک بۆ وەزیرانی داهاتوو هەمان شت جێبەجێ بکەن. پرسیارەکەشم ئەوەیە شارێگایەک بەنیسبەت پارێزگای سلیمانی و چەند پارچەیەکی رزگار کراوی کەرکوک، (ڕێگای هەولێر دێگەڵەیە) لەگەڵ ئەو ڕێگا فەرعیانەی کە لێی دەبێتەوە تا ئێستا کارێکی وایان بۆ ئەم شارێگایە نەکردووە، هەروەها ڕێگای هەولێر قوشتەپە کە ڕێگای کەرکوکە لەگەڵ ئەو لقانەی لێی دەبێتەوە ئەگەر بکرێت پێشەکیەکی بدرێتێ چونکە بەراستی خەڵکەکە بەزۆری گلەیی دەکەن دەڵێن ئیش و کاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەزۆری کەوتووتە ناوچەکانی سەروو نەک دەشتی هەولێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک د.لطیف. بەڕێز مامۆستا مەلا طه فەرموو.

**بەڕێز مەلا طه محمد طه:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەخێر هاتنی وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەین، بەڵام نازانم ناوچەی باڵەک هەمووتان دەزانن کە لانکی شۆرش بوو لانکی قیادەی کوردی بوو هەتا ئێستا ئەوەی باسی کرد لە ناوچەکان لەوێ نەکراوە، بۆ نمونە کە مین هەڵگرتنەوەی باسکرد ئەوانەی لەوێنە کە مین هەڵدەگرنەوە ئەگەر هەر ئەوها بێت کەس چاودێریان نەکات هەتا بیست ساڵی تریش هەر دەمێننەوە، زۆر جێگا هەیە کرایە بەڵام مینی هەر لێ ماوە چونکە چاودێریان ناکەن، دەمەوێ چاوێک بە ناوچەی باڵەکایەتی بخشێننەوە حەفتا گوندەو چەند ناحیەکە لەگەڵ ناوچەی چۆمان تا ئێستا وەزیر باسی نەکردووە نازانم چی بۆ کراوە یان نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا طه، ئەوە دوا پرسیار بوو کە ئاراستە کرا تکامان لە بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان ئەوەیە کە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە فەرموو.

**بەڕێز نسرین مصطفى صدیق/ وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی زۆر سوپاسی پرسیاری ئەم بەڕێزانە دەکەم و زۆر دڵخۆشم کە ئامادەم لێرە مەرامی ئامادە بوونی من لێرە بۆ هەندێ ئەز بێژم جا وان پرسیار ئەندامان ئاراستەی من بکەن کە ئەوانیش نوێنەرایەتی پرسیار و رای جەماوەر دەکەن، تێبینیەکی گشتی هەیە وەکو جەنابتان بینیتان هەر یەک لە ئێوە نوێنەرایەتی ناوچەیەک دەکەن و پرسیاری خۆتان ئاراستەی من کرد، ئەم گرفتە بچوکەمان هەیە رۆژانە هەموو ناوچەکان رای خۆیان بۆ ئێمە دەهێنن ئیمکانیەت و میزانیەش دیاری کراوە جا گرفتی ئێمەیە رۆژانە چاوبخشێنین دڵی هەموو کەس رازی بکەین تاوەکو خزمەتی

بگەیەنین بە هەموو کەس، بەڵام ئێمە هەموومان پێ ناکرێت لەیەک کاتدا بێگومان کاتی پێ دەوێ وڵاتێکە کە زۆر ویران کرابوو نەک تەنها گوندەکان بەڵکو باژێریش. دەبێ ئەمانە هەموو ئاوەدان بکرێنەوە دوای خەڵکانێک دێنەوە لە ئیران ئەوانیش بێ خانوون، خەڵکانێک ئاوارە دەکرێن جا بەراستی دەمەوێ راستیەکە تێ بگەن ئەم بابەتە زۆر زەحمەتەو پێویستی زۆری هەیە بەڵام ئیمکانیەت دیاری کراوە و ئێمە هەر هەوڵدەدەین کە ئەو بەراییانەی کە حکومەت بە ئێمەی داوە ئێمە ئیستفادە لە رووپێوی بکەین لە زیاراتی مەیدانی با ئێمە بێین بەرایەکان بخەینە کاری خۆمان چونکە ئێمە نەیەین هەر لایەنێک هەر حکومەتێک وڵاتی خۆی بەساڵێک یان دوو ساڵ ئاوەدان بکاتەوە بەیەک جار، ئەوە بە گشتی بوو لەلایەنی دارایی بۆ ئاوەدانکردنەوە. لایەنی دووەم من حەز دەکەم زۆر سوپاسی د.ئیدریس بکەم بۆ ئەم تێبینیەی، منیش دەمەویست باسی گرفتی نەوت بکەم بەڵام من نەم دەویست درێژەی بدەمێ ئەمزانی لە گفتوگۆ باس دەکرێت ئەو ماوەیە باسی دەکەم، ئەو بڕیارە بێگومان بە فەیزات دێتە بڕیاردان لەوانەیە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە زیاتر دیاربن بەڵام بۆ زانیاری ئێوە بە نیسبەو تەناسوب پارچەی عمارە زۆر کەین پارە بۆی دێتە دیاری کردن بە بەراوردی لەگەڵ پارچەی پەروەردە و دەرمان و زراعەو ئەم پارچەیەش لە هەمووان زیاتر ئاوەدانکردنەوەی تێدا کراوە مانای بۆ نمونە لە فەیزی یەکەم هەر فەیزێک نیو بلیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ کوردستان، دوو ملیۆن هەتا سێ ملیۆن بەتەنها بۆ هەرسێ پارێزگای کوردستان تەرخانکرا ئێستا لە خوا بەزیاد بێ پشتی فەیزی حەوت و هەشت و نۆو دە میزانییە زیاد بوو بۆ بیناسازی جا ئەوکاتە خزمەتیان پتر دەبێت، هەموو ناوچەکان ئیشارەتمان پێ کردووە با یەک یەک باسی ناوچەکان نەکەم هەر چەندە هەمووی هەیە لەم راپۆرتە ئەم پرسیارە پەنا بەخوا هەمووی جواب دەدەمەوە ناوچە بە ناوچە، بێگومان ئەو ماوەیە نابێت من گوند بە گوند باس بکەم چیمان کردووە یان چ لە دەستمان دایە بەڵام پەنا بەخوا جوابی هەموو ناوچەکانە دەبێ من ببورن چونکە من نایەم گوند گوند باسی بکەم ئایا لەم گوندەی چیم کردووە چیم نەکردووە، بەڵام بەڵێن بێت من جوابی هەموو پرسیارەکان بدەمەوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەکو من وتم پارەی بڕیاری نەفتی داوی فەیزی شەش میزانیەکی باش ئێمە بێین بە فراوانی پرۆژە پلانی بۆ دانێین، بۆ زانیاری ئێوە ئێستا پرۆژەی فەیزی شەش و حەوت لەژێر دەستە مانای ئەو رێژە گەورەیەی پرۆژەی کە بۆ ئێمەی دانایە بە خەیالی خۆی شموولی هەموو ئەو گوندانە دەکات کە ئێوە باستان کرد هەمووی فەیزی حەفت و هەشت ونۆو دەن پەنا بەخوا ساڵی دابێ دێتە ئەنجام دان، ئێستا لەوانەیە پرسیارێ بکەن مادام هەر لەگەڵ (UN) بۆ دواکەوتوون؟ دواکەوتن بە دەستی ئێمە نییە پرۆگرامێکە کە (١٠٠٪) ئێمە دەور نینە لێی بەتایبەتی لە بەرێوەبردنی پرۆسەی بڕیاردان بە عقودە بۆ نمونە: ئەمە سەر بەوانە پرۆگرامێکە نەتەوە یەکگرتووەکان چاکی دەکات بەرپرسایەتی گشتی دارایی ئەوان گرتوویانە تەنسیق لەگەڵ ئێمە دەکەن بۆ دەست نیشانکردنی پرۆژە، مانای ئالیاتی ئیشی خۆمان و ئەولەوییاتی پرۆژەکە دەدەین بەوان، هەندێ

جار پرۆژەی ئێمە دێتە رەفز کردن گەلی لە برادەران باسی پرۆژەی وەرزشی و فەنی دەکەن ئەم دوو جۆرە پرۆژەیە دائیمەن دێنە رەفز کردن (UN) دەڵێت شتی سەرەکیتر هەیە ئێمە خەڵکانێکمان هەیە ئاوارەیە پێویستی بە خانوو هەیە، ئێمە خەڵکانێکمان هەیە بێ ئاوە، قوتابی هەیە بێ قوتابخانەیە، لایەنی ئەولەوییەت دائیمەن چ (UN) چ ئێمەش وەکو حکومەت پشتگیری خانوو دروستکردن دەکەین چونکە خەڵکانێک بێ خانوون، قوتابی هەیە دەچێتە ناو خانوو دەرس دەخوێنن ئێمە با قوتابخانەیەک بۆ ئەوان ئامادە بکەین رێگایەک دانێین تا ژیانی وان چاکتر بکەین، جا ئەولەوییات ئەوەیە ئەولەوییاتی ئێمە پرۆسەی دەورێ ئێمە وەکو وەزارەت لە بریاری نەفت وەکو من گوتم ئێمە دەورمان تەنها لە پارچەی بیناسازی هەیە سەکتەری ئاوەدانکردن، مین هەڵگرتن سەر بە وەزارەتی ئێمە نییە سەر بە وەزارەتی مرۆڤایەتییە ئەو سەرپەرشتی ئەم بابەتە دەکات ئەو لەگەڵ رێکخراوی یونۆپس (UNOPS) گفتوگۆ دەکات، ئێمە تەنسیقی لەگەڵ دەکەین کەوا بچین زەوییێک ئاوەدان بکەین کو ئێمە بزانین مێژووی ئەم زەویە مینی لێیە ئەو تەنسیقی لەگەڵ وەزارەتی مرۆڤایەتییە ئەولەوییەت بدەنە ئەو لایەنە بێشن بۆمان خاوێنکەنەوە لە مین تا ئێمە بێین ئاوەدانی بکەینەوە، منیش لەگەڵ ئەوەم کە پرۆگرامی وان زۆر لەسەرخۆیە ئەو تەکنەلۆجیایەی ئەوان بەکاری دەهێنن زۆر لەسەرخۆیە ئێمە باسی ئەو دواکەوتنەی رێکخراوی یونۆپس و دواکەوتن لە مین هەڵگرتنەوە لە هەموو زەویەکانم کردووە هەتا من چومە بۆ دەرەوە هەتا رەبتی بکەم، لەگەڵ پرۆگرامی ئاوەدانکردنەوە زۆر گوند هەنە ئێمە ناتوانین ئاوەدانی بکەینەوە چونکە مینی لێیە، جا بۆ ئەم مەسەلەیە من هەوڵ دەدەم تەرکیزێک لەسەر ئەویش بکەم چونکە هەر بریارێکی بەتایبەتی گەلی ئێمە، گرێمان داوە بە ئەنجومەنی ئاسایش و دەوڵەت، لەبەر ئەوە من دەمەوێ رەبتی دەوری دبلۆماسی خۆش بکەم ئێمە نەیەن بەتەنیا ئاوەدانی بکەین پێویستە هەوڵێکی دبلۆماسی دەرەوەش بدەن چونکە ئەو ئاوەدانییە دێتە کرن وەزعێکی ئەمنی پەیدا بووە بۆ ئێمە ئەو وەزعە ئەمنیەش بە دەستی ئەو دەوڵەتەیە، بەدەستی رای گشتییە، پێویستی تەنها بە نەسرین نییە بەڵکو هەموومان هەرکەسێ دەرفەتێکی هەبێت هەوڵ بدات ئاگاداری دەرەوە بکەن یان رایەکی بۆ لای خۆیان بێنن و کار لەسەر حکومەتی خۆمان بکەین ئەو پاراستنە هەر بمێنێت تا بریاری نەوت هەر بمێنێت، جا بۆیە هەندێ شت هەیە پێویستە هەمووومان پێی هەڵسین، نەک بەتەنها من یان هەر کەسێکی تر، من حەز دەکەم خاڵ بە خاڵ جواب بدەمەوە د.ناصح باسی گوندی دەوروبەری هەولێر و ئەو گوندی نزیکی کەرکوک و موصل دەکات کە هیچیان بۆ نەکراوە؟ بێگومان وەکو ئاگادارن بۆ ماوەی هەتا (٩٧ و ٩٨) گەلێک جێگا بە تایبەتی ئەوانەی نزیک سنووری هەولێر و دهۆک دەستی ئاوەدانکردنەوە برابوو لێیان ئەویش لەبەر کاری نائارامی پەکەکە(PKK)و شتی تر گوند هەیە بۆ ماوەی دە ساڵە نازانین چیان بۆ بکەین دوای ساڵی (١٩٩٨) بارودۆخ ئارام بوو منیش هەوڵم دەدا کە بچینە ئەم ناوچانە ئاوەدانبکەین چونکە هەتا (١٩٩٨) خەدەماتی پتر لەسەر ئەو ناوچانەی دەوروبەری هەولێر و

دهۆک بوو چونکە ئەم ناوچانە دەمانتوانی کاری تێدا بکەین بەڵام ئەم ناوچانەی سەر سنوور نەمان دەتوانی کاری تێدا بکەین، ئێستا وا ئێمە دەچین کاری لێ دەکەین نەک لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم ناوچانەمان ئیهمال کردووە ئێستا تەرکیزی بۆ دەکەین بەڵکو ئەم جێگایانە دەستی ئاوەدانکردنەوە نەدەگەیشتێ ئێستا فرسەتە ئاوەدانبکرێن، مانای ئەم موازەنەو موعادەلەیە ئێمە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەک پەیدا بکەین لەناو کاری خۆمان، ئایا چ هەیە بۆ دوارۆژ من موتەئەکیدم کە زۆر پرۆژە هەنە بۆ ئەو گوندانەی دەوروبەری هەولێر پەنابەخوا بۆتان دەسەلمێنم وەکو منیش گوتم من نایەم پرۆژە بە پرۆژە باس بکەم، هەندێ سەردان و دەعوەی شەخسی بۆ ئێمە هاتبوو یەک لەوان سەردانی من بۆ ئەمریکا و ئاخافتن وسمینار لەگەڵ زانکۆی هارڤنچن چونکە من دەرچووی ئەم زانکۆیەم جا ئەم زانکۆیە هەمووساڵێ دەعوەتی خەڵکی خۆیان دەکەن بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە جێگایەکی هەیە لە وڵاتی خۆی بە تایبەتی زانکۆی من چونکە زانکۆی من دەرەجەی من تایبەت بوو ئیدارەی حکومی جا بۆوان زۆر شتێکی سەیرە ئافرەتێک وەکو من لە وڵاتێکی مسوڵمان دەورێکی قیادیم هەیە جا هەموو ساڵ دەعوەتم دەکەن بەڵام من هەموو ساڵێک ناچم جارێکیان چووم ئەم ساڵیش دەعوەتێکم هەیە دەچم، هەندێ جاریش دەعوەت دەکرێم کاتێ کە کۆنفراسێک دەکرێ لەسەر ئاوارەو بارودۆخی ئاوەدانکردنێ بێگومان پسپۆری منە دەبێ بچم، دەعوەتێک بۆ من هات لە میصر هەر بۆ باسی ئاوارەیی و تەعریب کردن و چ پرۆگرامێکمان هەیە. جا ئەم سەردانانە وەکو دەعوەتێکی تایبەتە بە ئیشی من بەڵام من کە دەچمە دەرەوە بەراستی ئەز دەبینم مەسئولیەتێکی زۆر گرینگە بۆ من هەوڵبدەم هەر دەرگایەک هەبێت هەر گفتوگۆیەک هەبێت ئیجابی بێت بیکەین، یەک بۆ هۆشیارکردن چونکە بە تەجروبەی من ئەو هەوڵەی ئێمە دەیدەین دیار نییە لە دەرەوە و نازانن کە ئێمە دەڵێین پەرلەمان و حکومەتمان هەیە پێیان سەیرە جا لەبەر ئەوە زۆر گرینگ و پێویستە بۆ نمونە ئێمە بچین یان رۆژنامەوانێک یان سمینارێک گرێ بدەین یان چ دیتنێک بێت بۆ ئەوەی کارەکانمان دیار بێت، بۆیان روونکەینەوە کە پاراستنی ئێمە بەردەوامە بێت چەند گرینگە کە داهاتی نەوت هەر بمێنێت بۆ کوردستان، بێگومان بە تەنها دەوری من نییە دەوری هەموو کەسێکە بەڵام سودفە چەند دەعوەت بۆ من دێت، بەنیسبەت زانکۆش ئیهتمامی تەواومان پێ داوە و رەبتی من لەگەڵ زانکۆیە ئەز مینبەری من لە زانکۆی هارڤرد و زانکۆی دۆرتمێینت ژبەر پرۆگرامی وان ماجستەری لەسەر تەنمیەو ئەوشتانە، جا بۆ هەندێ وەکو شەخصێکی مەعنی لەناو بابەتەکە قسان دەکەم عادەتەن من نوێنەرایەتی سەرۆکی زانکۆ دەکەم مانای کاک عصمەت کاک سەعدی کاغەزی دەدەنە من بەناوی وان قسان دەکەم، ئەو شتانەی من بەدەستی دەهێنم و دەیدەم بەوان پەیوەندی بەمنەوە نییە ئەو زەماڵەتەی منیش دیفجونە هەندێکی لەوان لێکۆڵینەوەی لێرە دەست پێکرینە من دەچمە وێ پتر تەفاصیل وەردەگرم و دەهێنمە بەردەستی سەرۆکی حکومەت و هەردوو سەرۆکی زانکۆ ئەوان دوایی موتابەعەی دەکەن، زەماڵەتی ئێمە شت وەربگرین لەسەر پلان و پسپۆری و لەسەر ئیدارە و دەزگاکانی

حکومەت و هەردوو لا گرێدان پسپۆری من وبە ماجستێری من و ئوتروحەی من بۆ دکتۆرا لە دوارۆژ، بەنیسبەت ئەنجامی مادی وەکی من گوتی ئەنجامی مەعنەویش زۆر زەروریيە کو ئاگاداری هەبێت ئەڤە گەلەک گرینگە تەئسیرەکا مادی بۆ موستەقبەلی دکات. ب دیتنێت وەزاراتی دەرڤە وەزاراتی هاوکاری کو ئەم دەولەتە تەمویلی چەند رێکخراوێت NGO ئەڤسێت لێرە ئیش دکەن زۆر کێم بوون و هەر تەمویلا وان کێم دبێت ڤێجا ئەز هەنوکە دچم سەرەدانا وان وەزاراتا دکەم و باس دکەین کو هێشتا پێدڤێت مە چەندن بۆ هەندێ دا ئەو تمویلە بەردەوام بیت و سوپاس بۆ خوا (الحمدلله) ئەم موفەقەین ئەڤسالێ پشتی ئەز چووم سەری سالێ جارەکا دی تەمویلا خۆ زێدە کر و انشاالله پشتی ئەڤ سالێ مە هەولەکی دی هەیە دگەل وان بئاخڤین دا تەمویل هەر بەردەوام بێت ئەڤە نەتیجەکەی مادییە.

زۆریش ئەو کەسێت ئەز دبینم حەزدکەن سەرەدانا کوردستانێ بکەن ڤێجا موستەقبەلەن ب رێکا نوێنەرێت حکومەیێت مە لوێرێ زیارات دێنە رێکخستن و پشتی وێ بێگومان ئەنجامەکان زۆر پیرۆز و باش دبن. وەکی مە دیت سەرەدانا سەرۆکێ حکومەتێ بۆ لەندەن زۆر موەفەق بوو چونکە ئەو هەردوو ئافرەت و لۆرد احمد ئەوەی هاتیە ڤێرێ و لێدی ئۆلگا هاتبوونە ڤێرێ ڤێجا کە چووینە وێرێ فیعلەن باشتر ژمە بەحسا کوردا کرد جا ژبەر هەندێ هاتنا وان بۆ ڤێرێ زۆر گرینگە و پێویستییە مە تەشجیعی بکەین.

ببورن کە ئەڤ وەلامە پیچەک درێژ بوو، بچینە سەر پرسیارێ دیێت فەنی.

بەنیسبەت ژمارەی ئەڤ گوندانەی نەهاتییە ئاڤەدان کرن هەتا نوکە، نەهاتییە ئاڤەدان کردن ژبەر وەزعی ئەمنی هەتا نوکە هەندێک زەوی هەن نەدروستن و مە نەشێن ئیش بکەین تێدا لەوانەیە گەلەک ژوان مەناتیقا بکەڤیتە (رخێت زاخۆ ـ رخی بەرواریا ـ نێرواو رێکان) ئەو مەنتیقە هەتا نوکە هەندێک عەرد هەنە مە نەشێین ئیش بکەین لەسەر ئەو رێکا نینە مە ئیش بکەین لەسەر ژ بەر واقیعێ ئەمنی ڤێجا مە نەشین بۆ ڤێ مەرحەلێ ئاڤادەنی بکەین.

جانبێ دووێ (مین) وەکی مە گوتی ١٥٪ی گوندێت مە هێشتا مین تێدا هەی ئەڤان مە نشێین ئاڤەدان بکەین و خەلکی خۆ مە نەڤێت ببەینە گونداو جارەکا دی مەترسییەک بکەڤیتە سەر ژیانا وان.

هەندەک خەلکی مە ناچێتە گوندا هەندەک ژوان گوندێت رەقەمت دبێژنە من باوەڕ بکەن مە هەولێ دایە ئەم دچین لگەل بئاخڤین ئەم حەز دکەین خەلک بچیتە گوندا وەکی سیاسەتەک دەزانین بەس ئەگەر خەلک بە خۆ نەڤێت ئەم موستەعید نین خانێت هاڤینێ بۆ خەلکەکیت خۆ ئاڤا بکەین کو مە خەلکەکی ئاوارە هەی لبن خیڤەتەکێ دژین ڤیجا ئەودبیتە سەبەب بۆمە کە ئەم نەشێین هەندە عاردا ئەم موافەقەت ناکەین، بەراستی دبێژمە وە هەندێک خەلک تەلەبیات دەدەن نە هەر تەلەبەک ئەم د وەرگرین یانی هەر تەلەبێک دێتە تەحلیل کرن ئەم دچین سەرەدانا دکەین واقیعێ وان دبینین مە سیستەمێک و پرۆسەیەکی دیا هەی هەر خەلکەک هەر ناڤەک تەلەبا خانیا دکات

ئەم دچینە عەقارێ سەحکەینێ ئایا خانی یان زەوی بەناوی وی موسەجەلە، ئەگەر موسەجەل نەبێت مە خانی بۆ وی چێ ناکەین ئێوەش موتەفیقن لگەل من ژ ڤان ئیمکانیاتێت مەحدود بەس پێویستە خەڵکی موستەحەق سوود لەو پرۆگرامە بکات، ئینجا یەکێک لە هۆیەکان ئەڤەیە خەلکەک هەی ئەملاک هەنە، خانی هەنە ل باژێرێ ناچنە گوندا مومکینە خانیەک بڤێت بۆ سێ مانگا هاڤینێ بچن ئەڤەش قەبول نینە من بە راشکاوی دەبێژمە هەوە، وەکی دی پرۆگرامە مە پرۆگرامی دوو سێ سالی هەی هەمی تێدا دیارە کو انشاءالله پشتی سێ سالا ئەم بشێین بەلای کەمی ١٠٪ـ ١٥٪ی گوندی خۆ ئاڤەدان بکەین بەس وەکی ئاگادارن پتر خەڵکی مە دەکەڤێتە ناڤ ناحیا، قەزا، باژێرا، ژبەر ئەسبابی ئەمنی ئان ژ بەر وەزعی خزمەتگوزاری کو ئەویش بومە بوبە هاندەرێک کو مە هزر بکەین چەوا ئەڤ خەلکە ببەینە گوندا، بەس برنا خەڵکێ بۆ گوندا و ئیعتمادا وان کولی لسەر کشتوکاڵییەو، ئیعتمادی هەیە لسەر ئیعتمادی کولی سیاسەتی گەشەپێدانێ.

کاک یۆنادم پرسیار کر ئایا بۆ گەشەپێدانێ وە چ تەحەروک کریە؟.

مەوزوعی گەشەپێدانێ بتەنێ هی وەزارەتێک نینە تشتەکە بەستراوە بە کشتوکاڵێ بە پیشەسازی، بە دارایی و گەلێک وەزاراتا دی مە هەولدایە نوکە مجلسەکی وەزارەتێ لناڤ وەزارەتێ دابمەزرێنین کو وەکیل وەزیری کشتوکاڵ و وەکیل وەزیری پیشەسازی و وەکیل وەزیری دارایی و لە قۆناغێکی تر لەوانەیە وەزیری پەروەردەو تەندروستی نوێنەرێت وان داخل بن لوێ مەجلسێ ئیستشاری دا ئەم پتر بشێین تەنسیقێ بکەین ئایا ولاتی خۆ چەوا گەشتر لێ بکەین ئایا بەرێ کشتوکالێ ئان بەرێ پیشەسازیێ؟، هەرڤەسا سوود لە خیبرات و ئەبحاثی زانکۆش وەردەگرین.

هەتا نوکە ئەم مەشغولی ئاوەدان کردنێ بووین ژبەر هەندێ مەوزوعێ گەشەپێدانێ لەوانەیە ئەولەویەتی نەبوو، بەس نوکە پشتی مە وەلاتێ خۆ ئاوەدانکری فیعلەن یەکێک ژ مەشاکلێت مە خەلکی مە دزڤریتە گوندا چونکو مەعیشەت نینە چونکو سەرچاوەی مەعیشەتیان نینە، بەس لوێ هەندێ ئەم ژ گرێیدانە بە بریارا نەفتێ، بریارا نەفتێ هەیڤانە ئەرزاقی دداتە خەڵکی کوردستانێ ئەڤێ ل گونداو باژێرا و ناحیا دژین، ئەڤ خارن دانە بۆ خەلکێ ئان ئەرزاق دبیتە سەبەبەکی کو خەلکێ مە زراعەت نەکات پێویستی ب زراعەتێ نینە ئان مەحسولی زراعی رێک نینە لسیکێ تەلەب بۆ مەحسولی زراعی نینە ڤێجا خەڵکێ مە موشەجەع نینە زراعەت بکات کو زراعەت دبیتە ئەساسێ خودان کردنێ لگوندا ڤیجا بوێ هەندێ مە وەکی حکومەت وەکی مەوقیف مە زۆر لگەل مەجلس (الامن) و رێکخراویت UN ئاخافتیا کو ئەڤ پرۆگرامە لازمە گۆڕانکارییەک بکەڤیتێ ژڤێرێ من ئاڤەدان دکەم ژ ڤێرێ خارن ددنە خەڵکێ ئەڤە زۆر تەئسیرێ لێ دکات ئەڤە ژ ئاستەنگەکە بدەستێ مە ئەم چ بکەین ئەڤە قەرارەکێ سیاسییە ناهێتە گۆڕین تەنا ب مەجلس (الامن) ئەوجاژی مە زۆر هەول داینە هەمیشە نوقاتی سەرەکی مە لسەر پرۆگرامێ نەفتی هەر

ئەڤـەیە دابەشکرنا ئەڤ خـواردنا بـبـەلاش بۆ خـەلـکەکی پاشی وەکی من دزانم مـیـزانا مـەزن و ئیـعتـیمادا کولی بۆ پرۆژا لسەر قـەراریَ نەفتـیـیە قەراری نەفتی ئیتارەک هەیە بۆ جۆری پرۆژە چ پرۆژە دهێنە ئەنجـام دان چ پرۆژە ناهێنە ئەنجـام دان، ئێک لە لایەنێ سووریَ ل UN چ جــــارا پرۆژەکێ گەشەپێدانێ قەبیل ناکات، ئان چ جارەک پرۆژەک موستەقـیل بێت و ئان ئەم ئیـعتـمادیَ لسەر خۆ بکەین قـەبـیل ناکات مەعـمەلەکن زۆر بە زەحمەت قـەبـیل دکەن پرۆژێت تەمەوی ئەبەد قـەبیل ناکەن زۆر برادەرا باسی تەبلیـتێ کـریە کـو رێکت هەنە دهێنە ڤـەکرن بەس تەبلیت نـینە چونکو رێکخــــراوێتUN قـەبیـل ناکەن ئەم تەبلیت بکەین ڤـیـجا بۆمـە هەر باشـتـرە رێکەکێ ڤـەکـەین (پرایم کـۆت) بکەین بۆ دوو ساڵ و ئەم مـحاوەلەیە دکەین بیـخینە پرۆگـرامێ خـۆ هی حکومەتێ کو ئەم تەبلیت بکەین هەتا نوکە چ پرۆژەیەکی تەبلیـتێ نەهاتیە موافەقە کرن ب رێکا بریاریَ نەفـتێ، ئەو قیـرەی دبێژن ل رێکا رۆڤیاو ئیـفراز ئەو قـیرە نەچن کو پرۆگرام فـەسلێ کریـیە، چونکو پرۆگرام تەنیا پرۆژا ڤـەکرنا رێکێ داخل کرییە بەس چونکو رێکەکا سـەرەکییە حکومـەتێ تەبلیت یا داناى بەلام بەدیاریکراوی ئەز نزانم ئان حکومـەتێ ئان فـێـسـەکـا دی دوویَ یا داهاتی ئەویش ئەز تەئکید دکەم ببورن، بەس ئەز دزانم هەتا حدود هەیە بۆ کولفە یانی پرۆژە چەند کولفە بیت ئەکەر پرۆژەک پتر بێت ل ٥٠٠ هەزار دۆلارا قـەبیل ناکەن ئان ئەگەر قـەبیلیش بکـەن تاخیـر دبیت دوو سـالا هەتا دچیــتـە جـیـهـاتێت وانێ بلـند چ نایرۆبـیـە چ کۆپنهـانگە چ ئەمـەریکایە چ رۆمایە دا مـوافـەقـە بێتـە کرن پاشی دێتـە ئەنجـام دان ئەم ژی ناچار دبین یەکـەمجـار پرۆژەی مە دهێتـە تاخیـر کرن پاشی هەندە جار مە مـەجبورین پرۆژەی خۆ ئان بەش بەش تـەقدیم بکـەین دا بشـێین زی مـوافـەقـەت وەربگرین ئان مـەشروع تاخـیـر دبیت ئان وەکو حکومـەت مـەجـبـورین ئەم بکەین.

پرسیارەک هەبوو بۆچی پرۆژێت حکومەتێ هەمووی نەخەینە ناڤ بریاریَ؟.

وەکو دەبینن ئەنجامدانا پرۆژا تاخیر دبیت هەندە پرۆژە هەنە زۆر ستراتیجینە زۆر زەروورەتن لازمە ئەم بکـەین ڤـێـجـا بەس ئەڤ پرۆژێت پێدڤـیت ئەم دکـەین. تـەبلیت کـرنا رێکێت قـراری نـەفت نایـکات حکومــەت دەیکات، پاشی هەندە جـۆرە بینـایە بۆ نموونە بانقـا هەرێمێ ل چ ولاتێک نەتەوەیەکگرتووەکان بانقا ئاڤا دکـات، ئەڤە هەر دمێنێـتـە ئەسـتۆی مە بینایەکانی وەزاراتا ئان نەواحیا ئان قـەزا هەرچەندە نوکـە مە داخیـل کرینە بقـرارا نەفتێ حەفت بینایەی ناحیـە دهێنە ئاڤاکرن ئەوژی پشـتی جوهدەکێ مەزن بەس گەلەک بینایە هەنە پرۆژە هەنە قرار نە شـمول دکات هەندەک باسی چالاکی وەرزشی کـریە چونکو چالاکی وەرزشی داخلی بریاریَ نابێت مـە وەکـو حکومەت ئەو شتە کرد مـە دوو ستۆدیۆ لە سـەلاحەدین و ناوچا رێزانێ مـە ئاڤا کریە چونکو بە بریاریَ نەفـتێ ناکـات و لە پرۆگـرامێ هەیە انشـاءالله مـە هەوڵ دایە ئەم شـتێ مـە دکـەین داخل بکەین شتێ مە نەشێن و زەروورییە حکومەت بیکات.

بەنیـسـبـەت ئاوارەو خەلکێ مـوستـەحـەق هەندەک مـوستـەحـەق نینە دچیـتـە ناڤ مـوجەمـەعـاتا،

هەندکێش لبن خیوەتا حەقی وەرناگرێت ئایا ئامارەک هەیە ئان نا؟.
جانبی ئیداری وەزارەتا مە بەرپرسە بەرامبەرا پێشکەش کرنا خەدەماتا جانبی احصائی و ئیدارا خەڵکی ئاوارە دکەڤیتە لیژنا ئاوارا ئەو لیژنا بەرزی ئاوارا کو هەمی پارێزگار و بەرپرسانی لقەکان تێدا ئەندامن ئەم ژی ئەندامین تێدا بەس جانبێ ئیحسائی جانبێ دانانا ئەولەویەت جانبێ دابەش کرنێ خزمەتێ ئەم بۆ وان پێشکەش دکەین عائدی ئەو لیژنەیە بەس تەبیعی ئەمژی هەول دەدەین دەورەکێ ببینین لناحیەی موستەحەقی چونکو هەر ئەندامەک پێویستە لدیڤ ئیستحقاقێ بچیت. پشتی داواکاری دهێتە کرن ژمە ل لیژنا ئاوارا کو ئەم خەلکە لڤێرێ ئەم دچین سەرەدانا وان دکەین پاشی دکەینە پرۆژە و دەیدەینە UN ئەویش دچیت دبینیت و موقتەنیع دەبیت و دەیکاتە پرۆژە هەتا موافەقات و شت دێتە کرن بەلای کەمی شەش هەیڤ تێ دچیت ئەو پرۆسەیە هەر تێ دچیت چونکە پرۆسەی بیروقراتیەتی نەتەوەیەکگرتووەکان مە زۆر هەولدایە کێم بکەین نوکە ئاواتمانە کە دەسەڵات بدەنە مەسئولی خوێیت ڤێرێ ڤێجا ئەو تاخیر بوونە دکێم بیت ببیتە سێ هەیڤ لەجیاتی شەش هەیڤ انشاالله ئەو کەمتر دبیت، بەس پشتی پرۆژە دهێتە ئەنجامدان ئەم تەسمیم دکەین ئەم ئیشرافی لسەر دکەین و پشتی هەنگێ ئەم ددینە لیژنا ئاوارا و دهێتە دابەش کرن ڤێجا بەنیسبەت موستەحەقی و ناموستەحەقی ئەم محاولە دکەین کو ئەو شتە نەمینێت بەس گەلەک خەلک هەی لبن خیڤەتێ ئەم شیاینە خلالی ئەم دووساڵە گەلەک خانێ بۆ وان چێ کەین. برادەران هاتبوون سەرەدانا من دابوو باس دێتە کرن کو هەندەک عائیلە هەن ئەو شەش هەیڤە چ خانی بۆ وان نەهاتە چێ کرن لوەختێ خۆ من گوتبووە جەمەعاتێ کو لنک من بوون من گوتێ لدیڤ ئیحسائیاتێت مە ئەڤ خەلکەی موستەحەق نینە نەهەمی موستەحەقن مومکینە ژوان سێ سەدا مومکینە پێنجی کەسێک موستەحەقە بەس هی دی خەلکەکە چونکو سێ جارا مە خانی چێ کرن بۆ خەلکێ بن خیوەتا مە دیت دائیمەن خەلکەکێ تر دهێت رێنڤیشی، ڤێجا خەلکەکە ئیستغلالی ڤێ خزمەتێ دکات ئەم چ بکەین لازمە مە هەندک جارا محاولە بکەین پرۆگرامێ خۆ باش بکەین تەشجیع نەکەین خەلکەک ئیستغلالا ئەو هاوکارییە ئەم دکەین، ڤێجا هەندەک خەلک هەنە موستەحەق نینە هەندەک خەلک هەنە قوربانی دەبن بەس ئەم محاولە دکەین عیلاج بکەین.
بەنسبەت شێخان ئەکید لناڤ پرۆگرامێ فەیزێ دەهێیە، بەس جارەکا دی ئەز دبێژم رەجائەن سەبری بکێشن لگەل مە، مە نەشێین هەمی شتی بەیەکجار بکەین، چونکو ئەوژی پرۆسەیە، ئەوژی جەدەوەلەکە بەس ئومێدا مە ئەوە بشێین هەمی داخازێ میللەتێ خۆ بجێە بینین.
بەنیسبەت کۆمەڵگاکان کاک موحسین ئەز دبینم زۆر خەدەماتێت دهێنە کرن بۆ موجەمەعاتا بەس ئەکید نە بەتەموحاتا تەیە نە بە تموحاتا منە ئەزیش حەز دکەم ئەز پتر بشێین بکەین بەس ئەز بچاڤی زۆر خانیا دبینم ل موجەماعتێت دهێتە ئاڤا کرن قوتابخانە دهێتە ئاڤا کرن چەندین پرۆژێت ئاڤێ لشیلادزێ و دیرەلۆکێ و سیرێ مە خۆ ل وەزارەتا خۆ تەنفیز کرین و بەردەوامین بۆ

خزمەتێ ئەز دبینم وەکی پرۆگرام مە ئیهتمامەکی مەزن دایە چونکو خەلکەکی مەزن لوێرێنە خەلکەکە نەشێن بچن لگوندێ وێرێ ڤێجا مە محاولە کریە هەتا بەرێ مونەزەماتا مە خستە وێرێ کو قەندیلە زۆر خانی چێ کرینە بۆ ئاوارێت وێرێ. ئەگەر هەر کێم بیت هەمی شتێ کێمە حەز دکەین زۆر پتر بکەین بەس مە محاولە کرییە هەتا حەدەکی و ئەکید لناڤ پرۆگرامێ زۆر پرۆژەێت هەی.

مەلا هادی باسی سێ گوندا کرییە، نەشێم نوکە وەلاما بدەم چونکو ئەو دەرکەتییە، بەس انشاءالله ئەز جوابا ئەو ددەم بەرسمی رێکا عەینکاوە ئیفراز دێ خلاس دبیت و تا نوکە تەبلیت نەکرییە نەفسا موشکیلا من گوتی موشکیلامە ئەوەیە مە تەبلیت داخل نەکرییە چونکو قەبوول نەکرییە UN لسەر بودجا حکومەتێ دهێتە تەبلیت کرن کو مە ئیهتمامەکا مەزن هەیە بوێ رێکێ بەس رێک پێدڤییە تەواو ببیت چونکو رێکخراوا UN لازمە وەرگریت پاشی تەسلیمێ وەزارەتا مە بکات ئەز پاشی دشێم ئیش بکەم ئەو ژی پرۆسەیەکە ئەم نەشێین دەستی خۆ لێ بکەین رێک مە نەشێین ئیش لێ بکەین چونکو ئەم هێشتا بەردەوامین ئیش دکەین لسەر.

بەنیسبەت پرسیاری د. رزگار ۱۰۳ گوندە تە گوت بەس ۲۰ خانی لدەرکار هاتینە کرن تو پتر ژمن دزانی لەوانەیە پتر ۷۰٪ مە نەشێین ئاڤا بکەین لبەر وەزعی ئەمنی لسەر حدودێ ئەو گوندی لنزیک شارعێ ئەو دهێتە بیرا من ئەو گوندێت وەزعی ئەمنی تێدا باشە ئەم شیاینە قوتابخانەیەک بۆ وان چێ کەین رێکەکێ بۆ وان چێ کەین بەس بەنیسبەت زاخۆ ل فەیزێ ۹و ۱۰ مە زۆر تەرکیز لێ کرییە ئەو ژ نوکە دیار نینە چونکو انشاءالله وختێ دهێتە کرن.

شوقەکانی زاخۆ من خاندبوو ل جریدە کو ٤٠ شوقەی ل زاخۆ دەستپێ کرینە ڤێجا ئەوی تلکەبەرێنە بەس تلکەبەرێ و زاخۆ ئێکە چونکو من خۆم سەرەدانا مەنتیقە کر من ئەو عاردا وەرگرت تەعقیب دکەین انشاءالله جەواباتە ددەین.

پارک لزاخۆ ئیختیساسی من نینە هی بەلەدیەیە ئەز موتەفیقم لەگەڵ مەجلس وزراء دعمی ئەو مەشروعە دکەم.

رێکا هەولێر- دهۆک رێکاکا زۆر سەرەکییە بۆ مە و بۆ مەنتیقا مەو بۆ خەلکی مە ژبەر درێژاهییە رێکێ ئیمکانیاتی زۆر زەخمی پێویستە و رێکەکا سەرەکییە فرهەیە مواسەفاتێت فەنینە ئەم شیاینە ب رێکا قەرارێ نەفتێ پارچە پارچە داخل بکەین ئەوژی ژبەر زەخامەتا کولفە نەشێین چونکو مومکینە ئەو رێک پتر ل ۱۰۰ هەزار دۆلارا پێویستی بیت بۆ تەواو کردنا وێ ئەوژ مومکین نینە ل فەیزەکێ داخل بکەین ڤێجا مە پارچە پارچە کر ژبەر هەندێ مە بشێین ئیقرار بکەین چونکو قەرارێ نەفتێ رێکێت سەرەکی قەبیل ناکات مە چ کرد؟ مە پارچە پارچە کر بناڤی رێکا گوندا داخل کرد مەژ ئەو محاوەلاتە دکەین لگەل رێکخراوا ئەوبو پارچە پارچە داخل کری هەمی پارچەیەیت رێکێ لژێر تەنفیزن ئیفراز - عەینکاوە لژێر تەنفیزە رۆڤیا - ئیفراز لژێر تەنفیزە ئەتروش - بلان لژێر تەنفیزە بەس پارچەک دمینێت ل بەینا دهۆک - ئەتروش ئەوژی داخل بوویە

پرۆگرامی هێشتا دەست پێ نەکریە بەس تەسمیم کرایەو داخل بوویە پرۆگرامێ. کەێ تەواو دەبێت؟، وەکی رێیەک متەوەقیعە سەرەتای ۲۰۰۳ هەمی پارچەیت وی تەواو ببن موشکیلا سەرەکی بوو ئاڤاکردنا پردەکی ئەوژێ موهیمە تەبعەن ئاڤا کردنا پردێ هەتا پار رێکخراوێیت UN قەبیل نەدەکرد، چونکو دبێژن زمنی پرۆگرامێ نەفتێ ئەو نینە ئەز پردەکی بۆتە ئاڤا بکەم ڤێجا بهەولەکا زۆر مەزن و پشتی ئەڤان دیت کە رێکا هەمی خەلاس بوویەو تەنا پردەک مایە مەجبور بوون ئاخر شت لفەیزێ نەهێ وەزارەتا ئەشغالێ یا داخل کری ئینجا ژبەر هندێ ئەز دبێژم ۲۰۰۳ من حسابا ئاڤاکردنا پردێ کری، ڤێجا مومکینە مەوعیدەکی زێتر رێک چێک ببیت.
پرسیارەک هەبوو کو ئەتروش - پلان پیچەک تاخیر بوویە زۆر زەحمەتە بۆ مرۆڤەکی ئەگەر ئەندازیار نەبیت قیاسەک بدات کو ئەڤە تاخیر بووە، زۆر مەشاکیل هاتنە سەر وێ رێکێ یەعنی مولکیەی عەردو تا نوکە هندەک مەسارات مە مەشاکیل هەی بەس ئەو عاردێ بێ موشکیلە انجازەکا باش هاتیە لێ کرن و دێ دەست پێکەن قیر کردنێ، بەس رێکەکا عیملاقە دەفن و قەتعێت زۆر مەزن هاتنە کردن لێی یەعنی تە باسی دەفن و قەتعا کری بەس هندەک جارا بۆ سەلامەتا ئەمنیا رێکێ بۆ فەنیەتا و ئیستقامەتا رێکێ تو ناچاری بچیت مەسارەکی وەربگریت قەتعەکی مەزن بەس بۆ سەلامەتا رێکێ، چونکو وەکی جەنابیتە ئاگادارە رێک و تەسامیمی رێک مەقایسی خۆی هەیە بۆ رێکەکا سەرەکی وەکی دهۆک - هەولێر ئەم دێ قەتعێ دکەین چ مەسار پێویست بیت ژبەر هندێ دا ئیستیقامەو سەلامەت پەیدا ببیت و کورت کرن پەیدا ببیت زۆر قەتعەکا مەزن لوێرێ هاتە کرن قەناترێ زۆر زەحم دهێتە ئاڤا کرن لوێرێ ئەڤەش هەمی وەختە لدیڤ مودەی مە پاشیش زستان دهێتە سەرو باران و ئاگادارن پرۆژێت رێکێ لنفاڤ بارانێ مرۆڤ نەشێت شۆل بکات فێجا لدیڤ عەقدێ مە لگەل وەکالەتی UNسالا دهێت هاڤینێ مەفروزە رێک خەلاس بیت یەعنی ئەم لدیڤ عەقدی خۆ موتەئەخیر نین و انشاءالله زێتر خەلاس دبیت.
پرسیارەک هەبوو ئایا پرۆژێت قەراری نەفتی کێ مەسئولە بەرامبەری تەنفیزا وان کێ تەنفیز دکات؟ وەسا دیارە لناڤ خەلکی مە کو رێکخراو تەنفیز دکات تەبیعی پارە پارەی میللەتێ مەیە رێکخراوێت UN یەت هاتینە دامەزراندن لە لایەن (مجلس الامن) ئەو بەرپرسیار دبن لناحیەی ماددی ناحیەی فەنی و دەستنیشان کردنێ پرۆژە پێویستییە لقرارێ نڤێسییە لگەل ئیدارا کوردی دهێتە تەنسیق کرن، فێجا دەورێ مە دەورەکی سەرەکییە بۆ دەستنیشان کرنا پرۆژا ئەو پارە پچیتە کیرێ و چەند پارە بچیتە هەر قتاعەک ئەوە دەورێ مەیە پشتی حصە دهێتە ئیقرار کرن دێ هەر وەزارەتەک و رێکخراوا مەعنی بدەست پرۆسەیەکا کفتوگۆ بۆ تەسمیمێ و دانانا پرۆگرامەکی بۆ جێبەجێ کرنێ، جێبەجێ کرن تەسمیمە، تەندەرە، کو رێکخراو بخۆ دگریت پاشی موافەقە کرنا لسەر مەشروعێ پاشی مەشروع دهێتە احالە کرن بۆ کۆمپانیایێت کوردی پشتی هەنگێ وەزارەتا مە ئان وەزارەتەکا مەعنی بەو ئیشە دەوری ئیشرافێ لسەر دکات فێجا ئەم ئیشرافێ لسەر پرۆژا دکەین لناحیا فەنی ناحیا وەختی تەواو کرنا وێ پاشی مەشروعی ژ ئیستلام

دکەین فێجا دەورێ مە سەرەکی مومکینە تەنفیزی نینە بەس دانانا پلانا دەورێ مەیە، دیاریکردنا تەسامیم دەورێ مەیە، ئیشراف لسەر نەوعیەتێ دەورێ مەیە، دەورەکی زۆر گرنگە.
بەنسبەت کارمەندانی ئێمە مە ئیستفادەکا باش کرییە ڤی پرۆگرامی ژبەر رۆلی مە هەی لدەستنیشانکردنێ مسوحاتا، تەسامیمێ، تەبیعی کادرێ مە ئیستفادەکا مەزن کردییە بوێ هەندێ ئەم شیاینە دەوراتا ب رێکا قەرارا نەفتێ پەیدا بکەین بۆ تەسامیم بە کۆمپیوتەر، ئالیات و مەکائن لوێ رێکت هەی، فێجا وەزارەتا مە هەولەکی مەزندایە و سوپاس بۆ خوا ئەم موەفەق بووین تێدا. ئەو فەرمانبەرانەی شول دکەن لگەل رێکخراوا تەبیعی رێکخراوەکانی UN سیستەمێکی هەیە لە جیهاندا کو کەس حەق نینە تەدەخولێ پرۆسەی تەعینێ کادری وان هەیە یەعنی ئەوان ئازادن مەژی ئیحتراما ئەوەندە کرییە ئەوان دەرەجاتی خۆ رادەگەیەنن خەلکەک دچیت بەشدار دبیت لوێ هەندێ عەمەلیەکە مفاضلە دێتە کرن ئیمتحان دێتە کرن ل رێکخراوێ و هەندە کادر دهێنە وەرگرتن بۆ ئەو وەزیفە. وەکی بریار نابیت پارە بریارێ بچیت بەشێوەیەکی راستەخۆ بۆ حکومەتێ ئان کارمەندێت حکومەتێ تەبیعی ئەو محددە لسەر حکومەتێ عێراقێ هاتیە دانان بەس مەژی بووینە قوربانی رێکخراوێت UN لسەر ئەو تەحدیدە ئیش دکەن چێ نابێت راستەخۆ فەرمانبەری من پارەی بدەنێ ڤێجا مە محاولە کرد کو ئەم دامە ژ دەور هەبی لناڤ رێکخراوێ مە محاولە کرد کادری خۆ ژی ڤرێ کەین کو تەعین ببیت بشکەلەکێ متەناوب کو ئەوڤ بچیتە رێکخراوێ دێ نوێنەری مە بیت لڤێرێ و سوودی مادی و فەنی وەربگرێت و پشتی شەش هەیڤا ئان سالەکێ دزڤریت بۆ وەزارەتێ و موهەیەئە بۆ خزمەتا پاشی کادرەکی دی دچیت ئەڤە پرۆسەیەکا جودایە پرۆسەیەکا دیا هەی تەبیعی رێکخراو موافەقەت لسەر تەعینێ ناکات ئەگەر موافەقەتی وەزیری مەعنی نەبی لسەری هەر کادیرەکی فەنی کو کادری فلان وەزارەتێ ئان فلان مدیریەیە رێکخراو تەعینی ناکات تەنا ئەگەر کاغەزی رازی بوون (سماح) هەبێت، بەلام بەداخەوە ژبەر ئەوەی رێکخراو زۆر وەزیفەی هەیە زۆر پارەکی باش ددەنە خەلکێ مە موشکیلەکا هەی ل وەزاراتێت مە بەتایبەتی وەزاراتی فەنی و ئەندازیاری بۆیە هەندەک جارا باشترین کادیری خۆیی یێت مە دچیت یەعنی زۆر ساناهییە ژبەر قانونی ئیداری هەر شەخسەک غایب بیت بۆ هەیڤەکی ئەمر فەسلی وی دەرکەڤیت بۆئە ئازاد دەبێت عیلاقە ب وەرقا من نینە دچیت دادەمەزرێت لە رێکخراوەکان، هوسا هەندێ حالەت چێ دبن مە تەعقیب کریە مە چەندین کادیری خۆ هینایە دەرێ ژ مونەزەمەیێ بەس ئەوڤی دبیتە سەبەبەکێ نارەحەتییێ بەرامبەر ئەو کادیرە فیجا مە هەول دایە لگەلێ رێکخراوا دا ئەو سیستییە نەمینێت ئەو تەئسیرە لسەرمە نەبێت وەکی کادر وەکی ئیدارەکی بەردەوام دمێنێت بۆ خزمەتگوزارییە و رێکخراو دچیت پشتی سالەکی ئان دوو ئەم گەیشتینە حەلەکی کو ئۆفیسەکا هاوبەش بهێتە دامەزراندن وەکی سەقفەکی هاوبەش بۆ ئیعتباراتی قەرارێ و محدداتی قەرارێ مە گوت ئەو ئۆفیسە دبیتە جیهەتەکێ موستەقیل نە لسەر حکومەتییە نە لسەر UNـە بەس ئەو بخۆ دیارە بەینا مەو UN کو ئەڤە عائدی مەیەو

عائیدی وانە کادری مە بتەناوب دچیتە وێریٚ سوود وەردەگرێت لە بڕیاری نەوت و ئیمکانیاتی فەنی و ناحیا خیبریٚ چونکو ئەوژی پسپـۆڕیٚ خۆ دینن جانبیٚ پلانیٚ جانبیٚ تەسامیما بۆ ویٚ دائیریٚ دینن یا مشترک کادریٚ مە ژ ئیستفادە لیٚ دکات ئەم گەیشتینە ویٚ حەلیٚ انشاءالله سالیٚ دهێت ئەڤ سیستەمە شول دکات.

بەنیسبەت ئاڤەدان کرنا وان مەنتیقیٚ ئەڤێت پتر تضحیە داین لسەر سنووریٚ جێی داخێیە ژبەر ئەگەرێت نائارامییٚ مە نەشێین بچین وێریٚ خزمەتەکی بۆ وان بگەهینین بەس مە محاولە کریە عاردەکی باش ئەم بشێین خزمەتا وان بکەین.

بەنیسبەت گوندی (سفره) پار مە بیست خانیٚ بۆ وان چێکر و هەروەها پرۆژەیەکی ئاڤیٚ مە چێکر بۆ وان، بیست رۆژ نەمان لەبن خیڤەتیٚ مە خانی بۆ وان چێکر ئەو خانی لسەر شەقامیٚ پیچ پیچە خزمەتگوزاری بۆوان دچن ئەم نەشێین هەمی گوندا وەکی بازێڕا ئاڤا بکەین هەر جیهەتەک طابع و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

بەنیسبەت خزمەتگوزاری خانووەکانی بنەسلاو لژێر پلانێنە بدەستیٚ مە نینە کو تاخیر بووینە مە خانی ئاڤاکرن و خدمات لژێر پلانن هەتا هاتینە تەندەر کرن انشاءالله بە زووترین وەخت دگەهیتە وێریٚ، بۆ هەمـان هۆ مـە ناچارین پرۆژا دابەش بکەین دابشـێین بڕیاریٚ تەمـشـیـە بکەین لگەلّ رێکخراویٚ.

بەنیسبەت رێکا حوجران ـ گۆمەسپان وەزارەتا مە ئەو رێکا ڤەکری بۆئەوەی ببێتە بەدیل رێکا سەلاحەدین بەنیسبەت تەحویرا هەندەک مەنتیقا دابشێین شاحنە بچن فیعلەن مە ئەو هزرە لیٚ کری و مە نیەتە ل بەهاریٚ دێت ئەو هزرە تەتبیق بکەین.

پرۆژێت ئاڤیٚ و سیستەمیٚ جورنییٚ، کو ئەوژی سیستەمەکە کو بدایەتی ١٩٩١ی تا نوکە هەتا حەددەکی کێم دێتە جێبەجیٚ کرن ئێکیٚ ژ غەرەزیٚ زانستی ڤی سیستەمی ئەون کو چونکو ئاڤا مە کێمە هەکە تو جورنیا کێم کەی خەلّک مەجبور دبیت کێم ئاڤیٚ سەرف کات یانی پێویستە مە وان هزرا بکەین هەگە هەر خێزانێک جورنی لمالا وی بی دیٚ پتر ئیستعداد هەبی ئاڤیٚ پتر سەرف بکات مە مەشاکلێت ئاڤیٚ هەی مە لبیرا خۆ نەکرینە بەس نوکە لبەر ژویٚ وشکە سالی لازمە پتر تەرکیزیٚ بکەین ئاڤا مە زۆرە گرینگە ئەمە هەریٚ زعیت کەین، ئێک ژ هۆکارێت زانستی بۆ دانانا جورنییەکی بۆ پێنج خانی ئان چارا ئەڤە بوو دا خەلکەکی مەجبور بکەین کەم ئاڤا سەرف بکات، بەس ئەوژی مـە مـلاحظە کر کـو خـەلّک هەر بەردەوامـە سـوندا دکێـشن ئان تشکیٚ دهێنن بۆیە ئەگـەرەکیٚ پیس بوونا ئاڤیٚ مـە هەی مـە ئەوە باش مـلاحظە کـریـە و لکۆنفـرانسـەکیٚ لەگـەلّ یونسێف بەستابوومـان بۆ چاوخشـاندنەوە بە پرۆگرامەکانیان، ئەو تێبینیەمـان پێشکەش کردن و هەر پرۆژەیەکی نوێی کە ئێمە ئێستا دەیکەین بە سیستەمێکی ترە، هەولّ دەدەین ئەگەر یەک خـانووش نەبێت دوو خـانوو یەک حـەنەفی هەبێت، سـەبارەت بە هەلّکەندنی بیر لە چواردەوری ئاکـریٚ، کـە پێـویسـتی بە کـرێنێک هەیە، کـرێنیش ئەگـەر لە بڕیاری ٩٨٦ بۆمـان هات ئەوە

دایدەنێینە چواردەوری ئاکرێ، چواردەوری ئاکرێ خۆتان دەزانن پێشدەکەوێت لەبەر ئەوەی دەبێتە پارێزگا تایبەتمەندیەکی باشمان پێداوە و بەتایبەتی ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەکی ئاومان لێ داناوە، و هەروەها بەڕێوەبەرایەتیەکی ئیعمارمان لەوێ داناوە تاکو بتوانن زیاتر خزمەتی ئەو ناوچەیە بکەن، بۆ ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیەش هەرچی توانامان دێتە دەست دابەشیان دەکەینە سەر تاکو بتوانن باشتر خزمەت بە ناوچەکە بگەیەن،سەبارەت بەو پێنج گوندەی سورچی و ئاکرێ کە داخیلی پرۆگرام نەبووینە، من دوایی بەدوایدا دەچم و دەپرسم، بەئومێدی خوا جوابێکت پێدەدەین.

پرسیارێک کرا لەبارەی کۆمپانیای بەڕێوەبەرایەتی دهۆک، بۆ زانیاری جەنابتان ئەو کۆمپانیایە بە ڕەزامەندی سەرۆکی حکومەت دامەزرا، ئەوەش دوایی ساڵی ١٩٩٧ ئەو بڕیارە وەرگیرا، ئەوە نەک هەر لە دهۆک هەیە لە هەولێریش ئێمە ئەو کۆمپانیایەمان هەیە، ئێمە پێی دەڵێین (shadow CO) واتا کۆمپانیای سێبەر ، پێتان دەڵێم کە هۆکارەکانی چییە، وەزارەتی شارەوانیش دوو کۆمپانیای لە دهۆک هەیە وەزارتی کشتوکاڵیش کۆمپانیایەکی هەیە، ئەو بیرۆکەیەی کە وەزارەت کۆمپانیا بۆخۆ دامەزرێنێت و توانای وەزارەت بۆ ڕاپەراندنی ئەو کۆمپانیایانە دوو هۆکاری سەرەکی بوون، یەک لەوانە ڕێکخراوەکانی(UN ) ڕاستەوخۆ کار نادەنە حکومەتی هەرێم تەنها بە ڕێگای کۆمپانیای کەرتی تایبەت نەبێت، و بۆ ئەوەی ئێمە بەشدار بین لەو پرۆسەیە و کادیرانمان سوود وەرگرن و تواناکانمان بخرێنە ناو پرۆسەی ئاوەدان کردنەوە، ئێمە ئەو بیرۆکەمان بە مێشکدا هات تاکو ئێمە سوڕانەوەیەک دروست بکەین وابوو ئێمە ئەو کۆمپانیایەمان بەناوی کۆمپانیای سێبەر دروست کرد بۆ وەزارەت، تاکو ئەو کارانە لەو ڕێکخراوانە بگرنەوە، تاکو زەمانەتی نەوعیەت بکەن و سوود لە کادیران وەرگرن و ئێمەش بتوانین بەشدار بین، مەبەستی ئەو کۆمپانیایە ڕاپەراندنە نەک بۆ قازانج ، زۆر لە پرۆژەکان ئێمە حەقی تێچونی وەردەگرین لەبەر ئەوەی وەکو دەزانن بابەتەکە تەنافوسیە دەبێتە کەم کردنەوە، وەکو گوتمان مەبەستی ئەو کۆمپانیایە قازانج نییە مەبەست بەشداری کردنە، اکتفایەکی خۆیان بۆ دروست بووە، سیستەمێکی محاسبی هەیە، سیستەمێکی چاودێری هەیە، ساڵانە دوو جار ئێمە چاودێری دەکەین و ڕاپۆرتیان دەربارەی بەرز دەکەینەوە بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت و بۆ پارێزگاش، زۆربەی ئەو پرۆژانەی لە ڕێگای ڕێکخراوەکان دروست دەکرێت لەو ڕێگایەوەیە، بۆ نمونە: ڕێگای ئەتروش ــ بلان کۆمپانیای دهۆک لە هابیتاتی وەرگرت ئێمە جێبەجێی دەکەین، لەبەر ئەوەی ڕێگایەکی سەرەکیە و هیچ کۆمپانیایی خۆماڵی یان بەڵێندەر ئەو توانایەی نییە ، قەناعەت بکەن سی ئالیەتی وەزارەت لەسەر ئەو ڕێگایە کار دەکات چونکە هەند ڕێگەیەکی قورسە وگرنگە و ستراتیجیە، بۆ تەصامیم، ڕێگایەک دروست دەکرێت پێوستی بە رووپێوی هەیە، پێویستی بە موسەمیمێک هەیە ،ئێمە توانیومانە کە پرۆژەی گرنگ لەو ڕێکخراوانە وەربگرین، نەوەکو بەڵێن دەرێک کە شارەزایی و توانای نەبێت.

سەبارەت بە ڕێژەی ئاوەدانکردنەوە کە ٧٠ ــ ٧٥٪ مان ئاوەدان کردۆتەوە، مەبەستی ئێمە

١٠٠ ٪ سەد نییە لەوانەیە قوتابخانەیەکی کەم بێت، ڕێگایەکی کەم بێت، یان هەندێ خانووی کەم بێت، دوای دەساڵ بە تەئکید پێوستی بە فراوان کردن هەیە، بەڵام دەستی ئاوەدانکردنەوە گەیشتۆتە ٧٥ ٪ گوندەکانمان، هەندێک لەوانە سەدا سەد تەواو بووین، لەوانەیە هەندێکیشیان لەوانەیە ٥٠ ٪ بێت ، هەندێکی تر بەردەوامین لە تەواو کردنی خزمەتگوزاریەکانیان، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە سەرژمێری تەواومان هەیە، هەر ساڵەو ئەو سەرژمێریانە نوو دەکەینەوە ، هەر دێیەک چ خزمەتگوزاری لێ کەمە، چ پێویستی هەیە، ئەوەش دەبێتە بنچینە بۆ پلانی ئێمە.

پرسیارێکی تر کرا کە ئاوەدانکردنەوە بەشی شێر وەردەگرێت، من ئەوەشم ڕاڤە کرد، لەڕاستیدا لەسەرەتای فەیسی ٨ و ٩ هەندێک بەشی ئاوەدانکردنەوە بەرز بۆوە بەڵام پێش ئێستا زۆر کەم بوو بۆ ڕێژەی پرۆژەکان، دوایی هەموو دەم پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە موکلیفن، تەنانەت ئەگەر سێ ملیون تەرخان بکرێت بۆ دهۆک و هەولێر لەبەر ئەوەیە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە موکلیفە و پارەیەکی زۆری تێدەچێت کەم پرۆژەی پێدەکرێت، لە کاتێکدا ئەگەر دوو ئەوەندە بێ ئەوە پرۆژەکان زیاتر دەبن. ناوچەی میرۆس پرۆژەکانی دواکەوتوون ڕەزامەندی ڕێکخراوی هەبیتات تاکو مانگی هەشت ئەوجا بەدەست ئێمە گەیشتووە، تاکو ئێمە خۆمان ئامادە کرد و هەندێک کرفتی تەکنیکی لەسەر زەوی چارەسەر کرا بۆ سەرەتای مانگی نۆ ئێمە دەستمان بە کار کردوە وبەس وەکو زۆربەی ئێوە بزانن کە ناوچەی میرۆس ناوچەکی شاخاویە، پێش مانگێک بەفری لێباریوە، بۆیە ئێمە مەجبورین کارەکان ڕاگرین، بە پشتیوانی یەزدان بەهاری دێت بە هیمەتەوە دەست بەکار دەبینەوە، هیمەت دەکەین تاکو پایز ئەو پرۆگرامە هەموو تەواو بێت و خەڵکەکە دەچێتەوە سەر جێگای خۆیان. سەبارەت بە ڕێکخراوی (UNOPC) کە سستن لە کارەکانیاندا، ئێمەش ئەو تێبینیەمان کردوە، هەوڵمان داوە کە جەخت لەسەر ڕێکخراوەکانی (UN) بکەین، بەڵام بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەوە وەزارەتی مرۆڤایەتی پەیوەندی لەگەڵیاندا دەکات.

پرسیارێک سەبارەت بە بنکەی تەندروستی نازدار بامەرنی کرا کە لە شەقامی سەرەکی نزم ترە هۆکارەکەی چی بوو؟ زۆر سوپاس بۆ ئەو پرسیارە، بۆ ئەو بابەتە بۆ ئەوە نییە کە بەرپرسیاریەتم نێتە سەر تەنها بۆ ئەمانەت وتاکو خەلفیەتی ئەو بابەتە بزانن، وەزارەتی ئێمە تاکو فەیسی دوو و سێ سەرپەرشتی کردنی لە ئەستۆ نەبوو، هەر وەزارەتێک بۆ خۆی سەرپەرشتی دەکرد، دواتر گرفت پەیدا بوون، یەک لەوانە ئەو گرفتەیە، لەبەر ئەوەی ئەو گرفتە، پێویست بوو ئەندازیاری سەرپەرشتیار تێبینی بکردایە، دوای ئەویە جێبەجێ کرا ناتواندرێت زەوی پڕ بکەیتەوە یان بینایە چارەسەر بکەیت، ئەوە یەک لەو گرفتانە و گەلێک لە گرفتی تر، چونکە هەندێک وەزارەت تایبەتمەندییان ئەندازیاری نین، کە سەرپەرشتی دەکەن بە تەئکید ئەو سەرپەرشتیە بەو ئاستە نابێت، بۆیە گرفت پەیدا دەبێت لە دوای ئەوە، ئەوە بوو ئێمە بە پشتیوانی سەرۆکی حکومەت و بە ڕێکەوتنی هەردوو لا یەکێتی و پارتی سیستەمێکی نوێمان بۆ سەرپەرپەرشتی دانا بۆ

جێبەجێ کردنی پرۆژەکان کە وەزارتی ئەندازەیی سەرپەرشتی پرۆژەکان بکات، ئێستا وەزارەتی ئێمە سەرپەرشتیەکی فیعلی لەسەر پرۆژەکاندا دەکات تەنانەت ئەگەر پرۆژەیەکی بینای کارەبا بێت، لەبەر ئەوەی ئاوەدانکردنەوەیە ئەندازەییە، ئێمە دوو وەزارەتمان هەیە کە ئەندازەیینە و کاری ئەوانە ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە، لەو بنکەیە لەبیرمە بە نووسین لەبەر ئەوەی لە سەردەمی من نەبوو، ئەندازیارێکی وەزارەتی تەندروستی سەرپەرشتی کارەکەی دەکرد وەزارەتی ئیعمار بە نووسراو بۆ وەزارەتی تەندروستی نووسی بوو کە ئەو شتە روو دەدات، دواوای کردبوو کە چارەسەرێکی بکەن، هەرچەندە بۆ ئێمە نەهاتووە کە لۆمەی یەکتری بکەین چونکە گرفتەکە هی هەموومانە، بەڵام ئەویش بۆ ئێمە بۆتە دەرسێک تاکو زیاتر سەرپەرشتی و چاودێری بکەین و بدەینە خەڵکی بەرپرس و هەر لەسەرەتاوە محاسەبە بکەین نەک لە کۆتایی، وەزارات دامەزراون تایبەتمەندی خۆیان وەرگرن تاکو زیاتر موەفەق بن، ئێمە زۆر پابەندی بە جۆری ئیش دەدەین و ئێمە ناتوانین لە کارێک بەردەوام بین تاکو نەزانین تا چ رادەیەک سەرکەوتووین تێدا، ئەوە سیستەمێکی پێوستە بۆ ئێمە، هەر کارێک دەکرێت لە هەر قۆناغێکی دا پێوستی بە نۆرینی تایبەتی خۆی دەبێت، تاکو ئەو نۆرینانە نەجاحەت نەهێنێت ناتواندرێ بچیە قۆناغێکی تری کارەکان، ئێمە مەجبورین پشت بە تاقیگەی بیناسازی ببەستین، من دڵێم ناچارم، بەڵام بە دڵخۆشیەوە هاوئاهەنگی لەگەڵ تاقیگەی بیناسازی دەکەین، بەمانای ئەگەر ئەنجامێکی باشی نۆرینەکە بدات واتا کارەکانی ئێمە سەرکەوتوو دەبێ، سەبارەت بە وەزارەتی من و هەردەم رێنمایی من بۆ ئەندازیارەکانمان ئەوەیە کە جۆر باش بێت، ناتوانین سەرکەوتن بەدەست بێنین ئەگەر جۆرەکەی باش نەبێت، بۆ زانیاری جەنابت لە رێگای بریاری ٩٨٦، لەبەر ئەوەی تاقیگەی بیناسازی سوود لە بریاری ٩٨٦ ناکات، ئێمە لە رێگای وەزارەتی خۆمان پار چەندین کەرستەو مەواد و جیهازمان بۆ داوا کردن ئەوساڵ بەهارێ گەیشتن ولەرێگای وەزارەت بۆمان دابین کردن مەشقیان لەسەر کرد کاروبارەکانیان باشتر بوو لە لایەنی جۆر و خزمەتگوزاری.

پرسیارێک کرا لەسەر رێگای روبیا ـ ئیفراز کە کۆمپانیا جێبەجێی دەکات و حکومەت قیرتاوی دەکات هەر ئەو بابەتەیە کە ئێمە ناچارین و پرۆژە بەش بکەین لەبەر ئەوەی قیرتاو کردن شمولی بریاری٩٨٦ ناکات.

سەبارەت بە ئاوی ژێر زەوی ، کە زۆر بیر لێدراون، منیش ئەو مەترسیەم هەبوو کاتی راپۆرتی خۆم رێک دەخست، دیار بوو کە ئێمە زۆر بیر لێدەدەین ئێمە زەرەرێک بەو سەرچاوانە دەگەێنین، ئێمە کۆکین لەگەڵتاندا کە ئاوی ژێر زەوی زۆر شتێکی گرنکە ، پێویستە ئێمە بیپارێزین ، کەلەوانەیە لە داهاتوو ئاو ببێتە گرفتێکی سەرەکی، لەبەر ئەوە ئەنجومەنی وەزیرانیش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە، ئێمە دوو لیژنەمان هەیە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و لەسەر ئاستی پارێزگا بۆ بریار دان لەسەر بیر لێدان، ئەوە ساڵێکە نەک هەرکەسێ داوایەک پێشکەش بکات ئێمە ناچین بۆی لێبدەین لازمە ئەو لیژنەیە بچێت بریار بدات پابەندی ئەو پێوانە جیولوجیانە

بکات کە هەر بیرێک چەند دوور بێت لەوەی تر و سەرکەتووی بیر لە لایەنی جیولوجی، بۆ ئەوە ئێمە سیستەمێکمان هەیە بیر لێدانێ ونەک عەشوائیە لەهەر شوێنک بێت، و هەتا بتوانین ئێمە پشت بە بیران نەبەستین ئێمە هەوڵ دەدەین بەڵام هەندێک جاران ناچارین، نەکانی هەیە نە رووبار نزیکی ویێ هەیە، بۆیە لەهەندێ شوێندا مەجبورین و بەردەوام مەجبور دەبین کە ئێمە بیر بۆ ئەوان لێبدەین بەڵام چەندی کەم بێت باشترە، ئەو چوار پرۆژە گەورەیەی کە من ئاماژەم بۆ کرد، ئەو چوار پرۆژە زیاتر لە ١٠٠ گوند سوودی لێ وەردەگرن ئەو سەد گوندە هەموویان گرفتی ئاویان هەیە، کە نە بیری لێ سەرکەتوو دەبێ نەکانی هەیە نەرووباری لێ نزیکە، ئێمە هەستاین دوای هەوڵدانی زۆر لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی یونیسێف سیستەمی یەک یەک گوند وتاق تاق جێبەجێ دەکات، ئەوە ساڵێک دەبێت کە ئەو سیستەمە سەرکەوتوو نییە، پێویستە پەرە بە ستراییجیەکە بدەن و یەک پرۆژە بۆ بیست گوندان بێت، یەک ئیدارە بێ و ئاوەکەشی باشتر بێت، زیاتر سود لە ئاوی رووبار وەرگرین، هەر چوار پرۆژەی ستراتیجی کە سەد گوند سودی لێ وەردەگرێت، ساڵی دادێت بە پشتیوانی خوا دەست بەکاری دەکەین و تەواو دەبن ، بۆ جۆریش ئێمە گۆڕانکاریەکمان خستە کارەکانی خۆمان، هەندێ ناوچە ئاماژەیان پێدرا کە دەستی ئاوەدان کردنەوەی نەگەیشتێ، لای خۆم ناوەکانم نووسیوە کەگەرامەوە جارەکی تر چاوێک بە هەموو پرۆگرامی خۆماندا دەخشێنمەوە و وەڵامی جەنابتان دەدەمەوە بە رەسمی، و ئەگەر تاکو ئێستا نەکراون ئەوە لە بەرچاویان دەگرم تاکو بە زوو ترین کات بکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی بەدواداچونیان هەیە تکایە بە کورتی،کاک محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن عبدالعزیز :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من بۆ خوشکە نەسرین ئەوە بوو، لەوانەیە کە لێم حاڵی نەبووبێت کەمن داوای ئەوەم نەکردوە کە کۆمەڵگاکان ئاوەدان بکرێنەوە و خانووی زیاتریان لێ بکرێت بەڵکو هانی خەڵکەکەی بدرێت بچنەوە سەر جێگای خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە پرسیاری دواکەوتنی ڕێگای ئەتروش ــ بلانم کرد، وەکو ئەندازیارێک دوو ساڵ هەر لە ڕێگاو بان کارم کردوە، ڕێگاکە لە بەهاری ١٩٩٧ دەستی پێکرا، بۆ ساڵێک کاریان تێدا کرد لەسەر بودجەی حکومەت دواتر چووە سەر بڕیاری ٩٨٦، سەبارەت بە منەوە لە ساڵی ١٩٩٧ دەستی

پێکرد، لەبەر ئەوە دەڵێم دواکەوت جەنابی وەزیر دەڵێ لە مانگی ٩ دەسمان پێکرد، من مەبەستم ١٩٩٧ کە خۆی ئەو کات جەنابیان وەزیر نەبوون،ئەوە یەک. دووەمیان باسی قطع و دەفنی ئەو ڕێگایەت کرد کە من باسی تەصامیمی قەتع و دەفنی زۆرم کرد من باسی گوندم کرد بەس گوندێک بۆ گوندێک دەچێت ئەو گوندەش ٨ماڵە ، زۆر گوندی وا هەنە، واتا بۆ کۆمەڵێک دێ ناچێت تاکو ڕێگایەکی فەنی کلاسەی بۆ بکەین، ڕێگای دهۆک ـ هەولێر دەبێت قەتع و دەفنێکی تەواوی بۆ بکەین من نەم گوتووە لەو ڕێگایە قەطعی دەفنی تەواوی بۆ نەکرێت دەبێ گرێت لەسەر مواسەفاتی کلاس ئەی بێت جۆری ڕێگای نێوان پارێزگاکان یان ڕێگای دوەلی، ئەوە کلاس ئەی پێدەڵێن، ئەوە مواصەفاتی تایبەتی هەیە دەبێ هەورازیەکەی لە نوان ٣ تاکو ٤٪ بێت زۆر هەورازی نەبێت قەوسەکانی زۆر کراوە بن تیرەی زۆر گەورە بن تاکو سێ گرێت بن دەبێت ئەو مواصەفاتانەی تێدا بێت بەس من باسی ڕێگای گوندم کرد گوتم کە مبالەغەی تێدا دەکرێت و نمونەی من لەسەر گوندی کوادشێ بوو لە قەزای سێمێل سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ خوشکە نەسرین کە ئەو وەڵامەی داینەوە، بەڵام من لەسەر ئەو ڕێژەیەی کە جەنابیان گوتیان ناوچەی زاخۆ نزیکەی ٧٠٪ ئەگەری ئەمنی، واتا ئەو ٣٠٪ جەنابیان هێشتیەوە ئەو ٣٠٪ یەش نەکراوە بۆ نمونە، ناوچە هەیە لە ١٩٩٦ وە بابەتی ئەمنی لێ نەماوە بە حوکمی ئەوەی کە جسرێکی تێدایە کوردستانی خۆمان بە تورکیا دەبەستێتەوە هێزی سەربازی لێیە ، واتا بابەتی ئەمنی لێ نیە ئەویش بابەتی ئیعماری لێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەدواداچونێکم لەسەر قسەکانی بەڕێز جەلال خۆشناو هەیە، کاک ابراهیمیش باسی ڕێگا فەرعیەکانی کرد، ئەو ڕێگایانە بە فەقیری بە پارەی حکومەتی هەرێم دەمان کرد بە تێکەڵەیەکی فەقیرانە، بەڵام ڕێگای ریفی دەبێت بە (مەکەدام) بە(کرستۆن)یان بە شتێکی زۆر بە هێز دروست بکرێت، لە ئەوروپاش زۆر شوێنی وا هەیە بە هەزاران باران و لافاو تێک ناچێت، ئێمەش دەبێت دیزاینی خۆمان بگۆڕین، لەو ڕێگایە راستە بێ قیرە بەڵام هەر وەکو ڕێگای قیر جۆرە بلە بە هێزە زۆر باشە، نەک برایم کۆت،ئەگەر دیزانی خۆتان بکۆرن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، بەڵام لە لایەنی نزامیەوە بێت دەبێ بەدواداچونەکەت لەسەر پرسیارەکەی خۆت بێت،کاک شێخ یەحیا.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لەسەر رێژەکە من رجام وایە ئەو وتەیە تەنها هی ئێرە نییە دوو مانگ پێش ئێستا دیمانەیەکیان لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە کرد بوو لە ئەوروپا لە برایەتی بڵاو کرابۆوە هەمان رێژەی دەست نیشان کرد بوو کە ٧٠٪ دیهاتەکانمان ئاوەدان کراونەتەوە، وتەکە بەلامەوە جێگای دڵخۆشکردنە انشاء الله وایە بەڵام ئەگەر واش بێت تۆزێ بە لامەوە قورسە، بۆیە تۆزێکی تر روون کردنەوە نەک بۆ ئێرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونی بکەوە بۆچی قورسە؟.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەو شێوەیە ئاوەدان نەکرابێتەوە بڵێین ئاوەدانمان کردۆتەوە لەوانەیە کەسی تر یارمەتیمان نەدات بۆ ئاوەدانکردنەوە، لەوانەیە خۆمان بڵێین پێویستمان پێی نییە، بۆیە حەز دەکەم رێژەکە زیاتر روون بکرێتەوە و ئاشکرا تر بێت نەک هەر بۆ ئێرە بەڵکو بۆ ئێرە و شوێنانی تریش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حەمید میران فەرمو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بریاری ٩٨٦ و ئەو فێسانەی دوایی بەتایبەتی فێسی ٨ بەدواوە، بەراستی ئەو جۆرە پرۆژانەی باسم کرد دەوەستێت لەسەر چالاکی وەزارەتەکانمان، ئەوەش یەکێکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لاوەکانمان کەمتر بچن بۆ دەرەوە و مەرجیش نییە کە ئەو پرۆژانە پرۆژەی گەورە بن هەتا ئەوانەی کە هەیە هی دەزگاکانی هەرێم یان هی نادیەکان ئەو گۆڕەپانانەی کە لە کۆنکریت دروست کراون هەر نەبێ بۆیان پڕ بکەنەوە، تاکو ئەگەر یاری زانێک کەوت دەستێکی نەشکێ یان شوێنێکی نەشکێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوایین وتار بۆ جەنابی وەزیرە ، فەرموون

**بەڕێز نسرین مصطفی صدیق/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کاک محسن زۆر سوپاس بۆ ئەو روون کردنەوەیە، ببورە من پرسیاری تۆ بەهەڵە تێگەیشتم، بەبیری من داهاتەوە کە یەکێک بوو لەو پرسیارانەش کە ئەو گوندانەی کە چەند ساڵە ئاوەدان نەکراونەتەوە چ پرۆگرام لەبەر دەستە،ئەوە دەبێتە دەست پێک بۆ ئەوە پرۆگرامی خۆمان بە گشتی باس بکەم سەبارەت بەو ناوچانەی کە ئێمە نەمان توانیوە ئاوەدانیان بکەینەوە لەبەر بارێکی نائارامی، پار و ئەوساڵ ئێمە خەریکی دامەزراندنی کۆمەڵگای هاوچەرخین لە گوندەکاندا، ئێمە دەمانەوێت بەتایبەتی ئەوانەی دوورن و دەستی ئاوەدانکردنەوەی بە قورسی دەگاتێ و زۆر گرفت لە گەیاندنی کەرستە و کەل و پەل دەبیندرێت ، ئێمە هەول دەدەین بە شێوەیەکی شارستانی دروستی بکەینەوە، نەک بە شێوازی دێیە کۆنەکان و خانووی قور و سەرەکەی دار بێت نەخێر ئێمە دەمانەوێت، وەکو کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ بێت و بەڵام لە هەمان گوند بێت، بەوەش خەڵکەکەی زیاتر هاندەدرێت بۆ ئەوەی لە خانوێکی هاوشێوەی ئەوەی تێیدایە لە شار و کۆمەڵگا زۆرە ملێکان، ئەوە بۆتە پرۆگرامی ئێمە، بۆ ئەوە ئێمە زیاتر لە پارێزگای دهۆک ئەوەمان کردوە لەبەر ئەوەی دەستپێک لەوێ بوو، ئێستا ئێمە گەیشتوینەتە هەولێر و هەمان شێواز پێڕەو دەکەین، سەبارەت بە کۆمەڵگاکان و ئەو خەڵکەی لە شێلادزێ و شوێنی تردان، بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی نێروەیی و رێکان و بەرواری و زاخۆش، ئێمە پلانمان بەدەستەوەیە کە کۆمەڵگای گوندی هاوچەرخیان بۆ دروست بکەین، سەبارەت بە دهۆکیش کۆمەڵگای بیرفکامان دەست پێکردوە، ٥ ،٦ کۆمەڵگای تر رەنگرێژی بۆ کرا رەزامەندی وەرگیرا ، بەڵام لەبەر زستانێ ئێمە لەوانەیە بەهارێ دەست پێ بکەین یەک لەوانە ئەوەی ئامێدی یە، سەبارەت بەوەی کە ئەو رێگایە لە ساڵی ١٩٩٧ دەستی پێکراوە، من وەکو بەرپرسێک لەو کاتەی لە ساڵی ٢٠٠٠ دەستمان بە کارەکانمان کردوە وەڵامی بەرێزیانم دایەوە لەمانگی ٩ی ساڵی ٢٠٠٠ دەست بەکار کراوە، بۆ ئەوەی برینێکی زۆر لە رێگاکە هەیە بۆ ئەو دێیەی کە باسی کرد من دوایی تەعقیبی دەکەم، منیش کۆکم لەگەڵ راکەت وەکو ئەندازیار وەکو پلان دانەر بۆ خەرج کردنی پارەی مبللەتەکەمان ، حەق نییە ئێمە پارەی زیادە بدەین بۆ هەشت خانوو بە تەنها، منیش لەگەڵ تۆم ، تەعقیبی دەکەم،

سەبارەت بە زاخۆش ئەو ٣٠٪ کە کاک رزگار لەو باوەڕەدایە کە نەکراوە، دەبینین کە ئێمە لە ناو پلانی خۆمان چمان داناوە، ئەگەر کەمایەتیەک هەیە ئێمە بە هاوئاهەنگ داخیلی دەکەین، بۆ ئەوە من حەز دەکەم کە پێشنیارێک بکەم بۆ سەرۆکی پەرلەمان، کە نوێنەرایەتی ناوچە ناوچە یەک

یەکە یەکتری ببینین و پلانی خۆمانیان نیشان بدەین، جیا لەوە کە بە شێوەیەکی رەسمی دەیاندەینێ، واتا پرۆگرامێکی سەردان هەبێت هەر نوێنەرێکی ناوچەیەک لە ئەندامان راستەوخۆ باسی ئەوە بکەین کە چ کراوە تاکو ئاگاداری ئێوە بکەینەوە، یان چ پێویستی هەیە راستەوخۆ بڵێنە ئێمە، من حەز دەکەم ئەوە پێشنیارێک بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی باشە قبولی دەکەین و دراسەی دەکەین .

**بەڕێز نسرین مصطفی صدیق/وەزیری ئاوەدانکردنەوە:**

سەبارەت بە رێژە پێویست ناکات ئێمە لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویان بکەینەوە، ئەوە بابەتێکە کە چۆن مرۆڤ بیری لێ بکات، لەوانەیە تۆ دەبینی کە ئەو رێژەیە بە دیار بێخرێت، لەبەر ئەوەی کەس هاوکاری ئێمە ناکات لایەنێکی تریش هەیە مرۆڤ بیبینێت کە ئەو رێژە باشە بە دیار بێخین تاکو کەسانێک کە ئێمەیان پاراستووە بزانێت ئەنجامی پاراستنی ئەو ئاوەدانیە، بۆیە نابێت تۆ دەستی خۆت بەردەی، دواتر لە هەمان چاوپێکەوتن ئەگەر جەنابت باشت خوێندبێتەوە، من گوتبووم ٦٥٪ ئاوەدانی کراوە من نەم گوتووە ١٠٠٪، سوپاس بۆ تێبینی جەنابت لەوانەیە جارێکی تر پتر هەوڵ بدەم شەفافیەتی زیاتر بێخمە رێژەکە کە ١٠٠٪ نییە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەمان چاوپێکەوتن کە ئێمە باسی گوندەکان دەکەین باسی ئاوارانیش دەکەم، گوتومە کە ٢٣٪ی خەڵکی ئێمە ئاوارەیە و بێ خزمەتگوزاریە، هێشتا ٨٠٠٠٠ کەس بێ خانووە لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی، لە هەمان چاوپێکەوتن ئەوەشم گوتوە، دەبێت ئێمە شانازی بەوە بکەین کە توانیومانە دەستی ئاوەدانکردنەوە بگەیەنینە ٧٠٪ دێکانمان، هیچ حکومەتێک نەیتوانیوە ئەوەی ئێمە کردومانە بیکات، لەراستیدا دەبێت ئێمە شانازی بە کارەکانمان بکەین، تەنانەت ئەگەر ئێمە خانوێکیشمان لە شوێنێک دانابێت بەلایەنی کەم ئێمە توانیومانە بگەینە ئەو شوێنە، هەندێ شوێن هەیە تاکو خانویان بۆ نەکەی ناتوانیت قوتابخانە یان رێگایان بۆ ببەی، واتا یەک تەواوکەری ئەوەی ترە، کە دەستی ئێمە گەیشتۆتە ٧٠٪ دێکانمان ئەوە جێگای شانازیە، راشم وایە کە پێویستە ئێمە بە دیاری بێخێن بۆ خەڵک بە تایبەتی بۆ خەڵکی دەرەوە، چونکە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە کاریگەریەکی زۆرییان لەسەر دەکات، ئەو شوێنانەی من چووم و گفتوگۆی لێ دەکەم، ئەو خەڵکانە بەس ئاوەدانییان لە خەیاڵە، تۆ دەزانی کە شتێکی فیزیاویە کە خەڵک ئەو شتە دبینێت بەبیری دادێت، بۆ ئەوە پێویستە ئێمە نەترسین، بەتایبەتی ئێمە موازەنە دەکەین. لەوێ شتێکی باش کراوە لەوێ کەم و کورتی تێدایە.

سەبارەت بە پرۆژەی وەرزشی کە تاکو ئێستا نەکراوە، ئێستا ئێمە هەوڵ دەدەین کە بیری ئاوەدانی بە شێوەییەکی تەواوکەر بکەین ، بە ئاوەدانکردنەوەی شوێنێک ئێمە هەوڵ دەدەین کە هەموو جۆرە پرۆژەیەکی تێدا دابنێین، بەتایبەتی خزمەتگوزاری ئیداری بۆ نمونە ئێمە تێیدا سەرکەتوو بووینە تاکو، کاتێ ئێمە گوندێک ئاوەدان دەکەینەوە شتی سەرەکی داخیل بکەین لەگەڵ ئەو

ئاوەدانکردنەوە وەکو خانوو، ڕێگا، پرۆژەی ئاوە، ئاوەڕۆیە، قوتابخانەیە، بنکەی تەندروستیە، کۆمەڵگای ئیداریە، بنکەیەکی کۆمەڵایەتیە. ئێمە نەمان توانیوە مزگەوت یان کەنیسە داخیل بکەین، قبول ناکەن، ئێمە ئەوەمان بۆ حکومەت یان مەجالی تر هێشتۆتەوە، لەگەڵ ئەو مەدخەلە دەتوانین شتی تریش داخیل بکەین، ئومێد دەکەین کە چالاکی تریش بکەین وەکو گۆڕەپانێک وەکو هۆڵێک بۆ خەڵکی خۆمان دەستەبەر بکەین.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ئاوەدانکرنەوە و گەشەپێدان، نەسرین خان ، لەراستیدا شایستەی ئەوەیە کە ئەو دانیشتنەمان دانیشتنێکی سەرکەوتوو بوو، بە تێر و تەسەل باسی کاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کرا، بەڕێز جەنابی وەزیر بە راشکاو و دوورو درێژی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، ئەوانەش کە وەڵام نەدراونەتەوە لەبەر زانیاری تەواو و سەرژمێری ورد بووە، لەوانەیە لە داهاتوودا وەڵامەکە بداتەوە، لەو دانیشتنە لە دانیشتنی پێشووشدا لەگەڵ وەزیری ئەشغال ئەگەر تێی بنۆرین بۆمان بە دیار دەکەوێت کە چەند پێویستە لەسەر شانی هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەر کە پشتگیری ئافرەتی کورد بکات تاکو پێش بکەوێت بەرامبەر بە برای و باوکی و خزم و کەسی کەپیاوە شان بەشانی ئەو بێت، پشتگیری مافەکانی ئافرەت و کاری ئافرەت دەبێتە هۆی ئەوەی نەک تەنها نەسرین خان و نازەنین خانمان بۆ پێبگەیەنێ و بواریان پێ بدات خزمەتی گەل و وڵاتەکەیان بکەن، چ لەناوەوە و چ لە دەرەوە، بەڵکو دەیان و سەدان نسرین و نازەنین خانمان بۆ پێبگەیەنێ کە بتوانن خزمەتی دۆزی گەلەکەیان بکەن، جارێکی تر سوپاسی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان دەکەین، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین و پاش پشوودان لە سەعات «١»ی پاش نیوەڕۆ درێژە بە دانیشتنەکەمان دەدەین، سوپاس.

پاش پشوودان........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان ، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٢)ی خولی دووەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، پێش نیوەڕۆ خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارمان کۆتایی پێهێنا، ئێستا دەست بەکاری خاڵی دووەمی بەرنامەکە دەکەین، پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز کاک کریم سنجاری وەزیری ناوخۆ دەکەین، هاتنی بەمەبەستی بەرچاوخستنی چالاکیەکانی وەزارەتەکەی و وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراقە، هیوا دارم ئەو دانیشتنەش وەکو دانیشتنی پێش نیوەڕۆ بەسوود بێت بەتایبەتی سوود بەخش بێت لەرووی چالاکی و بەرهەمەکانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی

کوردستـان، هەروەها بۆ پتەو کردنی هاوکاری و کاری هاوبەشی نێوان پەرلەمان و وەزارەتی ناوخۆ، تکا لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەین بفەرموێ بێتە سەر سەکۆ، کارەکانمان بەو شێوەیە دەبێت دانیشتنەکەمان تاکو سەعات ٤ بوارمان لەبەر دەستدایە، سەرەتا وەزیری ناوخۆ راپۆرتەکەی دەخوێنێتەوە پاشان دەرفەت دەدرێت بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەپرسیاری لێ بکەن، بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە هەمووی بەیەکەوە، پاشان ئەگەر بوار رەخسا بۆ ئەو بەڕێزانە هەیە کە پرسیاریان کردوە بەدواداچوون بکەن ئەگەر بە وەڵامی جەنابی وەزیر موقنیع نەبوون، دواتر دوا وتار بۆ جەنابی وەزیرە کە کۆتایی دانیشتنەکە دێنێ،داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین کە بفەرمووێ راپۆرتەکەی پێشکەش بکات.

**بەڕێز کەریم سنجاری / وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن

خۆشحاڵین کە ئەمرۆ لێرە لە بەردەم ئێوەی بەڕێزدا بوەستین، کە ئێوەش نوێنەری راستەقینەی دەنگی میللەتەکەمانن، بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندیە گشتیەکانی گەل و وولات لە هەرێمی کوردستاندا، ئاشکرایە کە ماوەیەک بەر لە ئێستا، لەسەر ئەم مینبەرە پیرۆزەدا متمانە و باوەڕی بەڕێزتانمان پێبەخشرا، بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی ناوخۆ و ئێمەش بە دڵنیاییەوە بەڵێنمان دا کە هەرچی لە توانامانادا هەبێت ئەنجامی بدەین بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی گەل و وولات و دریغی نەکەین لە پێشکەش کردنی خزمەت و کاری چاکە و پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی گەلەکەمان کە خۆیان لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنوێنن. و بەمەبەستی شی کردنەوە و ئاگادار بوونتان لە هەموو ئیش و کار و چالاکیەکانی وەزارەتەکەمان لەماوەی دەست بەکاربوونی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم ،بەتایبەتی ئەو کار و چالاکیە بە نرخانەی کە لەسەردەمی برای بەڕێزمان کاک فاضل میرانی ئەنجام دراوە تاکو ئیمرۆ هەوڵ دەدەین لەو راپۆرتەماندا تەواوی کار وچالاکی و پرۆژە خزمەتگوزیەکان و ماندووبوونی سەرجەم فەرمانبەرانی وەزارەتمان بە هەموو دەزگاکانیەوە بخەینە بەردەست بەڕێزتان، و پاشانیش بە خۆشحاڵیەوە وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەینەوە، و هەموو پێشنیار و بۆچوونێکی دڵسۆزانەی ئێوەی بەڕێزیش دەخەینە سەر بارنامەی کاری داهاتووی وەزارەتەکەمان تاکو بتوانین بە هەموو لایەکمان باشترین و چاکترین خزمەت بە خاک و وڵاتەکەمان بکەین ،

بەڕێزان

هەروەکو دەزانن کە وەزارەتی ناوخۆ یەکێکە لە پێکهاتەکانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گرنگی و رۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم، بەپێی رێنمایی و بریارەکان ویاساکانی کار دەکات لەپێناو پاراستنی

سەروەری یاسا و چەسپاندنی سیستەمی گشتی و دابین کردنی هێمنی و ئاساییش و دڵنیایی و متمانەی هاووڵاتیان ، و پارێزگاری کردنی سەر و ماڵ و موڵکیان و ،هەر وەها کار دەکەین لە پێناو پاراستن و بەردەوامی ئازادی یە گشتیەکان و ریز گرتن لە بنەما دیموکراتیەکان و مافەکانی مرۆڤ و بەکار هێنانی ڕێگا و شێوازی یاسایی دیموکراتی و زانیاریانە بۆ چارەسەر کردن و کۆنترۆڵ کردنی گیر و گرفتەکان، ئەو هێمنی و ئارامیەی کە ئێستا باڵی بەسەر هەرێمەکەماندا کێشاوە تاکو رادەیەکی باش لە ئەنجامی ماندوو بوون و شەو نخونی دەزگای ئاسایشی هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەدی هاتووە لە پێشکەش کردنی کارە خزمەتگوزاریەکان و جێبەجێ کردنی ئەرکی سەر شانیان وپێڕەو کردنی یاسا و ڕێنماییەکان کە هەست دەکەین بەرە بەرە ئاستی هۆشیاری لەبەرز بوونەوەدایە و ڕێژەی تاوان و سەرپێچیەکان بەرەو نزمی و کۆنترۆڵ دەچێت و ئەو هەموو چالاکیانەشمان بە پشتگیری و دڵسۆزانەی برای بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە راستەوخۆ هەموو جۆرە پشتگیری و ئاسان کاریەکی دارایی و مەعنەوی بۆ وەزارەتمان تەرخان کردوە، ئەوەش نیشانەی دڵسۆزی و خەمخۆری بەڕێزیانە بۆ پاراستنی ئاسایش و بەرقەرار بوونی سیستەمی یاسا و ریز گرتن لە بنەما دیموکراتیەکان و ئازادیە گشتیەکان و پارێزگاری کردنە لە بەرژەوەندی گشتی و سەرو ماڵ و موڵکی هاولاتیانی کوردستان، ئاشکرایە کە ئەم جۆرە خزمەتکردنەی میللەتەکەمان ئاوات و ئامانجی لە مێژینەی پارتیمان بووە کە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆرشی مەزنی ئەیلول و تاکو ئیمرۆش بەرژەوەندیەکانی گەل و وولات لە پێش هەموو شتێکی داناوە و خەباتی بۆ کردوە هیچ کاتێک موساوەمەی لەسەر نەکردوە ئومێد دەکەین لە ئایندەدا بتوانین بەهەموولایەکمان هەوڵی زیاتر بدەین لە پێناو خزمەتکردنی هەرێمەکەماندا و پێشکەش کردنی چالاکی و و پرۆژەی باشتر ئەویش بە پێڕەو کردن و جێبەجێ کردنی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی سەرۆکی هێژامان کاک مەسعود بارزانی کە هەمیشە داکۆکی لەسەر سەروەری یاسا و بەرقەرار بوونی هێمنی و ئاسایش و پاراستنی ئەم ئەزمونە دیموکراتیە دەکات کەوا دیارە بۆتە جێگای برواو تێروانینی هەموو جیهان و ئومێدێکی گەورەی بە دوارۆژی گەلەکەمان بەخشیوە،

بەڕێزان،

لێرەدا دەمانەوێ راپۆرتەکەمان بکەینە چەند بەشێک تاکو بتوانین بەشێوەیەکی زانستیانە هەموو کار و چالاکی و پرۆژە خزمەتگوزاریەکانمان پێشکەش بە بەڕێزتان بکەین، ولە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێک لە بەرنامەی کاری داهاتووی وەزارەتمان دیاری بکەین و ئومێدەوارین تاکو ئێستا توانیبێتمان بەئەرکی سەرشانی خۆمان هەڵسابین و داوای پشتگیری و ڕێنمایی زیاتریش لە ئێوەی بەڕێزیش دەکەین.

بەشی یەکەم.

دیوانی وەزارەتی ناوخۆ: دیوانی وەزارەتی ناوخۆ یەکێکە لە دەزگا گرنگەکانی کارگێری وەزارەتی

ناوخۆ کە چەند بەڕێوەبەرایەتیەک و بەشی جیاجیای پێوە بەستراوەتەوە

١ ـ بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و کاروباری ناوخۆ:ئەو بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکانی وەزارەت لە ڕووی کاری ڕۆژانە و دامەزراندنی فەرمانبەران و پلە بەرز کردنەوە و ئەژمار کردنی ڕاژە و خانەنشین کردنیان ، ژمارەی فەرمانبەرانی ٢٦ فەرمانبەری مەدەنی و ١٥٢ ئەفسەری ڕێگا پێدراو و پۆلیس و کارمەندی ئاسایش کە بەکاری ڕۆژانەیان هەڵدەستن و گرنگ ترین چالاکیەکانی لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا:

أ ـ کردنەوەی میلاکی ناحیەی سمێلان لە قەزای چۆمان و بەحرکە لە قەزای ناوەندی هەولێر و چەمانکێ لە قەزای ئامێدی.

ب ـ دامەزراندنی بەڕێوەبەری ناحیەی پیران و مەزنێ و دابین کردنی کەوادیر و فەرمانبەری پێویست بۆیان لەگەڵ دامەزراندنی فەرمانبەرانی تر بۆ میلاکی سەرجەم دەزگاکان لە قەزا و ناحیەکان.

ج ـ کردنەوەی فەرمانگەی کاروباری شارستانی لە سنوری قەزای مێرگەسور.

د ـ جیاکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی لە وەزارەت و لکاندنی بە وەزارەتی شارەوانی ئەویش بە پێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان .

ه ـ لکاندنی ئیدارەی ناحیەی کەلەک بە قەزای ئاکرێ و بەستنی ناحیەی خەبات بە قەزای ناوەندی هەولێر و لەسەر داواکاری خەڵکی ناوچەکە و دوای ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

و ـ کردنەوەی چەندەها خولی فێرکردنی کارگێر و ژمێریاری و کۆمپیوتەر لە دیوانی وەزارەت و پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و فێرکردن و توانستی زیاتری فەرمانبەران و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ خزمەتکردن.

ز ـ کردنەوەی بنکەی پێشخستنی کارگێری و دەست پێکردنی یەکەم خولی ئەو بنکەیە لە وەزارەت بۆ بیست بەڕێوەبەری ناحیە بەمەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی کارگێری و لێهاتویی سەجەم سەرۆکی یەکە ئیداریەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بەمەبەستی زیاتر ئاشنا بوونیان لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردنی ئەرک و فەرمانەکانییان بە شێوەیەکی گونجاو ، و بڕیار وایە ئەم جۆرە خولانە بەردەوام بێت و هەوڵ دراوە کە جێگا و ڕێگای گونجاو بۆ ئەو پرۆژەیە دابین بکرێت و باڵەخانەیەکی تایبەتیان بۆ دروست بکرێت تاکو لە داهاتوودا سەرجەم سەرۆکی یەکە ئیداریەکان لە بەڕێوەبەری ناحیەو قایمقام و پارێزگاکان و جێگر و یاریدەدەرەکانیان و گەورە بەرپرسانی وەزارەت سوود لەو خولە زانستیانە وەرگرن ئەویش لە ڕێگای دابین کردنی کەرستەی پێویست و مامۆستا و وانە بێژی پسپۆڕ لە هەموو بوارەکانی یاسایی و کارگێری و دارایی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و نەتەوایەتی و ئابووری ...هتد.

٢ـ بۆ ئەوەی بەڕێزتان زیاتر ئاشنا بکەین بە هەیکەلی ئیداری پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی

کوردستان ئامارێکی پوختی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانتان دەخەینە بەردەست.
أ - پارێزگای هەولێر بریتییە لە ٧ قەزا و ٢٦ ناحیە، کە زۆربەیان ئاوەدان کراونەتەوە دام و دەزگاکانی ئیداری تێدا بەردەوامە، تەنها سنوری قەزای مەخمور نەبێت لەگەڵ ناحیەکانی کە ٣ ناحیەن، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا نین و هەروەها ناحیەی طق طق بەهەمان شێوە، سەبارەت بە ناحیەی سمێلان و بەحرکە تاکو ئێستا ئیدارەیان بۆ دانەندراوە.
ب - پارێزگای دهۆک بریتییە لە ٦ قەزا و ١٨ ناحیە کە هەموویان ئاوەدانکراونەتەوە دام و دەزگاکانی ئیدارە تێیدا بەردەوامن تەنها ناحیەی چەمانکێ کە تاکو ئێستا ئیدارەی بۆ دانەندراوە.
ج - پارێزگای سلێمانی برتیە لە ٧ قەزا و ٢١ ناحیە، بارەگایەک بەناوی پارێزگای سلێمانی لە هەولێر دامەزراوە، بەمەبەستی راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی هاوڵاتیانی ئاوارەی سنوری ئەو پارێزگایە و ئیش و کارەکانییان بە رێک و پێکی بەڕێوەی دەبەن.
د - پارێزگای کەرکوک بریتیە لە ٩ قەزا و ٢٣ ناحیە ئەویش بە هەمان شێوەی پارێزگای سلێمانی یە و سەبارەت بە هەردوو پارێزگایی سلێمانی و کەرکوک لە رووی میلاکی سەرۆکی یەکە ئیداریەکان زۆر بەیان دامەزراون و لە دیوانی پارێزگاکان پەرت دەبن.
٣ - دوابەدوای بڕیاری بوونە پارێزگای سۆران و ئاکرێ لە لایەن وەزارەتمانەوە و هەنگاوی عەمەلی بۆ ئەو مەبەستە نراوە و دوو لیژنەی باڵا لە پارێزگای هەولێر و دهۆک ئەرکی ئامادەکردنی پرۆژە و کارە پەیوەندی دارەکان دەبینن، بۆ ئامادەکردنی نەخشەو رووپێوی و دیاری کردنی پێداویستیەکانی کارگێری هەردوو پارێزگا نوێکە بەردەوامین لە دروست کردنی بینایەو باڵەخانە بۆ دەزگا خزمەتگوزاریەکان و ئەم کارەش بە هامئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەن قۆناغ بە قۆناغ لە جێبەجێ کردندان .
٤ - بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری، ئەو بەڕێوەبەرایەتەی هەڵدەستێت بە کار و چالاکیەکانی ژمێریاری لە هەموو رووێکەوە بە پێی بوجەی پەسەند کراوی ساڵانە تاکو ئێستا نزیکەی ٢٠ ملیون دینار لەو دوو ساڵەی دوایدا خەرج کراوە بۆ راپەڕاندن و دابین کردنی سەرجەم پێداویستەکانی لە کرینی چەک و تەقەمەنی، دابین کردنی جل و بەرگی زستانە و هاوینە بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە ئەفسەر و کارمەندان و کرینی ئۆتۆمبیل و چاککردنەوەی بیناو سوتەمەنی بە هەموو جۆرەکانیەوە ئامێرەکانی ساردی و گەرمی ، چاپەمەنی چاکردنەوەی ئامێر و کەل و پەل، بەخشینەکان بۆ رێکخراوەکان و کۆمەڵەکانی هاوڵاتیان، فەرمانبەرانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، کرینی کەل و پەل و کەرستەی پێویستی تر، خەرج کردنی بری ٧ هەزار دۆلار بۆ کرینی ٦ کۆمپیوتەر و خەرج کردنی ٨ هەزار دۆلار بۆ کرینی حەفت ئامێری بێتەل،
٥ - بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەکان.
أ - ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بە جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە ١٧ و ١٨ ی حزبەکان و

کۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستان، لە مۆڵەتدانی یاسایی و بەدواداچونی ئیش و چالاکیەکانیان و ئەو حزبانەی کە مۆڵەتی یاساییان پێدراوە تاکو ئێستا ٢٤ حزبن.

ب ـ جێبەجێ کردنی یاسای کۆمەڵەکانی ژمارە ١٨ ساڵی١٩٩٣ لە مۆڵەتدانی یاسایی بە کۆمەڵە و سەندیکا و یەکێتی و بنکەی رۆشنبیری و یانە وەرزشییەکان، و تاکو ئێستا بە گشتی نزیکەی ٢٣٠ مۆڵەت دراوە، و ئەو مۆڵەتانەی کە لەو دوو ساڵە دراون بریتین لە: کۆمەڵەکان ٩، رێکخراوەکان ٧، سەندیکاکان ٦، یەکێتیەکان ٢، بنکە رۆشنبیریەکان ١١، یانەکان ٧، کۆی گشتی دەکاتە ٤٢ مۆڵەت.

ج ـ بەواداچوون و بەشدار بوون لە کار و چالاکیەکانی ئەو کۆمەڵانە و پێداچونەوەی ژمێریاری ساڵانەیان و سەپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانیان و پێدانی بەخشین و هاوکاری مانگانە و ساڵانە و یان لە بۆنە تایبەتیەکانیان.

ه ـ دەرکردنی چەندەها رێنومایی و ئاگاداری کردنەوەی کۆمەڵە و رێکخراوەکان و بەهانا هاتنیان لە کاتی پێویست و هەوڵدان بۆ وەرگرتنی پارچە زەوی و دابەش کردنیان بەسەر ئەندامانی کۆمەڵ و رێکخراوەکان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەن و وەزارەتی شارەوانی .

و ـ سزادانی سەرپێچی کارانی هەر کۆمەڵە و رێکخراوێک کە کار و چالاکیەکانیان وەک پێویست نەبوە و یان لە یاسای ژمارە ١٨ لایان داوە ئەویش بە ئاگادارکردنەوە و سەرزەنشت کردنیان کە لە دادگا داواکاریان لەسەر تۆمار دەکرێت

ز ـ ئامادە بوون لە دادگا و لیژنە تایبەتیەکان وەک داوا لێکرا و لەسەر هەر کێشە و کەم و کورتیەک حزب و کۆمەڵە و رێکخراوەکان هەبوویێت بە مەبەستی سزا دانیان و یان هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکانیان بەپێی یاسا.

٦ ـ پلان دانان و هاریکاری. لەبەر ئەوەی ئەو بەرێوەبەرایەتیە و لە دیوان و خۆجێیەتی گشتی هەیە، هەڵدەستێ بە:

١ـ سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکان و جێبەجێ کردنیان .

٢ ـ بەشدار بوون لە لیژنەکانی خەملاندن و فرۆشتنی کەل و پەل و زەوی و خانوو شوقەی کارگێری خۆجێیەتی و موڵکی وەزارەت

٣ـ ئامار کردنی کەل و پەلەکانی وەزارەت لە موڵکداری ئۆتۆمبیلەکان و تەقەمەنی و ئامێرەکانی بێتەل... هتد.

٤ ـ ئامارکردنی هەموو جموجۆلەکانی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان و پارێزگاکان.

٥ ـ ئامارکردنی تەواوی ژمارەی کارمەندان و فەرمانبەرانی وەزارەت وپارێزگاکان و سەرجەم یەکە ئیداریەکان و بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان.

٦ ـ پەیوەندی و هاو ئاهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەر کار و فەرمانێک کە پێیان بسپێردرێ.

٧ ـ خشتەی سەرژمێری سەفەر کردن. لە ڕێگای پارێزگای دهۆک لەماوەی ساڵی ٢٠٠١ لە ڕێگای تورکیا و سوریا کۆی گشتی دەکاتە ٢٩١٨ موعامەلە دەکاتە ٥١٢٠ نەفەر کە سەفەریان کردوە.

٧ ـ بەشی یاسایی، ئەو بەشە سەر بە دیوانی وەزارەتە و ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ڕاوێژکاری یاسایی و تاکو ئێستا هەڵساوە بە:

أ ـ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ٥٠ نووسینگەی تەلەفۆن و فاکسی جیهانی لە ڕووی ئەمنیەوە

ب ـ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ١٤ نووسینگەی ئەنتەرنێت لە ڕووی ئەمنیەوە،

ج ـ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ژن هێنان یان شوو کردن بە کەسانی بیانی نا عێراقی و تاکو ئێستا ١٥٣ ڕەزامەندی دراوە لە ڕووی ئەمنیەوە

د ـ ١٩ هاوڵاتی بیانی ڕەگەزنامەیان پێدراوە بەپێی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی هەموارکراو.

هـ ـ ١١ مۆڵەتی یاسایی بە نووسینگەی فێر کردنی لێخوڕینی سەیارە دراوە.

و ـ ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی بێ ژمارە بوون و ڕەزامەندی تۆمارکردنیان وەرگرتووە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوو چۆ دەگاتە ٢٩٣ تەنها بۆ ساڵی ٢٠٠٠.

بەشی دووەم

بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیەتی گشتی. ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و دروست کردنی باڵەخانە و خانووەکان و بارەگای بەڕێوەبەرایەتیەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ و کۆمەڵگا ئیداریەکان دەکات، لەگەڵ سەرپەرشتی کردنی فرۆشتنی خانوو و شوقەکانی کارگێری و خۆجێیەتی و کتێبخانە گشتیەکان . پوختەی کار و چالاکیەکانی ئەو دەزگایە بەم شێوەیەی دیاری دەکرێت:

لەگەڵ ئەوەی وەزارەتمان سوودی لە بڕیاری ٩٨٦ وەرنەگرتووە و بەرەسمی داخیلی فێسەکان نەکراوە بەڵام بە هەوڵدانمان بەهاوکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی ئەشغاڵ و نیشتەجێ کردن تواندراوە کە کۆمەڵگا ئیداریەکان لە قەزا و ناحیەکان بۆمان دروست بکەن، لەسەر خەرجی بڕگەکانی بڕیاری ٩٨٦ و ئەو پرۆژانەی کە جێبەجێ کراون و یان لە جێبەجێ کردندان لە فێسەکانی داهاتوو تۆمارکراون :

١ ـ پرۆژە جێبەجێ کراوەکانی بڕیاری ٩٨٦:

أ ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی گەلاڵە

٢ ـ پرۆژەکانی لە جێبەجێ کردن دان.

أ ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی هیران لە قۆناغی تەواو بووندایە.

ب ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی شێروان مەزن لە قۆناغی تەواو بووندایە.

ج ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی حاجی ئۆمەران کە لە قۆناغی دەستپێکردندایە .

د ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی سیدەکان لە قۆناغی دەستپێکردندایە.

٣ ـ پرۆژەکانی تۆمارکراو لە فێسەکانی جێبەجێکردن:
أ ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی هەریر فێسی ٧
ب ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی دیانا فێسی ١٠
ج ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی رواندز فێسی ١٠
د ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی خەلیفان فێسی ١٠
هـ ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی دێگەڵە فێسی١١
و ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی خەبات فێسی ١١
ز ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی قوشتەپە فێسی ١١
ح ـ کۆمەڵگای ئیداری ناحیەی عەنکاوە فێسی ١١
م ـ کۆمەڵگای ئیداری قایمقامیەتی قەزای سۆران فێسی ١١
٢ ـ پرۆژەکانی لەسەر بوجەی حکومەتی هەرێم ئەنجام دراون:
١ ـ پارێزگای هەولێر:
أ ـ خەرجیەکانی چاککردنەوەی بینایەو باڵەخانەکان و ئاوەدانکردنەوەیان نزیکەی ٧٠٠ هەزار دینار بووە.
ب ـ خەرجیەکانی دروست کردن و چاککردنەوەی یاریگاکان ٢٣٧ هەزار دینار جگە لە یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری نێودەولەتی.
ج ـ کتێبخانەکان ٧٥ هەزار دینار لەگەڵ ٧٥ هەزار دۆلار کە لەلایەن خێرخوازێکی ئەڵمانی پێشکەش کراوە بۆ دروست کردنی باڵەخانەی کتێبخانەی گشتی لە بلێ و بڕی ٧٦ هەزار دۆلار دیاری کراوە لەلایەن رێکخراوی دیاکۆنیا سویدی بۆ ئاوەدانکردنەوە و کڕینی کەل و پەلی کتێب بۆ کتێبیخانەی بلێ.
د ـ تاکو ئێستا بڕی ٦ ملیون دینار سەرف کراوە بۆ دروست کردنی کۆشکی هونەر لە هەولێر کە بە بڕی ١٣,٥ ملیون دەبێت،
هـ ـ خەرجیەکانی هەمە جۆری پارێزگا لە کەل و پەل و سوتەمەنی و پێداویستیەکان نزیکەی ٢٥٠ هەزار دینارە.
و ـ لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کارگەی دارتاشی کارگێری خۆجێیەتی هەولێر درا بە وەزارەتی پەروەردە بە هەموو کەرستە و بینا و فەرمانبەرانیەوە.
ز ـ ئەو خانوو شوقانەی کە موڵکی کارگێری خۆجێیەتی بوون، و تەملیک کراون بۆ فەرمانبەران و خانەنشین و پێشمەرگە و خێزانی شەهیدان و هاوڵاتیان بە گشتی بەم شێوەی خوارەوەیە:
١ـ ٣٤٦ خانوو کە دەکاتە١٤٦٦٧٣٧٦ دینار
٢ ـ ٧٧ شوقە کە دەکاتە ٣١١٤٠٦ دینار.
ج ـ ٢٢مۆڵەتی مەقالع دراوە.

٢ ـ پارێزگای دهۆک
أ ـ خەرجیەکانی چاککرنەوە و بینایە و باڵەخانەکان و ئاوەدانکردنەوەیان ٥٩٠ هەزار دینار
ب ـ بڕی ٣٠ هەزار دینار بۆ کڕینی پێداویستی و کتێب بۆ کتێبخانەی گشتی دهۆک.
ج ـ ٣٨٨ هەزار دینار خەرج کراوە بۆ ئیستملاک کردنی پارچە زەوی لە سنوری پارێزگای دهۆک
د ـ ئەو خانوانەی کە موڵکی کارگێری خۆجێیەتی بوون تەملیک کراون بۆ فەرمانبەر و خانەنشین و پێشمەرگە و خێزانی شەهیدان و هاوڵاتیان ٢١٢ خانوو کە دەکاتە ٨١٠١٠٨ دینار
هـ ـ ئە پرۆژانەی کە کارگێری خۆجێیەتی جێبەجێیانی کردوە، پارەکەشی وەزارەتی دارایی تەرخانی کردوە:
١ ـ دروست کردنی ٨٥ خانوو لە قەزای ئامێدی بۆ ئەو خێزانانەی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە بە بڕی ٧٨٤٦٦٥٠ تەواو کراون
٢ ـ دروست کردنی ٣٧ خانوو لە باتوفە و دەرکارعەجەم بۆ ئەو خێزانانەی کە لە ئێران گەڕاونەتەوە بە بڕی ٣١٩٦٦٣٣ دینار تەواو کراون.
٣ ـ دروست کردنی بینایەی گومرگی کانی ماسێ بنکەی سەرزێ بە بڕی ١٥٣٢٢١٢دینار تەواو بووە .
٤ ـ دروست کردنی ١٠ خانوو بۆ پزیشکان بە ٢٤٠٠٤٦٦ هەزار دینار تەواو بووە لە پارێزگای دهۆک.
٥ ـ دروست کردنی بینایەی کۆمەڵگای ددان بەو پێیە بڕی ١٦٧٢٩٧٠ دینار تەواو بووە لە پارێزگای دهۆک.
و ـ کۆمەڵگای زۆرەملێی سێمێل تەملیک کراوە بۆ نیشتەجێکانیان.
ز ـ ٣٤ مۆڵەتی مەقالع دراوە.
بەشی سێیەم بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی. گرنگی دەدات بە ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی کار و باری پۆلیس لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیسی پارێزگاکان.
١ـ لە رووی هەیکەلی ئیداریەوە:
أ ـ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگاکان.
ب ـ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی بەرگری شارستانی، تەنها لە رووی میلاک و سەربازیەوە پەیوەندیان بە ئێمەوە ماوە بەڵام لە رووی ئیش و کار و چالاکی گواستنەوەیان لەسەر میلاکی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارن.
ج ـ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کارەبای هەرێم
د ـ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی حراسات.
هـ ـ لەماوەی ئەو دوو ساڵەدا ١٢ بنکەی پۆلیس و بنکەی نەهێشتنی تاوان لە شاری دهۆک و هەولێر ئاوەدان کراونەتەوە.

٢ ـ لە رووی کەل و پەل و پێداویستیەکانی کە لەم ماوەیەدا بۆیان دابین کراوە:
أ ـ کەل و پەل و پێداویستی جۆراو جۆر.
ب ـ ئوتۆمبیل ، دابین کردنی ٤٩ ئوتۆمبیلی جۆراو جۆر بۆ فریاکەوتن و بنکەکانی پۆلیس
ج ـ جل و بەرگ، دابین کردنی جل و بەرگی هاوینە و زستانە بۆ ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە شێوەی بەردەوام.
د ـ دامەزراندنی ١٦٩ ئەفسەر و دەرچووی کۆلیژی پۆلیس لەگەڵ ٧٣٦ پۆلیس.
هـ ـ خەرجیەکانی پۆلیسی گشتی لە ماوەی دوو ساڵ بڕی ٨٥٠٠٠٠٠ دینار خەرج کراوە بۆ سوتەمەنی و چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل و چاککردنەی بینایە و چاپەمەنی و یارمەتی، خەرجیاتی ئینزار و کەل و پەل و پێداویستی ، ئامێر و بینا و جل و بەرگ ، خۆراک ، چەک و تەقەمەنی ، چاکردنەوەی ئامێر
خەرج کردنی ٧٠ هەزار دۆلار بۆ کڕینی ١٠ کرۆڵە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن.
خەرج کردنی ١٨ هەزار دۆلار بۆ پێداویستیەکانی پۆلیسی فریاکەوتن
خەرج کردنی ٩٥٠٠ دۆلار بۆ کڕینی ئامیری پەیوەندی.
خەرجی کردنی ١٦٦٠ دۆلار بۆ کڕینی کۆمپیوتەر بۆ مەکتەبی تەحقیق ئەدیلەی جینائی.
٣ ـ لە رووی پەراوی لێکۆڵینەوە (حسم الدعاوى التحقيقيه):
أ ـ نەخشەی کێشە و پەراوی لێکۆڵینەوەکانی ئەنجام دراو ئەنجام نەدراو لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە هەموو بنکەکانیەوە، کێشەکانی گشتی تۆمار کراو ١١٢٢٥ کێشە ئەوەی کراوە ١٩٥٩ئەوەی تەواو نەبووە ٧٦٦٢، رەوانە کراو بۆ دادگای ١١٩٢ کێشە، کێشە ئاشکرا بووەکان ١٠٩٠ کێشە، کێشە ئاشکرا نەبوەکان ٨٢٤ کێشە، تاوانبارە گیراوەکان ٢٩٩٥ تاوانبار، تاوانبارە هەڵاتوەکان ١٧٦٧تاوانبار، ئاگادارکرنەوەکان ,٨٩٠٣
ب ـ نەخشەی کێشە و پەراوی لێکۆڵینەوەکانی ئەنجام دراو ئەنجام نەدراو لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک بە هەموو بنکەکانیەوە، کێشەکانی گشتی تۆمار کراو ٦٢٠٠ کێشە، تەواو کرا و ٢٤٢٨کێشە ،تەواو نەکراو ٣٧٣٣ کێشە ، رەوانەکراو بۆ دادگا ٨٢٠کێشە ، ئاشکرا بووەکان ٥٩٢٦کێشە، کێشە ئاشکرا نەبووەکان ٢٣١ کێشە، تاوانبارە گیراوەکان ٤٧١٨ تاوانبار، تاوانبارە هەڵاتوەکان ٦٥٤ تاوانبار، تەبلیغات ,١٧٤٩٧.
ج ـ رووداوەکانی سووتاندن بە گشتی ١٠٢ حاڵەت هەیە ساڵی ٢٠٠٠ روویان داوە بەهۆی خۆسوتاندن و قەزا و قەدەر و کێشەی خێزانی و ناخۆشی.
٤ ـ لە رووی ئەنجام دانی تاوانەکانی تۆمار کراو لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا، تێبینی دەکرێت کەرادەی تاوانکاری روو لە کەم بوونەوەیە، بە تایبەتی تاوانە ترسناکەکان وەک کوشتنی بەئەنقەست و دزی گەورە، ئەگەر بەراود بکرێت لەگەڵ ساڵانی پێشوو بەرادەی ٣٠ تاکو٤٥ ٪ تاوانەکان کەمتر بووینە، بۆ نمونە دەبینین رووداوەکانی تەقینەوە لەم دوو ساڵەی دواییدا تەنها

٦٧ ڕووداوی تەقینەوە بووە و ٧ لەو ڕووداونە پێش تەقاندنەوەیان ئاشکرا کراون پوچەڵ کراونەتەوە و تاکو ئێستا لە ئەنجامی١٧١٨١ تاوانی تۆمارکرا ولە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک تواندراوە زیاتر لە ٧٧٠٠ تاوانبار دەستگیر بکرێت لەوانەی کە فەرمانی گرتنیان بۆ دەرکراوە و تەنها ٢٥٠٠ تۆمەتبار دەستگیر نەکراون، کە ئەوانیش زۆربەیان تاوانەکانیان جونحەیە یان سەرپێچیە، یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن و ،ئەوانیش بەدواداچونی یاساییان لە دژدا بەردەوامە.

أ ـ خشتەی سەرجەم تاوانەکان لەو دوو ساڵە ئەنجام دراون، کوشتنی بە ئەنقەست هەوڵی کوشتن کوشتنی بالا، ئەوە هەموو بەیەکەوە کۆی گشتی دەخوێنمەوە، کۆی گشتی کە ئاشکرا نەکراوە لە ساڵی ٢٠٠٠ تۆمارکراوەکان ٩٣٥٩ جینایە بووە،ئاشکرا کراو ٨٧٠٠ بووە ، ئاشکرا نەکراو ٦٥٩ بووە، لە ساڵی ٢٠٠١ ، تۆمارکراوەکان٧٨٢٢بووە ئاشکرا کراو ٧٣١٩ بووە ، ئاشکرا نەکراو ٥٠٣ بووە.

بەشی چوارەم بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی، یەکێکە لە دەزگا هەرە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و وەزارەتی ناوخۆ بە تایبەتی، و پێکهاتەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بە گشتی بریتین لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەکانی هەولێر و دهۆک و کەرکوک و سلێمانی، و لەسەرجەم قەزاو ناحیەکانیش بنکەی پێویست هەیە ، بەڵام تاکو ئێستا هەست دەکەین ئەرک و ماندوبوونیان گەلێ زۆرە بەڵام وەکو پێویست پسپۆڕیان لە بواری کارکردن نەبینیوە و وەکو پێویست نەیان توانیوە ئامانجەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیمان بپارێزن، بۆیە وەزارەتمان لەو بەرنامەی کاری دارێژاوی گەلێ پرۆژە و بیرۆکەی نوێی هەیە و ئەویش بە هاوکاری و هاوئاهەنگی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرنامەی نوێی کاری ئەو دەزگایە دارێژاوە وخەریکە قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرێت و ئەو قۆناغانەی کە تاکو ئێستا جێبەجێ کراون یان لە قۆناغی جێبەجێ کردندان ،

١ ـ قۆناغەکانی جێبەجێ کراو:

أ ـ دانانی سیستەمێکی گشتی بۆ جیا کردنەوەی ئیش و کار و ئەرکەکانی کارمەندانی ئاسایشی گشتی لە ئیش و کاری پۆلیس و بۆ ئەو مەبەستەش کاری باش ئەنجام دراوە.

ب ـ دامەزراندنی لیژنەی قبول کردنی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە ئاسایش دابمەزرێن کە پێویستە ڕەچاوی لێهاتوویی و خوێندەواری و ڕابردوی زۆر لایەنی تر هەن بەهەند هەڵبگیرێت.

ج ـ دابین کردنی پێداویستی و دروست کردن و نۆژەن کردنەوەی بارەگا و باڵەخانەی ئاسایشی ناوشار و شارۆچکەکان کۆمەڵگاکان بە پێی پێویست.

د ـ دابین کردنی ئۆتۆمبیل و کەرستە و ئامێری بێتەل و پێداویستیەکانی تر.

هـ ـ کردنەوەی چەند خولێکی زانیاری و زانستەکانی فێر بوونی پاراستنی ئاسایش و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ هاوڵاتیان.

حکومەتە، حراسەی شەو لە هیچ شوێنێک نییە بە تایبەتی لەناو بازار و و لەناو گەڕەکەکان، ئومێد دەکەین لەو پێشنیارانەی کە دای ناوە لە داهاتوو جێبەجێی بکات، جێبەجێ کردنی یاسای (حرس لیلی) پرۆگرامێکی زۆر پێویستە و لە کۆنەوە لە عێراق جێبەجێ کراوە لەگەڵ ئەوەی لێرە چەند ساڵێک دەبێ جێبەجێ نەکراوە، ئومێد دەکەین بخرێتە بەر چاوی جەنابی وەزیر. پرسیاری دووەمم، کاتی خۆی پرسیارێکمان لە جەنابی وەزیری تەندروستی لەبارەی نەهێشتنی دیاردەی فرۆشتنی دەرمان لەلایەن منداڵانەوە کرد ئەویش لە وەڵامدا گوتی کە ئەوان نووسراویان کردوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ و جێبەجێ کردنەکەی لەلایەن ئەوانەوەیە، ئومێد دەکەین ئاوڕێک لەو دیاردەیە بدەنەوە، لەبەر ئەوەی فرۆشتنی دەرمانات بە هەموو جۆرەکانیەوە لەلایەن منداڵانەوە دیاردەیەکی شارستانی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، پرسیاری یەکەمم دەربارەی ئەو کەسانەیە کە تاوانبارن و فەرمانی گرتنیان هەیە، کە جنابی ئاماژەی بۆ کرد کە ژمارەیەکیان گیراون و ژمارەیەکیان ماون ئایا ناونیشانی تەواوی ئەو کەسانەی دەستگیر نەکراون لاتان هەیە؟ و ئەگەر نییە دەتوانن لە موختارەکان وەر بگرن،و ئایا پلانتان چیە بۆ گرتنی ئەوانە؟ هیوا دارین لە سەردەمی وەزیری ناوخۆی ئێستامان کە تاوانبار نەمێنێت کە دەست گیر نەکرێت ئەوە پرسیاری یەکەم بوو. پرسیاری دووەمم دەربارەی گۆڕینی ژمارەی ئۆتۆمبیلە، ئایە چ بیرۆکەیەک هەیە بۆ گۆڕینی ژمارەی ئۆتۆمبیل هەر وەکو لە مەرکەز کراوە ، لەبەر ئەوەی زۆر سەیارە هەنە ژمارەکانیان پارێزگاکانی خواروەوە و لێرە کارتیان بۆکراوە و کار دەکەن، بە رای من ئەگەر ئەوە بکرێت و ژمارەکان نوو بکرێنەوە ئەوە سەرپێچی نامێنێت یان دزینی سەیارە بن بڕ دەکرێت و چی تر نایەتە ناو هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەت تێنەگەیشتین مەبەستت چییە؟.

**مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئایا چ بیرۆکەیەکیان هەیە کە ژمارەی نوێ واتا ژمارەی تازە بدەنە ئەو سەیارانەی هەر وەکو ئەوەی لە ناوەند کراوە، مەبەستم ژمارەکانی هەرێمە بگۆڕدرێت بە لەوحەی تر و هەمان ژمارە جیا بێت لەگەڵ ئەوەی کۆن، لەو کاتە ئەگەر لەوحەکەی نوێنەکرێتەوە دیارە ئەوە سەیارەیە دزراییە، ئایا بیرۆکەیەکی وا هەیە یان نا؟.

پرسیاری سێیەمم، دەربارەی بووک گواستنەوەیە، دیمەنێکی زۆر ناشیرنە ئەگەر هەوڵ بدرێت سنورێک بۆ ئەوە دابندرێت، دەبینیت دە سەیارە لە ڕێگادا دەڕۆن و شەقامەکە دەبڕن و لە لایەنی هاتووچۆوە نزام یاسایەکیان بۆ دابندرێت کە لە سێ یان چوار سەیارە پتر نەبێت بۆ بووک گواستنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، هەرچەندە ئەو مافەمان نییە پرسیاری ئاراستە بکەین چونکە چوار مانگە پۆستی وەزارەتەکەی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا پرسیار کردن بۆ پێگەیاندن و ئاست بەرزی باشە، یەکەم یاسای پارێزگاکان کاتی خۆی کە ئۆتۆنۆمی کارتۆنیمان بۆ دەرکرا، پارێزگار لە ئەمینداری ناوخۆ بەهێز تر بوو ، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لە سەردەمی ئەمڕۆمان چاوێکی پێدا بخشێنینەوە تاکو ئە مەرکەزیەتە بێتەوە دەستی وەزارەتی ناوخۆ،ئەوە یەک.

دووەم، قوتابیانی خول و کۆلیژی پۆلیس، ئایا فەرهەنگی مافی مرۆڤ وەکو دەرسێک دەخوێنن یان نا؟ لەبەر ئەوەی ئەو سیستەمەی پێشوو کە لەسەردەمی ڕژێم هەبوو لەگەڵ سەردەمی ئێستامان ناگونجێت.

سێیەم، بێجگە لە ئەمنیەت و ژیانی خەڵک و پرنسیپە پیرۆزەکان ئەو پرۆسەیە ئاسایش و دادوەری و یەکسانی ئەو بەها پیرۆزانە، بیرو باوەڕی حزبی دەسەلاتدار و حزبە هاوپەیمانەکانی ئەم پرۆسەیە لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆ دەپارێزرێن، هەندێک لە سەرپێچی و پێشێلکاری لە ساڵی ١٩٩٠ تاکو ئەو چەند ساڵەی دوایی ڕووی داوە لە کوردستان ، ئایا وەزارەتی ناوخۆ نیەتێکی هەیە جەردێکی ئەو پێشێلکاریانە بکات کە هەیە یان هەندێ بڕیاری دادگا دەرچووە و تاکو ئێستا جێبەجێ نەبووە،یان تاوانبار هەیە سەربەستە، ئایا پرۆگرامێک هەیە کە ئەو جەرد و بەدواداچوونە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە پرسیارەکان بە مورەکەزی بکەن چونکە ٣٣ ناومان نووسیوە، وەکو پێشتریش باسم کرد سەعات چوار کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێت،جا ئەگەر دەتانەوێت وڵامی پرسیارکانتان بە باشی بدرێتەوە ئەوە بێ پێشەکی داخیلی پرسیارە کە بن، لەراستیدا هیچ پرسیارێک شەرح کردنی ناوێت، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز رجب شـــــعـــــبـــــان طیب:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

من سێ پرسیارم هەیە، یەکەمیان، یاسایەک دەرچوو لەبارەی چەک هەڵگرتن ئایا چ هەنگاوێک نراوە بۆ جێبەجێ کردنی لەبەر ئەوەی بڕیارێکی پەرلەمانە.

پرسیاری دووەم، زیندان و بەندیخانەکان تاکو ئیستا هەر ئەوەیە کە رژێم کاتی خۆی دایناون، لەوانەیە لەگەڵ بڕگەکانی مافی مرۆڤ نەگونجێت، ئایە لە بیرۆکەیاندا نییە کە بەندیخانەیەکی گەورە دروست بکرێت بنەماکانی مافی مرۆڤی تێدا بەرجەستە بێت؟.

پرسیاری سێیەمیشم کاک شێروان کردی دەربارەی بە پارێزگا کردنی ئەو چوار قەزایە بوو.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کاک حسن فەرموو.

**بەڕێز حـــسن صـــالح رۆســـتم خـــان:**

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

من سێ پرسیارم هەیە، یەکێ لەبارەی پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمانە وەکو پۆلیسی حراسات هیچ ئیمتیازاتێکیان نییە، وەکو خزمەت و تەرفیع و عەلاوەو جەژنانە و جل و بەرگ و ئەو شتانە، کە لەوانەیە پۆلیس بەشێوەیەکی گشتی بیگرێتەوە.

دووەم سەبارەت بەو سەیارانەی کە ژمارەی کاتی گومرگیان بەستووە، چەند جارێک دەسەلات درا بە وەزیری ناخۆ تاکو ژمارەیان پێبدات،نەک ئەوانەی کە لە دەرەوە داخیل دەبن،هەندێکیان هەیە لەو سەیارانە مۆدێلیان نوێن، سەیارەکە هی ئەوە نییە بە گوێرەی ئەو مۆدیلە پارەی وەربگیرێت، چاوێک بە گومرگی ئەو سەیارانە بگێڕدرێت، بە گوێرەی جۆرەکەی. بەدواداچونێک لە لایەن مرورەوە نییە هەندێ لەو سەیارانە ژمارەی کۆنی دیوەتەوە بۆ خۆی لە شوێنی ئیدخالەکە بەستویەتی و گوێ بە هیچ نادات، بەدواداچونێک بەگوێرەی ئەوەلیاتی مرور بکرێت تاکو ئەو سەرپێچیانە نەمێنن.

پرسیاری سێیەم، زۆر جار بەرپرسانی پێشمەرگە گلەیی ئەوەیان هەیە کە کەم یان زۆر ریز لە پێشمەرگەو بەرپرسان ناگیرێ بەتایبەتی لە فەرمانگەکانی پۆلیس و مرور ،سەبارەت بە هەندێ تاوان کە لەلایەن هەندێ پێشمەرگەوە دەکرێت، ئایا هاوئاهەنگی لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناخۆ هەیە لەم بارەیەوە؟.

**بەڕێز ســــەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

کاک محسن صالح فەرموو.

**بەڕێز محسن صالح کتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناخۆ دەکەین، پرسیارێک لەبارەی فرۆشتنی دەرمانە لەناو بازار ئایا چ ئیجرائاتێک وەرگیراوە لەم بارەیەوە، پرسیاری ترم ئەوەیە لە ناحیە و قەزاکاندا سەرپێچی مروری زۆرە و پۆلیس ئەو دەسەڵاتەی نییە کە پەرلەمان بە مروری داوە ئایا هیچ پلانتان لەبەر دەستی دایە بۆ کردنەوەی بەشێک یان هۆبەیەکی مروری لە ناحیە و قەزاکاندا؟ تاکو موحاسەبەی سەرپێچی کاران بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.قەیس فەرموو.

**بەڕێز د. قەیس دیوالی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من سێ پرسیارم هەیە، پرسیاری یەکەم فەرمانێک لە دیوانی وەزارەت دەرچوو لە مێژووی ٢٩/٣/٢٠٠٠ کە ژمارەکەشی (٢٢٢٧) بۆ کردنەوەی دوو بنکە یەک لەوانە هی بامەڕنێ بوو هەرچەندە هی بامەڕنێ دامەزرا و ئێستا کاری خۆی دەکات، ناحیەکەی تر ناحیەی چەمانکێ بوو، پرسیاری من ئەوەیە بۆچی تاکو ئێستا هیچ ئیجرائاتێک بۆ ناحیەی چەمانکێ نەکراوە بۆ هەیکەلی ئیداری، هەروەها دامەزراندنی بەڕێوەبەر؟ داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم هۆکارەکەی دیاری بکات؟

پرسیاری دووەم، لەبارەی ناحیەی دێرەلوکی سەر بەقەزای ئامێدی، ئەوە ماوەی ساڵێکە بەڕێوەبەرەکە دەستی لە کار کێشاوەتەوە لە پارێزگا دەوام دەکات، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا بۆچی تاکو ئێستا بەدیلێکی تری بۆ دانەندراوە؟ لەبەر ئەوەی ئەو ناحیەیە ناحیەکی فراوان و ناحیەکی سنوریە پێویستی بە دانانی بەڕێوەبەرێکی ناحیە هەیە.

پرسیاری سێیەمم، وەکو دیارە کە پارێزگاری دهۆک بەم دواییە سەردانێکی بۆ وڵاتی ئیسپانیا کرد، جێگای خۆی بوو کە لە شوێنی ئەو بۆ راپەڕاندی کارەکان قایمقامێکی بریکار دابندرابا جا یان قایمقامی مەرکەزی دهۆک با یان قایمقامێکی تر، هەر بۆ تێبینی جەنابتانیش پۆستی جێگری پارێزگاری دهۆک بەتاڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد علی فەرموو.

**بەڕێز احـــــــمــــــد علی عـــــمــــــر:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من دوو پرسیاری کورتم هەیە، پرسیاری یەکەم ، هەر لە سەرهەڵدانی راپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری ١٩٩١وە تاکو ئێستا چوار کابینەی حکومەتی هەرێم دامەزراوە، تا ئێستا دەزگای پشکنینی ئیداری دانەمەزراوە، زۆر پێویستە ئەو دەزگایە دابمەزرێت تاکو باشتر و رێک و پێک تر بەرێوەبردن بکرێت.

پرسیار دووەمم ئەوەیە کە پاک سازی زۆر پێویستە لە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و هاتووچۆ بکرێت بەتایبەتی لە ئاسایش، وەکو ئێمە دەزانین ئەفسەران بەقەد ژمارەی پۆلیسانن، ئەگەر پاکسازیەک بکرابا شتێکی باش بوو، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەڕێز فەوزیەخان فەرموو

**بەڕێز فــــوزیـه عــــزالـدین رشـــــیــــد:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من دوو پرسیارم لە وەزیری ناوخۆ هەیە، یەکەمیان بەراستی جێگای خۆشحاڵیە کە ئەفسەری ئافرەت هەیە و دەرچووی بەشی یاسا و ماف لە خولەکاندا، ئایا هەر دەرچووانی ماف و یاسا لەو خۆلانە یان ئەو کۆلیژانە وەردەگیرێن، پرسیارەکەم ئەوەیە کە بەشەکانی تریش بگرێتەوە تاکو زیاتر بوار بە ئافرەت بدرێت رۆڵی خۆی ببینێت؟ لەبەر ئەوەی نیشانەی پێشکەوتن و یەکسانیە.

پرسیاری دووەمیشم، سەبارەت بە هاتووچۆوە من لەو بروایەدام کە سەرپێچی کەم بووبێتەوە لە جادە سەرەکیەکان بەڵام لە شەقامە فەرعیەکان زۆر لۆری لۆری دەبینین، کە ئەویش سزای خۆی هەیە کە (٥٠) دینارە، لۆری نابێت لەو شەقامانە بوەستێت تەنها لە کاتی بار هەڵگرتن یان کارێکی کاتی، زۆر جار بینیومانە کە لۆری وەستاوە و زۆر جاریش دوو ریزیش وەستاون، ئەگەر شەقامە فەرعیەکانی تریش بپشکندرێت تاکو ئەو سەرپێچیانە نەمێنن، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شــــفـــــیــــقــــه فـــقێ عـــبــــدالله:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من یەک پرسیارم هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە راپۆرتەکەیدا هیچ باسێکی سجنەکانی نەکرد لە بەندیخانەکان، هەموومان دەزانین کە بەندیخانە تەنها بۆ سزا نییە بەڵکو بۆ پاراستن و چاکسازیشە، بۆ فێر کردنیشە، و باسی هیچ پرۆژەیەکیشی

نەکرد بۆ دروست کردنی بەندیخانەیەکی نمونەیی هەبێت وبەشەکانی جیا بکرێنەوە بە تایبەتی بەشی ئافرەتان لەگەڵ ئافرەتاندا، لەبەر ئەوەی بەشی ئافرەتان بەشێوەیەک رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت لەگەڵ بارودۆخی ئەواندا ناگونجێت و، هەوەها نەوجەوانانیش کە منداڵن ئێمە دەمانەوێت تێیان بگەێنین و رێگای روونیان نیشان بدەین بۆ فێر بوونی خوێندن یان چەند پیشەسازیەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زەهراخان فەرموو.

**بەڕێز زەهراء حاجی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە، یەکەم پرسیارم، زاخۆ وەکو شارێکی سنوری کێشەی جودا جودای لێیە، رۆژ بەرۆژ گەورە دەبێت، تەنها شەش بنکەی پۆلیسی لێیە لەناو شارو لەدەرەوی، ٢٠٠ پۆلیسی هەیە نیوەیان زیاتر بێ چەکن، نەسریەشیان زۆر کەم و گرفتیشی تێدایە نەخاسمە دوای ئەوەی بڕیار درا کە هەر نەسریەک ببێتە نیو، بۆ نمونە ٥٠٠ ببێتە ٢٥٠، گرفتی ئەوان زیاتر بووە، پرسیارم ئەوەیە کە وەزارەت ئەوەی لەبەر چاو گرتووە بۆ زیاد کردنی دوو بنکەی پۆلیس لەناو شاری زاخۆ و دامەزراندنی ١٠٠ پۆلیس بۆیان و، هەروەها چارەسەر کردنی نەسریەش.
پرسیاری دووەم دیاردەی سیکۆتین وەکو هەموومان دەزانین زۆر بڵاو بۆتەوە بەتایبەتی لە شاری زاخۆ زۆرە و بەرە و زیاد بوونیشە، وەکو وەزارەت هۆکاری ئەوە چیە؟ و چۆن کۆنترۆڵ دەکرێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە، لەکۆندا لە دێهاتە گەورەکان بنکەی پۆلیس هەبوو لە دەرەوەی قەزا و ناحیەکاندا، ئەوەش کاریگەریەکی گەورەی لەسەر دابین کردنی ئەمن و ئاسایش دەبێ، ئایا بیرۆکەی وا هەیە کە ئەو بنکانەی هەبووە نۆژەن بکرێتەوە یان هی تازە دابندرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سعید فەرموو

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم بەشێکی پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی ناوخۆ، سروشتیە کە حکومەت زەمانی پاراستنی موڵک و ماڵی هاوڵاتیان دەکات، هەندێ هاوڵاتی هەن بەخۆیان دەچن بە دەستی خۆیان

حەقی خۆیان وەردەگرن، تۆڵە ساندنی پێدەڵێن، دیاردەیەکی ناشارستانییە و لە وڵاتی ئێمەدا زۆر بڵاوە، نازانم وەزارەت چی هەیە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە ناشارستانییە.
پرسیاری دووەم لەسەر بەندیخانەی دهۆکە، ئەویش ٣٤١ نەفەری تێدایە و شوێنەکەیان زۆر تەسکە، نازانم وەزارەت چارەسەریەکیان بۆ نادۆزێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، پرسیارەکەی من پەیوەستە بە بنکەکانی پۆلیس لەناو شاری هەولێر، ئێستا هەولێر شارێکی گەورەیە فراوانیەکی زۆری لێ پەیدا بووە، بە هەموو شارەکە ٨ بنکەی پۆلیسی تێدایە، هەر بنکەیەکی پۆلیس رووبەرێکی زۆری داگرتووە، وا بزانم کۆنترۆڵ کردنی زۆر زەحمەتە، بۆیە پێشنیار دەکەم ژمارەی بنکەکانی پۆلیس زیاد بکرێت، هەروەها بە پێی راپۆرتی جەنابی وەزیر ناوی کۆلێژی پۆلیس هات، پێشنیار دەکەم، ئامادەیەکیش بکرێتەوە بەناوی ئامادەیی مفەوەزی پاش سێی ناوەندی وەربگیرێت، ئەوەیش دەورەیەکە ئەگەر ئەو دەورەیە نەبینێت نابێت بە مفەوەز.
هەرەوەها بۆ نەهێشتنی تاوان ئێستا لە هەولێر نەهێشتنی تاوانی رۆژئاوا و رۆژ هەڵات هەیە، ئەگەر ئەو دوو مەرکەزانە لەغوو بکرێنەوە و لە هەر بنکەیەکی پۆلیس مەکتەبێکی تایبەتی لێ بکرێتەوە بەناوی مەکتەبی نەهێشتنی تاوان، وەکو بنکەی ئاسایش، سەر بە ئەفسەری بنکە بێت.
پرسیاری کۆتاییم پەیوەندی بە مرورەوە هەیە، ئەوانەی کە بە مرور دادەمەزرێن یەک لە مەرجە سەرەکیەکان ئەوەیە کە مرور خوێندەواری هەبێت، پێشنیار دەکەم کە ئەوانەی دادەمەزرێن دەبێت بەلانی کەم دەرچووی شەشی سەرەتایی بن، لەبەر ئەوەی نووسین و خووێندنەوە پێویستە بۆ مرور، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم ، بەتەئکید وەزارەتەکەی وەزارەتێکی زۆر گرنگە و پەیوەندی هەیە بە جەماوەرەوە، پێم خۆشە ئەو پرسیارانەی لێ بکەم.
١ ـ سەبارەت بەو دوو سێ ساڵەی رابردوو کۆمەڵێ کاری تێکدەری زۆر کرا لە شارەکانماندا و هەروەها کۆمەڵێ کاری تیرۆری کرا لە ناویاندا کوژرانی هەندێ تێکۆشەریش، لەهەمان کاتیشدا بۆ رای گشی دیار ناکرێن، هەستیش ناکەین کە ناردرابن بۆ دادگاکان.
٢ ـ پەیوەندی هەیە بە چەکداری و میلیشیات وەکو باسی کرد، ئەو دیاردەیە بەرەو کەمیە، ئەوە

جێگای شانازی وەزارەتیشە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو دیاردەیە هەیە لەناو شاردا و لە هەندێ بارەگاکان، نازانم وەزارەتی ناوخۆ چ هەنگاوی عەمەلی هەیە بۆ ئەوەی ئەو دیاردە ناشارستانیە لە کوردستان چارەسەر بکرێت.
٣- پەیوەندی هەیە بە مافی مرۆڤ لەکوردستان کە دوو و سێ رۆژی تر ٥٣ ساڵ بەسەر دەرچوونی جاری گەردوونی مافی مرۆڤ تێدەپەڕێت، ئایا وەزارەت چ پلانێکی هەیە لە دەزگاکانی وەزارەت بۆ جێبەجێ کردنی بەندەکانی مافی مرۆڤ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ادریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری یەکەم، جەنابی وەزیر باسی سەرپێچی مروری کرد، کە زۆرە نزیکەی ٧٩ هەزار سەرپێچی تۆمار کراوە، بەتەئکید ئەوەندەی تریش تۆمار نەکراوە، ئیجرائاتی وەزارەت چیە بۆ کەم کردنەوەی ئەو سەرپێچیانە؟ پلانی چیە بۆ داهاتوو؟.
هەروەها لە راپۆرتەکەیدا باسی ئەوەی کرد کە ٢٦ ناحیە لە هەولێر و ١٨ ناحیە لە دهۆک هەن، هەندێ ناحیە هەن ئیدارەیان بۆ دانەندراوە، لەکاتێکدا ئێمە دەبیستین کە مدیر ناحیەی (معوم )دادەمەزرێن لە و ناحیانەی کەرکوک و سلێمانی کە ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەدا نین، ئایا ئەولەویەت بۆ ئەو جێگایانە نییە کە خەڵکی لێیەو ئیش و کاری لێیە پێشان بۆ ئەو شوێنانە دابندرێت.
پرسیارێکی ترم هەڵوەشاندنەوەی حوکمی خۆجێی، ئایا هۆی چیە؟ ئەسبابی موجیبەی چیە؟کە لەغو بکرێت و کەرستەکانی دابەش بکرێت هەندێکی بدرێت بە وەزارەتی رۆشنبیری و وەکو کتێبخانەی گشتی یان کارگەی دارتاشی بدرێتە وەزارەتی پەروەردە، لەکاتێکدا کە کۆمەڵگای پزیشکی دەبێت وەزارەتی تەندروستی بیکات یان کۆشکی هونەر دەبێت وەزارەتی رۆشنبیری بیکات، وەزارەتی ناوخۆ دەیکات ،خۆجێیەتی لەغو دەکات و دابەشی دەکات، واتا تەناقوزێک هەیە لێرەدا ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ جەنابی وەزیر رێکەوتین کە وەڵامەکانتان بەیانی دەدرێتەوە بۆیە لەسەرخۆ پرسیارەکانتان بکەن و ئەگەر هەندێ پێشەکیشی لەگەڵدا بێت چ نییە، شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا وەزارەتی ناوخۆ رۆژێ لە رۆژان بیری کردۆتەوە لە یارمەتی دانی موختارەکانی دێهاتەکان کە یارمەتیدەرێکی گەورەی حکومەتی

هەرێمی کوردستانن و خزمەتێکی نیشتمانیان لەسەر شانە ئەوەش تەکلیفێکی زۆریان دەکات، بە ئامادە بوونیان لە فەرمانگەکانی حکومەت ، بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان و ئەوکارانەی کە پێویست دەکات کە موختار ئامادە بێت، و ئەو ئامادە بوونە زۆر لە کاتیان دەبات و کار لە کاروباریان دەکات و کار دەکاتە سەر دەرامەتیان، ئەوە یەکەمیان.
پرسیاری دووەم، ئایا چەند مۆڵەتی هەڵگرتنی چەک دراوەتە هاونیشتمانیان تاکو ئێستا ، ئایا چەندی سەرپێچی هەڵگرانی چەکی بەبێ مۆڵەت پێشکەش کراوە؟ ئایا پاسەوانی پیادە هەیە لەناو کوچە و شەقامەکانی ناوشاری هەولێر ، ئەگەر هەبێت واباشە سافیرەیان هەبێت، ناوە ناوە سافیرەکە لێدەن بەشەوان بۆ ئەوەی هاولاتیان بزانن کەوا حکومەت بەردەوامە لە پاراستنی ولاتیان و سەر و سامانیان، هەروەها بۆ ئەمانی دانیشتوان و بەو شێوەیە دابین دەبێت و بێ ترس و لەرز لە ماڵەکانی خۆیان شەوان سەر دەنێنە سەر سەرینەکانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاکم سفر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو ڕاپۆرتە پڕ بەهایەی و هەروەها بۆ ئەو بزاف و چالاکیانەی کە ئەنجامیان داوە لە ماوەیەکی کەمدا کە چەند مانگێکە، بەراستی لەو چالاکیە بەرچاوانەی کە ئەنجام دراون، بەدواداچوونی ئەو کەسانەی کە دەست درێژ دەکەن بۆ سەر موڵکی حکومەت کاری دزین و سەریقە و شتی وا دەکەن لەبەر چاوان، هیوا داربن وەزارەت هەر بەردەوام بن لەو شتە پیرۆزەدا.
ئەو خولانەی بۆ بەڕێوەبەری ناحیەکان ئەنجام دەدرێن کارێکی زۆر پیرۆزە، هەروەها بۆ پۆلیس و ئەفسەران جا چ پۆلیس بن یان ئەفسەر بن، من پرسیارێکم هەیە ئاراستەی جەنابتانی دەکەم، بەراستی ڕووداوێک هەیە فەرمانبەری معەوم، بەرپرسی معەوم ئەوە چەند ساڵە هەر وایە بۆ نمونە لە دهۆک ئەوە چوار پێنج ساڵە چوار پێنج قایمقام هەیە، لە دیوانی پارێزگا هەیە چیە دەڵێ قایمقام معەومە، شوێنی ئەوە چییە لە یاسادا، لەوانەیە بۆ ساڵێک شتێکی سروشی بێت یان تا ڕادەیەک باش بێت ئەگەر بووە دوو ساڵ و سێ ساڵ و چوار ساڵ وابزانم شتێکی ناشیرینە و لەوانەیە نەیاساییش بێت.
ئەوە دوو ساڵ دەبێت جێگری پارێزگای دهۆک بەتاڵە، مۆڵەتی وەرگرتووە نازانین! دەستی لە کار کێشاوەتەوە نازانین! نەخۆشە، نازانین! ئەوەش بەراستی شتێکی نا یاساییە و جوان نییە، جارەکی تریش ئاگادارم کردیەوە کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و بەندیخانەی دهۆک زۆر کۆنە ئەگەر بکرێت بینایەکی شارستانی و مۆدرێن دروست بکرێت وەکو هەر فەرمانبەگەکانی تر چونکە زۆر کۆنەو و پارچە پارچەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک برهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم کاک عبدالخالق و کاک رەجەب کردیان ئەویش دەربارەی یاسای چەک بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهرمحمد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لە وەزیری ناوخۆ دەکەم بۆ راپۆرتەکەی من دوو پرسیارم هەیە، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٠ غرامەکانی یاسای هاتووچۆی رێکخستووە و بەندی یەکەمی ٢٠ خاڵە غرامەکەی لە ١٠ دینارەوە دەست پێدەکات تاکو «٢٥٠» دینار، بەندی دووی یاساکە دەسەلاتی دادوەری داوەتە ئەفسەر و قومیسەری پلە دووی هاتووچۆ کە ئەو غرامانە بدا بەسەر سەرپێچکارا و بریارەکەشیان بنبڕە، بەتەنها خودی برای پۆلیس رۆڵی خەسم و دادوەر دەبینێ، پسیارەکەی من ئەوەیە لای هەندێ برای پۆلیس مەزاج رۆڵی هەیە، چ شتێک زەمانی ئەوە دەکات کەوا مەزاج عەدالەت پیس ناکات؟، ئەگەر برادەران چووبن بۆ بازار ئەبینن کەوا چۆن مەزاج بڕیار ئەدات و، بە چ جۆرێک فرق و جیاوازی دەکرێت، ئەوەش بووەتە هۆی گلەیی و بێزاریی برا شۆفێرەکان، چونکە بێ دادی بە دواوەیە، دیارە یاسا لەبەرژەوەندی گەل و زۆربەی هاوولاتیانە توێژی شۆفێر توێژێکی بەرچاوو و روونە، پابەند بوون بە یاساش دیاری ترین نیشانەی شاریستانییە، خۆ دوور خستنەوە لە کاری غرامە و سزا بۆ دانراو گوێرایەڵی و هوشیارییە، جێبەجێ کردنی عەدالەت و دادوەری لە بەرنامەی کاری دەسەلاتی جێبەجێ کردن دا، کارێکی سەرەکی وەزارەتی ناوخۆیە وەکو دەوترێت (الحكومة تتمثل في وزارة الداخلية)بۆیە هیواداریین دادوەریش مەزاج تێکەلاوی نەکرێت، ئەمە پرسیاری یەکەم بوو، پرسیاری دووەمیش لەسەر راپۆرتەکەی جەنابی وەزیری کەوا بەڕێزی وتی: (مارەکردنی بێگانە کە مولەتی پێ دراوە «١٥٣» حاڵەت بوو)، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا ئەو ژمارەیە پیاوانی هەرێمن کەوا ژنی بێگانەیان هێناوە، یا بە پێچەوانەوە، یا هەردوو حاڵەتە؟، ئەگەر بەپێچەوانە بێت ئەو بێگانانە دەگرێتەوە کە ئافرەتی کوردستانیان هێنابێت، چ جۆرە بێگانەیەکەن؟، جەنابیان روونکردنەوەیەک لەو بارەوە ئەگەر بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم و خۆشحاڵیم بۆ پێشەوە چوونی وەزارەتەکەی، بە هۆی دابەش بوونی نەتەوەی کورد و پارچە پارچە بوونی هۆز و تیرە جیاجیاکانی لەو بەشانەدا هەمیشە ئاواتیان ئەوە بوو کە بە ئازادی سەردانی کەسوکاریان بکەن و، سنورە دەسکردەکان

نەمێنن و، ئێستا خۆزگەی شاد بوون و بینینی ئەزموونی هەرێمی کوردستانیشی چووەتە سەر، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەوانەی کە لە کوردستانی ئێرانەوە دێنە سەردانی خزمانیان لە کوردستانی ئازاددا هەر یەکەی «٢٥٠» دینار باجیان لێ ئەسێنرێت، کە بە دراوی ئەوان پارەیەکی زۆر دەکات، بەناوی وەرگرتنی دراوی هاتنە ناوەوەی هەرێم لەلایەن ئاسایشی گشتییەوە، کە لەوانەیە ئەمە بەجێماوی زەمانی بەرەی کوردستانی بێت و، تاوەکو ئێستا کاری پێ دەکرێت، لە کاتێکدا نابێت رۆڵی جوامێرانەی ئەو برایانەمان لەبیر بکەین بەرامبەرمان، بەتایبەتی پاش کارەساتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە و کۆڕەوە ملیۆنییەکەمان بۆ ئەو دیوی سنور، پرسیارەکەم ئەوەیە چۆن و بە چ بڕیارێک ئەم بڕە پارەیە وەردەگیرێت؟ و جەنابی وەزیری چی ئەکات بۆ نەمانی ئەو دیاردەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک حمید میران فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک پرسیارم هەیە، ئەویش سەبارەت بەو کتابەیە کە پارێزگای دهۆک دەری کردووە بەناوی (الحركة العمرانية في محافظة دهوك في ظل القرار ٩٨٦)، ئەمە زانیارییەکی تەواوی تیادایە سەبارەت بە هەموو پرۆژەکان و بەراورد کردنێکی تەواویشی تیایە لەنێوان قەزاکاندا و رێژەی دانیشتوان و، بەهای پرۆژەکانیشی تیادایە و، هەموو پرۆژەکانی بڕیاری ٩٨٦تیادایە بە پێشکەوتن و دواکەوتن و بودجەیەوە، ئەگەر بکرایە بەڕێز پارێزگاری هەولێریش وەکو پارێزگاری دهۆک کتێبێکی دەرکردایە بۆ پرۆژەکانی شاری هەولێر کە لە سایەی بڕیاری ٩٨٦دا جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پرسیارم هەیە، یەکەمیان ئایا وەزارەت هیچ بەرنامەیەکی هەیە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی سواڵ کردن؟ و، بەتایبەتی ئێستا سواڵکەری بێگانە پەیدا بووە کە بوونەتە جێگای گومان و، لە رێگای موصل و کەرکوکەوە بۆمان دێن و، ژمارەیان زۆرە و بەتایبەتیش ٩٠٪ ئافرەتن، پرسیاری دووەم لە راپۆرتەکەی بەڕێز وەزیری ناوخۆدا هات کەوا رەگەزنامەیان بە چەند کەسێکی بیانی داوە، ئەگەر لێرە بکرێت رەگەزنامە بە کەسانی بیانی بدرێت، ئەی ناتوانین رەگەزنامە بە برا فەیلییەکانیش بدەین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی عبدالکریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکانی من کران، یەکێکیان ئەوە بوو کە کاک عبدالخالق ئاماژەی بۆ کرد سەبارەت بەوەی کە زۆر کێشە هەیە نەگەیشتوونەتە ئەنجام، لەوانە کێشەی شەهیدان وەکو کێشەی کاک عثمان سەرسور و کاک فرنسۆ و کاک فرنسیس و کاک سیروان نەورۆلی، هەرچەندە کێشەکانیان کۆن بوون، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتوون بە ئەنجام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روون کردنەوەکەی جەنابت لە جێگای خۆیەتی، چونکە پێویستە پەرلەمانی کوردستان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی شەهید کردنی شەهیدەکانی خۆی بکۆڵێتەوە، سوپاست دەکەین، بەڕێز مامۆستا مەلا دێرشەوەی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکانی من هەندێکی کرا، یەکێکیان ئەوە بوو کە بەڕێز کاک جعفر باسی کرد، سەبارەت بەو برا کوردانەی کە دێنە کوردستانی ئازاد، بەراستی نەوەک تەنها لە کوردستانی ئێرانەوە، بەڵکو لە کوردستانی سوریا و تورکیاشەوە، ئەگەر بۆ بازرگانی دێن ئەوە مافی حکومەتی کوردستانە کەوا ئەو برە پارەیەیانە لێ وەرگرێت، بەڵام ئەوانی تر کە دێنە سەردانی کەسوکاریان بەراستی مرۆڤ شەرمەزار ئەبێت کە ئەبینێت پارەیان لێ وەرگیراوە، ئەو میللەتەی کە کاتی ئەنفال وکیمیاباران و کۆڕەو دا کە ئافرەتەکانیان جلەکانی خۆیان دادەکەند و دەیان دا بە ئێمە، ئێستا ئەوان کە دێنە سەردانی ئێمە گومرکیان لێ وەرگرین، لە راستیدا ئەمە شتێکی زۆر گرانە لەسەر ئێمە، پرسیاری دووەمم، دوو لایەن هەستان بە کارێک کە زیانێکی زۆری لێ کەوتەوە، لیژنەی ئاوارە دامەزرا، چونکە ئیدارە نەبوو، پاشان پارێزگا دامەزرا لە شارەکاندا، باشە ئەبێت هەر خەڵکێک سەر بە چ سنوورێکە سەردانی پارێزگای خۆی بکات، بۆ دوو جێگا سەرپەرشتی بکات لیژنەی ئاوارەکان و پارێزگا، پێشنیار دەکەم لێرە چاوخشانەوەیەک بە مەسەلەکەدا بکرێت و، پارێزگا بە کارەکانی ئەوان هەستێت، تاوەکو ئەو ئیزدواجیەتە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فرحان شرفانی فەرموو.

**بەڕێز فرحان عبدالله شرفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ سەبارەتە بە نفوس لە قەزای شێخان، جەنابی هات بۆ ئەو ناوچەیە و پاشان وتی کەوا قەزای شێخان موعامەلاتەکان راگرن تاوەکو نفوس لێرە بۆیان جێبەجێ دەکەین و، تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەبووە، ئایا تاوەکو کەی جێبەجێ دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ عفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من کرا، کە ئەویش سەبارەت بەو قەرەباڵغییەی ناو شاری هەولێر بوو، کەوا سەیارەیەکی زۆری تیایە وزۆربەی شۆفێرەکانیش بێ مولەتن، بێ مولەتەکانیش زیاتر لەلایەن برا پێشمەرگە و بەرپرسەکانیانە، ئەو سەرپێچییە زۆرانەش کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ باسیانی کرد زۆربەیان هی ئەو شۆفێرانەن کە مولەتیان نییە، جگە لەوە تەختیتی مروری ناو شار، پێویستە بگۆڕێت، ئێستا ئەبینین جادەیەک زۆر قەرەباڵغە و جادەیەک چۆڵە، جا ئەبێت ئەو دەسکاری و گۆڕانکارییە شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە، جگە لەوەش سەبارەت بە تەرەکتەر و لۆری و ئەو ئۆتۆمبیلە گەورانە کە بەناو شاردا دەڕۆن بەگ لایتیان پێوە نییە، زۆر جار بەشەوان نابینرێن و لەوانەیە مرۆڤ خۆی پیاندا بگێشێ، ئەبێت جادەیەکیان بۆ دیاری بکرێت و، لە «٦٠»متری بەولاوە نەیەنە ناو شار، جا ئەگەر بایەخ بە مولەت بدرێت شتێکی زۆر باشە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شفیق أمین فەرموو.

**بەڕێز شفیق أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ پرسیارم هەیە، سەبارەت بە حیمایەی ئەندامانی پەرلەمان، وەکو ئاشکرایە هەر ئەندامێکی پەرلەمان «٣» حیمایەی هەیە و، ئەمانە هەموویان دادەمەزرێن لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە، بەڵام هەر ئەندامێک کە دەستی لەکار کێشاوە و ئیعفا کرا ئەو سێ حیمایەی لەگەڵ ئەروات، بەڵام هەق وایە ئەو سێ حیمایە ئەمریان بۆ دەرچێ وبن بە پۆلیسی رەسمی و، ئیشوکاری خۆیان بکەن، دووەم سەبارەت بە دیاردەی چەک کە بەڕێز جەنابی وەزیریش فەرمووی کە ئێمە خەریکێن یاسایەک دەردەکەین بۆ ئەو چەکە زۆرەی کە لە ناو شاردا هەیە، جا نازانین تاوەکو چ رادەیەک کاری بۆی کردووە؟، سێیەم سەبارەت بە پەردەی ئۆتۆمبێلەکان، کە ئێستا بڕیارە ئەو پەردانە نەمێنن، بەڵام سەیارەی مەسئولەکان هەر هەمووی پەردەی پێوەیە و کەسیش نییە لێیان بپرسێتەوە، بەڵام ئەگەر ئۆتۆمبیلی هاووڵاتییەک پەردەیەکی پێوە بێت ئەوە دنیای لەسەر هەڵئەگرن، جا تکام وایە ئەگەر مەسەلەکە وایە با بۆ هەموو وەکو یەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.لطیف فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک و پێشنیارێکم هەیە، سەبارەت بەو ئافرەتانەی کە گیراون لە بنکەی چاکسازی

نەوجەوانان و ئافرەتان لە هەولێر، ئایا وەزارەتی ناوخۆ توانای ئەوەی نییە کە پۆلیسی ئافرەت دانێ بۆ چاودێرییان، تاوەکو ئەو کارە ئەنجام دەدرێت داوا دەکەم کەوا وەزیری ناوخۆ چاودێرییەکی نهێنی لەسەر ئەو بنکەیە دابنێ، بەتایبەتی لەکاتی شەوانە، چونکە هەندێ شتی نا بەجێ روو دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارەکان لێرەدا کۆتاییان هات، ئەگەر پرسیاری تری هەیە ئەوە با ناو نووسیان بکەین، کاک د.إدريس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەی من هەم پرسیارە و هەم پێشنیارە، جەنابی وەزیر فەرمووی کەوا «٦١»بنکەی ئاسایش و پۆلیس هەنە و، «٢٣» ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆریان دابین کردووە، جا ئەو ئۆتۆمبیلانە هەر بۆ بنکەکانە، جا پێشنیار دەکەم کەوا هەر بنکەیەک و ئۆتۆمبیلێکی بۆ تەرخان بکرێت، چونکە هەر بنکەیەک دەبێت ئۆتۆمبیلێکی هەبێت بۆ ئەوەی کاروباری خۆی پێ جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سعيد يعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە وڵاتانی دەوروبەری خۆمان، بە پێی ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە ئۆتۆمبیلی تاکسی بۆ دیاری دەکرێت و، نابێت لەو ژمارەیە تێپەڕ بکات، ئومێد دەکەین لە پرۆگرامی داهاتووی دا بیخاتە بەرنامەی کارییەوە و پیادەی بکات، دووەم غەرامە زۆر لە دائیرەی هاتووچۆ وەردەگیریت و رادەکەشی زۆرە، جا گلەییش زۆرە لەسەری بەتایبەتی لە«تحويل ملكيه»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حسين علی کمال فەرموو.

**بەڕێز حسين علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرسیارەم پەیوەندی هەیە بە پرسیاری یەکەمەوە، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئێمە ئەو هەموو رێگاو بانە باشە دەکەین و، کۆمپانیای بیانی هاتووە بۆ دروست کردنی پرد و رێگاکان، ئامێری هونەری هەیە بۆ موراقەبەی جادەکان وەکو رادارات و، هەروەها ئامێر هەیە بۆ پشکنینی ئەو کەسانەی کە سەرخۆشن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو شتانە باس کران، کاک سعید هروری فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد صدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەڵکی پارێزگای دهۆک پرسیار دەکەن ئایا بۆ مۆڵەتی لێخوڕینیان «إجازه السوق» راگیراوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا چەند مەکتەبێکی رەسمی مۆڵەت بدات بۆ فەحسی سەیارە هەر وەکو ئەوەی کە لە دەرەوە هەیە، هەر شەش مانگ، یا ساڵی جارێک سیارەکان بپشکنرێن لە رووی مەتانەوە، ئەو وەرەقەیەش بەرگێکی لەلای شۆفێرەکە بێت، چونکە ئەگەر پۆلیسی هاتووچۆ داوای لێ کرد وەرەقەکەی پێ بێت، ئەگەر پێی نەبوو ئەوە سزایەکی دیاری کراوی بۆ دیاری بکرێت و بەسەری دا بسەپێنرێت، جا ئەو مەکتەبانە دابنرێن بۆ ئەوەی خەڵکی ئاگای لە مەتانە و کەموکوڕی سەیارەکانیان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لێرەدا دێینە کۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆمان و وەڵامی پرسیارەکان لە دانیشتنی سبەینێ دەبێت، دانیشتنی سبەی سەعات «١٠» ی سەرلەبەیانی دەست پێ دەکات، سوپاستان دەکەین.

**فرست أحمد عبدالله**<br>**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**<br>**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**<br>**کوردستانی عێراق**